# بنیاتنەرانی دنیای دێرین

گیرترود هارتمان

# بنیاتنەرانی دنیای دێرین

وەرگێڕانی

یادگار حەمە غەریب

هەولێر - ٢٠٠٩



دەزگای توێژینەوە و بڵاوکردنەوەی موکریانی

- **بنیاتنەرانی دنیای دێرین**
- نووسینی: گیرترود هارتمان
- وەرگێڕانی: یادگار حەمە غەریب
- نەخشەسازی ناوەوە: تەها حسێن
- پیتچنین: پەیمان چەمرگە
- بەرگ: حەمیدە یوسفی
- ژمارەی سپاردن: (٢٣٢٥)
- نرخ: (٢٥٠٠) دینار
- چاپی یەکەم : ٢٠٠٩
- تیراژ: ١٠٠٠ دانە
- چاپخانە: چاپخانەی خانی (دهۆك)

زنجیرەی کتێب (٤١٧)

هەموو مافێکی بۆ دەزگای موکریانی پارێزراوە

ماڵپەڕ: www.mukiryani.com
ئیمەیل: info@mukiryani.com

# ناوەرۆك


پێشەكی ..... ١٣

**بەشی یەكەم ..... ١٥**

**سەردەمەكانی پێش مێژوو ..... ١٥**

مرۆڤە دێرینەكان چۆن دەژیان؟ ..... ١٧

دروستكەرانی ئاگر ..... ٢٠

گەنجینە دفن كراوەكان ..... ٢٢

ئەشكەوت نشینەكان ..... ٢٤

وێنەكێشانی ئەشكەوت نشین ..... ٢٥

مرۆڤ دەست بە پەرستن دەكات ..... ٢٦

گیانەورە ماڵییەكان ..... ٢٨

تایە و بەلەم ..... ٢٩

سەرەتای نیشتەجێ بوون ..... ٣١

فێربوونی ژیانی كۆمەلآیەتی ..... ٣٣

گۆڕینەوە و ژماردن ..... ٣٤

نەتەوە دێرینەكان ..... ٣٥

بنەمای شارستانییەت ..... ٣٦

**بەشی دووەم ..... ٣٧**

**نیشتیمانی فیرعەونەكان ..... ٣٧**

دانیشتوانی كۆنی قەراغ رووباری نیل ..... ٣٩

جووتیارانی زەوی ..... ٤٠

ئاودانی زەوی ..... ٤١

پیشەسازییەكان ..... ٤٢





دروستكەرانی بەلەم ..... ٤٣

نووسینی وێنەیی ..... ٤٤

نووسەرەكان ..... ٤٥

پێوانی كات ..... ٤٦

دروستكەرانی رۆژژمێر ..... ٤٧

خواكانی میسر ..... ٤٨

لە تەلاری حەقیقەتدا ..... ٤٩

شاژنێكی گەورە ..... ٥١

دەوڵەمەندەكان و هەژارەكان ..... ٥٢

دروستكەرانی هەرەمەكان ..... ٥٣

پەرستگا گەورەكان ..... ٥٥

**بەشی سێیەم ..... ٥٧**

**میللەتە دێرینەكان لە ..... ٥٧**

**باشووری رۆژئاوای ئاسیادا ..... ٥٧**

هیلالی بەپیت ..... ٥٩

ژیان لە بابلدا ..... ٥٩

پەرستگا شێوە تاوەرییەكان ..... ٦١

یاساكانی حامورابی ..... ٦٣

كتێبە قوڕینەكان ..... ٦٤

قوتابخانە لە بابلدا ..... ٦٥

نەتەوە چەكدارەكان ..... ٦٥

بوخت ئەلنەسر پاشا ..... ٦٧

نەتەوە شوانەكان ..... ٦٨

موسای یاسا دانەر ..... ٦٩

بیروباوەڕی عیبرییەكان لە بارەی جیهانەوە ..... ٧٢

نەتەوە بازرگانەكان ..... ٧٤

خوازیارانی شارستانییەت ..... ٧٥

دروستکەرانی ئیمپراتۆرییەت ..... ٧٥

**بەشی چوارەم ..... ٧٩**

**شارەکانی یۆنان لە چاخی دێریندا ..... ٧٩**

دەوڵەت - شارەکانی هیلاس ..... ٨١

خانووەکان و کێڵگەکانی یۆنان ..... ٨٣

باڵغ بوون لە ئەسپارت و ئاتندا ..... ٨٤

خواکانی یۆنان ..... ٨٦

پێشبڕکێکانی ئۆڵەمپیات ..... ٨٧

داستانی شاری تروا ..... ٩٠

یەکەمین هەنگاو لە ڕێگەی دیموکراسیدا ..... ٩٢

یۆنانییەکان بەرگری لە ئازادی خۆیان دەکەن ..... ٩٣

ئاتنییەکان لە ماراتن دا ..... ٩٥

ئەسپارتییەکان لە ترومویپل دا ..... ٩٥

دیوارە تەختییەکان ئاتن رزگار دەکەن ..... ٩٧

چاخی زێڕینی پریکلس ..... ٩٩

عاشقانی ئەقڵ (دانایی) ..... ١٠١

یۆنانییەکان ئازادی خۆیان لە دەست دەدەن ..... ١٠٣

دیاری یۆنان بۆ شارستانییەت ..... ١٠٤

**بەشی پێنجەم ..... ١٠٥**

**ڕۆم ئیمپراتۆرییەتێك بە دەستدەهێنێت و لە دەستی دەدات ..... ١٠٥**

شاری حەوت گرد ..... ١٠٧

قارەمانە دێرینەکانی ڕۆمەکان ..... ١٠٨

حکومەتی ڕۆم دەبێتە کۆماری ..... ١٠٩

ژیانی ڕۆمە دێرینەکان ..... ١١٠

قوتابخانە لە ڕۆمدا ..... ١١٢

ڕۆم سەرتاسەری ئیتاڵیا داگیر دەکات ..... ١١٣

ڕۆم و کارتاژ ..... ١١٤





ژیانی دوایەمین ڕۆمەکان ..... ١١٥

گەوهەرەکانی کورنلیا ..... ١١٧

ڕۆم فەرمانڕەوایەتی خۆی بە ئەوروپادا بڵاودەکاتەوە ..... ١١٨

سزار ڕۆژژمێرێکی نوێ دروست دەکات ..... ١١٩

مردنی سزار ..... ١٢٠

ڕۆم، سەروەری جیهانی کۆن ..... ١٢٠

هەموو ڕێگاکان بە ڕۆم کۆتاییان دێت ..... ١٢١

مەسیحییەت پێ دەنێتە جیهان ..... ١٢٢

مەسیحییەکان دەکەونە بەر ئەشکەنجەدان ..... ١٢٤

دوایەمین ڕۆژەکانی ئیمپراتۆرییەت ..... ١٢٥

**بەشی شەشەم ..... ١٢٧**

**میللەتەکان لە خێڵە گەڕیدەکانەوە دروست دەبن ..... ١٢٧**

خێڵە جێرمەنییەکان بەدوای نیشتمانە نوێکاندا دەگەڕان ..... ١٢٩

مێروولەکان لە ئیسپانیادا ..... ١٣١

نیشتیمانی گوڵ دەگۆڕێت بۆ وڵاتی فەڕەنسا ..... ١٣٤

شارلمانی، پاشایی فرانکەکان ..... ١٣٥

ناوچەکانی بەریتانیا دەگۆڕێت بۆ وڵاتی ئینگلتەرا ..... ١٣٧

شا ئالفەردی گەورە ..... ١٣٩

ئەسکەندەنافیاییەکان لە دەریاکانی باکووردا دەریاوانی دەکەن ..... ١٤١

ویلیامی پاڵەوان ..... ١٤٣

ڤاسال و دەرەبەگ ..... ١٤٥

خواکانی غەیرە مەسیحی ..... ١٤٦

مەسیحییەت بە سەرتاسەری ئەورووپادا بڵاودەبێتەوە ..... ١٤٧

**بەشی حەوتەم ..... ١٤٩**

**سیستەمە نوێکانی ژیان ..... ١٤٩**

لە قەڵایەکی سەدەکانی ناوەڕاستدا ..... ١٥١

فێرکاری شوالییەکان ..... ١٥٢

خۆشگوزەرانی و ڕابواردن ..... ١٥٤
دەستپێکردنی ڕاو ..... ١٥٤
پێشبڕکێکانی شمشێربازی ..... ١٥٥
سیرفەکان و پیاوماقوڵەکان ..... ١٥٧
دابەشکردنی زەوی ..... ١٥٨
ژیانی جووتیارەکان ..... ١٥٨
پیاوە پیرۆزەکان ..... ١٦٠
دروستکردنی کتێب لە دێردا ..... ١٦٢
فرانسیس، زاهیدی دڵپاك ..... ١٦٣
خەڵکی دوای خاچ دەکەون ..... ١٦٤
لە شارێکی سەدەکانی ناوەڕاستدا ..... ١٦٦
دروستکەرانی کەنیسەکانی مزگەوت ..... ١٦٧
گۆشت فرۆش و نانەوا و شەمع ساز ..... ١٦٩
بازاڕی مەکارە ..... ١٧١
شارەکان ئازادی خۆیان بەدەست دەهێنن ..... ١٧٢
بازرگانەکانی ڕۆژهەڵات ..... ١٧٣
پاشاکان و هاووڵاتییان لە بەرامبەر پیاوماقوڵەکاندا یەك دەگرن ..... ١٧٥
**بەشی هەشتەم ..... ١٧٧**
**بنەماکانی ئازادی ..... ١٧٧**
گوناهبار یان بێ گوناه ..... ١٧٩
سەرەتای دادگاییکردنەکان بە ئامادەبوونی ئەنجوومەنی دادوەران ..... ١٨٠
پاشا دەبێت یاسا جێبەجێ بکات ..... ١٨١
فەرمانی گەورە (ماگناتا)، ئازادی ئینگلیزەکان ..... ١٨٣
دامەزراندنی پەڕلەمان ..... ١٨٥
قارەمانی ئازادی ..... ١٨٦
حکوومەتی خەڵك ..... ١٨٨
پەڕلەمان دەبێتە یاسادانەر ..... ١٨٩



دابەش بوونی پەڕلەمان بەسەر دوو مەجلیسدا ..... ١٨٩
سیرفەکان بە دوای خواستە ئازادەکانی خۆیاندا دەگەڕێن ..... ١٩٠
مەرگی ڕەش ..... ١٩٢
مرۆڤەکان بە یەکسانی دروستکراون ..... ١٩٣
وات تایلۆر ڕابەرایەتی کودەتای جووتیارەکان دەکات ..... ١٩٤
شۆڕش سەرکوت دەکرێتەوە ..... ١٩٦
دەسەڵاتی خەڵك ..... ١٩٧
**بەشی نۆیەم ..... ١٩٩**
**ڕابوونێکی گەورە ..... ١٩٩**
ڕوحی نوێ ..... ٢٠١
چاکسازی مەزهەب ..... ٢٠١
ڕاهیبێك گۆڕانکاری لە مەزهەب دا دەکات ..... ٢٠٢
چاکسازی لە کەنیسەی کاتۆلیکدا ..... ٢٠٤
خەبات بۆ ئازادی مەزهەب ..... ٢٠٥
مرۆڤ پەیکەری نوێی جوان دروست دەکات ..... ٢٠٦
چاپی بەردین ..... ٢١٠
دەزگای چاپ ..... ٢١١
چاپی کتێبی ئاسایی ..... ٢١٣
چاپ چۆن هاوکاری خەڵکی کرد تا ئازاد بن ..... ٢١٤
پەروەردە و فێرکردن لەناو خەڵك دا بڵاودەبێتەوە ..... ٢١٥
شاعیر و شانۆنووسە ناودارەکان ..... ٢١٧
لە ئەفسانەوە تا زانست ..... ٢١٨
پیاوێکی زۆرزان ..... ٢١٩
باوکی زانستی ئەستێرەناسی ..... ٢٢١
شووشە سیحراوییەکان ..... ٢٢١
خەبات بۆ پێشکەوتنی زانست ..... ٢٢٤
**بەشی دەیەم ..... ٢٢٥**

**ئەورووپا دەڕوانێتە ڕۆژهەڵات ..... ٢٢٥**
جیهان فراوانتر دەبێت ..... ٢٢٧
هیندی کۆن ..... ٢٢٨
لە ((خۆتن))ی دوورە دەستدا ..... ٢٣١
مارکۆپۆلۆ، چاوی بە خانی گەورە دەکەوێت ..... ٢٣٤
پۆلۆکان میوانداری ڕێکدەخەن ..... ٢٣٦
سەفەرنامەی مارکۆ پۆلۆ ..... ٢٣٨
کەشتییەکان لە دەریا نەناسراوەکان دا ..... ٢٤٠
خەونی شازادە هێنری ..... ٢٤٢
لووتکەی ئومێدبەخش ..... ٢٤٤
**بەشی یانزەهەم ..... ٢٤٧**
**کەشفی دونیای نوێ ..... ٢٤٧**
ئایا زەوی خڕە؟ ..... ٢٤٩
لە ڕۆژئاواوە بەرەو هیند ..... ٢٥١
تێپەڕین بە ئۆقیانووسی ئەتڵەسیدا ..... ٢٥٣
لە کۆتاییدا هیندستان! ..... ٢٥٥
خەونی شازادە هێنری دەبێت بە هەقیقەت ..... ٢٥٧
دوایەمین ڕۆژەکانی کریستۆف کۆلۆمبس ..... ٢٦٠
توێژەران لە ڕۆژئاوادا ..... ٢٦١
ئەمریکا ناوی خۆی بەدەست دەهێنێت ..... ٢٦٣
دنیای نوێ ..... ٢٦٥
پێرستی ڕووداوە مێژووییەکانی چاخی دێرین ..... ٢٦٧

# پێشەکی

بنیاتنەرانی دونیای کۆن، لەوانەیە لەبەر ئەوەی کە گفتوگۆ لە بارەی میللەتە دێرینەکان دەکات، دەبێت قسە لەسەر جەنگ بکات، تەنانەت ئێستاش، ڕێك وەك بەرهەمێکی نەفرەت لێکراو و وێرانە لەبەربەرەکانییەتی نێونەتەوەییدا پێشوازییەکی گەرم لەم مەسەلەیە دەکرێت کە لە پێشکەوتنی ئاشتییانەدا بەشێکی گرنگی لە مێژووی مرۆڤایەتی پێك هێناوە و زۆر دژوار دەردەکەوێت، بەڵام ئەمە ڕاستییەکە کە لەم کتێبەدا بەرچاو دەکەوێت، هەر چەندە جەنگە لە ڕادەبەدەرەکان لە چاخە جیاوازەکاندا بە کاتەوە بەستراوەتەوە، بەلاّم تێگەیشتنی باشتری ئەم جەنگانە، لەوانەیە لە ئایندەدا یارمەتیدەربێت بۆ بەدەست هێنانی دونیایەکی باشتر کە بەردەوام مرۆڤ لە هەوڵی بێ و چاندایە بۆ ئەو مەبەستە.

مێژووی مرۆڤایەتی، بەسەرهاتی ئاسایی ملیۆنان مرۆڤە و دەست پێ کردنی ئەو مێژووە دەگەڕێتەوە بۆ سەردەمی بێ زمانی و تەماوی کە لەمرۆڤە دێرینەکان دا دەرکەوتوون. ڕەگەزی بنچینەیی ئەم بەسەرهاتە، ئاسایی هەوڵە بۆ بژێوی ژیان: سەرەتا بە ڕاو و ڕاوەماسی، پاشان بەماڵی کردنی گیانەوەران، پاش کەمێکی تر بە کشتوکاڵ کردن، دواتر بە بازرگانی سادە بە برۆنز و زێر و پێست و پارچەی چنراو و لە کۆتایی دا هەموو پیشەکانی ئەمرۆ.

گەشەی هۆکارەکانی پەیوەندی، بەشێکی گرنگی تری ئەم بەسەرهاتەیە، سەرەتا دەبێتە زمانێکی قسەکردن و پاشان شێوەکانی دەربڕینی قسە بە نووسین دەرکەوتووە. وێنەکان و بەشەکانی وشە، ڕێگەیەك بوو بۆ دروست کردنی ئەلف و بێ. بە پێشکەوتنی ڕێکخستنی بەشە جیاوازەکانی وشە، ڕێگەی دەربڕینی بابەتەکان فراوان بوو.

پێشکەوتنی فەلسەفە و مەزهەب لە ناو داستان و ئەفسانەکانی دێریندا و ڕاستکردنەوەی بیروباوەڕە جیاوازەکان سەرەتا بە زانیاری فەیلەسووفان و پێغەمبەران، بە پێکهاتە گرنگەکانی ئەم بەسەرهاتە دەژمێردرێن. هاوکات لەگەڵ ئەم داستانانەدا، حەکایەتی لێهاتووی مرۆڤ لە گۆزەگەری، شانۆ، مۆسیقا و هونەرەکانی تر دەگێڕدرایەوە.



لەم کاتەدا گوندەکان گۆڕان بۆ شار و نەتەوە جیاوازەکان دەرکەوتن. بە هەوڵ و کۆششی دروستکەرانی ئیمپراتۆرییەتە جیاوازەکان، پەیوەندی نێوان شارستانییەتە جیاوازەکان لەگەڵ یەکتردا دروستبوو، بەم شێوەیە ژیان بە یەکجار گۆڕا.

سپی، زەرد، ڕەش، سوور، هەموو نەتەوە کۆن و تازەکان، خەڵکانی مەزهەبە جیاوازەکان و هەموو ئەو کەسانەی کە لە حکوومەتە جۆربەجۆرەکان دەژیان، لەم پێشکەوتنەدا بەشداربوون، بە واتایەکی تر، هەموو ئەو مرۆڤانەی لەم دونیایەدا ژیاون، لەم سەرکەوتنانەدا بەشداربوون، گەشەی دیموکراسی ئەم ڕاستییە مێژووییەی خستە بەرچاو، کە بە تێپەربوونێکی خێرایی کات، ئەرکی خەڵکە ئاساییەکان زۆر زیاتر بووە لە پیاوە ناودارەکان.

دروستکەرانی دونیای دێرین، کتێبێکی مێژووییە کە سەرەتاکەی لەگەڵ مرۆڤایەتی دایە و هەر دەبێت بەم شێوەیەش بێت- کە جیهانەکەی لەگەڵ ورچەکانی ئەشکەوت و پڵنگە ددان تیژەکان دا هاوبەش بووە. ئەم کتێبە لە ئەزموونە ئاسایی و ڕۆژانەکانی خەڵکەوە دەست پێ دەکات کە چۆن جیهانی سیزار لە جیهانی سۆمەرییەکان و جیهانی شارل مارتل و فرانسیس لە جیهانی سیزارەوە پێکهاتووە.

لەسەرتاسەری ئەم کتێبەدا، کاریگەری ژینگەی جوگرافی، ئاووهەوا و سەرچاوەی سروشتی هەموو وڵاتێکی لەسەر خەڵك و مێژووی ئەوان پیشان داوە، هەموو وڵاتێك و هەموو شارستانییەتێکی گەورە، ڕووبەڕووی ئەو کێشانە بۆتەوە کە خەڵکی ئەو سەردەمە هەوڵی چارەسەرکردنی ئەوانەیان دابوو تاوەکو ژیانی خۆیان پڕ بەرهەم تر بکەن.

لووتکەی خەباتی ئەوان کە درێژەکەی لەم کتێبەدا نووسراوە، بە کەشف کردنی دونیای نوێ کۆتایی نەهاتووە. هەوڵەکانی مرۆڤ بۆ گەیشتن بە ئازادی تەواوتر، ئەرکە نوێکانی لەسەر شانی نەوە گەنجترەکان داناوە، دانەرانی کتێبی دروستکەرانی دونیای دێرین هیوادارن، کە خوێنەرانی ئەم کتێبە بەم ئاشنایەتییە ئامادە بکات تاوەکو درك بە شوێنی خۆی بکات لە کاروانی گەورەی مرۆڤایەتی دا و لەسەر ئەم بنچینەیە کە دونیا ڕۆژ بە ڕۆژ یەك دەگرێت و پێشدەکەوێت، ئەرکی سەرشانی خۆی بزانێت.

**ئالن نونیس**

# بەشی یەکەم

# سەردەمەکانی پێش مێژوو

# مرۆڤە دێرینەکان چۆن دەژیان؟

مێژوو باس لە ژیانی خەڵکی دەکات لە رابردوودا، مرۆڤ کاتێك کە فێربوو هێمایەك لە کار و رووداوەکانی سەردەمەکەی بنووسێت، ئیتر مێژوو نووسین دەستی پێکرد. هێشتا ئەم هێما دێرینانە لەسەر دیوارە بەردینەکانی پەرستگا و گۆڕەکان دەبینرێن. لەگەڵ ئەوەی کە کۆنترین نووسراوە مێژووییەکان بۆ زیاتر لە شەش یان حەوت هەزار ساڵ لەمەوپێش دەگەڕێتەوە. لە کاتێکدا کە مرۆڤ هەزاران ساڵ لەمەوپێش لەسەر زەوی ژیاوە.

ئەگەرچی مرۆڤە دێرینەکان، نووسراوەکانیان لە دوایی خۆیان بەجێ نەهێشتووە، بەڵام زاناکان و شوێنەوارناسان، لە زۆربەی شوێنەکانی جیهاندا پاشماوەی پەیوەست بەو چاخە دێرینانەیان کەشف کردووە. ئەوانە بە هەڵکەندنی ناوچە جیاوازەکان یان لەخۆڵ و خاشاکی کەپرەکان و لە پاشماوەکانی سەردەمی کۆندا، سەدەفەکان، ئێسقانەکان، پارچە گۆزەکان، ئامێرەکان و چەکە بەردینەکان و کەرەستەکانی تریان دەست کەوتووە کە مرۆڤەکانی پێش مێژوو بەکاریان هێناوە. ئەشکەوتەکانیان دۆزیوەتەوە کە شوێنی نیشتەجێ بوونی مرۆڤەکانی پێش مێژوو بووە. لە ژێر رێرەوی هەندێ لە دەریاچەکاندا پاشماوەی گوندەکانیان کەشف کردووە کە شوێنی ژیانی ئەوانە بووە، زاناکان بە لێکۆڵینەوەی ورد لەم دەسکەوتانە، دەتوانن بە دڵنیاییەکی زیاتر لە جاران دەربارەی شێوەی ژیانی مرۆڤەکان راوبۆچوون دەربڕن کە زۆر لە پێش مێژووی نووسراوەوە ژیاون.

لەو سەردەمەدا، زۆربەی ناوچەکانی زەوی بەدارستانە چڕەکان و دار و دەوەنەکان داپۆشرابوو، جۆرەها گیانەوەری جۆراوجۆری کێویی وەك فیلە گەورەکان بە عاجی زۆر درێژ و چەماوەوە تا گورگە کێوییەکان و ورچەکانی ئەشکەوت و پڵنگە ددان تیژەکان کە بەکەڵبە گەروەکانیان، لە دارستان و ناوچەشاخاوییەکان دا لە راوی نێچیردابوون. ئەسپەکان و رانەمەڕ و بزنە کێوییەکان لە دەشتەکان دا دەلەوەڕان و مرۆڤە دێرینەکانیش وەك گیانەوەرەکانی تر لە دارستان ژیانیان دەبردە سەر.

پێشبینی دەکرێت کە ئاژەڵەکانی تر ئامادەتر بووبێتن لە مرۆڤ بۆ بەرەنگاربوونەوەی زۆربەی گیانەوەران، کاتێك دەکەوتنە بەر هێرش بە عاج یان بە شاخەکانیان بەرگرییان لە خۆیان دەکرد



و یان بە سەمەکانیان لە تاو دوژمن هەڵدەهاتن. باڵندەکان لە کاتی مەترسیدا بە باڵەکانی خۆیان هەڵدەفڕین مرۆڤ ئەم جۆرە توانایانەی نەبوو، وە لە زۆربەی گیانەوەرەکانی تر لاوازتر و بچووکتر بوو، بەڵام خودا بەهرەیەکی پێ دابوو کە هیچ گیانەوەرێکی تر نەیبوو: مرۆڤ لەسەر دووقاچی خۆی دەڕۆیشت. لەسەر دووقاچ رۆیشتنی بەرێدا زۆر گرنگ بوو، چونکە دەست و بازووی مرۆڤ ئازادبوو وەلە چالاکییەکانی تردا بەکاری دەهێنا.

مرۆڤ دوو بەهرەی تریشی هەبوو: یەکەم، پەنجە گەورەی دەستی دەیتوانی بگات بە نووکی پەنجەکانی تر و لەبەر ئەمە لە تواناییدا بوو بە دەست ئەم شت یان ئەو شت بگرێت و بە رێگەی جیاواز سوود لە دەستی خۆی وەربگرێت. دووەم، ئەوەیەکە بیری دەکردەوە، دەیتوانی فێربێت نەخشە بکێشێت و داهێنان بکات، مرۆڤ بە یارمەتی هزر و جوڵانی دەستی سوودی لە سروشت وەردەگرت.

مرۆڤە دێرینەکان ژیانیان لە ترسێکی هەمیشەییدا بەسەردەبرد و لە تاو ژیانی گیانەوەرە گەورەکانی تر. سەلامەترین شوێن بۆ ئەوان سەردارەکان بوو، چونکە گیانەوەرە گەورەکانی تر کەمتر دەیانتوانی بچنە سەر درەخت. بە مرۆڤە دێرینەکانیان دەوت (دارەوان) چونکە زۆرترین کاتەکانی خۆیان لە ترسی مەترسی لە سەردارەکان بەسەر دەبرد، بێگومان دەبێت لە درەختەکان بهاتنایەتە خوارەوە تاوەکو خۆراك بە دەست بهێنن: هەر بوونەوەرێکی زیندوویان بدۆزیایەتەوە راویان دەکرد، بندوق، میوەکێوییەکان، تۆو و رەگی نەرمی گیاکانیان کۆدەکردەوە، هێلکەی باڵندە کێوییەکانیان لە هێلانەکاندا دەدۆزییەوە، هەنگوینی کە هەنگەکان دروستیان دەکرد، دەیانخواردن. هەندێك جار بە زەحمەت گیانەوەر یان ماسی بچووکیان بە دەست راو دەکرد.

لەگەڵ هاتنی تاریکیدا، دەچوونە سەر دارەکان، مێو لە دەوروبەری قەدی دارەکاندا دەڕوا و بە لقی دارەکاندا هەڵدەگەڕا. هەندێك جار لقەکانی مێوەکە ئەوەندە ئەستوور بوون کە مرۆڤ لەوانە جۆرە بێشکەیەکی دروست دەکرد و تێدا دەخەوت. دایکانیش لەداری مێو بێشکەیان بۆ منداڵەکانی خۆیان دروستدەکرد. پەناگەی شەوانی مرۆڤەکان. سەر لقی دارە گەورەکان بوو.

زاناکان لەو باوەڕەدان کە مرۆڤ بە درێژایی هەزاران ساڵی ژیان تەنیا بە دوای خواردنەوە بووە و تەنیا هەوڵی دەدا خۆی بە سەلامەتی بپارێزێت لە ژیانی گیانەوەرەکان. وردە وردە کۆمەڵێك شتی لە دارستاندا پەیدا کرد کە بۆ بەرەنگاربوونەوەی مەترسییەکان، یارمەتی بە زیندوومانەوەی دەدا. لە جۆگەلەکاندا، بەردە وردەکانی دەدۆزییەوە کە بە هۆی لێك خشاندنەوە ساف و خڕبووبوون.

له راستیدا ئەم بەردە وردانە، چەکوشە سەرەتاییەکانن. ئەو بەردانەی کە قەراخی تیژیان هەبوو سوودیان بۆ برین و دامالینی پێست لێ وەردەگرت، ئەوانە چەقۆ سەرەتاییەکان بوون. تەلاشە تیژەکانی ئێسقان یان عاج یان شاخی گیانەوەران بۆ کون کردن بە کەڵك بوو، لقە تیژەکانی درەختەکان بۆ هەڵکەندنی زەوی و دۆزینەوەی رەگە گیاکان سوودی لێ وەردەگیرا. لقێکی ئەستوور، گورزێکی پتەو بوو کە بەوە بەرگرییان لە خۆیان پێ دەکرد لە بەرامبەر هێرشی گیانەوەرە دڕندەکاندا. بەم شێوەیە دار و بەردەکانی کە لە دارستانەکاندا دەست دەکەوت. یەکەمین ئامێر و چەکەکانی مرۆڤە دێرینەکانیان پێك دەهێنا. مرۆڤ بە خێرایی فێری تەڵە نانەوەبوو بۆ راوکردنی ئاژەڵە گەورەکانی تر. چاڵێکی لە زەویدا هەڵدەکەند و پووش و پەلاشی ناسکی لە لق و گەڵایی دارەکان بەسەردا بڵاودەکردەوە. ئاسایی ئەم چاڵانەیان لە رێگەی ئاو خواردنەوەی گیانەوەرەکاندا هەڵدەکەند. گیانەوەرەکان بە قاچ دانانیان لەسەر ئەو پوشە ناسکە، دەکەوتنە ناو چاڵەکەوە گرفتار دەبوون.

سەرەتا مرۆڤە دێرینەکان ئەو شتانەی کە دەستیان دەکەوت، بەبێ گۆڕانی شێوەی ئەوانە، سوودیان لێ وەردەگرتن، زۆرجار کاتێکی زۆریان بۆ دۆزینەوەی بەردێکی گونجاو تەرخان دەکرد کە بەکەڵك بێت، بەلام وردە وردە تێگەیشتن کە بە پیاکێشانی بەردەکان بەیەکتردا، بەردی بچووکتر دروست دەبێت.

بەم شێوەیە بەردەکانیان بە ئەندازە و شێوەی پێویست دادەتاشی بەردێکی تایبەت کە ناوی چەخماق بوو بۆ ئامێر دروست کردن زۆر گونجاو بوو لەگەڵ ئەوەی کە بە گرانیش وردە دەبوو بەلام بە ئاسانی شێوەی لێ دروستدەکرا بەردی چەخماق یان پارچە پارچە دەکرد تاوەکو باشتر سوودی لێ وەربگیرێت، بەم شێوەیە یەکەمین هەنگاو بۆ دروست کردنی ئامێر نرا. ئیتر مرۆڤ ناچار نەبوو پشت بە سروشت ببەستێت تا ئامێرە ئامادەکراوەکان بخاتە بەردەستی، ئێستا خۆی ئامێرەکانی دروست دەکرد.

زۆربەی ئامێر و چەکەکانی مرۆڤە دێرینەکان لەم بەشەی سەرەتادا کەلە سەردەمی پێش مێژوودا کەشف بووە، لەبەرد دروستکراوە، لەبەر ئەمە زاناکان ئەم سەردەمە ناو دەنێن ((چاخی بەردینی کۆن)) نازانین ماوەی چاخی بەردینی کۆن چەند بووە، بەلام لەوانەیە هەزاران ساڵ درێژەی کێشا بێت.

بە تێپەربوونی کات، وردە وردە مرۆڤەکان لێهاتووییان لە دروستکردنی ئامێرەکاندا پەیدا کرد. ئامێرە نوێکانیان دروستکرد و شێوازە دژوارەکانی دروست کردنی ئامێرە کۆنەکانیان



چاکترکرد. لە جیاتی سوود وەرگرتن لە تەلاشە بەردەکان، فێربوون ئەوانە دابتاشن و تیژی بکەن. بە بەستنی بەردێکی لێوارتیژ بە پارچە دارێکەوە، تەوریان دروستکرد و بەوە درەختەکانیان دەبڕییەوە، لە قەدی ئەوانە تەختەیان بە ئەندازە و شێوەی پێویست ئامادە دەکرد. بەم رێگەیە نەیزە دروستکرا. راوچی زیرەك، بە بەستنی دەمار یان ریخۆڵەی گیانەوەرێك بە دوو سەری دارێکی تەڕەوە کە بەرگەی چەمانەوە بگرێت تیروکەوانی دروستکرد. بەم تیروکەوانە. دەیانتوانی تیرێك بەسەرە بەردێکی تیژکراوەوە بەهێز و خێراییەکی زۆر بۆ دوورییەکی زۆر بهاوێژن. زاناکان ئەم سەردەمەیان ناونا ((چاخی بەردینی نوێ)) کە هاوکات بوو لەگەڵ پێشکەوتنی دروستکردنی ئامێرەکاندا.

## دروستکەرانی ئاگر

مرۆڤ لەو سەردەمەدا فێربوو کە چۆن سوود لە ئاگر وەربگرێت راوچییەکان هەموو جارێك لە دوایی هەورە بروسکە و هەورە گرمە ئاگر گرتنی درەختەکان و رووناکییە گەشە کردووەکانیان لە ناو دارستاندا بینی بوو. بێگومان کاتێك ئاگر بە کڵپە کڵپ لەم دارەوە بۆ ئەو دار پەرە دەسێنێت، مرۆڤ لە ترسی بڵێسەی ئەم ئاگرە کە تەشەنەی دەسەند و دووکەڵی لێ بەرزدەبۆوە هەڵدەهات.

بە نیشتنەوەی ئاگر، راوچی هێواش هێواش دەگەڕایەوە. ئاگرە نەکوژاوەکان گەرمی دەکردەوە و لەم گەرمایە هەستی بە خۆشی دەکرد. راوچی لقی ئەو درەختەی کە هێشتا دەسووتا، لێی دەکردەوە و لەگەڵ خۆی دەیبرد و پیشانی ئەوانی تری دەدا. گەلا و پووشە وشەکەکانیان کۆدەکردەوە و لەسەر لقە ئاگراوییەکانیان دادەنا و ئاگر دووبارە دادەگیرسایەوە و مرۆڤەکان چێژیان لە گەرما دڵگیرەکەی وەردەگرت. کاتێك ئاگرەکە بەرەو کوژانەوە دەچوو، بەخێرایی پووش و گەلایان کۆ دەکردەوە و دەیانکرد بەسەر ئاگرەکەدا بۆ ئەوەی نەکوژێتەوە. ئاگری بەردەم ئەشکەوت ئاژەڵە کێوییەکانی دەترساند.

مرۆڤ ماوەیەکی دوور و درێژ نەیدەزانی چۆن ئاگر بکاتەوە. کاتێك مرۆڤ بە هۆی رووداوێکەوە ئاگری دەست دەکەوت و دەیتوانی لقێکی ئاگراوی بۆ کردنەوەی ئاگر بۆ لای ئەشکەوتی خۆی هەڵگرێت. لەبەر ئەمە بە وریایی یەوە چاودێری ئاگرەکەی دەکرد و بۆ ئەوەی نەکوژێتەوە. ئاسایی لێپرسراوی ئەم کارە یەکێك لە ئەستۆی گرتبوو. بەم حاڵەشەوە زۆرجار لە ژێر ئەم

چاودێرییە درێژخایانەدا ئاگرەکە دەکوژایەوە و بارودۆخێکی دوور و درێژی دژوار دەهاتە پێشەوە تا دووبارە کۆتەرە دارێك یان پارچە خەڵوزێکی ئاگراوی لە دارستاندا بدۆزێتەوە.

کەس بە وردی نازانێت کە مرۆڤ بۆ یەکەمین جار چۆن ئاگری کردەوە. لەوانەیە بە هۆی لێك خشاندنی دوو پارچە دار لە یەکتر گەرمی پەیدا بووبێت. ئەمەش فیکرەیەکی لای یەکەمین مرۆڤی ژێر بەرهەم هێنا بێت، دوو پارچە تەختە بە توندی و بە خێرایی بە یەکدا بخشێنێت و پاش کەمێك ئەڵقەیەکی بچووك لە دووکەڵ دەبینێت لەسەرخۆ فووی لێ دەکات و گڕێکی کەمی لێ بەرز دەبێتەوە، بە خێرا تەختەکان هەڵدەداتە سەر برێك پووش و گەڵایی وشك و زۆر زوو گڕێکی ئاگراوی بەرز دەبێتەوە.

مرۆڤە دێرینەکان لە کاتی کون کردنی ئامێر و چەکە تەختەییەکانی خۆیاندا، سەرنجیان داوە کە گەردەکانی دەوروبەری کونی تەختەکە گەرم دەبێت. لەوانەیە بە بینینی ئەم حاڵەتە بیرێك بە مێشکیاندا هاتبێت، ئاسایی بۆ کون کردنی تەختە نەرمەکان سوودیان لە تەختە تیژەکان وەردەگرت. تەختەکەیان بە لەپی دەستیان دەگرت و بە خێرایی بەم لاوئەولادا دەیان خولاندەوە لە هەمان کاتدا پاڵیان بە نووکی تەختە کونکەرەکەوە دەنا بەرەو تەختەکەی تر، بە گەورەتر بووی کونەکە، ئەڵقەیەکی بچووك لە گەردەکانی تەختە بە دەوری ئەوەدا کۆدەبۆوە. نووکی تەختە کونکەرەکە گەرم دەبوو، دووکەڵی دەکرد و پاشان دەگەشایەوە. لێواری کونەکەش گەرم بووە و لە کۆتاییدا گەردەکانی تەختەکە ئاگری دەگرت.

دروست کردنی ئاگر بەم ڕێگایانە نارێك و دژوار بوو، کەسێك شێوەیەکی باشتری کەشفکرد، پەتێکی بە دەوری دارەکونکەرەکەدا دەئالاند و بە راکێشانی پەتەکە، دارەکە بە خێرایی دەخولایەوە.

مرۆڤ بە دۆزینەوەی ئاگر دەیتوانی چێشت لێ بنێت. لە پێش کەشفکردنی ئاگردا، گۆشتی کاڵیان دەخوارد و ناو ئێسقانەکانیان دەمژی. لەوانەیە ڕۆژێك پارچە گۆشتێك کەوتبێتە ئاگرێکەوە و کەسێك بە خێرایی ئەوەی دەرهێنابێتەوە و لەکاتی خواردنیدا درکی بەوە کردبێت کە گەرمی ئاگر، تامی گۆشت خۆشتر دەکات. تکەی گۆشتەکەیان بە کۆتایی دارێکی درێژەوە دەبەستەوە و لە سەرگڕی ئاگر چاودێرییان دەکرد. ڕەگ و بەشەکانی تر گژوگیایان لەسەر خۆڵەمێشی گەرمی ئاگرەکە، دەبرژاند.

مرۆڤ بە یارمەتی ئاگر، فێری گۆزەگەری بوو، مرۆڤ لە پێش دۆزینەوەی ئاگردا بە گڵی ڕۆس ئاشنا بوو، وە دەیزانی کە چۆن شێوەی لێ دروست بکات بە گڵی ڕۆس شێوەی کاسەییان



دروست دەکرد و لە بەرهەتاو دایاندەنا تاوەکو وشك بێتەوە. لەم کاسە وشکەوە بوانەدا بندەق و میوەیان تێدا دەپاراست. بەڵام گڵی ڕۆس زۆر زوو شل دەبۆوە و شێوەی خۆی لە دەست دەدا.

وردە وردە هەستیان کرد کە ئاگر قوڕی ڕۆس ڕەق دەکات ڕووکەشی دەرەوەی کولەکەی ناو بەتاڵیان بە قوڕ سواخ دەدا تاوەکو بە ئاگر زیانی بەرنەکەوێت و لەوەدا چێشتیان لێ دەنا، زۆری نەخایاند کە کولەکەیان وەلاوەنا و لە قوڕی ڕۆس قاڵبی کولەکەیان دروستکرد. بەم شێوەیە گۆزەگەری دەستی پێکرد. کاسە، گۆزە، فنجان، قاپ، جامولکە..هتد لە قوڕی ڕۆس دروستکرا، بۆ چێشت لێنان و پاشەکەوت کردنی خۆراك، ئاو هەڵگرتن و زۆر مەبەستی تر سوودیان لێ وەردەگرت.

## گەنجینە دفن کراوەکان

ماوەیەکی دوور و درێژ، ئامێر و چەکەکانی مرۆڤ لەبەرد دروستدەکرا، بە یارمەتی ئاگر، ماددەی باشتر دەست دەکەوت، لە چاخە کۆنەکانی زەویناسیدا، واتە لە چاخەکانی دروستبوونی زەویدا، ماددە شلەوەبووەکان لە زۆربەی ناوچەکانی ژێر توێکڵی زەویدا، کۆبووبوونەوە. کاتێك کە زەوی ساردبۆوە ماددەنیشتووە بەنرخەکانی وەك مس، قورقوشم، ئاسن و کانزاکانی تر لەم ماددە شلەبوانەوە کەشف کرا. مرۆڤە دێرینەکان زانیارییان لە بارەی ئەم گەنجینە شاراوانەوە نەبوو، وە تەنیا ئەو ماددانەی دەناسی کە لە سەر زەوی دەست دەکەوتن.

لەگەڵ ئەوەی زۆربەی کانزاکان لە قووڵایی زەویدا شارابوونەوە، بەڵام لە چاخە دێرینەکاندا بەردەکانی چواردەوری ئەم کانزایانە، بە هۆی جیابوونەوە گەورەکانی توێکڵی زەوییەوە، بەسەر زەویدا بڵاودەبوونەوە. شکانی ئەم بەردانە بە هۆی کاریگەری هەواوە. پارچەی ورد لەم کانزا نیشتوانە لەم لا و لەو لا دەدۆزرانەوە.

لەوانەیە هەندێك لەڕاوچییە دێرینەکان، لە کاتی دروستکردنی ئاگردانە بەردینەکاندا بۆ کردنەوەی ئاگر، پارچەی بەردە تەنکەکانیان بەکارهێنابێت کە لەوەدا گەردەکانی مس هەیە. ئاگرەکە کانزاکەی دەتواندەوە و شلەی ڕوون و ڕەنگ سوور لەوەوە دلۆپەیی دەکرد. پاشان ئەم شلەیە بە شێوەی تۆپەڵە بەردێکی ڕەق و درەوشاوە دەردەکەوت. ڕاوچی نەیدەزانی ئەم ماددە نوێیە بۆچی بەکاردێت. پارچەیەك مسیان لەسەر بەردێك دادەنا و بە چەکوشی بەردین دەیانکوتییەوە، تا بزانن دەشکێت یان نا، بۆ ئەم کارە پێویستیان بە ئامێری بەردینی و پتەو و

ماندووکەر هەبوو، وە زۆرجار لەکاتی کارەکەدا دەشکان. بەڵام مسەکە نەدەشکا. مسی کوتراو ساف و تەخت دەردەچوو. و بۆ دروستکردنی ئامێرەکان و چەکە جیاوازەکان، بەرگەی چەکوشکاری دەگرت.

ڕاوچییە دێرینەکان بەبێ ئەوەی کە بزانن، بە کەشفکردنی مس یەکێك لە گرنگترین شتەکانی جیهانیان دەستکەوتووە، کاتێك کە مرۆڤ تێگەیشت کە مس شیاوترە لە بەرد بۆ دروست کردنی ئامێر و چەك، چاخی بەردین کۆتایی هات و چاخی کانزا دەستی پێکرد.

مس کانزایەکی نەرمە لەبەر هەمان هۆ نووکی تیژی ئامێر و چەکە مسینەکان، زۆر زوو دەقوپا. مرۆڤە دێرینەکان هەمیشە بەدوای کانزا بەرگری زۆرەکانەوە بوون بۆ ئەوەی بتوانن چەکی بەهێزتر دروست بکەن. بەتێپەربوونی کات بە ڕێکەوت بوونە خاوەنی کانزایەکی نوێی سپی ڕەنگ زیویی کە ناوی (قورڕقوشم) بوو. هەندێك لە کانزاچییە دێرینەکان کەوتنە بیری توانەوەی ئەم کانزایە لەگەڵ مسدا بە تێکەڵاوکردنی ئەم دوو کانزایە، کانزایەکی تر بەناوی ((برۆنز)) دروست بوو کە لە هەردووکیان بەرگری زیاتر و ڕەقتر بوو، ئەم کانزا نوێیە بە شێوەیەك بە کەڵك بوو کە بۆ ماوەیەکی دوور و درێژ هەموو ئامێر و چەکەکانیان لەوە دروستکرابوو، ئەو سەردەمی ئەو کانزا تازەیەیی تێدا بەکاردەهات. پێی دەڵێن «چاخی برۆنز».

لەلایەن مرۆڤی سەدەکانی ترەوە ئاسن کەشفکرا کە لە هەموو کانزاکانی تر بەرگری زیاتر بوو، کە لە هەموو ناوچەکانی جیهاندا زۆرە، وردە وردە لە دروستکردنی ئامێرە جۆربەجۆرەکاندا جێگایی برۆنزی گرتەوە، جێگەی خۆی بە چاخی ئاسندا.

ئاسن لە مس و قورڕقوشم ڕەقترە لە بەردە تەخت و تەنکەکان جیا دەبێتەوە، ئاسنگەرە دێرینەکان، کەپریان لەسەر ئەو گردە بەرزانە دروست دەکرد کە ڕەشەبای بەهێز لێوەی هەڵیدەکرد. بەردەکانی چواردەوری ئاسنەکانیان ورد دەکرد و لەسەر ئەم کەپرانە داریان دادەنا و ڕووەکەی و لاکانیان بە قوڕ سواخ دەدا بۆ ئەوەی گەرما بە فیڕۆ نەچێت. لە بەشی سەرەوەی کەپرەکەدا کەمێکیان بەکراوەی بەجێ دەهێشت تاوەکو دووکەڵەکە لەوێوە بچێتە دەرەوە و چەند کونێکیشیان لە ژێر کەپرەکەوە دەکرد تا هەوا لەوێوە بێتە ناوەوە و ئاگرەکە باشتر بسووتێت پاشان تەختەکان ئاگریان دەکرد، پاش کەمێك ئاگرێکی بەهێز، ئاسنی ناو بەردەکانی دەتواندەوە و ئاسنە تواوەوەکە دەڕژایە ناو کەپرەکەوە.

کاتێك ڕەشەبای بەهێز هەبوایە، ئەم کورانەی سەرگردەکان بە باشی کاریان دەکرد بەڵام لە کاتەکانی تردا ئاسنگەر ناچاربوو بە قامیشی درێژ فوو لە ژێر کورەکە بکات، بەڵام ئەم شێوەی



گەشاندنەوەی ئاگرە زۆر ماندووکەربوو. وردە وردە بە دەمی ئاسنگەری کە لە پێستی ئاژەڵەکان دروستیان کردبوو. شێوەیەکی باشتریان بۆ فووکردن کەشفکرد.

مرۆڤی چاخی ئاسن، ئامێر و چەکی نوێی دروستکرد، چونکە ئاسن پتەوترین کانزا بوو کە تا ئەوکاتە کەشفیان کردبوو.

## ئەشکەوت نشینەکان

لەسەرەتادا ئاووهەوا زۆر گەرم بوو، پاشان بە هۆی جووڵەی یەخچاڵە گەورەکان بەرەو جەمسەری باشوور، کەش و هەوا زۆر ساردبوو، گۆڕانی ئاووهەوا گۆڕانکارییەکی زۆری لە ژیانی مرۆڤدا دروستکرد، ئەم جۆرە سەرما زیانبەخشە کێشەیەکی زۆری خستە سەرشانی مرۆڤەکان بەدوایی جۆرە پەناگەیەکدا دەگەڕان. لە هەندێ ناوچەدا چەند ئەشکەوتێك هەبوو کە ورچە دڕندەکان و گیانەوەرەکانی تر کردبوویان بە کولانەی خۆیان بەڵام مرۆڤ ئاژەڵەکانی لە ئەشکەوتەکان دەرکرد و ئەوێیان کرد بە شوێنی نیشتەجێی بوونی خۆیان.

مرۆڤ لەم ئەشکەوتانەدا سەلامەتتر و ئاسوودەتر لە جاران ژیانیان بەسەردەبرد. ئاگری بەردەم ئەشکەوتەکان ئاژەڵەکانی دوور دەخستەوە و ئاگری ناو ئەشکەوت گۆڕا بۆ مەڵبەندی ژیانی مرۆڤەکان. مرۆڤەکان بە چوار دەوری ئاگرەکەدا کۆدەبوونەوە بۆ ئەوەی گەرمی و ڕووناکییان پێ ببەخشێت، ئامێر و چەکەکانیان دروست دەکرد و پێستی گیانەوەرەکانیان دادەماڵی ژنان دەرزییان لە ئێسقان و پەتیان لە ڕیخۆڵەی گیانەوەرەکان دروست دەکرد و پێستەکانیان بە یەکەوە نووساند و بەم شێوە جل و بەرگە دێرینەکانیان دەدووری.

ئەشکەوت نیشنەکان لەشەوە دوور و درێژەکانی زستاندا دەربارەی ڕاوەکانی کە کردبوویان بە گفتوگۆوە خەریك دەبوون. لەوانە حەکایەتخوانەکان، بە گێڕانەوەی کاری قارەمانانە و ئازایانەی هەندێك لە رابەرەکانیان ئەوانی تریان سەرگەرم دەکرد. زۆرجار داستانەکان دەگۆڕان بۆ شانۆ، پاشان ماسیگرەکان باسی چۆنێتی ڕاوکردنی ماسییەکانیان بۆ ئەوانی تر دەگێڕایەوە. بۆ ئەوەی ئەوانی تریش بە وردی بزانن ڕاوەکە چۆن بووە شانۆی پڕ لە جۆش و خرۆشیان نمایش دەکرد.

لەو سەردەمەدا یەکەمین کەرەستەی مۆسیقی دروستکرا کاتێك تیر لە کەوان دەردەچوو؟ ژێی کەوانەکە دەنگێکی دروست دەکرد. ڕاوچییەکان کە لەم مەسەلە ووردبوونەوە تێگەیشتن کە

دەنگی ژێی درێژ لە دەنگی ژێی کورت زیاترە. ئەوانە حەزیان لە دەنگی ژێ کورت و درێژەکان بوو. شەوان لە دەوری ئاگرەکە. چەند راوچییەك بەیەکەوە بە ژێی کەوانەکانیان دەنگیان دروست دەکرد. یەکێك لەژێیەکانی بە هەردوولایەکەوە واتە لاقەوسەکەی و لا بەتاڵەکەیەوە بەست و لە کاتی گۆرانی وتندا لە ژێیەکانی کەوانەکەی دەدا و ئاوازێکی دروست دەکرد. یەکێکی تر پێستی بەقەدی درەختێکی ناوبۆشەوە بەستەوە و پاشان بەدەست پیایدادەکێشا و بەم شێوە تەبڵە دێرینەکان دروستکرا.

زۆرجار ئەشکەوت نشینەکان جەژنیان دەگێرا، پاشان پیاوە گەنجەکان لە دەوری ئاگرەکە سەمایان دەکرد و ئەوانی تر چەپڵەیان لێ دەدا و هەڵدەپەرین، ریتمیان دەگرت. هەندێك لەو پارچە تەختانە وەك سنج بەیەکیاندا دەکێشا و هەندێکی تر شەق شەقەکانیان رادەوەشاند کە بریتی بوو لە وردە بەردی لە ناو کولەکەی ناو بەتاڵدا ئەو دەنگانەی کە بەم کەرەستانە دروست دەبوون. مرۆڤەکانی دەهێنایە جۆش و یارمەتی دەدان تا هەستەکانی خۆیان دەربرن.

## وێنەکێشانی ئەشکەوت نشین

سالانێك لەمەوپێش، پیاوماقوڵێکی زەویناس، شوێنەواری سەرسوورهێنەری ئەشکەوت نشینەکانی کەشفکرد، رۆژێك لەگەڵ کچە بچووکەکەی خۆی چووە ناو ئەشکەوتێکی گەورە کە لە موڵکەکەی خۆی دابوو، بە مەبەستی ئەوەی کە بزانێت مرۆڤەکانی پێش مێژوو لەو جێگایەدا ژیاون یان نا. کچە بچووکەکەی رێڕەوێکی تری ئەشکەوتەکەی گرتەبەر. لە ناکاو باوکی بە بیستنی هاواری کچەکەی راپەڕی: ((باوکە وەرە بۆ ئێرە مانگا! مانگا!)).

زەویناس خێرا خۆی گەیاندە کچەکەی. مانگای نەبینی بەڵام سەیری نیگای کچەکەی کە دەیڕوانییە سەقفەکە. سەیری سەقفەکەی کرد و حەپەسا، وێنەیەکی گەورەیی مانگای بینی بە رەنگێکی سووری درەوشاوە. پاشان سەیری بەشە دوورەکانی سەقفەکەی کرد و بینی کە مانگاکان، غارغارێنی ئەسپەکان، گاکێوییەکان لەکاتی لەوەڕاندن و گامێشەکان لەکاتی هێرشدا، هەموو سەقفەکەیان داپۆشی بوو، کە ئەم گیانەوەرانە هەندێك رەش، هەندێك زەرد و ئەوانی تریش سووربوون، ئەم ئەشکەوتە شوێنەواری وێنەکێشانی ئەشکەوت نشین بوو، کە هەزاران ساڵ لەمەوپێش ژیا بوون.



زانایانی تریش سەردانی ئەم ئەشکەوتەیان کرد و ستایشی وێنەی ئەم گیانەوەرانەیان کرد، ئەشکەوتەکانی تریش گەڕان و زۆر وێنەیان لەسەر دیوار و سەقفەکانیان کەشفکرد. ئەمانە کۆنترین وێنەکانی جیهان بوون.

لە دارستانە کۆنەکاندا، جۆرەها کەرەستە دەدۆزرایەوە کە وێنەکێشانی ئەشکەوت پێویستیان بوو بۆ وێنەکێشان بۆ نموونە لە رێڕەوی جۆگەلەیەکدا گڵی رۆسی زەرد و سووری درەوشاوەیان دەدۆزییەوە. قوڕی رۆسیان لە قاپی بەردین هەڵدەسوو، و پاشان وردە خۆڵی رۆسیان دەکردە ناو ئێسکە نابۆشەکان یان شاخی گیانەوەرەکان تاوەکو بە باشی پارێزراوبێت. لە پارچەی خەڵوز رەنگی رەش و لە شیلە و ئاوی هەندێك لە تووەکان رەنگی جوانیان دروست دەکرد، ئێسقانی پانی ئاژەڵە گەورەکانیان لە جیاتی لەوحەی رەنگاوڕەنگ بەکار دەهێنا.

وێنەکێشانی ئەو سەردەمە، بە هەمان جوانکاریش شێوەکارییان دەکرد بە تەور و چەکوش، وێنەی ئەسپ و گیانەوەرەکانی تریان لەسەر بەردە پتەوەکان هەڵدەکەند. لە پێشدا بە ئامێرەکانیان نەخشەی گیانەوەرەکانیان دەکێشا و لە دواییدا بە هەڵکەندن لەسەر تەختە یان عاج نەخشەکەیان بەرجەستە دەکرد. لەسەر گۆزە قوڕینەکان بە شاخ یان ئێسقانی نووك تیژ وێنەکانیان هەڵدەکەند و بە رەنگەکانی گڵی رۆس نەخشە سەرنجراکێشەکانیان لەسەر ئەوانە دەکێشا، بەسەدەفەکان جوانکارییان تێدادەکرد، ددانی گیانەوەرکانیان بەشێوەی جیاواز دەبڕی پاشان هەموویان دەکردن بەپەتەوە و وەك ملوانکە لەملی خۆیان دەکرد، بە داتاشینی شاخی ئاژەڵەکان فنجانیان دروست دەکرد.

## مرۆڤ دەست بە پەرستن دەکات

ئەشکەوت نشینەکان تێڕوانینێکی تایبەتییان هەبوو بۆ ئاگر، چونکە ئاگر گەرمی پێ دەبەخشین، چێشتیان پێ لێ دەنا، رووناکی پێ دەدان و ئاژەڵە کێوییەکانی لێ دوور دەخستنەوە، ژیانیانی ئاسوودەتر کردبوو، لەبەر ئەمانە ستایشی ئاگریان دەکرد. ئاگریان لا پیرۆزبوو، بە جۆرێك لە خودایان دەزانی و بە پێشکەش کردنی دیارییەکانیان بۆ ئاگر سوپاسگوزاری خۆیان پیشان دەدا.

هەموو رۆژێك مرۆڤ دەیبینی کە خۆر بەیانیان لە گۆشەیەکی ئاسمانەوە هەڵدێت و بە درێژایی رۆژ لە جووڵەدا بەسەرسەریانەوەیە و کاتی شەو لە گۆشەیەکی ترەوە ئاوا دەبێت.

دەیانزانی کە گەرمی و رووناکی کە بۆ ژیان پێویستە سەرچاوەکەی خۆرە، چونکە کاتێك کە خۆر بۆ ماوەیەکی دوور و درێژ هەڵنەدەهات سەرما ئازاری دەدان، دەیبینی شەوان مانگ و ملیۆنان ئەستێرە کە وەك ئەڵماس لە قووڵایی ئاسمانی شیندا دەدرەوشانەوە، شەو و رۆژ دەبێتەوە و شەو و رۆژ وەرزەکان، بەهار، هاوین، پاییز، زستان یەك بەدوای یەکتردا دەهاتن و دەڕۆیشتن. مرۆڤ هۆی ئەم گۆڕانکارییانەی نەدەزانی و لەم دونیا سەرسوڕهێنەرە تێ نەدەگەیشت، نەیدەزانی کە ئەم دونیایە چۆن دروست بووە، خۆی لە کوێوە پەیدا بووە و لە دوای مردن چی لێ بەسەردێت.

سروشت ترسناك بوو کاتێك هەورە نیشتووەکان بە تۆفانەکانیان رۆژیان وەك شەو لێ دەکرد، تورەی هەورەگرمەکان دەبیسترا و هەورە بروسکەی کوێرکەر دەدرەوشایەوە، وە لەوە دەچوو کە ئاسمان درزێکی گەورەی تێ بوویێت، مرۆڤ دەحەپەسا بە شوێنەواری دەسەلاتێکی تۆقێنەر کە لێی تێ نەدەگەیشت. بە ترسەوە لە ژێر تاشەبەردێکدا کە بە خۆشەویستییەوە وەك چەترێکی پارێزەر بە روویدا کرابۆوە، سەری دەخستە سەر ئەژنۆیی تاوەکو خوای تورە تێپەڕێت. دەرکەوتە ترسناکەکانی تریش وەك لافاو، بومەلەرزە و ئاگر کەوتنەوە رووی دەدا.

مرۆڤ دەیزانی دەسەلاتی بەرامبەر ئەم رووداوانە نییە، بە خەیاڵیدا دەهات کە بونەوەرانی بەهێز بەسەر جیهاندا بالا دەستن و ئەم رووداوانە رۆحەکان هەڵی دەگیرسێنن. لەبەر هەمان هۆش بوو کە زۆربەی دەرکەوتە سروشتییەکانی دەپەرست. گومانی لەوە بوو کە کارەکانی مرۆڤ زۆرجار رۆحەکان تورە دەکات و بەدوایی ئەوەدا سەردەمی دەرد و ئازار بۆ ئەو دێتە پێشەوە. لە قاپی رۆحەکان دەپاڕایەوە کە ئەوان لە مەترسی بپارێزێت. سوپاسگوزاری ئەو شتانە بوو کە لەکاتی بەرەنگاربوونەوەی سەختدا یارمەتییان دەدا و لە مردن دەیانپاراست. دیارییەکانی پێشکەشی رۆحەکان دەکرد بەو ئومێدەی کە رۆحەکان ئارام و میهرەبان بکاتەوە.

لە میحرابە بەردینەکاندا ئەم دیارییانەیان دەسووتاند لە شوێنێکی ئینگلتەرادا ئەم بەردانەیان دۆزیوەتەوە کە چوارچێوەیەکی هەڵچنراوە و لە ناوەڕاستی ئەوەدا میحرابێك هەیە. لەو باوەڕەدان کە مرۆڤە دێرینەکان لەو شوێنەدا دیارییەکانی خۆیان دانابێت.

کەسانێك بەناوی کاهینەوە پەیدا بوون، کە بانگەشەیان لە بارەی رازی کردنی خواکانەوە دەکرد، ئەمانە زانیارییان لە خەڵکی ئاسایی زیاتر بوو. دەسەلاتێکی زۆریان بەسەر خەڵکی ئاساییدا هەبوو. چونکە ئەمانە کەسانێکن دەتوانن ئامۆژگاری ئەوانی تر بکەن کە دەبێت چۆن بژین تاوەکو سۆز و بەزەیی خوایەکان بۆ حاڵی خۆیان بەدەست بهێنن، رێزێکی زۆریان هەبوو.



# گیانەورە ماڵییەکان

سەرەتا مرۆڤ هاوڕێی گیانەوەرەکان نەبوو، بە تێپەربوونی کات، وردە وردە تێگەیشت کە هەندێك لە گیانەوەر دەتوانرێت ماڵی بکرێت و سوودی لێ وەربگیرێت. لەو باوەڕدان کە گورگ یەکەمین ئاژەڵ بێت کە ماڵی کرابێت. لەوانەیە راوچییەك چاوی بە گورگێکی مێیە کەوتبێت و بەچکەکانی بۆماڵەوە بردبێتەوە.

ئاسایی منداڵەکانی بەیاری کردن بە تولە گورگەکان هەستیان بە خۆشی کردووە و خواردنیان پێداون. کاتێك ئەم تووڵانە گەورە بوون. ئیتر دڕندە و کێویی نەبوون. حەزیان کردووە لە شوێنێکدا بژین کە خواردنی زۆری لێ بێت. وردە وردە گورگەکان بوونەتە هاوڕێی ئەو مرۆڤانەی کە خواردنیان پێداون، ئەم گورگە ماڵییە دێرینانە سەگەکان بوون.

سەگ یارمەتیدەرێکی گەورە بووە بۆ مرۆڤ. ئەم هاوڕێ چوار پێیە وەفادارانە بەرامبەر بە خاوەنەکانی خۆیان خزمەتیان دەکرد و پاسەوانی ئەشکەوت بوون. گیانەوەرەکانی تریان راودەنا. بە بۆنی تیژییان شوێن پێی گیانەوەرەکانی تریان دەدۆزییەوە و لە کاتی راودا رێنماییکەری خاوەنەکەی بوو، مانگا، بەراز، مەروبزن، لەو گیانەوەرانەبوون کە مرۆڤ ماڵی کردن. مرۆڤ بە هۆی بوونی ئەم گیانەوەرانەوە، کە گۆشت و شیری بۆ دابین کردبوو، ئیتر لە بوونی خواردنی تەواو دڵنیابوو. پێویستی بەوە نەبوو کاتی تەواوی خۆی بە راوەوە بە سەرببات. مرۆڤ بووە شوان و چاودێری ئاژەڵ و رانەکانی خۆی دەکرد. داونانەوە ژیانی سادەتر و ئاسانتر کردبوو.

مرۆڤە دێرینەکان بە ماڵی کردنی مەڕ فێربوون کە دەتوانرێت لە خوری ئەم گیانەوەرە جلوبەرگی باشتر ئامادەبکرێت. خوری مەڕیان لە نێوان پەنجە گەورە و پەنجەی ئیشارەتدا دەسوڕاندەوە و پەتی درێژیان بە دەست دەهێنا. پیاوان لە بەهاردا خورییە درێژەکانی مەڕەکانیان دەبڕی، وە ژنان ئەوەیان لە ئاوی پاك و سازگاری جۆگەلەکاندا دەشۆری و خورییە لوولەکانیان شانە دەکرد. تاڵێك خوریان بەلایەکی داردەستێکەوە دەبەست و بڕێکی کەمی ئەم تاڵە خورییەیان دەهێنایە دەرەوە و کۆتایی ئەوەیان بە بەردێکی بچووکی خڕەوە دەبەستەوە کە ناوەڕاستەکەی کونێکی تێدابوو. چنەر بە دەست بە توندی بەردەکەی دەخولاندەوە و پاشان ئەوەی بەرەلا دەکرد. بە کۆتایی هاتنی کرژبوونی پەتەکە، سەرلەنوێ ئەوەی دەخولاندەوە ئەم پرۆسەیە ناسراوە بە خوری رستن.

کاتێك دەیانویست پەتێکی درێژتر لوول بکەن. ئەوەیان بە لقێکی بچووکەوە دەبەستەوە بۆ ئەوەی کە لێك نەئاڵێن، درزێکیان دەکردە کۆتایی لقەکەوە بۆ ئەوەی خورییە لوول کراوەکە هەر لە خۆیەوە نەکرێتەوە. ئەم لقە درز تێکراوە یەکەمین تەشیرێس بوو.

بۆ دروست کردنی پارچە خورییەکی چنراو، بەجۆرە دەزگایەکی چنین، پارچەکەیان دەچنی، چنەر دوو لقی وەك جەتاڵ لە دوورییەکی کەم لە یەکترەوە دادەنا و سەرەوە و خوارەوەی ئەوانەی بەدوو دارەوە کە کەمێك لە یەکەوە دووربوون دەبەستەوە تاڵە خورییەکانی دەئاڵاند بەم دوو دارەوە پاشان لەگەڵ تاڵەکانی تری ناوەوە و دەرەوە و سەرەوە و خوارەوەدا ئەم پەتە خورییانەیان دەچنی، سەرەوە و ژێرەوەی پەتەکانیان چەند جارێك بەیەکەوە دەچنی و بەم شێوەیە پارچە خورییەکی تا رادەیەك درێژ ئامادە دەکرا. جلوبەرگی لە خوری چنراو، زۆر نەرمتر و خۆشتر بوو لەو جلوبەرگانەی کە بە پێست دروستیان کردبوو.

## تایە و بەلەم

ئەشکەوت نشینەکان بۆ راوکردن، ناچاربوون ماوەیەکی زۆربڕن و گیانەوەرانی کە راویان دەکرد، بیهێنن بۆ ئەشکەوت. سادەترین شێوەی هەڵگرتنی گیانەوەرە گەورەکان ئەوەبوو، کە ئەوانەیان دەخستە سەرشانیان و دەیان هێنایەوە بۆ ئەشکەوت. بەڵام ئەگەر گیانەوەرەکە زۆر قورس بوایە، راوچی دەبێت ئەوەی بەسەر زەویدا رابکێشایە زۆرجار دوو راوچی، گیانەوەرەکەیان بە لقی دارێکەوە هەڵدەواسی و پاشان هەردوو سەری دارەکەیان دەخستە سەر شانیان و هەڵیان دەگرت.

ئەشکەوت نشینەکان هەمیشە بەدوای ناوچەیەکدا دەگەڕان کە نێچیری زۆری هەبێت. لەبەر ئەوە ناچاربوون بەردەوام بەڕێدا بڕۆن و کەرەستەکانیان بە دەست یان بە پشت هەڵدەگرت. کاتێك بە بەستنی دوو نەمام بە یەکەوە گالیسکەیەکیان دروست دەکرد و زۆربەی کەرەستەکانی خۆیان لەسەر دادەنا.

مرۆڤ بە درێژایی سەدەکان، خۆی گیانەوەرێکی بارهەڵگربوو، بە پشت و بازوو قاچەکانی لە هەوڵی بردنی شتومەکەکانی دابوو لە شوێنێکەوە بۆ شوێنێکی تر بەم کارەش هیلاك و ماندوو دەبوو. لە دواییماڵی کردنی گیانەوەرەکان، هەستیان بەوەکرد کە هەندێ لە گیانەوەرەکان دەتوانن باری قورس بۆ ماوەیەکی دوور هەڵبگرن. لە تاڵە چەرمییەکان هەوساریان دروستکرد و بەوە هەندێ لە گیانەوەرەکانیان بۆ راکێشانی گالیسکە راهێنا، کەشفی ئەوەیان کرد ئەگەر



پارچە دارێکی بڕاو لە ژێر تەنێکی قورس دا بخولێتەوە، جوڵەکەی ئاسان دەکات. هەندێکیان کەوتنە بیرکردنەوە لەوەی کە تایە بە کۆتایی گالیسکەکانەوە ببەستن. دووپارچەی خڕیان لە قەدی دار دروست دەکرد و کونێکیان دەکردە ناوەڕاستی هەر یەکێکیانەوە. ئەوکاتە ئەم خلۆکانەیان بەست بە ژێر گالیسکەوە، بەم شێوەیە مرۆڤ بووە خاوەنی گالیسکەی دوو تایە.

تایە ناوپڕەکان قورس و رەق بوون و گالیسکەکە بە زەحمەت دەرۆیشت بۆ پێشەوە پاش ماوەیەك بۆیان دەرکەوت کە پێویست ناکات کە ناوی ئەو تایانە پر بێت، کەوتنە بیرکردنەوە لەوەی کە بە برینی پارچە سێگۆشەکان سووکتریان بکات. لە کۆتاییدا تایەی چوارچێوەدار دروستبوو. بە تێپەربوونی کات لە جیاتی دووتایە، چوار تایەیان بە گالیسکەکەوە دەچەسپاند. بەم شێوەیە سوود وەرگرتن لە کەرەستەی گواستنەوەی تایەدار دەستی پێکرد. ئیتر دەیتوانی بۆ سەفەری دوورودرێژ بڕوات و بارەکانیشی بۆ شوێنی دوور بگوێزێتەوە. بە داهێنان و دروستکردنی گالیسکە پێویستیان بە رێگا دروستکردن بوو. بۆ هەمان مەبەست رێگاکانی دارستانیان پان و ساف کرد و وردە وردە جادە سەرەتاییەکان دروست بوو.

ئاویش چونکە وەك خواردنێك پێویست بوو بۆ مرۆڤ. زۆربەی مرۆڤە دێرینەکان لەقەراغ سەرچاوە ئاوییەکان ژیانیان بەسەردەبرد، ئاسایی خەڵك هەوڵی هاتووچۆیان لە رێگەی رووبارەکانەوە دابوو، لەوانەیە یەکەمین بەلەم قەد یان لقی دارە شکاوەکان بووبێت کە زۆرجار سەر ئاوەکە کەوتبوون.

لەوانەیە مەلەوانێکی ماندوو لەکاتی نوقم بووندا، قەدی دارێکی لە نزیك خۆیەوە بینیبێت، دەستی لێ گیرکردبێت و بە خۆشحاڵییەوە تێگەیشت بێت کە دەتوانێت پشت بەوە ببەستێت و چووبێتە سەری. قەدی دارەکە لەگەل ئەودا مەلە دەکات و نوقم نابێت.

مرۆڤە دێرینەکان، لە رێگەی لاساییکردنەوە تێگەیشتن کە دارەبڕاوە سەر ئاوەکەوتووەکان، ئەوان لەسەر رووی ئاوەکە دەپارێزێت. تێگەیشتن بە جوولاندنی دەست و قاچیان لە ئاوەکەدا یان خولانەوەی دارەبڕاوە بە لقێکی ئەستوور بۆ هەرلایەکیان بوێت دەتوانن بجوولێن. لە دوایی کەشفکردنی ئاگر، فێربوون تاوەکو ناودارە بڕاوەکە بۆش بکەن. قەدە نابۆشەکانی دار، بەلەمێکی گونجاوتربوو کە دەکرا لەسەر ئەوە دابنیشرێت و کەرەستەکانی خۆشی لەسەر ئەوە دابنرێت.

بەلەمەوانە دێرینەکان وردە وردە تێگەیشتن کە زۆرجار رەشەبا بەلەمەکە دەجولێنێت بیریان لەوەکردەوە کە سوود لە هێزی با وەربگرن بۆ جووڵەی بەلەمەکان، سەرەتا پێستی دامالڕاویی گیانەوەرانیان دەخستەبەر باکە. باکە کە لە دواوە هەڵی دەکرد، بەرپێستەکە دەکەوت و

بەلەمەکەی بۆ پێشەوە دەبرد، ئەمە یەکەمین بەلەمی بایی بوو. بە بیری یەکێك داهات کە پێستەکە بە لقی درەختێکەوە ببەستێتەوە. بەلەمەوان لە ناوەڕاستی بەلەمەکەدا دادەنیشت و ئاراستەی بەلەمەکەی دەگۆڕی و بایەکە ئەوەی بۆ پێشەوە دەبرد.

کاتێك کە پێویست دەبوو تا بۆ گواستنەوەی خێزان و پێویستییە قورسەکان سوود لە بەلەمی گەورەتر وەربگیرێت، ژمارەیەك قەدی درەختیان بە لقی دارمێو یان تاڵە چەرمییەکانی گیانەوەران بە توندی بەیەکەوە دەبەست. بەم شێوەیە بەلەمی گەورەتریان دروست دەکرد. بەلەمەکەیان بە پاڵ پێوەنانی تیرێکی درێژ بە کەناری رووبارەکەوە دەخستە جووڵە. وردە وردە مرۆڤ فێربوو کە بە بەستنی قەدی درەختەکان بە یەکترەوە و سوود وەرگرتن لە تەختە سافەکان، دیوارێك بە چواردەوری بەلەمەکەدا دروست بکات تا لە کاتی بەرزبوونەوە و نزمبوونەوەی ئاودا رێگە لە هاتنە ناوەوەی ئاو بگیرێت. بەم شێوەیە بەلەمی باشتریان دروستکرد. ئەمە هەنگاوی یەکەم بوو لە چۆنێتی دروستکردنی بەلەمە ناوساف و شێوە چوارگۆشەییەکان.

بەم جۆرە هەنگاو بە هەنگاو مرۆڤەکان بەلەمی باشتر و گەورەتریان دروستکرد کە لە توانایان دابوو، رێگە دوور و درێژەکان ببڕن.

## سەرەتای نیشتەجێ بوون

مرۆڤ لە دێر زەمانەوە دەیزانی کە دەنکە پێگەیشتووەکانی هەندێك لە گژوگیای دارستانەکان، ماددەیەکی خۆراکی خۆشن. ئەم دەنکانە، گەنم و دانەوێڵەکانی تری دارستان بوون. لەوانەیە ژنێك سەرنجی لەوە دابێت کە لە کاتێکی تایبەتی ساڵدا دەنکەکان دەکەونە سەر زەوی و پاشان لە هەمان شوێندا گیاتازەکان دەڕۆین.

ئەو دەنکانەی کۆدەکردەوە و لە شوێنێکی دڵگیردا دەیچاند. بەدارە دەستێك زەوی دەکێڵا و فشەڵی دەکرد تاوەکو باران لە دەنکەکان بدات و رەگەکانیان بڵاوبێتەوە. پاشان دەنکەکانیان بەم شوێنانەدا دەپرژاند و دەیانکردنە ژێر خۆڵەوە. چاندنی دەنکەکان بەم شێوەیە، کارێکی نارێك و گران بوو. پاشان کەشفیان کرد بە راکێشانی لقەدارێك بەسەر زەویدا، تیرێکی بچووك دروست دەبێت کە دەتوانرێت دەنکەکان بە ئەوێدا بپرژێنرێت، ئەم لقانە، یەکەمین گاسن بوو.

هەوای گەرم، تیشکی خۆر و لێزمەی بەهار دەبووە هۆی گەشەی دەنکەکان لە خاکدا. بە کۆتایی هاتنی هاوین، رەنگی سەوزی گەنم دەگۆڕا بۆ زەردی ئاڵتونی بەشی سەرەوەی قەدی



گەنمەکان بە هۆی دەنکە گەنمەکانەوە قورس دەبوون. بە بەستنی تیغە بەردێك بە پارچە تەختەیەکەوە. داسیان دروست کرد و قەدەکانیان چەپك چەپك بەوە دەبڕییەوە. هەموو قەدەکانیان بە یەکەوە دەکوتا تا دەنکەکان بێنە دەرەوە. ژنان دەنکەکانیان لە قاپی بەتاڵدا دادەنا و بە بەردی قورس دەیان کوتی ئەوانەیان دەکرد بە ئاش دا و جۆرە ئاردێکی دەنك زبریان دروست دەکرد. بە پرژاندنی کەمێك ئاو بە ئاردەکەدا هەویریان دروست دەکرد و بە شێوەی پڕپۆڵە لە ژێر هەتاودا دایان دەنا تاوەکو وشك بێتەوە. بەم شێوەیە یەکەمین نانیان دروست کرد. لە دواییدا تێگەیشتن ئەگەر نان لەسەر بەرد دابنێن و بە ئاگر گەرمی بکەن خێراتر وشك دەبێتەوە.

چاندنی ئەم دەنکانە، بووە هۆی گۆڕانی تەواوی شێوەکانی ژیانی مرۆڤایەتی. لە پێش ئەوەدا مرۆڤ بۆ ئامادەکردنی خۆراك بەسترابۆوە بە راو و زۆرکردنی ئاژەڵەکانییەوە و بەردەوام شوێنی راو و لەوەڕگاکانی خۆیان بەجێدەهێشت تاوەکو شوێنی باشتر بدۆزنەوە، لەبەر ئەوە هەمیشە بە شێوەی کاتی لە شوێنێکدا نیشتەجێ دەبوون. ئاسایی ئەم بارودۆخە دەبووە هۆی ئەوەی جۆرە خانوویەك دروست بکەن، کە لە کاتی پێویستدا بە ئاسانی بە گیانەوەرە بارهەڵگرەکان هەڵبگیرێت لەبەر هەمان هۆ پەناگەی سادەی وەك چادر بە چەسپاندنی سێ یان چوار کۆڵەگە بە زەویدا و داپۆشینی سەقفەکەی بە پێستی ئاژەڵیان دروست دەکرد. زۆرجاریش بە چنینی دارەکان بە یەکەوە شاردنەوەیان بە گڵی رۆس، خانووچکە خڕەکانیان دروست دەکرد. دروستکردنی ئەم خانووچکانە کاتێکی زۆری نەدەویست و ئەوانەیان لە کاتی گۆڕینی شوێنەکەیان لە هەمان شوێن بەجێ دەهێشت.

لە دوایی ئەوەی کە مرۆڤ فێری چاندنی تۆوەکان بووە ئیتر پێویستی بەوە نەبوو بە دوای خواردن دا بگەڕێت، بەم لا و بەولادا بڕوات. دەیتوانی لە شوێنێك نیشتەجێ بێت و خواردن بۆ خۆی و گیانەوەرەکانی بەرهەم بهێنێت. فێربوو خانووی بەهێز و پتەو دروست بکات. لەو ناوچانەی کە بەردی زۆری لێ بوو بەردە تەخت و رێکەکانی ئامادە دەکرد. ئەم بەردە رێکانەیان بە شێوەی چوارگۆشە یان خڕ لە سەر زەوی هەڵدەچنی و ئەوەندە بەردیان لەسەر یەکتر دادەنا تاوەکو دیوارەکە لە بالآیان بەرزتر دەبۆوە. لە سووچێکی ئەم دیوارانەدا کونێکیان دروست دەکرد کە جێگەی دەرگابوو. بۆ ئەوەی کە دیواری سەر کونەکان نەرووخێنێت. دووبەردی تەختی سافیان لە ناو دیوارەکەدا بە شێوەی ستوون دادەنا و بەردێکی رێکی سافیان بەسەریانەوە دەچەسپاند. چەندان سەدە مرۆڤ بەم شێوەیە خانووی دروست دەکرد.

کۆمەڵە خانوویەکیان لە تەنیشت یەکترەوە دروست دەکرد بۆ ئاسایش و ئارامی زیاتر و بەم شێوەیە گوندە دێرینەکان دروستبوو، خەڵکی لە نزیك دەریاچەکان، خانووەکانی خۆیان لە قەراغ ئاو دروست دەکرد. سەرێکی قەدی درەختەکانیان بە توندی و بە قوری نەرم دەچەقاندە قەراغ دەریاچەکان. سەکۆ تەختەییەکانیان لەسەر قەدی درەختەکان دروست دەکرد و خانووە تەختەییەکانی خۆیان لەسەر ئەوانە دوور لەکەنارەکەوە دروست دەکرد، نیشتەجێ بوانی کەنار دەریاچەکان تۆریان دەچنی و هەڵیان دەدایە ئاوەوە تاوەکو ماسیی پێ بگرن. پردی باریکیان دروست دەکرد تاوەکو هاتووچۆ بە وشکانیدا ئاسان بێت و لەو جێگایانەدا گایەلەکانیان دەلەوەڕاند و کشتوکاڵیان دەکرد.

## فێربوونی ژیانی کۆمەڵایەتی

مرۆڤەکان لەدوای بڕینی هەزاران ساڵ فێربوون کە چۆن ژیانێکی ئاسانتر بۆ خۆیان بسازێنن و تێگەیشتن ئەوکاتە ژیانێکی خۆشیان هەیە کە هاوکاری یەکتر دەکەن. لەسەرەتادا، خێزانەکان بە تەنیا ژیانیان بەسەردەبرد. بەڵام زۆر زوو هەستیان بەوەکرد کە ئەگەر بە شێوەی کۆمەڵ ژیان بەیەکەوە بەسەربەرن، ئاسایش و ئارامی زیاتریان دەبێت. بۆ مەترسییە هەمیشەییەکان پێویستییان بە هاوکاری یەکتر بوو. کەسێك بە تەنیا لە کاتی هێرشی گیانەوەرە دڕندەکاندا توانایی بەرگریکردنی نەبوو، بەڵام کاتێك کە چەند کەسێك بوون دەیانتوانی بەسەر ترسناکترین گیانەوەریش دا زاڵ بن. بەم شێوەیە کۆمەڵە مرۆڤەکان بە یەکدەست کردنی هێزەکانی خۆیان ژیانێکی دڵنیاتریان بۆ خۆیان دروست کرد.

کاتێك مرۆڤ بە شێوەی کۆمەڵ ژیانیان بەسەر دەبرد. فێربوو سوود لەو شێوازانە وەربگرێت کە بۆ هەموان بە کەڵك بێت. یەکەمجار هەموو مرۆڤێك تەنیا ئەو شتەی دروست دەکرد کە خۆی پێویستی بوو. وردە وردە تێگەیشتن کە هەندێ کەس شتێکی تایبەت لە ئەوانی تر باشتر ئەنجام دەدەن. لە ئەنجامدا لە جیاتی ئەوەی کەسێك هەوڵ بدات تا هەموو کارەکان بە تەنیا ئەنجام بدات، هەر کەسێك بە کارێکی تایبەتەوە خەریك دەبوو، لەو کارەدا شارەزایی پەیدا دەکرد و لە ئەنجام شتی رێکوپێکتر بەرهەم دەهات. بەم رێگەیە پیشە جیاوازەکان سەری هەڵدا. بەم شێوەیە دەڵێن: دابەشکردنی کار، چونکە کار لە نێوان تاکە جیاوازەکانی کۆمەڵگادا دابەش دەبێت، کەسانێك بەلەم دروستدەکەن، هەندێك دارتاش، بەشێکی زۆر شوان و هەندێکی تر جووتیار و ماسیگر بوون.



## گۆڕینەوە و ژماردن

کاتێك دانوستاندن لە نێوان خەڵکدا سەریهەڵدا، تێگەیشتن زۆربەی ئەو شتانەی کە پێویستیان پێیەتی بەڵام ناتوانن بەرهەمی بهێنن یان دروستی بکەن بە گۆڕینەوە دەستیان دەکەوێت. ئەگەر راوچی پێستی زیاد لە پێویستی خۆی هەبوایە، بەوپەڕی ئارەزوویییەوە دەیدا بە دراوسێیەکەی و لە جیاتی ئەوە شتێکی لێ وەردەگرت کە زۆر پێویستی پێی بوایە و خۆی نەیبوایە. بۆ نموونە چەند مانگایەك کە دراوسێ هەیبوو. و چەند مانگایەکی زیاد لە پێویستی خۆشی هەبوو، داوای بڕێك پێستی دەکرد، ئەوا حەزی دەکرد ئەم گۆڕینەوە ئەنجام بدات.

گۆڕینەوە بەم شێوەیە دەستی پێکرد، ئەم جۆرە گۆڕینەوەیان ناونا ((گۆڕینەوەی پێ یان پێی)) زۆر ئاشکرایە ئەم جۆرە گۆڕینەوە چەندە دژوار و گران بوو وای دانێن کە جووتیارێك مانگایەکی هەبوو کە نرخەکەی بە ئەندازەی دە مەڕ دەبوو، ئەو تەنیا پێنج مەڕی دەویست. دەیتوانی چ کارێك ئەنجام بدات؟ وای دانێن پیاوێك بڕێك گەنمی زیادەی هەبوو، وە دەیویست بڕێکی ئەوە بە مانگایەك بگۆڕێتەوە، لە راستی دۆزینەوەی مرۆڤێك کە یەکەم مانگای هەبێت و دووەم پێویستی بە گەنم بێت، گران بوو.

ئەم نموونانە دژوار بوونی گۆڕینەوەی پێ یان پێی بە باشی پیشان دەدات. هەوڵیان دا تاوەکو رێگەیەکی باشتر بۆ گۆڕینەوەی کەلوپەلەکانیان بدۆزنەوە بڕیاریان دا ئاژەڵەکانی وەك مەڕ و مانگا نرخی شتەکانی تر دیاری بکات. پاش ماوەیەك بۆ ئەم کارە سوودیان لە شتی بچووکتری وەك سەدەف یان پول وەردەگرت کە هەڵگرتنی ئاسان بوو. ئەم شتانە بووە هۆی ئەوەی کە گۆڕینەوە زۆر بە ئاسانی ئەنجام بدرێت، لەدوای کەشف کردنی کانزاکان، سوود لە پارچەی بچووکی ئەوانە وەردەگیرا لەجیاتی پول.

زانستی ژماردن لەم رۆژە دێرینانەوە گەشەی کرد. کاتێك مرۆڤ بووە خاوەنی شتەکان. دەبوایە ئەوانە بژمێردرانایە تاوەکو حیسابی ئەو شتانە بپارێزرانایە. سادەترین شێوازی ژماردن، سوود وەرگرتن بوو لە پەنجەکان چونکە مرۆڤ دە پەنجەی هەبوو تەنیا دەیتوانی تا دە بژمێرێت کە بەدە دەگەیشت، نیشانەیەکی بچووکی دادەنا و دووبارە بە پەنجەکانی درێژەیی بە ژماردنەکە دەدا. مرۆڤەکان لەکاتی گۆڕینەوەی بەروبوومەکانی خۆیاندا، دەبوایە بیانکێشایە، کاتێك بینایان دروست دەکرد، بۆ ئەندازەگرتنی درێژی پێویستیان بە پێوەرێك هەبوو. بەشەجیاوازەکانی لەشیان وەك پەنجەی دەست و قاچ و ماوەی نێوان ئانیشك تا سەری پەنجەی بۆ ئەندازەگرتن بەکاردەهێنا. بەم شێوەیە ژماردن، کێشان، دووری و حیساب لەم چاخە دێرینانەدا دەستی پێ کرد.

# نەتەوە دێرینەکان

کۆمەڵە خێزانەکان بۆ بەرگریکردن لە خۆیان بە یەکەوە دەژیان، ئەم کۆمەڵانە، ناو دەنران (خێڵ) بەهێزترین و ئازاترین کەسی خێڵەکە، دەبووە سەرۆکی خێڵەکە و ئەندامانی تری خێڵەکە فەرمانەکانی ئەویان جێبەجێ دەکرد، چونکە دەیانزانی پاراستنی ئەوان بەستراوەتەوە بەجێبەجێ کردنی فەرمانەکانییەوە سەرۆکی خێڵ بڕیاری دەدا کە چۆن مەسەلە گرنگەکان ڕاپەڕێندرێت. بڕیارەکانی ئەو دەبووە یاسای خێڵ کە خەڵکی دەبوایە جێبەجێیان بکردایە.

کاتێك سەرۆکی خێڵ دەمرد بڕیاردان لەسەر سەرۆکێکی تر کارێکی قورس بوو زۆر جار چەند کەسێکی بەهێز خوازیاری سەرۆکایەتی بوون و ئەم مەسەلەیە بەربەرەکانیەتی لەناو خێڵەکە دروست دەکرد تا دەگەیشتە ئەوەی کە خێڵەکە بەسەر چەند کوتلەیەکدا دابەش دەبوو، خەڵکی خێڵەکەش لایەنی ڕابەرە جیاوازەکانیان دەگرت. وردە وردە دابونەریتێك پەیدا بوو ئەوەش ئەوەبوو کە کورە گەورەی سەرۆك خێڵ، بۆ سەرۆکایەتی خێڵ هەڵدەبژێردرا.

ژیان لە هەندێ ناوچەدا ئاسانتر بوو بە هۆی بارودۆخی سروشتەوە. بەڵام لە هەندێ ناوچەدا ژیان وەك نەبەردێکی سەخت وابوو لەگەڵ تۆفانەکاندا لە دۆڵە بە پیتەکانی ڕووبارەکاندا، بەروبومەکانیان بە ئاسانی گەشەی دەکرد چونکە ئاوی زۆر و هەوای گەرم و خۆرهەتاو یارمەتیدەرێکی باش بوو بۆ گەشەیان لەم ناوچانەدا خەڵکی خانووی باشیان هەبوو، و بە شێوەیەکی ئاسوودەتر ژیانیان بەسەردەبرد. خێڵە گەڕیدەکان هەر کە دەگەیشتنە ئەم ناوچانە یەکسەر تێدا نیشتەجێ دەبوون، چونکە سروشت پێویستییەکانی بۆ دەستەبەردەکردن تاوەکو خۆراکی خۆیان بە ئاسانی بەدەست بهێنن. لەمەوە دەردەکەوێت کە یەکەمین شارستانییەت لە دۆڵە بە پیتەکانی ڕووبارەکانەوە گەشەی کردووە و فراوان بووە.

خەڵکی خێڵێك کە لە شوێنێکدا نیشتەجێ دەبوون، ئەو ناوچەیەیان بە موڵکی خۆیان دەزانی. بەڵام کاتێك خێڵێکی تر دەهات و دەیویست لەوێدا نیشتەجێ بێت. خێڵەکەی کە یەکەمجار لەوێدا بوو نەیدەهێشت، بەم شێوە جەنگ لە نێوان دوو خێڵەکە هەڵدەگیرسا، تا خێڵە بەهێزەکە بەسەر خێڵە بێ هێزەکەدا سەردەکەوت و لەو شوێنە دەری دەکرد یان ئەندامانی خێڵەکەی بەدیل دەگرت، ئەو خێڵەی کە بەرووبوومی باشی نەبوو هێرشی دەکردە سەر خێڵێکی تر تاوەکو خۆراك بەدەست بهێنێت. جەنگ هەر لەم هۆیانەوە لە جیهان دا سەری هەڵدا.



# بنەمای شارستانییەت

نیا دێرینەکانی مرۆڤەکانی هاوچەرخ، هەزاران ساڵ تەنیا بەداهێنانە سەرەتاییەکانیان ژیانیان بەسەردەبرد، مرۆڤی ئەو چاخە دێرینانە، ئاگریان داگیرساند، یەکەمین ئامێر و چەکیان داهێنا. یەکەمین کرێکار بوون کە کاریان بە تەختە، گڵی ڕۆس، بەرد، چەرم و کانزا کردووە، یەکەمین گالیسکە و بەلەمیان دروستکرد بۆ هەڵگرتنی خۆیان و کەرەستەکانیان لە وشکانی و دەریادا. یەکەمین بازرگان، وێنەکێش، ئاوازدانەر، داستان سەرا، هونەر پیشەکان بوون، فێربوون بە شێوەی حکومەت لە کەنارەکاندا ژیان بەسەر ببەن و هێزی لە خۆیان بە تواناتر بەناوی مەزهەبەوە بپەرستن.

لەچاخە دێرینەکاندا، خەڵکی شێوەی ئاسانتر و سەلامەتتری ژیانی دەدۆزییەوە. سەرەتا ناچاربوون تەنیا سوود لەو شتانە وەربگرن کە سروشت دابینیکردبوو: تەنیا ڕاویان دەکرد و هەرچییەکیان پێویست بوایە کۆیان دەکردەوە. پاشان گیانەوەرەکانیان ماڵی کرد و گەشەیان بەگژوگیاکان دا. یەکەمین خانووەکانی، لقە بەیەکداچووی دارەکان یان ئەشکەوت و پەناگەکان بوو کە بە شێوەیەکی سروشتی دروست بووبوو. وردە وردە مرۆڤەکان فێربوون خانوو دروست بکەن. یەکەمین جلوبەرگەکان، پێستی داماڵراوی ئاژەڵە کێوییەکان بوو کە لەبەریان دەکرد. وردە وردە فێری خوری ڕستن و چنین و دوورینی پۆشاکیش بوون، ئەم مرۆڤە دێرینانە یەکەمین هەنگاوی پێشکەوتنیان هەڵنا. ئەوان دەست پێکەرانی شێوەی ژیانێکی باشتر بوون لەوکاتەوە تا ئێستا درێژەی هەبووە و تا ئەو کاتەی مرۆڤ لەسەر زەوی دەژیت درێژەی دەبێت.

دونیای هاوچەرخ قەرزاری ئەو بیرمەند و کرێکارە نەناسراوانەیە کە بنەمایەکی پتەو و بەهێزیان دروستکرد کە مرۆڤی سەردەمەکانی دوایی، هەنگاو بە هەنگاو شارستانییەتیان لەسەر ئەو بنەمایە بنیات نا.

# بەشی دووەم

# نیشتیمانی فیرعەونەکان

# دانیشتوانی کۆنی قەراغ رووباری نیل

ناوچەی سەرسەوز و بە پیتی میسر وەك پەتێکی درێژ و باریك کەوتۆتە باکووری رۆژهەلاتی ئەفریقیاوە. بیابانێکی فراوان لە هەردوولایەوە درێژبۆتەوە و رووبارێکی درێژ کە ناوی نیلە بە ئەوێدا دەڕوات. لە چاخە دێرینەکاندا، خەڵکی شاخە سەختەکان کۆچیان کردووە بۆ دۆڵە بە پیتەکەی نیل. ئاو و هەوای ئەم ناوچەیە زۆر گەرمە و رووبارێکی پڕ لە ئاو بە ئەوێدا دەڕوات کە یارمەتیدەرێکی زۆرباشە بۆ چاندنی گەنم. لەگەڵ ئەوەی کە بیابانێکی وشك ئەم ناوچەی گرتۆتەوە، دۆڵی رووباری نیل یەکێکە لە بەپیترین ناوچەکانی جیهان. خەڵکی میسر لەم دۆڵە بەپیتەدا یەکێك لە یەکەمین میللەتەکانی جیهانیان پێکهێناوە.

میسرییەکان سەدان ساڵ لە گوندە پەرش و بلاوەکانی کەناری رووباری نیل ژیانیان بەسەر دەبرد. خەڵکی گوندەکان زۆرجار لەگەڵ یەکتردا دەیانکرد بە شەڕ. زۆربەی گوندە بەهێزەکانی سەرزەوییەکانی تریان داگیر دەکرد. پاشان هەموو دانیشتوانی ناوچەی میسر لە کەناری رووباری نیلدا دابەشبوون بەسەر دوو وڵاتدا میسری سەروو، میسری خواروو.

میسری خواروو دەکەوتە باشوورەوە. میسری سەروو دەڵتایی نیل بوو، واتە شوێنێکە کە رووبار وەك باوەشێنی دەستی لق لق دەبوو، دەڕژایە دەریای ناوەڕاستەوە.

نزیکەی ٣٤٠٠ ساڵ لە پێش زایینـدا، رابەرێکی بەتوانا بەناوی ((مینس))ەوە بووە فەرمانڕەوایی هەردوو وڵاتەکە. ئەوشاری مەمفیسی لە کەناری رووباری نیل دروستکرد، کە ساڵانێکی دوورودرێژ پایتەختی میسری کۆن بوو، میسر لە ژێر دەسەڵاتی مینس و فەرمانڕەواکانی تر کە دوایی ئەو دەسەڵاتیان گرتە دەست، میسریان گۆڕی بۆ وڵاتێکی بەهێز و سەرکەوتوو.

میسرییەکان فەرمانڕەواکەی خۆیان بەخوا دەزانی و بە شێوەیەك رێزیان لێدەگرت تەنانەت ناوەکەشیان بەسەر زمانیاندا نەدەهێنا. بەڵکو پێیان دەوت فیرعەون کە مانای (خانووی گەورە)یە و ئەم نازناوە بۆ کۆشکێك بوو کە فەرمانڕەوا لەوێدا دەژیا.



# جووتیارانی زەوی

هەوای میسر لە مانگەکانی نیسان و ئایاردا زۆر گەرم و سووتێنەر بوو. رەشەبای گڕاوی بیابان، لە باشوورەوە بەرەو باکوور هەڵی دەکرد. زەوی هەموو جێگایەك وشك دەبۆوە لە گەرمادا درزی دەبرد و هەوا پڕدەبوو لە وردەلم . لە هیچ شوێنێکدا رووەکی سەوز بەرچاو نەدەکەوت. بەڵام لە شاخە دوورەکانی لای باشوورەوە، واتە ئەو شوێنەی کە سەرچاوەی رووباری نیلی لێ بوو، هەموو ساڵێك دەرکەوتەیەك رووی دەدا کە ئاووهەوای ناوچەکەی دەگۆڕی، لەو شاخانەدا، لەسەرەتای بەهاردا بەفرەکان دەتوانەوە و بارانێکی زۆر دەباری. ئاوی رووبارەکان بەرزدەبۆوە و لافاو هەڵدەسا، ئاوی قوڕاوی دەڕژایە رووبارەکەوە.

ئاو هەموو کاتێك بە خێراییەکی زۆر هێرشی دەهێنا، نیل بەرزتر و بەرزتر دەبۆوە و لە ناوەڕاستی مانگی حوزەیراندا بەسەر کەنارەکانی دەوروبەری خۆیدا بەرز دەبۆوە و بەسەر هەردوولای کەناری نیلدا بلاوەدەبۆوە، هەموو ساڵێك لافاو ئەو دۆڵەی دادەپۆشی کە رووباری نیلی پێدا دەڕۆیی. ئاو دۆڵەکەی بۆ ماوەی شەش تا هەشت هەفتە دادەپۆشی و پاشان وردە وردە دەنیشتەوە، لە دوای نیشتنەوەی رووبارەکە، توێکڵێکی بەنرخی لیتەیی رەش بە درێژایی دۆڵەکە هەتا خوارووی گردەکان بەهەردوو لای کەناری نیلدا بەجێ دەهێشت، ئەم بەسەرهاتە موعجیزە ئاسایە میسری گۆڕی بوو، دانەوێڵەکان چەکەرەیان دەکرد، دارودەوەنەکان گیانیان دەهاتەوە بەبەردا و گوڵ و گژوگیاکان سەریان بەرزدەکردەوە میسرییەکان زۆر شادمان دەبوون بەو لیتە بە پیتەی کە لافاوی زیانبەخش بەجێی هێشتبوو.

لەگەڵ نیشتنەوەی ئاوی رووباری نیلدا، وەرزی نوێی کشتوکاڵ کردن دەستی پێ دەکرد، زەوییە نزمەکانی کە ماوەیەکی زۆر لە ژێر ئاودا بوون، بە شێوەیەك نەرم و فشڵ دەبوون کە ئیتر کێڵانی پێویست نەبوو، جووتیار تەنیا بە لقەدارێك، زەوییە شێدارەکەی تیر تیر دەکرد و دەنکەکانی بە زەوییەکەدا دەپرژاند، بەڵام زەوییە بەرزەکان بە زووی وشك دەبوونەوە و دەبوایە بۆ کشتوکاڵ کردن بکێڵدرانایە — میسرییەکان گاسنی سادەیان هەبوو، سێ پارچە تەختەی رەقی پتەویان بە شێوەیەك بەیەکەوە دەبەستەوە کە کۆتایی یەکێك لەوانە بەسەر زەویدا رادەکێشرا و زەوییەکەی تیر تیر دەکرد، دووەمین پارچە بە قۆچی گایەکی نێرەوە دەبەسترایەوە و سێیەمین پارچەش، دەسکی گاسن بوو کەئەو کەسەی زەوی دەکێڵا ئەوەی بەدەستەوە دەگرت.

کاتێك قەدی گەنمەکان دەگەیشتە بەرزترین ئاست و لە ژێر باری گوڵەگەنمە پڕ بایەخەکانی خۆیدا دەچەمایەوە، ئەوانەیان بە شێوەی دەسکی بەستراو دەبڕی و دەیان گواستەوە بۆ

زەوییەکی تایبەتی خەرمان کوتان. لەو شوێنەدا دەسکە گەنمە بەستراوەکانیان بڵاودەکردەوە و گاکانیان لەسەر ئەوە بۆ پێشەوە و دواوە دەبرد تا دەنکە گەنمەکان لە گوڵەکانیان بێتە دەرەوە. جووتیاران لە کاتی خەرمان کوتاندا ئەم گۆرانییەیان دەوت:

وەحە، ئەی گای نێر بکوتە،
بۆخۆتە بکوتە،
کاکەی بۆ عەلەفەکەتە بکوتە،
گەنمەکەی بۆخاوەنەکەتە بکوتە،
پشوو مەدە،
ئەمڕۆ هەوا ساردە،

قۆناغی دوایی ئەوە جیاکردنەوەی پووش و توێکڵە وردەکانی گەنمەکە بوو. بەم کارەیان دەوت (بێژانەوە). میسرییەکان بە بێژنە دارینەکان، گەنمەکانیان دەبێژایەوە تا توێکڵە سووکەکان جیاببنەوە.

## ئاودانی زەوی

هەموو ساڵێك لافاوەکان چینێك لیتەیی تەنکیان لەسەر زەوییەکانی کەنار رووبارەکە کۆدەکردەوە، وردە وردە لە زەوییەکانی دەوروبەری رووبارەکە بەرزتر دەبوونەوە. رووباری نیل ٦ مانگی ساڵ ئاوی زۆربوو، بەڵام مانگەکانی تر کەم ئاو بوو. جووتیارەکان سەرنجیان دابوو کە هەندێ ئاو لە چاڵی زەوییە نزمەکاندا کۆدەبێتەوە بە هۆی ئەوەوە زەوی لەم ناوچانەدا سەوز و بە پیت دەبوو لە کاتێکدا کە زەوییە بەرزەکان بە خێرایی وشك دەبوونەوە و بە گەرمای هەتاو درزیان دەبرد.

میسرییەکان چاڵەکانیان گەورەتر کرد و حەوزەکانیان دروستکرد کە بۆ ماوەیەکی دوورودرێژ لە دوای بەسەرچوونی وەرزی لافاو ئاویان لە ناویاندا دەپاراست. پاش ئەوەی زەوییەکان وشك دەبوونەوە، ئاوی حەوزەکانیان بە جۆگەلەدا بۆ زەوییەکانی خۆیان رادەکێشا. تا ئەو کاتەی ئاویان لە بەردەستدا بوو، تەنانەت لە وەرزی بێ ئاویشدا زەوییەکانیان بە سەوزی پڕ بەروبوومی جووتیارەکان بەدوای رێگەیەکدا دەگەڕان تاوەکو ئاو بە شوێنە بەرزەکانی تری زەوییە کشتوکاڵییەکان بگەیەنن. بۆ ئەم مەبەستە نوێڵی ئاوکێشیان داهێنا. ئەم کەرەستەیە تیرێکی بچووکی بەرزی هەبوو کە سەتڵێکی چەرمینی بە پەتێکەوە پێوە هەڵدەواسرا، کۆتاییەکەی تری ئەوەیان بە تۆپەڵە قوڕێکی



رەق، توند دەکرد جووتیارەکان ئەو سەتڵەیان لە ئاوی رووبارەکەدا نوقم دەکرد و پاشان دەرژایە جۆگەلەکانەوە کە یەك یان دوو مەتر لە ئاستی رووی رووبارەکە بەرزتر بوون.

کشتوکاڵی شوێنە بەرزەکان بە کۆمەڵێك کەنداو و جۆگەلە ئاو دەدران. ئاویان بە نوێڵی ئاوکێش لە بەرزاییەکانی خوارەوەی دەبرد بۆ بەرزاییەکانی سەرەوە تا لە کۆتاییدا دەگەیشتە بەرزترین زەوی. ئەم شێوازی ئاو گەیاندنە بە زەوییە وشکەکان و ئاودانیان یەکێك بوو لە سادەترین شێوازەکان.

هەموو ساڵێك کاتێك ئاوی نیل بەسەرکەنارەکاندا بەرزدەبۆوە، سنووری نێوان کشتوکاڵەکانی دەشۆرییەوە و دەیبرد. لە بەر ئەوە پێویست بوو شێوازێك بۆ پێوانی زەوییەکانی بدۆزنەوە تاوەکو هەموو کەسێك بزانێت چەندە لەو زەوییانە هی خۆیەتی. شێوەی پێوانی زەوییەکان بە هۆی سوود وەرگرتن لە هێڵی راست و گۆشەکانەوە بوو کە پێیان دەڵێن (رووپێویی) میسرییەکان یەکەمین کەس بوون کە زەوییەکانیان رووپێویی دەکرد.

## پیشەسازییەکان

میسرییەکان بە هۆی ئەم بەروبوومە زۆرەوە، پێویستییان بە کوپەڵە و گۆزە هەبوو تا گەنم و دانەوێڵەکانی تری تێدا هەڵبگرن، ئەو گڵە رۆسە زۆرەی میسر، بۆ گۆزەگەری گونجاو بوو. گۆزەگەر، بە قاچەکانی قوڕە رۆسەکەی دەشێلا و لە دواییدا پارچەیەکیان لەسەر پەڕەیەکی سوڕاوەی بەکرەییدا دادەنا و لەگەڵ خولانەوەی قوڕی سەربەکرەکە، گوزەگەر شارەزایانە بەدەستی شێوەی لە قوڕەکان دروست دەکرد.

بەم شێوەیە کەشفیان کرد، کە دەتوانرێت لەگڵی رۆس خشتی بەهێز دروست بکرێت، قوڕی رۆسیان لەگەڵ وردە چەو و برێك لە پوش و کادا تێکەڵ دەکرد و پاشان خشتەکانیان لەبەر هەتاو دادەنا تاوەکو رەق و وشك ببێتەوە.

لەوانەیە شووشەچێتی بۆ یەکەمجار لە میسرەوە داهاتبێت، شووشە لە تێکەلاو کردنی وردە چەو و لمی تواوە لەگەڵ ماددەکانی تردا دروست دەکرا شووشەی تواوە وەك شەربەتێکی رەش دەهاتە بەرچاو. شووشەچی میسر برێك هەوێری شووشەیی نەرمیان لەسەر لوولەکی بەرز دادەنا و لە کۆتاییەکەی تری لوولەکەوە فوویان لێ دەکرد، شووشە گەرمەکە فراوان دەبوو، بە شێوەی گۆیەکی ناوبۆش دەردەچوو، شووشەچی لە کاتێکدا کە شووشەکە هێشتا نەرم بوو، شێوەی جوانی پێ دەبەخشی.

ئەو کەسانەی کە رووەکی کەتانیان دەڕواند، تێگەیشتن کە بەشی ناوەوەی قەدی کەتان دەتوانرێت بۆ تاڵی تەنك و باریك دابەش بکرێت و پەتی لێ دروست بکرێت، چەند رۆژێك قەدەکانیان لە ئاودا دەخووساند و لەبەرهەتاو وشکیان دەکردەوە. لە چەپکێك قەدی کەتاندا، سەدان تاڵی تەنك و باریکیان بە درێژی چوار تا پێنج سانتیمەتر دەست دەکەوت. تاڵەکانیان بەیەکەوە لوول دەکرد و پەتیان بەرهەم دەهێنا. چنەرەکان لەم پەتانە پارچەکەتانی باشیان دروست دەکرد کە کەمێك لە نەرمی ئاوریشم دەچوو. پارچەکانی کەتان زیاتر لە چوار هەزار ساڵ درێژەیی هەبووە.

میسری کۆن پیشەگەری شارەزایی تریشی هەبوو، زێڕەنگەرەکان ملوانکە و ئەنگوستیلە و بازنگیان دروست دەکرد بە گەوهەرە رازاوەکانی بە مینا درەوشاوەکان جوانکارییان تێدا دەکرد، دارتاشەکان پێویستییەکانی ماڵیان بە سەدەف، مرواری، عاج، زێر و زیو دەڕازاندەوە. چەرم سازەکان کەمەربەند و پاپووچ و کانزاچییەکان نەیزە و قەڵغانیان دروست دەکرد.

## دروستکەرانی بەلەم

رووباری نیل رێگەیەکی ئاوی زۆرباش بوو لە وڵاتدا، میسرییەکان زۆر زوو فێربوون کە لە قامیشە رواوەکانی قەراغ رووباری نیل بەلەم دروست بکەن. کۆتایی بەلەمەکانیان لە گوڵی کاکتۆس دەچوو خەڵکی گوندەکان لەسەروو خوارووی رووباردا سەوڵیان لێ دەدا، بەروبوومەکانی خۆیان هەڵدەگرت و لەگەڵ خەڵکی گوندەکانی تردا خەریکی دانوستاندن بوون. لەو سەردەمەدا بازرگانی بریتی بوو لە گۆڕینەوەی کەلوپەلەکان چونکە هێشتا لە میسردا پول نەبوو بوو بەڕەسمی پاشان بەلەمی گەورەتریان دروست کرد. بازرگانی لەگەڵ ناوچە دوور دەستەکانیش داکرایەوە. بازرگان، ئەو شتومەکە جوان و بە کەڵکانەیان نمایش دەکرد کە کرێکارەکان دروستیان کردبوو.

کەشتییە گەورەکان بە چارۆکەی شێوە چوارگۆشەی گەورە ئامادەکرابوون کە کاتێك با لە دواوەی کەشتییەکەوە هەڵی دەکرد، سوودی لێ وەردەگیرا کاتەکانی تر کەشتییەکان بە سەوڵ دەڕۆیشتن. زۆرجار سەوڵ لێدەرەکان بەندەبوون و لە جێگای خۆیاندا بە زنجیرە دەبەسترانەوە. هەر ئەوەندە بەس بوو بۆ بەندەکان کە سەوڵ بە خێرایی لێ نەدەن تا گێڤەیی قامچی خاوەنەکانیان بەرزبێتەوە. کەشتییەکان سووکانیان پێوە نەبوو، کەشتیوان لە بەشی دواوەی کەشتییەکە بە سەوڵێك کە بە قەراغ کەشتییەکەوە جێگیر کرابوو، ئاڕاستەیی کەشتییەکەی دەگۆڕی.



## نووسینی وێنەیی

میسرییەکان بۆ ماوەیەکی دوور و درێژ نەیاندەزانی چۆن بنووسن و بۆ دەربڕینی مەبەستی خۆیان سوودیان لە خەتی وێنەیی وەردەگرت، کاتێك دەیانویست بنووسن ئاو، خەتی پێچاوپێچیان دەکێشا یان لە جیاتی نووسینی بەلەم شێوەی بەلەمیان دەکێشا. بۆ نووسینی خۆر بازنەیان دەکێشا و مانگیان بە کەوانەیەك دیاری دەکرد. بەڵام ئەم شێوەیە نارێکوپێك بوو.

ئەوانە وردە وردە فێربوون کە بەکێشانی هێمای بچووکتر مەبەستی خۆیان دەربڕن. بۆنموونە لە جیاتی کێشانی باڵندە. دوو خەتی بچووکیان دەکێشا کە لە شێوەی باڵەکانی باڵندەیەکدا بوو لە کاتی فڕیندا. لە جیاتی کێشانی مرۆڤ دووخەتیان دەکێشا کە کەسێکی لە کاتی بەرێ رۆیشتندا پیشان دەدا.

لەچاخە دێرینەکاندا، کێشانی وێنە بۆ دەربڕینی مەبەستی میسرییەکان بەس بوو، بە تێپەڕبوونی کات، ئیتر دەربڕینی هەندێك لە شتەکان بە وێنە گران بوو. لەبەر ئەمە هێمایان دانا بۆ شتەکان چونکە لە کاتی نووسینی داستانێکدا سەدان، هێما بەکاردەهات، هەنگاوی دوای ئەوە دۆزینەوەی هێمایەك بوو کە بەشەکانی زمانی لە جیاتی شێوەی گشتی شتەکان پیشان دەدا و هێماکانیش دەنگە سادەکانی دیاری کرد.

رووەکێکی وەك قامیش بە ناوی (پاپیرۆس)وە بە درێژایی زەلکاوە نزمەکانی کەناری رووباری نیل دا گەشەی دەکرد. میسرییەکان بۆ دروستکردنی جۆرە کاغەزێك سوودیان لەم جۆرە گیایە وەردەگرت. سەرەتا قەدی قامیشەکەیان بە شێوەی تاڵی درێژ دەبڕییەوە. پاشان تاڵەکانیان بە درێژی لە تەنیشت یەکترەوە هەڵدەچنی تاوەکو سەرەکانیان بکەوێتە سەر یەکتری. پاشان تاڵەکانیان تەڕ دەکرد و بەتەنە قورسەکان رووی ئەوانەیان دەپەستەوە. لە دوایی ئەوە لەبەر هەتاو دایان دەنا تا وشك بێتەوە. بەم شێوە پەڕەیەکی وەك پەڕەی کاغەز بەرهەم دەهات. میسرییەکان بۆ نووسین لەسەر کاغەز، سوودیان لە جۆرە مرەکەبێك وەردەگرت کە لە ئاو و شیلەی سەوزەکان بە تێکەڵ کردنی لەگەڵ هەندێ خەڵووزدا دەست دەکەوت. لە جیاتی پێنووس سوودیان لە قامیشی نووك تیژکراو وەردەگرت.

هەندێك لە کۆنترین کتێبەکانی جیهان میسرییەکان بەرهەمیان هێناوە بەڵام کتێبەکانی ئەوان لە پەڕە دروست نەدەکرا. پەڕە باپیرۆسەکانیان بە شێوەی تۆمارێکی گەورە بەیەکەوە

دەنووساند. زۆرجار درێژی تۆمارەکە دەگەیشتە سێ مەتر. بێگومان خوێندنەوەی ئەم تۆمارە بەرزانە گران بوو. لە ئەنجامدا میسرییەکان ئەوانەیان لەسەر داردەستێك لوول دەکرد. خوێنەر تۆمارەکەی دەکردەوە و لە دوای خوێندەوە، ئەوەی لەسەرداردەستێکی تر هەڵ دەکرد.

## نووسەرەکان

لە میسردا خەڵکێکی کەم دەیانتوانی بنووسن. ئیشی (نووسەرەکان) ئەوە بوو کە شت بۆ خەڵکی تریش بنووسن. ئەوانە زۆر بە بایەخ بوون و لەناو خەڵکدا ڕێزێکی زۆریان لێ دەگیرا. ئامۆژگاری منداڵەکانیان دەکرد کە (هەوڵ بدە و ببە بە نووسەر، چونکە لە دواییدا دەبێتە رابەری خەڵکی. کەسێك کە تێکۆشەرە و لە کارەکانی کەمتەرخەمی ناکات، لەوانەیە ببێتە شازادە).

بژێویی ژیانی نووسەرەکان زۆر لە ژیانی خەڵکی تر باشتر بوو، لە حەکایەتێکی کۆندا گێردراوەتەوە باوکێك کە دەیویست کوڕەکەی ببێت بە نووسەر، ئەمەی پێ دەڵێت:

ببە بە نووسەر کە ئەو لە رەنجی کار ئازادە و لە شەڕی دوژمنان پارێزراوە. مسگەر دەبێت لەبەردەم کورە سوورەوەکراوەکەی خۆیدا ئیش بکات، کارێك کە پەنجەکانی وەك قاچی مارمێلکە خواروخێچ دەبێت. وەستایی بەنا بلۆکە بەردینەکان بۆ سەرەوە و خوارەوە دەبات و شەو بە بازووە قورسەکانی و ئەندامەکانی تری کە دەڵێی لە کاتی لێ بوونەوەدایە، پشوو دەدات، ساقی لە پێوەدانی مێشوولە و مێرووەکانی تر خەریکە رۆحی دەردەچێت. جووتیار لە زەوییە کشتوکاڵییەکاندا لە ناو گاوبەرازدا ئیش دەکات و جلوبەرگەکانی لە ناو قوڕ و چڵپاودا وەك دار رەق دەبێت، سەرۆکی قافڵە، بە بیابان و دەشت و دەرەکان دا بەرێ دەکەوێت کە لە ترسی شێر و پڵنگەکان ئارامی نییە و لە کاتی گەڕانەوەشیدا بۆ میسر لە هیلاکی و ماندوویەتی و لە قاچ دەکەوێت. خاوەنی نانەوا بۆ دانانی نان لە ئاگردا سەردەکات بە ناو تەنووردا لە کاتێکدا کوڕەکەی بە توندی قاچی دەگرێت زۆرجار روودەدات کە لە دەستی کوڕەکەی بەردەبێت و دەکەوێتە ناو گڕەکانی ئاگرەکەوە بەڵام نووسەر چاودێری هەموو کارەکانی سەر زەوی دەکات.



## پێوانی کات

میسرییەکان، بەسەیرکردنی شوێنی خۆر لە ئاسماندا هەستیان بە زانینی کات دەکرد. بەڵام ئەم شێوازە بۆ پێوانی کات زۆر وردنەبوو، وردە وردە شێوازی باشتر فێربوون بەم شێوە کاتیان لە هەڵهاتنی خۆرەوە تاوەکو هەڵهاتنی دواتر دابەشکرد بەسەر بیست و چوار بەشدا.

لەوانەیە یەکێك درکی بەوەکردبێت کە دار سێبەر دروست دەکات و ئەم سێبەرە لەناوەڕاستی رۆژدا کورتترە خۆر کە لە ئاسماندا بەرزتر دەبۆوە، سێبەری دارەکە وردە وردە کورتتر دەبۆوە تا لە نیوەرۆدا دەگەیشتە ئەوپەری کورتی. پاشان سێبەرەکە وردە وردە درێژ تر دەبۆوە. میسرییەکان کاتیان بە پێوانی سێبەری داروبەردەکان دەپێوا.

خۆر کە لە ئاسمانی بێ هەوری میسردا شکۆمەندانە دەدرەوشایەوە، گەورەترین خوای میسر بوو. ئەوان بە خۆریان دەوت (را) سەرچاوەی هەموو ژیان، گەرمی و رووناکی هی ئەوبوو بەزێنەری دەسەڵاتە تاریکەکان، بەیانیان لە رۆژهەڵاتەوە هەڵدەهات و لە بەلەمێکدا کە (ملیۆنان ساڵ) ناوی هەبوو. سەفەری رۆژانەی خۆی دەست پێ دەکرد. لە ڕێگەی سەفەرەکەی خۆی سەیری ژێرەوە و خەڵکەکەی دەکرد و چاودێری رەفتارە باش و خراپەکانیانی دەکرد. شەو کاتێك بە ناو شاخەکانی رۆژئاوادا تێدەپەرێ و بەرەبەیان دووبارە دەردەکەوتەوە و جارێکی تر سەفەرەکەی بە ئاسماندا دەست پێ دەکردەوە.

میسرییەکان سوپاسگوزاری رووباری نیلیش بوون کە بەم شێوەیە پڕ سۆز و میهرەبان بوو. نەیاندەزانی بۆچی ئاوی رووباری نیل بەرز دەبێتەوە، تەنیا شایەتی ئەوەبوون کە خاکەکەیان بە پیت و بەروبوومیان پڕ بەرهەم دەکات و بە کەمبوونەوەی ئاو، وشکەساڵی دێت کە رەنج و زەحمەتێکی زۆری بۆ خەڵکی دروست دەکرد. لەو باوەڕەدا بوون کە بەرزبوونەوەی ئاو بە فەرمانی خوای نیلە. بڕوایان وابوو کە بە پاڕانەوە لە قاپی خوای نیل، دەتوانرێت ئەو رازی بکرێت کە ئاو بە کشتوکاڵەکانیان ببەخشێت و بەروبوومیان زیاد بکات.

هەموو ساڵێك کاتێك ئاو بەرزدەبۆوە، جەژنێکی گەورەیان بۆ خوای نیل دەگێرا. خەڵکێکی زۆر لە سەرتاسەری ناوچەکانی میسرەوە کۆدەبوونەوە تاوەکو خوای نیل بپەرستن و سوپاسگوزاری خۆیان بۆ ئەو پیشان بدەن. خەڵکی لەگەڵ کاهینەکاندا، بە کۆمەڵ بۆ کەناری رووباری نیل دەڕۆیشتن و سروودیان بۆ ستایش و سوپاسگوزاری نیل دەوت:

سوپاس بۆ تۆ ئەی نیل کە لە زەوییەوە دێیتە دەرەوە،

و خۆراك بە خەڵكی میسر دەگەیەنی،

تۆ ئاو دەگەیەنیتە ئەو كێڵگانەی كە (را) دروستی كردووە تا خۆراك بە ئاژەڵەكان بدەیت،

تۆ بیابانە دوورەكان لە ئاوەوە، تێر ئاو دەكەی،

تۆ كارگەكان ئاوەدان دەكەیتەوە.

ئەی خاوەن ماسییەكان كە باڵندە دەنێری بۆ سەر ئاوەكە،

كە گەنم و جۆ دروست دەكەی،

ئەگەر ئاوی نیل كەم دەبێتەوە، هەموان خەمبار، سەردادەنەوێنن،

وە ئەگەر ئاوی نیل بەرزدەبێتەوە، زەوی تێر ئاو دەبێت و هەموان خۆشحاڵ، تۆ بەدی هێنەری خواردن و خۆراك، ئەی دروستكەری چاكەكان، ئەی دروستكەی عەلەف بۆ ئاژەڵەكان،

تەویلەكان پڕ بكە، دانەوێڵەی گەنجینەكان زیاد بكە،

پێشكەشی خەڵكی هەژاری بكە.

پاشان میسرییەكان، كاتژمێری هەتاوییان دروستكرد. ئەم كاتژمێرە لە دارێكی ستوونی و بەرز و دارێكی ئاسۆیی كە بەسەر ستوونییەكەوە بەسترابۆوە دروست دەكرا. بەیانیان زوو، دارە ئاسۆییەكەیان بەلای رۆژهەڵاتدا رێك دەخست هەتا سێبەرەكەی تەواوی دارەبەرزەكە داپۆشێت. بەبەرزبوونەوەی خۆر، سێبەرەكە كورتتر دەبۆوە. بۆ پیشاندانی كاتژمێر دارەدرێژەكەیان پلەپلە كردبوو، شوێنی سێبەری خۆر لەسەر پلەكان، كاتژمێرەكانی پێش نیوەڕۆیان پیشان دەدا. لە كاتی نیوەڕۆدا سێبەر نەدەما، دارە ئاسۆییەكان بەلای رۆژئاوادا رێك دەخست و درێژی سێبەری دارەكە، كاتژمێرەكانی پاش نیوەڕۆی دیاری كرد.

## دروستكەرانی رۆژژمێر

میسرییەكان حەزیان دەكرد لە شەوە سایەقەكاندا ئەستێرەكان ببینن ئاقڵەكانیان تێگەیشت بوون كە هەندێك لە ئەستێرەكان هەموو شەوێك چەند خولەكێك زووتر لە شەوی پێشوو لە ئاسماندا دەردەكەون. ئەوانە زۆرشت لە جووڵەی ئەستێرەكانی ئاسمانەوە فێربوون. بە رێكەوت تێگەیشتن كە دەركەوتنی ئەستێرەیەكی تایبەت هاوكاتە لەگەڵ بەرزبوونەوەی ئاوی رووباری نیلدا. بەم شێوەیە بۆ سەفەرەكانیان لەشەودا سوودیان لە ئەستێرەكان وەردەگرت. ئەو شوانانەی كە شەوان ئاژەڵەكانیان دەلەوەڕاند، فرسەتێكی باشیان هەبوو بۆ سەیركردنی مانگ،



تێگەیشتن كە مانگ لە چەند شەوێكدا وەك داسێكی زیویی لە ئاسماندا دەدرەوشێتەوە. شەوەكانی دوایی وردە وردە گەورەتر دەبوو تا بە شێوەی گۆیەكی تەواو دەردەكەوت. پاشان وردە وردە. بچووك دەبۆوە تاوەكو بە تەواوی دیار نەدەما. لە دوایی تێپەڕبوونی ماوەیەك، سەر لە نوێ مانگ لە ئاسماندا دەردەكەوتەوە و وردە وردە دەگۆڕا بۆ گۆیەكی تەواو. ئەم سەیركەرە دێرینانەی ئاسمان، كەشفیان كرد كە مانگ لە هەر بیست و نۆ یان سی رۆژێك دا، یەكجار دەبێتە گۆیەكی تەواو، تێگەیشتن كە لە نێوان بەرزبوونەوەی ساڵانەی ئاوی رووباری نیلدا، دوانزە مانگ هەیە. میسرییەكان كاتی نێوان دوو گۆیی تەواویان، ناونا مانگ.

دانیشتوانی قەراغ رووباری نیل ماوەیەكی دوور و درێژ مانگیان خستبووە ژێر چاودێرییەوە، رۆژژمێرێكیان دروستكرد تاوەكو كاتەكان بپێون. بەم ئەنجامە گەیشتن كە ئەگەر هەر مانگێك سی رۆژی تەواو بێت، لەبەر ئەوەی دوانزە مانگە، دەبووە سێ سەد و شەست رۆژ. پێنج رۆژی كۆتایی هەموو ساڵێكیان دەكردە پشوو، جەژنیان دەگێڕا. بەم شێوەیە ساڵێك سێ سەد و شەست و پێنج رۆژ بوو، ساڵی ئەوان لە سێ وەرز دروست دەبوو كە ناویان وەرزی لافاو، وەرزی پێشڕەوی، وەرزی هەڵگرتن بوو. درێژی هەموو وەرزێك چوار مانگ بوو.

## خواكانی میسر

میسرییەكان هەموو دەركەوتەكانی جیهانیان بەكاری خودا دەزانی. بەڵام چونكە نەیان دەتوانی یەك خوای باڵا دەست بۆ هەموو جیهان پەسەند بكەن، باوەڕیان بە چەند خوایەك هەبوو.

((ئەسیریس)) خوایەك بوو كە لە هەموویان زیاتر دەیانپەرست. میسرییەكان لەو باوەڕەدا بوون كە ئەو بەشێوەی مرۆڤ لە ئاسمانەوە هاتۆتە خوارەوە تاوەكو مرۆڤەكان فێر بكات بە خۆشەویستییەكی برایانە لەگەڵ یەكتریدا بژین.

خوایەكی تر كە شایەنی رێز بوو، ناوی (توت) بوو. ئەو ئەقڵ و هۆشی بە مرۆڤەكان دەدا و لەبەر ئەمە بەخوای ئەقڵ و زانیاری دەژمێردرا. لە مەزهەبی میسرییەكاندا ژمارەیەك خوای تریش هەبوو.

میسرییەكان زۆربەی ئاژەڵەكانیان بە پیرۆز دەزانی، چونكە بڕوایان وابوو كە خواكان لە كاتی دیداریان بۆ سەر زەوی و بینی كارەكانی مرۆڤ بە شێوەی گیانەوەران دەردەكەون. ئەو وێنانەی كە میسرییەكان بۆ خواكانیان كێشاون، بە لەشی مرۆڤ و سەری ئاژەڵەوە پیشانیان داون.

میسرییەکان لەو باوەڕەدابوون کە رۆحی مرۆڤ لە دوای ژیانێکی کورتی سەر زەوی، عەودالّی ژیانی هەمیشەیی دەبێت، بیریان لەوە دەکردەوە کە رۆح زۆرجار خوازیارە دووبارە بگەڕێتەوە بۆ لەشی مردووەکە. سەرەڕای ئەمە کاتێك کەسێك دەمرد بەکەرەستەکان جەستەی مردووەکەیان دەپاراست و پاشان دەیانپێچایەوە بەتاڵە کەتانە تێکەڵ کراوەکان بە مۆم و دەرمان. ئەو جەستەیەی کە بەم شێوەیەی لێ دەکرا پێیان دەوت (مۆمیا). جەستە مۆمیاکراوەکەیان دەخستە تابووتێکەوە کە بە ئەندازەی جەستەکە دروستیان دەکرد و ئەوەیان بە رەنگە جوانەکان دەنەخشاند و دەیان رازاندەوە. لە دوای ئەوە تابوتەکە لەگەڵ خۆراك و پێویستییەکانی ماڵ و زۆربەی ئەو شتانەی کە لەوانە بوو لە ژیانی دوای مردندا سوودی لێ وەربگیرێت دەیان خستە گۆڕەکەوە. پیاوماقوڵە دەوڵەمەندەکان کە بەندەی زۆریان هەبوو سەدان پەیکەریان، لە گۆڕەکانی خۆیاندا دەپاراست تاوەکو لە دونیاکەی تردا کارەکانیان بۆجێبەجێ بکەن. لەحەکایەتە کۆنەکانی ئەو سەردەمەوە گێردراوەتەوە کە خاوەنەکانیان لە دونیادا بەم جۆرە فەرمان بەسەر پەیکەرەکانیاندا دەدەن: «ئەی پەیکەرەکان، چاودێری کاربن، زەوی بکێڵن، تۆەکان بەسەر زەویدا بپرژێنن، ڕووبارەکان پڕبکەن لە ئاو، وردە چەو و لم لە رۆژهەڵاتەوە بۆ رۆژئاوا بهێنن» هەرکاتێك پیاوماقوڵێك لەو دونیا کە دەیویست کارێك ئەنجام بدات، دەیتوانی یەکێك لەم پەیکەرە بچووکانە بانگ بکات، پەیکەرەکە لە وەڵامدا بە خاوەنەکەی دەوت: «گەورەم ئامادەم بۆ خزمەت، هەر ئەوەندە بەسە کە بانگم بکەی » بەم شێوە پەیکەرانەیان دەوت «وەڵامدەرەوە ».

## لە تەلاری حەقیقەتدا

بە بۆچوونی میسرییەکان رۆح لە دوای مردن لە سەفەرێکی مەترسیداردا رێگەی بەهەشت دەگرێت، مردوو دەبێت بەبیابانە چۆڵەکاندا تێپەڕێت، بەسەر شاخە بەرزەکاندا سەرکەوێت و بە رووبارەکاندا تێپەڕێت کە پڕبوو لەمار و ئەژدیها و دێو، لەم سەفەرەدا کتێبێکی لەگەڵ خۆی پێبوو بە ناوی «کتێبی مردووەکان» کە بەوە دەیتوانی لە مەترسییەکان هەڵبێت یان بەسەریان زاڵ بێت. ئەم کتێبە هەموو سروودەکانی سوپاس و ستایش، گفتوگۆ لەگەڵ خودادا واتای سیحراوی تێدا بوو کە لە کاتی سەفەرکردن بۆ دونیای رۆحیانەتەکان ئەوەیان بە دەنگی بەرز دەخوێندەوە. رۆح پێش ئەوەی رێگەی پێبدرێت بچێتە بەهەشتەوە، دەبێت بچێتە تەلاری حەقیقەتەوە. لەبەشی دواوەیدا هۆڵێکی گەورەی پڕشکۆ هەیە، لەسەر تەختەیەکی زێڕینی



درەشاوە، بە دووری نۆ پێ، قازی ترسناك، ئەسیریس دانیشتبوو. چل و دوو خوا لەسەر تەختەکانی لە زێڕوعاج، لە تەنیشت و گۆشەکانی تەلارەکەدا دانیشتبوون، و هەریەکەیان بۆ گوناهێکی دیاریکراو سزای رۆحەکەیان دەدا. لەو نزیکانەدا تەرازوویەك هەبووە، و لە پشتییەوە، چاڵێکی قووڵی رەشی دەم کراوە و دواتر هەیکەلێك دەرکەوت کە سەری مارمێلکە و لەشی کەرکەدەن و قاچەکانی دواوەی پڵنگ بوو.

چل و دوو پرسیاریان لە رۆح دەکرد:

یەکەم دەیپرسی: ئایا تووشی گوناهی دزی بووی؟

دووەم دەیپرسی: ئایا زمانت شتی ناشیرینی بە دراوسێیەکەت وتووە؟

سێیەم دەیپرسی: ئایا چارەسەری براکانت کردووە؟

چوارەم دەیپرسی: ئایا رێز لە خواکان دەگری؟

پێنجەم دەیپرسی: ئایا دراوسێیەکەت وەك خۆت خۆش دەوێت؟

و بەم شێوەیە تاقیکردنەوەکان بەردەوام دەبوو، رۆح ئاقلانە وەڵامی پرسیاری خواکانی بەم شێوەیە دەدایەوە.

«خوا راستەقینەکان، من هیچ کارێکی ناشرینم بەرامبەر بە مرۆڤەکان نەکردووە.

«من ستەمم لە هەژارەکان نەکردووە».

« من کەسم فێری خراپە نەکردوە».

«من ساختەچی و فێڵباز نەبووم».

«من دوژمنایەتی و بەربەرەکانیم نەکردووە».

«من کەم فرۆشیم نەکردووە»..

«من دزیم نەکردووە».

«من درۆم نەکردووە».

«من بە برسییەکان نان، بە تینووەکان ئاو، بەڕەش و رووتەکان جلوبەرگم داوە. هەموو ئیش و کارەکانم چاك و راستگۆیانە بووە، خوایەکان، من وەفادارانە خزمەتی رۆحە پیرۆزە راستەقینەکانم کردووە».

ئایا رۆح راست دەکات؟ هوروس، کوڕە سەردالێکی ئەسیریس، دەهاتە پێشەوە و رۆحی دەبردە تەنیشت تەرازووێکی دادوەرییەوە، دڵی پیاو لە قاپێکی تەرازووەکەدا و پاداشتیش کە هێمایی حەقیقەت بوو، لە قاپەکەی تردا دادەنا. ئەگەر قاپەکانی تەرازوو هاوسەنگ نەبوون،

مانای وابوو که رۆح درۆی کردووه و له ئەنجامدا سزای ترسناکی بەسەردا دەسەپاند. ئەگەر قاپی تەرازووەکان هاوسەنگ بوون و دڵ له حەقیقەت قورستر نەبوو، رۆح مۆڵەتی وەردەگرت تا بچێتە بەهەشتەوە، که له ئەوێدا خۆشی و چێژی هەتاهەتایی بالاّ دەستبوو. شوێنێك بوو که مرۆڤ چاوی بەنیاکانیش دەکەوت و لەوێدا وەك زەوی بەلاّم بەشان و شەوکەتێکی زیاترەوە دەژیا.

ئاشکرایە که میسرییەکان لەو باوەڕەدابوون که کەسێتی و کاری مرۆڤەکان لەو دونیادا زۆر گرنگە و بەرامبەر بە ژیانی لەم دونیادا، پاداشت وەردەگرێت یان سزا دەدرێت.

## شاژنێکی گەورە

یەکێك لە گەورەترین فەرمانڕەواکانی میسر، ژنێك بوو بە ناوی شاژن (هات شیب سوت) باوکی وەسیەتی کردبوو کە لە دوای مردنی کچەکەی ببێتە فەرمانڕەوا. خەڵکی میسر هەرگیز فەرمانڕەوایی ژنیان نەبوو و دەترسان کە (هات شیب سوت) ئەوەندە بێهێز بێت کە نەتوانێت توانا و دەسەلاّتی ولاّتەکەیان بپارێزێت. بەلاّم فیرعەون فەرمانی دابوو کە رێوڕەسمی تاج لەسەر نانەکەی ببینێت.

لە رۆژێکی دیاریکراودا فیرعەون بەم شێوەیە قسەی لەگەڵ خەڵکدا کرد: هات شیب سوت دەبێتە شاژن حکوومەتی ئەو حکوومەتی ئارامی و بەختەوەری و کامەرانی دەبێت.

رۆژێك شاژن دەنگی خوایەکەی بیست کە فەرمانی پێدا کە سوپایەك بنێرێت بۆ ولاّتێکی دوورە دەست بەناوی (پۆنت)ەوە لە ئەنجامدا شاژن پێنج کەشتی گەورە بە کەلوپەلی میسرییەوە رەوانە کرد، کەشتی گەورەکان لە رووباری نیلدا لە رێگەی کەنداوێکەوە کە یەکێك لە قەراغەکانی رووباری نیلی دەگەیاندە دەریای سوور، کەوتنە رێ. کەشتییەکان لە کەنارەکانی ئەفریقیای دەریای سووردا درێژەیان بە جووڵەی خۆیان دا تاوەکو لە کۆتایی گەیشتنە ناوچەی پونت.

خەڵکی پونت بە چوونە ناوەوەی بێگانەکان زۆر حەپەسابوون. کۆمەڵێکی زۆر لە سەرکردەکانیان هاتن بۆ کەنارەکە تاوەکو بەخێرهاتنیان بکەن، پرسیاریان کرد: ((بۆچی هاتوونەتە ئەم ناوچەیە کە خەڵکەکەشی ناناسن؟ لە ئاسمانەوە هاتوون یان لە دەریاکانەوە، ئاوی سەر زەوی خواکان))؟

خەڵکی پونت، بەروبوومە دەگمەنەکانی ناوچەکەی خۆیان گۆڕییەوە بە ((شتە باشەکانی ناوچەی میسر)) کە ئەوان لەگەڵ خۆیان هێنابوویان شتی بە نرخ و سەیریان هێنایە ناو کەشتییەکەوە. زێر، بەردی گرانبەها، داری ئەبانوس، عاج، بنێشت*، و



دەرمانە بۆن خۆشەکان، تەنانەت ئاژەڵە سەیرەکانی وەك مەیمون کە هەرگیز لەوەوپێش لە میسردا نەیانبینیبوو.

هەر پێنج کەشتییەکە بە بارە پڕ بایەخەکانیان گەڕانەوە بۆ نیشتمانەکەی خۆیان، کاتێك کە لە کەناری رووباری نیل دابەزین پێشوازییەکی گەورەیان لێ کردن، کەشتییوانەکان بارەگرانبەهاکانی خۆیان بەرەو ئاپوورەی خەڵکە شادمانەکە هەڵدەگرت. هەرگیز سەروەت و سامانی لەمە زیاتر لە میسردا نەبینرابوو. ئەم سەفەرە بازرگانییە بۆ «پونت» یەکێك بوو لە گرنگترین بەسەرهاتەکانی حکوومەتی شاژن «هات شیب سوت».

## دەوڵەمەندەکان و هەژارەکان

سەرتاسەری زەوییەکانی میسر هی فیرعەون بوو، ئەو بەشێکی لەوە دابوو بە پیاوە ماقوڵە گەورەکان. پیاوماقوڵەکان ژیانیان لە کۆشك و ئاپارتمانی گەورە بە بالکۆنە سێبەردارەکان بەسەر دەبرد ئاسایی ئەم کۆشکانە ژوورێکی گەورە کە پەنجەرە کورتەکانی رووەو باکووری تێدابوو، کە ئەربابی ماڵ لەگەڵ خێزانەکەیدا هاوینان لەوێدا دادەنیشتن و چێژیان لە شەماڵە فێنکەکەی باکوور وەردەگرت. ژووری بچووکیشیان بە چوار دەوری ئەم ژوورە گەورەیەدا دروستکردبوو.

ژوورەکانیان زۆر جوان رازاندبوّوە زۆرجار سەقفەکەیان وەك ئاسمان دەنەخشاند و ئەستێرە درەوشاوەکانیان لەسەر رووی سەقفەکە دەکێشا، زۆرجار سەر زەوییەکەیان بە رەنگی سەوز دەنەخشاند کە حەوزی ئاویان لە تەنیشت گژوگیای سەوز و ماسییەکان و باڵندە ئاوییەکان لە ناو قامیشەکاندا پیشان دەدا.

لەموڵکە گەورەکەی پیاوماقوڵاندا تەویلە و گەنجینە و شوێنی نیشتەجێبوونی خزمەتکارەکان هەبوو. چوار دەوری باخەکەیان بە دیواری بەرزگرتبوو، بەشەکانی خوارەوەی باخ لە ژێر تیشکی خۆردا درەوشانەوەیەکی تایبەتیان هەبوو. گوڵە سپییەکان و گوڵە لاولاوەشینەکان و گەلاّسەوز و خڕەکانیان لەسەر ئاوەڕوونەکە وەستابوو. دەوڵەمەندەکان جلوبەرگی کەتانی جوانی پڕ لە نەخش و نیگاریان دەپۆشی و بۆ خۆرازاندنەوە ملوانکە، گوارە، بازنگ، و پاوەنەیان بە خۆیانەوە دەکرد. ئەوانە عاشقی جەژن و سەرفرازی بوون و گوێیان لەساز دەگرت و سەیری سەمای سەماکەرەکانیان دەکرد. پیاوماقوڵ لەسەر کورسییەك دادەنیشت کە لەسەر شانی بەندەکان دانرابوو یان بە گالیسکەکانیان کە ئەسپە جوانەکانی ئەوان دەیان بزواند، دەرۆیشتن بۆ پیاسە.

خەڵکێکی کەم دەوڵەمەند بوون، زۆربەی هەژار و بەندەبوون خانووەکانی خەڵکی ئاسایی خانووچکەیی قوڕبوو کە تەنیا ژوورێکی هەبوو. پێویستییەکانی ماڵ کەم و لە سادەترین جۆرەکان بوو هەندێك بلۆك لە جیاتی کورسی و سیسەمێکی چنراو لە قامیش و تاڵەکانی دارخورما دەبینران.

ژیانی هەژارەکان زۆر سەخت بوو. ئەوانە کاریان بۆ فیرعەونەکان و پیاوماقوڵەکان دەکرد و لە هەڵهاتنی خۆرەوە سەر رووت و پێ رووت بە جلوبەرگە خورییەکانیانەوە دەچوونە سەرکار. لەگەڵ خۆیاندا دوو یان سێ نانی بچووکی لە خۆڵەمێشدا برژاو و کەمێك شیری بزن و یەك یان دوو سەلکە پیاز و هەندێك جار کەرتێك ماسییان دەبرد و هەمیشە لە ژێر چاوە تیژەکانی بەڕێوەبەرە قامچی بە دەستەکاندا کاریان دەکرد.

## دروستکەرانی هەرەمەکان

نزیکەی ٣٠٠٠ ساڵ پێش زایین، یەکێك لە فیرعەونە دێرینەکان کە لە مەمفیس دەژیا دەستی بە دروستکردنی گۆڕەکان کرد کە ناویان «هەرەمەکان»ە، ئەم هەرەمانەیان لە نزیك رووباری نیلەوە دروست کردووە. گەورەترین هەرەم بە فەرمانی «خۆفۆ» یان «خئوپس» دروستکراوە. ئەم گۆڕە گەورانە لە بەردە یەکپارچەکان دروستکراوە کە کێشی هەر یەکێکیان لەوانەیە بگاتە چەند تەنێك. نووسەرێکی کۆن لەم بارەیەوە نووسیویەتی کە سەدان هەزار کرێکار کە زۆربەیان بەندەبوون. بیست ساڵی تەواو کاریان کرد تاوەکو ئەوەیان دروستکرد.

هیچ کەس بە وردی نازانێت کە چۆن کارکراوە لە دروستکردنی هەرەمەکاندا چۆن ئەم بلۆکە بەردینە گەورانەیان لە تاشە بەردە سەختەکان جیاکردۆتەوە، چۆن بۆ شوێنی دروستکردنی هەرەمەکانیان گواستۆتەوە و یان چۆن بەردەکانیان بۆ سەرەوە بردووە.

زۆربەی بەردەکانیان لە شوێنێکەوە هێناوە کە نزیکەی هەزار کیلۆمەتر لە شوێنی هەرەمەکانەوە دوورە لەو باوەڕەدان کە بۆ شکاندنی بلۆکە بەردینەکان لە تاشە بەردە سەختەکان، درزیان کردبێتە تاشە بەردە سەختەکان پاشان بە درێژایی درزەکە کونیان لە نزیك یەکترەوە تێ کردبێت، تەختەی ئەستووریان دەچەپاندە ئەم کونانەوە و پاشان درزەکانیان پڕ دەکرد لە ئاو بۆ ئەوەی تەختەکان بئاوسێن. ئەم کارە دەبووە هۆی ئەوەی کە تاشە بەردەکان بە درێژایی درزەکە شەق بەرێت. ئاسایی ئەم بلۆکە بەردینانەیان بە هۆی تایەی بەردینی خولاوەوە هەڵدەگرت بۆ کەناری رووباری نیل و پاشان دەیانکردنە سەر تەختە پانە گەورەکان



کە بە هۆی پێستە هەڵئاوساوەکانی گیانەوەرانەوە بەسەر ئاوەکەوە دەمانەوە. بە درێژایی رووبارەکە دەیانهێنایە جووڵە لە دوای گەیشتنیان بە کەنارەکە بلۆکە بەردینەکانیان دادەگرتە سەر گالیسکەکان.

جادەیەکی زۆر لێژیان لە شوێنی داگرتنی بەردەکان دروست کردبوو بەندە ئاساییەکان پاڵیان بە سەرەبەرزەکەی بلۆکە بەردینەکانەوە دەنا و خلیان دەکردەوە. سەدان کەس لە پێشەوە بە زەحمەت رایان دەکێشا و سەدان کەسی تریش لە دواوە پاڵیان پێوە دەنا. بلۆکە بەردینەکان هێواش هێواش دەچوونە سەرەوە تا لەسەر شاخێکی گەورە لەبەرد شوێنی خۆیی دەگرت. هەر بلۆکێك بە شێوەیەك لەگەڵ بلۆکەکەی دواوەیدا جووت دەبوو کە زۆر بە زەحمەت درزی نێوان ئەوانە دەبینرا. لە کۆتاییدا دوایەمین بلۆك دەچووە شوێنی خۆی. پاشان پەڕەگرانیتییە سافەکانیان بە رووی بەردەکانەوە دەنووساند تاوەکو هەرەمەکان لە خوارەوە بۆ سەرەوە لێژییەکی رێکیان هەبێت.

وردە وردە هەرەمەکان رووکەشە سافەکەی خۆیان لە دەستدا چونکە رەشەبا و وردە چەوەکان دەیان رووشاند. بلۆکە بەردینەکان بە شێوەیەك لە شوێنی خۆیان دەرچوون کە شێوەی هەرەم وەك بەردە گەورەکان جەستە مەزنەکان، پلەپلەبووە.

لەگۆشەی یەکێك لە رووە چەماوەکانی هەرەمدا، دەرگایەك لەوێوە بۆ ناو گۆڕە شاراوەکان دەکرێتەوە دەرگاکەیان بە شێوەیەکی ژیرانە شاردبۆوە کە دزەکان نەیاندەتوانی رێگەی چوونە ناوەوەی هەرەمەکان بدۆزنەوە. لە دوایی چوونە ناوەوە رێڕەوێکی باریك و درێژ هەیە کە دەگاتە ژوورێك لە ناوەڕاستی هەرەمەکەدا ئەمە ژووری گۆڕەکەیە کە جەستەی مۆمیا کراوی فیرعەون لە دوای مۆمیاکردن لەوێدا دانراوە، شتی زۆر جوان لە تەنیشت ئەو گۆڕەوە دانراوە. وێنە و نووسینەکانی سەر دیوارەکە باسی رەفتاری باشی ئەوی دەکرد لە فەرمانڕەوایەتی و ژیانی خەڵك لە ژێر دەسەلاتی ئەودا هەر ئەم نووسین و وێنانە بوو کە مێژوونووسان زۆر خاڵی گرنگیان دەستکەوت دەربارەی ژیانی میسرییەکان.

یەکێك لە سەرسوڕهێنەرترین پەیکەرەکانی جیهان. پەیکەری (ئەبو ئەلهولە)ە کە لە نزیك هەرەمەکانە، لە ناو وردە چەوەکاندا سەری دەرهێناوە لەشی ئەم پەیکەرە وەك شێرە و سەری مرۆڤیان پێوە نووساندووە ئەم پەیکەرە لە بەردی گرانیت داتاشراوە بە درێژایی چەندان سەدە، رەشەباکان ئەو وردە چەو و لمانەی کە بە هەوادا بەرزیان کردبۆوە لە دەوری ئەم پەیکەرە کۆیان کردبۆوە و بەشێکی زۆری پەیکەرەکەیان داپۆشی بوو. کاتێك شوێنەوارناسان وردەچەو و لمەکانی سەر پەیکەرەکەیان بە تەواوی لابرد، پەنجەکانی جەستە گەورەکە دەرکەوت. لە نێوان

پەنجە درێژەوە بووەکانی پەیکەرەکەدا پەرستگەیەکی بچووکیان دۆزییەوە. رووخساری ئەبولهول زیانێکی زۆری بەرکەوتووە بەلاّم هێشتا نهێنی شاراوەی تری تێدایە ئەو مەتەڵی چاخەکانە. هیچ کەس نازانێت کەی ئەم پەیکەرە داتاشراوە و مەبەست لەوە چییە. لەوانەیە بۆ گەورەیی خوایەکی تایبەتی میسرییەکان دروست کرابێت.

## پەرستگا گەورەکان

پایتەختی دوایەمین فیرعەون لە تەبەس بوو، کە شەش کیلۆمەتر لە رووباری نیلەوە دوورە. تەبەس بە شکۆترین شاری جیهان بوو. هەموو فیرعەونێك بۆ دەرخستنی شان و شەوکەتی خۆی پەرستگەیەکی لەوێدا دروست دەکرد و یان یەکێکی تری بۆ پەرستگا کۆنەکانی تر زیاد دەکرد و یان دەروازە و پەیکەرەکانی بنیات دەنا. لەبەردەم پەرستگاکاندا ئاسایی ستوونێکی شێوە کەلەیی لە گرانیتی رەنگ پێستی کە ناوی ((ئابلیسك)) بوو راست بووبۆوە نووکی ستوونەکە بە زێڕ و ستوونەکە خۆی بە وێنە و نووسینەکانی دەربارەی ئەو فیرعەونەی کە دروستی کردبوو، دەڕازایەوە.

بەشکۆترین پەرستگا، پەرستگای گەورەی کارناك بوو لە نزیك تەبەس کە بۆ گەورەیی خوای خۆر دروستکرابوو. دروستکردنی ئەم پەرستگایە سەدان ساڵی پێ چوو. و زۆربەی فیرعەونەکان لە دروستکردنی ئەم پەرستگایەدا هاوکارییان کرد پەرستگا بە شەقامێکی کورت کۆتایی دەهات کە ئەبولهولە بچووکەکان لەوێدا ریزکرابوون. لە هەموو دەروازەیەکدا دوو تاوەری بەردین لەگەڵ دیوارە لێژەکاندا وەك قەلاّ دروست کرابوو. بەشی سەرەوەی خۆرێکی خڕ بۆ نیشانەی خوایی خۆر، سیمبوڵی پارێزگاری خوایەتی و مارەکان سیمبوڵی بنەماڵەیی پاشایەتی بوون. میسرییەکان لەو باوەڕەدابوون کە ئەم سیمبولاّنە ئاسایش دەبەخشێتە هەموو ئەو کەسانەی کە لە ناو بیناکەدان، لەبەر ئەوە زۆرجار ئەوەیان لەسەر دەرگای چوونە ژوورەوە دەنەخشاند یان هەڵیاندەکەند. گەورەترین بەشی پەرستگاکان، تەلارە گەورەکەی بوو.

سەقفی ئەوانە لەسەر ستوونە گەورەکان وەستابوو، کە بە رەنگە درەوشاوەکان نەخشێنرابوو. بەرزایی ستوونەکان بەشێوەیی کاسەیی گوڵی لاولاویان لەسەر هەڵدەکەند. کە لە هەموو گوڵەکانی تر زیاتر حەزیان لێی بوو. لەسەر زەوییەوە تاوەکو سەقفەکەی وێنەیی گەورەیان لەسەر هەڵکەندبوو.



شاژن هات شیب سوت لەولای رووبارەکەوە بەرامبەر پەرستگای کارناك لەسەر زەوییەکی پڕ لە لێژایی، پەرستگایەکی جوانی لەبەردەم بەردەسەختەکاندا بە بەرزی دروستکردبوو. ئەم پەرستگایە لە سێ باڵکۆن و رووییەکی تر دروستکرابوو، لە هەر باڵکۆنێکدا دارە دەرمانییەکانی ولاّتی پونتیان چاندبوو. دیوارەکانیان بەو وێنانە هەڵکەندبوو کە لە کاتی گەشتەکەیان بۆ پونت کەشتیوانەکان کە بارەکانیان بۆ کەشتییەکان هەڵدەگرت، ئەو جەژنە گەورەیە کە بۆ پێشوازی کردن لە گەڕانەوەی کەشتییەکان بۆ تەبەس گێڕدرابوو، نەخشێندرابوو. نووسینەکان دەریان دەخست کە باری کەشتییەکان پڕبووە لەو شتە سەرسوڕهێنەرانەی کە لە پونتەوە هێنابوویان، کەلوپەلە جوانەکان و بۆن و عەتری سەر زەوی خودا، درەختە بنێشتە گەشاوەکان عاجە بێ گەردەکان، نعامەی زەردی ئاڵتوونی، درەختی دارچینی، سورمەی چاو، مەیمون، سەگ و پێستی پڵنگی باشوور، هەرگیز هیچ پاشایەك لەم جۆرە شتانەی بە دیاری نەهێنابوو.

میسرییەکان بە درێژایی سەدە دوور و درێژەکان لە دۆڵە پڕ لە ئاوەکانی نیلدا ژیانیان بەسەر برد و شارستانییەتێکی سەرسوڕهێنەریان دامەزراندوە. دوایەمین فیرعەونەکان رابەرانی سەربازی بەهێزبوون توانییان حوکمی خۆیان بەسەر میللەتەکانی تردا بکەن. میسر بووە ئیمپراتۆرییەتێکی گەورە و لە ١٥٠٠ ساڵ پێش زاییندا گەیشتە لووتکەی دەسەلاّتی خۆی، وردە وردە میسر دەسەلاّتە گەورەکەی نەما و دراوسێکانی میسر بەسەریاندا سەرکەوتن و دەسەلاّتی ئەم

ئیمپراتۆرییەتە بەهێزەیان تێکشکاند. لەگەڵ ئەمەشدا ئەو شتەی میسرییەکان فێری بووبوون، لەناو نەچوو چونکە زانیارییەکانیان لە بەرژەوەندی هەموان دابوو کە لە دوای ئەوان شارستانییەتە نوێکانیان بنیات نا.

# بەشی سێیەم

# میللەتە دێرینەکان لە

# باشووری رۆژئاوای ئاسیادا

## هیلالی به پیت

له باشووری رۆژئاوای ئاسیادا، له نزیك ئەفریقیا و ئەورووپا، نەتەوە جیاوازەکان لەو زەوییە به پیتانەدا دەژیان. «هیلالی بەپیت» زەوییەکی دەوڵەمەند بوو که له پشتێنێکی پانی فراوان دەچوو، له لایەکیەوە دەگەیشتە کەناری دەریای ناوەڕاست و وەك مانگێکی گەورە قەوس دەبۆوە و کۆتاییەکەی تری دەگەیشتە کەنداوی عەرەب، بە پێچەوانەی میسرەوە بارودۆخی سروشتی ئێرە یارمەتیدەر نەبوو. و بیابانێکی سووتێنەر له هەر چوارلاوە دەوری دابوو، بەڵام هیلالی به پیت دەشتێکی فراوانی هەبوو، که دەست گەیشتن پێی ئاسان بوو.

له چاخە دێرینەکاندا ژمارەیەك خێڵ لەم ناوچەیەدا نیشتەجێ بوون. زۆرجار ئەم خێڵ یان ئەو خێڵ سەردەکەوت و بەشێك لەم ناوچە بە پیتانەیان بۆ خۆیان داگیر دەکرد. پاشان سەرەی خێڵێکی تر دەهات. تا به داگیرکردنی بەشێکی تری ئەم ناوچەیە، هێرش بکاتە سەر ناوچەکانی تر. ئەم جۆرە جەنگانە چەندان ساڵ درێژەی هەبوو.

ئەو خەڵکانەی که له هیلالی به پیتدا دەژیان. لەگەڵ ئەم هەموو شەڕانەشدا بەشدارییەکی زۆریان هەبوو لە پێشکەوتنی مرۆڤایەتیدا. بابلییەکان، ئاشوورییەکان، عیبرییەکان، فنیقییەکان و ئێرانییەکان، هەریەکەیان لە چاخێکدا له مێژووی ئەم ناوچەیەدا رۆڵێکی پڕ بایەخیان هەبووە.

## ژیان له بابلدا

دوو رووباری گەورەی دیجلە و فورات که سەرچاوەکەیان له شاخە بە بەفر داپۆشراوەکانەوە بوو، بە ناو دەشتێکی پان و بەریندا بە باشووری رۆژهەڵاتی ئەم ناوچەیەدا سەرەوژێر دەبوونەوە، له کۆتاییدا یەکیان دەگرتەوە و دەڕژانە کەنداوی عەرەبەوە. هەموو ساڵێك ئەم رووبارانە وەك روباری نیل ئاوەکەیان بەرز دەبۆوە و له دوایی نیشتنەوەیان لیتەیەکی بە پیت و بەرەکەتیان بەجێ دەهێشت. بە زەوییەکانی نێوان دیجلە و فوراتیان دەوت زەوی نێوان دوو رووبار که بە مانای سەرزەوی نێوان رووبارەکانە.



سۆمەرییەکان له یەکەمین نەتەوەکانن که له بەشی باشووری نێوان دوو رووباردا دەژیان و شارستانییەتێکی بەرچاویان هەبوو. پاشان سۆمەرییەکان بە دەستی بابلییەکان تێکشکان که خۆیان یەکێك له گەورەترین شارستانییەتە دێرینەکانی جیهانیان بنیات نا. گرنگترین شاری بابلییەکان بابل بوو که له کەناری رووباری فوراتدا دروستکرابوو.

له بابلدا بەرد دەگمەن بوو بەڵام گڵی رۆسی باش و زۆری هەبوو، بابلییەکان لە گڵی رۆس، خشتیان دروست دەکرد و ئەوەیان لەبەر هەتاوی سووتێنەر وشك دەکردەوە تا رەق بێت. پاشان ئەم خشتانەیان بە جوانی رەنگ دەکرد و زۆرجار میناکاری یان تێدا دەکرد، لە دروست کردنی باڵەخانەی گەورە و کۆشکەکان و پەرستگا پڕ نەخش و نیگارەکانی خۆیاندا سوودیان لێ وەردەگرت.

چنەرەکانی بابلی بەڕەیان بە رەنگی درەوشاوە و شێوەی جوان دەچنی زۆربەی ئەو نەخشانەی که له چنینی بەڕەکاندا بەکارهاتووە مانای تایبەتی هەیە. بۆ نموونە درەختی ئارام نیشانەی هەتا هەتایی و ئەبەدییەتییە خەتی زیگزاگی بە مانای ئاو و داری سنەوبەر مانای ئاگرە. ئاسنگەرە بابلییەکان ئامێری بڕۆنزی و گەوهەرە زێرینەکان و زیویان دروست دەکرد. گۆزەگەرەکان بە سوود وەرگرتن له چەرخی گۆزەگەری، قاپەکان و گۆزەکانیان بە شێوەی قاڵب گرتووی سەرنجڕاکێش دروست دەکرد. لە شاری بابل دا کرێکارە شارەزاکان بە دروست کردنی رەفەی شێوە قەفەزی و چەرمچییەکان بەکارەوە خەریك بوون.

بابلییەکان بەلەمە سەیرەکانیان رەوانەی رووباری فورات دەکرد پێستی بزنیان پڕ دەکرد لە هەوا و دەیانبەست بە ژێر بەلەمەکانەوە تا باشتر لەسەر ئاوەکە بمێنێتەوە. بەلەم بە هۆی ئەم پێستە پڕ لە هەوایانەوە، دەیتوانی کەرەستەی زۆر قورس هەڵبگرێت. زۆرجار ئەم بەلەمانە، سەدان کیلۆمەتر ئەو بلۆکە بەردینە گەورانەیان هەڵدەگرت کە لە دروستکردنی کۆشکەکاندا بەکاردەهات، بەم شێوەیە بەلەمەکانی تریشیان لە پێکەوە لکاندنی قامیش و گژوگیاکان دروست دەکرد.

خەڵکی شاری بابل، کاسبکار و بازرگانی لێهاتووبوون و جۆرە بانقێکیان دروستکردبوو که پارەکانیانی کۆنترۆڵ دەکرد. لە بابلدا بازاڕی قەرەباڵغ هەبوو کە بازرگانی شوێنە جیاوازەکان، لەوێدا شتیان دەکڕی و شتومەکی شار و وڵاتەکەی خۆیان لەوێدا دەفرۆشت. بازرگانە بێگانەکان کەلوپەلە دەستکردەکانی خۆیان لەم بازاڕەدا دەگۆڕییەوە، کاسبکار و بازرگانە بابلییەکان، بۆ درێژەدان بە بازرگانی خۆیان ناچاربوون فێری زانستی ژمێریاری بن. سیستەمی ژماردنی ژمارە له بابلدا لەسەر بنەمای دوانزەبوو کە لە سیستەمی ژماردنی

دەبی باشتر کاری دەکرد. بابلییەکان بۆ ئەندازە گرتنی کەلوپەلەکان و کێشانی ئەو شتانەی کە کڕین و فرۆشتنیان پێوەدەکرد، سوودیان لە سیستەمی کێشان و پێوان وەردەگرت. یەکێك لە پاشاکانی بابل یاسایەکی دانا کە سەر ئەو بنچینەیە ئەو کێش و پێوانانە لەسەرتاسەری وڵاتدا یەکسان بوو.

لەناو ئەو یەکانەی کە بۆ کێشان بەکاریان دەهێنا، یەکەکانی پاوەند و ئۆنسیشی تێدابوو. لە بابلدا یەکێك لە یەکەکانی پێوانی درێژی پێ بوو چالاکی ئەم کێش و پێوانانە بە شێوەیەك بوو کە پاش ماوەیەك لە زۆربەی ئەو وڵاتانەی کە لەگەڵ بابلییەکاندا بازرگانییان دەکرد، بووە یەکەیەکی ڕەسمی، بابلییەکان بۆ پێوانەی کاتیش کاتژمێری هەتاویان داهێنا. سێبەری ئەو هەتاوەی کە لە ڕووی کاتژمێرەکەی دەدا، کاتەکەی دیاری دەکرد. هەندێك لەم کاتژمێرە هەتاوییانەیان بە یەکەی بچووك دروست دەکرد تا بە ئاسانی هەڵبگیرێت.

## پەرستگا شێوە تاوەرییەکان

بابلییەکان وەك میسرییەکان باوەڕیان بە ژمارەیەك خودا هەبوو، گەورەترین خوای ئەوان مەردوك، لە حەکایەتە بابلییەکاندا وەك دروستکەری گەورە ناوی هاتووە:

ئەو نەژادی مرۆڤی دروستکرد،
ئەو ئاژەڵە گەورەکان و کێڵگەکانی دروستکرد،
ئەو دیجلە و فوراتی دروستکرد و لە پانتایی خۆیدا ڕێگەی دروستکرد،
ئەو دانەوێڵەکان، حەسیری زەلکاوەکان، قامیشەکان و دارستانەکانی دروستکرد،
ئەوە کە زەوی یەکان و زەلکاوەکان و حەوزەکان،
گایی کێویی و گوێرەکەی تازە پێگەیشتوو،
مەڕ و بەرخ و کاریلەیی پشتیرەکانی دروستکرد.

تێڕوانینی بابلییەکان بۆ ژیانی دوای مردن، بە تەواوی لە تێڕوانینی میسرییەکان جیاوازبوو، میسرییەکان چاوەڕوانی ژیانێکی خۆش بوون لە دوای مردن بەڵام بابلییەکان لەو باوەڕەدابوون کە ژیانی ئەو دنیا شەوەزەنگ و تاریکە. بڕوایان وابوو کە جیهانی مردووەکان لە ژێر زەوی دایە، ڕۆحی مردووەکان لەوێدا وەك شەمشەمەکوێرە لە تاریکی بەم لا و ئەولادا دەڕوات، برسین و جگە لە خۆڵ و خاك هیچی تریان نییە بۆ خواردن.



سەرمایانە و جلوبەرگیان جلێکی تەنکی ناسکە کە لە ناویدا هەڵ دەلەرزن و ناڵە ناڵ دەکەن، خانووی ئایندەی ڕۆحەکان ناو دەنرا سەرزەوی بێ گەڕانەوە چونکە لەو باوەڕەدابوون کە هەڵهاتن لەوێ ئاسان نییە.

بابلییەکان ژمارەیەکی زۆر پەرستگایان بۆ خوداکانی خۆیان دروستکرد، بەڵام شێوەی بیناسازی ئەوان زۆر جیاواز بوو لە شێوەی بیناسازی میسرییەکان پەرستگاکانی خۆیان بەخشتی سورەوە بووی بەرهەتاوەکان دروست دەکرد و چینەکانیان بە شێوەی تاوەری شێوە چوارگۆشەیی لەسەر یەکتری هەڵدەچنی بە شێوەیەك کە هەر قاتێك بچووکتر بوو لە قاتەکەی ژێرەوەی هەندێك لە باڵەخانە بەرزەکانی شارەکانی ئەمڕۆی ((ئەمریکا)) قاتەکانی سەرەوەیان کەمێك لە دواترن لە قاتەکانی ژێرەوەیان تا ڕادەیەك لە پەرستگە شێوە تاوەرییەکانی بابلییەکان دەچن. قاتەکانی تاوەرەکانیان ڕەنگاوڕەنگ دەکرد. نزمترین قات ڕەنگی ڕەش، دوای ئەو ڕەنگی نارنجی دواتر ڕەنگی زەرد، چوارەمین قات ڕەنگی ئاڵتوونی، پێنجەمین قات ڕەنگی خورمایی، دوای ئەو ڕەنگی شین و دوایەمین قات ڕەنگێکی زیوی بوو. پەرستگایەکی بچووك لە شێوەی نووکی تاوەردا بوو کە بابلییەکان ئەو جێگایەیان بە شوێنی نیشتەجێ بوونی خۆیان دەزانی، خەڵکی لەو سەردەمەدا بڕوایان وابوو کە خودا زۆرجار لەسەر کورسییەك لە ناو پەرستگاکەدا پشوو دەدات و مێزێکی ئاڵتونی لە بەردەم کورسییەکەی دایە خواردن دەخوات. کاهینەکان دەچوونە سەر تاوەرەکە تاوەکو بگەنە پەرستگا و دیارییەکانی خەڵك پێشکەش بە خودا بکەن.

بابلییەکان حەوتەمین ڕۆژی هەفتەیان بە پیرۆز دەزانی لەو ڕۆژەدا چێشتیان لێ نەدەنا، جلوبەرگی تازەیان لەبەر نەدەکرد و دەرمانیان بەکار نەدەهێنا. تەنانەت گالیسکەسواری پاشا و حوکمدان لەم ڕۆژەدا قەدەغەبوو. کاهینە بابلییەکان لە شوێنە بەرزەکانی پەرستگاوە کە بۆ خۆیان دیاری کردبوو، لە ئەستێرەکانیان دەکۆڵییەوە. بەم شێوەیە دوانزە دەستە ئەستێرەیان بینی کە لە سەر پشتێنەیەکی پان بوون و ئەوانەیان ناونا شوێنی بورجەکان ((منتقە البروج)) لەو باوەڕەدابوون کە مانگ و خۆر و ئەستێرە خواینەکانی تر لە ژێر فەرمانی خوای گەورەی ((مەردۆك)) دان و ئەو بە لێکۆڵینەوە لە ئەستێرەکان پێت دەڵێت لە ئایندەدا چ ڕووداوێك ڕوو دەدات، لەبەرئەمە کاهینەکان لەو باوەڕەدابوون کە بە لێکۆڵینەوەی ئەستێرەکان دەتوانن پێشبینی ئەو ڕووداوانە بکەن کە لە ئایندەدا ڕوودەدات. ئەم جۆرە بیروباوەڕانەی کە پەیوەستە بە کاریگەری ئەستێرەکان لەسەر ڕووداوەکانی جیهان، پێ دەڵێن ((فاڵ گرتنەوە)) سەرنج

راكێشە، بزانین كە ئەم بیروباوەڕە لە چاخە دێرینەكاندا لە بابلەوە پەیدابووە. خەڵكی لە هەندێك شوێنی بابلدا خوای مانگیان دەپەرست. پەرستن و لێكۆڵینەوەی خۆر و مانگ و ئەستێرە كشاوەكان بووە هۆی پەیدا بوونی زانستی ئەستێرەناسی.

## یاساكانی حامورابی

بەناوبانگترین پاشای چاخە دێرینەكان لە بابلدا حامورابی بوو كە نزیكەی ٢٠٠٠ ساڵ لە پێش زایین دا فەرمانڕەوایی دەكرد. لە پێش ئەودا زۆر یاسا لە ناوچە جیاوازەكانی ولاتدا هەبوو زۆرجار یاسا لە ناوچەیەكدا كارێكی بەڕەوا دەزانی لە كاتێكدا هەمان كار لە ناوچەیەكی تردا قەدەغە بوو. حامورابی هەموو یاساكانی ولاتی كۆكردەوە و لە ناو ئەواندا، كۆمەڵە یاسایەكی بۆ هەموو خەڵك دانا. بە قسەی خۆی هۆی ئەم جۆرە كارەی ئەو ئەوەبوو كە خەڵكی لە ئاشتی و ئارامی دا بژین.

حامورابی بۆ ئەوەی كە هەموو یاساكان ئاشكرا بن، فەرمانی دا ئەوانە لە سەر بلۆكە بەردینە گەورەكان هەڵبكۆڵدرێن كە كەوتبووە بەشی سەرەوەی پەرستگاكە. وێنەی پاشا لە كاتی تێگەیشتنی یاساكان دایە لە خۆرەوە، هەڵكەندراوە. ئەم رستانە لەسەر كتێبەكان نەخشێنراوە: ((بهێڵن ستەم لێكراوەكانی كە ستەمیان لێكراوە و شكاتیان هەیە بێن بۆ ئێرە و لە بەرامبەر پاشایەكی دادوەردا بوەستن. بهێڵن نووسینەكان بخوێننەوە و وشە پڕ بایەخەكانی من تێ بگەن. یاساكان پەیڕەو دەكرێت ئەوانە دەگەنە مافی خۆیان و شادمان و رازی دەبن)).

یاساكانی حامورابی، كۆنترین سیستەمی ناسراوی یاسایە، هەندێك لەم یاسانە دادوەرانەبوو، هەر چەندە بە هەڵسەنگاندنی لەگەڵ یاساكانی ئەمڕۆدا ئەوانە بە رەق و ستەمكارانە دەژمێردرێن، سی و چوار حوكمی سزادانی سەرپێچی كردن لە یاسا، مەرگ بوو هەندێك لەم یاسایانە لە ژێرەوە هاتووە:

سزای كەسێك كە دزی لە پەرستگا یان كۆشكێك بكات، مەرگە.

سزای وەستایەك كە خانوویەكی دروست كردبێت و ئەم خانووە بەسەر خاوەنی موڵكەكەدا بڕوخێت و بیكوژێت مەرگە.

سزای كەسانێك كە بۆ هاوكاری كوژانەوەی خانوویەكی ئاگر گرتوو دێن و دزی لە خانووەكە دەكەن، مەرگە و دەبێت فڕێ بدرێنە ئاگرەكەوە.



سزای كەسێك كە یەكێك كوێر دەكات، ئەوەیە كە دەبێت خۆشی كوێر بكرێتەوە.

سزای كەسێك كە ئێسقانی كەسێكی تر دەشكێنێت ئەوەیە كە دەبێت ئێسقانی ئەویش بشكێنرێتەوە.

سزایی كەسێك كە ددانی كەسێكی بەرامبەر خۆی بشكێنێت، ئەوەیە كە ددانی خۆشی دەبێت بشكێنرێت.

یاسا تایبەتییەكانی لەم جۆرەش هەبوو: ((ئەگەر كەسێك گا یان مەڕ یان بەراز لە كاهین یان پاشا بدزێت، لە بەرامبەر ئەوەدا دەبێت سی بەرخ بدات. بەلاّم ئەگەر ئەوانەی لە هەژارێك دزی بێت، دەبێت دە بەرخی پێ بدات. لەبەر ئەمە هەژارەكان و دەوڵەمەندەكان لە رووی یاساوە یەكسان نەبوون ئەمڕۆش هەندێك جار خەڵكی دەربڕینەكانی ((چاو لە بەرامبەر چاودا، ددان لە بەرامبەر دداندا)) دووبارە دەكەنەوە ئەم دەربڕینانە بۆ یەكەمجار لە یاسا كۆنەكانی حامورابی دا هاتبوو.

## كتێبە قوڕینەكان

بابلییەكان بۆ نووسینی بیروبۆچوونەكانیان سوودیان لە گڵی رۆس وەردەگرت. كە لە بابل زۆربوو. سەرەتا قوڕە رۆسەكەیان بە شێوەی لەوحی ساف و رێك دادەنا و پاشان بە قامیشی نووك تیژ لەسەر رووە سافەكەیان دەنووسی، نووسینی هێمایی بازنەیی لەسەر قوڕیی نەرم ئاسان نەبوو، لە ئەنجامدا بابلییەكان لە جیاتی پیتە خرەكان، هێمایان بە شێوەی ٧ دەكێشا بابلییەكان سێ سەد هێمای سەیر و سەمەرەیان لە شێوەی ٧ هەبوو لەوحەكانیان سوور دەكردەوە تاوەكو رەق بێت، هەموو لەوحێك وەك لاپەڕەیەكی كتێب وابوو زۆرجار كتێبێك لە پانزە یان بیست لەوحە پێك دەهات. بابلییەكان لە دواییدا كتێبخانەیەكی گەورەیان بۆ ئەم لەوحە قوڕینانە دروستكرد. لە كتێبەكانی خۆیاندا، داستانیان دەربارەی خوایەكان و قارەمانەكانی خۆیان و كۆكردنەوەی زانیاری و زۆربەی دابونەریتەكانی خۆیان نووسیوە. زاناكان بە خوێندنەوەی ئەم كتێبە كۆنانە لە زۆر مەسەلە گەیشتن لە بارەی بابلییەكانەوە كە ماوەیەكی زۆر لەمەوپێش لەوێدا ژیابوون.

بەم شێوە بابلییەكان لەسەر لەوحە قوڕینەكان نامەیان دەنووسی لە جیاتی ئەوەی كە وەك ئێمە نامەكان ئیمزا بكەن، مۆرێكیان لەسەر قوڕەكە دەدا، شوێنەواری ئەوە لەسەر قوڕەكە

هەڵدەکەندرا، هەموو پیاوماقوڵێکی بابلی مۆرێکی بچووکی هەبوو، کە بە زنجیر دەیکرد بە مل یان مەچەکی دەستی خۆیەوە.

کاتێك نامەنووسین تەواو دەبوو، خۆڵی وشکیان بەسەریدا دەپرژاند و بۆ لا تەنکەکەی سوودیان لە قوڕی تەڕ وەردەگرت و لە جیاتی زەرف تێوەیان دەپێچا. ناونیشانەکەیان لەسەر زەرفە دەنووسی و پاشان نامەکەیان لەبەر هەتاو وشك دەکردەوە.

## قوتابخانە لە بابلدا

ئەو قوتابخانانەی کە لە بابل دابوون، کوڕوکچی دەوڵەمەندەکانیان فێری خوێندن دەکرد، ئەم قوتابخانانە بە پەرستگاکانەوە بەسترا بۆوە و کاهینەکان ئەوێیان بەڕێوەدەبرد. قوتابخانەکانی بابل زۆر زوو دەکرانەوە، چونکە بە پشت بەستن بە یەکێك لە پەندە کۆنەکانی بابلییەکان ((کەسێك کە دەیەوێت بۆ فێربوون بگاتە جێ یەك، دەبێت بەرەبەیان زوو لە خەو هەستێت)).

لەم قوتابخانانەدا خوێندنەوە و نووسینیان فێری منداڵەکان دەکرد، وانەکان زۆرگران بوون، چونکە دەبوایە فێری سێ سەد هێمای شێوە ٧ ببوونایە کە لە نووسیندا بەکاردەهات. لە ژووری وانەوتنەوەدا تۆپەڵێك قوڕی تەڕ هەبوو کە بە ئەوانە لەوحە قوڕینەکانیان دروست دەکرد و بە قامیشی رووبارەکان لەسەر ئەوانەیان دەنووسی. منداڵەکان لەسەر ئەم لەوحانە راهێنانیان دەکرد لەسەر ریزکردنی ژمارەیەك لە هێماکان. زاناکان بەم شێوەیە ئەو لەوحانەیان دۆزییەوە کە منداڵەکان پەند و ئامۆژگارییان لە سەر نووسیبوو، یەکێك لەوانە ئەمەبوو: ((کەسێك کە هەوڵ دەدات تا لەوحەیەك بنووسێت، وەك خۆر دەدرەوشێتەوە)). کاتێك کە لەوحەکە بە تەواوی پڕ دەبۆوە دووبارە بە تەختەیەکی رێك ئەوەیان ساف دەکردەوە و یان لەوحەیەکی نوێیان لە تۆپەڵە قوڕە رۆسەکە دروست دەکرد.

## نەتەوە چەکدارەکان

نەتەوەیەکی تر بە ناوی ئاشوور لە باکووری نێوان دوو رووباردا گەشەی کرد. میللەتێکی کەللەڕەق و شەڕانی بوون و پاشا شۆڤێنستەکان حوکمی ئەوانیان دەکرد. ئەوان بەردەوام لە هەوڵی زیادکردنی دەسەلاتی خۆیاندا بوون و هەمیشە خەریکی شەڕ و بەربەرەکانێیەت بوون لەگەڵ دراوسێکانیاندا، ئاشوورییەکان سوپایەکی بەهێزیان هەبوو کە پێکهاتبوو لە هەزاران



تیرهاوێژ و گالیسکەی جەنگی کە ئەسپە بەهێز و کێوییەکان ئەوانەیان بەم لا و ئەولادا دەبرد. ئاشوورییەکان لە کاتی پێشڕەوییاندا وێرانەیەکیان لە دوای خۆیانەوە بەجێ دەهێشت، بە جۆرێك کە هەواڵی نزیك بوونەوەی سوپای ئاشوور دەهات ترسێکی زۆر دەکەوتە دڵەکانەوە.

ورده ورده نەینەوای پایتەختی ئاشوورییەکان گۆڕا بۆ یەکێك لە جوانترین شارەکانی ئەو سەردەمە. پاشاکان کۆشکی گەورەیان لەو شارەدا دروست کرد و بە جوانترین پەیکەرەکان ئەوێیان رازاندبۆوە، لە دەروازەی چوونە ناوەوەدا ژمارەیەك پەیکەری بەردینیان چەسپاند بوو، کە لەشیان لەگا، باڵەکانیان لە داڵ و سەریان لە مرۆڤ بوو.

لەسەر دیوارەکان، وێنەی پاشاکانیان هەڵکەندبوو کە بە سواری گالیسکەوە لەکاتی هێرش بردنە سەر دوژمنیان لە کاتی راوی شێرە دڕندەکاندا بوون.

لەگەڵ هێرشی ئاشوورییەکان بۆ سەر بابل خەڵکی شار بەبێ هیچ بەرگرییەك تەسلیم بوون و بەم شێوەیە شاری بابل کەوتە چنگی ئاشوورییەکانەوە. بەڵام ئەو دەسەڵات و توانایەیی ئاشوورییەکان زۆر درێژەیی نەبوو، چونکە دەسەڵاتی ئەوان تەنیا بەسترابۆوە بە سوپاوە کە لە جەنگە لە رادەبەدەرەکان لە قاچ کەوتن. بەم شێوەیە، حکوومەتی ستەمکاری ئاشوورییەکان لە سالی ٦١٢ پێش زایینـدا کۆتایی هات. خەڵکە بەهێزەکەی کلدانییەکان کە بەسەر ئاشوورییەکان دا سەرکەوتبوون. بەرەو نەینەوا شۆڕبوونەوە و شارە سەربەرزەکەی نەینەوای پێشوویان وێران کرد و خۆیان بوونە فەرمانڕەوای نێوان دوو رووبار.

هەواڵی رووخانی نەینەوا لە سەرتاسەری جیهانی کۆندا بلاوبۆوە و لە ناو ئەو خەڵکانەی کە لە ستەمی ئاشوورییەکان بێزار بووبوون و تەنگیان پێ هەڵچنرا بوو، ئاهەنگ و شادییەکی گەورەیان گێرا، ئێستا خەڵکی ژێردەستە وەك یەهوودییەکان ناچارنەبوون سەرانە بدەن بە دەوڵەمەندە ئاشوورییەکان. یەکێك لە پێغەمبەرانی نەتەوەیی یەهوود، شادمانی ئەوانی بەم شێوە گێڕاوەتەوە.

وای لە شاری خوێن رێژ کە پڕاوپڕە لە کوشتن و درۆ، تالان و راوڕووت لەوێ دوور ناکەوێتەوە.

گیڤەی قامچییەکان، خڕەخڕی چەرخەکان و تەپەتەپی سەمی چوار پێیەکان و پەڕینی گالیسکەکان.

سوارەکان هێرشیان هێنا، شمشێرەکان دەبریسکێتەوە و نەیزەکان گیڤە گیڤ دەکەن،

زۆری بریندارەکان و کوژراوەکان و لاشە لە رادەبەدەرەکان وای کرد تۆپەڵێك لە کوژراوەکان دروست بێت.

نەینەوا وێران بووە، کێ ماتەمت بۆ دەگێرێت؟
لە کوێ داوای پرسەت بۆ بکەین؟
شکاوییەکانی تۆ یەکناگرێتەوە و برینەکەت دەرمانی دەست ناکەوێت، هەر کە دەنگی تۆ دەبیستێت چەمۆڵەیەکت لێ دەنێ.
لەبەر ئەوە کێیە کە خراپەی تۆیی دیسان بۆ ئەو نەهێناوەتەوە؟

## بوخت ئەلنەسر پاشا

دووبارە بابل بووە مەڵبەندی شارستانییەت لەدوای ئەو هەموو وێرانکارییەی بەسەریدا هات، ئەم جارە پاشایەکی بە توانای کلدانی بەناوی بوخت ئەلنەسر، بووە فەرمانڕەوای نێوان دوو رووبار. بوخت ئەلنەسر، شاری بابلی ئاوەدان کردووە، شار بەدیوار پارێزگاری لێ دەکرا و فراوانی ئەو دیوارانە بە شێوەیەك پان بوو کە دەوترا گالیسکەیەکی چوار ئەسپ دەتوانێت بەسەر چوار دەوریدا بڕوات. کانزاچییەکان سەدان دەروازەیان لە پەڕە درەوشاوەکان بە نەخشەی جوان دروستکرد بوو.

بوخت ئەلنەسر لە ئاوەدانکردنەوەی شاری بابلدا شانازی بە خۆیەوە دەکرد و دەیوت: ((ئایا بابل هەمان شاری مەزن نییە کە بە توانایی لە دوا نەهاتووم بۆ مەڵبەندی پاشایەتی و شکۆمەندی دەسەڵاتی خۆم دروستم کردووە؟)).

هاوسەرەکەی شازادەیەك بوو لە خێڵە شاخ نشینەکان و حەزی لە ولاتە پان و بەرین و تەختەکەی بابل نەبوو. هەمیشە لە یادی ناوچە شاخاوییەکانی خۆی دابوو و ئارەزووی ئەوێی دەکرد. بوخت بۆ ئاسوودەکردنی هاوسەرەکەی خۆی بڕیاریدا شاخێك دروست بکات. فەرمانی تا بالکۆنەکانیشی لەسەر دروست بکەن کە بە ژوورە پتەوەکان چاودێری دەکرا. دروستکردنی ئەم بالکۆنانە و قاتەکانی پەرستگاکان نەخشەی بۆ کێشرابوو واتە شێوە تاوەری بوون کە هەر بالکۆنێك لە بالکۆنەکەی ژێر خۆی بچووکتر بوو. گڵیان بەسەر بالکۆنەکاندا پڕڕژاندبوو گوڵە جوانەکان و دارە میوەکانیان لەوێدا ناشتبوو.

ئاوی رووباری فوراتیان بە ترومپا رادەکێشا و وەك تاڤگە، بەم لا و ئەولای باخەکەدا دەیان پڕژاند. شاژن لە هەیوانی بەرزتری بالکۆنی ئەم شاخە دەستکردەدا، بە یادی گردەکانی نیشتمانی خۆیەوە دادەنیشت، لە شوێنێکی دوورەوە بە شێوەیەك دەبینرا کە دەتووت باخەکە بە ئاسمانەوە



هەڵواسراوە. مێژوونوسان ((باخە هەڵواسراوەکانی بابل)) بەیەکێك لەسەرسووڕهێنەرەکانی دونیای کۆن دەزانن.
بوخت ئەلنەسر دوایەمین پاشایی بەتوانای بابل بوو، لە دوای ئەو زەوییەکانی نێوان دوو رووبار زۆرجار لە ژێر دەسەڵاتی ئەم نەتەوە یان ئەو نەتەوەدا بوو.

## نەتەوە شوانەکان

کۆتایی رۆژئاوای هیلالی بە پیت دەگەیشتە کەناری رۆژهەلاتی دەریای ناوەڕاست، ئەم شارۆچکەیە فێنك بوو، و بە هۆی رەشەبا باراناوییەکانی دەریای ناوەڕاستەوە بە پیت بووبوو. لەم ناوچەیەدا لەوەڕگایەکی باش هەبوو بۆ لەوەڕاندنی مەڕەکانیان لە چاخە دێرینەکاندا، شوانە گەڕیدەکان کە بەم رێگەیەدا تێ دەپەڕین. بڕیاریاندا لەوێدا نیشتەجێ بن. ئەوان خۆیان ناونا بەنی ئیسرائیل کە ماناکەی ئەمەیە: ((ئەو کەسانەی کە خودا فەرمانڕەوایانە)) خەڵکانی تر ئەوانەیان ناونا عیبری.

پاشان عیبرییەکان داستانی نیشتەجێ بوونی یەکەمین جاری خۆیان نووسی، دەیانووت گەورەترین نیایان ئیبراهیم بوو کە لە شاری ئور لە نزیك رووباری فورات دەژیا، ئیبراهیم و خێزانەکەی بۆ ئاژەڵداری بە دوای شوێنێکی باشدا دەگەڕان بۆ ژیان بەسەربردن و لە دوای ساڵانێکی دوور و درێژ سەرزەوی کەنعان کە دوایی ناونرا فەلەستین، بۆ نیشتەجێ بوونی خۆیان هەڵیانبژارد.

پاش ماوەیەك لە چوونیان بۆ کەنعان ئیسحاق لە دایك بوو، ئیسحاق لەگەڵ رەبکادا خێزانی دروست کردبوو، بوونە خاوەنی دوانەیەك بە ناوەکانی یەعقوب و عیسا، یوسف یەکێك بوو لە دوانزە کوڕەکەی یەعقوب، براکانی بەخیلییان پێ دەبرد چونکە باوکی یوسفی لە هەموویان زیاتر خۆشدەویست تا گەیشتە ئەوەی کە رۆژێك ئەو بە شێوەی بەندەیەك بە بازرگانێك بفرۆشن کە سوتفە دەچوو بۆ میسر، یوسف لە دوای چوونی بۆ میسر، زۆر زوو بووە جێی سەرنجی فیرعەون، فیرعەون بە هۆی خەوێکی ناخۆشەوە زۆر پەریشان بوو، پێیان وت یوسف دەتوانێت خەونەکەت تەعبیر بکات لەبەر ئەمە فیرعەون ناردی بە دوای بەندە گەنجەکەدا. یوسف بە فیرعەونی وت تەعبیری خەوەکەت ئەمەیە کە حەوت ساڵ لە میسردا خێروبەرەکەتێکی زۆر دەڕژێ بەسەر خەڵکدا و لەدوایی ئەو حەوت ساڵە وشکە ساڵی روودەکاتە

ئەم ناوچەیە، پێشنیاری بۆ فیرعەون کرد کە لە ساڵە پڕ خێروبەرەکەتەکاندا، گەنم لە گەنجینە و خەزێنەکاندا کۆبکەنەوە تاوەکو خەڵکی لە وشکە ساڵییەکاندا دانەوێڵەیان هەبێت.

فیرعەون زۆر خۆشحاڵ بوو به وەڵامەکەی یوسف، ئەوی کرد بە لێپرسراوی گەنجینەی گەنمەکان. دوای ئەوە وشکە ساڵی هات. یوسف لە گەنجینەکانەوە گەنمی دەدا بە برسییەکان. وشکە ساڵی لە میسرەوە کشا بۆ کەنعان. براکانی یوسف بە بیستنی ئەوەی کە لە میسر گەنم دەست دەکەوێت بۆ گەنم کڕین چوون بۆ میسر. ئەوانیان برد بۆ بەردەم یوسف. یوسف براکانی ناسییەوە بەڵام ئەوان نەیانتوانی برا ونبووەکەی خۆیان کە وەك بەندە فرۆشتبوویان بناسنەوە، یوسف لە براکانی خۆشبوو و ڕێگەی پێدان تا گەنم لە گەنجینەکان دەربهێنن. پاشان یوسف، خەڵکەکەی بانگ کرد و بەشێکی بە پیتی لە میسر لە کەناری دەریای سوور بە ئەوان بەخشی، ئەوان و نەوەکانیان سالآنێکی دوورودرێژ لەوێدا بە ئاژەڵدارییەوە ژیانیان بەسەردەبرد.

## موسای یاسا دانەر

عیبرییەکان رۆژگارێکی خۆشیان هەبوو تا ئەو کاتەی کە فیرعەونێکی نوێ هاتە سەر تەخت، ئەمە چەند ساڵێك دوای مردنی یوسف بوو، ئەم فیرعەونە رەفتارێکی بێ بەزەییانەی بەرامبەر بە عیبرییەکان هەبوو. لەوکاتەی کە کۆمەڵە عیبرییەکان روو لە زیادبوون بوون و فیرعەون دەترسا ئەمانە بکەونە بەربەرەکانی لەگەڵیدا، میسرییەکان ئەوانەیان ناچارکرد تاوەکو هەموو جۆرە کارێکی سەختیان لە ژێر چاودێری خۆیاندا پێ ئەنجام بدەن. کە بە بیانووی تەمەڵی کردن لە کاردا لێیان دەدان. خەڵکە عیبرییەکە لەگەڵ ئەم رەنج و ئازارەش دا بەردەوام زیاددەبوون. لە ئەنجامدا فیرعەون فەرمانیدا کە هەموو کۆرپەلە کوڕەکانی کە لە خێزانی عیبرییەکانەوە لە دایك دەبن، بیانکوژن. ژنێکی عیبری کە کۆرپەلەیەکی کوڕی هەبوو، بڕیاریدا رزگاری بکات. سێ مانگ کۆرپەلەکەی شاردەوە و ئەوکاتە منداڵەکەی کردە بێشکەیەکی لە قامیش دروست کراوە و لە نێوان قامیشەکانی دەوروبەری رووباری نیلدا بەرەڵای کرد.

بە ڕێکەوت کچی فیرعەون لەگەڵ دەست و پێوەندەکانیدا بۆ خۆشتن هاتبوونە کەناری رووباری نیل. کچی فیرعەون بێشکەکەی لە ناو قامیشەکاندا دۆزییەوە و کۆرپەلەیەکی بینی کە لەناویدا خەوتبوو. هەرچەندە هەستی بەوە کردبوو کە کۆرپەلەکە منداڵێکی عیبرییە. بەڵام ئەوی بردەوە بۆ کۆشك و کردیان بە منداڵی خۆیان، کچی فیرعەون کۆرپەلەکەی ناونا موسا کە



بە مانای ((لە ئاوەوە وەرگیراو))ە، کاتێك موسا گەورەبوو، و زانیاری دەستکەوت لە بارەی ئەو رەنج و ئازارەی کە عیبرییەکان دەیانکێشا، زۆر خەمبار بوو. موسا دەیویست خەڵکەکە ئازاد بکات. بەردەوام داوای لە فیرعەون دەکرد کە ڕێگەیان پێ بدات کە میسر بەجێ بهێڵن. بەڵام فیرعەون نەیدەویست بەندە عیبرییەکانی لەدەست بچێت. ڕێگەی پێیان نەدەدا کە میسر بەجێ بهێڵن. پاش ماوەیەك نەخۆشی تاعون بلاوبووە، زۆربەی خەڵك تووشی بوون و ژمارەیەکی زۆریش مردن. ئەوکاتە فیرعەون ناردی بە دوای موسادا و وتی: ((خۆتان و منداڵەکانتان لە ناو گەلەکەم دووربکەونەوە و ئاژەڵەکانتان بەرن و بڕۆن)).

لە ساڵی ١٢٣٠ی پێش زاییندا شەش سەد هەزار عیبری بە قافڵەی گەورە سەفەری خۆیان لە ڕێگەی بیابانەوە بەرەو سەرزەوی کەنعان دەست پێ کرد، ئەوان کەنعانیان ناونا (سەرزەوی پەیمان پێدراو) چونکە لەو باوەڕەدابوون کە خودا پەیمانی بە ئیبراهیم دابوو. عیبرییەکان چوون بۆ شاخی سینا و لەوێ ئۆردوگایان بەرپاکرد و نزیکەی ساڵێك لەوێ ژیان. بە درێژایی ئەم ماوەیە موسا خەڵکەکەی بەجێ هێشت و چووە سەر لوتکەی شاخەکە تاوەکو بپاڕێتەوە. لە دوای چل رۆژ کە لە شاخەکە هاتە خوارەوە، لەوحەیەکی بەردینی لەگەڵ خۆیدا هێنا کە کۆمەڵە یاسایەکی لەناودا هەڵکەندرابوو. لەو بڕوایەدا بوو کە ئەم یاسایانە لەلایەن خواوە بە ئەودراوە. ئەم یاسایانە ناو دەنێن ((دە فەرمان)).

عیبرییەکان دە ساڵ لە بیابانەکانی سینادا سەرگەردان بوون، موسا هیوای پێ بەخشی بوون کەگوایە سەرزەوی پەیمان پێدراو، سەرزەوییەکە کە ((شیر و هەنگوین بە ناویدا دەڕوات)) دەیانگەیەنێتە ئەوێ، بەڵام لە کاتێکدا کە هێشتا خەڵکی لە بیابانەکاندا دەژیان، کۆچی دوایی کرد.

## ژیان لە سەرزەوی کەنعان

کاتێك کە عیبرییەکان گەیشتنە سەرزەوی کەنعان، ئەوێیان لە ژێر دەستی نەتەوەی تردا دۆزییەوە و تەنیا لە ماوەی چەند ساڵێك جەنگدا، توانییان ببنە خاوەن موڵکی ئەو سەرزەوییانە و لەوێ جێگیربن.

سالآنێکی دوورودرێژ، دوانزە خێڵی عیبری لەوێدابوو، و هەر خێڵێك رابەرێکی مەزهەبی هەبوو. کە پێی دەوترا ((دادوەر)) سەرۆکایەتی خێڵەکەی دەکرد، بەم حاڵەوە خەڵکی وردە وردە بەم ئەنجامە گەیشتن کە دەبێت یەکبگرن و رابەرێکیان هەبێت. لە ئەنجامدا لە کۆبوونەوەیەکی گەورە سامویلیان بۆ پاشایەتی هەڵبژارد، پاشای دواتر داود بوو. داود نەتەنیا پاشایەکی باش

بەڵکو شاعیر و مۆسیقازانێکی گەورەش بوو، کوڕە شوان بوو و لەلێدانی سازدا زۆر شارەزابوو، و سروودی زۆری بە ناوی گۆرانییەوە هۆنییەوە.

داود ئورشەلیمی کردە پایتەختی حکوومەت. لە دوای ئەو کوڕەکەی سلێمان لەسەر تەختی پاشایەتی دانیشت. سلێمان زیارەتگایەکی گەورەی لە ئورشەلیم دروستکرد. میللەتی عیبری لە حکوومەتی داود و سلێماندا، پلەوپایەی بەرزیان هەبوو.

لەدوای مردنی سلێمان. شۆڕشێك هەڵگیرسا، پاشایەتی عیبری بوو بە دووبەشەوە، بەشی باکوور کە لە دە خێڵ پێکهاتبوو، پاشایەتی ئیسرائیلی پێکهێنا. ئەم پاشایەتییە سالانێکی دووردرێژ بەختەوەر بوو بەلام لە کۆتایی ساڵی ٧٢٢ی پێش زاییندا بەدەستی ئاشوورییەکان لەناوچوو. خەڵکەکەشیان بە دیلی برد بۆ نەینەوا. دە خێڵەکە بلاوبوونەوە و وردە وردە لەگەڵ نەتەوەکانی تردا تێکەڵاوبوون. لەبەرهەمان هۆ ئەوانە ناو دەنێن: خێڵە ونبووەکانی ئیسرائیل: دوو خێڵی باشوور پاشایەتی یەهوودیان پێك هێنا. پاشایەتی یەهوود تا ساڵی ٥٨٦ی پێش زایین کە بابلییەکان لە ژێر فەرمانی بوخت ئەلنەسردا هێرشیان کردە سەریان، سەربەخۆ بوون. بوخت ئەلنەسر ئورشەلیمی وێران و خراپ کرد و یەهوودییەکانی بەدیل گرت. بە دیل گرتنی یەهودییەکان لە بابلدا سەردەمێکی خەماوی و مەینەتی بوو. یەکێك لە شاعیرەکان، خەمباری دیلەکانی یەهوودی بەم شێوەیە وەسف کردووە:

**لە کەنار رووبارەکانی بابلدا دادەنیشتین،**
**چنگمان لەدار بیبیەکانەوە دەئالاند،**
**چونکە ئەوانەی ئێمەیان بە دیلی بردبوو،**
**سروودیان لە ئێمە دەویست،**
**ئەوانەی ئێمەیان تالان کردبوو،**
**شادمانیان لە ئێمە دەویست:**
((لە سروودە سەهیونییەکانتانمان بۆ بڵێین))
**چۆن سروودی خوایەتی لە زەوییە بێگانەکاندا بڵێین**
**ئەگەر تۆ ئەی ئورشەلیم پشت گوێت خەم،**
**ئەوکاتە دەستی راستم دەبردرێتەوە،**
**ئەگەر یادی تۆ نەکەمەوە، ئەوکاتە، زمانم بە مەلاشووم دابنووسێت،**
**نەفرەت لە تۆ ئەی کچی بابل،**



**خۆزگەم بەوەی سزای تۆ دەدات،**
**بەو شێوەیەی کە تۆ سزای ئێمە دەدەی.**
**خۆزگەم بەوەی منداڵی تۆ دەگرێت و دەیانکێشێت بە تاشە بەردەکاندا.**

پاشان بابلییەکان بە دەستی پاشایەتی کووروش تێکشکان، یەکێك لە یەکەمین کاری کووروش، ئازادکردنی یەهوودییەکان و مۆڵەتی گەڕانەوە بۆ فەلەستین و نوێکردنەوەی بینایەی ئورشولیم بوو. عیبرییەکان لە دوای ئازادبوونیان لە دیلێتی لە بابل ئیتر پێیان دەوترا یەهوودی. پاشان فەلەستین لەلایەن یۆنانییەکان و دواتر لە لایەن رۆمەکانەوە داگیرکرا. رۆمەکان ئورشەلیمیان وێران کرد و یەهوودییەکانیان لەوێ دەرکرد.

## بیروباوەڕی عیبرییەکان لە بارەی جیهانەوە

عیبرییەکان لە چاخەکۆنەکاندا، میللەتێکی یەکگرتووی وەك دراوسێکانی خۆیان پێك نەهێنا، گەورەترین دیاری عیبرییەکان بۆ جیهان، مەزهەب و بروایان بوو بەیەك خودا، نووسینە پیرۆزەکانی ئەوان چاخی دێرین ((عهد عتیق)) یان کتێبی پیرۆز پێك دەهێنێت، مەزهەبی عیبرییەکان پێ لەسەر لێپرسراوێتی مرۆڤ دادەگرێت بەرامبەر بە خودا و هاوشێوەکانی تری ((تۆ دەبێت خودات بە دڵێکی پاك، بە گیانێکی پاك و بێگەرد و بڕوایەکی پتەوەوە، خۆش بوێت))، ((تۆ دەبێت دراوسێکەت وەك خۆت خۆش بوێت)).

زۆرجار عیبرییەکان پەرستنی یەك خوایان پشتگوێ دەخست و کاری ناڕەوایان ئەنجام دەدا. لە ئەنجامی ئەمانەوە کۆمەڵێك مامۆستا لە ناو عیبرییەکانەوە سەریان هەڵدا کە پێیان دەوترا پێغەمبەر ((نبی)) و ئەوان ئامۆژگاری خەڵکیان دەکرد بۆ ڕێگەی ڕاست. دیارترین پێغەمبەر ((نبی اشعیاء)) بوو ئەو لە ماوەی چل ساڵدا کە لە ئورشەلیم دەژیا و ئامۆژگاری خەڵکی دەکرد و زانیاری پێ دەبەخشین ((نبی اشعیاء)) لە ئارەزووی رۆژێکدا بوو کە شەڕ و دوژمنایەتی تەواو بێت. حکوومەتی رۆح و گیان فەرمانڕەوا بێت. ئەو دەیوت: ((میللەتەکان شمشێرەکانی خۆیان بەگاسن. نەیزەکانی خۆیان بە داسولکە دەگۆڕن. نەتەوەیەك شمشێر بۆ نەتەوەیەکی تر هەڵناگرێت و ئەوکاتە ناوی جەنگ نامێنێت)).

لە باکووری نێوان دوو رووباردا، دەشتێکی باریك لە کەناری رۆژهەلاتی دەریای ناوەڕاستدا هەیە. ئەم زەوییە ناوەکەی لەو درەختە ئارامانەوە وەرگیراوە کە بە درێژایی کەنارەکە گەشەیان دەکرد: ((فنیقییە)) کە بە مانای سەرزەوی درەختە ئارامەکان دێت. شاخەکانی لوبنان

دەکەوێتە ڕۆژهەڵاتی ئەم ناوچەیەوە. ژیانی فنیقییەکان زۆر سەخت بوو بە هۆی ئەو شاخە تاشەبەردینانەی کە چوار دەوری زەوییەکەیان دابوو، لە ئەنجامدا روویان کردە دەریا و زۆربەی ئەوانە بوون بە ماسیگر.

ئەم ماسیگرە دێرینانە کەشفێکی سەرنج ڕاکێشیان کرد، لە نزیک کەناری دەریایی ناوەڕاست، گوێچکە ماسی سەدەفداریان دۆزییەوە. لەناو سەدەفەکەدا. لە نزیک سەری ئەم گیانەوەرە بچووکەدا. کیسەیەکی بچووك لەشلەیەکی ڕەنگی سووری هەبوو فنیقییەکان کەشفیان کرد کە دەتوانرێت لەم شلەیە، ڕەنگی سووری جوان یان ئەرخەوانی دروست بکرێت. بۆ دروستکردنی بڕێکی کەم ڕەنگ، دەبوایە ژمارەیەکی زۆر سەدەفیان کۆبکردایەتەوە. کاتێك پاشەکەوت کراوەکانی ناوچەیەك تەواو دەبوو، ماسیگرە فنقییەکان بۆ دوورتر و تەنانەت هەندێك کەناری دراوسێکانیشیان دەچوون. بەم شێوەیە گوندەکانی ماسی گرتن یەك لە دوای یەکتر لە کەنارەکاندا دروستبوون و وردە وردە هەندێك لەوانە گۆڕان بۆ شاری زۆر گەورە یەکێك لە گرنگترین شارەکان ((صورە و صیدون)) بوو چونکە ئەم ڕەنگە زیاتر لە شاری صور ((یان رەش)) دروست دەکرا. بە ئەرخەوانی مەیلەو ڕەش ناسراوە.

پارچە ئەرخەوانی مەیلەوڕەش ناوبانگی گشتی و تایبەتی هەبوو. لە هەموو شوێنێك خەڵکێکی زۆر خوازیاری بوون وەك پارچەیەکی زۆر قەشەنگ. ئەوەندە بە جوانیان دەزانی کە کەوایی پاشاکانیشیان لەوە دروست دەکرد.

فنیقییەکان لە ڕێگەی ئاوە نزیکەکانی نیشتمانی خۆیانەوە. بۆ ناوچە دوور دەستەکان دەچوون. لەبەر ئەمە پێویستییان بە کەشتی گەورەتر و بەهێزتر بوو بۆ سەفەرە درێژخایانەکان، بەڵام خۆشبەختانە لەو نزیکانەدا لە شاخەکانی لوبنان دارسنەوبەرە بەرزەکان هەبوو کە زۆر گونجاو بوو بۆ دروست کردنی کەشتی. کەشتی فنیقییەکان چارۆکەی گەورەی شێوە چوارگۆشەی ڕەنگاوڕەنگی هەبوو. کە بە ڕەنگە سوورە درەوشاوەکان، ئەرخەوانی و شین دەڕازایەوە. کاتێك کە با هەڵی نەدەکرد. سوودیان لە سەوڵەکانیان وەردەگرت.

بۆ جووڵاندنی بەلەمە گەورەکان سوودیان لە ژمارەیەك سەوڵ وەردەگرت هەر کەسێك سوودی لەیەك سەوڵ وەردەگرت و بەم شێوەیە سەدان سەوڵ لێدەر لە بەلەمەکەدا دادەنیشتن.

سەوڵ لێدەرەکان بەڕیز لەسەر کورسییەکان دادەنیشتن و سەوڵەکانیان بە کونەکانی قەراغ بەلەمەکەوە جێگیر دەکرد، زۆرجار لەهەرلایەکەوە دوو یان سێ ڕیز سەوڵ لێدەر هەبوو. لە ناوەڕاستی بەلەمەکەدا پیاوێك بە تەپڵ لێدان هاوئاهەنگییەکی لە نێوان سەوڵ لێدەرەکاندا



دروست دەکرد، بە شێوەیەك کە هەموویان لە یەك کاتدا سەوڵیان لێدەدا. بەلەمێك کە لە هەر لایەکییەوە دوو ریز سەوڵی هەبوایە پێیان دەوت بەلەمی دوو سەوڵی و بەلەمێك کە هەر لایەکی سێ ریز سەوڵی هەبوایە پێیان دەوت بەلەمی سێ سەوڵی.

## نەتەوە بازرگانەکان

فنیقییەکان بوونە یەکەمین بازرگانەکانی جیهان. کەشتییەکانی ئەوان هەموو کەنارەکانی دەریای ناوەڕاستی دەبڕی و بارەکانی زێڕ، زیو، برۆنز، بەردە بەنرخەکان. ئابنووس، تەختە دەگمەنەکان، عاج، دەرمان و عەترەکانیان هەڵدەگرت، بازرگانە فنیقییەکان بە هەندێك لە دورگەکانی ئیتالیا، ئیسپانیا و هەموو کەنارەکانی ئەفریقیادا هاتووچۆیان دەکرد و لە هەر شوێنێکدا کە بۆ بازرگانی گونجاو بوایە دەوەستان. نووسەرێکی ئەو ڕۆژگارە شێوەی بازرگانی فنیقییەکانی بەم شێوە وەسف کردووە: ((ئەوان کەلوپەلەکانی خۆیان لە کەشتی دەهێنایە دەرەوە و لە کەنارەکاندا بڵاویان دەکردەوە پاشان دووکەڵیان بەرز دەکردەوە دانیشتوانی ئەو ناوچەیە بە بینی دووکەڵ دەهاتن بۆ کەنارەکە و کەلوپەلەکانی ئەوانیان دەبینی.

لەبەرامبەر نرخی شتەکاندا، زێڕیان دادەنا و دەچوونە ئەولاوە. پاشان فنیقییەکان دەهاتنەوە بۆ کەنارەکە و لە چەندێتی زێڕەکەیان دەکۆڵییەوە، ئەگەر ئەندازەی زێڕەکە تەواو بوایە. ئەوەیان هەڵدەگرت و دەڕۆیشتن بەڵام ئەگەر ئەندازەی ئەوەیان بە تەواو نەزانیایە، دەگەڕانەوە بۆ لای کەشتییەکانی خۆیان و لە هەمان شوێندا بە چاوەڕوانی دەمانەوە. یەکسەر دانیشتوانی کەنارەکە دەهاتنەوە و ئەندازەی زێرەکەیان زیادتر دەکرد. ئەم مامەڵەیە ئەوەندە درێژەی دەبوو تا فنیقییەکانیان ڕازی دەکرد کە ئەندازەی زێرە پێدراوەکە تەواو و گونجاوە.

فنیقییەکان بۆ هەر شوێنێك دەچوون. سەنتەری بازرگانییان دروست دەکرد. زۆری نەخایاند کە کەنارەکانی دەریای ناوەڕاست پڕبوو لەسەنتەرەکانی ئەوان، زۆرجار دەریانەوانەکان بە دوای دەستکەوتنی کەرەستەی باشترەوە بوون، بە ڕێرەوێکی باریکی کۆتایی دەریای ناوەڕاستدا تێدەپەرین کە ئێستا پێی دەوترێت چیای جەبەل ئەلتاریق. ئەم ڕێرەوە دەریاییە دەوری دوو تاشەبەردی گەورەی دابوو. کە خەڵکی دونیای کۆن بە ئەوانەیان دەوت ستوونە پاڵەوانەکان، دەریاوانە فنیقییەکان بەبەلەمە چارۆکەدار — سەوڵدارە گەورەکەی خۆیان لە ڕێگەی ئەم چیایەوە دەچوونە ناو ئۆقیانووسە گەورە نەناسراوەکانەوە و لەوێوە بەرەو ڕۆژئاوای ئەورووپا دەکەوتنە ڕێ. دەگێرنەوە ئەوانەی لەلای باکوورەوە هەتا دورگەی ئینگلیز بەرەو پێشەوە

دەچوون و کەلوپەلەکانی خۆیان بە قورقوشم دەگۆڕییەوە کە بۆ دروستکردنی کەرەستە بڕۆنزییەکان زۆر بوو، چونکە دەریاوانەکان جگە لە خۆر لە ڕۆژدا و ئەستێرەکانی باکوور لەشەودا، کەرەستەیەکی تریان بۆ ڕێنمایی کردنی کەشتی نەبوو.

## خوازیارانی شارستانییەت

فنیقییەکان لە سەفەرە بازرگانییەکانی خۆیاندا جگە لە کەلوپەلەکان لە کەشتییەکدا، شتی تریشیان لەگەل خۆیاندا دەهێنا. چاوپێکەوتنیان لەگەڵ خەڵکە جیاوازەکاندا دەکرد، ئایدیا و شێوازی نوێ فێربوون و بەنۆبە ئەم زانیارییە نوێیانەیان بۆ ئەو خەڵکانە دەگواستەوە کە بازرگانییان لەگەڵدا دەکردن. بەم شێوە زانیاری میسرییەکان و ئاسایی ڕۆژئاوایان لە سەرتاسەری وڵاتە دراوسێکانی دەریای ناوەڕاستدا بڵاودەکردەوە لەبەر ئەوە ئەمانە ناو دەنێن ((خوازیارانی شارستانییەت)).

فنیقییەکان بۆ نووسینی مامەڵە بازرگانییەکانی خۆیان، شێوەی سادەیان بەکاردەهێنا. سەرەتا سوودیان لە هێمای میسرییەکان وەردەگرت. وردەوردە لە هەندێك دراوسێی خۆیانەوە فێری هێمایی سادەتربوون بۆ نووسین، دواجار لە شوێنێکی ڕۆژئاوای ئاسیادا سیستەمێکی ڕێکوپێکی سادەتریان دۆزییەوە کە دەیانتوانی هەموو وشە پێویستەکان تەنیا بە بیست و دوو پیت بنووسن. بازرگانی فنیقی لە ناوچەکانی تردا پاپیرۆسە بچووکەکانیان بەسەر شانی خۆیانەوە هەڵدەواسی کە هێما ڕۆژئاواییەکانیان لەسەر ئەوانە دەکێشا لە کاتی مۆڵەتدان دەردەکەوتن. وردە وردە فنیقییەکان فێربوون کە بە پیتی سادە بنووسن. بەم شێوەیە ئەلف و بێی فنیقییەکان گەیشتە یۆنان. ڕۆمەکان ئەوە لە یۆنانییەکانەوە فێربوون و لە ڕێگای ڕۆمەوە بۆ وڵاتانی تری ئەورووپا و لە دواییشدا بە ئەمریکا گەیشت. ئەم ئەلف و بێیە بە درێژایی سەدە یەك بەدوای یەکەکاندا گۆڕانی زۆری بەسەردا هات چونکە هەر میللەتێك بە پێی پێویستییەکانی خۆی گۆڕانی تێدا کردووە.

## دروستکەرانی ئیمپڕاتۆرییەت

کاتێك بابلییەکان و ئاشوورییەکان، لە کەناری ڕووبارەکانی دیجلە و فوراتدا ئیمپراتۆرییەتێکی پێشکەوتوویان جێگیرکردبوو، چەند خێڵێکی ئازا بە ناوی مادەکان و



فارسەکان، ناوچەیەکی ڕۆژهەڵاتی کەنداوی عەرەبیان بۆ نیشتەجێ بوونی خۆیان هەڵبژارد. فارسەکان وردە وردە بوونە خەڵکانێکی بەهێز. یەکێك لە پاشاکانیان بەناوی کوروش، ڕێگای سەرکەوتن و سەرفرازی کردەوە، ئەو لەگەڵ سوپا لێهاتوو و شارەزاکەیدا مادەکانی تێکشکاند، ئەگەرچی کوروش یاسای دادپەروەرانەی بۆ خەڵکە تێکشکاوەکە دانا. بەلام هەرگیز ڕێگەی پێ نەدان کە یاساکانی ئەو بشکێنن تەنانەت لە ڕۆژگاری ئەمرۆشدا زۆرجار خەڵکی قسە لەسەر ((یاسایی مادەکان و فارسەکان)) دەکەن کە مەبەستیان یاساکەیە کە ناتوانرێت بشکێنرێت.

کوروش بڕیاری داگیرکردنی بابلیدا. لە دوای ئەوەی کە بوخت ئەلنەسر سەرکەوتووبوو، بابلی بەهێز و بە توانا کردبوو. جێنشینی ئەو پاشایەکی بێ هێز بوو بە ناوی بلشازار. کوروش بە هاوکاری سیخوڕەکانی خۆی شاری بابلی خستە ژێر دەسەڵاتی خۆیەوە.

لەیەکێك لە نووسینە عیبرییەکاندا داستانێکی سەرنج ڕاکێشیان لە بارەی چۆنێتی سەرکەوتنی کوروش لە دەست بەسەراگرتنی شاری بابلدا گێڕاوەتەوە. شەوێك بلشازار میوانداریێتییەکی ڕێکخست بوو. میوانەکان خەریکی بەسەربردنی کاتێکی خۆش بوون. کە لە ناکاو بێ دەنگییەك دایگرتن. هەموویان چاویان بری بووە، پەنجەیەك کە لەسەر دیوارەکە بۆ سەرەوەو خوارەوە دەهات و دەچوو. پەنجە ڕەمزدارەکە ئەم وشانەی نووسی ( Mene, Mene,Tekel, upharsin) هیچ کەس لە میوانەکان لە مانایی ئەم وشانە تێ نەدەگەیشت، بلشازار بە پەلە ناردی بە دوایی زیرەکەکاندا و بەم شێوەیە بە ئەوانی وت: (هەر کەسێك مانای ئەم نووسینانە شی بکاتەوە و تەعبیری ئەوەم بۆ بکات، کراسێکی خوری و زنجیرێکی زێڕی پاداشت دەکرێت و لەدواییشدا دەبێتە سێیەمین پاشای ئەم ناوچەیە، لەگەڵ ئەوەشدا هیچ یەکێك لەوانە نەیانتوانی لە مەبەستی ئەم وشانە تێ بگەن. لاوێکی بەناوبانگی عیبری کە ناوی دانیل بوو، ڕۆحی خوایەتییان کردە لەشییەوە، بەم شێوەیە دەیخوێندەوە و شی دەکردەوە (Mene) واتە خودا کۆتایی هێناوە بە حکومەتەکەی تۆ، (Tekel ) واتە تۆ بارێکی گران بووی بۆ هاوسەنگی ئاسمان و دەبێت کەم ببیتەوە (uphqrsin ) واتە حکومەتەکەت دابەش دەبێت و دەدرێت بە مادەکان و فارسەکان.

لەبیرتانە کە بوخت ئەلنەسر دیوارە بەهێزەکانی بە دەوری شاردا دروستکردبوو تا شار بپارێزێت، کوروش نەخشەیەکی کێشا، کە لەگەڵ بوونی دیوارە پتەوەکانیش دا بچێتە ناوشارەکەوە، ڕووباری فورات بە ژێر یەکێك لە دیوارەکانی شاردا ڕۆیشتبوو. کوروش فەرمانی

بەسەر پیاوەکانی خۆیدا دا تا ڕێڕەوی ئاوەکە بەلای کەنداوەکەی کە هەڵیان کەندبوو، وەرگێڕن، کاتێك ئاوی ڕووبارەکە بە تەواوی کەم بۆوە، سوپاکانی ئەو لە توانایاندا بوو لە ڕێگەی ڕێڕەوی ڕووبارەکەوە، بچنە ناو شارەکەوە، بەم شێوەیە لە ساڵی ٥٣٩ی پێش زایینـدا ئێرانییەکان دەستیان گرت بەسەر بابلدا.

جێگرەکەی کوروش، کورەکەی کامبیزا «کەمبوجیە» بوو، وە لە دوای ئەو داریوش لەسەر تەختی پاشایەتی ئێران دانیشت، داریوش یەکەمین پایتەختی لە پۆرسپولیس لە ڕۆژهەلاتی کەنداوی عەرەبدا بنیات نا. لە دوای ئەوەی کە فتوحاتی کرد، ((شوش))ی کردە پایتەختی خۆی کە لە کەناری یەکێك لە لقەکانی ڕووباری فورات دابوو. لە پۆرسپولیس کۆشکێکی گەورە و لە شوش شوێنی نیشتەجێ بوونی مەزنیان بنیات نا. ئەم کۆشکانە بە پەیکەرەکان و خشتە بریسکەدارەکان ڕازێندرابوونەوە.

داریوش بۆ ناوچە جیاوازەکانی ئیمپراتۆرییەت، جادە ڕێك و تەختەکانی دروستکرد. سیستەمی پۆست لە حکومەتەکەیدا هەبوو کە لە توانایدا هەبوو پەیامەکان بە خێرایی بنێرێت بۆ دوورترین ناوچەی ژێر دەسەلاتی حکومەت. پۆستەچییەکان بە سواری ئەسپەکانیانەوە لە دووری کەمەوە جێگیربوون تاوەکو هیچ دواکەوتنێك ڕوونەدەدات. ڕاپۆرتێکی کۆن دەڵێت: «نەبەفر، نەباران، نەگەرما، نەتاریکی شەو نابێتە ڕێگر لەبەردەم خێرایی ئەو لێپرسراوێتییەی کە پێیان سپێردرابوو، یەکەم پەیامەکەی بە غاردان دەگواستەوە بۆ پۆستەچی دووەم، پۆستەچی دووەم بۆ پۆستەچی سێیەم و بەم شێوەیە پەیامەکە بەرەو پێشەوە دەچوو. و لە یەکێکەوە بۆ یەکێکی تر، دەست بە دەست دەگوێزرایەوە».

پیاوە خاوەن پلەوپایەکانی پاشایەتی سەردانی ناوچە جیاوازەکانیان دەکرد تاوەکو ڕاپۆرت لەسەر سەرپێچیکەرەکان بدەن، ئەم خاوەن پلەوپایانە، ((چاو و گوێی پاشا))یان دەخوێندەوە.

داریوش، ئێرانی گۆڕی بۆ گەورەترین و بەهێزترین ئیمپراتۆرییەت لە جیهانـدا، میسر و بابل و ئاشوور بەشێك بوون لە ئێران و فراوانی ئەوە لە سنوورەکانی هیندەوە تا کەنارەکانی یۆنانی گرتەوە. ئێرانییەکان لە خۆیان بایی بووبوون و شانازییان بە خۆیانەوە دەکرد کە ئیمپراتۆرەکەیان «تا باشوور، ئەو شوێنەی مرۆڤ لە گەرما بێزارە و تا باکوور، ئەو شوێنەی کە مرۆڤ لەسەرما بێزارە، فراوانە».

# بەشی چوارەم

# شارەکانی یۆنان لە چاخی دێریندا

# دەوڵەت - شارەکانی هیلاس

وڵاتی بچووکی یۆنان دەکەوێتە باشووری رۆژهەڵاتی ئەورووپاوە، لە چاخی دێریندا بە خەڵکەکەیان دەوت هیلینی و بە وڵاتەکەشیان دەوت هیلاس، خەڵکانی ئەم ناوچە بە دوای لەوەڕگاکاندا دەگەڕان بۆ ئاژەڵدارێتی لە لەوەڕگاکانی باکوورەوە کۆچیان کردبوو، وە هەر کاتێك دەگەیشتنە ناوچەیەکی بەپیت تیایدا نیشتەجێ دەبوون. یۆنانییەکان بەسەرتاسەری دورگەکانی دەریای ئیجە و تەنانەت بە کەنارەکانی ئاسیاشدا بڵاوبووبوونەوە.

ئەوان یەکەمین میللەتی ئەورووپایی بوون کە بوونە خاوەنی شارستانییەت و شارستانییەتەکەیان کاریگەرییەکی گەورەی لەسەر باقی وڵاتەکانی تری جیهان بەجێهێشت.

یۆنان وڵاتێکی قەشەنگە شاخە بەرزەکان لە هەموو لایەکەوە دەوری دەدەن. رووبارە جوانەکان لە دەشتە بچووکەکانەوە بەناو شاخەکاندا دەڕۆن. پێشکەوتنەکانی لەبواری دەریاوانیدا، ژمارەیەك دورگەی لەزۆربەی شوێنە دوورەکاندا، دروستکردبوو. لەبەر ئەمە دروستکردنی نەتەوەیەکی یەکگرتوو، یەکپارچە زەحمەت بوو. هاتووچۆ لەم بەشی وڵاتەوە بۆ ئەو بەشی وڵات قورس بوو، لەبەرئەمە هەر شارێك بە چەند شارۆچکەیەك دەورە درابوو، دەوڵەتێکی بۆ خۆی پێکهێنابوو. خەڵکی هەر ناوچەیەك بەشێوەیەك بیری دەکردەوە و کاری تایبەت بە خۆیان هەبوو. و دەوڵەت پارێزگاری لە شارەکانی خۆی دەکرد.

دەوڵەت– شاری زۆر لە یۆنان دا هەبوو، بەڵام لە هەموویان گرنگتر ئەسپارت و ئاتن بوو. ئاشنا بوون بەم دووشارە و ناسینی خەڵکەکەیان سەرنج راکێشە چونکە بیرورای جیاوازیان لە بارەی شێوەی ژیان و جۆری دەوڵەتەوە هەبوو.

ئەسپارت بە پێچەوانەی زۆربەی شارەکانی یۆنانەوە کە ئاسایی لەسەر گردێك دروست دەبوون. ئەو لە دەشتێکی پان و بەرین دابوو. دەوڵەت شاری ئەسپارت لە هەموو لایەکەوە بە دراوسێکانی دەورە درابوو کە جەنگ و دوژمنایەتی زۆریان لەگەڵدا کردبوو لەبەرئەمە خەڵکی ئەسپارت بەردەوام چاودێری زیادەڕۆیی دوژمنەکانی خۆیان بوون. بەم حاڵەشەوە بۆ بەرگریکردن دیواریان بە دەوری شاردا دروست نەکردبوو، ئەسپارتییەکان لە خۆباییانە شانازییان بە



خۆیانەوە دەکرد کە شارنشینی ئازا و دلێریان لەبەر دەست دایە، پێویست ناکات کە بۆ بەرگری کردن لەشار دیوار بە دەوریدا لێ بدرێت.

خەڵکی ئەسپارت جەنگاوەری بەهێزبوون کە هەمیشە لە پێناو شارەکەیاندا ئامادەی نەبەردبوون، خەڵکی ئەسپارت گرووپی شەڕکەریان پێکهێنابوو، بەیەکەوە دەژیان لەسەر مێزێك نانیان دەخوارد و لە بینایەکدا دەخەوتن، کاتێك شەڕکەرێك لە جەنگدا دەکوژرا، ئەویان دەکردە سەرقەڵغانێك و دەیانبردەوە بۆ ماڵەوە. دایکانی ئەسپارت کە کوڕەکانی خۆیان بەجەنگ دەسپارد بەم شێوەیە خواحافیزیان لێ دەکرد: ((بە قەڵغانەوە یان لەسەر قەڵغان بگەڕێرەوە)) مەبەستیان ئەوەبوو کە کوڕەکان نابێت ترسنۆك بن و قەڵغانی خۆیان لە کاتی هەڵهاتندا لە دەست بدەن، بەڵکو دەبێت ئەوە بە شانازییەوە بۆ ماڵەوە بگەڕێننەوە و یان مەیتەکانیان لەسەر ئەوە بۆماڵەوە بگەڕێندرێتەوە.

خزمەت لە رێگای دەوڵەتدا لە پێش هەمموو شتێکەوە بوو. نووسەرێکی یۆنانی لە بارەی ئەسپارتییەکانەوە دەیوت: ((هیچ کەسێك ناتوانێت بە ئارەزووی خۆی بژیت، شار وەك ئۆردوگایەکی گەورە وابوو، کە لەوێ هەموان لەو باوەڕەدابوون کە پێناوی نیشتمانەکەیاندا لە دایکبوون، خەڵکی وەك هەنگەکان بە شێوەیەکی غەریزی و تەنیا بۆ بەرژەوەندی گشتی، هەوڵیان دەدا. ئارەزووی بە دەست هێنانی شانازی خۆبەخت کردن لە پێناوی نیشتماندا لەوان جیانەدەبۆوە و هەمموو ئارەزوویان لە پێناو نیشتمانەکەیاندا بوو)).

ئاتن لە نزیك دەریا و بەشێکی ئەو لەسەر گردێکی سەرەو لێژ بەناوی ئاکرۆ پۆلیسەوە بنیات نرابوو. لەم ناوچەیەدا بە ئاسانی دەتوانرا بەرگری لەشار بکرێت و لە ئەنجامدا پێویست نەبوو خەڵکی ئاتن وەك ئەسپارتییەکان کاتێکی زۆری خۆیان بۆ خۆ ئامادەکردن بۆ جەنگ تەرخان بکەن. ئاتنییەکان جەنگاوەری دلێربوون. بەڵام لەپاڵ جەنگیشدا ئارەزووی بابەتەکانی تریشیان دەکرد. گوێیان لە شیعری خۆش دەگرت. سەیری نمایشە جوانەکانیان دەکرد و چێژیان لە بەخششەکانی ژیان وەردەگرت.

ئاتنییەکان بۆ هەر شوێنێك دەچوون لەگەڵ دانیشتوانی ئەو شوێنەدا بە بازرگانییەوە خەریکی مامەڵەی کڕین و فرۆشتن دەبوون. شارەکەیان وردەوردە دەوڵەمەند و سەرفراز بوو بازاڕ لە ناوەڕاستی شاردا لە مەیدانێکی کراوە و بەردیندا بوو، و قەرەباڵغ و پڕ لە هات و هاوار و دەنگەدەنگ بوو. پیاوەکان هاوڕێکانی خۆیان لەوێدا دەبینی و لە بارەی مەسەلەکانی رۆژەوە گفتوگۆیان لەگەڵ یەکتردا دەکرد. خەڵکی دەوروبەری شار، لە بازاڕدا سفرەیان دادەخست و

میوه و جۆرەکانی سەوزەیان دەفرۆشت، ماسیگرەکان سەبەتە پڕ لە ماسییە تازەکانیان دەهێنا بۆ بازاڕ و شەراب و رۆنی زەیتون و شیری بزن و هەنگوینی پوختی شاخەکانیان لە پێشانگانی فرۆشتندا دادەنا.

لەشەقامە تەسکەکانی بازاڕدا دووکانی پیشەگەرەکان هەبوو کە لەوێدا خەریکی مامەڵەی کڕین و فرۆشتن بوون لە شەقامێکی تردا گۆزەگەرەکان بە چەرخی گۆزەگەرییان خەریکی کاربوون. لە نزیك شاری ئاتن گڵێکی رۆسی تایبەت هەبوو کەلەوە دەفری قوڕینی جوانیان دروست دەکرد. ژنە جوان و میهرەبانەکانی ئاتن، گوڵدانەکانیان دروست دەکرد کە بە هۆی نەخشە و ئەندازە جوانەکانیانەوە هێشتا بەبەشێك لە شوێنەواری هونەری دەژمێردرێن. لەسەر شەقامێکی تر دارتاشەکان، مێز و کورسی و تەختە و سندوقەجوانەکانیان دروست دەکرد. پەیکەرتاشەکان، زێرەنگەرەکان، پینەچییەکان و پیشەگەرەکانی تر لە دووکانە بچووکەکانی خۆیاندا خەریکی دانوستاندن بوون.

## خانووەکان و کێڵگەکانی یۆنان

ئاو و هەوای یۆنان بە شێوەیەك فێنك بوو، کە خەڵکی زۆربەی کاتەکانیان لە دەرەوەی خانووەکان بەسەر دەبرد. خانووەکانیان یەك قات بوو، وە سەقفێکی تەخت و رێکیان هەبوو. کە لە قوڕی رۆسی وشك بۆوە لە بەرهەتاو دروستکرابوو. خانووەکانیان پەنجەرەی نەبوو. دەرگا بە رووی ناوەوەدا کە سەر بە تاڵ بوو، دەکرایەوە، خەڵکی ماڵ زۆرترین کاتی خۆیان لەم حەوشەیەدا بەسەردەبرد، ژوورەکانی نووستن بەچوار دەوری حەوشەکەدا بوو.

پێویستییەکانی ماڵ زۆر سادەبوو تەنیا لە چەند تەختە و مێز و کورسی پێکدەهات ماڵەکانیان بە تاوەی تایبەتی کە خەڵوزی ئاگراوی تێدا بوو لە شوێنێکی سەر زەوییەکە دایان دەنا، ماڵەکەیان پێ گەرم دەکردەوە. لەو خانوانەی کە ئاوی نەبوو. بەم لا و ئەولای شەقامەکاندا فوارەیان دانابوو کە لەوێوەوە خزمەتکارەکان ئاویان بە گۆزە بۆ خێزانەکان دەهێنا.

هەژارترین خێزانیش بەندەی هەبوو کە بەشێکی زۆری کارەکانیان ئەنجام دەدا. بەندەکان لە زۆربەی ناوچەکاندا وەك ئەندامێکی خێزانەکە هەڵسوکەوتیان لەگەڵدا دەکرا. لە ناو بەندە بە سالآچووەکاندا یەکێك ناودەنرا ((نەنە)) ئەرکی سەرپەرشتی کردنی منداڵەکانی لە ئەستۆ دەگرت و فێری رەوشتی جوانی دەکردن. کوڕەکانی دەبرد بۆ قوتابخانە و هەتا دەرس تەواو دەبوو، لە پۆلەکەدا دادەنیشت.



ناوچە کشتوکاڵییەکان بە جموجۆڵی گوندە بچووکەکانی کە دەوری شاریان دابوو، گەشەیان کردبوو، جووتیارەکان لە دۆڵەکاندا دارودەوەنی زەیتوون کێڵگەی گەنمیان هەبوو ناشتن و بەرهەمی زەیتون لە هەموویان گرنگتربوو چونکە یۆنانییەکان زەیتوونیان لە زۆر شتدا بەکاردەهێنا. وەك بۆ ئامادەکردنی چێشت لەجیاتی کەرە. بۆ شتن لە جیاتی سابوون و بۆ رووناکی چرا کەم گڕەکانی خانووەکانیان سوودیان لێ وەردەگرت.

لەقەدپاڵی گردەکاندا داری مێویان دەناشت لە کۆتایی هاویندا ترێکانیان لێ دەکردەوە و دەیانکردە کوپەڵەی گەورەکانەوە پاشان ئەوەندەیان دەکوتا تا ئاوەکەی بێتە دەرەوە. پاشان ئاوی ترێکەیان دەکردە گۆزەیەکەوە و دایان دەنا تاوەکو بترشێت و ببێتە شەراب.

## باڵغ بوون لە ئەسپارت و ئاتندا

پەروەردە و فێرکردنی کور و کچەکان لە ئەسپارت بە تەواوی جیاواز بوو لەگەڵ ئاتندا ژیانی کوڕانی ئەسپارتییەکان زۆر وەڕسکەربوو، کاتێك کۆرپەلەیەك لە دایك دەبوو، ئەنجوومەنی پیاوە ئاقڵەکان سەیریان دەکرد. ئەگەر بێ هێز و لاواز بەرچاو بکەوتایە، ئەویان دەبرد بۆ شاخە دوور دەستەکان و لە هەمان شوێندا دایان دەنا تاوەکو بمرێت.

منداڵە بەهێز و جوانەکانیشیان بەم فەرمانە دەیاندایەوە بە دایك و باوکی: (ئەم منداڵە بۆ ئەسپارت بەخێو بکەن).

کوڕەکانیان لە حەوت ساڵیدا، لەدایك و باوکیان وەردەگرت و لە خوێندنگا گشتییەکاندا لەگەڵ منداڵەکانی تردا گەورەیان دەکرد، کوڕەکان تا ئەوکاتەیی دەبوون بە پیاو دەبوایە لەوێدا نیشتەجێ بوونایە. لەم خوێندنگا گشتییانەدا، راهێنانە سەربازییە جیاوازەکانیان پێدەکردن تا بەهێزبن. فێربوون بەرگەی هەموو جۆرە سەختییەك بگرن، لە ئاوی سارد و لافاوەکانی رووباردا مەلەیان دەکرد، لەسەر ئەو قامیشانە دەخەوتن کە لە کەناری رووبار کۆیان کردبۆوە، فێردەبوون بەبێ گلەیی و شکات بەرگەی ئازاربگرن، مرۆڤە ترسنۆکەکانیان سەرزەنشت دەکرد و مرۆڤە ئازاکانیان ئافەرین دەکرد. بەشێکی زۆری کاتەکانیان بۆ فێربوون و زانیاری راهێنانە وەرزشییەکان تەرخان کرابوو تا سەربازی باشیان لێ دەرچێت. کورەکانیان لە هەژدە ساڵیدا، بە مرۆڤێکی باڵغ بوو دەزانی. ئەم کوڕانە لەم تەمەنە بە دواوە ئامادە بوون کە گیانیان لە رێگەی ئەسپارت بەخت بکەن.

کچە ئەسپارتییەکانیش تا رادەیەك بە هەمان توندی و جددییەت پەروەردە دەکران. ئەوانەیان لە ژمارەیەك راهێنانی وەرزشی وەك راکردن و زۆرانبازی و بۆکسێن و.. هتد بەشداری پێ دەکرد. بڕیار بوو هاوسەران و دایکانی باش بن و ئەگەر خۆیان نەیاندەتوانی بێن بە فیدایی شارەکەیان، دەبێت ئارەزوومەندانە خۆشەویستەکانی خۆیان بکەنە قوربانی.

یەکەمین شت کە کوڕەکان، لە ئەسپارت و ئاتندا فێر دەبوون، خوێندنەوە و نووسین و حیساب کردن بوو. لە جیاتی کاغەز سوودیان لەو لەوحانە وەردەگرت کەلایەکانی بە مۆمێکی تەنك داپۆشرابوو. بە ئێسقانێکی نووك تیژ کە پێی دەوترا قەڵەمبڕ، هێماکانیان لەسەر ئەوانە دەکێشا، کاتێك هەڵەیان لە نووسیندا دەکرد، بە مۆم سافیان دەکرد تا ئەو هەڵەیە بسڕدرێتەوە. کاتێك کارەکە تەواو دەبوو، هەموو لەوحەکانیان ساف دەکرد تا بۆ جاری دواییش سوودی لێ وەربگیرێت.

کوڕە ئاتنییەکان وەك کوڕە ئەسپارتییەکان لە حەوت ساڵیدا دەچوون بۆ قوتابخانە. ئەسپارتییەکان زیاتر پەرەیان بە جەستە دەدا نەك بەبیر لە کاتێکدا ئاتنییەکان بروایان بە پەرەپێدانێکی هاوکاتی بیروجەستە هەبوو. خەڵکی ئاتن بیریان دەکردەوە کە ئاشنایی بە شیعر و مۆسیقا یارمەتی تازەپێگەیشتووەکان دەدات تاوەکو ژیانێکی باشتر و بەختەوەرتریان هەبێت، کوڕەکان لە قوتابخانەدا فێر دەبوون کە شیعر لەبەر بکەن و گۆرانی بڵێن و ساز و مۆسیقا لێ بدەن و سەما بکەن.

مامۆستاکان گورج و گوڵانە کاریان دەکرد تا لەگەڵ بەرهەمهێنانی لەشێکی ساغدا، گەشە بە بیری قوتابییەکانی خۆیان بدەن. منداڵەکان لە پاش نیوەڕۆدا هەموویان بە جارێك دەچوون بۆ گۆڕەپانە جوانەکانی گەمەکردن کە لە دەرەوەی شاربوو. راهێنانە وەرزشی جیاوازەکانیان دەکرد. ئەوان بەم راهێنانە جەستەییانە، دەبوونە جەنگاوەری بەهێز و لەش ساغی ئایندە.

کوڕە ئاتنییەکان کاتێك دەبوون بەهەژدە ساڵ، بەشارنشینی ئاتن دەژمێردران، رێوڕەسمەکە بەم شێوەیە بوو کە لەبەردەم پەرستگای ئاتندا بە سوێندی رەسمی دەبوونە هاوپەیمان و بەڵێنیان دەدا کە خزمەت بە شارەکەیان بکەن:

ناهێڵین کە بەکاری خیانەتکارانە و ترسنۆکانە، بەلا و مەترسی رووبکاتە شارەکەمان.

بە تەنیا یان لەگەڵ ئەوانی تردا، بۆ ئامانجەکان و شتە پیرۆزەکانی ولاتەکەمان دەجەنگین.

ریز لە یاساکانی شار دەگرین و جێ بەجێیان دەکەین، ئێمە بێ دەستەوەستان هەوڵ دەدەین کە هەستی لێپرسراوێتی کۆمەلایەتی لە تەواوی ژیاندا بپارێزین.



ئێمە هەوڵ دەدەین شارەکەمان باشتر و گەشاوەتربێت لەو سەردەمی کە باوباپیرانمان بە ئێمەیان داوە بەو شێوەیە بیگوێزینەوە بۆ کوڕەکانمان.

کچەکانیان لە ماڵەوە دەمانەوە و زۆربەی کاتەکانیان بەفێربوونی چێشت لێنان و چنین و چاودێری کردنی ماڵ بەسەر دەبرد، چاوەڕوانی ئەوەیان لە ژنە یۆنانییەکان دەکرد کە تاڕادەیەك هەموو کاتەکانی خۆیان لە ماڵەوە بە سەربەرن و ئاگاداری لێپرسراوێتی یە ماڵدارییەکان بن.

## خواکانی یۆنان

یۆنانییەکان وەك زۆربەی خەڵکە دێرینەکان باوەڕیان بە ژمارەیەك خواهەبوو. لەو باوەڕەدابوون کە گرنگترین خواکان شوێنی نیشتەجێبوونیان لە شاخی ((ئۆلۆمپ)) دایە. شاخێکی بەرز و دڵفرێن کە هەور لووتکەکانی داپۆشی بوو کەوتبووە باکووری یۆنان.

بەبڕوای یۆنانییەکان، جیهان بەسەر سێ خودای بەهێزدا دابەش بووە: زیوس بەسەر ئاسمان و زەوییەکاندا فەرمانڕەوایی دەکرد، پوسیدون فەرمانڕەوایی دەریا و پلۆتۆ خودای جیهانی زێرین بوو واتە خودای ناوچەیەکی تاریك و ژێر زەوی کە رۆحی مردووەکان لەوێدا نیشتەجێن.

خوداکان بە لێپرسراوی هەموو رووداوەکانی سەر زەوی دەژمێردران. هەموو رۆژێك ئاپۆلۆ خوای خۆر، بە گالیسکە ئاڵتونییەکەوە بە ئاسماندا تێپەردەبوو تاوەکو جیهان رووناك و گەرم بکاتەوە. زیوس بارانی لە ئاسمانەوە دەنارد بۆ زەوی. پوسیدون تۆفانەکانی لە دەریادا هەڵدەکرد و پاشان ئارامی دەکردەوە، دمتر خودای خاك بوو هەموو گوڵ و گەنمەکانی لەزەوی بەپیتدا دەڕواند. دیونیسوس چاودێری رەزەکان بوو، وە ترێکانی پڕ دەکرد لە شیلەی شیرین. خوداکان بەم شێوەیە کاروباری مرۆڤەکانیان بەڕێوەدەبرد. مرۆڤەکانیان بەهۆی کارە خراپەکانیانەوە تەمێ دەکرد و یان هاوکارییان دەکرد لە کاری رۆژانەیاندا.

تاڕادەیەك هەر یۆنانییەك خوداو یەزدانی تایبەتی هەبوو کە دەپاڕانەوە و دیارییان پێشکەش بە قاپییەکەی دەکرد. شوان لە قاپی ((پان)) دەپاڕایەوە و داوای دەکرد ئاژەڵە باشەکانی بە خوری ئەستوور و نەرم پێ بدات. دەریاوان لە پێش سەفەرکردندا، لە قاپی پوسیدون دەپاڕایەوە کە با یارمەتیدەرەکان هەڵبکات. جووتیار داوای لە دمتر دەکرد کە بەروبوومی باشی پێ بدات. کاتێك گۆزەگەر کە گوڵدانەکانی دروست دەکرد و زەڕەنگەر کاتێك کانزایەکی دەڕازاندەوە دەستیان بە پاڕانەوە دەکرد.خەڵکی ئاتن، ((ئاتنا))یان بە گرنگترین خودا دەزانی. لەبەر ئەمەش ناوی ئەویان

لەشارەکەیان نا. هەر چوار ساڵ جارێك جەژنێکی پڕ شکۆیان بۆ گەورەیی ئەم خودایە دەگێڕا. ئەم جەژنە چەند ڕۆژێکی یەك بە دواییەك درێژەی دەکێشا و دوایەمین ڕۆژ بە ریزە بەشکۆکانی خەڵکی تەواو دەبوو، کە هەموو ئاتنییەکان لەوێدا بەشدار دەبوون. ریزی خەڵکی بەشەقامە سەرەکییەکاندا تێدەپەڕی و پاشان بەلای ئاکرۆپۆلیسدا ئاڕاستەیان دەگۆڕی. لەبەردەم ریزەکە کەشتییەك لەسەر ڕەوڕەوە دەجوولاً، ستوونەکانی کەشتییەکە بەپارچەی جوانی وەك چارۆکە کە کچەلاوەکان بۆ خڕی ئاتنیان چینی بوو، دەڕازاندەوە. پاشان گایەلی مانگەکان و مەڕەسپییەکان وەك بەفر، بەدوای کاهینەکاندا بە جلوبەرگە درێژەکانیانەوە بۆ پێشکەشکردن دەچوون، لە پشت ئەوانەوە خەڵکی بەدیاری زۆرەوە کەوتبوونەڕێ، کچە لاوەکان بە گۆزەکانی سەرشانیانەوە ڕۆن و شەراب و ئەوانی تر بەسەبەتەی پڕ لە میوە و گوڵ بەڕێدا دەرۆیشتن. پارچەکانیان لەبەردەم خودا و شتە پێشکەشکراوەکانیان لەسەر میحرابەکە دادەنا. کاتێك کە ئەڵقەکانی دووکەڵ لە سووتانی قوربانییەکانەوە بەرزدەبۆوە، هەموو خەڵکەکە دەپاڕانەوە.

باشترین ڕێگەی تێگەیشتن لە ویستەکانی خوداکان گفتوگۆ بوو لەگەڵ (فریشتەی غەیبی)دا هیچ خودایەك نەیدەتوانی پێشبینی ئایندە بکات. تاڕادەیەك هەموو یۆنانییەکان لە پێش ئەنجامدانی کارێکی گرنگدا لە پەندەکانی ئەویان دەکۆڵییەوە. پەرستگای ئاپۆلۆ کەوتبووە (ولفی)یەوە لە ناو تاشە بەردە خۆڵەمێشی و بەرز و بەجێ ماوەکانی شاخی پارناسوس، ئەم پەرستگایە لەسەر درزێکی قووڵی تاشەبەردێك بوو، کە لەناوییەوە گازێکی حەشیشاوی ((بێ هۆشکەر)) دەهاتە دەرەوە، کاتێك کە کەسێك بۆ گفتوگۆکردن دەهاتە لای ئاپۆلۆ، ژنێك کە یەکێك بوو لەکاهینەکانی پەرستگا، لەسەر کورسییەکەی سێ قاچ لەسەر درزی تاشەبەردەکە دادەنیشت. گازەکە دەوری ئەوی دەدا و بەرزدەبۆوە و لە هەمان کاتدا وشەی سەیری دەردەبڕی. کاهینێکی تر وشەکانی کە ژنەکە دەیوت، دەینووسی و ئەوانەی شیدەکردەوە. خەڵکی وابیریان دەکردەوە کە ئەمانە پەندەکانی ئاپۆلۆیە.

# پێشبڕکێکانی ئۆڵەمپیات

یۆنانییەکان لەو باوەڕەدابوون کە خواکان حەز دەکەن تا پیاوەکان لە کاتی وەرزشەوانی و ململانێدا ببینن بۆ بەدەست هێنانی پاڵەوانێتی. لە ئەنجامدا زۆربەی کاتەکان جەژنیان دەگێرا کە لەوێدا جۆرەها پێشبرکێی وەرزشی ئەنجامدەدرا. لە هەموویان گرنگتر جەژنێك بوو



کە هەر چوار ساڵ جارێك لە ئۆڵۆمپیا لە باشووری ڕۆژئاوای یۆنان بۆ گەورەیی زیوس، خوای خواکان دەگێردرا.

پۆستەچییەکان چەند مانگێك لە پێش جەژنەکەدا سەفەریان بۆ سەرتاسەری جیهانی یۆنان دەکرد و بەرواری دەست پێکردنی جەژنەکەیان ڕادەگەیاند. ئەگەر لە ناکاو شەڕێك لەو شوێنەدا لە نێوان دەوڵەت — شارەکاندا هەڵبگیرسایە. بۆ ماوەی مانگێك ئاشتی ڕادەگەیەنرا تاوەکو خەڵکی بتوانن بۆ جەژنەکە بێن و پاشان بەسەلامەتی بۆ ماڵەکانی خۆیان بگەڕێنەوە.

ڕۆژی یەکەمی پێشبڕکێکان، خەڵکی هێرشیان دەهێنایە سەر یاریگاکان تاوەکو بینەری پێشبرکێی باشترین وەرزشەوانی دوو تیپەکە و تیپەکانی تری وەرزشی بن. کاتێك کە دادوەرەکان بە جلوبەرگی ئەرخەوانییەوە لە تەنیشت مێزی گەورەوە لە شوێنی خۆیان دادەنیشتن. بێ دەنگییەکی قووڵ بەسەر یاریگاکەدا بالاً دەست دەبوو. تاجە گرانبەهاکانیان لە لقی درەختی زەیتوونی پیرۆز کە سێبەری بۆ میحرابی زیوس دروست کردبوو. دروست دەکرد، هەتا بە پاڵەوانەکانی ڕاکردنی بدەن. ئەوکاتە ئەو کەسانەی کە لە پێشبڕکێکەدا بەشدارییان کردبوو، دەهاتنە پێشەوە، گەنجانی بالاًبەرز و چوارشانە، کوڕانی گەنج و پیاوانی تەواو بالغ بوو، ماسولکە دەرپەڕیوو، هەتاو سووتاو.

کەڕنا لێ دەدرا و یەکەمین پێشبڕکێ دەستی پێ دەکرد، ڕاکەران بۆ پێشەوە هەڵدەهاتن و هەنگاوی گەورەو خێرایان دەنا. دەبێت دوازدەجار بە دەوری مەیدانی پێشبرکێکەدا بسوڕێنەوە. کاتێك یەکێك لە ڕاکەران لە پێش هەموویانەوە دەگەیشتە سەر خەتی کۆتایی خەڵکی بە خۆشحاڵییەوە هاواریان دەکرد. براوە بەسەربەرزییەوە دەهاتە بەردەم مێزەکە تا یەکێك لە دادوەرەکان تاجی زەیتوون بکەنە سەری. پۆستەچییەك ناوی ئەو و ناوی باوکی و ناوی شارەکەی بە دەنگی بەرز ڕادەگەیاند، خەڵکەکە دەستیان دەکرد بە هەرا و هوریا و تۆپەڵە قوریان تێ دەگرت. پێشبڕکێکان بە درێژایی ڕۆژ بەردەوام بوو: پێشبڕکێی ڕاکردنی ماوەکورت، پێشبڕکێی ڕاکردنی  ماوە درێژ، پێشبڕکێی ڕاکردن بۆ کوڕە منداڵەکان و پێشبڕکێی ڕاکردن بۆ ئەو سەربازانەی کە بەزرێ پۆش و قەڵغانەوە ڕایان دەکرد.

پاشان سەرەی دیسك هەڵدان دەهات کە وەرزشەوانە گەنج و بەهێزەکان ئەم پێشبڕکێیەیان دەکرد. دیسك پەڕەیەکی بازنەیی بوو کە لەبەرد یان کانزا دروست دەکرا. دیسك هاوێژ ڕاست دەوەستا و بە دەستی چەپی دیسکەکەی دەگرت، کە کاتی هەڵدانی دیسك دەهات، ئەوەی دەدایە دەستی ڕاست و بۆ نیشانە گرتنەوە دەچەمییەوە. لەشی لەسەر قاچی ڕاستی

دەخولاندەوە، ئەژنۆیەکی کەمێك دەچەمییەوە و لەم کاتەدا وەزنە قورسەکەی بە دەوری خۆیدا دەسووڕاندەوە، پاشان بە تەواوی ڕاست دەوەستا و دیسکەکەی دەهاویشت.

ڕۆژی دوایی پێشبرکێی بازدان بوو، بازدەرەکان یەك لەدواییەك رایان دەکرد و خۆیان هەڵدەدا بۆ سەر وردەچەوێکی نەرمی خلیسك ناوبژیوان ماوەی بازی هەر وەرزشەوانێکی بازدەری دەپێوا.

لەدوای ئەوە سەرەی پێشبرکێی زۆرانبازی دەهات. دوو زۆرانبازەکە بەرامبەر بە یەکتر دەوەستان و پەلاماری یەکتریان دەدا. پشت و بازووی یەکتریان دەگرت، باوەشیان بەیەکتردا دەکرد و دەخولانەوە تا یەکێکیان بەژیرانە سەردەکەوت ئەوی تری هەڵ دەدا بۆ سەر گژوگیای خاکە فشەڵەکەی چاڵەکەوە پاشان دووبارە پێشبڕکێیەکە دەستی پێ دەکردەوە. بۆ جاری دووەم، دوو زۆرانبازەکە بە توندی پەلاماری یەکتریان دەدا و درێژەیان بە ململانێکەیان دەدا. لە کۆتاییدا بۆ جاری سێیەم دەچوونە مەیدانی زۆرانبازییەوە تاوەکو براوەی پێشبڕکێکە خەڵات بکرێت، زۆرانبازێك کە سێجار بەرامبەرەکەی خستبوو، دەبووە براوە.

دوایەمین ڕۆژی پێشبڕکێکان لە مەیدانی غارغارێنی ئەسپدا ئەنجام دەدرا، پێشبڕکێکانی ئەسپ غاردان و گالیسکە سواری لە پڕ جۆش و خرۆشترین ڕووداوەکانی جەژن بوون. پیاو ماقوڵە دەوڵەمەندەکان ئەسپە چالاکەکانی خۆیان بە گالیسکەی پێشبرکێوە دەبەستەوە و گالیسکە سواران قسەیەکیان بۆ غاردانی ئەسپەکان دەکرد. کەڕنا لێ دەدرا و چل گالیسکەی چوار ئەسپی دەکەوتنە جووڵە. سەد و شەست ئەسپ بە خێرایی وەك ڕەشەبا بە درێژایی مەیدانەکە غاریان دەدا. ژاوەژاوی ڕەوڕەوەکان و تەپەتەپی سمی ئەسپەکان دەبیسترا. ئەسپەکان لەشیان بەعەرەق داپۆشرابوو. دەتوت هەڵفڕیوون. هەر گالیسکەسوارێك هەوڵی ئەوەی دەدا پێش ئەوانی تر بکەوێت. لە کۆتایی هەر ڕێڕەوێکدا ستوونێك هەبوو کە نیشانە لەسەر ئەوانە دانرابوو، شوێنی پێچکردنەوەی ڕێگەکەی دیاری دەکرد. دەبوایە دوانزەجار بە دەوری مەیدانەکەدا بسوڕانایەتەوە. شوێنی پێچکردنەوەکان ترسناکترین بەش بوو، بە تایبەت بۆ ئەو گالیسکە سوارانەی کە هەوڵیان دەدا ئەوەی تەنیشتیان بەجێ بهێڵن. گالیسکەکان وەردەگەڕان، ئەسپەکان دەکەوتن، ڕەوڕەوەکان لە شوێنی خۆیان دەردەچوون و هەموو سەرنشینەکانی گالیسکەکەی فڕێ دەدایە سەر زەوی. گالیسکەسوارێك بە خێراییەکی بێ وێنە، لە پێش هەموویاندا دەگەیشتە سەرخەتی کۆتایی پێشبڕکێکە، ڕووبەڕووی تۆفانێك لە هەرا و هوریایی شادی دەبۆوە، هەفتەیی گەورەیی پێشبڕکێکان بە ڕۆژێکی پڕ لەخۆشی و شادی کۆتایی دەهات.



کاتێك براوەیەك دەگەڕایەوە بۆ ماڵەوە، سەرفرازی و سەربەرزی زیاتر چاوەڕوانی دەکرد. پاڵەوان لەسەر گالیسکەیەکی رازاوە کە سەدان گالیسکەی تر پێشوازییان لێ دەکرد، کە لە شار نزیك دەبۆوە بەهۆی ئاپۆرای خەڵکەوە بەشێك لە دیوارەکانی شار وێران دەبوون و دەڕووخان، هاوولاتیانی شار هاواریان دەکرد: لەگەڵ ئەم کوڕە ئازایانەدا، پێویستی چیتان بە دیواری بەرگری هەیە؟ ))

## داستانی شاری تروا

یۆنانییەکان تامەزرۆی گێڕانەوەی داستانەکان بوون لە بارەی پاڵەوانە دێرینەکانی خۆیانەوە. ئەم حەکایەتانە سالانێکی دوورودرێژ بە نەنووسراوی مابۆوە. بەلام ئەو شاعیرانەی کە لەسەفەردابوون، لە هەموو شوێنێکدا ئەوانەیان دەگێڕایەوە، لەو ڕۆژگارەدا شاعیرێکی نابینا بەناوی ((هۆمیر)) دەژیا کە زۆربەی حەکایەتەکانی پەیوەست بوو بە کارەکانی پاڵەوانە دێرینەکانی یۆنان کە لە دوو هۆنراوەی گەورەدا کۆی کردبۆوە بە ناوەکانی ((ئیلیاد)) و ((ئۆدیسە))، هۆمیر کاتێك زیندوو بوو ژیانی بە هەژاری و نەناسراوی بەسەربرد، بەلام پاش کەمێك لەمردنی، خەڵکێکی زۆر درکیان بە شوێنەوارە گەورەکەی کرد. پاشان خەڵکی هەموو شارەکان بانگەشەی ئەوەیان دەکرد کە ئەو شاعیری خاکی ئەوان بووە. شیعرێکی کۆن دەڵێت:

حەوت شار هاواریان کرد هۆمیری گەورە مردووە.
لە کاتێك کە هومیر زیندووە، بە درێژایی ژیانی سواڵی کردووە.

هۆنراوەی (ئیلیاد) بەشێکی باسی داستانی جەنگێکی دوور و درێژی نێوان یۆنانییەکان و دانیشتوانی شاری «تروا» دەکات «پاریس» یەکێکە لە کوڕەکانی «پریام» پاشایی «تروا» لەگەڵ ((هێلین)) ژنی جوانی (مەنەلاوس)ی پاشایی یۆنان هەڵدێت و بە یەکەوە دەچن بۆ شاری ((تروا)) لە ئاسیای بچووك، ((شامنەلاوس)) هەموو جەنگاوەرانی یۆنان بانگ دەکات تاوەکو لە گەڕانەوەی هێلیندا هاوکاری بکەن.

یۆنانییەکان بە درێژایی نۆ ساڵ گەمارۆی شاری ((تروا))یاندا. شەڕی زۆر لە دەشتەکانی دەرەوەی شاردا ڕوویدا. بەلام یۆنانییەکان هەرچییەکیان دەکرد، نەیاندەتوانی بچنە ناوشارەکەوە. لە دەیەمین ساڵی جەنگدا، فێڵ و تەڵەکەیان بەکارهێنا. ئەسپی تەختەیی جەستە گەورەیان دروستکرد و لە دەشتەکەی دەرەوەی شاردا دایان نا. پاشان سواری کەشتییەکانی خۆیان بوون کەوتنەڕێ. وایان پیشاندا کە لە جەنگ ماندووبوون و دەگەڕێنەوە بۆ وڵاتی خۆیان.

کاتێك ترواییەکان بینییان کە کەشتییەکانی یۆنان ((تروا)) بەجێ دەهێڵن، زۆر خۆشحاڵ بوون. کە جەنگە درێژخایانەکە کۆتایی هاتبوو. دەروازەکانی شار بە تەواوی کرابۆوە و خەڵکی بۆ دەشتە پان و بەرینەکان شۆڕبوونەوە کە شەڕی بێ شمار لەوێدا روویدابوو. لە رادەبەدەر ئەسپی سەرگەردانی دێوئاسایان لەو جێگایەدا بینی، هەندێك خەڵك لە ئەسپە تەختەکان دەترسان و دەیانویست ئەوانە بسووتێنن، بەڵام ئەوانی تر خوازیاری ئەوە بوون کە ئەوانە وەك وێنەیەکی یادگاری سەرکەوتنەکەیان ببەنەوە بۆ ناو شار و بیپارێزن، لەبەر ئەمە ترواییەکان ئەسپە تەختەییەکانیان راکێشا بۆ ناو شار، هەمان شەو لەتروادا جەژن گێڕدرا و شەرابی زۆریان خواردەوە.

بێگومان یۆنانییەکان تەنیا وایان پیشان دابوو کە گەڕاونەتەوە بۆ وڵاتەکەیان. کەشتییەکانی یۆنان لە پشت دورگەیەکی نزیك کەناری ((تروا)) شاردرابوونەوە. لە ناو ئەسپە ناوبۆشەکاندا، ژمارەیەك لەسەربازەکان شاردرابوونەوە کە بە گەیشتنی شەو لە ئەوانەوە هاتنە دەرەوە و بە مەشخەڵە رووناکەکانیان رەمزیان ئاراستەی کەشتییە یۆنانییەکان کرد. لە ماوەیەکی کورتدا هاوەڵەکانیان گەڕانەوە و دەروازەکانی شاریان کردەوە و هێرشیان بۆ ناوەوە برد.

هەموو تراوییە خەوتووەکانیان قەتڵ و عام کرد و ئاگریان لە شارەکە بەردا. لەئەنجامدا لە دوای دەساڵ، تروا داگیردەکرێت، منەلاوس، هێلینی جوان و قەشەنگ دەدۆزێتەوە و شەڕکەرە یۆنانییەکانیش گەڕانەوە بۆ وڵاتەکەیان .

ئۆدیسە پاشای دورگەی بچووکی ئیتاکا بوو کە دەکەوتە کەنارە دوورەکانی رۆژئاوای یۆنان یەکێك لەو پاشا یۆنانییانەی کە بەشداری شەڕی کردبوو. تروا زۆر دوورنەبوو لە یۆنانەوە و زۆربەی جەنگاوەرە یۆنانییەکان لە ماوەیەکی کورتدا گەیشتنەوە وڵاتی خۆیان. بەڵام کەشتییەکانی ئۆدیسە و هاوەڵەکانی لە رێگە دەرچوون. دە ساڵ لە دەریا نەناسراوەکاندا لەسەفەردابوون و کەنارە نەناسراوەکانیان دەبڕی. داستانەکانی کە هۆمیر لە ئۆدیسەدا دەیگێڕێتەوە دەربارەی جەنگەکانی ئەم پاڵەوانە یۆنانییانە لەگەڵ گیانەوەرە درندەکاندا و هەڵهاتنی موعجیزە ئاسایان لە دەست دیوەکان، گفتوگۆ سەرسووڕهێنەرەکانیان لەگەڵ یەزدان و خوداکاندا.

لەکۆتاییدا ئۆدیسەی گەڕوگوڵ و هەتاو سووتاو، دەگاتەوە ناوچەکەی خۆی، بەڵام کێشەکانی تەواو نەبووبوو، لەسەردەمی ونبوونی ئەودا بەشێکی زۆر لە شازادەکان لە



دورگەکانی دراوسێیانەوە هاتبوونە داوای هاوسەرەکەی ئۆدیسە کە ناوی پنلوب بوو. سالانێك لە کۆشکەکەیدا نیشتەجێبوون بە خۆشگوزەرانییەوە ژیانیان بەسەردەبرد و داوایان لە ژنەکە کردبوو کە شوو بە یەکێك لەوانە بکات. بەڵام هەموو جارێك پنلوب بەم دەربڕینە خۆی لە مەسەلەکە دەپەڕاندەوە: تا کاری چنینی جلوبەرگی خەزوری تەواو نەبێت، شوو ناکات.

بەدرێژایی رۆژ، پنلوپیان دەبینی کە خەریکی چنینە بەڵام هەرگیز کاری چنینەکەی تەواو نەدەبوو، چونکە شاژن هەموو شەوێك ئەوەی کە بە رۆژ چنیبووی دووبارە هەڵیدەوەشاندەوە، شەوێك شازادەکان بێ ئاگایانە فێڵەکەیان کەشفکرد. ئیتر فرسەتی خۆپەڕاندنەوەیان پێ نەدا و سووربوون لەسەر ئەوەی کە دەبێت هەر ئێستا یەکێك لەوانە بە هاوسەری خۆی هەڵبژێرێت.

پنلوب لە وەڵامدا وتی: ئێوە ئەی داواکارانی خۆ بەزل زان گوێم لێ بگرن. هەموو شەو و رۆژێك بە خواردن و مەی نوشینەوە پەشێوی لەم ماڵەدا دروست دەکەن. هەر کەسێك کەوانەکەی ئۆدیسە بچەمێنێتەوە و تیرێك بە دوانزە ئەڵقەدا تێپەڕێنێت شوو دەکەم بە ئەوە و ئەم کۆشکەش بەجێ دەهێڵم)).

پاشان پێشبڕکێ دەستی پێکرد. داواکارەکان هەوڵی بێهودەیان دەدا کە کەوانە بە هێزەکە بچەمێننەوە. بەڵام هیچ کەس سەرکەوتوو نەبوو، لە هەمان کاتدا کە ئودیسە بە رەنگ و رووخساری سواڵکەرێکەوە هاتبۆوە، چووە ناو هۆڵەکە و داوای کرد کە رێگە بە ئەویش بدەن لەو پێشبڕکێیەدا بەشداری بکات کەوانە ئەستوور و رەقەکەی هەڵگرت، بە ئاسانی چەماندییەوە، بە ژیرانە تیرەکەی بەهەردوانزە ئەڵقەکەدا تێپەڕاند، پاشان رووی لە داواکارەکان کرد و رەنگی لە هەموویان بڕی. ئۆدیسە رووخساری خۆی بە ژنە میهرەبانەکەی ناساند و ساڵەهای ساڵ لەگەڵ شاژنە وەفادارەکەی ژیانێکی پڕ لە شادی و کامەرانییان بەسەر برد.

## یەکەمین هەنگاو لە رێگەی دیموکراسیدا

یۆنان، یەکەمین وڵاتی جیهان بووە، کە هاووڵاتیانی ئاسایی رۆڵیان لە حکوومەتدا هەبووە، لە چاخە دێرینەکاندا پاشاکان فەرمانڕەوایی کۆمەڵگا بچووکەکانیان دەکرد، پیاو ماقوڵە دەوڵەمەندەکان لە هەندێك لە دەوڵەت شارەکاندا سەرپێچییان لە بەرامبەر پاشاکاندا دەکرد، پاشان لە نێوان پیاو ماقوڵەکاندا شەڕ و شۆڕ هەڵدەگیرسا و یەکێك دەسەلاتی دەگرتە دەست.

یۆنانییەکان ئەم جۆرە کەسانەیان ناو دەنا سەرەڕۆکان، هەندێك لەم سەرەڕۆیانە، فەرمانڕەوای باش بوون بەڵام یاساکانیان پشتی بەهێز بەستبوو.

یۆنانییەکان وردەوردە بەم دەرئەنجامە گەیشتن کە نابێت یەك کەس دەسەڵاتی تەواوی بەسەر هەموان دا هەبێت بەڕادەیەك کە لە هەموو دەوڵەتەکانی یۆناندا سەرەڕۆکان لەناوچوون راگەیەندرا کە دەبێت هەموو هاووڵاتیان ڕۆڵیان لە حکومەتدا هەبێت. ئەم جۆرە حکومەتە ناو دەنێن دیموکراسی کە لە دوو وشەی یونانی پێکهاتووە (دیموس) بەمانای خەڵك و کراتۆس مانای دەسەڵاتە.

بەهێزترین حکومەتی دیموکراسی لە ئاتندا حوکمڕانی دەکرد کە لە چوار دەوری گردێکدا بەناوی ((نیکس)) پیاوە ئازادەکانی ئاتن، چوار پلەوپایەیان لە مانگێدا بۆ پێکهاتنی ئەنجومەنێکی یاسایی دادەنا، پۆستەکانی حکومەتیان هەڵدەبژارد، باجەکانیان کۆدەکردەوە و لەبارەی مەسەلەکانەوە گفتوگۆیان دەکرد.

سەرۆکی یەکەمین کۆبوونەوە ئاماژەی بە مەسەلەکانی ڕۆژ دەکرد و وتاربێژ رایدەگەیاند: ((کێ دەیەوێت قسە بکات؟)) پاشان کە کەسێك دەیویست قسە بکات، دەچووە سەر بەردێکی داتاشراو لە بەردی گرانیت، هەموان بە وریاییەوە گوێیان لە قسەکانی دەگرت. کە قسەکانی تەواو دەبوو دەستیان دەکرد بە راپرسی لەناو خەڵکی ئاتندا بەم شێوەیە کاروبارەکانی خۆیان بەڕێوەدەبرد، لەو باوەڕەدا بوون کە دەبێت هەموو پیاوێکی ئازاد لە کۆبوونەوەکاندا ئامادە بێت و بەشداری بکات لە کاروبارەکانی حکومەتدا.

هەموو خەڵکی یۆنان لە دیموکراسیدا بەشدارنەبوون. سەدان بەندە کە لە یۆناندا کاریان دەکرد. لە مافی شارنشینی بێبەشبوون، بەم حاڵەشەوە، لە یۆناندا یەکەمین گرووپە گەورەکانی مرۆڤ فێربوون کە چۆن حوکمی خۆیان بکەن. ئەوان ڕۆڵی خۆیان هەبوو لە بڕیاردان لە بارەی مەسەلەکانی حکومەتەوە.

## یۆنانییەکان بەرگری لە ئازادی خۆیان دەکەن

یۆنانییەکان خەڵکانێکی دەریاوان بوون، کە کەشتییەکانیان سەفەری بۆ وڵاتەکانی کەناری دەریای ئیجە و دەریای ناوەڕاست و دەریای ڕەش دەکرد. بازرگانەکان داستانی سەرنج راکێشیان بۆ خەڵکەکە باس دەکرد کە هانی یۆنانییەکانی دەدا بۆ ڕۆیشتن و ژیان بەسەربردن لە ناوچە تازەکاندا. کۆچبەرانی یۆنانی بە دورگەکان و کەناری دەریای ئیجە و کەناری دەریای ڕەش و



باشووری ئیتاڵیا و دورگەی سیسیل و ناوچەکانی دەوروبەری دەریای ناوەڕاستدا بڵاوبوونەوە و گەشەیان کرد. کۆچبەرانی یۆنانی زانیاری و کەلتووری وڵاتەکەیان لەگەڵ خۆیاندا دەبرد.

ئێران لە ساڵی ٤٩٠ی پێش زایینـدا، گەورەترین ئیمپراتۆرییەتی جیهانی پێك هێنا، داریوش یەکەمجار هەندێك لە شارەکانی یۆنان و ئاسیای رۆژئاوای خستە ژێر فەرمانڕەوایی خۆیەوە. بەڵام خەڵکی ئەم شارانە شۆڕشیان بەرپاکرد و نامەیان بۆ ئەسپارت و ئاتن نارد و داوای یارمەتییان لێ کردن. ئاتنییەکان بە خۆشحاڵییەوە کەشتی و سەربازیان بۆیان نارد تا لەگەڵ دوژمنە بەهێزەکەیاندا بجەنگن.

کاتێك ئەم هەواڵە بە داریوش گەیشت، پرسی: ((ئاتنییەکان؟ ئەوانە کێن))؟ ئەو هەرگیز شتی لە بارەی ئەوانەوە نەبیستبوو. داریوش لە دوای ئەوەی تێگەیشت کە ئاتنییەکان کێن، کەوانەکەی خۆی هەڵگرت و تیرێکی لەسەر ژێ یەکەی دانا و هاویشتی بۆ ئاسمان و ئەمەی وت:

خوایە، لێم ببوورە، دەمەوێت تۆڵەی خۆم لە ئاتنییەکان بسەنمەوە داریوش لە دوای ئەوە فەرمانیدا بەسەر بەندەکەیدا کەکاتی نان خواردنی ئێوارێ لە تەنیشتییەوە بوەستێت و هەموو شەوێك ئەم رستەیە دووبارە بکاتەوە: ((گەورەم ئاتنییەکانت لەبیر بێت)).

بە پشت بەستن بە رێوڕەسمی ئەو سەردەمە، داریوش نامەی بۆ شارە جیاوازەکانی یۆنان نارد و داوای کرد کە خاك و ئاوی پێ بدەن. خاك دان بە پاشا نیشانەی ئەوەبوو کە ئەویان بە فەرمانڕەوای خۆیان زانیوە و ئاودان مانای ئەوەبوو کە ئەویان بە فەرمانڕەوای دەریاکان زانیوە. هەندێك لە شارەکانی یۆنان لە ئێران دەترسان و لەسەر داواکەی داریوش خاك و ئاویان بە داریوش دا، شارەکانی تر لە خۆباییانە بۆ ملکەچ بوون لەم خواستە نادادپەروانە سەرەڕۆیان کرد. کاتێك پۆستەچی پاشایی ئێران هاتبووە ناو ئاتنەوە. فڕێیان دابووە چاڵێکی قووڵەوە، ئەسپارتییەکانیش پۆستەچییەك کە هاتبووە شارەکەیانەوە فڕێیان دابووە چاڵێکەوە وتیان : ((ئەو شوێنە خاك و ئاوەکەی بۆ ئەربابەکەت دەبێت. داریوش بە شێوەیەك تووڕەبوو کە کەشتییەکانی خۆی لەگەڵ سوپایەکی رێکوپێکدا کە لە سەد هەزار کەس پێکهاتبوو ناردی بۆ دەست بەسەراگرتنی یۆنان)).

## ئاتنییەکان لە ماراتن دا

ئاتنییەکان بە بیستنی هەواڵی پێشڕەوی سوپای ئێران. زۆر نیگەران و بێزاربوون چونکە ژمارەی سوپای ئەوان زۆرکەم بوو. «فیدیپیدس» کە راکەرێکی زۆر شارەزابوو بۆ داواکردنی کۆمەك لە ئەسپارتییەکان رەوانەیان کرد. فیدیپیدس لە گەیشتنی بە شوێنی مەبەست هاواری کرد: «پیاوانی ئەسپارت، ئاتنییەکان داوای یارمەتی لە ئێوە دەکەن، رێگە نەدەن ئێرانییەکان دەست بەسەر ئاتندا بگرن کە لە کۆنترین حکوومەتەکانی سەرتاسەری یۆنانە».

ئەسپارتییەکان پەیمانی هاوکارییان پێدان بەڵام وتیان دەبێت پێنج رۆژ چاوەڕوان بن تا مانگ بە تەواوی خڕبێتەوە و لە کەلتووری ئەسپارتییەکاندا دەبێت لەو رۆژەدا قوربانی بۆ ئاپۆلۆ بکەن. شکاندنی کەلتوور بەبێ رێزی دەژمێردرێت بەرامبەر بەخودا.

هەواڵە ترسناکەکان گەیشت، ئێرانییەکان تەنیا چەند کیلۆمەترێك لە ئاتنەوە دوورن. ئاتنییەکان ناتوانن چاوەڕوانی ئەسپارتییەکان بن. دەبوایە بە تەنیا رووبەرووی زیادەرۆییەکەیان ببوونایەتەوە، شەڕ لە دەشتێکی باریکدا بەناوی ((مارتن)) روویدا و ئاتنییەکان سەرکەوتنێکی درەوشاوەیان بەدەست هێنا. یەکسەر لە دوای شەڕ، فیدیپیدسیان بۆ گەیاندنی هەواڵی سەرکەوتنی ئاتن رەوانەکرد. ئەگەرچی ئەو لەشەڕەکەدا بریندار بووبوو، بەبێ ئەوەی کە بۆ پشوودان لە شوێنێکدا بوەستێت هەموو جادە نارێك و ناخۆشەکانی بڕی و لە ماوەیەکی کەمدا گەیشت بە شارەکە.

راکەری لە قاچ کەوتوو: خەڵکەکە تامەزرۆیانە لە دەوری ئەو کۆبوونەوە و بە تەنگە نەفەسییەوە وتی: بیکەنە خۆشی و شادی! ئێمە سەرکەوتین! و پاشان بە هۆی ئەو هەموو هەوڵە زۆرەی کە دابووی کەوت بە زەوی دا و رۆحی دەرچوو.

شەڕی ماراتن لە ساڵی ٤٩٠ی پێش زاییندا یەکەمین هەوڵی ئێرانییەکانی پووچەڵ کردەوە بۆ داگیرکردنی یۆنان. بەڵام ئەمە دوایەمین جار نەبوو کە یۆنانییەکان رووبەڕووی ئێرانییەکان بوونەوە.

## ئەسپارتییەکان لە ترومویپل دا

رێك دە ساڵ لە دوای شەڕی ماراتن خشایار پاشا کوڕی داریوش دیسانەوە بڕیاریدا هێرش بکاتەوە سەر یۆنان. چوار ساڵی خایاند تا سوپاکەی خۆی ئامادە کرد بۆ هێرش، رێڕەوێکی تەسك



و باریك بەناوی «هلسپونت» ئەوروپا لە ئاسیا جیادەکاتەوە لە نەخشە تازەکاندا ئەم رێرەوە تەسکە ناوی رێرەوی «داردانل»ە خشایار پاشا فەرمانی دابوو بەسەر ئەندازیارەکانی خۆیدا کە پردێك لەو شوێنەدا دروست بکەن بۆ تێپەرینی سوپاکەی، ئەندازیارەکان تازە کارەکەی خۆیان بە ئەنجام گەیاندبوو لافاوێك پردەکەی پارچە پارچە کرد. خشایار پاشا فەرمانی دا تاوەکو ئەندازیارەکان لە سێدارە بدەن و پیاوەکانی نارد تا سەد قامچییان لە ئاودا لێبدەن و لە هەمان کاتدا بڵێن: «ئەی ئاوی تاڵ، فەرمانڕەواکەت تۆ تەمێ دەکات چونکە بەبێ هۆ بێ رێزیت بەرامبەر کردووە. بزانە کە خشایار پاشا بەسەرتدا تێپەردەبێت چ بتەوێت و چ نەتەوێت!»

زۆری نەخایاند کە پردێکی نوێی بەهێزتریان لەوەی یەکەم دروستکرد کاتێك هەموو شتێك بۆ تێپەربوونی سوپاکە ئامادەبوو، پاشا لە جامێکی زێردا شەرابی رشتە ناو دەریاکەوە و پاڕایەوە: «ئەی ئەهوراموزدا! من لە قاپی تۆ دەپارێمەوە کە لە پێش گەیشتنمان بە کۆتایی سنوورەکانی ئەورووپا، هیچ رووداوێکی خراپمان لێ بەسەرنەیەت و بۆ ئەوەی نەبێتە رێگر لە بەردەم سەرکەوتنمدا» پاشان جامە زێرینەکە و شمشێرە شێوە کەوانەیەکەی خۆی وەك دیارییەك بۆ خودای دەریا، فرێدایە ئاوەکەوە.

ئێرانییەکان باکووری یۆنانیان داگیر کرد بەڵام بۆ گەیشتن بە ئاتن و ئەسپارت، دەبوایە بە رێرەوێکی باریك بە ناوی «ترومویپل» تێپەڕینایە، لەم رێرەوەدا شاخێك تا رادەیەك لە رووی دەریا هاتبووە خوارەوە، ئەسپارتییەکان بۆ بەرگریکردن لە رێرەوەکە هێزێکی رێکوپێکی سێ سەد کەسیان لەژێر فەرمانی پاشا (لیونیداس) بۆ ئەوێ ناردبوو، خشایار پاشا چوار رۆژ بە چاوەڕوانی مایەوە. چاوەڕوان بوو کە یۆنانییەکان هەڵبێن، پێنجەمین رۆژ نامەیەکی نارد بۆ لایان و داوای کرد چەکەکانی خۆیان تەسلیم بکەن.

ئەسپارتییەکان وەڵامیان دایەوە: وەرن و بیانگرن، بەسەربازێکی ئەسپارتییەکانیان وت کە ئێرانییەکان «ژمارەیان ئەوەندە زۆرە کاتێك تیر بەهەوادا دەهاوێژن، رۆژ تاریك دەبێت سەربازە ئەسپارتییەکە وتی: «دۆستان ئێمە بە بیستنی ئەم هەواڵە زۆر خۆشحاڵ دەبین ئەگەر تیرەکانی ئەوان رۆژ تاریك بکەن، ئێمە لە سێبەرەکەیدا دەجەنگین».

سوپای ئەسپارت دوو رۆژ سنوور بەزێنییەکانیان چاودێری کرد، لە کۆتایی رۆژی دووەمدا دوو خیانەکاری یۆنانی رێگا نادیارەکەی سەر شاخەکەیان پیشانی ئێرانییەکاندا، ئەوان لە رێی ئەم رێگایەوە دەیانتوانی لەدواوە هێرش بکەنە سەر ئەسپارتییەکان، خشایار پاشا لە شەودا، بەشێکی لە سوپاکەی خۆی بەم رێگەیەدا تێپەڕاند و کەوتە کەمینی سوپا بچووکەکەی «لیونیداس»ەوە.

سەرکەوتنێکی گەورە نسیبی «لیونیداس» و سێ سەد سەربازە ئەسپارتییەکەبوو. پاشان یۆنانییەکان، ستوونێکیان لەسەرگردی کارەکەیان دانا لەوەدا دوایەمین بەرگری سەربازە ئەسپارتییەکانیان لە ترموپیلدا باسکردبوو لەسەر ئەم ستوونە نووسینێکی سادە لە ژێرییەوە نووسرابوو:

تۆ کە بەم شوێنەدا تێدەپەڕی بە ئەسپارت بڵێ

لەم شوێنەدا جێبەجێکەری یاسابووین و بە خاك سپێردراین.

## دیوارە تەختییەکان ئاتن رزگاردەکەن

خشایار پاشا بە تێپەڕبوونی بە ڕێرەوی ترموپیلدا تەنیا جادەیەکی ڕێکی لە پێشەوە هەبوو بەرەو ئاتن. کاتێك هەواڵی نزیکبوونەوەی سوپای ئێران گەیشتە ئاتن. خەڵکی نامەکانیان بۆ پەرستگای دلفی نارد تا لە فریشتەی غەیبی بپرسن کەچی بکەن، کاهینە ژنەکە بەم شێوەیە وەڵامی دایەوە:

دیوارە تەختییەکان، ئێوە و منداڵەکانتان دەپارێزێت،

نە چاوەڕوانی سەمی ئەسپەکان بن، نە چاوەڕوانی هەنگاوە گەورەکانی پیادەکان، لە هەموو شوێنەکانەوە پشت لە دوژمن بکەن و چاوەڕوان بن، بەم شێوە ڕۆژێك دادێت کە لەشەڕدا چاوتان پێی دەکەوێت،

سالامیسی پیرۆز:

کاتێك پیاوان گەنم دەپرژێنن،

و بەروبومەکە کۆ دەکەنەوە،

تۆ منداڵی ژنەکان لە ناو دەبەیت،

یۆنانییەکان لەم وەڵامە سەیرە حەپەسابوون نەیاندەزانی کە دیواری تەختەیی مانای چییە، بە مەبەستی فریشتەی غەیبی لە (سالامیسی پیرۆز) چی بووە؟

لەوکاتەدا ڕابەری سیاسەتمەدارەکانی ئاتن، فەرماندەیەك بوو بە ناوی (تمیستوکلس) ئەو ڕایگەیاند کە مەبەستی لە دیوارە تەختەییەکان پەیکەری تەختەیی کەشتییەکانی ئاتنە و فەرمانی دا کە خەڵکی ئاتن بە جێ بهێڵن و بڕۆن بۆ دورگەی سالامیس.



کەشتییە جەنگییەکانی ئێران چوونە ناو کەنداوی سالامیس هەندێك لە ڕابەرەکانی یۆنان پێیان خۆش نەبوو زیان بکەن و لە ڕێڕەوی باریکی نێوان دورگەکە و ناوچەکەی خۆیاندا بچنە شەڕەوە ئەوانە خوازیاری لەدواوە دانیشتن بوون. بەم حاڵەوە تمیستوکلس لەو باوەڕەدابوو کە ئاتنییەکان لە ڕێڕەوەکەدا سەلامەتتر دەبن. ئەم نامەیەی بە نهێنی بۆ ئێرانییەکان نارد: فەرماندەکانی یۆنانی فەرمانیان بە من داوە کە بە ئێوە بڵێم کە ترس کەوتۆتە دڵی یۆنانییەکانەوە و دەیانەوێت بە پەلە هەڵبێن بە ڕێگرتن لە هەڵهاتنی ئەوان، دەتوانن یەکسەر کاری خۆتان بکەن. ئەوانە لەگەڵ یەکتردا ڕێك نین و لە ئەنجامی ئەم دووبەرەکییەدا ناتوانن هیچ بەرگرییەك بکەن.

ئێرانییەکان لە بێ دەنگی شەودا، بەشێکی کەشتییەکانیان خۆیان بۆ سەرێکی ڕێڕەوەکە و بەشەکەی تریش بۆ ئەو سەری ڕێڕەوەکە گواستەوە بە ئومێدی ئەوەی کە گەمارۆی کەشتییە یۆنانییەکان بدەن. خشایار پاشا لەسەر تاشەبەردێکی بەرزی ڕێڕەوەکە لەسەر کورسییەکی ئاڵتوونی دانیشتبوو سەیری شەڕی دەکرد و پێشبینی دەکرد کە سەرکەوتنێکی ئاسان بۆ ئێرانییەکان بە دەست بێت، بەڵام کەشتییەکانی ئێران گەورە و پتەوبوون و ڕێڕەوەکە بە شێوەیەك تەسك کە هەموو کەشتییەکان لە ڕێڕەوەکەدا بەیەکداچوو بوون، زۆرێك لەوانە لە کارکەوتن و بە سەوڵە شکاوەکان و سووکانە بەرەڵاکان بەبێ کەڵکی بەم لا و ئەولادا دەڕۆیشتن، خشایار پاشای خۆبەزل زان، دەیبینی کەشتییە جەنگییە گەورەکانی یەك بەدوای یەك لەناو دەچن.

حوکمی فریشتەیی غەیبی ڕێك ڕاست دەرچوو: دیوارە تەختەییەکان، ئاتن و یۆنانیان رزگار کرد. خشایار پاشایی خەمبار هەشت مانگ لە دوای ئەوەی کە ئێرانی بە مەبەستی دەست بەسەراگرتنی جیهانی ڕۆژئاوا بەجێ هێشت بوو، گەڕایەوە بۆ وڵاتەکەی خۆی.

تێکشانی ئێرانییەکان لە شەڕی سالامیسدا لە ساڵی ٤٨٠ی پێش زایینیدا، خاڵێکی هەستیارە لە مێژوودا ئەگەر ئێرانییەکان سەرکەوتنیایە ئیمپراتۆرییەتی ئێران سەرتاسەری ئەوروپایی دەگرتەوە، مێژووی جیهان بە شێوەیەکی تەواو جیاواز دەنووسرایەوە لە جیاتی ئەم مێژووەی ئێستا، لە دوای ئەم جەنگە یۆنان بۆماوەی چڵ ساڵ بە ئاشتی و ئارامی مایەوە، و شارستانییەتی یۆنان لەو سەردەمەدا گەیشتە لوتکەی خۆی.

# چاخی زێڕینی پریکلس

ئێرانییەکان لە پێش شەڕی (سالامیس)دا چووبوونە ناوشاری ئاتنەوە و شارەکەیان ئاگر تێبەردابوو، یەکەجار بە شێوەیەك دەبینرا دەتوت کارەساتێکی ترسناك بەسەر ئاتندا هاتووە، بەڵام بە گۆڕانی بارودۆخەکە خەڵکی بڕیاریان دا شارە کۆنە سووتاوەکە سەر لەنوێ دروست بکەنەوە و شارێکی باشتر و جوانتر بنیات بنێن. لەوکاتە شارنشینێکی مەزن واتا پریکلس لە ئاتندا دەرکەوت ساڵەکانی ٤٦١ تا ٤٢٩ی پێش زایین بە هۆی شانازی کردن بە مەزنێتی ئەوەوە کە لەسەر کورسی دەسەڵات بوو، ناویان ناوە چاخی زێڕینی پریکلس.

پریکلس بڕوای بە دیموکراسی هەبوو جارێك لە کاتی دەربڕینی بیروبۆچوونەکانی لە بارەی دیموکراسییەوە ئەم پوختەیەی وت: «حکوومەتەکەی ئێمە ناو دەنێین دیموکراسی، چونکە لایەنگرەکانی زۆرینەیە نەك کەمینە، هەموویان لەبەرامبەر یاسادا یەکسان و هاوسەنگن هەژاری و نەناسراوی نابێتە ڕێگر لە بەردەم خزمەتی تاك بۆ دەوڵەت، ڕۆحی ئازادی لە حکوومەتەکەی ئێمەدا باڵادەستە و لەژیانی ڕۆژانەشماندا هەستی پێدەکرێت، ئەگەر دراوسێکەمان بە شێوەی تایبەتی خۆی ڕەفتار بکات، نە تووڕە دەبین و نە ڕەخنەیی لێ دەگرین. ئێمە لە هەموو کارێك کە تۆزێك ئازار بەرهەم بهێنێت دوور دەکەوینەوە.

خەون و خەیاڵی پریکلس ئەوەبوو کە ئاتن بکاتە جوانترین شاری جیهان لە نزیك شار، بەردی مەڕمەڕی سپی و زەردباوی زۆری لێ بوو پەیکەرە گەورەکانی یەزدان و خوداکان و پەرستگاکان و گۆڕە جوانەکانیان لەو بەردە مەڕمەڕانە داتاشی بوو، سەنتەری جوانییەکانی شار لە ئاکرۆپۆلس بوو، قادرمەی پان و بەرینیان لەمەڕمەڕ لە سەرەوەی ئەوە دروست کردبوو، وە پەیکەری بڕۆنزی (ئاتنا) پارێزگاری شار لە سەروو هەموو کارەکانیانەوە دانرابوو، (ئاتنا) بە نەیزەیەکی بەرزەوەبوو بەزرێپۆش داپۆشراو، لەسەرستوونێك وەستابوو نووکی نەیزەکە لەبەر هەتاو دەدرەوشایەوە، لە دەریاوە دەبینرا و بەخێرهاتنی ئەو دەریاوانانەی دەکرد کە لە سەفەرە دوور و درێژەکانیان دەگەڕانەوە.

پەرستگایی (پارتینون) کە بۆ (ئاتنا) دروست کرابوو لێوەی نزیك بوو، لە دەرەوەی پەرستگاکە ستوونە گەورەکانی سەقفەکە لەسەر پایەکان دەپارێزران و لەناو پەرستگاکەدا بەسەر دیوارەکانەوە (فیدیاس) گەورەترین پەیکەرتاش کە تا ئێستا جیهان بە خۆیەوە بنیویەتی پەیکەرە مەڕمەڕەکانی داتاشیوە کە ڕیزی ئاتنییەکان پیشان دەدات کە بۆ پەرستنی یەزدان و گەورەیی خوداکان لە جەژندا کۆدەبوونەوە.



لەناو پەرستگاکەدا پەیکەرێکی تری (ئاتنا)ی لێیە کە ئەویش کاری (فیدیاس)ە، سەر و دەست و قاچەکانی ئەم پەیکەرەی لە عاج و چاوەکانی لە گەوهەرە گرانبەهاکان بەژیرانە داتاشیووە و کەوای درێژی لە زێڕ دروستکراوی لەبەرکردووە ئاتنا لە دەستی چەپیدا نەیزە و قەڵغان و لە دەستی ڕاستیدا پەیکەری زێڕینی پاراستووە. بە دەوری قاچەکانیدا ماری لوول کردووە کە نیشانەی خێرەتە.

نیوە بازنەیەکی گەورە لە بەشی بەردینی ئاکرۆپۆلیس دابڕدراوە و لەوێدا ڕیزە کورسییەکی بەردین، لەسەر یەکتری بەدەوری سەکۆیەکی بچووکدا بەقەدپاڵی گردەکەوە هەڵچنراوە لەم سەکۆی شانۆ سەرکراوەیەدا نمایشە جیددییەکان بە ناوی تراژیدی و نمایشە سەرگەرم کەرەکان بەناوی کۆمیدییەوە پێشکەش دەکرا کە لەوێدا نووسەر گاڵتە بەکارە بێ ئەقڵییەکانی مرۆڤ دەکات، لە شانۆی تراژیدیادا ئەکتەرەکان حەزیان دەکرد تاڕادەیەك باڵابەرزبن و بۆ ئەمەش پۆستاڵی پاژنە بەرزیان لە پێ دەکرد. سەرپۆشێکیان دەبەست بەدەم و چاویانەوە ئەگەر شانۆکە کۆمیدی بوایە سەرپۆشەکە شێوەی سەیر و سەمەرەی هەبوو تا خەڵکی سەرگەرم بکات و ئەگەر شانۆکە خەمبار بوایە، سەرپۆشەکە حاڵەتی جیددی دەبوو.

هەژارترین هاووڵاتیش لە تواناییدا بوو بێت بۆ بینی شانۆ، چونکە ئەوانەی نەیاندەتوانی لەبێ پارەییدا بێن، حکوومەت بە خۆڕایی بلیتی پێ دەدان، سەرەڕای ئەمە هەموو خەڵکی بۆ سەیرکردنی شانۆی گەورەترین شانۆ نووسەکانی خۆیان دەهاتن.

ئاتن سی ساڵ مەڵبەندی کەلتووری یۆنان بوو، دوای ئەوەی چاخی زێڕینی پریکلس کۆتایی هات، تاعوونێکی ترسناك لە وڵاتدا بڵاوبوەوە و پریکلس خۆشی تووش بوو، کاتێك پریکلس لەجێگاکەیدا پاڵکەوتبوو لەسەرەمەرگدابوو هاوڕێکانی لە دەوری کۆبووبوونەوە و باسی گەورەیی ئەویان دەکرد و ستایشی کارە پڕ شکۆ و چاکەکانیان دەکرد. پریکلس لە کۆتایی قسە و باسەکانی ئەواندا لەناکاو هەستا و وتی: «ئێوە من بە هۆی شتەکانەوە گەورە دەکەن کە زیاتر بە هۆی شانسی باشمەوە بووە، ئێوە درکتان بە شتێك نەکردووە کە لە هەموویان زیاتر شانازی پێوە دەکەم، هیچ ئاتنییەك بە هۆی کارەکانی منەوە خەمبار نەبووە و لە پرسەدا دانەنیشتووە»، ئاتن لە دوای مردنی فەرمانڕەوا ژیر و لێهاتووەکەی رابەرێکی گەورەی تری نەبوو، و گەورەیی سەردەمی پێشووی لە دەستدا ئاتن لە لوتکەی گەشە و گەورەییدا لەلایەن ئەسپارتەوە ئیرەی (بەخیلی) پێ دەبرا ئەمە ئیرەییە لە کۆتاییدا بووە هۆی جەنگێکی درێژخایان لە نێوان ئەسپارت و هاوپەیمانەکانی لەلایەك و ئاتن و هاوپەیمانەکانی لەلایەکی ترەوە.

# عاشقانی ئەقڵ (دانایی)

هەقیقەت چییە؟ حەق چییە؟ دادپەروەری چییە؟ یۆنانییەکان زۆر بیریان لەم جۆرە بابەتانە دەکردەوە. دەیانویست بزانن کە چۆن دەتوانرێت دڵخۆش بیت و بەباشترین شێوە لە ناو کۆمەڵگادا بژیت. چەندمامۆستایەك لەناو ئەمانەدا دەرکەوت کەهەوڵیان دەدا لەوەڵامدانەوەی ئەم پرسیارانە دا، یارمەتییان بدەن. ئێمە ئەم جۆرە خەڵکانە ناو دەنێین فەیلەسوف کە لە دوو وشەی یۆنانی دروست دەبێت کە بە یەکەوە مانای «عاشقانی ئەقڵ یان دانایی»ە.

سوکرات یەکێك بوو لە داناترین مامۆستاکانی یۆنان. ئەو رۆژانە بە بازاری ئاتن دا پیاسەی دەکرد و کە خەڵکی دەبینی پرسیاری دەکرد و هەوڵی دەدا خەڵکەکە بۆ شێوازیکی باشتری ژیان رێنمایی بکات. ژمارەیەك بیسەری تامەزرۆ، لە دەوری ئەم فەیلەسوفە کە چاوێکی سەیر و سەرێکی گەورە و لووتی فش و لچی ئەستووری هەبوو کۆ دەبوونەوە.

لە سەردەمی سوکراتدا بیروباوەڕی یۆنانییەکان لە بارەی خوایەکانەوە، لە دۆخی گۆڕاندابوو و هۆشمەندان وردە وردە بیروباوەڕەکانیان خستە ئەولاوە. سوکرات لەو باوەڕەدابوو کە تەنیا یەك خوای ئاقڵ و باڵادەست بەسەر جیهاندا فەرمانڕەوایە. بەلای زۆربەی یۆنانییەکانەوە کە بە بیروباوەڕی کۆنەوە بەسترابوونەوە، سوکراتیان بە پیاوێکی مەترسیدار دەهاتە بەرچاو، وە دەترسان پیاوە گەنجەکانی لە رێگە لابدات لە ساڵی ٣٩٩ی پێش زایینیدا کاتێك کە سوکرات پیربووبوو بە هۆی زانیارییەکانەوە راپێچی دادگایان کرد.

ئەو لە دوای ئاماژە کردن بە بیروباوەڕەکانی کە بنەمای هزر و بۆچوونی بوو، رووی لە قازییەکان کرد و وتی: ئەگەر دەتانەوێت من بەم مەرجانە لە تۆمەت پاك ببمەوە کە لێکۆڵینەوەی خۆم بۆ دۆزینەوەی حەقیقەت بخەمە ئەولاوە، دەبێت بڵێم ئەی ئاتنییەکان سوپاستان دەکەم، بەڵام من خودا دەپەرستم کە ئەم ئەرکەی لەسەر شانم داناوە، تا ئەوکاتەی لەژیاندام چاوم بەهەر کەسێك بکەوێت گفتوگۆی لەگەڵدا دەکەم و پێ دەڵێم، ئەی دۆستی من، تۆیی هاووڵاتی ئاتن ئاقڵ و شکۆمەند و بە توانایی، بۆچی ئەوەندە بیر لەکۆکردنەوەی پارە و ناوبانگ و گەروەیی دەکەیتەوە و بۆچی ئەوەندە بەرامبەر بە ئەقڵ و حەقیقەت و بەرەو پێشەوە چوونی رۆح کەمتەرخەم و بێ ئاگایی ئایا لەم بابەتە شەرمەزار نیت؟

سوکرات حوکم درا بە خواردنی شەوکەران ئاوی گیایەکی ژەهراوییە بۆ ئەوەی بمرێت لە دوای سی رۆژ زیندانی هەندێك لە هاورێکانی بەرتیلیاندا بە پاسەوانی زیندانەکە و هەلی



بەدزییەوە هەڵهاتنی ئەویان بۆ سەر سنوور دەستەبەرکرد. «کریتۆ» لە هاورێکانی هەوڵی دەدا ئەو رازی بکات.

سوکرات لە وەڵامی ئەم پیلانەدا وتی: «من تەنیا بیر لە مەسەلەیەك دەکەمەوە، ئایا راستە ئێوە پارەتان بەم مرۆڤانە داوە؟ ئایا بە هاتنە دەرەوەی من لە زیندان، کارێکی باش دەکەن؟ ئایا کارەکەی من رەوایە کە رێگە بە ئێوە بدەم من بهێننە دەرەوە؟ گریمان من بڕیارم دا هەڵبێم و نوێنەری یاسا و دەوڵەت هات و لەسەر رێگەکەمان وەستا و بە منی وت: سوکرات پێم بڵێ مەبەستت لەم کارە چییە؟ دەتەوێت یاساکان و بەرژەوەندییە گشتییەکانیش بشکێنی؟ ئایا ئەوە قەبووڵ دەکەی کە بڕیارەکانی قازییەکانی شار بە هۆی دەسەڵاتەوە جێبەجێ نەکرێت و ئەوە شوێنەواری خراپ بەجێ ناهێڵێت کە هەموو کەس بڕیارەکان بخاتە ژێر پێیەوە بەمە بارودۆخی شار جێگیر نابێت و دەڕووخێت».

«ئێمە تۆمان پەروەردە کردووە و زانیاریمان پێداوی، لە دوای ئەمە هەر ئاتنییەك ئێمەی بینی و فێربوو، ئازادی تەواو پێشکەش دەکەین و ئەمانە هەمووی لە شارەکەمان چاوەروانکراوە، ئەگەر دڵی ئەومان خۆش نەکرد، دەتوانێت کەلوپەلەکەی هەڵگرێت و ئێمە بەجێ بهێڵێت و هەر شوێنێکی دەوێت بەرێ بکەوێت. بەڵام ئەگەر بە بینینی ئەوەی کە ئێمە چۆن دادپەروەرییەکانی خۆیان جێبەجێ دەکەین و چۆن فەرمانڕەوایی شاری خۆمان دەکەین، لە بەردەم ئێمەدا بە نەگۆڕی مایەوە، تێ دەگەین کە ئەو فەرمانەکانی ئێمەی پەسەند کردووە و بە گوێرەی ئەوە بۆتە خاوەن پەیمان».

کریتۆ، کریتۆی خۆشەویستم، باوەڕ بکە دەیبیستم، بەڵام ئەم وشانە لە گوێمدا دەزرنگێتەوە، شتێك جگە لەوانە نابیستم ئەگەر شتێکت بۆ وتن هەیە بیڵێ».

کریتۆ وەڵامیدایەوە، نە سوکرات هیچم بۆ وتن نییە، سوکرات لەسەرخۆ جامێ شەوکەرانی هەڵگرت و ژەهرەکەی نۆشی خواحافیزی لە هاورێکانی کرد و لەسەر تەختە رەقێکی زیندان پاڵکەوت و بە ئارامی چاوەڕوانی مەرگ بوو زۆری نەبرد هەناسەی نەما.

ئەفلاتوون یەکێك بوو لە قوتابییەکانی و وتی: «بەم جۆرە ژیانی هاورێکەمان کۆتایی هات. راستگۆیانە لە بارەی ئەوەوە دەڵێم کە لە ناو هەموو ئەو مرۆڤانەی کە ناسیوومە، لە سەرەمەرگدا شەریفترین و لەژیاندا ئاقڵترین و راستگۆترین مرۆڤ بوو».

سوکرات لە پێناوی مافی مرۆڤ و ئازادی بیروبۆچوون و کاردا مرد، ئەو یەکێکە لە دیارترین رووخسارەکانی بزووتنەوەی خوازیارانی بەرزبوونەوەی مرۆڤایەتی بۆ ژیانێکی باشتر و خۆشتر.

# یۆنانییەکان ئازادی خۆیان لە دەست دەدەن

لەو کاتەی کە هەموو شارەکانی یۆنان لە دوای ساڵانێکی دوورودرێژی شەڕ لە پەلوپۆ کەوتبوون. مەترسییەکی گەورە هەرەشەی لێ دەکردن، لە باکووری یۆناندا (مەقدۆنییەکان) دەژیان. ئەوانە خەڵکی شەڕکەربوون و پاشایەکی بە توانا بە ناوی «فیلیپ»ەوە رابەرایەتییانی دەکرد. کاتێك فیلیپ سوپا بەهێزە ئامادەکەی بینی و بریاری دا یۆنان بخاتە ژێر فەرمانڕەوایەتی خۆیەوە.

زۆربەی یۆنانییەکان بە شێوەیەك گرفتاری بەربەرەکانی ناوخۆیان بوون بێ ئاگابوون لە ئەوەی کە لەلایەن مەقدۆنییەکانەوە رووی دەدا، لەگەڵ ئەمەشدا، ئاتنییەك لە هەموو کەس باشتر ئاگاداری ئەم مەترسییە بوو کە فیلیپ خەیاڵی دەست بەسەراگرتنی یۆنانی هەیە ئەو ناوی دموستین بوو کە گەورەترین قسەکەر و بەرگریکەری ئازادییە کە تا ئێستا جیهان بە خۆیەوە بینیووە.

«دموستین» لە لاوێتیدا ئارەزووی ئەوەبوو ببێتە وتارخوێن و زۆربەی کاتەکانی بە گوێ گرتنێکی وردی دەربڕینی وتارخوێنە دیار و بەناوبانگەکان بەسەردەبرد. «دموستین» هەمیشە لەو ئارەزووە دابوو کە خۆی وتار پێشکەش بکات و خەڵکی بخاتە پێکەنین و گریان بەڵام «دموستین» کەم وکوڕی زۆری هەبوو دەنگی زۆر نێرانە نەبوو، درەنگ وشەکانی دەردەبری و زمانی دەیگرت و وشەکانی بە روونی نەدەدرکاند بۆ یەکەمجار کە لەبەردەم خەڵکدا قسەی کرد، کەس گوێی لەدەنگی نەبوو، شتی سەیر و سەمەرەی کردبوو بە ئەندامەکانی لەشییەوە و جموجوڵی نەشیاوی دەکرد و شڵەژابوو، خەڵکی ئەوەندە پێی پێکەنین کە ناچار بوو لە جێگایی خۆیدا دانیشێت.

داستانی زۆر هەیە دەربارەی هەوڵەکانی ئەم گەنجە بۆ سەرکەوتن بەسەر کەم وکوڕییەکانی خۆیدا، دەگێڕنەوە وردە بەردی لە دەمیدا دادەنا تا لە کاتی قسەکردندا منگە منگ نەکات. لە ئاوێنەدا سەیری خۆی دەکرد تا جموجوڵی دەموچاوی خۆی راست بکاتەوە، بۆ ئەوەی لەگەڵ دەنگە دەنگی ئامادەبواندا رابێت، دەچووە کەنار دەریاکان و لەناو شڵپە شڵپی شەپۆلەکاندا بە دەنگی بەرز کتێبی دەخوێندەوە.

لەکۆتاییدا شەونخونی و ماندووبوونەکەی ئەنجامی هەبوو، ئەو گەنجەی کە سەردەمێك دەکەوتە بەر گاڵتەپێکردنی خەڵکی، بوو بە یەکێك لە گەورەترین وتار خوێنەکانی ئاتن.

دموستین، ئاتنییەکانی بەئاگادەهێنایەوە کە هەڕەشەی داگیرکردنی وڵاتەکەیان لەلایەن فیلیپەوە دەیانخاتە مەترسی یەوە، دەیوت: «یۆنانییەکان، کۆتایی بە دوژمنایەتی نێوان خۆتان بێنن و یەکبگرن تاوەکو پارێزگاری لەو ئازادییە بکەن کە مافی میراتی خۆتانە لە بەرامبەر ئەو سەرەرۆییەدا کە مەبەستیەتی هەموان بکات بە بەندەی خۆیی» و درێژەی پێدا: «ئەگەر هەندێك



خەڵك بە بەندایەتی رازی بن، ئەوا بەلایەنی کەمەوە دەبێت ئێمە خەبات بۆ ئازادی خۆمان بکەین ئەمە ئەرکی ئێوەیە بەرامبەر بەو ئازادییەی کە بەمیرات بۆیان بەجێ هێشتووین».

سەرەتا هەوڵەکانی «دموستین» بێ سوودبوو زۆربەی خەڵکی ئاتن ئینتیمایان بۆ خاکەکەیان نەمابوو، رۆحی نەتەوەیی خۆیان لە دەست دابوو تەنیا بیریان لە بەرژەوەندییە تایبەتییەکانی خۆیان دەکردەوە. لە کۆتاییدا کەوتنە جووڵە و لەگەڵ خەڵکی «تیبس»دا لە دژی فیلیپ یەکیان گرت. بەڵام لە کاتی شەڕدا تێکشکان و فیلیپ سەرکەوت. لەدوای مردنی فیلیپ کوڕەکەی «ئەسکەندەر» لە ساڵی ٣٣٦ی پێش زاییندا بووە پاشای مەقدۆنییەکان و فەرمانڕەوایی یۆنان. بە تێپەربوونی کات، ئەسکەندەر بووە فەرماندەیەکی بەهێز و بەسەر ژمارەیەك میللەتدا سەرکەوت و بووە رابەری ئیمپراتۆرییەتێکی گەورە.

ئەسکەندەری مەقدۆنی ستایشێکی زۆری یۆنانییەکانی کرد و ژمارەیەکی زۆر شاری دروستکرد کە مەڵبەندی فێرکاری و کەلتووری یۆنان بوون بەم شێوەیە شارستانییەتی یۆنان لەسەرتاسەری جیهاندا بڵاوبۆوە.

# دیاری یۆنان بۆ شارستانییەت

ئەمڕۆ تەنیا پاشماوەیەکی وێران بوو لەشان و شەوکەتی ئەو رۆژگارە بەجێماوە، شاکاری پەیکەرتاشەکان رووبەڕووی شکان و لەناوچوون بۆتەوە، پەرستگا جوانەکانیان وێران بووە، بەڵام یادگاری گەورەی یۆنانییەکان هێشتا لە بیری مرۆڤەکاندا زیندووە.

زانیاری و دانایی یۆنان گواسترایەوە بۆ خەڵکانی تر و بەم شێوەیە بە برینی چەندان چاخ بە ئێمە گەیشت، یۆنانییەکان فێری جیهانیان کرد کە عاشقی جوانی بن. پەیکەرە داتاشراوەکان و پەرستگا و دروست کراوەکانیان چەندان سەدە مایەی ستایش و لێکۆڵینەوە بووە، زۆربەی دامەزراوەی شارەکانی ئەمریکا و بانکەکان و هۆڵەکان و کتێبخانەکان و قوتابخانەکان و خانووەکانیان لەسەر شێوەی یۆنانییەکان دروستکراوە. شیعری یۆنانی ئیلهامی بەخشیوە بە شاعیرەکانی چاخەکانی دوای خۆی، دراما گەورەکانی یۆنانییەکان هێشتا دەخوێندرێن و پێشکەش دەکرێن. ئایدیا و بیروبۆچوونی رۆشنبیرانی یۆنانی کاریگەری لەسەر بیروهزری مرۆڤەکانی دوای خۆی بەجێهیشتووە، شێوازەکانی کە یۆنانییەکان بۆ باشترکردنی ژیانی خۆیان کەشفیان کرد، بۆ خەڵکی هاوچەرخ لێوان لێوە لەواتا، ئەوانەی بۆ یەکەمجار هانی خەڵکیاندا بۆ ئازادی لەبیرکردنەوە و کارەکانیاندا یەکێکە لەودیارییە گەورە و پڕ بایەخانەی کە یۆنانییەکان بە جیهانیان داوە، هەرگیز نامرێت.

# بەشی پێنجەم

# ڕۆم ئیمپڕاتۆرییەتێك بە دەستدەهێنێت و لە دەستی دەدات

# شاری حەوت گرد

لە سەردەمێکدا کە یۆنان لە لوتکەی مەزنێتی و درەوشانەوەی شارستانییەتی خۆی نزیك دەبۆوە، هێزێکی تر لە رۆژئاوای دەریای ناوەڕاست، کە لە شێوەی دورگەیەکی باریکدابوو، دەرکەوت ئەم شوێنە ئێستا ناوی ( ئیتالٌیا )یە. لە نیوەی خوارەوەی ئەم شێوە دورگەیەدا، رووبارێکی بچووك بە ناوی ((تیپر)) بەناویدا دەڕوات و حەوت گردی نزم لە نزیك قەراغی رووبارەکەدایە.

لەچاخە دێرینەکاندا کە مرۆڤەکان بە دوای شوێنێکی باشتردا بوون بۆ ژیان، شوانەکان هاتن بۆ ئیتالٌیا تا لەو شوێنەدا لەوەرگای باش بۆ ئاژەڵەکانیان بدۆزنەوە. ژمارەیەك لەم شوانانە لە دەوروبەری ساڵی ٧٥٣ی پێش زاییندا لە گردەکانی نزیك قەراغی رووباری تیپر نیشتەجێ بوون.

بە نیشتەجێبوونی ئەوان، شاری روم دروستبوو و لە دواییدا بوو بە سەنتەری ئیمپراتۆرییەتێکی گەورە.

ڕۆمەکان حەکایەتی زۆریان لە بارەی دروست بوونی شارەکەیانەوە گێراوەتەوە لە حەکایەتێکی کۆنەوە گێردراوەتەوە کە دووبرای دوانە لە ناوەکانی ((رومولوس)) و ((روموس)) کە شازادەبوون رومیان دروست کردووە.

باپیرە ناڕەسەنەکەیان لە کاتی لە دایك بوونیاندا، ئەوان دەکاتە ناو سەبەتەکەیەوە و لە ناو رووباری تیپردا بەرەڵایان دەکات، جووڵەی ئاو دووگەشتیارە بچووکەکە لەگەڵ خۆی دەبات تا دەگاتە حەوزێکی تۆزێك قووڵ کەلە نزیك حەوت گردەوە بوو. لە حەکایەتەکەدا هاتووە کە گورگێکی پیر ئەو دوانە بەدان هەڵدەگرێت و دەیان باتەوە بۆ کولانەکەی خۆی. پاش چەند ساڵێك شوانێك بۆ دۆزینەوەی گورگێك کە مەڕەکانی خواردبوو، بەو دەشت و کێودا دەگەڕا، سوتفە کۆرپەلەکانی لە تەنیشت گورگێکی مێیەوە دەدۆزێتەوە شوانەکە منداڵەکان دەهێنێت بۆ لای خۆی و بەخێویان دەکات.

درێژەی حەکایەتەکە بەم شێوەیەیە کە کوڕەکان لەلاوێتیدا بەبیستنی ئەم بەسەرهاتەی منداڵییان بڕیاریان دا شارێك لە قەدپاڵی یەکێك لە گردەکانی نزیك بە ناوچەیەك کە ئاو دەوری



دابوو، دروست بکەن. لە کاتی دروستکردنی شارەکەدا، ((رومس)) بە دەستی ((رومولوس)) دەکوژرێت و شاری دروستکراو بۆ شانازی کردن بە ((رومولس))ەوە ناویان نا روم.

خەڵکانی تریش لە شەش گردەکەی تری نزیك روم، نیشتەجێ بوون لەوانە ((ئەتروریاییەکان+ کە لە باکووری رووباری تیپردا دەژیان . ئەوانە لە کۆتایی سەدەی حەوتەمی پێش زاییندا، بەلووتکەی دەسەڵاتی خۆیان گەیشتن و فەرمانڕوایەك لەوان بۆ تێپەڕینی سوپاکەیان بە رووباری تیپردا، دەستیان بەسەر روم داگرت. پاشاکانی ئەتروریایی لە دوای ئەم زیادەرۆییە زیاتر لەسەد ساڵ فەرمانڕەوایی رومیان کرد.

## قارەمانە دێرینەکانی رۆمەکان

حەوت پاشا بەسەر رومدا فەرمانڕواییان کرد. دوایەمین پاشای (ئەترویاییەکان) پاشایەك بوو بە ناوی ((تارکوین)) کە بەهۆی ستەمی زۆر، خەڵکی لە دژی ئەو شۆڕشیان بەرپاکرد و لە شار کردیانە دەرەوە، پاشا دوورەخراوەکە، ((ئەتروریایی))یەکی بەهێزی تری بەناوی ((لارس پورسنا)) رازی کرد کە لەگەڵی هاوپەیمان بێت. ئەم دوانە بەسوپایەکی بەهێزەوە هێرشیان کردە سەر شار. داستانی سەرنج راکێشی ئەم نەبەردە زۆرجار لە زمانی رۆمە کۆنەکانەوە دەگێڕدرایەوە. دەڵێن هێرشکەرەکان بەشێوەیەك لە رۆم نزیك بووبوونەوە کە تەنیا پردێکی تەختەیی لەسەر رووباری تیپر، ئەوانەی لە رۆم جیادەکردەوە. رۆمەکان زۆرترسابوون و تەنیا ئومێدیان، وێران کردنی پردەکە بوو لە پێش گەیشتنی سوپای دوژمن بە روم. پیاوێکی شەریف و ئازا بە ناوی (هوراتیوس) پێشنیاری کرد کە هەندێکیان دوژمن سەرگەرم بکەن و خۆشی بەهاوکاری هەندێکی تر هەوڵی دا پردەکە بڕووخێنێت ((هرمینیوس)) و ((لارتیوس)) دوو جەنگاوەری شاربوون، بە ئارەزووی خۆیان بوونە هاوکاری (هوراتیوس) رۆمەکان، بەتەور درزێکیان کردە تیرەکان و ستوونەکانی پردەکە و پایەکانیان شلکردەوە. پردەکە دەلەرزی و دەجووڵایەوە ((هیوراتیوس)) فەرمانی دا بە ((لارتیوس)) و ((هرمینیوس)) بۆ شوێنێکی پارێزراو و دڵنیا برۆن و خۆم لێرە دەمێنمەوە تا پردەکە کە بەدەنگێکی بەرز دەڕمێت. ((هوراتیوس)) لە رووباری تیپر پاڕایەوە: (تیپر، باوکی تیپر، من لە قاپی تۆ دەپاڕێمەوە کە رووباری پیرۆزت ئەم چەك و جەنگاوەرانە لە ئەستۆی خۆی بگرێت) و بە زێپۆشە بەردینەکەی کە لەبەری دابوو، خۆی فڕێدایە لافاوە تیژڕەوەکەی رووبارەکەوە. قارەمانە رۆمەکە خۆشبەختانە نەخنکابوو

بەمەلە خۆی گەیاندە روم. هێرشکەرەکان کە نەیاندەتوانی بەرووبارەکەدا تێپەڕبن، ئیتر هەوڵی داگیرکردنی رومیان نەدا. (هوراتیوس) بەم کارە دلێرانەیە شارەکەی رزگار کرد. دایکە رۆمییەکان هیچ کاتێك لە گێڕانەی داستانی هوراتیوس بۆ منداڵەکانیان ماندوو نەدەبوون و هەمیشە حەزیان دەکرد کە:

کوڕەکانیان دڵێکی بێ ترسیان هەبێت
چونکە ئەو لەو سەردەمەدا دلێرانە
پردەکەی بەباشی پاراست.

نازانرێت ئەو حەکایەتانەی کە رۆمەکان لە بارەی قارەمانە دێرینەکانی خۆیانەوە دەیان گێڕایەوە، تاچەند حەقیقەتی هەیە، بەڵام ئەم حەکایەتانە نموونەی کەسێتییەکە کە رۆمەکان ئافەرینیان دەکرد. لەمەوە دەردەکەوێت کە رۆمەکان رێزیان لە مرۆڤە ئاقڵ و دلێرەکان گرتووە.

## حکوومەتی رۆم دەبێتە کۆماری

رۆمەکان لە دوای کردنەدەرەوەی «تارکوین» لە دەوروبەری ساڵی ٥٠٠ی پێش زایین دا، بەو ئەنجامە گەیشتن کە هیچ کاتێك نابێت رژێمی پاشایەتی حوکمیان بکات، لەوکاتە بەدواوە حکوومەتی رۆم، دەبێتە کۆماری. حکوومەتی کۆماری، حکوومەتێکە کە خەڵك رۆڵی هەیە لە دروست بوونی دا و خەڵك پۆستەکانی حکوومەت هەڵدەبژێرن. لای رۆمەکان بە سەرۆکی حکوومەت دەوترا «قنسوڵ» و هەموو ساڵێك دوو قنسوڵیان هەڵدەبژارد. ئەوان لەو باوەڕەدا بوون کە بە هەڵبژاردنی دوو کەس بۆ پۆستی قنسوڵێن هەر یەکێك لەوانە دەبێتە چاودێر بەسەر ئەوی تریانەوە و رێگە دەگرێت لە کەسەکەی تر کە بە ئارەزووی خۆی حکوومەت بەرێوە ببات. هەر قنسوڵێك دوانزە پاسەوانی هەبوو بۆ پارێزگاری خۆی، کە پێیان دەوتن تەوردار. هەر پاسەوانێك، تەورێکی بەشانی خۆییەوە هەڵدەواسی کە بەکیسەیەکی پڕ لە گورز بەسترابۆوە. ئەم سمبولە دەربڕی دەسەڵاتی قنسوڵ بوو، وە ئەوە وەك بیرهێنەرەوەیەك وابوو کە ئەو دەتوانێت بۆ سزادانی تاوانباران، بەگورز لێیان بدات یان بە تەور سەریان لێ بکاتەوە.

بەهەمان شێوە رۆمەکان خاوەنی ئەنجوومەنێك بوون کە بەسینا ناودەبرا. سیناتۆرەکان لە نێوان خەڵکە بەساڵاچوو، ئاقڵەکانی رۆم دا هەڵدەبژێردرا و ئەرکەکانی ئەمانە بریتی بوو لە گفتوگۆ و دیالۆگ لەگەڵ قنسوڵەکان دا.



ئەگەرچی رۆم، خاوەنی حکوومەتی کۆماری بوو، بەڵام هەموو شارنشینەکانی رۆم لە مافدا یەکسان نەبوون. رۆمەکان وەك خەڵکە کۆنەکانی تر بەسەر دووچینەدا دابەش دەبوون: پیاوماقوڵ و خەڵکی ئاسایی، پیاوماقوڵەکانیان ناونابوو (پاتریسین) و خەڵکە ئاسایی کانیشیان ناو نابوو (پلبین) پیاوماقوڵ دەبوایە لە بنەماڵە بەناوبانگە کۆنەکان بوایە، بەرابەری خەڵك لە قەڵەم دەدران. ئەوانە بەپلە و پایەیی خۆیانەوە دەنازین و پلە و پایە و خانوو و ماڵی خۆیان لە خەڵکە ئاساییەکان بەباشتر دەزانی. پلبینەکان، ماف و رێزیان لەلای پاترسینەکان نەبوو، یاساکانی رۆمیش بە شێوەی نووسراو نەبوو. لەبەر ئەوە، قازییەکان دەیانتوانی بە ئارەزووی خۆیان یاساکان تەفسیر بکەن و رێگەیەکیش بۆ سەلماندنی هەڵەکانی ئەوان نەبوو.

خەڵکی ئاسایی لەو باوەڕەدابوون کە پاترسینەکان یاسا بۆ بەرژەوەندی خۆیان دەگۆڕن و لەبەر ئەمە خوازیاری یاسایی نووسراو بوون تاوەکو هەموان بزانن کە مافی چییان هەیە. لە کۆتاییدا، یاساکانی رۆم لەسەر دوانزە لەوحە هەڵکەندراو لە مەیدانێکی شارەکەدا هەڵیانواسی تا هەموان لەوە ئاگادار بن.

پلبینەکان لەو باوەڕەدا بوون کە هەموو رۆمەکان دەبێت کە لە مافەکانیاندا یەکسان بن. لەبەر ئەوە ژمارەیەك جەنگی درێژخایان لە نێوان ئەوان و پاترسینەکان دا هەڵگیرسا. کاتێك، پلبینەکانە کەوتنە بیری ئەوەی کە شارێکی نوێ بۆ خۆیان دروست بکەن، شاری رۆمیان بەجێ هێشت و لە نزیك گردێکەوە ئۆردوگایان دروستکرد. پاترسینەکان کەبینیان ناتوانن بەبێ پلبینەکان کاروباری خۆیان بەرێوەبەرن، نامەیان بۆ پلبینەکان دەنارد و هانیان دەدات. بگەڕێنەوە بۆ شار. پلبینەکان بەو مەرجە رازی بوون کە پاترسینەکان ئیمتیازاتی زیاتریان پێ بدەن، پاشان یاسایەکیان دانا کە لەسەر بنچینەی ئەوە پلبینەکان دەبوونە خاوەنی مافێکی زیاتر. بەم شێوەیە پلبینەکان وردە وردە دەسەڵاتی خۆیان زیاد کرد.

## ژیانی رۆمە دێرینەکان

رۆمە دێرینەکان زۆر سادە دەژیان . خانووەکانیان وەك خانووەکانی یۆنانییەکان بوو. بەڵام بەشی ناوەڕاستی خانووەکان سەرکراوە بوو، لەم حەوشەیەدا کەبە (ئاتریوم) ناسرابوو، خێزانەکان ژیانیان دەگوزەراند. لەو حەوشەدا ژنەکان لە خوری پەتیان دەڕست و پارچەکانیان بۆ خێزانەکە دەچنی. میحرابێك هەبوو کە لەوێدا خوای خێزانەکەیان دەپەرست. ژوورەکانی تریش

لە چوار دەوری حەوشەکە بوو. بەڵام تەنانەت لە خێزانە باڵاکان و بەختەوەرەکانیشدا، ژمارەی ژوورەکان کەم بوو، چەند کورسییەکی درێژی دوو سێ نەفری، تاقمێك مێز و کورسی و چەند چوارپایەك هەموو پێویستییەکانی ماڵی پێك دەهێنا.

جل وبەرگی رۆمەکان و خانووەکانیان سادەبوو . جلوبەرگی سەرەکی ئەوان کراسی خوری قۆڵ کورت یان بێ قۆڵ بوو کەدەگەیشتە ئەژنۆ. رۆمەکان لە دەرەوەی ماڵ، پارچەیەکی لە خوری چنراوی سپییان لەبەردەکرد کە بە ئەوەیان دەوت «کەوا» بەندەکان کراسی بێ قۆڵیان لە بەردەکرد مۆڵەتی پۆشینی کەوایان نەبوو. ئەم جلوبەرگانە هەر تایبەت بوو بەهاوولاتییەکانی رۆم.

دە کەنداوی گەورە، ئاوی خەڵکی دابین دەکرد، بەشێك لەم ئاوە لە دەریاچەیەکەوە دەهات کە حەفتا کیلۆمەتر لە رۆمەوە دووربوو، کەنداوەکان لوولەی بەردینی گەورەبوون کە لەسەر رووبارەکان یان دۆڵە بەرزاییە کەمەکان بە پایە و تاقە بەردینەکان دەپارێزران.

خواکانی رۆمەکان هەمان خواکانی یۆنانییەکان بوون. بەڵام ناوی جیاوازیان لەوانە نابوو، وەك «زیوس» بۆ «ژوپیتر» «دمتر» بۆ «سریز» و «دیونیسوس» بۆ «باکوس» گۆڕدرابوو، خودای خۆشەویستی رۆمەکان مارس بوو کە ئەویان بە خودای جەنگ دەزانی. رۆمەکان لەوباوەڕەدابوون کە خواکانیان هەموو شتێك لەبەرچاو دەگرن. ژانوسی خودایی بەدوو رووخسار ماڵەکانی چاودێری دەکرد، بە رووخسارێك دەرەوە و بە رووخسارەکەی تر ناوەوەی دەبینی رۆحی ئاگردانی ماڵ «وستا» بوو «پناتیس» چاودێری گەنجینە بوو بەرەکەتی دەخستە شتەکانی خێزانەکەوە، خوای کێڵگەکان لارەکان بوون، رۆمەکان لە پێش خواردنی چێشتدا برێکیان لەوە فرێ دەدایە ئاگرەکەوە تاوەکو بەم رێگەیە سوپاسگوزاری لە خوداکانی خێزانەکە واتە «لار» و «پناتیس» بکەن.

لە ناوەڕاستی شاری رۆمدا مەیدانێکی سەرکراوە هەبوو بەناوی «فرۆم»ەوە، «فرۆم» بازاڕێك بوو کە لەوێدا کڕین و فرۆشتن بەکاڵا جیاوازەکانەوە دەکرا، لەوێدا شوێنێك هەبوو، کەهاوولاتیان یەکتریان تێدا دەبینی و لە بارەی بارودۆخی شار و هەواڵە تازەکانەوە گفوگۆیان دەکرد. بە هەمان شێوەیە لەوێدا بە کاروباری دەوڵەتەوە خەریك دەبوون پەرستگای ژانوس لەناو فرۆمدا بوو دەرگاکانی پەرستگاکە لەکاتی شەڕدا بە رووی خەڵکدا دەکرایەوە، بەڵام کاتێك کە بارودۆخی رۆم ئارام دەبۆوە، دەرگاکان داخرا بوو سەرنج راکێشترین بینای فرۆم، پەرستگای خری «وستا» خوای ماڵ بوو، بەردەوام ئاگرێك لە میحرابەکەیدا داگیرسابوو کە رۆمەکان ئەوەیان بە پیرۆز دەزانی، شەش کچی پیاوماقوڵە ناسراوەکان بە کچێنێتییەکەیانەوە



بۆ چاودێری کردنی ئاگری «وستا» هەڵدەبژێردران و بەشەو بە رۆژ چاودێری ئاگرەداگیرساوەکەیان دەکرد. رۆمەکان لەو باوەڕەدا بوون کە تا ئاگری ئەم پەرستگایە داگیرسابێت، شاری رۆم بە ئاسوودەیی و سەلامەتی دەژین.

## قوتابخانە لە رۆمدا

کوڕەکانیان تاشەش ساڵی لەماڵەوە پەروەردە دەکران، وانەکانیان بریتی بوو لە داستانەکان لە بارەی قارەمانە رۆمییەکان و نیاکانیانەوە، وە فێریان دەکردن کە ئازا و چاونەترس و دلێربن. گەنجە رۆمییەکان لەسەر لەوحە مۆمییەکان وەك لەوحەکانی یۆنانی، فێری خوێندن و نووسین دەبوون.

سەرەڕای ئەمە ماتماتیکیش یەکێك بوو لەوانەکانیان لەبەر ئەوەی حیساب کردن بە ژمارەی رۆمی قورس بوو قوتابییەکان سوودیان لە جۆرە چرتکەیەك وەردەگرت. ئەم کەرەستەیە چوارچێوەیەکی شێوە لاکیشەیی بوو کە ستوونەکانی بە هێڵی یەك بەدوای یەکی ژمارە جیاوازەکان دابەش دەبوو، منداڵەکان بە دانانی وردە بەردی بچووك لەسەر ئەم ستوونانە بابەتە حیسابییەکانی خۆیان شیکار دەکرد.

بۆ کوڕە رۆمییەکان گەیشتن بە پانزە یان شانزە ساڵی بە شانازییەکی گەورە دەژمێردرا کوڕەکان لەم تەمەنەدا لەگەڵ باوك و هاورێکانیاندا دەچوون بۆ «فرۆم» و ناوی خۆیان لە لیستی هاوولاتیاندا دەنووسی. پاشان دەچوون بۆ پەرستگا تا قوربانی پێشکەش بە خواکانیان بکەن. لە دوای تەواوبوونی ئەم رێوڕەسمانە رێگەیان پێ دەدرا تا خۆیان بە هاوولاتی رۆمەکان بزانن و کەوا کوڕانە قەراغ ئەرخەوانییە باریکەکەیان فرێ دەدا کە تا ئەوکاتە لەبەریان دابوو، بۆ یەکەمجار «کەوای پیاوانە»یان لەبەر دەکرد. لەمە بەدواوە هەموو ئەو مافانەیان هەبوو کە پیاوانی رۆمی هەیبوو.

ئاسایی کچەکان زۆر نەدەچوون بۆ قوتابخانە و زیاتر کاتی خۆیان لە ماڵەوە لەگەڵ دایکەکانیاندا بەسەردەبرد و ئەرکەکانی ماڵدارێتی وەك چێشت لێنان، چنین، بەرگدروی و هەڵسوڕانی کاروبارەکانی ژیانی خێزان فێردەبوون.

# رۆم سەرتاسەری ئیتاڵیا داگیر دەکات

رۆمەکان خەڵکانی شەڕکەربوون و سوپاکەیان بەگەورەترین شانازی بۆ رۆم دەژمێردرا، هەموو هاوولاتییەکی رۆمی ناچاربوو لە هەژدە ساڵییەوە تا چل و پێنج ساڵی خزمەتی سوپا بکات، لەو سەردەمەدا باروت نەبوو بەلام رۆمەکان دەزگای جەنگی تازەیان داهێنابوو، یەکێك لەوانە تاوەر یان قەلای سەفەری بوو کە لە ژمارەیەك قاتی بەرز پێکهاتبوو لەسەر چەرخ و خلۆکە دەجوولا.

سەربازەکان، تاوەرە دیوارەکانی دوژمنیان دەکوتا و لە رێگەی قادرمەکانی تاوەرەکەوە رایان دەکردە سەر دیوارەکان و دوژمنیان بەردباران و تیرباران دەکرد. زۆرجاریش لەسەر تاوەرەکەوە پەیژە جوولاوەکانیان هەڵدەدایە سەر دیوارەکان و دەچوونە ناو ئەو شارەی کە هێرشیان کردبووە سەری دزەیان دەکردە ناوی قەلاکوت،کە یەکێکی تر بوو لە دەزگا جەنگییەکانی رۆم، میلێکی بەردینی درێژبوو کە تاکەکان بەوە دەچوون بەرەو دیواری قەلای دوژمن و بە کوتانی ئەوە بە خالێکدا، هەولیان دەدا کونێك بکەنە دیوارەکەوە تا سەربازەکان بچنە ناوەوە. مەنجەنیق دەزگایەکی تر بوو کە سوودی لێ وەردەگیرا بۆ هەلدانی بەرد یان پارچەی سورەبووی ئاسن یان ماددەی ئاگراوی بۆ بەرەکانی دوژمن.

رۆم زۆربەی کات لەشەڕدابوو لەگەل دراوسێکانیدا، دەولەتە بچووکەکانی ئیتاڵیا لە زۆربەی ئەم جەنگانەدا بە دەستی رۆمەکان تێکشکان و ناچار تەسلیمی فەرمانڕەواکانی ئەوان بوون.

کاتێك فەرماندەیەکی سەرکەوتوو لە جەنگ دەگەڕایەوە، بۆ گەورەیی ئەو شاریان دەرازاندەوە و جەژنێکی پڕ شکۆیان بۆ سوپاکەی رێك دەخست، نوێنەرانی سینا و لێپرسراوەکانی شار لە شەقامە رازاوە و چراخانەکاندا و لێوان لێو لە خەڵکی دەم بەهاوار، کۆدەبوونەوە فەرماندەی سەرکەوتوو لەسەر گالیسکەیەکی چوار ئەسپی ئالتونی، لقێك لە درەختی غار لە دەستی راستیدا کە رەمزی سەرکەوتن بوو، گۆجانێك کە سەرەدالێك بەسەرییەوە بوو وەك رەمزی دەست لە دەستی چەپیدا ریزەکان و ئاپورایی خەڵکەکەی دەبینی، لە پشت سەری فەرماندەوە، سەربازانی رۆم کە لە بەدەست هێنانی سەرکەوتنندا هاوکارییان کردبوو، ریزی دواوە ئەو دیلانەبوون کە لە جەنگدا گرتبوویان بە خەمباری هەنگاویان دەنا.

دەسەلاتی رۆم بەردەوام زیاد دەبوو تا لە ساڵی ٢٧٥ی پێش زایینداشارێك کە کەوتبووە سەر کەناری رووباری تیبر بووە حاکمێکی بێ چاودێری سەرتاسەری ئیتاڵیا.



# رۆم و کارتاژ

شاری کارتاژ، بەناوبانگترین شاری بازرگانی دەریای ناوەڕاست، رێك کەوتبووە ئەولای دەریای ناوەڕاست لە باکووری کەناری ئەفریقیاوە، کەشتییەکانی ئەوێ، دەریای ناوەڕاستیان دەبڕی و بەسەر زۆربەی ولاتەکانی کەنارەکەدا فەرمانڕەواییان دەکرد، خەڵکی کارتاژ دەریای ناوەڕاستیان بەهی خۆیان دەزانی و قسەی حەلەق و مەلەقیان دەکرد کە گوایە رۆمەکانیش ناتوانن دەست لە ئاوەکەیدا بشۆن بەبێ وەرگرتنی مۆڵەت لەئەوان. کارتاژییەکان دەستیان دەخستە ناو کاروبارەکانی رۆمەوە ئیرەییان بە هێز و توانایان دەبرد هەر لەبەرئەمەش بوو کەلە کۆتاییدا شەڕ لە نێوان رۆم و کارتاژدا هەڵگیرسا، فەرماندەی کارتاژییەکان لە دووەمین شەڕدا، پیاوێکی بەهێزبوو بەناوی «هانیبال» دەگێڕنەوە کاتێك کە هانیبال منداڵ بوو باوکی بردبووی بۆ پەرستگا و کاهینەکانی پەرستگا داوایان لە کوڕە منداڵەکە کردبوو تاوەکو سوێندبخوات کە هیچ کاتێك خەڵکی رۆمی خۆش نەوێت، هانیبال هەرگیز سوێندەکەی خۆی پشتگوێ نەخست، هانیبال بڕیاریدا دەست بەسەر رۆمدا بگرێت، دەیزانی ئەگەر راستەوخۆ لە رێگەی دەریای ناوەڕاستەوە بۆ ئیتاڵیا بچێت، لە جەنگەکەدا تێك دەشکێت، لە ئەنجامدا بڕیاریدا تاوەکو بە پیادە لە رێگەی وشکانییەوە بۆ رۆم بچێت، هانیبال و سوپا چل هەزار کەسەکەی لە رێگەی ئیسپانیا و ولاتی گول (فەرەنسای ئێستا) بەڕێکەوتن. سەدان هێستر و ئەسپ و سی و حەوت فیلی جەنگی هاوڕێیەتی سوپاکەی هانیبالیان دەکرد، شاخە بەرزەکانی ئالپ کەوتۆتە باکووری ئیتاڵیاوە لووتکە پڕ بەفرەکانی شاخەکە قەلغانێکی سروشتی بۆ رۆم پێك هێنابوو، بە خەیاڵی رۆمەکان هیچ دوژمنێك توانای تێپەڕینی بەم سەدە پۆلاینەی شاخەکەدا نییە.

بەگەیشتنی هانیبال و سوپاکەی بە شاخی ئالپ، بۆ پێشڕەوی کردن بەرەو رۆم زۆر سەخت بوو، هەموو هەنگاوێك کە بە شاخەکاندا هەڵیان دەهێنا، مەترسیداربوو، سوپای هانیبال زیاتر لە دوو هەفتە بە رێگەیەکی سەهۆڵین دا بەرەو سەرەوە پێشڕەوی کرد، زۆربەی ئەسپ و فیلەکان لە تاشە بەردەکانەوە کەوتنە خوارەوە و تۆپین.

کاتێك سوپاکەی هانیبال گەیشتە لووتکەی شاخەکە ، ئەو بە خۆشحاڵییەوە هاواری کرد: «ئەو شوێنە ئیتاڵییە. ئەویش رێگەی رۆمە!».

ئێستا کێشەی تازەتر هاتبووە پێشەوە. سەرەو لێژی شاخەکە زۆر مەترسیدارتر بوو لەسەرکەوتنی. لەگەڵ هەموو ئەمانەشدا، لەکۆتایی شاکاری گەورەی سوپای هانیپال بەتێپەربوونی بە شاخەکانی ئالپدا، بەسەرکەوتوویی گەیشتە ئەنجام.

ڕۆمەکان بە بیستنی هەواڵی سوپای کارتاژ لە خاکی ئیتاڵیادا حەپەسابوون و ترسان، بە پەلە هێزەکانی خۆیان کۆکردەوەو چوون بۆ مەیدانی جەنگ بۆ شەڕ لەگەڵ دوژمندا، بەڵام هانیبال لەشەڕەکاندا ئەوانەی یەك لە دوای یەك تێکشاند، فەرماندەی دلێری کارتاژ، لە دوای شانزە ساڵ لە جەنگی دلڕەقانە، بۆ بەرگری کردن لە کارتاژ بەرەو ئەفریقیا چوو، و لەوێدا تێکشکا و ناچاربوو پەیمانی ئاشتی نابەدڵ لەگەڵ رۆمدا ببەستێت لە سێیەمین و دوایەمین جەنگدا کارتاژ سووتا و وێران بوو، رۆمەکان سەر زەوی ناوچەی دوژمنیان کێڵا و ئەوەندە خوێیان رشت بەسەر زەوییەکەدا تا هیچ شتێك لەوێدا گەشە نەکات. ئەم رووداوە لە ساڵی ١٤٦ی پێش زایندا روویدا.

رۆم بەم سەرکەوتنە هەموو ناوچەکانی سەر بەکارتاژیان کرد بە هی خۆیان، رۆمەکان بەم شێوەیە سوپا بەهێزەکانیان نارد بۆ داگیرکردنی ناوچەکانی تر. لەگەڵ مەقدۆنییەکاندا کردیان بەشەڕ کە هێشتا یۆنان لە ژێر دەسەڵاتی مەقدۆنییەکاندابوو، بەم شێوەیە یۆنانیش کەوتە ژێر دەسەڵاتی حکومەتی رۆمەوە، بە تێپەربوونی کات رۆم کۆنترۆڵی هەموو ناوچەکانی چواردەوری دەریای ناوەڕاستی کرد و بەم شێوەیە سنووری ئیمپراتۆرییەتی رۆم بە درێژایی چەندان سەدە پانتایی ئەورووپا و ئەفریقیا و ئاسیای گرتبۆوە.

## ژیانی دوایەمین رۆمەکان

رۆم بە داگیرکردنی هەموو ئەم ناوچانە، دەسەڵات و سەروەت و سامانێکی زۆری بە دەست هێنا، وڵاتە تێکشاوەکان ناچاربوون سەرانە بدەن و بەم شێوەیە سەروەت و سامانێکی زۆر بەشاردا بڵاوبووبۆوە، لەم سەردەمەدا ژیانی رۆمەکان زۆر گۆڕا، ئەوانەی کە دەوڵەمەند بوو بوون ئیتر بە ژیانێکی سادەی وەك ژیانی قارەمانەکان رازی نەبوون، لە دەرەوەی شار کۆشك و تەلاری زۆر جوانیان دروست کردبوو کە پێیان دەوت ( ڤێلا )، دیواری ئەم کۆشکانەیان بەڕەنگی جوان نەخشاندبوو و سیرامیکی جوانیان بە شێوەی تابلۆ بەسەر زەوییەکەدا چەسپاندبوو.

باخەکانیان بەو دیمەنە جوانانە رازاندبۆوە کەبە پەیکەرەکانی ناو درەختەکانەوە هەڵیانواسیبوو، حەوزە پڕ لە ماسییەکان بە فوارە و دار و دەوەنە رازاوەکان چواردەوری خانووەکانیان دابوو، دەوڵەمەندەکان بەهۆی بردنی ژمارەیەکی زۆر لە بەندە ژیانێکی ئاسوودە و کامەرانیان هەبوو، لە کاتی سەفەرکردندا لەناو کەژاوەکاندا دادەنیشتن کە لەسەر شانی چوار



یان پێنج بەندە هەڵدەگیرا، دادەنیشتن و یان سواری گالیسکەکان دەبوون کە ئەسپە رەسەنەکان ئەوانەیان رادەکێشا.

رۆم ژمارەیەکی یەکجار زۆر وڵاتی داگیرکردبوو، لەبەر ئەوە لە رادەبەدەر ژمارەی بەندە زۆربووبوو، لە ئەنجامدا جووتیارە ئازادەکان، بە گران کاریان دەست دەکەوت، هەژارەکانیان ناچار دەکرد کە کێڵگەکانیان بفرۆشن و بە ئومێدی دەستکەوتنی کار بچن بۆ رۆم لەکاتێکدا کەلە رۆم، کار بۆ هەژارەکان بە ئەندازەی پێویست دەست نەدەکەوت لەبەر ئەوە دەبوایە دەوڵەت پارێزگاری لەوانە بکردایە، دەوڵەت بە خۆڕایی خواردنی بە ئەوانە دەدا و بێگومان ئەمە باشتربوو لە برسێتی بەڵام لەبەر هەمان بابەت کە خەڵکی داهاتێکیان نەبوو بۆ بەسەربردنی ژیان و کاریان نەدەکرد و بارودۆخێکی خراپ دروست بوو بوو زۆری نەبرد کە بەشێکی زۆر لە خەڵکی رۆم بە خەزێنەی دەوڵەت بە بێکاری دەژیا.

رۆمەکان عاشقی شانۆ بوون، هۆڵی گەورەی شانۆیان هەبوو کە تارادەیەك لە یاریگاکانی ئەمڕۆ دەچوو، ئەو نمایشانەی کە رۆمەکان لە هەموویان زیاتر تامەزرۆی بوون، پێشبرکێکانی گالیسکە سواری و نەبەردی گلادیاتۆرەکان (سێرکبازەکان) بوو، گلادیاتۆرەکان پیاوە بەهێزەکان بوون کە بۆ شەڕ لەگەڵ گیانەوەرە دڕندەکان یان بۆ یاری کردن لەگەڵیاندا ئامادە دەبوون تا خەڵك سەرگەرم بکەن، ئەوانەی ئەم نمایشە زۆرجار بەندە یان دیل بوون ئەم شەڕانە زۆر دلڕەقانەبوو، ئاسایی گلادیاتۆرەکان ئەوەندە بەیەکەوە دەجەنگین تا لە کۆتاییدا یەکێك لەوانە دەکوژرا، کاتێك یەکێك لەوانە بریندار دەبوو، کەسە سەرکەتووەکە شەڕەکەی دەوەستاند و چاوەڕوان دەبوو تاوەکو خەڵکەکە بڵێن ئایا درێژە بەشەڕەکە بدات یان نا، ئەگەر سەیرکەران پەنجە گەورەیان بۆ سەرەوە بەرزبکرایەتەوە مانایی وابوو کە پیاوە بریندارەکە دەبێت ببەخشرێت و ئەگەر پەنجە گەورەیان بۆ خوارەوە دابنەوانایە مانای وابوو کە دەبێت شەڕەکە درێژ بکرێتەوە.

زۆربەی هەژارەکان رای خۆیان بەو خاوەن پلەوپایانە دەفرۆشتەوە کە خواردنیان بە خۆڕایی پێ دەدان و بلیتی سەیرکردنی نمایشەکانیشیان دەکەوتە سەر بەلاش، نووسەرێکی رۆمی بە ئاوازێکی خەمبارەوە لەم بارەیەوە ئەمەی نووسیوە: «ئەم خەڵکە بەدەسەڵاتانە رۆژگارێك فەرمانڕەوابوون بەسەر جەنگاوەرەکان و فەرماندەکان و کاروبارەکانی ژیانی خۆیان و ئێستا خەون و خەیاڵ و ئارەزووەکانیان بە دووشت سنووردراوە: نان و نمایشەکانی سێرك»!

# گەوهەرەکانی کورنلیا

زۆربەی ڕۆمەکان خوازیاری گۆڕانی بارودۆخ بوون، لەناو ئەوانەدا دووکەس لە بنەماڵەی ((گراچوس)) هەبوو، دایکی خێزانەکە ((کورنلیا)) لە بنەماڵەی پیاوماقوڵەکان بوو، بەڵام شووی کردبوو بە پیاوێکی ئاسایی، مێردەکەی کورنلیا لە دوای ماوەیەك لە خێزان دروستکردن مرد و کورنلیا هەر خۆی دوو کوڕەکەی گەورەکرد ((تیبریۆس)) کوڕە نۆبەرە و ((گایۆس)) کوڕە بچووك بوو.

کاتێك کە هێشتا منداڵ بوون، ژنێکی دەوڵەمەند چوو بۆ سەردانی کورنلیا میوانەکە بە دەوڵەمەندی و گەوهەرە زۆرەکانییەوە دەنازی، خوازیاری گەوهەرە دەگمەکانی کورنلیا بوو تا ئەوکاتە کورنلیا گوێی لە ڕوونکردنەوەکانی ژنە دەوڵەمەندەکە گرتبوو، هەستا و میوانەکەی بۆ ژوورێکی تر ڕێنمایی کرد. لەو ژوورەدا دوو کوڕە بچووکەکەی لەسەر سیسەمێك چوو بوونە خەوێکی قووڵەوە دایکیان زەردەخەنەیەکی کرد و دەستی بۆیان ڕاکێشا، وتی: ((ئەمانە هەموو گەوهەرەکانی منن، تەنیا شتێ کە من شانازییان پێوە دەکەم))، پاشان کورنلیا دەیوت: ((بە من دەڵێن کچی سیپو، بەڵام لە ئایندەدا بە دایکی گراچوسەکان دەناسرێم)).

((تیبریۆس))، کوڕە نۆبەرەکەی کە لە بارودۆخی هەژارەکانی ڕۆم زۆر پەرێشان بوو، هەوڵی دەدا تا لەئەنجوومەنی سینا یاسایەك دابنێن کە بە هۆی ئەوەوە بەشێك لە زەوی و زارەکانی پیاوماقوڵەکان بەسەر هەژارەکاندا دابەش بکرێت. ئەو لە کاتی بەرگریکردن لە هەژارەکان دەیوت: ((ئاژەڵە کێوییەکان لەسەرتاسەری ئیتاڵیادا کولانە و کونیان بۆ خۆیان هەیە بەڵام پیاوە دلێر و ئازاکان کە خوێنی خۆیان لە ڕێگەی ڕۆمدا ڕشتووە خانوو و خانووچکەیەکیان بۆ خۆیان نییە، لەگەڵ ژن و منداڵەکانیاندا سەرگەردانن ئەوان لە پێناو خۆشگوزەرانی دەوڵەمەندەکاندا جەنگاون بەڵام تەنانەت یەك زەرع زەوییان نییە کە بە هی خۆیانی بزانن)).

تیبریۆس زۆربەی پیاوماقوڵەکانی کرد بەدوژمنی خۆی و لە کۆتاییدا بە هۆی ئاژاوەیەکەوە کوژرا، لە دوای چەند ساڵێك ((گایۆس)) ((گراچوس))ش دوای ئامانجێك کەوت کە براکەی لەو ڕێگەدا کوژرابوو. گایوسیش وەك براکەی کەوتە بەر نەفرەتی دەوڵەمەندەکان و لە ئاژاوەیەکی تردا دووچاری هەمان چارەنووسی براکەی بۆوە، دووبرا گیانی خۆیان لە پێناوی باشتربوونی ژیانی خەڵك و وڵاتەکەیان لە دەستدا.

دایکی ((تیبریۆس)) و ((گایۆس)) تاوەکو مرد، بەخەفەتی شەهیدبوونی کوڕەکانییەوە تەعزێ باربوو، لە کاتی ژیانی کورنلیادا پەیکەرێکی برۆنزی لە ڕۆم هەڵواسرا کە لەسەری ئەمە هەڵکەندرابوو ((بۆ کورنلیا، دایکی گراچوسەکان)).



# ڕۆم فەرمانڕەوایەتی خۆی بە ئەورووپادا بڵاودەکاتەوە

ڕۆمەکان، ساڵانێك بە ناوچەکانی چواردەوری دەریای ناوەڕاست ڕازی بوون بەڵام لە دوایدا وردە وردە جەنگەکانی خۆیان بەلای ئەورووپادا پەرەپێدا، فەرماندەیەکی مەزن بە ناوی ژولیوس سزار سەرپەرشتی ئەم جەنگە نوێیەی دەکرد لە ئەورووپادا.

سزار لە چل ساڵیدا حاکمی پارێزگایەك بوو لە باکووری ناوچەکانی ڕۆم، سزار بڕیاریدا ناوچەی گوڵ کە هاوسنووربوو لەگەڵ شارەکەیدا داگیری بکات و زەوییەکانی خۆیی پێ زیاد بکات. سوپای سزار لە ساڵی ٥٨ی پێش زایینیدا چووە ناو گوڵەوە. ئەگەر چی خەڵکی گوڵ ئازایانە جەنگان، بەڵام بەرگەی سەربازە لێهاتووەکانی ڕۆمیان نەگرت، زۆری نەخایاند کە سزار هەموو وڵاتەکەی داگیرکرد و ئەو شوێنە گۆڕا بۆ یەکێك لە پارێزگاکانی ڕۆم.

لەکاتێکدا کە سزار سەرکەوتنە درەوشاوەکانی بۆ خۆی و ڕۆم بە دەست دەهێنا، دەوڵەت بە خێرایی بێهێز و لاواز دەبوو، ئیتر زۆربەی هاووڵاتیان بەلایانەوە گرنگ نەبوو کە چ کەسێك حوکمیان دەکات و سیناش تەنیا لە بەرژەوندی ئەندامەکانیدا موداخەلەی کاروباری سیاسی دەکرد. کاتێك هاووڵاتیانی ڕژێمێکی کۆماری بەشداری نەکەن لە حکوومەتدا، کۆمارەکە ڕوو لە نەمان دەکات و ئەمەش چارەنووسی ڕۆم بوو.

لەسنووری باشووری پارێزگای سزاردا، ڕووباری بچووکی ((ڕوبیکون))ی پێدا دەڕۆی، تێپەڕبوونی لە ڕووبارەوە بۆ سوپا، مانای ملکەچ نەبوونی سزار بوو بۆ بڕیارەکانی سینا، کاتێك سزار گەیشتە ڕوبیکۆن ماوەیەکی زۆر دوودڵ بوو لە دوای چووە ڕووبارە کەم قووڵەکەوە هاواری کرد: چارەنووسی کار ئاشکرا بووە! و پیاوەکانیشی بەرەو ڕۆم برد، بڕیاری سزار بە شێوەیەك گرنگ بووە، کە ئەمڕۆش لە زمانی ئینگلیزیدا ڕستەی تێپەڕین بەناو ڕوبیکۆن (To cross the rubicon) مانای ئەوەیە بڕیاردان زۆر گرنگە.

لەدوای گەڕانەوەی سزار بۆ ڕۆم، جەنگێك بۆ ماوەی پێنج ساڵ هەڵگیرسا کە لە ئەنجامدا سزار لە هەموویاندا سەرکەوت، ئەو نەتەنیا دوژمنەکانی لەناوبرد، بەڵکو ئەو شۆڕشانەی ئەوانیشی دامرکاندەوە کەلە ناوچەکانی تردا هەڵیان گیرساندبوو ئێستا هەموو دەسەڵاتی ڕۆم لە دەستی سزاردا بوو، دەوڵەتێکی بەهێزتری پێك هێنا و چاکسازی زۆری ئەنجامدا. زەوییەکانی خستە ژێر دەستی خێزانە کەم دەرامەتەکانەوە، داراییەکانی کەم کردەوە و کۆتایی بەکارەگەندەڵەکان هێنا کە ڕۆم لەوانە بێزار بوو.

# سزار رۆژژمێرێکی نوێ دروست دەکات

سزار رۆژژمێری میسرییەکانی بە گۆڕانکارییەوە لە رۆمدا کرد بە فەرمی، سەرنج ڕاکێشە بزانین کە ناوی مانگەکانی رۆژژمێری رۆمی هێشتا سوودی لێ وەردەگیرێت، مانگی ژانویە لە ناوی خوای «ژانوس» و مانگی فەورییە لە ناوی جەژنێکی رۆمییەوە وەرگیراوە، مانگی مارس لە ناوی خوای جەنگ مارس، مانگی ئاوریل وشەیەکی لاتینییە بە مانای «کرانەوە» دێت، چونکە لەم مانگەدا دارەکان چرۆ دەکەن گژوگیاکان سەوز دەبن، مانگی مەی لە ناوی «مایا» خوای رۆمی، مانگی ژوین لە ناوی ژن «ژوپیتر» ژونو مانگی ژوئیە لە ژولیوس بە یادی ژولیوس سزارەوەو ئاوت «ئۆگۆست» لە ناوی ئیمپراتۆر ئۆگستینەوە وەرگیراوە سێپتەمبەر و ئۆکتۆبەر و نۆڤێمبەر و دیسێمبەر لە زمانی لاتینیدا بە مانای حەوت و هەشت و نۆ و دە دێن چونکە ساڵی رۆمی لە مارسەوە دەست پێ دەکات.

مانگەکانی رۆژژمێری میسری سی رۆژ بوو، و لە ئەنجامی ئەوەوە هەموو ساڵێك پێنج رۆژی کەم دەکرد، سزار بۆ رێکخستنی رۆژژمێرەکە بریاریدا کە مانگەکان یەك لە دوای یەك سی و سی و یەك رۆژبن بەڵام چونکە لە هەموو ساڵێکدا تەنیا پێنج مانگ دەتوانێت سی و یەك رۆژ بێت، سزار بۆ چارەسەرکردنی ئەم کێشەیە رۆژێکی لە مانگی فەوریە واتە دوایەمین مانگی ساڵی رومی کەم کردەوە و ئەوە بووە بیست و نۆ رۆژ واتە تەنیا مانگی کورتی ساڵ بوو.

پاش چەند ساڵێك کاتێك «ئۆگسین» بووە ئیمپراتۆری رۆم، ژمارەی رۆژەکانی مانگی ئاوت (ئۆگەست)ی گۆڕی چونکە مانگی ژوئیە لەبەر خاتری ئولیوس سزار بەم شێوەیە ناونرابوو سی و یەك رۆژ بوو لەبەر ئەوە هەرگیز نابێت مانگێك کە ناوی ئیمپراتۆری پێوەیە، رۆژەکانی کەمتر بێت، رۆژێکی لە مانگی فەوریە کەم کردووە و بووە بیست و هەشت رۆژ و ئەو یەك رۆژەی خستە سەر مانگی ئاوت (ئۆگەست) و ئەوەی کرد بەسی و یەك رۆژ.

ئەم گۆڕانە، سێ مانگی بەدوای یەکتردا کردووە بە سی و یەك رۆژ، سێپتەمبەر سی رۆژ بوو، وە مانگەکانی دوایی ئەو بەرامبەر بە رۆژژمێری ئەمڕۆ رێکخراوە.



# مردنی سزار

زۆربەی رۆمەکان لە دەسەڵاتی سزار دەترسان. هەندێك بە هۆی بەخیلییەوە سەرپێچییان لێ دەکرد، هەندێکی تر وایان بیردەکردەوە کە سزار دەیوێت ببێت بە دیکتاتۆر و لە ئەنجامدا ئازادی خەڵکی دەخاتە مەترسییەوە.

لەساڵی ٤٤ی پێش زاییندابوو، بڕیاربوو کۆبوونەوەیەکی گرنگ لە سینا لە رۆژی پانزەیەمی مارسدا ئەنجام بدرێت کە رۆمەکان بەو رۆژەیان ناو دەنا رۆژی شوومی مارس. چەند رۆژێك لە پێش ئەوەدا، هۆشدارییەکی سەیر دەدرێت بە سزار.

دەگێڕنەوە پیرەمێردێك پێشبینییەکی بە سزار راگەیاندووەو پێی دەڵێت: «لە رۆژی شوومی مارسدا وریابە»! پانزەیەمی مارس گەیشت سزار بەرێوڕەسمی ئاسایی، بەرەو سینا بەرێکەوت، لە رێگادا چاوی بە هەمان پێشبینیکەر کەوت و بە تانە و توانجەوە پێی وت: رۆژی شومی مارس گەیشتووە».

لەگەڵ هاتنە ناوەوەی سزار بۆ سینا، پلاندانەران ئەڵقەیەکیان بە دەوری سزاردا دروستکرد وەك ئەوەی نمایشێك پێشکەش بکەن، لەناکاو بەدەرکەوتنی رەمزێکی رابەرەکەیان، خەنجەرەکانیان کە لە ژێر کەوانەکانیاندا شاردبوویانەوە، دەریان هێنا و کەوتنە گیانی سزار. سزار چەند ساتێك بەرگری لەخۆی کرد و لە ناکاو بروتوس، هاوڕێیەکی نزیکی کە شایەنی پشت پێ بەستن بوو لە ناو دوژمنەکاندا دەبینێت، ئەمە خیانەت بوو. هاواری کرد: "Et tu Brute" واتە «بروتوس، تۆش!» بروتوس وتی: بەڵێ منیش، من سزارم زۆر خۆش دەویست، بەڵام ئازادی زیاتر، پاشان سزار کەواکەیدا بە دەموچاویدا و کەوت. لەشی بە برینی خەنجەر، کون کون بووبوو. بە ناسینەوەی بکوژەرانی سزار، ئاژاوەیەکی گەورە لە رۆمدا هەڵگیرسا خەڵکی هێرشیان هێنایە سەر شەقامەکان و داوای خوێنی ئەویان دەکرد و خوازیاری تۆڵەسەندنەوە بوون، زۆری نەخایاند کە شەڕی ناوخۆ دەستی پێکرد.

# رۆم، سەرووەری جیهانی کۆن

ئەوانەی کە بە کوشتنی سزار، چاوەڕوانی گەڕانەوەی سیستەمی کۆماری بوون، زۆر بە هەڵەدا چووبوون، کۆماری رۆژەکانی رابردوو بۆ هەمیشە لەناوچووبوو. لە دوای مردنی سزار، سێ کەسی تر بۆ ماوەیەکی کورت حوکمیان بەسەر رۆمدا کرد، یەکێك لەوانە «ئۆکتاویوس»

کوڕە وەرگیراوەکەی سزاربوو «ئۆکتاویوس» لە ساڵی ٣١ی پێش زایینـدا، فەرمانڕەوایـەکی ڕەهایی روم بوو، ناوی ئەو لەدوایدا گۆڕا بۆ «ئۆگستین»، کۆماری رۆم گۆڕا بۆ ئیمپراتۆرییـەتی رۆم کە چوارسەد ساڵ درێژەی هەبوو.

هەموو خەڵکی ئیمپراتۆرییەت دەبوایە ماڵ و داراییـان بـە رۆم بدایـە بەشـێکی زۆر لـەم پارانەیان لە بینا گەورەکان دا خـەرج دەکـرد. لـە «فـرۆم»دا دووکانـەکانی بـازاڕی سـەردەمی پێشوو، جێگەی خۆیان بە پەرستگا و دامەزراوە دەوڵەتییەکان دابوو، کە لە تەنیشت ئەوانـەدا پەیکەری پیاوماقوڵەکان و بینایی گەورەکان دروست کرابوو، لەو سەردەمەدا گەورەترین هـۆڵی شانۆیی رۆم واتە «کلوزیوم» دروستکرا، ئەم هۆڵی شانۆیە، جێگای پـەنجا هـەزار کەسـی تێـدا دەبۆوە، شانۆکان لەوێدا نمایش دەکرا کە پیاوان و ئاژەڵە کێوییەکان بـۆ سـەرگەرمی رۆمـەکان دەجەنگان، گەرماوی گەورەی گشتی دروستکرا کە هـەزاران کـەس لەیـەك کاتـدا دەیـانتوانی خۆیان بشۆن. زۆربەی خەڵکی بەشێکی زۆری کاتـەکانی خۆیـان لـە دامـەرزاوەکانی وەك یانـە گشتییەکان و کتێبخانە کە هۆڵی خوێندنەوەی هەبوو، بەسەردەبرد.

ئیمپراتۆرییەتە گەورەکەی رۆم لە لوتکەی دەسەڵاتیدا هەموو جیهانی شارستانییەتی ئـەو رۆژگارەی لەخۆدەگرت، بەشی باکووری ئەو تا رووبارەکانی راین و دانوب بەرەو پێشەوە چووبوو تەنانەت دورگەکانی باکوور و دوورە دەسـتەکانی ئیتالێـاش بەسـترابۆوە بـە رومـەوە. رۆم لـە رۆژهەڵاتەوە، هەموو ئاسیای بچووکی لـە ژێـر دەسـتدابوو، لـە باشـوورەوە میـسر و هـەموو ناوچەکانی چواردەوری کەناری باکووری ئەفریقیای لە ژێر دەستدا بوو، لە رۆژئاواوە ئیـسپانیا و فەڕەنسای دەگرتەوە. دوایەمین خاڵی باکووری ئیمپراتۆرییەت زیاتر لە سـی هـەزار و دووسـەد کیلۆمەتر لە دوایەمین خاڵی باشوورەوە دووربوو، دوورترین خاڵی رۆژئاوایی لـە ئیـسپانیاوە تـا دوایەمین خاڵی رۆژهەڵاتی لە ئاسیای بچووکدا نزیکەی چوار هەزار و هەشـت سـەد کیلۆمـەتر بوو، ئەم ئیمپراتۆرییەتە گەورەیە سەد میللەتی لە خۆ دەگرت.

## هەموو رێگاکان بە رۆم کۆتاییان دێت

رۆمەکان لە جادە دروسـتکردندا شـارەزابوون. کاتێـك کـە وڵاتێـك دەکەوتـە ژێـر دەسـەڵاتی ئەوانەوە، یەکەمین کار کە دەیانکرد راکێشانی جادەیەکی راستەوخۆ بوو لـەو وڵاتـەوە بـۆ رۆم، بـە هۆی ئەم جادانەوە سوپا بە خێرایی دەیتوانی بۆ پاراستنی یاسا لە شوێنەکەوە بچێت بۆ شـوێنێکی تر، جادە پان و رێکەکان لە چەندین دەروازەی رۆمەوە، بە هەموو ئاڕاستەکاندا بەش بـەش دەبـوون



بەرەو گۆشە دوورکەوتووەکانی ئیمپراتۆرییـەت. جارجـار ئـەم پەنـدە پێـشینانە دەوتـرا: «هـەموو رێگاکان کۆتاییان بە رۆم دێت ئەم جادانە، هەموو ئیمراتۆرییەتەکەی دەبەستەوە بە یەکەوە.

ڕۆم کۆمەڵێك یاسای دەرکرد کە لـە هـەموو ناوچـەکانی ئیمپراتۆرییەتـدا پـەیڕەو دەکـرا، یاسای رۆمەکان هەر چەندە سەخت بوو بەڵام دادوەرانە بـوو. بـە بڵاوبوونـەوەی ئـەم یاسـایانە بەسەرتاسەری ئیمپراتۆرییەتدا و پـەیڕەوکردنی ئـەم یاسـایانە لەلایـەن سـەربازەکانەوە هـەلی حوکمڕانی بەم شێوە گەورە بۆ حکوومەتی رۆم رەخساند.

زمانی لاتینی و یاسـاکان و رێوڕەسمـەکانی رۆمـی وردە وردە بـە سەرتاسـەری ناوچـەکانی ئیمپراتۆرییەتدا بڵاوبۆوە، خەڵکی ناوچە داگیرکراوەکان ئاسایی بـە ژیـان لـەژێر فـەرمانڕەوایی رۆمدا رازی بوون. چونکە رۆم ئارامی و ئاسایشی بۆ دابین کردبوون، بڵاوبوونەوەی پاشماوەکـانی رۆم کاریگەرییەکی بێ پایانی لەسەر جیهانی رۆژئاوا هەبوو.

## مەسیحییەت پێ دەنێتە جیهان

لە سەردەمی فەرمانڕەوایی ئۆگستیندا واتە یەکەمین ئیمپراتۆرییەتی رۆمی، لە ناوچەیەکی دوورەدەستی ئیمپراتۆرییەتیدا، رووداوێك روویدا کە بە گرنگترین رووداوی حکوومەتەکەی ئـەو دەژمێردرا، لە «بیت لحم» کە گوندێکی بـچووکە لـە فەلەسـتین، عیـسای مەسـیح بنیاتنـەری مەزهەبێکی تازە لە دایك بوو.

لەرۆژژمێرەکانی ئێمەدا هەموو رووداوەکانی کە لە دوای لە دایك بـوونی حـەزرەتی عیـسا روویداوە، بە دەربڕینی لە دوای زایینی مەسیح (A.D) و رووداوەکانی لە پێش لەدایکبوونیـدا بە دەربڕینی لە پێش زایینی مەسیح (B.C) دیاری دەکرێت.

حـەزرەتی مەسـیح لـەناو خەڵکـە هـەژار و داماوەکانـدا کـارە باشـەکانی ئـەنجام دەدا نەخۆشەکانی چـاك دەکـردەوە، خـواردنی بـە برسـییەکان و ئاسـایش و ئـارامی بـەو کەسـانە دەبەخشی کە تووشی زەحمەت و بێزاری بووبوون. ئەو لەو باوەڕەدابوو کـە دەوڵەمەنـدەکان یـان پیاوماقوڵەکان لە هەژارەکان باشتر نین، لەو بڕوایەدا بوو کە گرنگترین شت لەژیاندا کاری چـاك و میهرەبانی کردنە لەگەڵ خەڵکانی بەرامبەرتدا، حەزرەتی عیسا بە حەکایەت یان بـە درامـا، خەڵکەکەی فێر دەکرد، بۆنموونە بـۆ تێگەیانـدنی رەفتـاری بـاش لەگـەڵ دراوسـێیەکیاندا ئـەم داستانەی ژێرەوەی بۆ دەگێڕانەوە!.

پیاوێك لە ئورشەلیمەوە بۆ ئەریحا دەچوو گرفتاری چەتەكان بوو. ئەوان بەرقامچیان دا و بە سەختی بریندارییان كرد بە جۆرێك كە هێز و توانای نەمابوو. بە رێكەوت كاهینێك كە بەو رێگەیەدا تێدەپەڕی، چاوی پێكەوت. بەڵام بە تەنیشتیدا تێپەری و درێژەی بە رۆیشتنەكەی خۆیدا و هیچ قسەی نەكرد، پاش كەمێكی تر یەكێك لە پەیڕەوكارانی حەزرەتی یەعقوب كە رێی كەوتبووە ئەوێ، بەلاچاو سەیرێكی پیاوە بریندارەكەی كرد بەڵام بە تەنیشتی داتێپەری گوێی پێ نەدا، بەڵام دواجار یەكێك لە پەیڕەوكارەكانی موسا كە بە ئەوێدا سەفەری دەكرد، بە بینینی پیاوە بریندارەكە زۆر بێ تاقەت بوو. بەپەلە چووە لای و مەلحەمی لەسەر برینەكانی دانا، جامێك شەرابی پێ نۆشاند و پیاوە بریندارەكەی سواری هێسترەكەی خۆی كرد و ئەوی بەپەلە برد بۆ لای قافڵەچییەكان و بە تیماركردنی ئەوە خەریك بوو. رۆژی دواتر، كاتێك كە ویستی درێژە بە سەفەرەكەی بدات، سكەیەكی دەرهێنا و بە قافڵەچییەكانی دا و وتی «چاودێری ئەم پیاوە بكە. كاتێك گەڕامەوە هەر چەندێكت خەرج كردبێت، هەموویت دەدەمەوە».

حەزرەتی عیسا لە دوای تەواوبوونی داستانەكە لە خەڵكی دەپرسی: «كام یەك لەم سێ كەسە هاوخەمی ئەو پیاوەبوو كە بەدیلی كەوتبووە بەردەستی دزەكان؟» خەڵكەكە وەڵامیان دەدایەوە: «ئەوەی بەزەیی بە پیاوەكەدا هاتۆتەوە».

و پاشان حەزرەتی عیسا ئەمەی دەوت: ئێوەش هەر بەم شێوە رەفتار بكەن». بەم شێوە فێری مرۆڤەكانی دەكرد كە بەرامبەر بە یەكتر میهرەبان بن و هاوكاری یەكتر بكەن.

بەشێكی زۆر لە عیبرییەكان گوێیان لە قسەكانی دەگرت و ئیمانیان بە پەیامەكەی دەهێنا. ئەوانە وابیریان دەكردەوە كە ئەو هەمان رابەرە كە ئەوان ساڵانێكە چاوەرێ دەكەن، لەگەڵ ئەوەشدا هەندێك كەس لەوە دەترسان كە ئەو خەڵكە لە مەزهەبە كۆنەكە لابدات. زۆری نەبرد هەندێك چوونە لای حاكمی رۆمی «پونتیوس پیلات» و حەرزەتی عیسایان بە سەرپێچی كردن لە بەرامبەر یاساكانی رۆمدا تۆمەتبار كرد و وتیان ئەو هەوڵ دەدات ببێتە پاشای یەهوود. عیسایان دەستگیر كرد و لە كۆتاییدا لە دادگا بە ئامادەبوونی «پیلات» سزای لە خاچدانی بەسەردا سەپێندرا.

مەسیحییەكان تامەزرۆی ئەوەبوون كە مەزهەبەكەی خۆیان فێری خەڵكی بكەن، زۆربەی ئەوانە سەفەریان بۆ ژمارەیەك شاركرد، ئامۆژگاری خەڵكیان دەكرد، خەڵكی گوێیان لەم پەیامە تازانە دەگرت و پەیتاپەیتا دەبوون بە مەسیحی. «پولس» گەورەترین مامۆستابوو لە



ناو ئەوانەدا، لە هەموو كەس زیاتر مەزهەبە نوێیەكەی لە جیهاندا بڵاوكردەوە. سێ ساڵ سەفەری بۆ ناوچە دوور و نزیكەكان كرد. پەیامی مەسیحی بۆ دوورترین ناوچەكانی ئیمپراتۆرییەت برد و هاوكاری خەڵكی كرد تا ژیانی مەسیحیان هەبێت.

لەسەرەتادا حكوومەتی رۆم بایەخێكی زۆری بە پەیڕەوكارانی ئەم ئایینە تازەیە نەدەدا، بەڵام مەسیحییەكان دژی پەرستنی خواكانی رۆم بوون، بەشدارییان لەو جەژن و رێوڕەسمانەدا نەدەكرد كە بۆ گەورەیی خواكانی ئەوان دەگێڕدرا. ئەوان پەیامەكەی ئایینی نوێیان پەیڕەو دەكرد و بە شێوەی تایبەتی خۆیان خودایان دەپەرست.

## مەسیحییەكان دەكەونە بەر ئەشكەنجەدان

رۆمەكان كە باوەریان بە مەزهەبی كۆنی خۆیان هەبوو، لە پەیڕەوانی مەسیح دەترسان. ئەگەر رۆمەكان دووچاری بەلایەك یان كارەساتێك دەبوونەوە یەكسەر ئەوانیان بە كەمتەرخەم دەزانی بەرامبەر بە خواكان و مەسیحییەكانیان سەرزەنشت دەكرد. ئیمپراتۆر هەوڵیدا مەسیحییەكان لەسەر مەزهەبە نوێیەكە لابدات. بەشێكی زۆر لە مەسیحییەكان ئەشكەنجەدران و بە زیندوویی سووتێنران. ئیتر لە نمایشە سەرگەرمكەرەكاندا، مەسیحییەكانیان دەخستە ناو چاڵەكانەوە و لەبەرچاوی خەڵكی شێر و پڵنگیان تێبەردەدان. یەكێك لەنووسەرە مەسیحییەكانی ئەو سەردەمە نووسیویەتی: ((ئەگەر ئاوی رووباری تیپر بەرزبێتەوە، ئەگەر ئاوی نیل بەرزنەبێتەوە، ئەگەر لە ئاسمانەوە باران نەبارێت، ئەگەر بوومەلەرزە و وشكەساڵی و تاعون رووبدات یەكسەر هاوار دەكەن: مەسیحییەكان فڕێ بدەنە بەردەم شێرەكان!

لەسەردەمی حكوومەتی نروندا كە یەكێك بوو لە خوێنڕێژترین ئیمپراتۆرەكان رۆم، ئاگر بەردرایە شار و تاڕادەیەك وێران بوو. هەندێك وا بیریان دەكردەوە، كە نرون خۆی ئاگری بەرداوەتە شارەكە تاوەكو شارێكی بەشكۆتر و گەورەتر بنیات بنێت. دەگێڕنەوە كاتێك كە گڕی ئاگرەكە لە سەقفی كۆشكی ئیمپراتۆر نرونەوە بڵێسەی دەسەند، ئەو خۆیی بە ژەنینی مۆسیقاوە خەریك كردبوو، نرون بە بینینی رەخنەی رۆمەكان بە هۆی ئاگر تێبەردانی شارەكەیان، فەرمانیدا لەناو خەڵكدا ئەم هەواڵە بڵاوبكەنەوە كە مەسیحییەكان ئاگریان لەشار بەرداوە، بەم هەواڵە تورەی خەڵكەكە لە ئیمپراتۆرە گوێزرایەوە بۆ مەسیحییەكان،

مەسیحییەکان ئامادەبوون لە پێناوی مەزهەبەکەیاندا بەرگەی هەموو ئازارێك بگرن، لەگەڵ ئەوەدا ئازار و ئەشکەنجەدان سات بەسات زیاتر دەبوو، تامەزرۆیانە و تەنانەت بۆ خۆشحاڵییەوە گیانی خۆیان لە پێناو مەزهەبەکەیاندا بەخت دەکرد.

## دوایەمین رۆژەکانی ئیمپڕاتۆرییەت

ئیمپراتۆرییەتی رۆم، بە درێژایی چەندین سەدە بە دەسەڵات و کامەرانی فەرمانڕەوایی کرد، بەلاّم وردە وردە دەسەڵاتی رووی لە کزی کرد، دەتوانرێت هۆکاری زۆر بۆ ئەم بێهێزبوونە بژمێردرێت.

ئیمپراتۆرەکانی رۆم، یەك لە دوای یەك بە هاوکاری سوپا لەسەر تەخت دادەنیشتن و زۆربەی ئەوانە بێهێز و لاواز بوون، بەرچاو دەکەوێت کە ئیتر هیچ کەس توانایی حوکمڕانی بەسەر دەسەڵاتە گەورەکەی رۆمدا نییە، خەڵکیش بایەخیان بە ئەوە نەدەدا، کە چ کەسێك بەسەریاندا فەرمانڕەوابێت. ئەوان دڵیان بەو حکوومەتە خۆش نەبوو کە خۆیان هیچ رۆڵیان تێدا نەدەگێڕا.

ئیتر سوپا وەك رابردوو لەهاوولاّتییە رۆمە نیشتمان پەروەرەکان پێك نەدەهات کە لە پێناو خۆشەویستی نیشتمانی خۆیاندا دەجەنگان، بەڵکو کۆمەڵێکی تێکەڵاو لەسەربازە بەکرێ گیراوەکان بوو، زۆربەی سەربازەکان خەڵکی ناوچەکانی تربوون.

ئیمپراتۆرەکان، کۆشکەکان و پەرستگاکان و گەرماوە گرانبەهاکانیان دروست دەکرد کە زۆر لەوانە پێویست نەبوو. ئەم پارە بەفیرۆدانە پێویستی بە دارایییەکی زۆربوو، قورسی باری دارایی کەوتە سەرشانی هەژارەکان بە تێپەربوونی کات، پیشەگەرەکانی هەموو پاشایەك ئەو شتە زیادانەی کە بۆ ژیانی هەژارانەی خۆیان بە دەستیان هێنابوو، دەیاندا بە حکوومەت. یاسا ئەوانەی ناچار دەکرد تەنیا لە پیشەکەی خۆیاندا کاربکەن. بڕی کاری هەر کەسێکی راستەوخۆ رێك دەخست و ئەگەر خاوەن پیشە لە کاتی دیاریکراودا کارەکەی تەواو نەکردایە، تەمێ دەکرا. لە راستیدا یاسا هەموو شتێکی رێك دەخست. هیچ کەس نەیدەتوانی نرخ بۆ کەلوپەلەکانی خۆی دیاری بکات. حکوومەت لە جیاتی ئەو ئەم کارەی دەکرد، ئەم سیستەمانە روحی نەتەوەیی خەڵکی کوشتبوو.

رووبارەکانی راین و دانوب، سنوورەکانی باکووری ئیمپراتۆرییەتی پێك دەهێنا. لە کەناری ئەم رووبارانەدا، ناوچەیەکی گەورە لە دارستانە چڕەکاندا هەبوو کە رۆمەکان بە ئەوەیان دەوت:



«جیرمەنی»، دانیشتوانی ئەم ناوچەیە، لە خێڵە شەڕانییەکان بوون کە بە شارستانییەت ئاشنانەبوون رۆم کە زۆربەی نەتەوەکانی تێکشکاندبوو، هیچ کاتێك نەیتوانی بوو ئەم خێلاّنە تێك بشکێنێت.

جارجار هەندێك لەم خێلاّنە هەوڵیان دەدا تا لە رێگەی سنوورەکانی باکوورەوە لەناو ئیمپراتۆرییەتدا جێگیربن، رۆمەکان بۆ رێگرتن لە هاتنە ناوەوەی ئەوانە، تاوەر و دیواریان بەسەرتاسەری سنوورەکاندا دروستکرد و چەکداری ئاسایشپارێزیان تێدا دانابوو، بەلاّم ئەم هێزانە ئەوەندە توانایان نەبوو کە بتوانن خێڵە جێرمەنییەکان بکەنە دەرەوە.

لەدەوروبەری ساڵی ٤٠٠ی زاییندا بەشێکی زۆر لەم خێلاّنە لە رێگە سەختەکانی باکوورەوە بەرەو ناو ئیمپراتۆرییەت سەرەو لێژبوونەوە لەوەبەدواوە هێرشی خێڵە جێرمەنییەکان، ئیمپراتۆرییەتی رۆمی سست و بێهێز کرد.

لەکۆتایی سەدەی پێنجەمدا کاری ئیمپراتۆرییەتی رۆم دوایی هات و لە ساڵی ٤٧٦ی زاییندا دوایەمین ئیمپراتۆری بێهێزی رۆمەکان لەسەر تەختی فەرمانڕەوایەتی هاتە خوارەوە. لە جیاتی ئەوە ئیمپراتۆرییەتێکی گەورە کە بە یاساکانی روم بەڕێوەدەچوو، وە بە هێزی رۆم پاسەوانی لێ دەکرا، ناوچە فراوانەکەی ئیمپراتۆرییەت لە لایەن خێڵە هێرشکەرەکانەوە دابەشکرا بەسەر ژمارەیەك شارۆچکەدا و هەر یەکێکیان پاشایەکی جێرمەنی فەرمانڕەوایی دەکرد.

# بەشی شەشەم

# میللەتەکان لە خێڵە گەڕیدەکانەوە دروست دەبن

## خێڵە جێرمەنییەکان بەدوای نیشتمانە نوێکاندا دەگەڕان

دانیشتوانی دارستانەکانی باکوور کە هێرشیان بۆ ئیمپراتۆرییەتی رۆم هێنا، خەڵکانی باڵابەرز و بەهێز و چاوشین و قژ درێژی رەنگ سوور یان ئاڵتوونی بوون. پێستی ئاژەڵان یان باڵاپۆشی رەقیان لە بەردا بوو. شوێنی نیشتەجێبوونیان خانووچکەی خڕی بچووك بوو کە لە تەختەی داتاشراو و رەق یان لە چنینی قامیش و لقدارەکان دروست دەکرا. زۆرجار ئەم خانووچکانە لە مەیدانێکی دارستانەکەدا لە تەنیشتییەکەوە دروست دەکران و بەم شێوەیە گوندەکان دروست دەبوو. خێڵەکە لە کۆمەڵێك لە گوندەکانی دراوسێی پێك دەهات.

زۆربەی ئەوانە، چەند سەدەیەك لە پێش هێرشەکاندا لە دەوروبەری ئیمپراتۆرییەتی رۆم، لەناوچەیەکدا کە بەکەناری رووباری راین و دانوب تا بەشی باکووری ئەورووپا درێژ بووبۆوە، دەژیان. گوتەکان، ڤاندالەکان، بورگندییەکان، لمباردەکان، فرانکەکان لەم کۆمەڵە نەتەوانە دەژمێردران. ئانگلەکان، ساکسۆنەکان، جووتەکان لە باکووری ئەم ناوچەیە دەژیان و تەنانەت لە ناوچەکانی ئەوپەڕی باکوور، لەو وڵاتانەی کە ئێستا بە سوید و نەرویج ناو دەبرێت، پیاوانی باکوور واتە ئەسکەندەنافیایی دەژیان. هەموو ئەم خێڵانە لەگەڵ یەکتردا خزمایەتییان هەبوو، وەك یەك ژیانیان بەسەردەبرد. پیاوان زیاتر کاتی خۆیان بۆ نەبەرد و راو تەرخان دەکرد و ژنان لە ماڵەوە چاودێری منداڵەکانیان دەکرد، خورییان دەڕست، پارچەیان دەچنی، ئاژەڵەکانیان دەپاراست و کشتوکاڵیان لە کێڵگەکان دا دەکرد.

خێڵە جێرمەنییەکان زۆر تامەزرۆی ئازادی خۆیان بوون. سەرۆکی خێڵ لە کۆبوونەوەیەکدا بە ئامادەبوونی هەموو تاکەکانی خێڵ هەڵدەبژێردرا.

سەرۆك ئەنجوومەنێکی بۆ بڕیاردان پێك دەهێنا. ئەگەر جەنگاوەرەکان بە پێشنیاری رابەرەکانیان رازی بوونایە، چەکەکانی خۆیان دەکوتا بەقەڵغانەکانیاندا.

ئازایەتی و دلێری دوو تایبەتمەندی شایەنی ستایش بوون لە خێڵە جێرمەنییەکاندا. لە باسی تایبەتمەندییەکانی ئەوان دا نووسیویەتی: «بۆ رابەر شەرمەزارییە کە لە ئازایەتیدا لە کەسێك کەمتر بێت و بەهەمان شێوەش بۆ پەیڕەوکارانی شەرمەزارییە کە نەتوانن بە



ئازاییەوە رووبەڕووی رابەرەکەیان ببنەوە. بەزیندوو مانەوەی رابەرێك لە شەڕدا و گەڕانەوەی، کەموکوڕی و نەنگییە تا دوا هەناسەی پاك نابێتەوە. ئەم کەسە رووڕەشە و جێگەی لە ئەنجوومەنەکەدا نییە».

لەدەوروبەری ساڵی ٣٧٥ی زاییندا، هۆنەکان واتە خێڵە دڕندەخو و کێوییەکانی مەغۆل لە دوورکەوتووترین ناوچەی ئاسیاوە بەرەو ناو ئەورووپا سەرەو لێژبوونەوە و بەسواری ئەسپە بچووکە خورییەکانیانەوە، هەموو شتەکانی سەر رێگەکەیان وێران کرد. مەغۆلەکان لە کاتی پێشڕەوییان بەرەو رۆژئاوا گەیشتن بەناوچەی گوتەکان کە زۆر دوور نەبوو لە لای باکووری ئیمپراتۆرییەتی رۆم. لەگەڵ ئەوەی کە گوتەکان، خەڵکی ئازا و دلێربوون بەڵام لەبەرامبەر ئەم سەرکەشە چاپووك و دڕندانەدا لە ترس دا هەڵهاتن. بە گەیشتنیان بە کەناری رووباری دانوب، بە باوەڕی ئەوەی کە لە ناو پانتایی دەسەڵاتی ئیمپراتۆرییەتدا سەلامەت دەبن، نامەیان بۆ ئیمپراتۆر نارد و بەپشت بەستن بە وتەی مێژووزانێکی رۆمی «زۆر سادانە پەیوەندییان پێوەکرد کە وەك پەیڕەوکار پەسەندیان بکات، پەیمانیاندا کە بە ئارامی بژین و سوپایەك بۆ روم ئامادە بکەن». ئەم کارەساتە لە کاتێکدا روویدا کە ئیمپراتۆرییەت بەرەو لاوازی دەچوو، بۆ بەرگری کردن لە خۆیان پێویستیان بە پیاوی زیاتر بوو. لەبەر ئەمە ئیمپراتۆر رێگەی بەگۆتەکاندا کە بێنە ناو خاکی ئیمپراتۆرییەتەوە. هەزاران جەنگاوەر لەگەڵ ژن و منداڵەکانیاندا بە کەشتی و بەلەمی دروستکراو لەداری نابۆش، بەڕووبارەکە دا تێپەڕین. لە راپۆرتێکی کۆندا باسکراوە کە «ئەوان، بێ وەستان بەشەو و رۆژ بەڕووبارەکەدا تێ دەپەڕین».

لەگەڵ ئەوەی کە ئیمپراتۆر پەیمانی دابوو بەگوتەکان کە هەڵسوکەوتی باشیان لەگەڵدا بکات بەڵام لێپرسراوەکانی ناو ئیمپراتۆرییەت بە شێوەی جۆراوجۆر، ستەمیان بەرامبەر بەو کەسانە دەکرد کەتازەهاتبوون و پەیمانی ئیمپراتۆریان خستە ژێر پێیانەوە. لە ئەنجامدا گوتە تۆڕەکان لە دژی رۆمەکان شۆڕشیان بەرپا کرد.

گوتەکان رابەرێکی شایستەیان هەبوو بە ناوی «ئالاریك» ئەو گفتوگۆی لەگەڵ خەڵکەکەی خۆی کرد و هەموو بەیەکەوە بڕیاریان دا لە جیاتی ئەوەی کە پەیڕەوکاری وڵاتێکی تر بن، بۆ خۆیان حکومەتێکی نوێ دروست بکەن. «لە ساڵی ٤١٠ی زاییندا، ئالاریك و سوپایی گۆتەکان، بەخێرایی رۆمیان داگیر کرد». پۆستەچییە ترساوەکانی روم، خوازیاری راگەیاندنی مەرجەکانی ئەو بوون بۆ ئاشتی. ئالاریك وتی: «هەموو زێڕ و زیو و گەوهەرەکانی کە شایەنی هەڵگرتن و هەموو بەندەکانی خۆتان دەبێت بۆمن بگوێزنەوە». پۆستەچییەکانی رۆم پرسییان:

«بەم شێوەیە بەجێمان دێڵێ»؟ ئالاریك بە گاڵتە پێ کردنەوە وەڵامی دایەوە: (لە کۆتاییدا ژیانتانم دەوێت!).

لایەنگرانی ئالاریك شەش رۆژی تەواو بەشەقامەکاندا دەگەڕان و شارەکەیان تالان کرد. خێڵەکانی تری جێرمەنی بەرەو سنوورەکانی روم سەرەوخواروبوونەوە، وە لە ناو ئیمپراتۆرییەتدا بەدوای پانتایەکی دەسەڵاتدا دەگەڕان بۆ خۆیان. لەم سەردەمەدا ئەو شارانەی کە حکومەتی رۆم بنیاتیان نابوو، یەکسەر تالان کرا. گەنجینە گرانبەهاکان وێران بوو، و جادە و پرد و کەنداوە دروستکراوەکانی رۆم، ئیتر هەرگیز نوێ نەکرانەوە، هۆڵی شانۆکان و گەرماوەکان و دامەزراوە گشتییەکان لە دۆخی وێران بووندا بوون. هونەر و ئەدەبیات و زانست، بەرەو نەمان چوو. بەم سەردەمانە کە چەندان سەدە درێژەی هەبوو پێ دەڵێن چاخی نەزانین «عصرجاهلیت».

بەم حاڵەشەوە، شارستانییەت پێش دەکەوت. خێڵە جێرمەنییەکان، ژیانێکی تازەیان لە ناوچەکانی ژێر دەسەڵاتی خۆیاندا بەرهەم هێنا. ئەوانە چەندان رژێمی پاشایەتییان دامەزراند کە لەسەردەمەکانی دواییدا، میللەتە گرنگەکانی ئەورووپای ئێستا لەوانەوە دروست بوون. بەجێگیربوونی ئەم خێڵانە، سیستەمی کۆمەڵایەتی نوێ گەشەی کرد و وردە وردە بڵاوبۆوە. پاشان ئەورووپا لە کۆتایی سەدەکانی ناوەڕاست، چاخێکی نوێی لە مێژوودا دەست پێ کرد.

## مێروولەکان لە ئیسپانیادا

لەسەردەمێکدا کە ئالاریك ئیتالیا داگیر دەکات، خێڵەکانی تری گۆتەکان دەڕۆن بۆ ئیسپانیا و سێ سەد ساڵ لەوێ بەبێ هیچ کێشەیەك نیشتەجێبوون، پاشان لە ساڵی ٧١١ی زاییندا، وڵاتەکەیان لە لایەن سوپایەکی گەورەی عەرەبەکانەوە کە لە ئەفەریقیایی باکوورەوە هاتبوون، داگیر کرا.

عەرەبەکان لە چاخی کۆندا بەشێوەی خێڵە بیابان نشینەکان لە عەرەبستان دا دەژیان و لە مێژووی جیهاندا رۆڵێکی بەرچاویان نەبوو. لەسەدەی شەشەمی زاییندا حەزرەتی محەمەد (د.خ) دەبێتە رابەری گەورەی ئەوان. کاروانەکانی بۆ عەرەبستان رێنمایی دەکرد و چونکە بۆ ژمارەیەك ناوچەی بیابان سەفەری کردبوو، ژمارەیەکی زۆر یەهوودی و مەسیحی دەناسی.

لە ئەوانەوە فێربوو کە دەبێت تەنیا یەك خودا بپەرستێت و لەو باوەڕەدابوو کە ئەم مەزهەبە زۆر باشترە لە پەرستنی بتەکان کە خەڵکی خێڵەکەی ئیمانیان پێی هەبوو. حەزرەتی محەمەد (د.خ) لەو باوەڕەدا بوو کە لەلایەن خوداوە نێردراوە تامەزهەبێکی تازە بڵاوبکاتەوە، ئەو فێری



خەڵکی دەکرد کە «تەنیا یەك خودا هەیە و محەمەد پێغەمبەری ئەوە». هەندێك ئیمانیان بە پەیامەکەی ئەو هێنا و بوونە پەیڕەوکارانی و ئەوانی تر ئەویان بە کەسێکی ترسناك دەزانی و لەبەر ئەمە بڕیاری کوشتنیان دا. حەزرەتی محەمەد (د.خ) بە هەستکردن بە پیلانەکەی ئەوان لەگەڵ ژمارەیەك لە پەیڕەوکارە وەفادارەکانی خۆی لەساڵی ٦٢٢ی زاییندا، کۆچیان کرد بۆ مەدینە. حەزرەتی محەمەد (د.خ) لە کاتی نیشتەجێبوونی لە مەدینە ژمارەی پەیڕەوکارەکانی زیادی کرد. پاشان گەڕایەوە بۆ مەککە و دەستی بەسەردا گرت و زۆری نەخایاند مەککە گۆڕا بۆ مەڵبەندی ئیسلام. لە دوای مردنی حەزرەتی محەمەد (د.خ) پەیڕەوکارە بەوەفاکانی وتەکانی ئەویان بەشێوەی نووسین هۆنیەوە و لە کتێبێك دا بەناوی قورئان نووسییانەوە. بەم شێوەیە، قورئان بووە کتێبی پیرۆزی موسڵمانەکان. خەلیفەکان کە جێنشینی پێغەمبەر (د.خ) بوون، خوازیاری بڵاوبوونەوەی ئایینە تازەکە بوون لە ناوچەکانی تردا. پاش سەد ساڵ لە مردنی حەزرەتی محەمەد (د.خ)، عەرەبەکان بەدامەزراندنی ئیمپراتۆرییەتێکی گەورە، باکووری ئەفەریقیاشیان خستە ژێر دەسەڵاتی خۆیانەوە.

تێپەڕین بە ڕێڕەوی باریکی «جەبەل ئەلتاریق» و چوونە ناو خاکی ئیسپانیاوە بۆ عەرەبە موسڵمانەکان کارێکی ئاسان بوو. موسڵمانەکان لە ئسپانیادا لەگەڵ یەکێك لە خێڵە گۆتەکاندا کە نزیکەی سێ سەد ساڵ دەبوو کە لەو وڵاتەدا دەژیان، ڕووبەڕووبوونەوە و جەنگ هەڵگیرسا. لە ساڵی ٧١١ی زاییندا، موسڵمانەکان گۆتەکانیان تێکشکاند و حکومەتێکیان دروستکرد کە لە باکوورەوە تاشاخەکانی پیرنە فراوان بوو، عەرەبە نیشتەجێبووەکانی ئیسپانیا لەوە بەدواوە ناو دەنران «مێروولەکان» شارستانییەتێکی گەورەیان لە ئیسپانیادا دامەزراند. لەسەردەمی حوکمی ئەواندا، زۆر شار دروستبوو کە بەهۆی بینا جوانەکانیانەوە بەناوبانگە. سەربانی هەندێك لە کۆشکەکان لە ناو باخە دڵگیرەکاندا دەورە درابوون بەزێڕ و زیو و دیوارەکانیان لەبەردی مەڕمەڕی ڕەنگاوڕەنگ بوو.

موسڵمانەکان پەرستگاکانی خۆیان ناو دەنا مزگەوت، شێوازی بیناسازی مزگەوتەکان جیاوازییەکی زۆریان هەبوو لەگەڵ بیناسازی پەرستگاکانی یۆنان و روم یان کەنیسەی مەسیحییەکان. لەسەر مزگەوتەکان گومەزە گەورەکان و لە دەوری سەربان دوو تاوەری بەرز و باریك هەبوو بە ناوی منارە. پارچەی بچووکی شووشە و مەڕمەڕ و ماددەکانی تر بەژیرانە لە تەنیشت یەکترەوە دادەنران و بەسیرامیك، نەخش و نیگاری سەرنج ڕاکێشیان لەسەر دروست دەکرد. ئەم سیرامیکانە بۆ ڕازاندنەوەی دیواری زەوی مزگەوت سوودی لێ وەردەگیرا.

شاری دەوڵەمەند و جوانی قرتبە، بەهۆی زانیاری و بازرگانە لێهاتووەکانیەوە بەناوبانگ بوو. خاوەن پیشە زیرەکەکانی ئەو شارە لە زیو و مس و برۆنز ئامێرە رازاوەکانیان دروست دەکرد و لە کارگەکانی چنیندا لە پەت و خوری پارچەی جوانیان دەچنی. بازرگانەکان ئەم بەروبوومانەیان دەبرد بۆ بازاڕە دوورەکانی ناوچەکانی تر. عەرەبەکان بەم شێوە زانیاری رۆژهەڵاتیان بۆ ئیسپانیا گواستەوە. لە قرتبە زانکۆیەك هەبوو کە مامۆستا عەرەبەکان لەوێدا زانیارییان فێری میسرییەکان و یۆنانییەکان و رۆمەکان و خەڵکە کۆنەکانی تر دەکرد. پیاوە گەنجەکان لە ناوچەکانی ترەوە بۆ خوێندن دەهاتن بۆ ئەم زانکۆیە و ئەستێرەناسی و پزیشکی و ماتماتیك و زانستی سروشتیان دەخوێند، بەم شێوەیە، هزر و بیرە نوێکان لە رۆژهەڵاتەوە بەرەو رۆژئاوا بڵاوبۆوە.

عەرەبەکان لە چینییەکانەوە هونەری کاغەز دروستکردن فێر بوون. بەشێکی زۆر لە کتێبەکانی کتێبخانەی گەورەی قرتبە، لە جیاتی پێستی ئاسك لەسەر کاغەز نووسرابوون. ئەوروپییەکان لە پێش هاتنە ناوەوەی مێروولەکان بۆ ئیسپانیا، ژمارەیان بە شێوەی رۆمی دەنووسی. عەرەبەکان سوودیان لە سیستەمێکی سادەتر وەردەگرت بۆ نووسینی ژمارە. ئەم سیستەمە بە شێوەیەك بەکەڵك بوو کە لە دوایی هەموو وڵاتەکانی ئەوروپا ئەوەیان وەرگرت و سیستەمی ژمارەی عەرەبی لە زۆربەی ناوچەکانی جیهاندا رەسمی بوو. قرتبە بووە سەنتەری حکوومەت، مێروولەکان بۆ بەرگری کردن لە شار، رەبایەی سەربازی گەورەیان لەسەر شاخەکان دروستکرد و لەم رەبایانەدا، کۆشێك هەبوو کە پاشاکان لەوێدا نیشتەجێ دەبوون. چونکە دیوارەکانی دەرەوەی ئەم رەبایانە لە خشتی سوورەوەکراوی بەرهەتاو دروست کرابوو، ئەوانەیان ناونا «الحمبرأ» کە لە زمانی عەرەبی دا مانای (قەڵای سوور) دەدات. (الحمبرأ) هێشتاماوە و بە نموونەیەکی جوان لە بیناسازی مێروولەکان دەژمێردرێت.

مێروولەکان حەوت ساڵ فەرمانڕەوایی بەشێکی زۆری ئیسپانیایان کرد. لەم سەردەمەدا، لە شاخەکانی باکووری ئیسپانیادا حکوومەتەکانی مەسیحی پێیان گرتبوو، وردەوردە ناوچەکانی ژێر دەسەڵاتی مێروولەکانیان داگیر کرد. لە ساڵی ١٤٦٩ی زایینیدا، رووداوێکی گرنگ رووی دا و ئەوەش شووکردنی پرنسس ئیزابیلا لە کاستیل بە پرنس فردینادا لە ئارگۆن بوو. پانتایی فەرمانڕەوایی لە ژێر دەسەڵاتی ئەم دوو پاشایەتی دا، لە هەموو حکوومەتەکانی تر گەورەتر بوو ئەوە لە ئەنجامی ئەم خێزان دروست کردنەدا، بەشێکی فراوان لە وڵات یەکیان گرت. پاشا و شاژن بڕیاریان دا کە مێروولەکان لە ئیسپانیا، بکەنەدەرەوە، پاشان لە دوای جەنگێکی درێژخایەن کە لە ساڵی ١٤٩٢ی زایینیدا کۆتایی هات. لەم بڕیارەیان دا سەرکەوتوو بوون.



## نیشتیمانی گولْ دەگۆڕێت بۆ وڵاتی فەڕەنسا

سزار سەرزەوی گوڵی داگیرکردوو، تا ساڵەکانی ٥٨ تا ٥١ی پێش زایین ئەوێی کردە بووە ژێر دەسەڵاتی رۆمەوە. لە دوای چەند سەدەیەك لە ناو ئەو جێرمەنییانەی کە ئیمپراتۆرییەتی رۆمیان داگیر کرد، خێڵەکانی فرانکیشی تێدا بوو. ئەوانە بەڕووباری راینەدا تێپەڕین و لە ساڵی ٤٠٠ی زایین لە گولْ نیشتەجێبوون. سەرەتا فرانکەکان دابەش بوون بەسەر ژمارەیەك خێڵی بچووکدا کەسەرۆکی هەر یەکێکیان پاشایەك بوو، لە ساڵی ٤٨١ی زایینیدا «کلویس» بە تەختی پاشایەتی گەیشت و بە یەکگرتنی خێڵەکان، میللەتێکی پێك هێنا. فرانکەکان لە ژێر فەرمانی کلویسدا پێش کەوتن. لاسایی ژیانی رۆمەکانیان کردەوە و گرنگییان بە زمانی رەسمی خۆیاندا.

حکوومەتی فرانکەکان لە دوای کلویس، درێژەی بە پێشکەوتنی خۆی دا بەم شێویە، وردەوردە پاشا بێ هێزەکان دەستیان بەسەر حکوومەتدا گرت. کە زۆربەی کاتەکانی خۆیان بەبێ کاری یان سەرگەرم کردنەوە بەسەردەبرد و کاروبارەکانی دەوڵەتیان بەخاوەن پۆستەکانی تر دەسپارد. چالاکی ئەوانە بەشێوەیەك کەم بوو کە بە (پاشا بێ کارەکان) ناسرا بوون . پاشان فرانکەکان جارێکی تر لە سەدەی هەشتەمی زایینیدا، بوونە خاوەنی رابەری بەهێز و شایستە.

لەوکاتەی کە فرانکییەکان خەریکی چەسپاندنی حکوومەتی خۆیان بوون، مێروولەکانی ئیسپانیا بە هیوای دەستکەوتنی ناوچەی زیاتر، لە ساڵی ٧٣٢ی زایینیدا، بە شاخەکانی پیرنەدا تێپەرین هەتا ناوچەکانی ژێر دەسەڵاتی پاشایەتی فرانکەکان داگیر بکەن، مێروولەکان بە شێوەیەکی سەرسەختانە دەجەنگان کە توانایی داگیر کردنی هەموو ئەورووپایان هەبوو، بەڵام رابەرێکی بەهێز بەناوی شارل بە سوپایەکی بەهێزەوە کە پیاوە جەنگاوەرەکانی سەرتاسەری فەڕەنسای کۆکردبۆوە لە «تورز» کە شارێکە لە فەڕەنسای مەرکەزی لەگەڵ هێرشکەرەکاندا رووبەڕوو بۆوە، شارل بەتەورەجەنگییەکەی خۆی، بە شێوەیەك بە دوژمنیدا دەکێشا کە لە دواییدا ناسرا بە «شارلی تەوروەشێن»، مێروولەکان کشانەوە بۆ ئیسپانیا و ئیتر هیچ کاتێك هەوڵی داگیرکردنی ناوچەی فرانکەکانیان نەدا.

# شارلمانی، پاشایی فرانکەکان

لە دوای شارلی تەورووەشێن، نەوەی شارل بۆ پاشایەتی حکوومەتی فرانك هاتە سەر حوکم ئەو لە دوایی بەشارلمانی ناسرا کە مانای شارلی گەورە دەدات، لەسەردەمی فەرمانڕەوایەتی شارلمانیدا، ناوچەیەکی زۆر لە ژێر دەسەڵاتی فرانکەکاندابوو، ناوبانگی جەنگاوەری شارلمانی لە داستانێکی کۆندا کە راهیبێکی ئەو سەردەمە گێراویەتییەوە بەم شێوەیە باسی ئازایەتی شارلمانی کردووە، رۆژێك شارلمانی و سوپاکەی لە ناوچەیەکی دوژمندا بەرەو پێشەوە دەچوون، دوو کەس لە بەرگریکەرەکان چوونە سەر تاوەرێکی بەرز، کاتێك کە ژمارەیەك لە سەربازەکانی فرانك دەرکەوتن، یەکێك لەو دووکەسە پرسی: ئایا شارلیش لەگەڵ ئەم سوپایەدایە؟ ئەوی تر وەڵامی دایەوە: «هێشتانە» سەربازی زیاتر لە مەیدانی شەڕەکەدا دەردەکەون دیسانەوە کەسی یەکەم وتی: «بەدڵنیاییەوە» ئەمجارە شارل لەگەڵ ئەم سوپایەیە، هاوڕێکەی وەڵامی دایەوە، «هێشتا نە، کاتێك شمشێرەکان وەك قەدەکانی گەنم لە کێڵگەکاندا هاتن و چوون و رووبارەکان، شەپۆلە پۆلاییە رەنگ رەشەکانیان بەدیواری شاردا کێشا، ئەوکاتە شارل دێت»، هێشتا ئەم گفتوگۆیە کۆتایی نەهاتبوو، کە لە باکوورەوە هەورێکی رەش لە بەرزایی ئاسمانەوە دەرکەوت، بە نزیك بوونەوەی هەورەکە، بەرگریکەرەکان شارلیان بینی، پیاوێکی سەرتاپا داپۆشراو بە پۆلا، بازووەکانی لەپەڕەی پۆلا و سنگێکی پتەو و شانەکانی پان کە بەزریێ پۆشی پۆلایی دەپارێزدرا، بە دەستی چەپییەوە نەیزەیەکی ئاسن بەرزبووبۆوە و بە دەستی راستییەوە شمیشێرێك کە رووخساری پاراستبوو، رانەکانی لەناو پولکە ئاسنینەییەکاندا جێگەی خۆی کردبۆوە و تەنانەت قەڵغانەکەشی لە ماددەی پۆلابوو، ئەسپەکەشی بە رووخسار بەهێزبوو. هەموو سوپاکەی شارل خۆیان وەك ئەو رازاندبۆوە، کێڵگەکان و جادەکان پڕبووبوو لە پۆلا، تیشکی رووناکی خۆر کە لە پۆلاکەی دەدا دەدرەوشایەوە. چاوەکانی بێ باك دەکرد، خەڵکی وڵاتە تێکشکاوەکە، سوجدە بۆ شمشێرە بەرزەوە بووەکان دەبەن، دیوارە پتەو و تۆکمەکان، لەبەردەم قاچی جەنگاوەرەکانی شارلمانیدا دەلەرێنەوە و ئازاترین لاو لەپێش چەکە قورسەکانەوە هەڵدێن.

جەنگەکانی شارلمانی بووە هۆی ئەوەی کە فرانکەکان لە دوای سەردەمی ئیمپراتۆرییەتی رۆم، ببنە خاوەنی گەورەترین ئیمپراتۆرییەتی ئەورووپا لە کاتی تاج لەسەرنانی شارلمانیدا لەساڵی ٨٠٠ی زاییندا، پانتایی دەسەڵاتی ئیمپراتۆرییەتی فرانکەکان و وڵاتەکانی فەڕەنسا و بەلجیکا و هۆلەندا و سویسرا و زیاتر لە نیوەی ئەڵمانیا و ئیتاڵیا بەشێك لە ئیسپانیای دەگرتەوە.



شارلمانی یاسای باشی بۆ ئیمپراتۆرییەتە گەورەکەی دانا و بە هۆی جێبەجێ کردنیانەوە چاودێری دەکرد. بۆ بەمەدەنی کردنی خەڵك رووی لە هیچ کارێك وەرنەدەگێرا. لەو رۆژگارەدا، ژمارەیەکی کەم دەیانتوانی بخوێننەوە و بنووسن و هیچ قوتابخانەیەك نەکرابۆوە، تەنانەت شارلمانی خۆشی نەیدەتوانی بخوێنێتەوە و بنووسێت، بە هەوڵێکی زۆر فێری خوێندن و نووسین بوو، وە فەرمانی دا کە دەبێت منداڵەکان فێری خوێندەواری ببن، لە کۆشکەکەیدا قوتابخانەیەکی تایبەتیان بۆ منداڵان دروست کردبوو کە مامۆستایەکی زیرەك بەناوی «ئەلکوین» ئەوێی بەڕێوە دەبرد، ئەلکوین قوتابییەکانی خۆی بە پرسیار و وەڵام فێر دەکرد تا ئەوکاتەی کە بە تەواوی لە وەڵامەکە دەگەیشتن.

بۆ نموونە لەقوتابییەك دەپرسیت: «دەم چییە»؟ ئەلکوین وەڵام دەداتەوە: کەرەستەیەکە کە خواردن دەگەیەنێت بە لەشی مرۆڤ چونکە خواردن بە ئەوێدا تێپەر دەبێت». قوتابی دەپرسێت: «سك چییە»؟ ئەلکوین وەڵامی دەدایەوە: «چێشتلێنەر!» بەم شێوەیە منداڵەکان فێردەبوون کە دەستەکان کرێکارەکانی لەشن، ئێسکەکان دەسەڵاتی لەشن و قاچەکان ستوونەکانی لەشن.

قوتابخانەکانی تریش دامەزرا، یەکێك لە فەرمانەکانی شارلمانی بەم شێوەیە دەرچوو: «هەموو پەرستگایەك دەبێت قوتابخانەی هەبێت و لەوێدا کوڕەکان فێری سروود و نووسینی نۆت و گۆرانی بێژی و رێزمان بن». کتێبەکانی ئەو سەردەمە بە دەست دەنووسران و شارلمانی دەیزانی لە کاتی نووسیندا هەڵەیەکی زۆری تێدا دەکرێت، دەیوت: ((ئەو کتێبانەی کە بە کوڕەکان دەدرێت، نابێت هەڵەی تێدا بێت، وریابن تا لە کاتی خوێندن و نووسیندا کتێبەکان خراپ نەبن)).

پیاوماقوڵە چەکدارەکانی ئەو سەردەمە، بە چاوێکی سووکەوە سەیری زانستیان دەکرد، کوڕەکانی ئەوان لەو باوەڕەدابوون کە چونکە باوکانیان لە چینە بەرزەکانن، پێویست ناکات کە کاری قورس بکەن و لەبەر ئەوە لە خوێندنەوەی کتێبەکانی خۆیاندا کەمتەرخەمییان دەکرد، رۆژێك شارلمانی لەکاتی چاوپێکەوتنی لەگەڵ کۆمەڵێك لە قوتابییەکاندا پرسیاری لێکردن تاوەکو ئەنجامی کارەکەیان ببینێت، کوڕەکانی کە لە خێزانە هەژارەکان بوون، ئەرکە گرانەکانی خۆیان بە تەواوی ئەنجام دابوو. شارلمانی وتی: «دەزانم رەنجێکی زۆرتان کێشاوە. هەوڵ بدەن بە ئاواتی دڵی خۆتان بگەن و ئەوکاتە دەبنە جێی رێز لایی هەموان»، خێزانی پیاو ماقوڵەکان هیچ بیانوویەکیان نەبوو بە پاشا بڵێن. شارلمانی یەکسەر ئەوانەی سەرزەنشت کرد و وتی: ئێوە کوڕە شازادەکان، ئێوە رۆڵە بچووك و جوان و میهرەبانەکان کە بەڕەسەن و خزم و دەوڵەمەند خۆتان حساب دەکەن. فەرمانەکانی منتان جێبەجێ نەکردووە. ئاگاتان لەوانەکانی خۆتان

نەبووە و کاتی خۆتان بە تەمەڵی و گاڵتە کردنەوە بەسەربردووە، من هیچ بایەخ بەڕەسەن و خزم و رووخساری جوانتان نادەم، ئەگەرچی ئەوانی تر ئەوەیان زۆر بەلاوە گرنگە. پەیمانتان پێ دەدەم ئەگەر بەخێرایی کەم و کورییەکانتان چاك نەکەنەوە، دڵنیا بن کە میهرەبانی شارل دابینکەری گوزەرانتان نابێت.

لەدوای مردنی شارلمانی ئیمپراتۆرییەتە گەورەکەی ئەو بە یەکگرتوویی نەمایەوە لەناوەڕاستی سەدەی نۆیەمی زایینیدا زەوییەکانی ژێر دەسەڵاتی ئەو دابەشکرا، بەشی رۆژهەڵاتی بۆ ولاتی ئەڵمانیا بەشی رۆژئاوای بۆ ولاتی فەرەنسا و بەشێکی تری بۆ ئیتالیا گۆڕا، هەموو ولاتێك پاشایەکی بۆ خۆی هەبوو وەك حکومەتێکی سەربەخۆ گەشەی دەکرد.

## ناوچەکانی بەریتانیا دەگۆڕێت بۆ ولاتی ئینگلتەرا

لەو سەردەمی کە فرانکەکان گوڵیان گۆڕی بوو بۆ ولاتی فەرەنسا، بەریتانیاش وردە وردە گۆڕا بۆ ولاتی ئینگلتەرا. بەریتانیا یەکێك بوو لە پارێزگاکانی روم، کاتێك خێڵەکانی بەربەر و کێویی هێرشیان کردە سەر ئیمپراتۆرییەت، لژیۆنی رۆمی جێگیر لە بەریتانیا بانگ کرا بۆ رۆم، بەریتانییەکان هەمیشە لە ژێر پارێزگاری روم دابوون، لەبەرئەوە بەرگریکەریان نەبوو، دوژمنە پیکتەکان و سکۆتییەکان کەلە خێڵە کێوییەکانی سکۆتلەندا و ئیرلەندا بوون، هێرشیان هێنایە سەر بەریتانیا. بەریتانییەکان نائومێد و داماو نامەیەکیان بۆ رۆم نارد: «بەربەرەکان ئێمە فڕێ دەدەنە دەریاوە، دەریا ئێمە لەبەرچاوی بەربەرەکان پارچە پارچە دەکات. رێگە چارەمان نییە، یان دەبێت بخنکێین یان بە دەستی ئەوانە بکوژرێین».

رۆم نەیدەتوانی هێز بنێرێت بۆ یارمەتی ئەوان چونکە پێویستی بە هەموو سەربازەکان بوو بۆ بەرگری کردن لەشار، لەئەنجامدا بەریتانییەکان داوای یارمەتییان لە ئانگلییەکان و ساکسۆنییەکان و جوتەکان کرد کە لە کەناری دەریای بالتیك دەژیان، بەڵام ئەمە بۆ خۆی بووە کێشەیەکی تازە لە ساڵی ٤٩٩ی زایینەوە، بۆ ماوەی دوو سەد ساڵ، ئانگلییەکان و ساکسۆنییەکان بەردەوام هێرشیان دەهێنایەسەر خاکی بەریتانیا. سەرەتا بۆ دزی و تالان، هێرشی بچووکیان دەهێنا و پاشان بەتێپەڕینیان بە رووبارەکاندا هێرشیان کردە سەر گوندەکانی بەریتانییەکان و ئاگریان لەوانە بەردەدا و گەنم و مەڕ و مانگاکانیان دەفڕاندن، نووسەرێکی ئەو سەردەمە بەم شێوەیە نووسیوویەتی: ((ئەوانە، لە هەموو دوژمنەکانی ترمان زیرەکتر و بێ بەزەیترن، دەریایی قوتابخانە و جەنگ و تۆفان دۆستی ئەوانە. گورگی دەریایین کە بەتاڵانی دونیا رۆژگار دەگوزەرێنن .



هەمووو ساڵێك ژمارەیەکی زیاتر لەئانگلییەکان و ساکسۆنییەکان دەچوونە ناو خاکی بەریتانیاوە. زۆری نەخایاند کە بەریتانییەکانیان بەلای رۆژئاوادا راونا و خۆیان بوونە خاوەنی هەموو ولاتەکە. ئانگلییەکان و ساکسۆنییەکانی جێگیر لە بەریتانیادا دابەشبوون بە سەر چەند خێڵێکدا و هەر یەکێك لەوانە خاوەنی حکومەتێکی بچووك لە ژێر دەسەڵاتی پاشایەکدا بوو. بۆ ماوەیەکی دوورودرێژ ئەم حکومەتانە بەیەکەوە جەنگان و لە کۆتایی سەدەی نۆیەم دا هەموو ئەوانە لە ژێر دەسەڵاتی یەك پاشادا یەکیان گرت. بەم شێوەیە بەریتانیا ناونرا ((ئینگلاند)) و وردە وردە ناوی گۆڕا بۆ ئینگلتەرا. بە خەڵکی ئەم ولاتەشیان دەوت ئانگلۆساکسۆن. ئانگلۆساکسۆن وەك خێڵە جێرمەنییەکان، زۆر سەرسەختانە پارێزگارییان لە ئازادی و سەربەخۆیی خۆیان دەکرد. هیچ کەس مافی ئەوەی نەبوو بەبێ بانگ کردنی خاوەن ماڵ بە بەردەرگای خانووەکەیدا بڕوات. ئەگەر کەسێك بەبێ مۆڵەت بهاتایەوە ماڵەوە، خاوەن ماڵ مافی کوشتنی ئەوی هەبوو. وردە وردە ئەم پەندە کۆنە لە ناو ئەواندا جێی خۆی کردەوە کە «خانوونی هەر کەسێك، کۆشکی ئەوە».

ئەنگلۆساکسۆنەکان لە گوندە بچووکەکاندا دەژیان. هەموو گوندێك لەگەڵ زەوییەکانی دەوروبەریدا قەزایەکیان پێك دەهێنا. لە کۆمەڵە قەزایەکیش، شارۆچکەی گەورەتر بە ناوی بەش پێك دەهات. لە هەموو گوندێك دا، شوێنێکی کۆبوونەوەی تایبەت هەبوو بە ناوی ئەنجوومەن، لە کاتی پێویستدا هەموو پیاوە ئازادەکانی گوند لەوێدا چاویان بەیەکتر دەکەوت و لە بارەی مەسەلەکانی گوندەوە گفتوگۆیان دەکرد. هەر پیاوێك کە لەم کۆبوونەوەیەدا یان بەواتایەکی تر لە ئەنجوومەنەکانی شاردا بەشداردەبوو، مافی قسەکردن و رادەربڕینی هەبوو. مانگی جارێك، ئەنجوومەنی بەش کۆبوونەوەی بە ژمارەیەك لە گوندەکان دەکرد. گوندەکانی شارۆچکەیەك نوێنەری خۆیان بۆ ئەنجوومەنەکە دەنارد. بەشەکان، گوندەکانی بەیەکەوە دەبەستەوە و سەرۆکی ئەنجوومەن لە بارەی ئەو مەسەلانەوە گفتوگۆی دەکرد کە بۆ هەموو بەشەکان گرنگ بوون.

ئەو خێڵانەی کە لەیەك رژێمی پاشایەتیدا یەکیان گرتبوو بەڕەسمی پاشایی هەموو گوندەکانی ئەنجوومەنی بەش بۆ راوێژ کردن بانگ دەکران . ئەم کۆبوونەوانەیان ناو دەنا شورای پاشایەتی یان شورای گەورەکان، کەمانای «کۆبوونەوەی پیاوە ئاقڵەکان»ە. یاساکان کەسە بەتەمەنەکان رێکیان دەخست و لەم کۆبوونەوەدا پێشکەشیان دەکرد. کێشانی نەیزە بەسەر قەڵغانەکاندا بەمانای پشتگیری کردنی یاسا بوو بەڵام چرپەچرپە شکات ئامێزەکانیان دەبووە

هۆی هەڵوەشانەوەی ئەم یان ئەویاسا. بەم شێوە، ئەنگلۆساکسۆنەکان لە چاخە کۆنەکاندا بەشداری حکوومەتی خۆیان کرد.

## شا ئالفەردی گەورە

لە سەدەی نۆیەمدا، شەڕەکەرە دڕەندەخووەکانی دانیمارك بەرەو ئینگلتەرا سەرەو لێژبوونەوە و هەموو شوێنەکانیان ئاگر تێ بەردا و تاڵانیان کرد. ئامانجی ئەوانە، داگیرکردنی هەموو دورگەکەبوو. لە ساڵی ٨٧١ی زایینیدا، پاشایەکی بەهێز بە ناوی شا ئالفەرد لەسەر تەختی پاشایەتی دانیشت. ئەم پاشا گەنجەی ئانگلۆساکسۆنییەکان، خەڵکی بۆ بەرگریکردن لە ناوچەکەی خۆی ئامادەی شەڕ کرد. حەکایەتی زۆر لەم بارەیەوە گێڕدراوەتەوە. لە یەکێك لەوحەکایەتانەدا هاتووە کە پاشا خۆی وەك سازژەنێك لێ دەکات و بەدزییەوە دەچێتە ناو ئۆردوگای دانیماریکییەکانەوە. ساز لێ دەدا و گۆرانی دەڵێت، پاشای لاو بە شارەزاییەکی تەواو ساز لێ دەدات، جەنگاوەرە دانیمارکییەکان دەخاتە سەما. فەرماندەی دانیمارکییەکان، دەنگی سازەکە دەبیستێت و فەرمان دەدات تا ساز ژەنەکە بهێنن بۆ لای چادرەکەی. ئالفەرد سازی بۆ لێدا و گۆرانی وت. کاتێك دانیمارکییەکانی مەست کرد و نوقم بوون لەشادی دا. ئالفەرد لە نەخشە و پیلانەکانی هێرشە جەنگییەکانیان ئاگادار دەبێت. لەدوای هەڵهاتن لە ئۆردوگای دانیمارکییەکان، پیلانێکی دانا و لەگەڵ جەنگاوەرەکانیدا بەو شەوە دایبەسەریاندا و سوپای دانیمارکییەکانی تێکشکاند. ئالفەرد لە دوای کۆتایی هاتنی شەڕ، سازەکەی خۆی هەڵگرت و دەستی کرد بەساز لێدان بۆ فەرماندە دانیمارکییەکان کە بە دیل گیرابوون، فەرماندەکە بە بیستنی دەنگی سازەکە هاواری دەکرد: «سەیرە! تۆشا ئالفەردی هەمان مۆسیقا ژەنی گەرۆکی»! ئالفەرد لە وەڵامدا دەیوت: بەڵێ من هەمان مۆسیقا ژەنی گەرۆکم کە ئێوە بە میهرەبانییەوە، رەفتارتان لەگەڵیدا دەکرد، ئەگەر پەیمانم پێ بدەی کە ئیتر لەگەڵ خەڵکی مندا نە جەنگی، ئازادت دەکەم!» رابەری دانیمارکییەکان بەڵێنی دا و بە رازیبوونی جەنگاوەرەکانی ئازاد کرا.

ئالفەرد پاشایەکی ئاقڵ و خۆشرەفتار بوو، لە پێش ئەودا، یاساکان زۆربەیان نەنووسرابوون، خەڵکی تەنیا لە بیریان بوو کە باوکانیان چ کارێکیان کردووە و چ شتێکیان بە یاسا زانیووە، ئالفەرد فەرمانی دا هەموو ئەم دابونەریت و یاسا کۆنانە لەسەر کاغەز بنووسن و پاشان لەناو ئەوانەدا، باشترینیان هەڵبژێردرێت و خۆشی چەند یاسایەکی بۆ ئەوانە زیادکرد. ئەو لە بارەی ئەو یاسایانەوە ئەمەی وتووە:



منی ئالفەرد ئەم یاسانەم کۆکردۆتەوە و فەرمانم داوە بەشێکی زۆر لەوانە کە نیاکانمان پاراستوویانە و بە رای منیش بە باش زانراوە، بینووسن. هەر یەکێك کە بەلامەوە باش نەبووە خستوومەتە ئەولاوە، جورئەتم نەکردووە هەر لە خۆمەوە شتی بۆ زیاد بکەم، چونکە بەلای منەوە روون نییە کام لەم یاسایانە بۆ نەوەکانی ئایندە جێی رەزامەندی دەبن.

سەرەتا یاساکانی پێشکەشی کۆبوونەوەکە کرد و ئەمەی نووسی: «منی ئالفەرد، پاشای ساکسۆنییەکان، ئەوانەم پیشانی شورای پاشایەتی دا و ئەوان وتیان هەمووی راستە و جێ بەجێی دەکەین»، ئالفەرد لە کۆتایی ژیانیدا دەیوت: «من هەمیشە دەمویست بە شێوەیەکی شایستە بژیم و یادگاری کارە باشەکانم بۆ ئەو کەسانە بەجێ بهێڵم کەلەدوای مردنی من دێن»، کاتێك ئەم شایە دوایەمین رۆژەکانی تەمەنی بەسەر دەبرد، کوڕەکەی بانگ کرد و پێی وت: «کوڕی خۆشەویستم، لە تەنیشتمەوە دابنیشە. دەمەوێت پەند و ئامۆژگارییە راستەقینەکانت پێ بدەم، من بۆ جیهانێکی تر دەڕۆم و تۆ بە تەنیا دەبیتە میراتگری هەموو ئەو شتانەی کە من لە تەمەنمدا پاراستبووم، دەپاڕێمەوە کە ببیتە باوك بۆ خەڵکەکەت، ئارامی بۆ هەژارەکان دابین بکەیت و یار و یاوەری لاوازەکان بیت و بە هەموو هێزودەسەڵاتتەوە چاکسازی لە شتە هەڵە و نادروستەکاندا بکە».

حکوومەتە بەهێزەکەی ئالفەرد تا ماوەیەك لە دوای مردنی، بە هەمان شێوە بە یەکگرتووی مایەوە. ساڵانێك دوای ئەوە پاشایەکی بێهێز لە هێرشێکی تازەی دانیمارکییەکاندا تێکشکا و جەنگاوەرێکی دانیمارکی بەناوی کانوت هاتە سەر تەخت. داستانێکی سەرنج راکێش لە بارەی کانوتەوە گێردراوەتەوە.

ڕۆژێك دەست و پەیوەندەکانی بۆ خۆ بردنە پێشەوە بە زمانی لووس وتبوویان کە دەسەڵاتی ئەو بە شێوەیەك گەورەیە ئەگەر فەرمان بدات بە شەپۆلەکانی دەریا، شەپۆلەکان فەرمانەکەی جێبەجێ دەکەن، کانوت لەم جۆرە دەم لووسیانە بێزار بوو، فەرمانی دا لە کاتی بەرزبوونەوەی ئاودا، کورسییەکی لە کەنار ئۆقیانوسدا بۆ دابنێن، پاشان لەسەر کورسییەکە دانیشت و لەکاتێکدا کە چاوی بڕیبووە دەریاکە وتی: «ئەی دەریا، من ئەربابتم، ئەگەر بمەوێت، کەشتییەکانم بەسەر شەپۆلەکانی تۆدا بڕۆن، تۆ بەر ئەوان دەکەویت و ئەوەش لە زیانی منە، بەسە شەپۆلەکان بوەستێنە و قاچەکانی ئەربابەکەت و خاوەنەکەت تەڕ مەکە».

بێگومان شەپۆلەکان درێژەیان بە جووڵەی خۆیاندا و قاچەکانی و کورسییەکەیان تەڕکرد. کانوت رووی لەدەست و پێوەندەکانی خۆی کرد و وتی: «سەیر بکەن دەسەڵاتی پاشاکان و هەموو مرۆڤەکان چەندە لاوازە، دەزانن کە شەپۆلەکان گوێ لە قسەی من ناگرن، هەموان

دەبێت بزانن کە دەسەڵاتی پاشاکان چەندە هیچ و بێ بایەخە چونکە هیچ کەس لە بەرامبەر دەسەڵاتێکدا کە ئاسمان و زەوی و دەریا فەرمانڕەوایی دەکات، دەسەڵاتی نییە)).

## ئەسکەندەنافیاییەکان لە دەریاکانی باکووردا دەریاوانی دەکەن

لەدوایەمین ناوچەکانی باکووری ئەورووپادا، لە وڵاتەکانی کە ئێستا پێیان دەوترێت نەرویج و سوید، خێڵە تێکۆشەرەکانی ناسراو بە ئەسکەندەنافیاییەکان یان پیاوانی باکوور دەژیان. چونکە کەنارە بەرزەکانی ئەم ناوچانە بەهۆی ئاوەوە درێژ و باریك و لق لق بووە، زۆرجار بە ئەسکەندەنافیاییەکان دەوترێت ڤایکینگ. ئەم ناوە لە وشەی ((ڤایك)) بە مانایی ((کەنداو)) یان ئاوی ((دۆڵ))ەوە وەرگیراوە. بەشی ناوەوەی وڵاتی ئەسکەندەنافیا بە شێوەیەك ناڕێك و وێران بووە کە زۆربەی خەڵکەکە لە کەنارەکانی ئەوێدا دەژیان. تەختەی پێویستیان بۆ دروست کردنی کەشتییەکان لە دارستانەکانی دەوروبەرەوە دابین دەکرد، کاری سەرەکی ئەسکەندەنافیاییەکان لە چاخە دێرینەکاندا، راوەماسی ناو دەریاکان بوو. پاشان بە دروست کردنی کەشتییە بەهێز و دەریابڕەکان، بوونە دزی دەریایی، لە کەنارەکانی ئەورووپای ڕۆژئاوادا دزی و تاڵانیان دەکرد.

کەشتییەکانی ئەوان بەرز و باریك بوو، هەر یەکێکیان چل تا پەنجا سەوڵی هەبوو، چارۆکەی گەورەی شێوە چوارگۆشەییان لە پەتە رەنگاورەنگەکانی سوور و سپی یان شین و سەوز دەچنی، بە کەشتییەکانیانەوە دەبەست و هێمایەکی وەك سەرەداڵ یان سەرەگورگیان لەسەر دەکێشا. لووتی کەشتییەکەیان بە ماددەیەك روکەش دەکرد و بە شێوەیەك ئەوەیان دادەتاشی کە لە هەژدیهایەکی جەستە گەورە بچێت کە بە خەیاڵی ئەوەی لەسەر ئاوەکە رابکێشێت. دواوەی کەشتییەکەش وەك کلکی هەژدیها وابوو کە بۆ لای سەرەوە پێچی خواردبوو. قەڵغانی جەنگاوەرەکان کە رەنگە دڵگیرەکانیان هەبوو. بە چوار دەوری کەشتییەکەوە هەڵیان دەواسی تا لەکاتی پێویستدا سوودی لێ وەربگیرێت، کەشتییەکە بە سەوڵێکی گەورە کە بەلای راستی لەشی کەشتییەوە بەسترابوو رۆڵی سوکانی دەبینی، ئاڕاستەکەیان پێ دەگۆڕی.

دزە دەریاییەکانی ئەسکەندەنافیا شەوانی درێژ و ساردی زستانیان بە جەژن و ئاهەنگ بەسەر دەبرد. زۆرجار گڕە ئاگراوییە سووتێنەرەکان لە ناوەڕاستی هۆڵە گەورەکانی جەژندا بەرز دەبۆوە، رووناکی دەکردنەوە. شمشێرەکان و خوزەکانیان بەسەر دیوارەکانەوە هەڵواسرابوو کە بە



رووناکی ئاگرەکە، پۆلا بریسکەدارەکانی ئەوانە دەدرەوشایەوە شاخی گامێشەکانیان پڕ دەکرد لە مید (خواردنەوەیەکە کە لە هەنگوین و ئاو وئاوی جۆ دروست دەکرێت) لەم لاوە بۆ ئەو لای مێز دەست بەدەست دەیانگێڕا، گۆرانی بێژ سازەکەی هەڵدەگرت و گۆرانی بەسەر قارەمانەکان و دلێرەکان و سەفەرە درێژ خایەنەکانیان دا دەوت:

مرەکەبی دەریایی ئێمە، لە کاتێك کە سەیری قەڵغانەکان و نەیزەکان و خودەکان دەکەن،

بەلەنجەولار لە ناو کەف و بلقەکانی دەریادا دەکەوێتە رێ، کەشتییەکانمان وەك باڵندە ئاوی دۆڵەکان تا دەریا دەبڕن، پشت بە با، بە چارۆکەی بۆ با دروستکراو، لە پێش گەیشتنی تۆفاندا، بە تیژی تێ دەپەڕین.

کەشتیوانە ئەسکەندەنافیاییەکان لە ڕۆژی رووناکدا، کەشتییەکانیان بە یارمەتی خۆر و لەشەواندا بەبینینی ئەستێرەی باکوور ئاڕاستەیان دەگۆڕی بەڵام کاتێك هەوا تۆفان و ئاسمان هەور بوایە، تووشی کێشە دەبوون. زۆرجار کەشتیوانەکان چەند قەلەباجکەیەکیان لەگەڵ خۆیاندا دەبرد. کاتێك گومانیان دەکرد لە نزیك وشکانیدان، قەلەباجکەکانیان بەرەڵا دەکرد. ئەگەر قەلەباجکەکان بگەڕانایەتەوە تێ دەگەیشتن، کە هێشتا زۆر دوورن لە کەنارەکانەوە. بەڵام ئەگەر باڵندەکان نەگەڕانایەتەوە، بە هەمان ئاڕاستەی ڕۆیشتنی باڵندەکان ئاڕاستەی کەشتییەکانیان دەگۆڕی چونکە دەیانزانی ئاسایی باڵندەکان شوێنێکیان بۆ پشوو دۆزیوەتەوە و لە بەر ئەم هۆیە بۆ کەشتییەکە نەدەگەڕانەوە لە ئەنجامدا دەبێت وشکانی لە هەمان نزیکی دا هەبێت.

ئەسکەندەنافیاییەکان زۆر دڵخۆش بوون بە کەشتییەکانی خۆیان و ناوی سەرنج راکێشی وەك ئاسکی شەپۆلەکان، گاکێوی شنەی باکوور و قەلەباجکەی رەشەبایان لە کەشتییەکانی خۆیان دەنا، کاتێك سەرۆکی یەکێك لە خێڵەکان دەمرد. ئەویان لەگەڵ قەڵغان و شمشێرەکەدا بۆ ئارامییەکی ناکۆتا لە کەشتییەکەی خۆیدا دایان دەنا، کۆتەرەی تایبەتی شێوە مەیتیان لە بەردەم ئەودا وەك کەپر هەڵدەچنی و ئاگریان تێ بەردەدا، پاشان کەشتییە ئاگراوییەکەیان لە دەریادا بەرەڵا دەکرد تاوەکو بەسەر ئاوەکەوە بمێنێتەوە.

لەسەدەی نۆیەمی زاییندا، ئەسکەندەنافیاییەکان، بە کەشتییە درێژە شێوە هەژدیهاییەکانیان و چەند سەوڵێکی خۆیان، کەوتنە گەڕان بە دوای ئاوە خۆڵەمێشەیی و تۆفاناوییەکانی ئەتڵەنتایی باکوور. دورگەیەکیان دۆزییەوە کە ناویان نا ((ئایسلەندا)) لەوێدا جێگیر بوون.

لاوێکی شەڕکەری بێ بەزەیی بەناوی ئەریکی قژسوور لە ناو دەریاوانەکان دا بوو (ئەریك) لاوێکی شەڕانی بوو، و کێشە و دەردەسەری زۆری دروست دەکرد. لەبەرهەمان هۆ لە ئایسلەندا چووە دەرەوە، ئەو دەیویست ناوچەیەکی تازە بدۆزێتەوە . لەگەڵ چەند کەسێکی تردا بەرەو بەشەکانی ڕۆژئاوای دەریا بەرێکەوتن . لە دوای سێ ساڵ ، ئەریك بەداستانێکی سەر سوڕهێنەرەوە گەڕایەوە بۆ ئایسلەندا و رایگەیاند کە دورگەیەکی سەر سەوزی کەشف کردووە. زۆربەی زەوییەکانی ئەوناوچەیە بە سەهۆڵ و بەفر داپۆشرابوو بەڵام کەنارەکانی هەمووی سەوزبوون. ئەریك ئەو شوێنەی ناونا «گرینلاند» و هیوادار بوو کە ئەوانی تر رازی بکات کە لەو ناوچەدا نیشتەجێبن. ئەو کوڕێکی هەبوو بەناوی (لیف) کە یەکێك بوو لەباشترین دەریاوانەکانی گرینلاند. لە سەفەرێکدا لە ساڵی ١٠٠٠ی زایینی «لیف ئەریکسۆن» و هاورێکانی بەهۆی تۆفانەوە لە ڕێڕەوی خۆیان لایاندا. پێشبینی دەکرا کە گەشتیارەکان بە کەنارەکانی ئەمریکای باکوور بگەن. ئەو ناوچانەیان کەشفکرد کە زەوییەکەی بەدارمێو داپۆشرابوو، گوڵ و دار و دەوەن و ترێی کێوی لەهەموو لایەکەوە روابوو . لیف ئەو ناوچانەی ناونا «فینلاند» یان «فینلەندا».

لەدوای سەد ساڵ لە مردنی شارلمانی، کۆمەڵێك لە ئەسکەندەنافیاییەکان هاتن بۆ کەنارەکانی باکووری فەرەنسا و پاشایان ناچارکرد تا لە ناوچەکانی دراوسێی کەنداوی ئینگلتەرا، ناوچەیەك بۆ ئەوان دیاری بکات. ئەم کۆمەڵانە لەو ناوچانەدا نیشتەجێبوون و بەتێپەڕبوونی کات، وازیان لەدابونەریت و کەلتووری خۆیان هێنا و وردە وردە دابونەریت و کەلتووری خەڵکی فرانکیان وەرگرت. ئەوان ئەم نیشتیمانە تازەیەیان ناونا «نۆرماندی».

## ویلیامی پاڵەوان

لەدوای سەد ساڵ لە نیشتەجێبوونی ئەسکەندەنافیاییەکان لە نۆرماندی «دوك ویلیام» حوکمی ئەم ناوچەی کرد. ئەو کەسە سەردانی ئینگلتەرای کردبوو، پەیوەندییەکی زۆر دۆستانەیی لەگەڵ پاشای ئینگلتەرا واتە شا «ئیدوارد»دا هەبوو. لە دوای مردنی شا ئیدوارد، خەڵکی ئینگلتەرای کونتی یەکێکیان لە خەڵکی ساکسۆنەکان بە ناوی (هارولد) بۆ پاشایەتی هەڵبژارد، ویلیام لەبەرئەوەی شا ئیدوارد پەیمانی تەختی پاشایەتی پێدابوو، سەرپێچی لە (هارولد) دەکات. دەگێڕنەوە بە هەواڵی مردنی ئیدوارد ئەمەی وتووە: «ئیدوارد مردووە؟ لەمە بەدواوە ئینگلتەرا هی منە». ویلیام سوپا ئامادەکەی بینی و بە مەبەستی داگیرکردنی ئینگلتەرا، کەشتییە جەنگییەکانی سوپاکەی ئامادە کرد بۆ تێپەرین بە کەنداوی ئینگلیزدا.



لە ١٤ی تشرینی یەکەمی ساڵی ١٠٦٦ی زایینیدا، کەشتییە جەنگییەکان دەگاتە کەنارەکانی ئینگلتەرا. ویلیام یەکەمین کەس بوو کە پێی لەسەر خاکی ئینگلتەرا دانا. کاتێك کە لە بەلەمەوە بازیدا بۆ وشکانی قاچی لە بەلەمەکە گیر دەبێت و دەکەوێت بە زەویدا. هاورێکانی، ئەمەیان بە خاڵێکی خراپ دانا و پێشبینی تێکشکانێکی سەختیان بۆ خۆیان کرد. ویلیام مستێك خۆڵی لەسەر زەوییەکە هەڵگرت و هاواری کرد: «من بە هەردوو دەست ئەم ناوچەیەم گرتووە، پشت بە خودا ئەم ناوچەیە هی منە».

نۆرماندییەکان لە «هاستینکر» لە باشووری ئینگلتەرادا بەرەو هێزەکانی ئینگلیز رۆیشتن کە لەژێر فەرمانڕەوایی «هارولد»دا بوون، لە پێش دەست پێکردنی شەڕدا، ویلیام فەرمانی بەسەربازەکانیدا: «ئاگاتان لە خۆتان بێت. ئازایانە بجەنگن، تالانییەکی زۆر چاوەڕوانی ئێمەیە. ئەگەر سەرکەوین سەروەت و سامانێکی زۆرمان چنگ دەکەوێت هەرچییەك بە دەست بهێنم، ئێوەش بە دەستی دێنن. ئەگەر ئەم ناوچەیە داگیر بکەم، بەسەر ئێوەدا دابەشی دەکەم».

ویلیام لە ناو شەڕەکەدا، لەسەر ئەسپەکەی کەوتە خوارەوە و سەربازەکانی لەوباوەڕەدابوون کە ویلیام کوژراوە. هاوارەکانی «رابەرەکەمان کوژراوە!» لە ناو سوپاکە بلاوبۆوە و سەربازەکان ترسنۆکانە کشانەوە. ویلیام خۆی فڕێ دایە بەردەم سەربازە هەڵهاتووەکان و خودەکەی لەسەری دانا تا سەربازەکانی دەموچاوی ببینن. قیژاندنی و وتی: «من لێرەم ! سەیری من بکەن! من هێشتا زیندووم بە یارمەتی خودا سەرکەوتوو دەبم! ئەمە چ کارێکە کە دەیکەن؟ ئێوە لەسەرکەوتن و مەزنێتی هەمیشەیی هەڵدێن. دەتانەوێت هەمیشە ریسوا و شەرمەزار بن»؟ بەم قسانە، نۆرماندییەکان رۆحیان بەبەرداچۆوە ولە شەڕەکەدا سەرکەوتن.

لە رۆژی کریسمس (جەژنی سەری ساڵ)ی ساڵی ١٠٦٦ی زایینیدا، ویلیام تاجی پاشایەتی ئینگلتەرای لەسەرنا و بەم شێوەیە حکوومەتی کۆنی پاشاکانی ئانگلۆ ساکسۆنەکان کۆتایی هات. ویلیام زەوی دابەشکرد بەسەر چەکدارەکانی خۆیدا کە لە داگیرکردنی ئینگلتەرادا هاوکارییان کردبوو. و بەم شێوەیە، نۆرماندییەکان بوونە چینی دەسەڵاتداری وڵات.

ویلیامیش دەسەڵاتی تەواوی هەبوو بۆ کۆنترۆڵ کردنی ئینگلتەرا. کەسانی شارەزا و ئاقڵی هەبوو بۆ بەڕێوەبردنی حکوومەت. یاساکانی دەرکرد کە یەکسان و دادپەروەرانە بوو. لەحەکایەتێکی کۆنی ئەو سەردەمەدا کە بەجێ ماوە، بەم شێوەیە هاتووە: «هەرگیز نابێت ئەو ئارامی و ئاسایشەی کە ویلیام لە وڵاتدا چەسپاندوویەتی، پشتگوێ بخرێت. وڵات بە شێوەیەك ئەمین بوو کە هەموویان دەیانتوانی بە کۆڵەپشتێکی پڕ لە زێڕەوە بە وڵاتدا هاتووچۆ بکەن. کەس رێگەی پێ نەدەدرا کە کەسێکی تر بکوژێت تەنانەت ئەگەر تاوانباریش بوایە».

نۆرماندییەکان گۆڕانکارییەکی زۆریان لە ئینگلتەرادا ئەنجامدا لەوانە گواستنەوەی کەلتوور و دابونەریتی خۆیان بۆ خەڵکی ناوچەکە . سەرەتا خەڵکی بە هەردوو زمانەکە قسەیان دەکرد، پاشا و پیاوماقوڵەکان بە زمانی نۆرماندی— فەڕەنسی قسەیان دەکرد، خەڵکی کولاّن و بازاڕەکان بە زمانی خۆیان واتە ئانگلۆساکسۆنی راهاتبوون. جووتیارە ئانگلۆساکسۆنییەکان ئاژەڵەکانی خۆیان بەناوەکانی ئانگلۆساکسۆنی بانگ دەکرد بۆ نموونە (pig, Caw,calf, sheep) کە بەڕیز بەمانای بەراز، مانگا، گوێرەکە، مەڕ دێن. بەلاّم کاتێك لەسەر مێزی پیاوماقوڵە نۆرماندییەکان گوێت لەو ناوانە دەبوو کە بە زمانی نۆرماندی دەریان دەبڕی بۆ نموونە (Pork, beak, veal , mutton ) کە بەریز بە مانای گۆشتی بەراز و گۆشتی مانگا، گۆشتی گوێرەکە، گۆشتی مەڕ دێن.

وردە وردە هەردوو زمانەکە تێکەڵ بوون و هەموویان بە زمانی ئینگلیزی قسەیان دەکرد. بەشێکی زۆر لە وشەکانی زمانی ئینگلیزی، زمانی ئانگلۆساکسۆنی و زمانی نۆرماندی — فەڕەنسی تێدایە.

## ڤاسال و دەرەبەگ

خەڵکی ئەورووپا بەسەر میللەتە جۆراوجۆرەکان دابەش بووبوون، بەلاّم شێوەی ژیانیان لەیەك دەچوو. هەموو زەوییەکانی ولاّت هی پاشا بوو. چونکە پاشا توانای چاودێری کردنی هەموو ئەوانەی نەبوو. بەشێکی زۆری ئەو زەوییانەی دابەش دەکرد بەسەر ئەو جەنگاوەرانەی کە لە بەدەست هێنانی سەرکەوتندا هاوکارییان کردبوو. ئەوان لە بەرامبەر وەرگرتنی ئەم زەوییانەدا پەیمانیان بە پاشادابوو کە لە کاتی هێرشی دوژمندا بەرگری لە حکوومەتەکەی ئەو بکەن. ئەم پیاوانە، پیاوماقوڵی پلەبەرز بوون. ئەوانیش بەشێك لە زەوییەکانی خۆیان بەسەرە بە کەسانێك دەدا کە ئەوانەش پەیمانیان دابوو کە بەرامبەر ئەوان بەوەفاداری بمێننەوە و لەکاتی هێرشی دوژمنەکاندا بەرگری لە زەوی پیاوماقوڵەکان بکەن، ژیانی مرۆڤەکان لەو رۆژگارەدا بەردەوام لە نمایشێکی مەترسیدار دابوو، کەسە بێ هێزەکان لە ژێر چاودێری رابەرە بەهێزەکان دابوون ئەو کەسانەی کە زەوییان لە پیاوماقوڵەکان وەردەگرت ناودەنران (ڤاسال) هەرکەسێك کە دەبووە پیاوماقوڵێك دەبوایە ئەم سوێندە رەسمییەی بخواردایە «سوێند بە ئیمانم دەخۆم کە ئایندەدا وەفادارم بەرامبەر ئەربابم بچووکترین فێل نەکەم لەم پەیمانەی لەگەڵیدا بەستوومە» ئەو کاتە پیاوماقوڵ ڤاساڵە تازەکەی خۆی ماچ دەکرد و وەلاّمی دەدایەوە «من تۆ پەسەند دەکەم و بەپیاوانی خۆمت دەزانم و بۆ پیشاندانی بەستنی پەیمانەکە تۆ ماچ دەکەم» ئەم شێوە تازەیەی ژیان ناونرا فیودالیزم «سیستەمی خاوەندارێتی» لەسەرتاسەری ئەورووپادا بلاّوبۆوە، کۆمەڵگا لە هەرەمەکی گەورە دەچوو کە پاشا لە



لووتکەیدا بوو، لەبەشی خوارتر ئەو پیاوماقوڵە دەسەلاّتدارانە بوون کە سوێندیان خواردبوو تاخزمەتی پاشا بکەن، لەئەوان خوارتر ئەو دەرەبەگانە بێ بایەخانە بوون کەهەرێکێکیان بە ڤاسالی ئەوان دەژمێردران و لە کۆتاییدا پایەکانی هەرەم لە ژمارەیەکی زۆر خەڵکی ئاسایی پێك هاتبوو. لەگەڵ ئەوەی پاشا سەرۆکی حکوومەت بوو دەسەلاّتی ئەو بەسترابۆوە بەو موڵکانەی کە هەیبوو، هەنێکجار پیاوماقوڵەکانی پاشا دەسەلاّتیان زیاتر بوو.

جەنگ و بەربەرەکانی بەردەوام لەنێوان پیاوماقوڵەکاندا رووی دەدا کەسانێك بەزەوییەکانی خۆیان رازی نەبوون، هەوڵیان دەدا تاوەکو بەهێرش کردنە سەر دراوسێکانیان زەوی زیاتر بەدەست بهێنن، پیاوماقوڵێك کە لەم هێرشەدا سەردەکەوت، دەستی بەسەر زەوی پیاو ماقوڵەتیکشکاوەکەدا دەگرت و دەیخستە سەر زەوییەکانی خۆی، کاتێك کە پیاوماقوڵێکی گەورە کەدەسەلاّتی لە پاشا زیاتر بوو شۆڕشی لە دژی پاشا دەکرد و بە تەواوی دەستی بەسەر حکوومەتەکەیدا دەگرت، بۆ خۆی حکوومەتێکی رادەگەیاند.

## خواکانی غەیرە مەسیحی

لەو سەردەمەدا کەخێڵەکانی جێرمەن بە شێوەی ئاوارە و سەرگەردان دەرکەوتبوون مەسیحی نەبوون. ئەوان بڕوایان بەوخوایانە بوو کە باوباپیریان بەدرێژایی سەدەکان پەرستبوویان. خوایی خواکانی «ودن» یان «ئۆدین» بوو، ئۆدین کاروبارەکانی جیهانی بەڕێوەدەبات دوو قەلەباجکە، هەموو رۆژێك لەسەر زەوییەوە هەڵدەفڕین هەواڵی رووداوەکانیان بۆ دەبرد.

«تیور» گەورەترین کوڕی ئۆدین بوو. چەکوشێکی گەورەی هەبوو کە بە ئەوە دێوەکانی دەکوشت و کەمەربەندێکی دەبەست کەدەسەلاّتی بەوە دەبووە دوو بەرامبەر، و دەستکێشی ئاسنینی لەدەست دەکرد خەڵکی بەبیستنی هەورەگرمە لەو باوەڕدابوون کە تیور چەکوشەکەی خۆی بۆئاسمان هەڵداوە. خێڵەکانی جێرمەن لەوبڕوایەدابوون کە لە شاخەکان و دارستانەکاندا رۆحەکان دەژین، ئەسکەندانافیاییەکان لەوبڕوایەدابوون کە خوداکۆنەکانیان لە «ئاسگارد» دەژین کە بەپەلکە زێرینەیەکەوە بەناوی «بایفراست» بەزەوییەوە نووساوە، دەیانوت کەلە ئاسگارد کۆشکەجوان و گەورەکان هەیە. بۆ خانووی ئۆدین واتە «ڤالاهالا» بەشکۆ و مەزنێتیەکی تایبەت رازی بوون. لە حەکایەتە ئەسکەندەنافیاییەکاندا بەم شێوە باسکراوە کە ئۆدین لە هۆڵە گەورەکەی خانووەکەیدا بۆ گەورەیی قارەمانانی زەوی کە لە مەیدانی شەڕدا گیانیان سپاردبوو، جەژنەکانی بەئامادەبوونی شەهیدەکان دەگێرا، خواکانی جەنگ واتە «ڤالکیرییەکان» لێپرسراوەتییان ئەوەبوو کە ئەو جەنگاوەرە ئازایانەی کەلە مەیدانی جەنگ دەکوژران، بهێن بۆ لای ئۆدین. ڤالکیرییەکان بە

نیزەوقەڵغان چەکدار کرابوون، دەیانتوانی بە ئەسپە بەهێزەکانی خۆیان بەخێرایی بەئاسماندا بڕۆن ناوی هەندێك لە ڕۆژەکانی هەفتەی ئەورووپاییەکانی لە ناوی خواکانی خێڵە جێرمەنییەکانی چاخی کۆنەوە وەرگیراوە چوارشەممە لەناوی ودن، پێنچشەممە لەناوی تیور، سێ شەممە لە ناوی تیو و هەینی لە ناوی فرایا کە خوای عەشق و خۆشەویستی و جوانی ئەسکەندەنافیاییەکانی بوو، وەرگیراوە .

## مەسیحییەت بە سەرتاسەری ئەورووپادا بڵاودەبێتەوە

لە دوای رووخانی ئیمپراتۆرییەتی ڕۆم، راگەیەنەرانی زیرەکی مەسیحییەت سەفەریان بەسەرتاسەری ئەورووپادا کرد، بۆ بڵاوکردنەوەی مەزهەی مەسیحییەت. داستانی کۆن هەیە کە باسی مەسیحی بوونی کلۆیس و خەڵکانی فرانك دەکات، دەگێڕنەوە کاتێك کلۆپس تازەبووبووە پاشا فرانکییەکان هێشتا ودن و تیور و خواکانی تریان دەپەرست. «کلوتیلدا» ژنی کلویس بوو بە مەسیحی، وە داوای لە مێردەکەی دەکرد تا واز لە پەرستنی خوا کۆنەکان بێنێت، بەڵام نەیدەتوانی رازی بکات کەپەیڕەوی ئایینە تازەکە بکات. ڕۆژێك لە کاتی شەڕێکدا، بارودۆخەکە لە بەرژەوەندی کلویس و سوپاکەی دانەبوو ئیتر دڵنیابوو کە تێکدەشکێت، لەناکاو کلویس خوای مەسیحی بیرکەوتەوە و هاواری کرد «عیسایی مەسیح، ئەی کوڕی خوایی زیندوو کە دەڵێن ئەوانەی ئومێدیان بە تۆ هەیە، سەرکەوتوویان دەکەی، داوای یارمەتی لە مەزنێتیت دەکەم. ئەگەر من بەسەردوژمندا سەربخەی، ئیمانت پێ دەهێنم و بەناوی تۆ «غسل تعمید» دەکەم کلویس لە شەڕەکەدا سەرکەوت و کلوتیلدا ناردی بەدوای ئوسقوفێکدا و داوای لێ کرد تا مەزهەبە راستەکە فێری مێردەکەی بکات. کلویس وتی: «هەرچەندە من خۆشحاڵ دەبم کە گوێ لەئامۆژگارییەکانی تۆ دەگرم، بەڵام خەڵکەکەی من دەست لە خواکانی خۆیان هەڵناگرن» لەگەڵ ئەمەشدا لە دوای ئەوەبووە مەسیح، بە راگەیەنەرەکانی مەزهەبی وت: «من دەچمە لای خەڵك و ئەوەی بە منتان وت، بە ئەوانیش دەڵێم » کلویس بۆلای خەڵك چوو، لەپێش ئەوەی کە قسە بکات، خەڵك هاواریان کرد کە «ئێمە ئامادەین تاپەیڕەوی خوای هەمیشەیی بکەین» نزیکەی سەدساڵ لە دوای سەردەمی کلویس، کۆمەڵێك لە راگەیەنەرانی مەسیحی لە ژێر ڕێنمایی راهیبێکی بەناوبانگ بەناوی «ئاگۆستین» لە کەنارەکانی بەریتانیادا پەیدابوون. داستانی سەرنج راکێشیان لەبارەی هۆی چوونی ئەم راگەیەنەرانە بۆ بەریتانیا دەگێڕایەوە، ڕۆژێك راهیبێك بەناوی «گریگۆری» بەبازاڕێکی ڕۆمدا تێدەپەری لەوێدا ژمارەیەك کوڕی بینی کە بریاربوو وەك بەندە بفرۆشرێن، گریگۆری ناوی میللەتەکەیانی لە بەندەفرۆشەکە پرسی، وەڵامی دایەوە: «ئەوانە ئانگلین» گریگۆری وتی: «باشترە ئانگلییەکان «بەمانایی فریشتە» ناوبرێن، چونکە رووخساری فریشتەییان هەیە».



پاشان راهیب دیسانەوە پرسی کە ئەوانە مەسیحین یان کافر لە وەڵامدا وتیان ئەوانە کافرن، راهیب بە پچڕپچڕی وتی: «دەبێت بن بە مەسیحی. من خۆم بۆ ناوچەکانیان دەڕۆم و خەڵکەکەیان لەڕقی خودا رزگار دەکەم» پاشان راهیب پرسی: «ناوی پاشاکەیان چی یە » وەڵامەکە ئەمەبوو «ئیلا».

گریگۆری هاواری کرد: «وای! (سوپاس و پێزانین بۆ خوا) دەبێت لەو ناوچەیەدا، زمان بۆگەورەیی و ڕێزی خودا بکرێتەوە».

هیچ دیار نییە کە گریگۆری کاری بۆئەو کوڕ و منداڵە بچووك و هەژارانەی بازاڕ کردبێت بەڵام هیچ کاتێك پشتگوێ نەخستن. کاتێك کە بە پلەی پاپا گەیشت. ئاگۆستینی لەگەڵ کۆمەڵێك لە راگەیەنەرانی مەزهەبدا نارد بۆ ئینگلتەرا، راهیبەکان چوونە ناو ئینگلتەراوە و نامەیان نارد بۆ پاشاکەی کە هاتۆنەتە ناو وڵاتەوە. پاشا حەزی کرد بیان بینێت و قسەکانیان ببیستێت. کاتێك قسەکانی ئەوانی بیست، وتی: «قسەکان و بەڵێنەکانیان باشە. بەڵام ئەوان تازە و سەیرن و ناتوانم باوەڕ بە هەموویان بکەم. لەلایەکی تریشەوە ناتوانم واز لەو شتانە بهێنم کە نیاکانمان و هەموو خەڵکی ئینگلتەرا باوەڕیان پێیەتی. بەڵام دەزانم کە ئێوە لە وڵاتێکی دوورەوە هاتوون تاوەکو بە ئێمە بڵێن خۆتان چۆن گەیشتوون بە حەقیقەت، لە دواییدا لەم ناوچەیە بمێننەوە. من خانوویەکتان دەدەمێ بۆ نیشتەجێبوون و خۆراکیشتان بۆ خواردن دەدەمێ و دەتوانن ئامۆژگاری خەڵکی بکەن، ئەگەر یەکێك لە دانیشتوان ئیمان بە ئایینی ئێوە بهێنێت بەو شێوەیەی کە خۆتان ئیمانتان پێیەتی، من ڕێی لێ ناگرم ».

راهیبەکان لەوێ مانەوە و زۆری نەخایاند کە زۆری خەڵکی ئینگلتەرا بوونە مەسیحی. راگەیەنەرانی مەسیحی پەیامەکانی خۆیان گەیاندە هەموو ناوچەکانی تری ئەورووپا. ڕۆژێك پاشایەك لە دوای قسەکردنی راگەیەنەرێك پێی وت: ئەگەرچی زرێ پۆشم لەبەردایە، بەڵام پیاوێکم دۆزیوەتەوە کە قسەکانی وەك تیر دڵم کون دەکات». تا سەدەی پانزەیەمی زایینی زۆربەی خەڵکی ئەورووپای ڕۆژئاوا بوون بە مەسیحی.

رابەری کەنیسەی پاپا بوو کە لە ڕۆم دا دەژیا. لە هەموو گوندێکدا، کشیشێك، ئایین و ڕێوڕەسمی کەنیسەی گوندەکەی بەڕێوە دەبرد، کاری ئوسقوفەکانیش سەرپەرشتی کردنی کشیشەکانی ناوچەکانی دەوروبەری خۆی بوو. وردە وردە ئوسقوفەکانی شارە گرنگەکان، کاریگەرییەکی تایبەتیان لەسەر ئوسقوفەکانی شارە بچووکەکان هەبوو، وە نازناوی ئوسقوفی گەورەیان پێ درا. لە هەموو کەنیسەکان دا، زانیاری و ئایینێکی لێکچوو لە بارەی شێوەی ژیانەوە دەخوێندرا. هەموان پەیڕەوکاری یاساکانی کەنیسەبوون، چونکە دەسەڵاتی پاپا لە دەسەڵاتی پیاوماقوڵەکان و تەنانەت پاشاکانیش زیاتر بوو.

# بەشی حەوتەم

# سیستەمە نوێکانی ژیان

# لە قەڵایەکی سەدەکانی ناوەڕاستدا

پیاوماقوڵەکان بە ئاگابوون لە دوژمنە شەڕانییەکان کە لە هەموو کون و کەلەبەرێکدا هەبوون، لە قەڵاپتەوەکاندا دەژیان، قەڵاکانیان لەسەر تاشە بەردە سەختەکانی شاخ یان لە دوورگە بەجێ ماوەکانی دەریاچەکان یان لە شوێنێکدا کە هێرشکردنە سەری سەخت بوایە، دروست دەکرد. قەڵا و زەوییەکانی دەوروبەریان بە دیواری بەردینی گەورە دەورە دەدا کە هەندێکجار بەرزییان دەگەیشتە سێ مەتر. لە چوار سوچی دیواری قەڵاکەدا تاوەری بەرزیان دروستکردبوو کە شوێنی چاودێری پاسەوانەکان بوو کە بەردەوام لەوێدا پاسەوانییان دەکرد تاوەکو دوژمن نزیک نەبێتەوە. ئەگەر قەڵاکە هیچ پارێزگارێکی پتەوی سروشتی نەبوایە، ئەوا بە دەوری دیوارەکەی دەرەوەیدا چاڵی گەورەیان هەڵدەکەند بە ناوی خەندەق و پڕیان دەکرد لە ئاو.

لە کاتی هێرش کردنە سەرقەڵادا، سوودیان لە قەڵاکوت و مەنجەنیقەکان وەردەگرت کە لە دەزگا جەنگییەکانی ڕۆمەکان دەچوو. دوژمنەکان لەسەر سك بەرەو دیوارەکە بۆ پێشەوە دەچوون و پەیژەکانیان لە تەنیشتدا بەرز دەکردەوە و یان بە بردنی تاوەری سەفەری بەرەو دیوارەکە، بەوەدا سەردەکەوتن. بەرگریکەرانی قەڵاکەش لەسەر دیوارەکانەوە. تیریان دەهاویشت و بەردە گەورەکان و قیری تواوەیان بەسەری دوژمندا دەڕشت، جەنگاوەرەکان لەش و جەستەی خۆیان بە زرێ پۆشە پۆڵاینەکان کە زۆر قورس بوو، دەپاراست، دەموچاویان بەخودە پۆڵاینەکان دادەپۆشی، کەهیچ کونێکی تێدا نەبوو جگە لە چەند درزێك بۆ بینین و هەناسەدان، نەیزەی درێژ و قەڵغانیان هەڵدەکرد و سواری ئەسپە بەهێز و گەورەکان دەبوون کە بە زرێ پۆشی بەردین داپۆشرابوون. چونکە رووخساری جەنگاوەرەکان لە ژێر خودەکانی خۆیانەوە شارابۆوە، لەسەر خودەکانیان هێمای تایبەتی وەك وێنەی شێر یان ئاژەڵەکانی تریان دەکێشا تا بەم ڕێگە لەمەیدانی جەنگدا بناسرێنەوە، زۆربەی ئەم هێمایانە تایبەتمەندی کەسەکە پیشان دەدات. گرنگترین ژووری قەڵا، هۆڵەکەی بوو. ئەم هۆڵە، ژوورێکی شێوە لاکێشەی گەورە و پڕجێگە بوو کە دیوارەکانی ئاسایی لەبەردە ڕەقەکان دروست دەکرا. لەزستاندا، رووی ساردی زەوییەکانیان بەکا یان پێستی ئاژەڵەکان دادەپۆشی و ئاسایی بۆ دروست کردنی سەقف سوودیان



لە تەختە پانە رەنگ کراو و هەڵکەندراوەکان وەردەگرت. لەلایەکی ژوورەکەدا، ئاگردانێکی بەردییان بۆ ئیش پێ کردن دادەنا کە لە مانگە دوورودرێژەکانی زستاندا ئاگری گراویان تێدا دەپاراست، هەموو خێزانەکە لە کاتی نان خواردن دا لە هۆڵەکەدا کۆدەبوونەوە، سەکۆیەك لە کۆتایی هۆڵەکەدا هەبوو، مێزی بەرز و درێژی تێدابوو کە تایبەت بوو بە ئەرباب و خێزانەکەی و میوانە گرنکەکان .

بۆخەڵکی تری ماڵ مێزە بەرزەکانی لەسەرسێ قاچ وەستاهەبوو لە هۆڵەکەدا رێز دەکرا و کورسی درێژەکان لە هەردوولای مێزەکەدا دادەنران، لەکاتی نان خواردندا، کەسێکی کۆمیدی بەجل وبەرگی سەیروسەمەرە و رەنگاوڕەنگەوە بە جموجۆڵە سەیر و پێکەنیناوییەکانی هەموانی سەرگەرم دەکرد لە دوای نان خواردنی ئێوارێ، هۆڵەکەیان بۆ سەماکردن چۆڵ دەکرد و یان بۆ یاری شەترەنج و تاوڵە مێز و کورسییان رێزدەکرد، گۆرانی عاشقانەیان دەووت و بەسەرهاتی چەکدارەکانیان دەگێڕایەوە. زۆرجار شیعری دوور و درێژیان لە وەسفی قارەمانانە خۆشەویستەکانی وەك شا «ئاتور» کە هاوکاری بەریتانییەکانی کرد یان «رولاند »کە برازای «شارلمانی» بوو، دەخوێندەوە.

# فێرکاری شوالییەکان

لە قەڵاکاندا، کوڕەکان هونەری شوالییە فێردەبوون. سەرەتا تا١٤ساڵ وەك قوتابی خزمەتیان دەکرد و فێرکاری زۆریان دەبینی هەر یەکێك لە خانووەکانی قەڵا لێپرسراوی قوتابییەك بوو، داستانی داوێن پاکەکان و شوالییە ئازاکانیان بۆ ئەوان باس دەکرد و رەفتارە جوانەکان و یاسای شوالییەکانیان فێر دەکردن. لەو وانانەی فێری قوتابییەکانیان دەکرد، سەماکردن و ژەنینی عود بوو، دەبێت هەموو قوتابییەکان بەردەوام بچن بۆ کەنیسە، بەم شێوەیە خاتوونەکانی کۆشك قوتابییەکانی خۆیان بە پەروەردەی جوامێری و چەکدارییەتی مەسیحی و هەست کردن بە گەورەیی بەخێو کرد. شوالییە پلەیەکی شانازی کردن بوو کەلە سەدەکانی ناوەڕاستدا لەلایەنی پاشاوە دەدرایە کوڕی پیاوماقوڵان . ئەوگەنجانەی کە بۆگەیشتن بە پلەی شوالییە پەروەردە کرابوون بە خزمەتکاری ئەرباب و خێزانەکەی دەژمێردران لە دوای حەوت یان هەشت ساڵ بە پلەی شوالییە دەگەیشتن و قوتابییەکان بە نیگەرانییەوە تامەزرۆی گەیشتن بە سەردەمێك بوون کە دەکران بە «شاگرد» و ئەو رووداوە لەچواردە ساڵیدا رووی دەدا، شاگردەکان ژیانێکی پڕ ئیش وکاریان هەبوو، بەیانیان لە پێش

هەمواندا هەڵدەستان و شەوانیش کاتێکی درەنگ دەخەوتن. هەمیشە ملکەچی ئەربابەکەی خۆیان بوون ئەرکەکەشیان ئەوەبوو زریٚ پۆشی ئەربابەکەیان رووکەش بکەن، چاودێری ئەسپەکان بن و لە کاتی نان خواردندا دەبوایە چاوەڕێیان بکردایە تا تەواو دەبوو، کاتێك ئەربابەکەی دەچوو بۆشەڕ، دەبوایە «شاگرد» لە مەیدانی شەڕەکەدا ئامادە بوایە و ئەسپە تازە نەفەسەکان و چەکە تازەکانی بۆ ئەربابەکەی ئامادە بکردایە، چونکە هەموو ساتێك لەوانە بوو کە ئەربابەکەی پێویستی پێیان بێت. بەوشێوەیە ئەگەر «شاگرد» کەسێکی شایستە بوایە، دەبووە شوالییە. ڕێوڕەسمی شوالییە درێژخایان بوو، بەلاٚم پێشوازی لەگەڵ دابوو، هەر بەشێکی ئەو ڕێوڕەسمە مانایەکی تایبەتی هەبوو، سەرەتا خۆی دەشت و کراسێکی سپی و بەفری دەپۆشی چونکە بڕیاربوو ژیانێکی تازە و پاك بگرێتە بەر، پاشان جل وبەرگی ڕەنگی سووری دەپۆشی کە نیشانەی خوێنێك بوو کە لەپێناو بەرگری کردن لە ستەملێکراوەکان دەیڕێژێت. لەسەر ئەم جل و بەرگانەوە چاکەتێکی ڕەشی تەسکیان دەپۆشی کە نیشانەی مردن بوو

لەپێش بوون بەشوالییەدا،"شاگرد"ی گەنج، ئەو شەوەی لە بەردەم میحرابی پەرستگای کۆشکدا بەسەردەبرد شمشێر و قەڵغان و نەیزەکەی لەسەر میحرابەکە دادەنا و بە تەنیا لە کەنیسەیەکی تاریکدا کە تەنیا بەچەند مۆمێك ڕووناك بووبۆوە، دەپاڕایەوە . ئەو وا فێرکرابوو کەهەر چەند زیاتر بپارێتەوە، خودا زیاتر بەزەیی پێدا دێتەوە و دەتوانێت ببێت بە شوالییەکی چاك، کە ڕۆژ دەبۆوە، کشیشێك دەهاتە ناوەوە و «شاگرد»ی لاو ئاقلانە سوێند دەخوات کە ئازا و دلێربێت و بەرگری لەحەقیقەت بکات، پارێزگاری ژنان بێت، هاوکاری کەسانێك بکات کە کێشەیان هەیە و هاوکار و یارمەتیدەری بیٚ هێز و بیٚ پەناکان بێت، کشیش شمشێرەکەی لەسەر میحرابەکە هەڵدەگرت و دەیووت «ئەمە بەناوی باوکت وەربگرە و بەوە بەرگری لە خۆت و کەنیسەی پیرۆز بکە و هیچ کەس بە نادادپەروەرانە بریندارمەکە)) .

لەم کاتەدا ئەندامانی خێزان و کۆمەڵێك میوان لەحەوشەی قەلاٚکە دا کۆدەبوونەوە شوالییەکان و خاتوونەکان، شمشێرەکەیان دەبەست بە کەمەری «شاگرد»ەوە و قولاپێکی روکەشکراو زێڕیان هەڵدەدا بەقەڵغانەکانیاندا دەکێشا. پاش کەمێك ساتی گەورەی ڕێوڕەسمەکە دەهات «شاگرد»ی لاو لە سەر ئەژنۆ دادەنیشت و ئەربابەکە لەکاتێکدا کە شمشێرەکەی بەشانی ئەودا دەهێنا، دەیوت: «بەناوی پەروەردگار و تەمەنی میشل و جۆرج پلەی شوالییە بە تۆ دەسپێرم ئازا و وەفاداربە ».



## خۆشگوزەرانی و رابواردن

پیاوماقوڵەکان عاشقی جەژن و شادی بوون، بووکێنی کچی ئەرباب و بوون بەشوالییەی کوڕەکەی بە واتایی ڕووداوێکی نویٚ بوو کە میوانداری لەخۆدەگرت، کە کۆمەڵێك لە شۆخ و شەنگەکانی شوالییە و خاتوونەکان بە جل وبەرگی ڕەنگاوڕەنگەوە بەشدارییان تێدادەکرد. میوانەکان بەپێی پلەوپایەکانیان لەسەر مێز دایاندەنیشاندن خزمەتکارەکان، خواردنی جۆراوجۆریان دەهێنا لە هەمان کاتدا ژەنەرەکان ساز یان عودیان لیٚ دەدا.

بە تایبەتی جەژنی کریسمس، ڕۆژەکانی جەژن و خۆشگوزەرانی بوو پارچەدارێکی گەورە و زۆرجار دارێکی ساغیان بە لق و پۆپەوە دەهێنا بۆهۆڵەکە و هەڵیان دەدایە زۆپا دارەکەوە ئەرباب بە خەڵوزێکی گەشاوە ئەوەی دادەگیرساند و پاش کەمێك گڕەکانی ئاگرەکە بەتەق و تۆق لە دووکەڵ کێشەکەوە بەرز دەبوونەوە. کاسەیەکی گەورەی پڕ لە سێوی سوور دەست بە دەست دەیان گێڕا و هەموو کەسێك بۆ سەلامەتی دراوسێکەی دەیخوارد پاشان جەژن دەستی پیٚ دەکرد. کەلەیەکی شێریان لە دیزەیەکی زیویندا هەڵدەگرت. سێوی کولاٚویان لەدەمی شێرەکە و گوڵی سووریان لە گوێکانیدا دادەنا. لە دیزەیەکی تردا تاوسی سوورەوەکراویان دەهێنا. پەڕە ڕەنگاوڕەنگەکەی باڵندەکەیان بە شێوەیەك بە چواردەوریدا دەڕازاندەوە کە لەوە دەچوو زیندوو بێت، زۆرجار ئەرباب کێکی دەبڕی و باڵندە بچووکەکان لە ناویدا هەڵدەفڕین و لە سەرتاقی هۆڵەکەدا دەنیشتنەوە و بەم شێوەیە هەموویانی بیٚ ئاگا دەکرد. لەدوای جەژن چەندان جۆر شتی سەرگەرمکەر ئەنجام دەدرا. یەکێك لە میوانەکان بە گاڵتە و گەپەکانی خۆی خەڵکەکەی دەهێنایە پێکەنین و سەرگەرمی دەکردن. زۆرجار کۆمەڵێك ئەکتەر دەهاتنە ناوقەلاٚکەوە و بەشداری جەژنیان دەکرد. ئەوانەی ژن و پیاوی هەژاربوون کە بەژن و بالاٚی خۆیان دەگۆڕی بۆ قەلاٚکان دەچوون، لەوێدا هەڵدەپەڕین و سەمایان دەکرد و نمایشە بچووکەکانیان پێشکەش دەکرد.

## دەستپێکردنی راو

قەلاٚکان لەهەمەوولایەکەوە بە دارستانە گەورەکان دەورەدرابوو. دارستانەکان پڕبوون لە ئاژەڵەکانی وەك ئاسك و شێر و.. هتد، دانیشتوانی قەلاٚ تامەزرۆی راوبوون و خواردنی گۆشتی راو یەکێك بوو لە شتە بەتام و چێژەکانی ئەوان. کاتێك کە هەوا خۆش و لەبار بوایە. بەیانی زۆر

زوو، کۆمەڵێك لەپیاوماقوڵەکان بەنەیزەی درێژ و تیروکەوانە تایبەتییەکانی راوەوە، بە سواری ئەسپەوە لەگەڵ تانجییەکان و پاسەوانەکانیاندا لە قەلاّ دەهاتنە دەرەوە. راوچییەکان لە رێگەی گردەکان و رووبارەکان و لەوەرگاکانەوە دەچوونە ناو دارستانەکانەوە، سەرەتا تانجییەکانیان بە دوای شوێن پێی ئاژەڵە تایبەتییەکان دا دەنارد و پاشان خۆشیان بەخێرایی بە دوای ئەوانە دەرۆیشتن، زۆرجار ماوەیەکی دوور و درێژیان بە دوای راو دا دەبڕی، لە دارستانەکانی دەوروبەری قەلاّدا راوی باڵندەکانی وەك چین ماچین و کەو و هتد بە هەڵۆ زۆرخۆش بوو، لەم راوانەدا خاتوونەکانیش بەشدارییان دەکرد، هەڵۆ و باز لەسەر مەچەکی دەستی خاوەنەکانیان دەنیشیتەوە ئەم باڵندانەیان بە شێوەیەك پەروەردە کردبوو کە بەبیستنی فیکە یان دەنگی خاوەنەکانیان یەکسەر بۆ لایان هەڵدەفرین، لە پێش دەست پێ کردنی راودا، دەموچاویان بە سەرپۆشێکی بچووك دەبەستەوە و بە وریاییەوە چاودێری ئەو زنجیرەیان دەکرد کە قاچی هەڵۆکەی پێوە بەسترابۆوە، کاتێك کە باڵندەیەك لە ئاسماندا دەبینرا بەخێرایی سەرپۆشی هەڵۆکەیان هەڵدەگرت و بەرەلاّیان دەکرد، هەڵۆ لوتکەی ئاسمانی دەگرت و لە ناکاو بەخێرایی دەسوڕایەوە و بەرەو باڵندەکە دەهاتە خوارەوە خاوەن هەڵۆ فیکەی بۆ لێ دەدا و هەڵۆ لەگەڵ ئەو باڵندەیەی کە گرتبووی بۆ لای دەگەڕایەوە، سەرپۆشەکەیان دەدایەوە بەسەریدا و قاچیان بە زنجیر دەبەستەوە، هەتا باڵندەی تریان دەبینی، زۆرجار لەساتێکدا هەموو هەڵۆکانیان بەیەکەوە دەنارد بۆئاسمان دەنگە دەنگێکی زۆر بەرز دەبۆوە هەموویان گرەویان دەکرد کە هەڵۆی کێ، باڵندەکە دەگرێت.

## پێشبڕکێکانی شمشێربازی

بەجۆش و خرۆشترین رووداوی قەلاّ، پێشبڕکێکانی شمشێربازی بوو، ئەم پێشبڕکێیانە جۆرە شەڕێکی نمایشی بوو کە پیاوماقوڵەکان لەوێدا زیرەکی خۆیان لە جەنگاوەریدا پیشان دەدا. چەند مانگێك لە پێش دەست پێ دەکردنی پێشبڕکێکانیدا، پیاوماقوڵە بەشداربووکان نامەیان بۆهەموو قەلاّکانی چواردەوریان دەنارد و کاتێك نمایشی پێشبرکێ رادەگەیەنرا پێیان دەوترا کە «هەموو ئەو کەسانەی کە حەزیان لەم پێشبڕکێیە یان خوازیاری بەشداربوونن تیایدا، بانگێشت دەکران تا لەوێدا ئامادەبن» بە شوێنی بەرپاکردنی پێشبڕکێیەکانیان دەوت مەیدانی شەڕ.

لە ناوچەیەکی شێوە لاکێشەییدا کە بە چیمەنێکی یەکپارچە داپۆشرابوو، محاجەریان بەدەووردا دروست دەکرد و شوێنی تایبەتی سەیرکەرانیان بەکلاّوی بێگانە دەڕازاندەوە،



بۆئەوەی کە هەتاو خەڵکی بێ تاقەت نەکات بەهەڵواسینی ئالاّ و پەردە رەنگاوڕەنگەکان، سێبەریان بۆ شوێنەکان دروست دەکرد. بەشێکی گەورەتر لە شوێنەکە، تایبەت بوو بە خاتوونەکان و تەختەی شاژنی عەشق و جوانیش لەهەمان بەش دابوو ئەو خاتوونانەی کە لە پێشبڕکێکەدا بەشداردەبوون، کراسی درێژی جوان لە ئاوریشمی رەنگاوڕەنگ و قۆڵ درێژ و فەقیانەدار و کەمەربەندی لەگوڵ چنراویان لە بەردەکرد، هەندێك لەم کراسانە لە تاڵی زێڕوزیو چنرابوو، پیاوماقوڵەکان کەوایی درێژ و پارچەی گرانبەهایی ئاوریشمیان بە دەوری مل یان مەچەکی دەستیاندا دەئالاّند و زنجیری قورسی زێڕ و ئەنگوستیلە گەوهەرەکانیان بەخۆیانەوە دەکرد، لە رازانەوەی خۆیاندا هیچیان لە خاتوونەکان کەمتر نەبوو، مەراسیم بەرێزێکی گەورە و بەشکۆ لە مەیدانی شەڕدا دەستی پێ دەکرد، سەرەتا نەیزەکانیان دەخستە ناو جل و بەرگی رەسمی و درەوشاوەکانی خۆیانەوە، پاشان شوالییەکان بەسەرئەسپەکانەوە جووت جووت و سەرتاپا نوقم لەناو زرێ پۆشە بەزێڕ رووکەش کراوەکان کەلەژێرتیشکی خۆردا دەدرەوشانەوە دەکەوتنەڕێ، لەسەر خودەکانیانەوە، پەڕی درێژی رازاوە کە لە جولاّنەوە دا بوو، بەسەر نەیزەکانیشیانەوە پەتە رەنگاوڕەنگەکان و پارچە بەگوڵ چێنراوەکان کە خاتوونەکان وەك یادگاری بە شوالییە خۆشەویستەکانی خۆیان پێشکەش کردبوو، هەڵبەزودابەزی دەکرد. ئەسپ سوارەکان لە شوێنی خۆیان دەوەستان، نیوەی لەلایەك و نیوەکەی تریش لەلایەکی تری مەیدانەکە، چاوەڕوانی بیستنی رەمزی دەست پێ دەکردنی پێشبڕکێیەکە بوون لە دوای دەنگی کەڕنا، لێپرسراوی پێشبڕکێکان هاواری دەکرد: «بەناوی پەروەردگار و تەمەنی میشل نەبەردەکەمان دەست پێ دەکەین». پۆستەچییەکان هاواریان دەکرد: «دەست پێ کردن! » دووکەس لە شوالییە سوارەکان بە تیژی دەگەیشتە ناوەڕاستی مەیدانەکە و هەریەکەیان هەوڵی دەدا نەیزە بەرزکراوەکەی خۆی بەوەی بەرامبەری دابکێشێت دەنگی سەمی ئەسپە غاردەرەکان و تەقە تەقی کەڕکەری بە یەکدادانی نەیزەکان بەقەڵغانەکاندا وەك هەورە گرمە لە مەیدانی ململانێ دەنگی دەدایەوە، سەیرکەرە پەشۆکاوەکان لە گۆشەیەکەوە هاواریان دەکرد: «ئافەرین شوالییەی ئازا لەپێناو خاتوونە خۆشەویستەکەدا بجەنگە». لە گۆشەیەکی ترەوە هاواریان دەکرد: «لەبیرت نەچێت تۆ نەوەیەکیت، شایەنی چاوەڕوانییەکانی باووباپیرت بە»!

هەندێك شوالییەکان لەسەر ئەسپەکانەوە خۆیان هەڵدەدا بۆ سەر زەوییەکە، شاگردەکەیان رای دەکرد و بەرزی دەکردنەوە. شوالییە سەرکەوتووەکانیش بەخۆ بەزلزانییەوە لەسەر

ئەسپەکانی خۆیان دادەنیشتن دەنگی کەڕنا بۆ پیشاندانی کۆتایی هاتنی گێمی یەکەمی پێشبڕکێکە بەرزدەبۆوە شوالییەکان بۆشوێنی خۆیان دەگەڕانەوە، چەکە تازەکانیان هەڵدەگرت و چاوەڕوانی گێمی دووەم بوون، شوالییەکان چەندجارێك هێرشیان دەکردە سەر یەکتر تا ئەوەی لە کۆتاییدا پۆستەچییەکان هاواریان دەکرد: «ئالاکانی خۆتان کۆ بکەنەوە»، بەم شێوەیە پێشبڕکێکە کۆتایی دەهات.

لەشەودا، جەژنێك لەهۆڵی گەورەی قەلا دەگێڕدرا. ئەو شوالییەی کە زۆرترین نەیزەی شکاندبوو، خەلاتی یەکەمی پێ دەدرا، پاشان لای شاژنی عەشق و جوانی لەسەر ئەژنۆ دادەنیشت و شاژن لەم کاتەدا تاجی گوڵی لەسەردادەنا، دەیوت: «شوالییەی بەڕێز، ئەم چەپکە گوڵە وەك رەمزی دلاوەری ئەمڕۆتان، پێشکەش بەتۆی دەکەم».

## سیرفەکان و پیاوماقوڵەکان

دانیشتوانی هەر قەلایەك، پێویستییەکانی خۆیان بەدەست دەهێنا، یەکێك خواردنی ئەرباب و جەنگاوەرەکانی ئامادە دەکرد، یەکێکی تر جل و بەرگیانی دەدووری و کەسێکیش زرێ پۆشی ئەرباب و شوالییەکانی دروست دەکرد و ئەسپەکانی تیمار دەکرد، بەوکەسانەی کە کارەکانی قەلایان ئەنجام دەدا پێیان دەوتن سیرف، بێگومان ئەوانە بەندەبوون چونکە کڕین و فرۆشتنیان پێوە نەدەکرا، لەگەڵ ئەوەشدا ئازادنەبوون کاتێك پیاوماقوڵێك پارچە زەوییەکی پەیدا دەکرد، سیرفەکان لەوێدا وەك درەختەکانی ئەوێ ژیانیان بەسەردەبرد، دەبوونە موڵکی پیاوماقوڵەکان. سیرفەکان لەجیاتی کار پارەیان پێ نەدەدرا، بەلام مۆڵەتیان پێ درابوو تا پارچە زەوییەك بکەن بەکشتوکاڵ بۆ خێزانەکانی خۆیان. جووتیارەکان لەبەرامبەر سوود وەرگرتن لە زەوییەکان خزمەتێکی زۆری ئەربابیان دەکرد. بەشێك لە مۆڵکەکان یان موڵکی تیولی بەموڵکە بێ گەردەکانی ئەرباب ناودەبرا، بۆ سوودی تایبەتی خودی ئەرباب خرابووە ئەولاوە. دەبوایە هەموو جووتیارێك بەلایەنی کەمەوە سێ رۆژ لە هەفتەیەکدا لەم زەوییانەدا کاری بکردایە. جووتیار بۆ هاڕینی گەنمەکەی دەبوایە بۆ ئاشی ئەرباب بچوایە و ئاردەکەشی لە تەنوری ئەربابدا، ببرژاندایە. دەبوایە هەموو جارێك بەشێك لە گەنمە هاڕاوەکە و چەند نانێکی برژاەی بۆ ئەرباب بەجێ بهێشتایە و لە جەژنی پاك و جەژنە مەزهەبییەکانی تردا هێلکە و جوجك و لەکاتی دروێنەشدا بەشێك لەبەروبوومەکەیان دەدا بەئەرباب.



## دابەشکردنی زەوی

زەوی بە پێی تیولی دابەش دەکرا بەسەر سێ زەوی گەورەدا. لەپاییزدا، لە یەکێك لەو سێ زەوییەدا گەنم و تۆوەکانی تر دەچێنرا، لە کاتی بەهاردا، لە کێڵگەی دووەمدا جۆیان دەچاند و هیچیان لە کێڵگەی سێ یەمدا نەدەچاند کەبەوە دەڵێن «بەیار یان وەرد» ساڵی دوایی لەم کێڵگەیەدا گەنم، لەو کێڵگەیەی کە گەنمیان تێدا چاند بوو، جۆ و لەکێڵگەی جۆکەدا هیچیان نەدەچاندە جووتیارانی سەدەکانی ناوەڕاست زانیاری زۆریان نەبوو لە بارەی کشتوکاڵ کردنەوە، بەلام درکیان بەوە کردبوو کە زەوییەك هەموو ساڵێك تۆوی تێدا بچینرێت، بەروبوومی زۆری نابێت. لەئەنجامدا، هەموو وەرزێك کێڵگەیەکیان بە بەیاری بەجێ دەهێشت تاوەکو سروشت ئەوە دووبارە پڕ بەرهەم بکات.

هەموو کێڵگەیەك بەسەر چەند کەرتێکدا دابەش دەبوو کە ئەوانیان بە چیمەن جیادەکردەوە هەموو جووتیارێك خاوەنی چەند کەرتێکی کێڵگە بوو. خاڵێکی سەیر ئەوەیە کە کەرتەکانی یەك جووتیار لە کێڵگەیەکدا لە تەنیشت یەکترەوە نەبوو، لەچەند شوێنێکی جیاوازی زەوییەکاندا بوو. بەم شێوەیە، زەوی بەپیت و وشکەکان بەیەکسانی بەسەر هەموان دا دابەش دەبوو: ئەگەر چی بەڕووکەشی ئەم شێوەیە دادپەروەرانە بەرچاو دەوکەت، بەلام سیستەمێکی رێکوپێك نەبوو. کەرتەکانی زەوی سیرفەکان بە شێوەیەك پەرش و بلاوبوو کە بۆچوون لە کەرتێکەوە بۆ کەرتێکی تر کاتێکی زۆر بەفیرۆ دەچوو .

لەبەهاردا جووتیارەکان کێڵگەکانیان بەگاسنێکی پتەو کە بەگایەکەوە بەسترابۆوە، دەکێلا. پاشان بەسێلك زەوییەکان ساف دەکرد و تۆوەکانیان بەسەردا دەپرژاند. لە پاییزدا گەنمەکانیان بەداس درەو دەکرد پاشان گەنمەکانیان لەسەر گالیسکە دادەنا و تا خەزێنەی دانەوێڵەکان هەڵیان دەگرت. گەنمەکانیان لە خەزێنەیەکی سەر زەویدا بلاودەکردەوە و بە گورزی گەورە کە ناو دەنرا خەرمان کوت، گوڵەکانیان دەکوتا بۆ ئەوەی دەنکە گەنمەمان بێنە دەرەوە.

## ژیانی جووتیارەکان

جووتیارە رەنجدەرەکان لە گوندە بچووکەکاندا لە دەرەوەی دیواری قەلا دەژیان. خانووە یەك ژوورەکانی ئەوانە لە کا و قوڕ دروستکرابوو، لە سەر زەوی قوڕەکەیان دەشێلا. زۆرجار

ژوورەکە، پەنجەرەی هەبوو. لەسەر زەوی ناو ژوورەکە ئاگردانێکیان دروست دەکرد و کونێکیان لە سەقفی ژوورەکەدا بۆ دووکەڵ کێش دروست دەکرد.

جووتیارەکان ئاسایی جلوبەرگی پتەویان لەبەر دەکرد کە بە پەت دەبەسترا. ئەم جلوبەرگانەیان لە خوری مەڕەکانی خۆیان دروست دەکرد. لە زستاندا پارچەیەکیان بە دەوری قاچیاندا دەئالاند تاوەکو گەرمیان بێتەوە. لەجیاتی پێڵاو، پارچەیەکیان بە دەوری قاچیاندا دەپێچایەوە و بە چەرم و تەختەیەکی داریان بەناو ئەوەوە دەبەستەوە تا بە ئاسانی بە ڕێگەدا بڕۆن.

خواردنی ئەوان سادە و هەژارانە بوو کە لە شۆربا و سوپ و گۆشتی بەرازی سوێرکراو ماسی و نانی رەش پێك دەهات. بە پشت بەستن بە حەکایەتی نووسەرێك کە لە سەدەی دوانزەیەمدا دەژیا، «جووتیارەکان هەرگیز ترێی رەزەکانی خۆیان نەدەخوارد، وە خواردنی بەتامیان نەدەچەشت، ئەگەر پارچەیەك نانی رەش و کەمێك کەرە و پەنیریان هەبوایە، دڵخۆش و شادمان بوون».

جووتیارەکان کەمێك ئازادییان هەبوو، ئەوان دەبوایە بەردەوام ملکەچی ئەرباب بوونایە. بێ مۆڵەتی ئەو نەیاندەتوانی موڵکی ئەرباب بەجێ بهێڵن. لە پێش هاوسەرگیریدا، دەبوایە رەزامەندی ئەویان بەدەست بهێنایە، جووتیارەکان نەیاندەتوانی کەمتەرخەمی بکەن لە خزمەتی ئەربابەکاندا. ئەگەر هەوڵیان بدایە لە گوندەکەی ئەرباب هەڵبهاتنایە، دەستگیردەکران و بە توندی سزا دەدران. لە راستیدا ژیانی ئەوانە زۆر سەخت بوو. جووتیارێك دەیوت: «هەر کە خۆر هەڵدەهات دەبێت گاکان بۆ کێڵگە بەرم و گاسنەکانیان لێ ببەستم. لە زستانی سارددا، بە هۆی ترسم لە ئەرباب، جورئەتم نییە لە ماڵەوە بمێنمەوە. هەموو رۆژێك کاتێك گاسن بەگاوە دەبەستم، دەبێت یەك جەریب زەوی یان زیاتر بکێڵم، دەبێت ئاخوری گاکان پڕ بکەم لە یۆنجە و ئاویان پێ بدەم، ئیشم سەختە چونکە ئازاد نیم».

ئەم حەکایەتە وەسفێکی وردی ژیانی زۆربەی خەڵکی ئەورووپایە لە سەرەتای سەدەکانی ناوەڕاستدا. بێگومان ئەم بارودۆخە لە ناوچە جیاوازەکاندا وەك یەك نەبووە، هەندێك لە جووتیارەکان ژیانێکی باشتریان هەبووە ئەگەر ئەرباب میهرەبان و دادپەروەر بوایە، سیرفەکانیش ژیانێکی باشتریان دەبوو، بەڵام تەنانەت لەگەڵ ئەمەشدا سیرفەکان هەر لە ژێر دەسەڵاتی ئەربابەکانی خۆیان دابوون، ئەو دەیتوانی بەهەر شێوەیەك کە ئارەزوو دەکات رەفتار لەگەڵ جووتیارەکاندا بکات.



# پیاوە پیرۆزەکان

لەم سەردەمانەدا کەسانێك لەو باوەڕەدا بوون کە باشترین شێوەی ژیانی راستەقینە مەسیحییەتە، دوورکەوتنەوە لەم دونیا گەندەڵە و پەنابردن بۆ شوێنێکی نەمر تا لەوێدا بتوانن لەگەڵ پەروەردگاردا راز و نیاز بگۆڕنەوە و بیر لە فیکرە پیرۆزەکان بکەنەوە، ئەم جۆرە کەسانەیان کە بەم شێوەیە بیریان دەکردەوە، پێیان دەوتن (زاهید).

چەند ساڵێك لە دوای ئەوە بەربەرییەکان، دوایەمین ئیمپراتۆریان دەرکرد، پیاوماقوڵێکی گەنج بەناوی (بندیکت) کە ئیتاڵی بوو، بڕیاری دا کە ببێت بە زاهید. زۆری نەخایاند کۆمەڵێك پەیوەندییان پێوە کرد، بندیکت یاساکانی دانا و بوو بە سەرۆکی دێر کە لە زۆربەی دێرەکاندا، راهیبەکان ئەم یاسایانەیان جێ بەجێ دەکرد. کەسێك کە دەیویست ببێتە راهیب، دەبوایە ساڵێك لەناو دێردا بمایایەتەوە تاوەکو بزانێت کە ئایا بەڕاستی حەز دەکات بە درێژایی تەمەنی بە راهیبی بمێنێتەوە یان نا. ئەگەر لە دوای تەواو بوونی ئەم ماوەیە بڕیاری بدایە کە واز لە هەموو هەوا و هەوەستەکانی دونیا دێنێت، ئەوا لە دێردا پەسند دەکرا. لەو کاتە بەدواوە، ئیتر رێگەی پێ نەدەدرا «دێرەکە بەجێ بهێڵێت و ملی لە قۆچی یاسا رزگار بکات» یاسای بندیکت بەم شێوەیە حوکمی دەکرد. دەبوایە هەموو راهیبێك ئەم سێ پەیمانەی بدایە: ملکەچ کردن لە ئاست سەرۆکی دێر، و پارەنەبوون و ئەوەی کە هەرگیز هاسەرگیری نەکات. بندیکت دەیوت: « نابێت راهیب بە رەهایانە هیچ شتێکی هەبێت، نە کتێب، نە لەوحە و تەنانەت پێنووسیش».

دێرەکان ئاسایی لە شوێنێکی چواردەور دراودا دروست دەکران. لە چوار لاوە حەوشەی سەرکراوە کە لە ناوەڕاستیاندا باخێك هەبوو. رێرەوی سەرداپۆشراو بەناوی هەیوانەوە دروستکرابوون کە راهیبەکان لەسەرخۆ لەوێدا پیاسەیان دەکرد. لە لایەکی ئەم حەوشەیەدا، ژووری نووستنی راهیبەکان هەبوو کە لە ژوورە زۆر بچووکەکان پێك دەهات. لای سێیەم کتێبخانە و ژووری خوێندنەوە و لای چوارەمی حەوشەکەدا کەنیسەیەکی بچووکی دێر هەبوو.

راهیبەکان بە پێچەوانەی پیاوماقولەکانەوە کە جلوبەرگی بەشکۆ و جوانیان دەپۆشی، ئەمان جلوبەرگی درێژیان لەبەر دەکرد کە لە پارچەی زبر دەچنرا و بە پەتێك بە دەوری کەمەری خۆیانەوە دەبەستەوە. ئەم باڵا پۆشانە کلاویان هەبوو کە راهیبەکان لە کاتی پێویستدا لەبەریان دەکرد. سادەترین خواردنیان دەخوارد و کاتی خواردنیان بەبێ دەنگییەکی تەواو بەسەر دەبرد یان گوێیان لە مەسەلەیەك دەگرت کە یەکێك لە ئەندامەکان بە دەنگی بەرز دەیخوێندەوە.

راهیبەکان لە پێش خۆرهەڵهاتندا لە کەنیسەی دێردا دەستیان دەکرد بە پەرستن. بە درێژایی ڕۆژ چەند جارێك زەنگی کەنیسە لێ دەدرا و ئەوانی بۆ نوێژ و پەرستن و پاڕانەوە بانگ دەکرد. بندیکت حەزی دەکرد کە دێر شوێنێك بێت کە هەموان لەوێدا کاربکەن. ئەو ئەمەی نووسیوە: ((ڕاهیبی ڕاستەقینە، کەسێکە کە وەك باوکی ئێمە و ڕاوێژکارەکانی بە ڕەنجی شانی خۆیان بژین)). ڕاهیبەکان هەموو کارەکانی دێریان ئەنجام دەدا و ڕەنجێکی زۆریان لە کێڵگەکاندا دەکێشا. لە دەرەوەی دێر گەنمیان دەچاند و لە باخەکانی خۆیاندا سەوزە و گیای پزیشکیان بەرهەم دەهێنا کە بۆ چارەسەری نەخۆشەکان بە کەڵك بوو، چاودێری مەڕ و ماڵاتی خۆیان دەکرد، چێشتیان لێ دەنا و جلوبەرگیان دەشۆری و دێریان پاك دەکردەوە. ئەگەر چی ڕاهیبەکان لە دیرەکاندا بە گۆشەگیری کاتیان بەسەردەبرد، بەم حاڵەشەوە بە ئەندامە بە بایەخەکانی کۆمەڵگا دەژمێردران و ڕۆڵێکی گرنگیان هەبوو لە ژیانی خەڵکی سەدەکانی ناوەڕاست دا.

هەژار و داماوەکان یارمەتییان لە ڕاهیبەکان وەردەگرت و برسییەکان بۆ پەیداکردنی خواردن بە گورج و گۆڵی دەچوون بۆلایان. وردە وردە ئەمە بوو بە عادەت کە کەسانێك کە لێیان دەقەوما یان تووشی هەژاری دەبوون، سەردانی نزیکترین دێریان دەکرد. تەنانەت نەخۆشەکانیش بۆ چارەسەرکردن دەهاتن بۆ دێر.

لە دێرەکاندا، کوڕەکانیان فێری خوێندنەوە و نووسین و زمانی لاتینی، واتە زمانی پەرستن و زانست دەکرد، لە سەدەکانی ناوەڕاستدا ڕاهیبەکان بە فەرهەنگترین کەسانی کۆمەڵگا بوون، ئەوانە زانیاری خۆیان دەگواستەوە بۆ ئەو نەوەگەنجانەی کە بۆ فێربوون دەهاتنە دێر. بە درێژایی چەندان سەدە، قوتابخانەی دێرەکان تەنیا قوتابخانە بوون کە لەو سەردەمەدا هەبوون.

لەو کاتەدا بۆ وەستان و پشوودانی گەشتیارەکان سەفارەتخانەیەك نەبوو، بەڵام لە هەموو دێرێکدا میوانخانەیەك هەبوو کە بۆ گەشتیارانی تازە هاتووە بەبێ گویدانە ئەوەی کە پارەی هەیە یان نا، خواردن و جێگەیی باشیان پێ دەدرا، سەرۆکی دێر، میوانەکەی بۆ مێزەکەی خۆی بانگهێشت دەکرد، چونکە بەپێی یاسای بندیکت، هەر میوانێك کە بۆ دێر دێت، دەبێت بەم شێوەیە پێشوازی لێ بکرێت کە دەڵێی خودی عیسا هاتووە. چونکە عیسا دەڵێت: من بێگانەیەکم بۆ ناوەوەم بەرن. لەبەر ئەوە هەر کاتێك هاتنە ناوەوەی میوانێك ڕادەگەیەنرا، سەرۆکی دێر یان براکانی تر دەبێت بە گورج و گۆڵی بچن بۆ لای و بەخۆشەویستی و نەرم و نیانییەوە هەڵسوکەوتی لەگەڵدا بکەن.



# دروستکردنی کتێب لە دێردا

دروستکردنی کتێب یان کتێبییە خەتییەکان، یەکێك بوو لە گرنگترین کارەکانی ڕاهیبەکان. هێشتا دەزگای چاپکردن دانەهێنرابوو، لە بەر ئەوە دەبوایە هەموو کتێبەکانیان بە دەست بنووسیایە، چونکە لە ئەورووپای سەدەکانی ناوەڕاستدا هێشتا بە کاغەز ئاشنا نەبووبوون، لاپەڕەی کتێبەکان لە کاغەز نەبوو، ڕاهیبەکان کتێبەکانی خۆیان لەسەر پێستی گوێرەکە یان مەڕ دەنووسی. بۆ دروستکردنی ئەم جۆرە کاغەزانە، سەرەتا پێستی مەڕەکەیان لە ئاوی ئاهەك ((ئۆکسیدی کالیسیۆم)) دا دەخووساند تا موو خورییە پێوە نووساوەکانی کەمێك نەرم بێتەوە. پاشان پێستەکەیان لەسەر تەختەیەك بڵاودەکردەوە و گۆشت و خورییان پێوە نەدەهێشت. پاشان سەر لە نوێ دەیانشتەوە. پێستە شۆراوەکەیان بەسەر گڕی ئاگرەوە دەگرت تاوەکو وشك بێتەوە و بە بەردی سمارتە سافیان دەکرد. لە کۆتاییدا پارچە کاغەزێکی جوان و زەردباو بۆ نووسین ئامادە دەکرا.

مرەکەب بە تێکەڵ کردنی سوتوی ئاگر یان شیلەی درەخت، وە ڕەنگەکان بە تێکەڵ کردنی تو و گوڵ و قەڵەمیش لە پەڕی گەورەی باڵی باڵندەکان یان لە قامیش دروست دەکرا. ڕاهیب بە یارمەتی ئەم کەرەستانە، لەسەر خۆ و بە وردی، دەقی کتێبەکەی بە پیتی گەورە دەنووسی و پیتی یەکەمی وشەکانی لەهەر بەشێکی تازەدا بە شێوەیەکی جوان دەنووسی و زاخاوی دەکرد، ئەم لا و ئەولایی دەقەکەشیان بە وێنەی فریشتەکان و زاهیدەکان و یان بەسەکۆکانی ژیانی ڕۆژانە دەڕازاندەوە، لاپەڕەی کتێبەکانیان بە ڕەنگە دلگیرەکان ڕەنگاوڕەنگ دەکرد. لە پەراوێزی هەندێك لە کتێبەکاندا بە چەپکەگوڵ یان باڵندەکان و پەپوولەکان و هەنگەکان و خاڵخاڵۆکەکان کە لە ناو گوڵەکاندا هاتووچۆیان دەکرد، دەیان نەخشاند.

زۆرباش دەتوانرێت هەست بەوە بکرێت کە دروستکردنی ئەم جۆرە کتێبانە، کارێکی ماندووکەر و کاتگر بووە، ڕاهیب بە درێژایی ڕۆژ لەبەرە بەیانەوە تا کۆتایی شەو، بە حەوسەڵە و خۆڕاگرییەوە لەسەر کارەکەی ڕەنجی دەکێشا. لەوانەیە ساڵێك درێژەی بکێشایە تا تەنیا کتێبێك ئامادە دەکرا. ڕوونکردنەوەیەکی کورت لە کۆتایی کتێبەکاندا هاتووە، هەستی ڕاهیب بە تەواوبوونی کارەکەی باش پیشان دەدات: ((نازانن نووسین کارێکی چۆنە. پشتی مرۆڤ دەچەمێتەوە، چاوەکانی ڕەش و تاریك هەڵدەگەڕێت و هەردوولایی سنگ و سکی ژان دەکات)) بەرگی کتێبەکانیان لە چەرم یان عاج کە بە جوانی هەڵکەندرابوو،

دروست دەکرد. سوچەکانی کتێب لە زیو بوو، و بۆ بەستنی ئەوە سوودیان لە قولاپی زیوی وەردەگرت. بەرگی کتێبە بەنرخەکان هەڵکەندراوی زێڕین بوو، و بە گەوهەرەکان و شووشە ڕەنگاوڕەنگەکان جوانکارییان تێدا دەکرد.

## فرانسیس، زاهیدی دڵپاك

شاری بچووکی «ئەسیزی» کە کەوتۆتە بەشی سەرەوەی گردێکی پڕ لە نشیوی لە بەشی ناوەڕاستی ئیتاڵیادا. بازرگانێکی دەوڵەمەند بەناوی «پیترۆ بەرنادرۆ» لە کۆتایی سەدەی دوانزەیەمی زاییندا لەو شارە دەژیا و کوڕێکی هەبوو بە ناوی «فرانچسکۆ» یان فرانسیس. «فرانسیس» رووخۆشترین لاوی شاری ئەسیزی بوو. ئەو بە هۆی بوونی باوکێکی دەوڵەمەندەوە، کاتەکانی بە خۆشی بەسەر دەبرد و خەم و خەفەتی نەبوو. رۆژێك لە کەنیسەدا، فرانسیس چاوی بەم قسەی عیسای مەسیح دەکەوێت کە بە راوێژکارەکانی خۆی وتبوو کە لەگەڵ خۆتان زێر و زیو و پارە و جانتا و چاکەت و پێڵاو و پارچە نەهێنن.

فرانسیس گومانی دەکرد کە رووی قسەکانی عیسا لە ئەوە بڕیاریدا دەست لە ژیانی ئاسوودەی خۆی بشوات و تا کۆتایی تەمەنی وەك عیسا بژیت. باوکی ئەوی دەرکرد بەڵام فرانسیس بە شادی و خۆشحاڵییەوە دەستی لەسەروەت و سامان شۆری. لەوەبەدواوە، بە قسەی خۆی لەگەڵ «خانمی هەژار»دا خێزانی دروستکردبوو. ئەو پیاوە گەنجەی کە هەمیشە جلوبەرگی رازاوەی دەپۆشی، ئێستا عەبایەکی رەنگ قاوەیی و زبری لەبەر دەکرد و پەتێکی بە دەوری کەمەریدا دەبەست. سەردانی نەخۆشەکانی دەکرد و یارمەتی دەگەیاندە داماوەکان.

هەندێك لە گەنجەکانی شار لە ناو ئەوانەشدا کەسانێك لە خێزانە دەوڵەمەندەکان و پیاوماقوڵەکانی شاری تێدا بوو، لەو باوەڕەدابوون کە فرانسیس رازی بەختەوەری دۆزیوەتەوە. لەبەر ئەوە پەیوەندییان پێوە کرد و لەگەڵ ئەوەدا عەبای زبریان لەبەرکرد، سەفەریان بۆ شارەکانی ئیتاڵیا کرد و لە هەموو ناوچەیەکدا ئامۆژگاری هەژارەکانیان دەکرد. فرانسیس و پەیڕەو کارەکانیان ناو دەنا (برا). فرانسیس نە تەنیا لەگەڵ خەڵکدا بەڵکو لەگەڵ بوونەوەرە زیندووەکانی تریشدا بە نەرم و نیانی دەجووڵایەوە. دەگێڕنەوە رۆژێك بۆ شارێکی بچووك هاتبوو، و بڕیاری دا ماوەیەکی کورت لەوێ بمێنێتەوە و ئامۆژگاری خەڵکی بکات، ئەو پەرەسێلکانەی کە لەدار و دەوەنەکانی دەوروبەردا بوون، بە شێوەیەك جریوە جریویان دەکرد کە خەڵکی هیچیان نەدەبیست، فرانسیسی دڵپاك وتی: «خوشکانی ئێمە، باڵندەکان، ستایشی



خودا دەکەن». پاشان کەمێك گوێی لەوانە گرت و دوایی لەسەرخۆ وتی: «پەرەسێلکەکان، خوشکانی من، هەموو بەیانییەك قسەتان کردووە ئێستا سەرەی منە. چەند ساتێك بێ دەنگ بن تا ئامۆژگاری خۆم تەواو بکەم و ئەوکاتە دەتوانن درێژە بە قسەکانتان بدەن». پەرەسێلکەکان ئیتر نەیان خوێند و تا کۆتایی ئامۆژگارییەکانی فرانسیس بێدەنگ بوون، هەموو ساڵێك کاریگەری فرانسیس زیاتر بلاوبۆوە ژمارەی تامەزۆریانی زۆر دەبوو. ئەوان خۆیان بە برا بچووکی هەژارەکان ناو دەبرد، خەڵکیان فێر دەکرد کە بایەخ بە دەوڵەمەندی و دەسەڵات نەدەن و تەنیا خواتان خۆش بوێت و یاوەریشی بن.

پاش کەمێك لە مردنی فرانسیس ئەویان ناو نا فرانسیسی زاهید. هەر کاتێك پیاوێکی پیرۆز دەمرد، پاپا لە کارەکانی ئەوی دەکۆڵییەوە و ئەگەر ژیانێکی بە بایەخی هەبوایە ئەوی ناو دەنا زاهید. بەشێکی زۆر لە ژنان و پیاوانی سەدەکانی ناوەڕاست زاهید بوون و شوێنی ناشتنی ئەوانە گۆڕا بۆ زیارەتگا (مرقد).

## خەڵکی دوای خاچ دەکەون

هەر چەندە زیارەتگای کۆنی فرانسیس و زاهیدەکانی تر شوێنی پەرستنی مەسیحییە لە خواترسەکان بوو بۆ نوێژ و پاڕانەوە، بەڵام سەردانی گۆڕی عیسا لە ئورشەلیم، بە یەکێك لە ئارەزووەکانی خەڵك دەژمێردرا. لەو باوەڕدابوون کە پیرۆزترین شوێنی جیهان ئەو جێگایەیە کە عیسا لێی ژیاوە و لەو جێگەیەش مردبوو. لە بەرهەمان هۆشە بەئۆرشەلیمیان دەوت «بیت المقدس».

فەلەستین چەندان سەدە بە دەست عەرەبەکانەوە بوو، لەگەڵ میوانە مەسیحییەکاندا بە نەرم و نیانی رەفتاریان دەکرد. پاشان عەرەبەکان بە دەست نەتەوەیەکی تر تێکشکان کە ناویان تورکە سەلجوقییەکان بوو، ئەو میوانانەی کە لە ئورشەلیم دەگەڕانەوە، داستانی ترسناکیان لە بارەی کارەکانی ئەوانەوە بۆ مەسیحییەکان دەگێڕایەوە، پاش ماوەیەك تورکەکان بەهێزبوون و هەموو ئاسیا تا قوستەنتەنییەیان داگیر کرد. ئیمپراتۆری قوستەنتەنییە لەوە دەترسا کە تورکەکان شارەکە داگیر بکەن. نامەیەکی بۆ پاپا ((ئوربانی دووەم)) نارد و داوای یارمەتی خێرای لێ کرد. بەم مەسەلەیە پاپا «ئوربانی دووەم » زۆر نیگەران بوو ئەگەر داگیرکەرانی موسڵمان هێرش بۆ سەر ئەورووپا بهێنن و مەسیحییەت لەناو ببەن، چی روودەدات؟

پاپا لـه سـاڵی ١٠٩٥ی زاییـنـدا لـه «کلرمونـت»ی فەڕەنـسا کۆبوونەوەیـەکی ڕێکخـست. دەشتێکی گەورە لە دەرەوەی شار، پڕبوو لە چادر کە نەیدەتوانی جێگایی ئـەو هـەموو کۆمەڵانـە بکاتەوە کە بۆ بیستنی قسەکانی پاپـا کۆبووبوونـەوە. پاپـا وتـی: «جـەنگاوەرانی مەسـیحی، چ کەسێك جگە لە ئێوە دەبێت تۆڵە لەم تاوانبارانـە بکاتـەوە و پانتـایی دەسـەڵاتی موسـڵمانەکان بوەستێنێت؟ بڕۆن بۆ ئۆرشەلیم تا لە گوناهەکانتان ببەخشرێن. خوانەکات خۆشەویستی بۆ منـداڵ و هاوسەر و دایك و باوکتان ببێتە ڕێگر لەبەردەمتاندا. نەهێڵن خەمی ماڵ و منـداڵ و نیگـەرانی خێزان ببێتە ڕێگر لە بەردەم کارەکانتان دا. لە بیرتان بێت کە خودا لـە ئینجیـل دا فەرموویـەتی: «کەسێك کە دایك و باوکی لە من زیاتر خۆش بوێت بەلامەوە بێ قیمەتە» یـان کەسـێك کـە لـە پێناوی مندا ماڵ و برا و خوشك و باوك و دایك و هاوسەر و منداڵ و موڵکی خۆی بەجێ بهێڵێت دەبێتە خاوەنی سەد مەڕ و میراتگری ژیانێکی هەتا هەتایی لەو دونیا».

خەڵکی بە بیستنی قسەکانی پاپا هاتبوونە جۆش و خرۆش لە هەموو لایەکەوە ئەم هـاوارە دەبیسترا. «ئەمە خواستی خوایە، ئەمە خواستی خوایە».

پاپای پیرۆز کە ئەم هاوارانەی بیست بوو بەم شێوەیە درێژەی پێدا: «برا بە ئیمانەکان، خودا لە ئینجیلدا دەفەرمووێت، هەر کاتێك دوو یان سێ کەس بۆ یادی من کۆببنەوە، مـن لـە نـاو ئەوانـدا ئامـادەم. ئەگـەر خـودا لـە نـاو ئێـوەدا جـێگیر نـەبووبێت هـاوارێکی بـەم شـێوەیە سەرهەڵنادات. لەم ڕووەوە بە ئێوە دەڵێم، ئەم هاوارەی ئێـوە لەسـەر حەقـە، چـونکە لەلایـەن خواوە بە ئێوە دراوە. هەر کاتێك هێرشتان بردەسەر دوژمن، دەبێت لەسەربازەکانی خواوە ئـەم هاوارە بۆ ئاسمان بەرزببێتەوە. ئەمە خواستی خوایە، ئەمە خواستی خوایە کە کەسانێك بڕیاریان داوە بۆ ئەم زیارەتە پیرۆزە بڕۆن و بۆ ئەم کارە پێویستی بکەن کە ڕەمزی خاچـی خـودا لەسـەر ناوچەوان یان بە سنگی خۆتانـەوە هەڵبواسـن و کاتێـك کـە پێویـستییەکەیان بـەجێ هێنـا و ویستیان بگەڕێنەوە، لەسەرپشتی خۆتان خاچەکە دابنێن.

لە هەموو لایەکەوە ئەم هاوارە دەبیسترا: «خاچ! خاچ ! خاچ! بە ئێمە بدەن».

پیاوماقوڵەکان بەزۆرخۆیان هەڵدایە پێشەوە تاوەکو خاچی سووری ئاوریشمی یان پارچەیەك بە دەست بهێنن. خەڵکی سەرتاسەری ئەورووپا بۆ سـەفەر بـۆ ئورشـەلیم ئامـادەبوون زۆربـەی خەڵکی بەبێ ئامادەکاری و بەبێ خواردن و پێویستییەکانی تر بە دەستی بەتاڵەوە بەرەو «(بیت المقدس)» بە ڕێکەوتن. زۆربەی ناوچەکان لە کاتی بە ڕێکەوتنی ئەوان بەوێـدا تـالان کـرا. ئـەم تالانییە خەڵکی توڕە دەکرد تا گەیشتە ئەوەی کە لە دژی ئەو تازە هاتوانـە شۆڕشـیان کـرد و



بەشێکی زۆریان لێ کوشتن. ئەوانی تر بە نەخۆشی و هیلاکی سەفەرەوە گیانیان سپارد سـوپای خاچدارە راستەقینەکان دواتر پێشڕەوییان کرد کە لە پیاوانی کارامە و شارەزاتر پێکهاتبوو، وە پیاوماقوڵەکانی ئەورووپا سەرپەرشتی ئەوەیان دەکرد.

بەیانی ڕۆژێکی خۆش لە مانگی حـوزەیرانی سـاڵی ١٠٩٩ی زایینـدا دیوارەکـانی ((بیـت المقدس)) لە دوورەوە دەبینرا. سێ ساڵی تەواو خاچدارەکان بەئومێـدی سـەرکەوتن بەسـەریدا شـەڕیان کـرد و ڕەنجیـان دابـوو، وە ئێـستا شـارەکە لـە بـەردەمیان دابـوو، سـەربانە ڕێـك و سپییەکانی خانووەکان لە ژێر تیشکی زێڕینی خۆردا دەدرەوشایەوە. گومەزە خڕەکـان و منـارە بەرزەکانی مزگەوتی موسڵمانەکان لە ژێر ئاسمانی شینی بێگەرد دا ملیان درێژکردبوو.

سەرەتا خاچدارەکان بە قەلاکوت، کونی گەورەیان لە دیوارەکـانی شـاردا دروسـتکرد و پاشان بە دەزگای بەردهاوێژ و تیروکەوانەکانی خۆیـان، شـارەکەیان بـەرد بـاران و تیربـاران کرد، هاوارێکی بەرزتر لە هەموو دەنگێکی تر دەبیسترا: ((ئەمە خواسـتی خوایـە، ئەمـە خواستی خوایە)) و لە کۆتاییدا تاوەرە بەرزە تەختەییەکانیان هێنایـە تەنیـشت دیوارەکـە. خاچدارەکان لەسەر تاوەرەکانـەوە چـوونە نـاو شـارەکە و سـەرەو لێـژ بوونـەوە و ئـەوێیان داگیرکرد. خاچدارەکان لـە دوای تێکـشکانی بەرگریکـەرەکانی شـار، لـە تەنیـشت گـۆڕی عیساوە لەسەر ئەژنۆ دانیشتن و بە هۆی سەرکەوتنیانەوە سوپاسی ئەویان کرد، بەم شێوەیە یەکەمین جەنگی خاچدارەکان کۆتایی هات.

نزیکەی سەد ساڵ لە دوای ئەوە، تورکەکان سـەرلەنوێ ((بیـت المقـدس))یـان داگیرکـرد و جارێکی تر دوای سەد سـاڵ پاشـاکان و پیاوماقوڵـەکان سـەرلەنوێ سـوپاکانی خۆیـان بـەرەو ڕۆژهەڵات بەڕێ کرد تاوەکو دەست بەسەر ((بیت المقدس))دا بگرن بەڵام ئەمجارە سـەرنەکەوتن. لە ناوەڕاستی سەدەی سیانزەیەمی زاییندا، جەنگی خاچدارەکان کۆتایی هات.

## لە شارێکی سەدەکانی ناوەڕاستدا

لە سەردەمی هێرشی خێڵەکانی بەربەردا، تا رادەیـەك هـەموو شـارەکانی ئـەورووپا لـە ناوچووبوون. زۆربەی ئەو شارانەی کە لە سەردەمی حکوومەتی ڕۆمدا دروستکرابوو، لە دۆخـی وێران بووندا بوون زۆربەی خەڵك لە ناو یان لـە تەنیـشتی قەلاکانـەوە دەژیـان ، وردە وردە لـە شوێنەکانی وەك ناوبڕی نێوان دووجادە یان کەناری رووبارەکان کە لەوێـدا دانوسـتاندن دەکـرا،

چەند ناوچەیەکی نیشتەجێبوون دروستکرا، بازرگانەکان لە کاتی سەفەرە یەك بەدوای یەکەکانیاندا لە شوێنێکدا نیشتەجێ دەبوون و لە هەمان شوێندا بەروبوومەکانی خۆیان دەفرۆشت، هەندێك لەم شوێنی نیشتەجێبوونانە وردە وردە گۆڕان بۆ شار. بەشێکی زۆر لەو شارانە وەك قەلاّکان بە دیوارە بەردینە بەرزەکان و خەندەق دەورەدرابوون. تەنیا لە ڕێگەی دەروازە گەورەکانەوە کە لە شوێنی چوونەناوەوەی شاردا، دروست کرابوون. توانای چوونە ناوەوە هەبوو. لە تەنیشت دەروازەکانەوە، پاسەوانەکان شەو و ڕۆژ چاودێرییان دەکرد تا لە نزیك بوونەوەی دوژمن ئاگاداربن، لە تاوەرەکانی تەنیشت دەروازەکاندا پەنجەرەی باریك هەبوو کە لەوێوە تیریان بۆ دوژمن دەهاویشت. لەشەودا، دەروازەکان دادەخران و کەس مافی چوونە ژوورە و هاتنە دەرەوەی لەشار بەبێ مۆڵەتی تایبەت نەبوو.

شارەکان ئاسایی بچووك و قەرەباڵغ بوون لە کۆلاّنە تەسك و پڕ پێچ و پەناکاندا، خانووەکان دەکەوتنە نێوان گومەزە بەرزەکانەوە بەردەرگای خانووەکان هونەرمەندانە هەڵکەندرابوو، جوانکاری تێداکرابوو.

کەرەستەکانی خۆشگوزەرانی لە شارەکاندا کەم بوو، نە سیستەمی ئاو گەیاندن هەبوو، نە ئاگر کوژاندنەوە و نەسیستەمی کارەبا گەیاندن. زۆربەی خەڵك شەوان لە کاتی تاریکبوونی ئاسماندا لەماڵەوە نەدەچوونە دەرەوە. کاتێکیش دەهاتنە دەرەوە، مەشخەڵە دەستییەکانیان هەڵدەگرت و هۆی هاتنە دەرەوەیان بۆ پاسەوانەکانی شەو روون دەکردەوە.

## دروستکەرانی کەنیسەکانی مزگەوت

هەموو گوند و هەموو شارێك کەنیسەیەکی بۆ خۆی هەبوو. لە هەندێ لە شارەکاندا، کەنیسەکانی مزگەوتیان جوان دروستکردبوو. کەنیسە زۆر گەورەکان منارەی کەلەی بەرزیان هەبوو. لەسەرەتادا سەقفی  قورسی کەنیسەکان بە ژمارەیەك ستوون دەپارێزران. دەبوایە دیوارەکانیان ئەستوور و پەنجەرەکانیان تەواو بچووك دروست بکرایە، و لە ئەنجامی ئەوەدا کەنیسەکان تاریك و دڵتەنگ دەردەچوون. بیناسازە فەڕەنسییەکان ئەم شێوەیەیان پەسەند نەدەکرد. بۆ ئەوەی کە دیوارەکان بەرگەی کێشی سەقفەکان بگرن، لە ناوچە دیاریکراوەکانی دەرەوەی کەنیسە، بە تۆپەڵێك بەرد کە پێی دەوترا ((شەمع)) دەبەسترانەوە. لە نەخشەی بیناکانی دواییدا تاقی مایل لە دیواری کەنیسە جیا دەبۆوە و بەشی سەرەوەی ئەوە دەنووسا بە تاقی سەربانی کەنیسەوە. ئەم شێوە تازە لە ولاّتی فەڕەنساوە گوێزرایەوە بۆ زۆربەی ولاّتەکان



بوو بە شێوەیەکی رەسمی. شەمعەکان تاقی کەنیسەیان دەپاراست و بە هۆی ئەوەوە دروست کردنی پەنجەرە پان و درێژەکان لە دیوارەکاندا ئاسان بوو. پەنجەرەکانیان  لە پارچەی شووشەی وردی رەنگاوڕەنگ دروست دەکرد و شووشەکانیان بە شێوەیەك لە تەنیشت یەکەوە ریز دەکرد تاوەکو داستانەکانی ئینجیل بە نەخشە جوانەکانییەوە وێنە بکێشرێت.

ڕووناکی خۆر لە پەنجەرەکانەوە بۆ ناوەوە دەدرەوشایەوە. ئەم شووشانە وەك یاقوت یان یاقوتی تیلی و ئەلەمنیۆمی سەوز، دەدرەوشانەوە.

خەڵکی شارەکان زۆر شانازییان بە کەنیسە مزگەوتییەکانی خۆیانەوە دەکرد و لەبەر ئەوە لە کاتی دروست کردنی دا هەوڵیان دەدا جوانکارییەکی زۆری تێدا بکەن، هەموویان لەم کارەدا بەشدارییان دەکرد، دەوڵەمەند پارەی دەدا و هەژار ڕەنجی دەکێشا. نووسەرێك لە بارەی کەنیسەی مزگەوتێکەوە نووسیوویەتی:

کێ لەسەردەمەکانی کۆندا بیستوویەتی کە شازادە بەهێزەکان و پیاوانی دەوڵەمەند و ناودار و پیاوان و ژنانی پیاوماقوڵی باوپیرە ناودارەکان، بالاّی خۆیان خستبێتە ژێر گالیسکەکانەوە و وەك ئاژەڵی بارهەڵگر، بەرد و تەختە و چیمەنتۆ هەڵبگرن تاوەکو خانووی عیسا دروست بکەن. پیاوان ئەم بارە قورسانە هەڵدەگرن، بارەکان هەندێك جار کێشیان ئەوەندە قورسە کە هەزار کەس بۆ بردنی ئەوە هاوکاری دەکەن بە شێوەیەکی بێدەنگ دەکەونە رێ کە تەنانەت چرپەیەك لەوانەوە نابیسترێت.

ئاسایی کەنیسەی مزگەوتەکانیان بە شێوەی خاچ دروست دەکرد. لە کۆتایی لا درێژەکەی خاچەکەوە میحرابێکی بەرز و لە لایەکی ترەوە، دەرگا گەورەکانی هاتنە ناوەوە کە لە سەر ئەوانە وێنەی زاهیدەکان و فریشتەکان هەڵکەندرابوو، هەڵواسرابوو، لەسەر دەرگاکان ئاسایی شووشەیەکی رەنگاوڕەنگ بە نەخشەی جوانی گوڵ هەبوو میحراب و مینبەر بە جوانکاری هەڵدەکەنرا لە مەیدانێکی کراوەی کەنیسەدا، گۆڕەکانی ئەربابەکان و خاتوونەکان هەبوو. لە بەرزایی سەربانەکاندا بۆڕی ئاوەکانیان بە شێوەی ئاژەڵەکان و مرۆڤەکان سەرسووڕهێنەر دروست دەکرد. منارە بەرزەکانی کەنیسەکانی مزگەوت لە هەموو بیناکانی شار بەرزتر بوون.

دەرگاکانی کەنیسە هەمیشە کراوە بوو. یەکشەمان و ڕۆژە پیرۆزەکان، میحرابی بەرزی کەنیسە بەڕووناکی مۆمە درێژەکان و شێوە کەلەییەکان دەدرەوشایەوە. کۆمەڵێك کشیش کە عەبای لە گوڵ چنراویان لەبەردابوو. ئالاّکانی سەر میحرابەکەیان دەپاراست لە خوارەوە خەڵکی لەسەر ئەژنۆ دادەنیشتن و داماوانە ستایشی پەروەردگاریان دەکرد.

# گۆشت فرۆش و نانەوا و شەمع ساز

خاوەن پیشەکانی شارەکان، لەگەڵ پیشەکارەکان کۆدەبوونەوە هەر خاوەن پیشەیەك دەبێت لە پیشەکەی خۆی دا ئەندامێتی هەبێت، جگە لەوە مۆڵەتی کارکردنی تریان پێ نەدەدرا. چەرم خۆشکەرەکان لە ناوچەیەکدا و زەرنگەرەکان لەناوچەیەکی تردا و بەم شێوەیە خاوەن پیشەکان بەشێك لە ناوچەیەکی تایبەتدا کۆدەبوونەوە لەپشت سندوقی شووشەی دووکانەکاندا کە لە راستیدا ژووری پێشەوەی خانووەکانیان بوو، کەلوپەلەکانی خۆیان بۆنمایش دادەنا.

منداڵە بچووکەکان بۆ فێربوونی پیشەیەك دەبوایە ماوەیەکی دوور و درێژ چۆنیەتی ئیش کردنەکەیان ببینایەت یەکەمین جار وەك شاگرد لە ماڵی وەستای شارەکەیاندا خەریکی کاردەبوون، شاگرد بۆ حەوت ساڵ ملکەچی وەستایی کارەکەی بوو کاری بۆدەکرد، لەم ماوەیەدا خواردن و جل وبەرگ و شوێنی ژیانی لە تەنیشت ئەندامانی خێزانی وەستاکەیەوە پێ دەدرا، بەڵام کارەکەی حەق دەستی نەبوو، ئەگەر شاگرد هەڵسوکەوتی باش نەبوایە وەستا مافی تەمێ کردنی ئەوی هەبوو، ئەگەر رای بکردایە وەستا مۆڵەتی ئەوەی هەبوو بچێت بەدوایدا بیگەڕێنێتەوە، لە کۆتایی دەورەی شاگردێتیدا، شاگردی لاو دەبووە ((کرێکاری شارەزا)) و دەیتوانی حەق دەست وەربگرێت ئەم ئەندامە تازەیە پیشەیە چەند ساڵێکیش سەفەری بە شارەکاندا دەکرد چەند مانگێك یان چەند ساڵێك لەلای وەستایەکی شارەزاتر کاری دەکرد، کاتێك کە بە ئەندازەی پێویست پارەی پاشەکەوت دەکرد و لە تاقیکردنەوەیەکدا کە بۆ پێوانی ئاستی شارەزایی ئەو دەکرا، دەردەچوو ئەوکاتە دەیتوانی بێتە وەستای کار.

ئەندامانی خاوەن پیشەکان بڕیاریان دەدا کەلوپەلەکانی خۆیان بە چ نرخێك بفرۆشن و چەند حەق دەست بە کرێکاران بدەن هەموان دەبوایە کالاکانی خۆیان بە ((نرخێکی دادپەروەرانە)) کە دیاری دەکرا، بفرۆشتایە هیچ ئەندامێك مافی ئەوەی نەبوو کە بە هەرزان فرۆشی کالاکانی خۆی یان بەکرینی هەموو کالا نمایشکراوەکان بۆ فرۆشتنی یان بانگێشت کردنی موشتەرییەکانی دراوسێیەکی بۆ دووکان خۆی یان بەکارهێنانی کرێکارەکانی دراوسێیەکەی لە کارگەی خۆیدا ببێتە مایەی بازاڕشکانی ئەوانی تر، هەموو خاوەن پیشەك کارمەندەکانی تر بۆ پشکنین هەڵدەبژارد و بۆ حیسابکردنی پارەی خەزێنەکانی خۆی و داراییەکی دەوەستان. چاودێرەکان لە هەموو کاروبارەکانی خاوەن پیشەکانیان دەکۆڵییەوە. ئەگەر فرۆشیار یان خاوەن



پیشە کالاکانی خۆی بەنرخی زیاتر لەنرخی دیاریکراو بفرۆشتایە یان کالای خراپیان بەرهەم بهێنایە و یان کێشی کەمتریان بدایە بە کڕیار لە لایەن چاودێرەکانەوە بەتوندی سزا دەدران، ئەگەر نانەوایەك نانەکەی بچووك دروست بکردایە تەنوورەکەیان دەڕووخاند، ئەگەر پێڵاو فرۆشێك پێڵاوەکانی لەچەرمی عادی دروست بکردایە ئەویان لە خاوەن پیشەیەتی دەردەکرد و لەئەنجامدا نەیدەتوانی لە شاردا ئیشێك بدۆزێتەوە. کارکردن لەشەودا قەدەغەبوو، «چونکە لەشەودا ناتواندرێت وەك رۆژ بەباشی کاربکرێت».

بەم شێوەیە خاوەن پیشەکان ئەندامانی خۆیان دەپاراست. لە یاسای یەکێك لەخاوەن پیشەکاندا هاتووە کە ((ئەگەر یەکێك لەخاوەن پیشە باسکراوەکان، ئیشێکی لە ماڵەوە هەبێت و دەبێت ئەوە تەواو بکات یان ئەوەی پێویستی بەیارمەتی هەبێت و یان کارەکەی لە گوزەرێکی لەناو چوودایە، ئەوا هاوکاری خاوەن پیشە باسکراوەکان دەکەین تاوەکو کارەکەی لەناو نەچێت)) یاسایەکی تر راگەیەندرا: ((ئەگەر یەکێك لە خاوەن پیشە باسکراوەکان بمرێت و خێزانەکەی پارەی کفن و دفنی ئەویان نەبێت، بەپارەی سندوقی گشتی «خاوەن پیشەکان» بەخاك دەسپێردرێت، ئەگەر لە ناکاو یەکێك لە خاوەن پیشەکان تووشی کەم دەرامەتی بێت چ لە پیری و چ لەبەر ئەوەی نەتوانێت کاربکات و ژیانی خۆی هەڵسورێنێت دەتوانێت بۆ گوزەراندنی ژیانی خۆی حەوت پنی لەسندوقی گشتی هەڵگرێت، لەدوای مردنی بەمەرجێك ناوداربێت، ژنەکەی دەتوانێت تا ئەو کاتەی کە شوی نەکردۆتەوە هەموو هەفتەیەك لەسندوقە باسکراوەکە حەوت پنی بۆ بەسەربردنی ژیانی خۆی هەڵبگرێت، خاوەن پیشەکان لەشاردا بالاخانەی جوانیان دروست دەکرد کە تایبەت بوو بەئەندامانی و لەوێدا جەژن و میوانداریيەتییەکانیان بەڕێوە دەبرد و لەهەندێك لەم جەژنانەدا شانۆیان پێشکەش دەکرد. شوێنی نمایش لەسەر گالیسکەیەکی دووقات بوو کە بەم لا و ئەولای شاردا دەیان گێڕا. ئەم نمایشانەیان بە داستانە گرنگەکانی ئینجیل گەرم دەکرد لەهەر قاتێکدا خاوەن پیشەیەك پێشکەشی دەکرد، یەکەمجار دروست بوونی جیهان پاشان رووداوی لافاوەکەی نوح و ژیانی ئیبراهیم و ئیسحاق و ئەو کاتەی بەشێکیان لەچاخە دێرینی نوێ پێشکەش دەکرد داستانی ئەو شوانانەی کە لە کاتی چاودێری لەئاژەڵەکانی خۆیان سەرنجی ئەستێرەکانیان داوە کە ئەوانیان بۆ شوێنی لە دایکبوونی عیسا رێنموویی دەکرد زۆرترین لایەنگری هەبوو.

# بازاڕی مەکارە

یەك دوو ڕۆژ لە هەفتەیەکدا بازاڕێکی گشتی ئامادە دەکرا لەم ڕۆژانەدا تاکەکان سفرەیان دادەخست و خەڵکی شار و شتومەکی ئەربابەکانی دراوسێ کاڵاکانی خۆیان بۆفرۆشتن دەنارد بۆ ئەوێ، بازاڕەکان قەرەباڵغ و پڕ جموجۆڵ بوون چونکە خەڵك لە ڕێگەی زۆر دوورەوە بۆ ئەم مەیدانە گەورە و سەرکراوەی ناوەڕاستی شار دەهاتن تا کاڵا پێویستییەکان بۆ خۆیان بکڕن و گوێ لە پڕوپاگەندەکان بگرن، بەجۆش و خرۆشترین ڕووداوی شار لەبەردەم بازاڕی مەکارەدابوو لە ناوچەکی سەر بەتاڵ لە دەرەوی شار، چادر و سفرە و ژووریان بەرپا دەکرد و بازرگان کاڵای خۆی بۆ فرۆشتن دادەنا، لەم کاتە هەموو ڕێگاکانی دەرەوەی شار قەرەباڵغ دەبوو کە لە دوور و نزیکەوە بۆ بینینی بازاڕی مەکارە هێرشیان دەهێنا.

بۆ خەڵکی ئەو ڕۆژگارە بینینی بازاڕی مەکارە شتێکی زۆر نایاب بوو کۆمەڵێکی زۆر سەفەریان بەشارەکان دا دەکرد، لە بازاڕی مەکارەدا کاڵای سەیر و سەمەرەیان دەست دەکەوت کە هەرگیز لە دووکانە بچووکەکانی شاری خۆیاندا دەست نەدەکەوت، خەڵکی بازاڕی مەکارە کاتێکی خۆشیان بەسەردەبرد و هەم شتیان دەکڕی خۆشیان بەشتەکانەوە سەرگەرم دەکرد. لەچوار دەوری مەیدانەکە شانۆ سەرنج ڕاکێشەکان نمایش دەکرا، پیاوە گاڵتەچی و کۆمیدییەکان بەگاڵتە و گەپ خەڵکیان دەهێنا پێکەنین. ئەکتەرانی سێرك، شیشێکی درێژیان لەسەر لووتی خۆیان دەوەستاند و یان لەیەك کاتدا شەش تۆپیان بۆ ئاسمان هەڵدەدا و دەیانگرتەوە. جیمناستیکییەکان تەقلەیان لێدەدا و بەئاسماندا دەخولانەوە. پەتبازەکان، ئەکتەرە دەستگێڕەکان ئاژەڵی ماڵی کراو و کۆمەڵێك هەڵبژاردەی تری سەرگەرمکەر لەبازاڕی مەکارەدابوون. دەستگێڕەکان لەناو خەڵکەکەدا شەڕەشانیان دەکرد بە هاواری سەرنج ڕاکێش خەڵکەکەیان بەلای کاڵاکانیاندا ڕادەکێشا یەك یان دوو هەفتە بازاڕی مەکارە درێژەی هەبوو پاشان ریزێکی دوور و درێژ لە بازرگانەکان بە ئەسپە بارهەڵگرەکانی خۆیان لەجادەکاندا سەرەو لێژ دەبوونەوە، ئەکتەرانی کۆمیدی بۆ شوێنێکی تر دەچوون و شار سەرلەنوێ ژیانی ئاسایی خۆی دەست پێدەکردەوە .



# شارەکان ئازادی خۆیان بەدەست دەهێنن

لەسەرەتای ساڵەکانی سەدەی ناوەڕاست دا شارەکان کەوتبوونە سەر زەویەکانی پیاوماقوڵەکان و خەڵکی شارەکان ملکەچی ئەربابەکانی ناوچەکەبوون. ئەوە لە بەرامبەر ئەوەی کە ئەرباب پارێزگاری لێ دەکردن پارەیان پێ دەدا. ئەربابی شار یاسای بۆ هەموو ئەو ناوچانە دادەنا کە لەژێر دەسەڵاتی ئەو دابوون و پلەوپایەکانی شاری دیاری دەکرد.

پیاوماقوڵەکان بۆ کاری هاووڵاتیان و بازرگانی بە کاڵاکانی خۆیانەوە سەفەریان دەکرد، زۆر دەستیان دەخستە ناو کاروبارەکانی هاووڵاتیانەوە و لەپانتایی دەسەڵاتی خۆیاندا سەیتەرەکانیان بۆ وەرگرتنی باج دروست کردبوو، وە بازرگانەکان ناچاربوون بۆ تێپەڕین بەو ناوچانەدا باجی زۆر بدەن ئەگەر بازرگانێك بەسەر پردێك تێپەڕبییایە ئەو پردە لە ژێر دەسەڵاتی پیاوماقوڵێك بوایە، دەبوایە باجی زۆری بدایە ئەگەر بەبەلەم بە ڕووباری پیاوماقوڵێك دا تێپەڕبییایە، دەبوایە پارەی بدایە و تاسەرەی چەتەکان دەهات کە بەهێرش بۆ سەر ئەوانە و بردنی کاڵاکانیان ژیانی خۆیان دابین دەکرد.

هاووڵاتیان بەهۆی ڕۆڵی گرنگیان لە بازرگانی شاردا، خوازیاری ئازادی زیاتر بوون لە پانتایی دەسەڵاتی پیاوماقوڵەکاندا، ئەوان دەیانویست خۆیان کاروباری وڵات بەڕێوەبەرن، کارە پێویستەکان بۆ گەشە و فراوان بوونی شار ئەنجام بدەن. زیادبوونی سەروەت و سامانی هاووڵاتیان بووە هۆی ئەوەی بتوانن وردە وردە ئیمتیازات لەپیاوماقوڵەکان وەربگرن. پیاوماقوڵەکان بەهۆی بوونی زەوییەکی زۆرەوە، پارەی زۆریان بە دەستەوە نەبوو، وە درەنگ یا زوو پێویستیان بە برێك پارەوە دەبوو بۆ ئەم یان ئەوکار. خەڵکی شاریش بەدانی پارە ماف و ئیمتیازاتی تایبەتیان بە دەست دەهێنا. زۆرجار پیاوماقوڵ لە جیاتی وەرگرتنی دارایی ساڵانە، شوێنێکیان لە ئەوان وەردەگرت و خەڵکی شاریان لەدانی پارەی باج دەبەخشی.

لە سەردەمەکانی جەنگی خاچدارەکاندا، بەشێکی زۆر لە شارەکان ئازادییان لە ئەربابەکانی خۆیانەوە بە دەست دەهێنا. پیاوماقوڵەکان بۆ ئامادەکردنی سوپای خاچدارەکان و شوێنی نیشتەجێبوونی یەك دوو ساڵەیان لە ((بيت المقدس))دا دەبوایە تەحەمولی خەرجییەکی زۆر و بێ سوودیان بکردایە. لە ئەنجامدا شارەکان لە بەرامبەر خەرجییەکانی جەنگدا، ئازادی خۆیان بە دەست هێنا. کاتێك شارێك دەبووە خاوەنی مافی خۆی ئەوەیان وەك دەستوورێك (منشور) دەنووسی. وشەی منشور(chartar ) لە زمانی لاتینی (chartar ) بە مانای ((لاپەڕەی

کاغەز)) وەرگیراوە. منشوری شارێك لاپەڕەیەك بوو کە مافەکانی دانیشتوانی شاری بەبێ وەرگرتنی مۆڵەت لە ئەرباب یان پاشا پیشان دەدا. لە شارە ئازادەکاندا، خەڵکی یاسا تایبەتییەکانی خۆیان دانا و پلەوپایەکانیان هەڵبژارد بۆ بەڕێوەبردنی کاروبارەکانی شار.

## بازرگانەکانی ڕۆژهەڵات

خاچدارەکان لە بازاڕەکانی ناوچەکانی ڕۆژهەڵاتدا ڕووبەڕووی شتی سەرسووڕهێنەربوونەوە کە لە ئەورووپای ئەو سەردەمەدا کەشف نەکرابوو. پارچە جوانەکانیان دەستکەوت کە لە لۆکە و ئاوریشم و خوری حوشتر چنرابوو. لە بازاڕەکانی ئەوێدا، سەیری عاجە هەڵکەندراوەکانیان کرد کە لە هیندستانەوە هاتبوو. بازرگانەکان لە ڕۆژهەڵاتەوە میوە دەگمەنەکان و گەوهەرەجوانەکانیان بۆ فرۆشتن دەهێنا بۆ ڕۆژئاوا. کاروانەکانی ئەوان لە عەرەبستان عەتر و بۆن و لە ئێران بەڕەیان دەهێنا. خاچدارەکان بەشێکی زۆر لەم کاڵانەیان لەگەڵ خۆیاندا هێنا بۆ ئەورووپا.

ئەربابەکان و ئافرەتانی ئەورووپا زۆر حەزیان لە بینینی کاڵاجوانەکانی ڕۆژهەڵات بوو، پارچە جوانەکانیان بۆجلوبەرگ و گەوهەرە جوانەکان و عەترە بۆن خۆشەکان بۆ ئارایشت و میوە دەگمەنەکانیان بۆ مێزی نان خواردنەکانی خۆیان دەویست. دیوارە بەردینەکان قەڵاڕەش و دێزەکان، پێویستیان بە پەردەی دڵگیر و پڕ نەخش و نیگار هەبوو. ڕووی بەردی ژوورەکان پێویستی بە فەرش و بەڕەبوو، وە ئەورووپاییەکان زیاتر لە هەموو شتێك تامەزرۆی دەرمانەکانی ڕۆژهەڵات بوون وەك گوڵی مێخەك و دارچینی و گوێز و بیبەر. لەو سەردەمەدا سەهۆڵ نەبوو لەبەرئەوە ئەو دەرمانانە بۆ پاراستنی گۆشتی تازە بەکاردەهات، خەڵکی سەدەکانی ناوەڕاست زۆر تامەزرۆی ئەوانە بوون، خواردنی ئەو ڕۆژگارە کەموکوڕی زۆری هەبوو. زۆربەی سەوزەکانی سەردەمی ئێمە بۆ ئەوان نەناسراوبوون. سەوزە و زەڵاتە لە بەرنامەی خواردنەکانیاندا نەبوو. وە میوەش کەم بوو، لەبەرئەوە نابێت لە تامەزرۆ و بۆنی خەڵکی بۆ خواردنە دەرمانییەکان سەرسووڕماو بین.

تاڕادەیەك هەموو خواردنەکانیان دەرمانداربوون کە تێگەیشتن لەوەی کە لە چی دروستکراوە، ئاسان نەبوو. لە یەکێك لە کتێبەکانی چێشت لێنانی ئەو سەردەمەدا دەستووری لێنانی چێشت بەم شێوە باسکراوە:

دووسەد و پەنجا گرام هەنجیر لەگەڵ هەمان بڕکشمیش لە شەرابدا بکوڵێنن و پاشان ئەوە باش بکوتن، پاشان کشمیشی بێ ناوك و تۆوی سنەوبەر و گوڵی مێخەك و گوڵی گوێز و شەکر



و شەکری قوبرسی بڕژنە ناو ئەوە و لە قاپێکدا دابنێن، پاشان کەمێك گۆشتی قیمە لەگەڵ پەتاتەی جنراو و بیبەر و دارچینی و کەمێك زەعفەران بڕژنە ناو ئەوەوە. ئەگەر بە پێی پێویست ڕەق نەبوو، کەمێك ئاردی پێدا بکەن و بە سافی بەجێی بهێڵن. لە کۆتاییدا خوێی پێدا بکەن و بە هەمان شێوە مەیلەو ڕەق دەبێت.

بەشێکی زۆر لە دەستوورەکانی خواردنی خەڵکی سەدەکانی ناوەڕاست پەیوەست بوونی ئەوان دەردەخات بە رووەکە دەرمانییەکانەوە. بازرگانە چاونەترسەکانی شارەکان بەرەو ڕۆژهەڵات بەڕێ دەکەوتن تاوەکو کاڵا دەگمەنەکانی کە خەڵك دەیویست، لەگەڵ خۆیاندا بیهێنن. شارەکانی ئیتاڵیا بە تایبەت ونیزە و جنوا، سەنتەری بازرگانی بوون لەگەڵ ڕۆژهەڵاتدا. سەروەت و شتومەکەکانی ڕۆژهەڵات لە سێ ڕێگەوە دەگەیشتە ئەورووپا کاڵاکان یان لە ڕێگەی وشکانی یان لە ڕێگەی ئاوییەوە یان بە ڕێگاکانی زەویدا بە ڕێگەی بیابانە گەورەکانی ئاسیادا هەڵدەگیرا. بازرگانەکان بە هۆی بوونی چەتەکان لەسەرجادەکان بە قافڵە سەفەریان دەکرد تاوەکو ئاسایشیکی زیاتریان هەبێت. کاڵاکان بە درێژایی سەفەرەکە دەست بە دەستیان بە بارەکان دەکرد. قافڵەیەك سەدان کیلۆمەتر ئەوانەی هەڵدەگرت و پاشان ئەوانەی بە بازرگانێکی تر دەفرۆشت لە کۆتاییدا لە قوستەنتەنییە، کاڵاکان بازرگانە ونیزییەکان دەیان کڕی.

زۆرجار یەك یان دووساڵ درێژەی دەکێشا تاوەکو کاڵاکان بە شوێنی مەبەست دەگەیشتن خەرجی ڕێگە زۆرگران بوو چونکە هەر بازرگانێك سوودی لەسەر ئەو کاڵایانە وەردەگرت کە دەیکڕی و لەبەر ئەوە کاڵاکان لە ئەورووپادا زۆر بەگران دەفرۆشران و تەنیا دەوڵەمەندەکان توانای کڕینی ئەم شتومەکانەی ناوچەکانی ڕۆژهەڵاتیان هەبوو.

بازرگانە ونیزییەکان ساڵەهای ساڵ ئەم کاڵایانەیان لە ڕۆژهەڵاتەوە بۆ ئەربابەکان و خاتوونەکانی ئەورووپا دەهێنا و لەبەر هەمان هۆ شاری ونیز دەوڵەمەند و بەهێز بوو. لەناو کەنداوەکانی ونیزدا، کۆشکە بەشکۆ و گەورە مەڕمەڕییەکانی بازرگانەکان سەریان دەرهێنا بوو، وە ((ریالتو)) بە سەنتەری مامەڵەی بازرگانی شار و خودی ونیزش بۆ سەنتەری بازرگانی جیهان گۆڕا.

## پاشاکان و هاووڵاتییان لە بەرامبەر پیاوماقوڵەکاندا یەك دەگرن

دەسەڵاتی پاشاکان بە ئازادبوونی هاووڵاتییان زیادی کرد. پیاوماقوڵەکان و پاشاکان لە چاخەکانی ناوەڕاستدا بەردەوام لە بەربەرەکانیدا بوون لەگەڵ یەکتردا، سەردەمێك بوو کە پاشاکان بێهێز و پیاوماقووڵەکان بەهێزبوون، هەندێك لەم پیاوماقولانە، بە تەواوی دەستیان گرتبوو بە سەر زەوی و زارەکانی قەلاّدا، وە جەنگاوەریان لە پاشا زیاتر بوو. زۆرجار پیاوماقوڵێك کە لە هەموویان بەهێزتربوو فەرمانی بە ڤاسالەکانی خۆی دەدا تا لە دژی پاشا شۆڕش هەڵبگیرسێنن، پاشاکان لە ململانێدابوون لە دژی پیاوماقووڵەکان، (باروت) کە لە دەوروبەری ساڵی ١٣٤٠ی زاییندا پەیدابوو، سوودێکی زۆریان لێ وەرگرت، تاوەکو سەردەمێك کە چەکە کۆنەکانی وەك نەیزە و تیروکەوان و قەڵا کوت و تاوەری خولاوە چەکی هێرش کردنە سەر قەلاّبوو، پیاوماقوڵەکان بە باشی بەرگرییان لە خۆیان دەکرد. بەڵام بە پەیدابوونی تۆپ و چەکە ئاگرینەکان، دیوارە ئەستوورەکان و خەندەقە قووڵەکان و شتە پتەوەکانی تری قەڵا سوودی نەبوو. پاشاکان بە لەشکرە ئامادەکراوەکانیان، بە چەکە ئاگرینەکان و کەرەستە جەنگییە تازەکان، بەشێکی زۆر لە پیاوماقوڵەکانیان لەناوبرد و زەوییەکانیان بۆ خۆیان داگیرکرد.

هاووڵاتییان کە بەکاروباری بازرگانییەوە خەریك بوون. تێگەیشتن کە بوونی حکومەتێکی ناوەندی بەهێز بۆ کۆنترۆڵ کردنی پیاوماقوڵە دەستەوەستاوەکان بە یاسا زۆر بە کەڵکە. لەبەر ئەوە بە خۆشحاڵییەوە هاوکاری پاشاکانیان کرد تاوەکو دەسەڵاتێکی زیاتریان هەبێت.

پاشاکانیش تێگەیشتن کە پارێزگاریکردن لە شارەکان بە سوودی خۆیان دەبێت. شار باجی بە ئەوانە دەدا و بە دەوڵەمەندبوونی شارەکان توانای خەرجی خەزێنەکانی دەوڵەت زیاتر دەبوو. پاشاکان جادەی فراوانیان دروست دەکرد و لەکاتی سەفەرکردن بۆ ناوچە جیاوازەکان ئەمنیەت و ئاسایش هەبوو، ئەوانە زۆرجار ئیمتیازاتی تایبەتیان بە بازرگانەکان دەبەخشی. یاسایەکی کۆنی ئینگلیز دەڵێت:

هەموو بازرگانەکان دەتوانن بە سەلامەتی و دڵنیاییەوە لە ئینگلتەرا بچنە دەرەوە یان بێنە ناوەوە کاتێك کە بە ئینگلتەرا تێدەپەڕن، دەتوانن لە وشکانی و دەریادا دوابکەون بە مەبەستی کڕین و فرۆشتن لە باجە شەڕەنگیزییەکان دەبەخشرێن و تەنیا دەتوانن حەقی گومرگی دادپەروەرانە و ئاساییی کە دەیانگرێتەوە بدەن.



لە بەشێك لەو ئیمتیازانەی کە لە نامەیەکدا پاشای ئینگلتەرا بە شارییەکانی بەخشیوە بەم شێوە هاتووە:

دەزانن کە مۆڵەتمان داوە و بەم ئیمتیازنامەیە دڵنیاتان دەکەینەوە کە شاری هلستۆن شاری ئازادییە و ئیفلاس و مایەپوچەکان لە دانی باج لە سەرتاسەری پانتایی دەسەڵاتی ئێمەدا بەخشراون، جا ئەم باجانە بە هۆی تێپەربوون بەسەر پردەکاندا بێت و چ سوود وەرگرتن لە جادە و یان دووکان لە بازاڕدا و یان حەماڵی کەشتی و یان سوود وەرگرتن لە خاکی پەیوەست بە ئێمەوە بێت. بەم شێوەیە ڕێگە بە خەڵکی دەدەین کە مەسەلەکانی پەیوەست بە شارەکەیان تەنیا لە چوارچێوەی دیوارەکانی شاردا چارەسەر بکرێت.

بەم ڕێگایە، پاشاکان بە یارمەتی هاووڵاتییان کۆتاییان بە دەسەڵاتی ئەربابەکان هێنا، ئەورووپا لە ڕژێمی مولکایەتی تایەفی ((ملوك التوایفی)) ڕزگاری بوو. میللەتە جۆراوجۆرەکان پێکهاتن. خەڵکی هەموو میللەتێك بە وەفاداری پارێزگارییان لە پاشا و ولاّتی خۆیان دەکرد.

# بەشی هەشتەم

# بنەماکانی ئازادی

# گوناهبار یان بێ گوناه

لە سەرەتای ساڵەکانی سەدەکانی ناوەڕاستدا کە ئەورووپا لە ژێر هێرش و دەسەڵاتی خێڵە جێرمەنییەکاندا بوو، هەموو ئەو دادگایانەی کە ڕۆمەکان لە ناوچە جیاوازەکاندا دایانمەزراندبوو، هەڵیانوەشاندەوە.

خێڵە جێرمەنییەکان بۆ دادگاییکردنی تۆمەتبارەکان، سوودیان لە شێوازی سەرسووڕهێنەر وەردەگرت. پاشان ئانگڵ و ساکسۆنەکان ئەم شێوازانەیان لە ئینگلتەرادا کرد بە ڕەسمی.

یەکێك لە شێوازەکانی دیاری کردنی گوناهبارێك یان بێ گوناهێك، تاقیکردنەوە بوو بە ئاگر. کشیشێك پارچە ئاسنێکی بە مقاش لەسەر ئاگرێك رادەگرت تا بە تەواوی سووربێتەوە، پاشان ئاسنە سوورە بووەکەیان لەسەر دەستی تۆمەتبار دادەنا و دەبوایە سێ هەنگاو ئەوەی هەڵبگرتایە، سێ ڕۆژ دەستیان دەبەست، لە دوای ئەوە کشیش سەیری دەستی تۆمەتبارەکەی دەکرد. ئەگەر شوێنە سووتاوەکە هەو (ئیلتیهاب)ی بکردایە، ئەوا تۆمەتبارەکە بێ گوناه بوو. بەڵام ئەگەر تلۆقێك بە ((گەورەی گوێزێك)) لە سەردەستی دروست ببوایە، بە گوناهباریان دەزانی. شێوازێکی تری دادگاییکردن، تاقیکردنەوەبوو بە ئاو. لەم شێوازەدا. تۆمەتبار دەستی دەخستە ناو قاپێك ئاوی کوڵاوەوە تاوەکو پیشانی بدات کە گوناهبارە یان بێ گوناهە.

شێوازی باوی دیاری کردنی پیاوماقوڵێکی گوناهبار تاقیکردنەوەی ئەو بە ململانێ بوو. تۆمەتبار و سکالاکەر دەچوونە لای قازی، سکالاکەر لە دوای راگەیاندنی سکالاکەی خۆی، دەستکێشەکەی هەڵ دەدا.

تۆمەتبار ئەوەی دەکردە دەستی خۆی و بەم ڕێگەیە پیشانی دەدا کە بانگهێشتی بۆ نەبەردەکە پەسەند کردووە. پاشان هەردووکیان ئامادە دەبوون بۆ شەڕێك کە پیشانی دەدا کە مافی کامیانە. سەرەتا هەردووکیان لای کشیش لەسەر ئەژنۆ دادەنیشتن و هەر یەکەیان بەسەرە سوێندیان بە خاچ و ئینجیل دەخوارد، کە مافی خۆیەتی، ئەو کاتە لێپرسراوی شەڕەکە هاواری دەکرد: ((دەست پێ بکەن!)) و نەبەردەکە دەستی پێ دەکرد.

لەو باوەڕەدابوون کە خوا مرۆڤە بێ گوناهەکە سەردەخات پیاوماقوڵەکە دۆڕاوەکە بە خەم و خەفەتەوە لەسەر زەوییەکە رایان دەکێشا و زرێپۆشەکەیان لەبەردا دادەکەند. لەگەڵ ئەوەشدا



دواتر بۆ وەرگرتنی بڕیارە یاساییەکان لە بارەی مەسەلەکەوە لە تەنیشتەوە دایان دەنا، بەڵام خەڵکی بۆ بەرگریکردن لەشەرەفی خۆیان. لەگەڵ یەکتردا (دویل)یان دەکرد.

ئەم شێوازانە بە هیچ شێوەیەك ڕاست و دروست نەبوون بۆ دیاریکردنی گوناهی تاکەکان چونکە بە هیچ شێوەیەك هەوڵیان نەدەدا تا لە تاوانەکەی تێ بگەن و کەشفی بکەن. بەشێکی زۆری خەڵکی ئەم کارەیان بە کەمتەرخەمی دەزانی بەرامبەر بەتاکەکان، لەبەر هەمان هۆ لە سزاکان هەڵدەهاتن.

## سەرەتای دادگاییکردنەکان بە ئامادەبوونی ئەنجوومەنی دادوەران

هێنری دووەم کە لە ساڵی ١١٥٤ی زاییندا هاتە سەر تەختی پاشایەتی، شیوازێکی باشتری کرد بە ڕەسمی بۆ دادگایی کردنی تاکەکان، کەسانێکی وەك قازی هەڵدەبژارد و ئەوانەی بۆ هەموو ناوچەکانی وڵات دەنارد. قازییەکان ساڵی جارێك لە ناوچەیەکدا دادەنران بۆ چەسپاندنی دادپەروەری و چاوپێکەوتنیان لەگەڵ خەڵکیدا دەکرد.

کاتێك کە قازی پاشا دەچوو بۆ ناوچەیەکە کە بۆی دیاریکرابوو، تۆمەتبارەکانیان دەهێنا بۆ لای، قازی (دوانزە پیاوی ڕووخۆش و ڕاستگۆی) هەڵدەبژارد، کە ئەمانە ئەو کەسانە بوون کە زانیارییان هەبوو لە بارەی چۆنێتی هەستکردن بە تاوانی تاوانباران، ئەوانە ناچاربوون سوێندبخۆن کە (ئەوەی کە هەقیقەتە بیڵێن و هیچ شتێك جگە لە حەقیقەت نەڵێن). لەبەر ئەوە وردە وردە ئەوانەیان ناونا ((جوری)) کە بە مانای ((ئەنجوومەنی دادوەرانە کە لە وشەیەکی لاتینی بە مانایی ((من سوێند دەخۆم)) وەرگیراوە.

کەسانێك کە لە ئەنجوومەنی دادوەراندا کۆدەبوونەوە، لە هەمان چینی تۆمەتبار بوون، لەبەر ئەوە بە واتای (ئەنجوومەنی دادوەرانی هاوپیشە) ناسران، کە مانای وابوو کە پلەوپایەی کۆمەڵایەتی ئەندامانی ئەنجوومەنی دادوەران لەگەڵ پلەوپایەی کۆمەڵایەتی تۆمەتبار یەکسان بوو. بەم شێوەیە هێنری دووەم ئەم شێوازەی کرد بە ڕەسمی، دادگایی کردنەکان بە ئامادەبوونی ئەنجوومەنی دادوەران دەستی بەکارکرد.

دادگاییکردنی ئەو کەسانەی کە بەردەوام شەڕ و ئاژاوەیان دەنایەوە بە شێوەی چەند دانیشتنێکی ورد بەڕێوەدەچوو، و سزای یەکسانیان بۆ تاوانە هاشێوەکان لەبەرچاو دەگرت.

کۆمەڵێك لە یاساكان واتە ((یاسا گشتییەكان)) بلاوبۆوە، هۆی ئەم جۆرە ناونانە ئەوەبوو كە ئەم كۆمەڵە یاسانە پەیوەست بوو بە خەڵكی گشتی ئینگلتەراوە و دەوڵەمەندەكان و بەهێزەكان وەك هەژاران و بێهێزەكان پابەندی ئەم یاسایانە بوون. مافی دادگایی كردن بە ئامادەبوونی ئەنجوومەنی دادپەروەران یەكێك بوو لە پڕ بایەخترین مافەكانی خەڵكی ئینگلتەرا چونكە ئیمكانی دادگایی كردنی دادپەروەرانە بە هەموو كەسێك، تەنانەت نزمترین تاكەكانی كۆمەڵگا دەدرا.

## پاشا دەبێت یاسا جێبەجێ بكات

هێنری دووەم، بەرامبەر بە یاسا حوكمی دەكرد بەڵام كوڕەكەی جۆن یەكێك لە نەفرەت لێكراوترین پاشاكانی ئینگلتەرا و ئەو چاوچنۆكانە خوازیاری دەوڵەمەندبوون بوو. بە زۆر داوای باجی لە خەڵك دەكرد. خەڵكی جورئەتی نەدانی باجیان نەبوو چونكە بە توندی سزا دەدران.

ئەو كەسانەی كە بەم هۆیەوە سەرپێچییان لە پاشا بكردایە دەخرانە زیندانەوە و كاڵاكانیان دەستی بەسەردا دەگیرا، تەنانەت پیاوماقوڵە پلەبەرزەكانیش لە دانی سزا و باجە قورسەكان نەبەخشرابوون. لەبەرهەمێكی مێژووی ئەو رۆژگارەدا هاتووە: ((لەم سەردەمەدابووە كە لە رژێمی پاشایەتی ئینگلتەرادا، پاشا بێ رێزییەكی زۆری بەرامبەر بە ژنان و كچانی زۆربەی پیاوماقوڵەكانی خۆی دەكرد و باج وەرگری نادادوەری لە خاكی رەشدا نیشتەجێكرد و سەروەرت و سامانی دوورخراوەكانی بۆ خۆی برد )).

دواجار لە ساڵی ١٢١٤ی زاییندا بارۆنەكانی تامەزرۆی یاسا، بڕیاریان دا كە یاسای حكومەتە ستەمكارەكەی جۆن جێ بەجێ نەكەن، ئەوان هەموویان بە یەكەوە رێككەوتن و چوون بۆ بەردەم كەنیسە و هەموو پیاوماقوڵە پلەبەرزەكان لەبەردەم میحرابە گەورەكەدا سوێندیان خوارد، ئەگەر پاشا لە بەخشینی ئازادی و یاسا بۆ ئەوان خۆی بدزێتەوە، لە یەكێتییەكەی ئەو دەست لە كار دەكێشنەوە و تاوەكو ئەو كاتەی كە پاشا بە فەرمانی پاشایەتی رازاوە بە مۆری خۆی پشتگیری لە خواستەكانی ئەوان نەكات لەگەڵیدا دەجەنگن ئەوان چوون بۆ لەندەن و داوایان لە شاجۆن كرد فەرمانی پاشایەتی بۆ ئازادی ئەوان دەربكات.

شاجۆن كە ترس كەوتبووە دڵییەوە، ئەم قسەیەی كرد: ((نووسراوەكەی ئێوە بابەتی گرنگ و ئاڵۆزی تێدایە. دەبێت تا جەژنی پاك كاتم بدەنێ بۆ ئەوەی لە فرسەتێكدا داواكارییەكانتان، بە شێوەیەكی دادوەرانە هەڵسەنگێنم و خەڵكی بە پلەوپایەكانی پاشایەتی رازی بكەم)) بەم شێوەیە داواكاری بارۆنەكانی دواخست.



بارۆنەكان تا بەهاری ساڵی داهاتوو بە چاوەڕوانی مانەوە بەشێكی زۆر لە پیاوماقوڵەكان پەیوەندییان بە ئەوانەوە كرد بە شێوەیەك كە گرووپێكی زۆر گەورەیان دروستكردبوو. پاشا بە بیستنی ئەم هەواڵە نامەیەكی نارد تا لە یاساكان و ئازادییەكانی كە بارۆنەكان داوایان كردووە، ئاگاداربێت، بارۆنەكان فەرمانەكەی كە ئامادەیان كردبوو، دایان بە پۆستەچی پاشا و روونیان كردبۆوە كە ((ئەمانە داواكارییەكانی ئێمەن و ئەگەر خواستەكانی ئێمە جێ بەجێ نەكرێت، دادوەری بە چەكەكانی خۆمان بە دەست دەهێنین)).

داواكاری پیاوماقوڵەكانیان یەك بەیەك بۆ پاشا خوێندەوە، پاشا بە زەردەخەنەیەكی گاڵتە ئامێزەوە گوێی لەوانە دەگرت و لە ناكاو بە توڕەیی و بێزارییەوە قیژاندی و وتی: ((بۆچی بارۆنەكان داوای تاج و تەختی پاشایەتی منیشیان نەكردووە؟ داواكارییەكانی ئەوان بێ هودە و پڕوپووچە و هیچ مەنتقی نییە)).

راوێژكارانی شاجۆن هەوڵیاندا تاوەكو هانی بدەن تەسلیم بن، بەڵام پاشا فەرمانی بە پۆستەچیدا تاوەكو بگەڕێنەوە بۆ لای پیاوماقوڵەكان و قسەكانی ئەو وشە بە وشە بۆ بارۆنەكان بگێڕنەوە، بارۆنەكان بە بیستنی هەڵوێستی پاشا، چەكەكانی خۆیان بۆ پاشا بەرزكردەوە و لە مانگی ئایاردا رژانە شاری لەندەنەوە. خەڵكی لەندەن بەشادییەوە پێشوازییان لە ئەوانە كرد و شاجۆن هەستیكرد كە دەبێت تەسلیم بێت، لە ئەنجامدا پۆستەچییەكی نارد بۆ لای بارۆنەكان تاوەكو ئەوانە دڵنیا بكاتەوە كە لە پێناو بەرژەوەندی میللەتدا، ئازادانە ئامادەیە تاوەكو هەموو ئەوماف و ئازادییانەی كە داوایان كردووە پێیان ببەخشێت بەم شێوەیە داوای لەئەوان كرد تا رۆژ و شوێنی چاوپێكەوتنەكەیان دیاری بكەن.

بارۆنەكان نامەیەكیان پێدا ((بڕیاری چاوپێكەوتن لە رۆژی ١٥ی حوزەیران دابوو، لە چیمەنی رانیمد)).((رانیمد)) لە زمانی ئینگلیزیدا بەمانای ((چیمەنی ئەنجوومەن)) دێت، چیمەنێكی سەوز و فراوانە كە دەكەوێتە كەناری رووباری ((تیمز)) لە نزیك لەندەن. لە چاخە كۆنەكاندا خێڵەكانی ئانگلۆساكسۆن دانیشتنەكانی خۆیان لەوێدا دەبەست، پیاوماقوڵەكان بۆبینینی شاجۆن بۆ ئەم چیمەنە چوون. ((كۆمەڵێكی زۆر لە شەوالیەكان جل وبەرگی جەنگیان لەبەردابوو بە زرێپۆشەكانیانەوە لە ژێر تیشكی خۆردا دەبریسكانەوە و بەئاڵا شەكاوەكانەوە، لە لەندەنەوە تا شوێنی چاوپێكەوتنەكە بە پێ هاتن و ئۆردووگای خۆیان لە رانیمد دا بەرپاكرد)). چادری پاشایەتیش لەهەمان نزیك بەرپابوو شاجۆن كە دەیبینی لەلایەن هێز و دەسەڵاتەوە بە گوێرەی بارۆنەكان لە بارودۆخێكی خراپ دایە بەبێ دروست كردنی هیچ كێشەیەك بە یاسا و ئەو

ئازادییانەی کە بارۆنەکان داوایان کردبوو، ڕەزامەندی پیشاندا و پشتگیری لە نووسراوەکەیان کرد. لەئەنجامدا لە ١٥ی حوزەیرانی ١٢١٥ی زایینیدا شاجۆن لەناو چیمەنی ئەنجوومەنی ئازادییەکانی کۆن دا مۆری خۆی لە فەرمانی گەورە یان منشوری گەورەدا.

بارۆنەکان بەو باوەڕەی کە ((پەروەردگار بەزەیی کردۆتە دڵی پاشاوە )). بەرەو خانوو کۆشکەکانی خۆیان بە ڕێکەوتن ((ماتیو پاریس )) نووسەری ئەو ڕۆژگارە، بەم شێوەیە نووسیویەتی: ((هەموان ئومێدەواربوون کە ئینگلتەرا بەبەزەیی پەروەردگار ئازادی خۆی لە دیلێتی و ژێردەستییەوە بە دەست هێناوە، چێژ لەئارامی و ئازادی خۆی وەردەگرێت)).

((بەڵام بارودۆخەکە بەشێوەیەکی تر درێژەی کێشا و کارەساتی تر ڕوویدا. وشەی هەراسانکەر و بێتامەکان لەگوێی پاشادا بەم شێوەیە دەزرنگانەوە ((بەداخەوە ئەی پیاوی داماو کەوتیتە چ بارودۆخێکی بەندایەتییەوە، ڕۆژگارێك پاشا بوویت ئێستا بووی بەڵیکی دەمی خەڵکی، ڕۆژگارێك گەورە بووی، بەڵام ئێستا زەلیل بووی )) پاشا پەنای بردە بەر پاپا و پێی وت بارۆنەکان، فەرمانەکەیان بەزۆر وەرگرتووە. پاپا وای پیشان دا کە جۆن دەتوانێت بەوەفا نەبێت بەرامبەر بەپەیمانەکەی چونکە بارۆنەکان سەرکێشییان کردووە، وە لەگەڵ ئەوەی کە ((هەموو ئازاردەرانی پاشا و پاشایەتی ئینگلتەرای بە کافر زانی )). پاپا درێژەی بەقسەکانیدا ((تا ئەو کاتەی بارۆنەکان، پاشا ئاشت نەکەنەوە کە بەڵایان بەسەردا هێناوە و بۆ سەر کارەکەی خۆی نەگەڕێتەوە، ئەم کفرە درێژەی دەبێت )).

پاشا شاجۆن لەگەڵ هەموو سەربازە بە کرێگیراوەکاندا کە لەسەرتاسەری قارەی ئەورووپاوە کۆی کردبوونەوە، هێرشیان کردە سەر پیاوماقوڵەکان. ئاگریان لە هەموو شوێنەکان بەردا و تالانیان کرد و وڵاتەکەیان وێران کرد. ئەو لە هەموو ناوچەکاندا سەرکەوت تا ئەوکاتەی کە بە هۆی نەخۆشییەوە مرد و پاشایەتی بۆ کوڕە نۆ ساڵەکەی، واتە هێنری سێیەم بەجێ ما. شاجۆن بە هۆی ئەو هەموو هەوڵ وکۆششەی دابووی، نەیتوانی فەرمانەکە لەناوببات و یان بەسەر پیاوماقوڵەکاندا سەربکەوێت.

## فەرمانی گەورە (ماگناتا)، ئازادی ئینگلیزەکان

لە داستانی گەورەی خەڵکی ئینگلتەرادا، فەرمانی گەورە ڕۆڵێکی زۆری هەبوو، چونکە لەم دەستنووسەدا کاروبارەکانی پاشا لە ئەنجامی ئەوەوە سنووردارکرا، پاشا نەیدەتوانی بە ئارەزووی خۆی حوکم بکات، ئەو دەبوایە پەیڕەوی ((یاسای پاشایەتی)) بکردایە. فەرمانەکە



مافە تایبەتییەکانی لەخۆ گرتبوو، کە بۆ دابینکردنی ئازادی و دادپەروەری بۆ خەڵك زۆر بنچینەیی بوو. لە یەکێك لە بەندەکانی فەرمانەکەدا هاتووە کە هیچ کەسێکی ئازاد نابێت بە خواستی پاشایەکی سەرەڕۆ کە خوازیاری لەناوبردنی ئەوە، دووربخرێتەوە یان زیندانی بکرێت و یان حوکمی مردنی بەسەردا بدرێت. یەکەمجار دەبێت بسەلمێنرێت کە ئەو یاساکەی خستۆتە ژێر پێیەوە. لەبەندێکی تری فەرمانەکەدا هاتووە کە: ((هیچ کەس ئازادییەکەی نابێت لێ زەوت بکرێت یان زیندانی بکرێت. بە هەمان شێوە نابێت ئەو بەسەرەڕۆ بژمێردرێت و دووربخرێتەوە و یان بە هەر شێوەیەك لەناوببرێت. ئێمە جگە لە حوکمی یاسایی پاشایەتی لێکۆڵینەوەی لەگەڵدا ناکەین و هێرشیش ناکەینە سەری)). لە بەندێکی تردا بەم شێوەیە هاتووە: ((ئێمە خوازیاری ماف و دادپەروەرین بۆ هەموان و بەهانە و بیانوو لەئەوەدا بە ڕەوا نازانین)) کە ئەمە مانای ئەوەبوو کە تۆمەتباران ئەم مافەیان هەیە کە بەپەلە دادگایی بکرێن. هیچ کەس ناتوانن بخەنە زیندانەوە یان تا کاتێکی نادیار زیندانی بکرێن.

ئیتر پاشا نەیدەتوانی داوای پارە لە خەڵك بکات. ئەگەر پارەشی پێویست بوایە، دەبێت لە شورای گەورەوە کە لە پیاوماقوڵە پلە بەرزەکان پێك دەهات، بڕیار دەرچوایە کە پارە بە پاشا بدرێت چونکە لە فەرمانەکەدا هاتووە کە: ((هیچ باجێك جگە لە ڕێگەی شورای گەورەی پاشایەتییەوە دانەنراوە)).

بارۆنەکان بیست و پێنج پیاوماقوڵی پلە بەرزیان بۆ پاشایەتی ئینگلتەرا هەڵبژارد تاوەکو چاودێری کارەکان و ڕەفتارەکانی شا جۆن بکەن، مانای فەرمانەکە ڕوون بکەنەوە. شاجۆن بە بیستنی ئەم هەواڵە، ئەمەی وت:

((ئەوانە بیست و پێنج کەسیان لەسەروومنەوە دیاری کردووە))!

تیراژێکی زۆر لە فەرمانە ئەسڵییەکە ئامادەکرا و ناردیان بۆ کەنیسەکان تاوەکو بۆ خەڵکی بخوێنرێتەوە. سەرتاسەری وڵات لە شادیدا نوقم بوو.

بارۆنەکان شاجۆنیان ناچارکرد تاوەکو بە فەرمانەکە ڕازی بێت. تەنیا بیری لە کێشەکانی خۆی دەکردەوە و نیگەرانی سوود و بەرژەوەندییەکانی خۆی بوو، لەگەڵ ئەمەشدا پەیمانەکانی شاجۆن لە فەرمانەکەدا لەسەردەمەکانی دواتردا بووە بنەمایەك کە لەسەر بنچینەی ئەوە خەڵکی ئینگلتەرا ئازادی خۆیان بنیات نا. لە دوای چەند ساڵێك کاتێك نووسەرەکانی فەرمانەکە گیانیان سپاردبوو، خەڵکی بە شانازییەوە یادی فەرمانە گەورەکەیان دەکردەوە. لە دوای شاجۆن و بارۆنە بەرهەڵستکارەکان، ژمارەیەك پاشا گەیشتن بە حکومەت و هەموویان

هەوڵیاندا تا حکومەتێکی سەرکەشیان هەبێت. خەڵکی ئینگیز بەردەوام لە دژی ئەوانە کودەتایان دەکرد و هاواریان دەکرد کە نیاکانیان لەگەڵ فەرمانی گەورەدا (ئاسایشی خەڵك و گیانی تاکەکانیان لە هەوای وڵاتی ئینگلتەرادا تەنگە نەفەس دەکەن، غرامەیان کردوون)).

## دامەزراندنی پەڕلەمان

هێنری سێیەم لە دوای شاجۆن هاتە سەر تەختی پاشایەتی، خەڵکی ئینگلتەرا لە کاتی پاشایەتی ئەودا، بە شێوەیەکی نوێ حکوومەتیان بەرێوەدەبرد. ئازادی و دادپەروەری کە شاجۆن لە فەرمانی گەورەدا پەیمانی دابوو، دەبێت لەم حکوومەتەدا جێبەجێ بکرێت. ئەگەرچی هێنری وەك باوکی ستەمکار نەبوو. بەڵام مرۆڤێکی لاواز و چاوچنۆك بوو. لە فەرمانی گەورەدا ئاماژەی پێکرابوو کە لە پێش کۆکردنەوەی هەر جۆرە باجێکدا، دەبێت رەزامەندی شورای گەورە بە دەست بهێنرێت. لەگەڵ ئەوەی کە هێنری رێککەوتنی خۆی لەگەڵ فەرمانی گەورەدا راگەیاندبوو، بەڵام بەردەوام بەبێ وەرگرتنی رەزامەندی شورای گەورە، باجە قورسەکانی دادەنا. بارۆنەکان لەگەڵ ئەو ئیمتیازاتانەی کە لە (رانیمد) بە دەستیان هێنابوو، هێشتا لەدژی کارە نایاسابییەکانی پاشا سەرەرۆکە خەباتیان دەکرد .

رۆژێك لە کۆبوونەوەیەکی شورای گەورەدا، هەموو بارۆنەکان بە زریێ پۆشی تەواوە ئامادەبوون. پاشا زۆر ترسابوو، بە ترسنۆکییەوە پرسی: ((ئێستا من زیندانی ئێوەم؟)) یەکێك لە بارۆنەکان وەڵامیدایەوە: ((نەخێر ئاغا، بەڵام چاوچنۆکی و تەماعی ئێوە، وڵاتەکەیان بەو شێوەیە بە بەدبەختی گەیاندووە ئێستا ئێمە داوای چاکسازی دەکەین))، ئەوکاتە بارۆنەکان یاسا نوێکانیان پێشکەش بە پاشا کرد هەتا رەزامەندی لەسەر پیشان بدات. بەڵام هێنری ئەم یاسا نوێیانەشی لە یاساکانی پێشووتر، باشتر جێ بەجێ نەکرد.

جارێکی تر هێنری داوای پارەی لە بارۆنەکان کردەوە. بەڵام ئەمجارە رووبەڕووی گاڵتەی ئەوان بۆوە. هێنری پێشنیاری کرد ئەگەر جارێکی تر بەڵێنەکەی خۆی بخاتە ژێرپێیەوە، دەبێتە کافر. شورای گەورە بانگ کرا و هەموو بارۆنە پلەدارەکان و ئەندامانی پلەبەرزی کەنیسە لەوێدا ئامادەبوون.

کەسە پلەدارەکانی کەنیسە بە کەوای رازاوە و مۆمە داگیرساوەکان بە دەستیانەوە. بە کۆمەڵ بۆ لای کۆشکی ((ویست مینستەر)) بەڕێکەوتن، لەوێدا پاشا چاوەڕوانیان بوو، جارێکی تر فەرمانی گەورەیان بۆ پاشا خوێندەوە کە باوکی واتە شاجۆن بە مۆری خۆی مۆری کردبوو.



کاتێك خوێندنەوەی فەرمانەکە تەواوبوو، ئوسقوفەکان و ئوسقوفە گەورەکان پاشایان ترساند بەوەی کە ئەوەی کەمتەرخەمی لە فەرمانەکەدا بکات دەکرێت بە کافر. پاشان مۆمە داگیرساوەکانی خۆیان هەڵدا بۆ لایەکدا و هاواریان کرد و وتیان: ((ئەو کەسانەی کە ئازادیمان لێ زەوت دەکەن، وەك رووناکی ئەم مۆمانە لە ناو دەچن)) دووبارە مۆمەکانیان داگیرساندەوە و ئەمجارە هێنری رایگەیاند: ((چونکە پیاوێکی مەسیحی و شوالییە و تاجدارم، هەموو ئەم یاسایانەجێبەجێ دەکەم)).

بەڵام شا هێنری درێژەی بە کارەکانی پێشووی خۆیدا. یەکێك لە بارۆنەکان دەیوت: ((پاشا کەمتەرخەمی لە هەموو شتێکدا دەکات تەنانەت یاسا و بەڵێن و پەیمانی خۆشی دەخاتە ژێر پێیەوە)).

شورای گەورە بەردەوام کۆبوونەوەی دەکرد و دەربارەی کێشەی بارۆنەکان لەگەڵ پاشای سەرەرۆدا گفتوگۆیان دەکرد. لەو سەردەمەدا، بەم کۆبوونەوە یەك بەدوای یەکانەیان دەوت پەڕلەمان.

## قارەمانی ئازادی

لە کاتی ململانێی بارۆنەکان لەگەڵ هێنری دا قارەمانێك لە ناویاندا پەیدابوو کە ناوی ((سیمۆن دومۆنفۆرت)) ناسراو بە ((ئەرل سیمۆن)) بوو. سیمۆن لەفەرەنسا لە دایکبوو بوو لەتەمەنی لاوێتیدا چوو بۆ ئینگلتەرا لەگەڵ کچی پاشادا خێزانی دروستکرد ئەو ساڵانێکی دوورودرێژ دۆستی وەفاداری هێنری بوو، لەوکاتەی کە پاشا بەردەوام بەڵێن و پەیمانەکانی خۆی دەخستە ژێر پێوە، سیمۆن لایەنی بارۆنەکانی گرت، هێنری بەلایەنگری سیمۆن بۆ بارۆنەکان زۆر تورە بوو، ئەوەی بەخیانەت دەزانی و ئەم کارەی سیمۆن بووەهۆی تێکچوونی پەیوەندی نێوان هەردوو هاوڕێی کۆن. دەگێڕنەوە رۆژێك کاتێك هێنری بۆ گەشت و سەیران چوو بووە دەرەوە، لەڕێگا تووشی تۆفانێکی مەترسیدار بوو و لەناچاریدا پەنای برد بۆ قەڵای سیمۆن کە لە هەمان نزیك دابوو لەپاش ماوەیەك ئاسمان روون بۆوە، بەڵام هێشتا پاشا رۆیشتنی خۆی دواخست ئەرل سیمۆن بەرێزەوە بە پاشای وت: ((خاوەن شکۆ تۆفانەکە خۆشی کردەوە ئیتر هیچ مەترسیت لەپێشەوە نییە)) هێنری لەوەڵامدا ئەمەی پێیوت: ((هەرچەندە لەتۆفان و هەورەگرمە و هەورە بروسکە زۆر دەترسم بەڵام لەتۆ زیاتر لەهەموو تۆفانەکان و هەورە گرمە و هەورە برووسکەکانی جیهان لە ترسیدام )) سیمۆنیش بەم شێوەیە وەڵامی

دایەوە: ((ئەم قسەیە لە رادەبەدەر بێ ویژدانییە چونکە من لەبەرامبەر هاوڕێیەتی تۆ و بەرامبەر پاشای ئینگلتەرا بەوەفا بووم ئێوە نە لەمن بەڵکو دەبێت لە دوژمنەکان و دەم لووسە بەد کارەکانتان بترسن)). هەر رۆژێك کە تێ دەپەڕێ شێوەی حکوومەتی هێنری لەرابردوو خراپتر دەبوو، کار گەیشتە ئەوەی کە بارودۆخەکە گۆڕا، بارۆنەکان بڕیاریاندا تا کۆتایی بەحکوومەتی پاشا بهێنن، بارۆنە سەرکەشەکان بەڕابەرایەتی ئەرل سیمۆن دەستیان برد بۆچەك و لە کۆتاییدا لەشەڕێکی گەورەدا بەسەر رژێمی پاشایەتی هێنریدا سەرکەوتن، خۆی و ئیدواردی خستە زیندانەوە. لە دوای ئەم شەڕە ئەرل سیمۆن بوو بە رابەری راستەقینەی ئینگلتەرا، شاعیرێك لەو رۆژگارەدا، ئەمەی نووسیووە: ((ئینگلتەرای نوێ بە ئومێدی ئازادی هەناسە دەدات )) سیمۆن یەکسەر دەستیکرد بە چاکسازی حکوومەتەکەی. ئەو باش دەیزانی ئەگەر بڕیار بێت بەسەرکەوتوویی حوکم بکات دەبێت هەموو چینەکانی خەڵك پشتیوانی بن، بۆ دابینکردنی خواستەکانی خەڵك گۆڕانکاری لە پەڕلەماندا دروستکرد، لە کۆبوونەویەکدا لەساڵی ١٢٦٥ی زایینی نە تەنیا ئەربابەکان و ئەندامانی کەنیسە بۆ پەڕلەمان بانگێشت کرد بەڵکو داوای لە هەموو بەشەکان کرد تا ((دوو شوالییە لە ناو شارەزاترین و شەریفترین و زیرەکترین شوالییەکانی هەر ناحیەیەك و لەهەموو شارێکدا دوو کەس لەناو شارەزاترین و زیرەکترین هاووڵاتییاندا بۆ پەڕلەمان بنێرن )) بۆ یەکەمین جار، خەڵکی نوێنەریان لە ناو پەڕلەمان دا هەبوو.

حکوومەتی ئەرل سیمۆن تەمەنی درێژنەبوو. شازادە ئیدوارد کە زیرەکانە لە زیندان هەڵهاتبوو، پشتیوانانی شاهێنری لە دەوری خۆیدا کۆکردەوە بەشێکی زۆر لە بارۆنەکان ئیرەییان بەدەسەڵاتی ئەرل سیمۆن دەبرد و نارازی بوون لە رێکخستنە نوێیەکەی ئەو لە پەڕلەماندا وازیان لە ئەرل سیمۆن هێنا و پەیوەندییان کرد بە شازادە ئیدواردەوە.

سیمۆن دەیوت: ((ئەگەر هەموو خەڵکی لەمن دوور بکەونەوە، من و چوار کوڕەکەم لە رێگەی دادپەروەری دا پێی چەقیو دەبین چونکە سوێندم خواردووە کە بەرگری لە پیرۆزی کەنیسە و بەرژەوەندییەکانی پاشایەتی بکەم)). دوژمنەکانی سیمۆن لە دژی ئەو یەکیان گرت و جەنگێکی سەخت هەڵگیرسا. سیمۆن لەگەڵ بینینی هێزی گەورەی دوژمن، بە سوپاکەی وت: ((رۆحمان تەسلیمی خوا دەکەین چونکە لەشمان هی دوژمنە )) لە کۆتاییدا، سیمۆن بریندار بوو، گیانی تەسلیم بەگیانی پەروەردەگار کرد.



# حکوومەتی خەڵك

ئاشکرایە ئەرل سیمۆن هەندێك هەنگاوی نابوو بەڵام بەهەمان شێوە وەك هەمیشە خەرمانی چاندراو ئەوانەی ئایندە دەرەوی دەکەن. شازادە ئیدوارد بۆخۆی کە پاشان ناونرا ئیدواردی یەکەم درێژەی بە رێگای ئەرل سیمۆن دا.

ئیدوارد خەڵکی وڵاتەکەی خۆش دەویست هەوڵی دەدا دادپەروەرانە حوکم بکات دەگێڕنەوە جارێك ئەمەی وتووە: ((تائێستا کەس داوای لە من نەکردووە تاکو پەسەندم نەکردبێت )) ئەو عاشقی هەقیقەتی دادپەروەری بوو و هەوڵی دەدا تاوەکو لەگەڵ هەموان بە دادپەروەرانە رەفتار بکات، دروشمی ئەو بریتی بوو لە ((بەرگری لە هەقیقەت)). ئەگەر پەیمانی دەدا کارێك ئەنجام بدات بێگومان بەرامبەر پەیمانەکەی وەفاداربوو گرنگی بەرۆخسار و جل وبەرگی خۆی نەدەدا دەیوت: ((بە پۆشینی جل و بەرگی باشتر نابمە پاشایەکی باشتر)). لەگەڵ ئەوەی پاشابوو بەسادەیی دەژیا، ئیدوارد بەپەند وەرگرتن لە ئەزموونی ساڵەکانی کۆتایی حکوومەتی باوکی زۆر زیرەکانە حوکمڕانی دەکرد، هەرچەند لەگەڵ ئەرل سیمۆن دا جەنگابوو بەڵام کاتێك کە تێگەیشت کە چاکسازییەکانی سیمۆن لەبەرژەوەندی وڵات دایە بڕیاریدا درێژە بە رێبازەکەی بدات.

ئیدوارد گۆڕانکاری زۆری لە یاساکاندا کرد تا لەگەڵ خەڵك دا بەوپەڕی دادپەروەرییەوە زیاتر رەفتار بکات، لەسەردەمی حکوومەتی ئیدوارد کۆبوونەوەکانی پەڕلەمان بە بەرنامە دەکرا، لەساڵی ١٢٩٥ی زایینددا، پەڕلەمانێك بە بەشداربوونی نوێنەری هەموو چینەکانی خەڵك ئەندامانی کەنیسە و پیاوماقوڵەکان و خەڵکی ئاسایی پێکهێندرا و ئەم ناونیشانەی هەبوو: ((شایستەیە تا مەسەلەکانی پەیوەست بە گشتییەوە لەلایەن نوێنەرەکانیانەوە توێژینەوە و بڕیاری لەسەر بدرێت)).

بەهۆی ئەو گۆڕانکارییانەی کە سیمۆن دومونفۆرت و شا ئیدوارد لە پەڕلەمان کردیان، بۆ یەکەمین جار بنەما بنچینەییەکانی حکوومەتی بەستراو بە نوێنەرەکانی خەڵکەوە پێك هات. لەسەر بنچینەی ئەم بنەمایانە، هەموو ئەو کەسانەی کە یاسا جێبەجێ دەکەن، دەبێت نوێنەری خۆیان لە کاتی دەنگدان بەیاساکاندا هەبێت و ئەم دەستپێکەی حکوومەتی نوێنەرانی خەڵك لە ئینگلتەراوە سەری هەڵداوە .

## پەڕلەمان دەبێتە یاسادانەر

لەسەرەتادا پەڕلەمان توانای دەربڕینی هەندێ پێشنیاری هەبوو لەبارەی وڵاتەوە بەڵام مافی دانانی یاسای نەبوو، ئەم مافە تایبەت بوو بەپاشا. نوێنەرەکان خواستەکانی پاشایان لەبارەی هەڵسەنگاندنی باجەوە دەبیست و پاشان ئەم مافەیان بە پاشا دەسپارد کۆبونەوەکانی پەڕلەمان لەکاتی خۆیدا نەبوو، لەڕاستیدا کاتێك کۆبونەوەکان دەبەسترا کە پاشا بانگێشتی نوێنەرەکانی بکردایە و پاشاش کاتێك خوازیاری کۆبوونەوەی پەڕلەمان دەبوو کە پێویستی بە پارە بوایە.

لەگەڵ ئەوەشدا پەڕلەمان لەبەرامبەر دانی مافی وەرگرتنی باج، پاشا، نووسراوێکی پێشکەش بە ئەو دەکرد کە داوای گۆڕینی یاسای دەکرد. ئەگەر پاشا بە نووسراوی نوێنەرەکان رازی بوایە وەڵامی دەدایەوە ((پاشا لاری نییە)) و نووسراوەکە دەگۆڕا بۆ یاسا، بەڵام ئەگەر رێگر بوایە تەنیا وەڵامی دەدایەوە ((پاشا بەدواداچوونی بۆ دەکات)).

وردە وردە پەڕلەمان بووە خاوەنی ئەو دەسەڵاتەی هەتا پاشا بەڵێن نەدات چاکسازی بۆ سکاڵای نوێنەرەکان ئەنجام دەدات، دەنگ بۆ باجە داواکراوەکانی پاشا نادەن. پاشاش ئەگەر پارەی پێویست بوایە نەیدەتوانی نووسراوەکانی پەڕلەمان پشتگوێ بخات چونکە هیچ پارەیەك بەپاشا نەدەگەیشت. پەڕلەمان بە وەرگرتنی ئەم دەسەڵاتە توانی چاکسازی پێویست لە یاساکاندا ئەنجام بدات.

وردە وردە پەڕلەمان وازی لە نووسینی نوسراو هێنا بۆ پاشا بە مەبەستی دەنگدان بۆ یاسا نوێکان. یاساکانیان بە شێوەی لەوحەکان رێك دەخست. کاتێك پاشا پشکۆیەکی یاسای دەخستە دەنگدانەوە، ئەو پاشکۆیە لایەنی یاسایی وەردەگرت و کاتێك پاشا بە زمانی لاتینی دەیوت: ((ڤیتۆ)) کە مانای (من نارازیم) دەدات، پاشکۆکە نەدەبووە یاسایی. بەم شێوەیە پەڕلەمان دەستی بە یاسادانان کرد لە ئینگلتەرادا.

## دابەش بوونی پەڕلەمان بەسەر دوو مەجلیسدا

سەرەتا نوێنەرانی بەشەکان و شارەکان لە تەنیشت دەرگای هۆڵی پەڕلەمانەوە دەوەستان و لەناو هۆڵەکەدا کەسە خاوەن پلەوپایەکانی کەنیسە و پیاوماقوڵە پلە بەرزەکان کۆدەبوونەوە. نوێنەرانی بەشەکان و شارەکان کە پێیان دەوترا (گشتییەکان) مافی بەشداربوونیان لە



توێژینەوەکاندا نەبوو. لە بارەی زۆربەی مەسەلەکانەوە گفتوگۆ لەگەڵ ئەوانەدا نەدەکرا و تەنیا رای یارمەتیدەرەکانیان لە بارەی باجەکانەوە دەویست. خواستی پاشایان پێ دەوتن، لە دەرەوەی پەڕلەمان قسەیان بەیەکەوە دەکرد و پاشان دەگەڕانەوە بۆ پەڕلەمان و ئەنجامی گفتوگۆکەی خۆیان رادەگەیاند. تاکەکان مافی قسەکردنیان نەبوو، تەنیا قسەزانێك لەوانە لە جیاتی هەموویان قسەی دەکرد.

بۆ ماوەیەکی زۆر گشتییەکان تەنیا راپۆرتی لێکۆڵینەوەکانی خۆیان بە پیاوماقوڵەکان دەدا و رۆڵێکی زۆریان لە بەڕێوەبردنی حکومەتدا نەبوو، بەڵام لە ساڵی ١٣٤٠ی زایینیدا، کاتێك گشتییەکان بوونە خاوەنی مافی دەنگدان هەنگاوێکی گرنگ لەم زەمینەیەدا هەڵهێنرا، لە ئەنجامی ئەم کارەدا پلەوپایەکانی کەنیسە و پیاوماقوڵەکان، ئەنجومەنی (پیاوماقوڵەکان) یان (لۆردەکان)یان پێکهێنا و نوێنەرانی شارەکان و بەشەکان بەیەکەوە یەکیان گرت و ئەنجوومەنی گشتییەکانیان بنیات نا.

بە تێپەڕبوونی کات، ئەنجوومەنی گشتییەکان بایەخی زیاتری پێدرا. هاووڵاتییان و کەسانێك کە بەکاری بازرگانییەوە خەریك بوون، دەوڵەمەندتر بووبوون و ئەو باجانەی کە دەیاندا زیاتر بوو لە باجی پیاوماقوڵەکان و روحانییەکان. زیادبوونی خێرایی سەروەت و سامانی چینی ناوەڕاست پێگەی زۆر گرنگی بە ئەوانە بەخشی. لە ئەنجامدا چینی ناوەڕاست بە زیادبوونی بایەخی ئابووری لە کۆمەڵگایی ئەو رۆژەدا خوازیاری ئازادی سیاسی زیاتر بوون.

لە سەدەی پانزەیەمدا، ئەنجوومەنی گشتییەکان یاسایەکیان تێپەڕاند کە بە هۆی ئەوەوە دەبێت هەموو لەوحەکانی باج لە لایەن نوێنەرەکانی ئەم ئەنجوومەنەشەوە تێپەڕێنرێت، چینی ناوەڕاست بەم هەنگاوانە دەیویست زیاتر حکومەت کۆنترۆڵ بکات و ئەم کۆنترۆڵ کردنە تەنیا لە رێگەی کۆنترۆڵ کردنی خەزێنەکانی دەوڵەتەوە بوو.

## سیرفەکان بە دوای خواستە ئازادەکانی خۆیاندا دەگەڕێن

ئازادیخوازان بە درێژایی خەباتی خۆیان، مافی نوێنەرایەتییان لە پەڕلەمان تەنیا بۆ پیاوە ئازادەکان بە دەست هێنا، جووتیارەکان و سیرفەکان لەم مافە بێبەش بوون. لەو رۆژگارەدا، زۆربەی خەڵکی هێشتا سیرف بوون و نوێنەرێکی خۆیان لە پەڕلەماندا نەبوو.

جووتیارەکانی ئینگلیز وەك جووتیارەکانی هەموو وڵاتەکانی تری ئەورووپا، بە درێژایی چەندان سەدە بەبێ خۆ بەزل زانی ئەم بابەتەیان پەسند کردبوو، کە چینە دەوڵەمەندەکانی

کۆمەڵگا دەبێت خاوەنی ئیمتیازات و خۆشگوزەرانی و دەسەڵاتی زیاتربن. ئەوان بەشێوەیەکی تری ژیان ئاشنا نەبوون، وە باوەڕیشیان نەدەکرد کە بتوانن ژیانێکی باشتر و ئاسوودەتریان هەبێت و لەدوایەمین ساڵەکانی سەدەکانی ناوەڕاستدا، جووتیارە خۆڕاگر و سادەکانی دوێنێ، بەبیروبۆچوونی نوێ ئاشنا بووبوون. ئێستا خوازیاری ژیانێکی باشتر و ئازادی بەشێکی زیاتری بەخششەکانی ژیان بوون.

یەکێك لەتاکەکانی چینی کۆمەڵگا لەم خووڕەوشتە نوێیەی جووتیارەکان کە روو لەزیادبوون بوو، بەم شێوەیە گلەیی وسکاڵای دەکرد. ((دونیا بەخێرایی خراپ و خراپتر دەبێت، کرێکاری دوێنی حەزی لەنانی جۆ نییە، رۆژگارێك خواردنی لۆبیا و گەنمە شامی و خواردنەوەی یەك پەرداخ ئاو بوو، و بەپەنیر و شیر جەژن و شادییان دەگێڕا، بەگران خواردنی تریان دەست دەکەوت، ئێستا دونیا ئەم کۆمەڵە خەڵکە بەڕێوەی دەبەن)).

شار بۆ سیرفەکان شوێنێکی سەلامەت بوو کە لەوێدا کەلەپچەکانی دیلێتییان لەدەست دەکردەوە و پارچە پارچەیان دەکرد و ئازادییان لەباوەش دەگرت. بارودۆخی خاوەن پیشەکان لەشاردا لە بارودۆخی جووتیارانی کێڵگەکان باشتر بوو، ئەوان لەشاردا خواردن و جل و بەرگی باشتر و خانووی ئارامتریان لەبەردەست دابوو بە ئارەزوی خۆیان دەیانتوانی خێزان دروست بکەن و دەچوون بۆهەر شوێنێك کە حەزیان لێ بوایە، لە پەندێکی پێشینانی کۆندا هاتبوو کە ((هەوای شار، مرۆڤ ئازاد دەکات)).

زۆربەی سیرفەکان نارازی بوون لەموڵکی ئەربابەکان هەڵدەهاتن و پەنایان بۆ شارەکان دەبرد لەسەر شێوازی کۆن ئەرباب لەکاتی هەڵهاتنی سیرفەکان لە خانوو و کۆشکەکانی خۆیان لە گوندەکاندا دەیتوانی بە دوای ئەوان دا بگەڕێت دەستگیریان بکات و بەتوندی سزایان بدات، بەڵام ئەگەر سەرکەوتوو بوایە کە یەك ساڵ و یەك رۆژ خۆی لەشارێکدا بشارێتەوە لەکۆتایی ئەم کاتەدا ئیتر بەپیاوێکی ئازاد دەژمێردرا بەپێی یاسای کۆن، ((ئەگەر سیرفێك بێ ئەوەی کە سکاڵایەکی لەئەو هەبووبێت، بەپێی دەستوور لە هەموو شارێکدا خاوەن مافی نیشتەجێ بوونە، بەشێوەك لە کۆمەڵگادا پەسەندکراوە و دەبێتە ئەندامێك لە خاوەن پیشەکانی ئەو شارەو بە هاوولاتی ئەو ناوچەیە دەژمێردرێت)). ئەم کارە بووە هۆی ئازادبوونی سیرفەکان لەئەرباب و دەرەبەگەکان، بەشێکی زۆر لە جووتیارەکان بەخۆشاردنەوە لەشارەکاندا ئازادی خۆیان بەدەست هێنا.

بڵاوبونەوەی بازرگانی و پیشەکان، پارە رۆڵێکی زیاتری دەبینی لە ژیانی خەڵکدا. هەندێك لەسیرفەکان بەدانی پارە ئازادییان لەئەربابی ئاوەدانییەکە دەکڕی چونکە سەردەمێك بوو



کەخاوەن موڵکەکان لە جیاتی ئیشکردن بەجووتیارەکان، خوازیاری وەرگرتنی پارەبوون، هەندێك لە سیرفەکان ئازادییان بۆ کورەکانی خۆشیان دەکڕی، بەم رێگەیە لەو رۆژگارەدا بەشێکی زۆر لەجووتیارەکان ئازادی خۆیان بەدەست دەهێنا، ئەم گۆڕانانە پچر پچر رووی دەدا. پێشهاتێکی گرنگ مەسەلەی ئازادبوونی جووتیارەکانە کە دەیتوانی سەدەکان درێژبکاتەوە و ژیان خێرا بکات.

## مەرگی رەش

لە ساڵی ١٣٤٨زاییندا تاعونێکی ترسناك کە مرگی رەشی پێی دەوترا سەرتاسەری ئەورووپای گرتەوە. لەو زەمانەدا چاودێری تەندروستی نەبوو، وەك ئەمڕۆ بایەخیان بە لەشساغی خۆیان نەدەدا، لە ئەنجامدا ئەم نەخۆشییە بەشێوەیەکی فراوان بلاوبۆوە، لە راپۆرتی یەکێك لەو کەسانەی کە لەم کاتەدا شایەتی بلاوبوونەوەی ئەم نەخۆشییە بووە بەم شێوەیە هاتووە: ((تاعون لە شوێنێکەوە بۆ شوێنێکی تر بەرەو پێشەوە دەچوو، و بەبێ نۆژداری هێرشیان دەهێنا. زۆربەی ئەوکەسانەی کە بەیانی تووشی دەبوون و پێش نیوەرۆ لەناو خەڵکدا فڕێ دەدران و بەدوای بنکەی تەندروستی دەگەڕان. هەر کەسێك کە تووشی ئەم نەخۆشییە دەبوو تەنیا سێ رۆژ زیندوو دەبوو.)) هەزاران کەس کە زۆربەیان جووتیار بوون لەهەندێك ناوچەدا، هەموو خەڵکی گوندەکە لەناودەچوو. پیاوماقوڵەکان لەدوای مردنی زۆربەی سیرفەکان ئیتر بۆ کارە پێویستەکانی خۆیان بەئەندازەی پێویست کرێکاریان لە بەردەستدا نەبوو. کێڵگەکانی ئەوانە کشتوکاڵی تێدا نەدەکرا و بەشێکی زۆری بەروبومەکان لەناوچوون ((مەڕەکان و مانگاکان لەناوکێڵگەکاندا بەرەڵا بوون و کەس نەبوو ئەوان لەوێ دەربکات یان بیان لەوەڕێنێت، ئەو ژمارە کەمەی خزمەتکارەکانیش نەیاندەزانی کە دەبێت چی بکەن و لەبەر هەمان هۆ مەڕەکان و مانگاکان لەبەر نەبوونی شوان لە ناودەچوون و بەرووبوومی کێڵگەکانیش بە هۆی نەبوونی جووتیارەوە لەناودەچوو)).

پیاوماقوڵەکان بەبینینی ناوچە لەناوچووەکانی کێڵگەکان، نائومێدانە هەوڵیان دەدا تاوەکو کرێکارەکان کاربکەن. ئەو کەسانەی کە لەدوای تاعونەکە هێشتا زیندووبوون، تەنیا بەحەقدەستی زیاتر ئامادەبوون کار بۆ ئەربابەکان بکەن . پیاوماقوڵەکان دەسەڵاتیان بەسەر چینی زەحمەتکێشدا لەدەست دابوو. بەسەرنجدان لەوەی کە داواکارییەکانی جووتیارەکان دەبێتە هۆی لەناوچوونی ئەربابەکان، پەرلەمان هەوڵیدا تابەجێگیرکردنی نرخی حەقدەست درێژە بەم

باروودۆخە بدات، لەساڵی ١٣٥١ی زایینیدا یاسایەك دەنگی لەسەر درا كە لە یاساكەدا هاتووە ((هەرپیاو و ژنێك لەهەر تەمەنێك دابن، دەبێت خزمەتی خاوەن كارێك بكەن كە پێویستیان پێیەتی و حەقدەستێك وەربگیرێت كە دوو ساڵ لەپێش بڵاوبوونەوەی تاعوندا رەسمی بووە)). پەرلەمان بەجێهێشتنی شوێنی ژیان لەپێناو وەرگرتنی حەقدەستی زیاتردا بەتوندی قەدەغەی كردبوو، جووتیارانی هەڵهاتوو لە كاتی دەستگیركردندا بەتوندی سزا دەدران. ئام یاسایانە بوونە هۆی ئەوەی كە جووتیارەكان دەست بە شۆڕش بكەن چونكە ئەرباب و دەرەبەگەكانی پێشوو هەوڵیان دابوو تاوەكو ئەوانە بگەڕێننەوە بۆ بارودۆخی رابردوو.

## مرۆڤەكان بە یەكسانی دروستكراون

رابەرنی جووتیاران رایاندەگەیاند كە هەژارەكانیش هەروەك پیاوماقوڵەكان خاوەنی مافی دیاری كراون كە ئاستی كۆمەڵایەتییان پەیوەندی پێوە نییە. یەكێك لەو رابەرانە، كشیشێكی دەست كورت بوو بەناوی ((جۆن باڵ )). باڵ ساڵانێك سەفەری كردبوو و پەیوەندی زۆرباشی لەگەڵ خەڵكدا هەبوو، یەكشەممەكان كە جووتیارەكان دەهاتن بۆ كەنیسە و جۆن باڵ ئامۆژگارییانی دەكرد. ئامۆژگارییەكانی باڵ هەمیشە گەشبینانە بوو. رۆژێك لەكاتی چاوپێكەوتنی لەگەڵ گرووپێكی گەورەی جووتیاراندا ئەمەی وت:

هاورێ باشەكانم، تا ئەوكاتەی لە ئینگلتەرادا ئەرباب و ژێردەستە هەبێت بارودۆخ باشترنابێت. بە چ بەڵگەیەك كەسانێك ناودەنێن ئەرباب، لە ئێمە گرنگترن؟ لەبەر چ هۆیەك ئەوانە شایستەی ئەم ناوەن؟ یان چ مەنتقی تێدایە كە ئێمەیان كردووە بە دیل؟ مەگەر هەموومان لە ئادەم و حەوا لە دایك نەبووین؟ ئەوانە لەبەر چ هۆیەك ژیانی لە ئێمە باشتریان هەیە؟ ئایا مەگەر جگە لەوەی كە ئێمە كاروكۆشش دەكەین و ئەوان شانازی پێوە دەكەن؟.

جووتیارەكان چرپەچرپێكیان لە نێوان خۆیان داكرد، هەندێكیان هاواریان كرد: ((جۆن باڵ راست دەكات!)) پاش كەمێك هەموویان بێ دەنگ بوون و جۆن باڵ درێژەی بە قسەكانی خۆیدا:

ئەوان لە جل و بەرگە خوری و ئاوریشم و پشتێن و حەریرەگرانبەهاكانی خۆیاندا گەرمیان دەبێتەوە و ئێمە ناچارین جلوبەرگی كۆنە لەبەر بكەین. ئەوانە شەراب و رووەكە دەرمانییەكان و نانی باش دەخۆن و ئێمە نانی جۆ دەخۆین و بە ئاو تینوویەتیمان دەشكێنین. ئەوانە لە قەڵا ئارام و ئاسوودەكاندا ژیان بەسەردەبەن و دەبێت ئێمە لە كێڵگەكاندا



بەرەشەبا و باران دەست و پەنجەمان نەرم بكەین. ئەمە رەنج و هەوڵی ئێمەیە درێژەی بەشان و شەوكەتی ئەوان بەخشیوە.

هەموو جووتیارەكان ستەمدیدە و ناڕازی، بە حەز و ئارەزووەوە گوێیان لە ئامۆژگارییەكانی جۆن باڵ دەگرت و دەیانوت كە نابێت لەمەوبەدوا ئەرباب و سیرف لەكاردابێت، كشیش سێ جار و هەر جارەی لەبەر ئەوەی وتبووی مرۆڤەكان هەموویان لە بەرامبەریەكدا یەكسانن، كەوتبووە زیندانەوە بەڵام هەر جارەی بۆ رزگاربوون لە ژێر دەستەی جارێكی تر دەستی بە ئامۆژگاری كردن دەكردەوە.

سالانێكی زۆر ئەم رووداوە درێژەی هەبوو، وردە وردە هەستی شۆڕشگێری لەناو جووتیارەكاندا بڵاودەبۆوە.

## وات تایلۆر رابەرایەتی كودەتای جووتیارەكان دەكات

لە بەهاری ساڵی ١٣٨١ی زایینیدا، كۆمەڵێك لە جووتیارەكان بڕیار دەدەن بڕۆن بۆ لەندەن و سكاڵاكانی خۆیان بگەیەننە شا ریچاردی دووەم كە مێردمنداڵێكی چواردە ساڵ بوو، جووتیارەكان لەو بڕوایەدابوون كە پاشای لاو باشترین پشتیوانیانە و ئەگەر كێشەكانی خۆیان بە ئەو بڵێن، ئەو فریایان دەكەوێت. لە ئەنجامدا لە ژێر رابەرایەتی ((وات تایلۆر)) بە پێی پیادە و چەكدار بە تەختە و گورز و شمشێرە ژەنگاوییەكان و تیروكەوان لەسەرتاسەری وڵاتەوە بەرێكەوتن. جووتیارەكان بە داس و قولاب، ئاسنگەرەكان بە چەكوش و كۆتەرەشكێنەكان و تەورەوە بەرێكەوتن، بەهەر شار و گوندێكدا كە تێدەپەڕین و خەڵكی كارەكەی خۆیان بە جێ دەهێشت و پەیوەندییان بە ئەوانەوە دەكرد تا ژمارەیان گەیشتە شەست هەزار.

زۆری نەخایاند كە ئەم خەڵكە زۆرە بێگانە تووڕەیە بەشاری لەندەن گەیشتن. جون باڵ لە مەیدانێكی كراوەدا لەگەڵ كۆمەڵەكە كۆبۆوە، وتاری بۆیان خوێندەوە و وتی: ((ئەم هەلە ناوازەیە، كاتی ئەوە هاتووە تا ئەو قۆچانەی كە ساڵەهای ساڵە لەسەر ملی خۆتان هەڵتان گرتووە، هەڵیبگرن و ئازادی بە دەست بهێنن. ئازا و چاونەترس بن و وەك حەكایەتی ئەو جوتیارەی كتێبی پیرۆز كاربكەن كە تۆوەكانی بۆ خەزێنە برد و گژوگیا بێ كەڵكەكانی لە رەگدا دەرهێنا و سووتاندی تا ببێتە زەوییەكی بەهێز. گژوگیا بێ كەڵكەكانی ئینگلتەرا، دەسەڵاتدارە ستەمكارەكانن، ئێستا كاتی درەو هاتووە، هەموو خەڵك ئەو ئەركەیان لەسەر شانە كە ئەم گژوگیا بێ كەڵكانە بڕنن و رێگەی خۆیان بكەنەوە. گژوگیا بێ كەڵكەكان وەك

ئەربابە سیفەت شەیتانەکان و قازییە ستەمکارەکان و هەموو ئەو کەسانەی کە بۆ کۆمەڵگا زیان بەخشن تەنیا بەم شێوەیە خەڵکی ئارامییان دەبێت و دەبنە خاوەنی ئایندەیەکی دڵنیا کاتێك ڕەگ و ڕیشەی کەسە پلە بەرزەکان دەقرتێت، و هەموو خەڵك چێژ لە ئازادی وەردەگرن چونکە لە چارەنووسی یەکسانی و بەرامبەری بەهرەمەند دەبن)).

پاشای لاو، ریچاردی دووەم، لەم کاتەدا لەسەر تاوەری لەندەن خەریکی گفتوگۆ بوو لەگەڵ ڕاوێژکارانی خۆیدا، خەڵکانی جووتیار گەمارۆی تاوەرەکەیان دا و هاواریان دەکرد. ڕاوێژکارانی پاشا کە زۆر ترسابوون، پێیان وت: ((گەورەمان پاشا، ئەگەر دەتوانیت، ئەوانە بە قسەی ئومید بەخش ئارام بکەرەوە. ئەم کارە باشترە لە وەڵامدانەوەی داواکارییەکانی ئەوان، ئەگەر ملکەچی خواستەکانیان بین لە ئەنجامەکەی دەرناچین، کاری ئێمە و میراتگرەکانمان تەواو دەبێت و ئینگلتەرا دەبێتە وێرانەیەك)).

پاشا بەڵێنی دا سبەینێ چاوپێکەوتن لەگەڵ جووتیارەکاندا بکات لە چیمەنێکدا بە ناوی ((مایل باند)) بەیانی ئەو ڕۆژە لە کاتی چوونە ناوەوەی بۆ شوێنی چاوپێکەوتنەکە، جووتیارەکانی بینی کە کۆبوونەتەوە، بە پەلە ڕووی تێ کردن و ئەمەی وت: ((خەڵکە باشەکەم، من پاشا و یارمەتیدەری نیعمەتی ئێوەم. چیتان لە من دەوێت).

جووتیارەکان قیژاندیان و وتیان: ((داوا دەکەین تا بۆ هەمیشە زەوییەکانمان ئازاد بکەی! نامانەوێت لەمە بەدواوە هیچ سیرفێك ژیان بە بەندەیی و دیلێتی بەسەر بەرێت))!

پاشا وەڵامی دایەوە: ((خواستەکانی ئێوە پەسەند دەکەم. ئێستا بۆ ماڵەکانی خۆتان بگەڕێنەوە. لەهەر گوندێك تەنیا دوو یان سێ کەس بمێنێتەوە. ئێمە فەرمانی پاشایەتی بۆ ئەوانە دەردەکەین. کە خواستەکانی ئێوە بەرجەستە بکات. ئەم فەرمانە بە مۆری خۆم دەرازێتەوە. بۆ ماڵەکانتان بگەڕێنەوە و لە ئارامی دابن. نەهێڵن کەس ئازارتان پێ بگەیەنێت)).

زۆربەی جووتیارەکان پەیمانەکەی پاشایان پەسەند کرد و گەڕانەوە بۆ ماڵەکانی خۆیان بەڵام ڕابەرانی ئەوان، لەوانە وات تایلور لەگەڵ سی هەزار کەس لەلایەنگرەکانی، لە لەندەن مانەوە. ئەوان دەیانویست تا وەرگرتنی فەرمانی پاشایەتی، لە هەمان شوێندا بمێننەوە چونکە بە باشی ئاگاداربوون کە بە ڕۆیشتنی هەموو جووتیارەکان پەیمانەکانی پاشا ئەنجامی نابێت.

دوای چەند ڕۆژێك بیست هەزار کەس لە جووتیارەکان لە شوێنێکدا کۆبوونەوە بە ناوی ((ئیسمیت فیلد)) بەڕێکەوت پاشا بە سواری ئەسپەوە بەو شوێنەدا تێدەپەڕی. وات تایلور بە پیاوەکانی وت: ((پاشا لێرەیە دەمەوێت قسەی لەگەڵدا بکەم، تا ڕەمزێکتان پێ نەدەم، لەجێگای خۆتان نەجوڵێن)).



وات تایلور دلێرانە بە سواری ئەسپ چوو بۆ لای شا ریچارد و وتی: (ئەو پیاوانەی کە لە ئەوێدان، دەیبینی؟)).

ریچارد وەڵامی دایەوە: ((بەڵێ دەیانبینم بەڵام مەبەستت چییە))؟

وات وەڵامیدایەوە: هەموو ئەوانە چاوەڕوانی فەرمانی منن، بە شەرەف و ڕاستگۆیی خۆیان سوێندیان خواردووە کە ملکەچی من بن، لەو باوەڕەدایت، ئەم پیاوانە بەبێ بردنی دەستنووسەکە لەگەڵ خۆیان کە پەیمانت داوە ئێرە بەجێ بهێڵن)).

پاشا لە وەڵامدا وتی: ((بە پیاوەکانت بڵێ بگەڕێنەوە بۆ ماڵەکانی خۆیان دەستنووسەکە گوندبەگوند و شاربەشار دەگەڕێتەوە ((وات بە دەنگێکی ترسناك ئامێز و بەرز قیژاندی و هاواری کرد: ((ئێمە بەبێ دەستنووسەکە لێرە ناڕۆین)).

لەکاتێکدا وات کە بەڕەقی قسەی دەکرد، دەستی بەخەنجەرەکەدا دەهێنا کە بە کەمەرییەوە بەستبوویەوە و لگاوی ئەسپی پاشای بەدەستەوە گرتبوو. یەکێك لە نۆکەرەکانی پاشا گومانی کرد کە لەوانەیە وات مەبەستی کوشتنی پاشای هەبێت. بەپەلە بۆ لای ئەوان چوو، هاواری کرد چۆن جورئەت دەکەی بەم جۆرە ڕەفتار بکەی و لە بەرامبەر پاشادا بەم شێوەیە قسە بکەی؟ تەنانەت ئەگەر بمرم، تۆ دەبێت لەبەر ئەم بێ ڕێزییە تەمێ بکرێیت! )) و پاشان شمشێرەکەی خۆی لە کیفەکە دەرهێنا و بە جۆرێك زەربەیەکی لە وات دا کە ئەو تەنیا فرسەتی ئەوەی هەبوو کە ڕوو لە هاورێکانی بکات و لە پێش کەوتنیدا هاواری کرد: ((خیانەت))!

## شۆڕش سەرکوت دەکرێتەوە

هاواری کوشتنی سەرکردەکەیان لە ناو جووتیارەکاندا بیسترا: ((خیانەتیان لێ کردووین! ڕابەرەکەمانیان کوشت! فەرماندەکەمان مردووە! یان مەرگ یان تۆڵە! تیربهاوێژن! تیر بهاوێژن و سەدان تیر بەخێرایی لە کەوانەکانەوە دەرچوو.

بارودۆخەکە بە تەواوی گۆڕابوو جووتیارە تووڕەکان گیانی خاوەن پلەوپایەکانی پاشایەتییان خستبووە مەترسییەوە بەڵام لەم کاتەدا، پاشای لاو بێ واهیمە ئەسپەکەی خۆی بۆ لای جووتیارە پەرێشانەکان غاردا و هاواری کرد: (پەیڕەوکارانی من ئەوە چی دەکەن؟ دەتانەوێت تیر بۆ پاشا بهاوێژن؟ بایەخ بە چارەنووسی تایلور نەدەن. ئەو خائین بوو. من ڕابەر و فەرماندەی

ئێوەم. هەرچییەکتان دەوێت، داوا لە من بکەن)). پاشان بەتیژی چوو بـۆ لای راوێـژکارەکانی و داوای راوبۆچوونی ئەوانی کرد.

راوێژکارەکان لە دوای گفتوگۆیان لەگەڵ یەکتریدا، روویان لە پاشـا کـرد و وتیـان: ((بـەرەو کێڵگە بڕۆن. ئەگەر رابکەین بێگومان لەناومان دەبەن. تەنیا دەبێت کەمێك خۆمـان دوابخـەین تا لە لایەن هاورێکانمانەوە لەشارەوە یارمەتیمان پێ دەگات.

پاشا ئەسپەکەی گەڕاندەوە بۆ دەوروبـەری شـار و جووتیارەکـان بـە نـەبوونی رابەرەکـەیان نەیاندەزانی چی بکەن. ملکەچانە بە دوای ئەودا کەوتنەڕێ. هەواڵ لـە لەندەنـدا بڵاوبووبـۆوە. بەشێکی زۆر لە خەڵکی بۆ یارمەتیدانی پاشا و ئەندامانی بنەماڵەی پاشایەتی بەپەلە رۆیشتن. گەماۆری جووتیارەکانیان دا و بەیاننامەکیان بڵاوکردەوە کە تێیدا هاتبوو جگە لە دانیـشتوانی شاری لەندەن، هەموویان دەبێت بەپەلە ئەو جێگایە چۆڵ بکەن.

سکرتێرەکانی پاشا بە درێژایی چەندان رۆژ خەریکی نووسینی فەرمانی پاشایەتی بوون کـە پاشا پەیمانی بە جووتیارەکان دابوو. بەڵام پیاوماقوڵەکان دەستیان لە بەرژەوەندییەکانی خۆیـان نەدەکێشاوە. دەیانووت هەرگیز بە ئازادی سیرفەکان رازی نابین چـونکە ئـەم کـارە مانـای بـە ناچاری تەسلیم بوون ئەوان دەدات. دەیانوت پاشا بەبێ بەدەسـت هێنـانی رەزامەنـدی ئـەوان، ناتوانێت کاربکات ((ئێمە هەرگیز رەزامەندی پیشان نادەین چونکە کۆمـەڵ لـەناو دەچـێت)). هەر لەبەر ئەمەش بوو کە شا ریچاردیش پابەندنـەبوو بـەو بەڵێنانـەی کـە بـە جووتیارەکـانی دابوو، رێگەی گرت لە بەخشینی فەرمانی پاشایەتی. پاشا کە لەو باوەڕەدا بـوو جووتیارەکـان ((سیرف بوون و بەسیرفی دەمێننەوە)) بە کۆبوونەوەی چل هەزار سەرباز کە سەرتاسەری وڵاتیان بڕی بوو، و رابەرانی جووتیارەکانیان لە سێدارەدا.

بەم شێوەیە کودەتای جووتیارەکان تێکشکا، بەڵام ترس کەوتبووە دڵـی پیاوماقوڵەکانـەوە، لە ترسی هەڵگیرسانی شۆڕش لەلایەن جووتیارەکانەوە بووە هـۆی ئـەوەی کـە هەلومـەرجێکی باشتر بۆ جووتیارەکان دابین بکەن، زۆری نەخایاند کە کرێکـارانی بـەکرێگیراو و جووتیارەکـانی کە زەوییەکانی خۆیان بە کرێ دەدا، شوێنی سیرفەکانیان گرتەوە.

## دەسەڵاتی خەڵك

خەڵکی ئەورووپا بە درێژایی چەندان سەدە بۆ ئازادی و دادپەروەری جەنگان. خەڵکی لە ژێر دەسەڵاتی پاشا و مستی پیاوماقوڵەکانـدا پەلـەقاژەیان دەکـرد و وەك سـیرفەکان ژیانیـان بـە



هەژاری و داماوی بە سەردەبرد. ئەگەرچی باری قورس و هەوڵ دان لەسەر شانی خـەڵکی بـوو، بەرگەی رەنج و زەحمەتی زۆریان دەگرت، بەڵام لە ئازادی و پێویستییەکانی ژیان بێبەش بوون.

لە دوایەمین ساڵەکانی سەدەکانی ناوەڕاستدا، رووبەڕووی هزر و بیرە نوێکان بوونـەوە. ئـەم هزرانە لە ناو خەڵك بڵاودەبوونـەوە کـە هـەموو مرۆڤـەکان بـە لەبەرچـاوگرتنی هەلومـەرجی کۆمەڵایـەتییان، خـاوەنی مافـە دیاریکراوەکانیـانن، خـەڵکی ئاسـایی، بەتایبـەتی خـەڵکی ئینگلتەرا هێواش هێواش بەڵام بەردەوام بەرەو پێشەوە دەچوون و بە هۆی هەوڵ و کۆششەکانی خۆیانەوە، توانییان لە ژێردەستی نیاکانیان کە چەندان ساڵ بە ئەوانە دەسـت و پەنجـەیان نـەرم دەکرد، رزگاریان بێت.

لە سەدەی سیانزەیەمی زاییندا، بنەماکانی حکوومەتی بەستراو بە نوێنـەری راسـتەقینەی خەڵکەوە لە ئینگلتەرادا پێکهات. ئەم جۆرە حکوومەتـە هـەنگاوی زۆر گرنگـی لـە بەدەسـت هێنانی ئازادیدا نابوو. لە ساڵەکانی سەرەتادا، پاشاکان و پیاوماقوڵەکان بە ئـارەزووی خۆیـان حوکمیان بەسەر خەڵکدا دەکرد. خەڵکی ئینگلتەرا بۆ پێکهێنانی پەرلـەمان لـە نوێنـەرەکانی خۆیان، دەسەڵاتی یاسادانانیان بە دەست هێنا. لەوە بـەدواوە پاشـا یـان هـەر پیاومـاقوڵێکی بەهێز نەیدەتوانی بەئارەزووی خۆی حوکم بەسـەر خـەڵك دا بکـات و دەبوایـە ئـەو یاسـایانەی پەیڕەو بکردایە کە نوێنەرانی خەڵك دەنگیان پێ دابوو.

خەڵکی بە حکوومەتێکی بەستراو بە نوێنەرە راستەقینەکانیانەوە، هەنگاوی گەورەیان نا لە رێگەی ئازادی خۆیاندا، قازییەکی ناودار لـە سـەدەی پانزەیـەمی زاییـندا ئەمـەی نووسـیوە: ((پاشـای ئینگلتـەرا ناتوانێـت بـە ئـارەزووی خـۆی، یاسـاکانی وڵات بـەبێ رەزامەنـدی پەیڕەوکارەکانی بگۆڕێت و یان باجە قورسەکان بە پێچەوانەی ویستی خەڵکەوە دابنێـت. پاشـا بۆ پارێزگاری لە ژیان و دارایی و یاساکانی خەڵك دامەزراوە. هەموو پەیڕەوکارانی ئـەم وڵاتـە دەزانن کە دەبێت لە بەروبوومی زەوی و ئاژەڵی خۆیان کەڵك وەربگیرێـت. ئـەو بـۆ بنیاتنـانی بەختەوەری ژیانی خۆی ئەوانەی راگرتووە کەس ناتوانێت ببێتە رێگری ئـەو، جگـە لـە قازییـە ئاساییەکان و ئەویش لەسەر بنچینەی یاساکانی وڵات، هیچ کەسێکی تر ناتوانێـت لە بـارەی ئەوەوە دادوەری بکات.

بەم شێوەیە لە سەدەکانی ناوەڕاست دا خەڵکی ئاسایی ئینگلتەرا وردە وردە ئازادییـەکانی خۆیان بە دەست هێنا. ئەوانە بنەماکانی دیموکراسییان دارِشت و حکوومەتیان لەسـەر بنـەمای نوێنەرایەتی دروستکرد و میللەتی ئازاد پێکهات. و ئەمە دیارییەکی گەورەی ئینگلتـەرا بـوو بۆ شارستانییەتی سەدەکانی ناوەڕاست.

# بەشی نۆیەم

# رابوونێکی گەورە

## ڕۆحی نوێ

لە دوایەمین ساڵەکانی سەدەکانی ناوەڕاست دا گۆڕانکارییەکی بەرچاو لە ئەورووپادا ڕوویدا، لە سەدەی پانزەیەمی زایینددا، پیاوماقوڵەکان لە زۆربەی وڵاتەکاندا دەسەڵاتی خۆیان لە دەستدابوو، و ئیتر سیستەمی فیودالیزم «سیستەمی خاوەنداریێتی» بەسەر ژیانی خەڵکدا باڵادەست نەبوو. سەردەمێکی نوێ و سەرسووڕهێنەر لە مێژووی جیهاندا لە دۆخی پەیدابوون دابوو. ئەم سەردەمە کە هاوکات بوو لەگەڵ ڕابوونی خەڵکە ئاساییەکاندا پێی دەڵێن «ڕینساس».

لە چاخە دێرینەکاندا خەڵکە ئاساییەکان بەبێ بچووکترین ڕەخنە، لە بەرامبەر دەسەڵاتدارەکاندا ملیان کەچ کردبوو. بەڵام لەم سەردەمە نوێیەدا خەڵکی پشتیان بە خۆیان بەست و وردە وردە بەم ئەنجامە گەیشتن کە هەر تاکێك دەبێت بە ئارەزووی خۆی بیر بکاتەوە و کار بکات. گەیشتنە ئەو باوەڕەی کە ئەوەی کە بە درێژایی سەدەکان باوەڕیان پێ کردبوو هەقیقەتی نەبووە. شەپۆلی بەهێزی هزری نوێ سەرتاسەری ئەورووپای بڕی. لە هەموو شوێنێکدا خەڵکی تامەزرۆی خۆیان بۆ خوێندنەوە و فێربوون پیشان دەدا و وردە وردە زانست و زانیاری جێگای نەزانین و خۆرافاتەکانی گرتەوە. تەواوکاری ئەدەبیات و هونەری نوێ لە هەموو وڵاتەکانی ئەو سەردەمەدا جێی خۆی کردەوە و مرۆڤ دەستی بە دەربرینی هزرە نوێکان کرد.

ئەم گۆڕانکارییانە بووە هۆی ئەوەی کە ژیانی خەڵکی جیاوازی زۆری هەبێت لەگەڵ ڕابردوودا.

## چاکسازی مەزهەب

حەوت سەد ساڵ لە ئەورووپای ڕۆژئاوادا، تەنیا یەك شێوە لە مەزهەب هەبوو. پاشان لە دوایەمین ساڵەکانی سەدەکانی ناوەڕاستدا ئەم باوەرە لە ناو خەڵکدا ڕەگی داکوتا کە دەبێت چاکسازی لە هەندێك لە ڕێوڕەسمەکانی کەنیسەدا بکرێت: ((جۆن وایکلیف توێژەرێکی ناسراوی سەدەی چواردەیەم بوو، ئامۆژگاری خەڵکی لە دژی خراپەکارییەکانی کەنیسە دەکرد. ئەو تامەزرۆی ئینجیل بوو، وە هەستی دەکرد خەڵکی بە خوێندنەوەی ئەوە فێری شێوە چاکەکانی ژیان دەبن. ئینجیل لەو ڕۆژگارەدا بە زمانی لاتینی نووسرابوو، وە ژمارەیەکی کەمی خەڵك



دەیانتوانی کتێب بە زمانی لاتینی بخوێننەوە. وایکلیف لەو بڕوایەدابوو کە دەبێت خەڵکی بۆ خۆیان ئینجیل بخوێننەوە و لەم ڕێگەیەوە زانیاری وەربگرن. ئەو ئینجیلی وەرگێڕا بۆ سەر زمانی ئاسایی خەڵك و کشیشەکانی بۆ گوندەکان نارد تاوەکو ئەوە بۆ خەڵکی بخوێننەوە.

کارەکەی وایکلیف ڕووبەڕووی گێرە و کێشەکەی زۆربووە. کەنیسە لە ساڵی ١٤٠٨ی زایینددا بەم شێوەیە بڕیارێدا هیچ کەس بەبێ مۆڵەت مافی وەرگێڕانی کتێبی ئاسمانی بۆ زمانی ئینگلیزی یان بۆ زمانەکانی تری نییە و ناتوانێت ئەوە تەفسیر بکات، هەمووی یان بەشێك لەم کتێبە بە شێوەی گشتی یان تایبەتی بخوێنێتەوە.

سەرەڕای ئەمەش، پەیامەکانی وایکلیف تەنانەت تا بوهەم ((ناوچەیەکە لە نێوان ئەتریش و چیکۆسلۆڤاکیایی ئێستا)) بڵاوبۆوە ((جۆن هوس)) کە مامۆستای زانکۆ بوو لە پراگ، دوای ئەم پەیامە کەوت و لایەنگرانی زۆری پەیدا کرد. هوس وەك وایکلیف ڕایگەیاند کە دەبێت هەموان ئینجیل بخوێننەوە و خۆیان لە بارەی مەسەلە مەزهەبییەکانیانەوە بڕیار بدەن. لەبەر ئەوە هوس ئینجیلی بۆ زمانی خەڵکی وەرگێڕا، خاوەن پۆستەکانی کەنیسە لەو باوەڕەدابوون کە بە بڵاوبوونەوەی بیروبۆچوونەکانی هوس بنەماکانی دەسەڵاتی کەنیسە لە ناو دەچێت، زانیارییەکانی ئەویان بە کفر دەزانی. هوسیان بۆ بەردەم شورای کەنیسە هێنا و فەرمانیان بەسەردا دا تا واز لە پەیامەکەی بهێنێت. بەڵام هوس ڕایگەیاند بە شێوەیەك ئەگەر کەسێك بتوانێت هەڵەی قسەکانی بسەلمێنێت ئامادەیە، بیروبۆچوونەکانی خۆی بە ئارەزووی ئەو کەسە بگۆڕێت بەڵام خاوەن پلەوپایەکانی کەنیسە تۆمەتباریان کرد بە بڵاوکردنەوەی پەیامە شەڕانی و ئاژاوەگێڕی و فیتناوییەکان و بزووتنەوەی تازەگەری و بەم تۆمەتانە لە ئاگردا سووتێنرا.

## ڕاهیبێك گۆڕانکاری لە مەزهەب دا دەکات

دوای سەد ساڵ لە مردنی وایکلیف، کوڕە جووتیارێك لە ئەڵمانیادا بە ناوی «مارتین لۆتەر» چاوی بە دونیا هەڵهێنا. پاشان لۆتەر بووە ڕاهیب و لە زانکۆی (ڤایتنبۆرگ) بوو بە مامۆستا. ئەو ڕەخنەی لە هەندێك دابونەریتی کەنیسە گرت، لە ساڵی ١٥٧١ی زایینددا بیروباوەڕەکانی خۆی نووسی و ئەوەی بەسەر دەرگای کەنیسەی (ڤایتنبۆرگ)ەوە داکوتا تا هەموان بیخوێننەوە، پاپا نامەیەکی بۆ لۆتەر نارد، لەبەرئەوە دەبێت بچێت بۆ ڕۆم و ڕوونکردنەوە لە بارەی کارەکەیەوە بدات. لۆتەر لەجیاتی ڕۆیشتنی بۆ ڕۆم، درێژەی بە ئامۆژگاری و نووسینەکانیدا، ئەم ڕووداوە دوو ساڵ درێژەی کێشا تا گەیشتە ئەوەی کە پاپا فەرمانی بەسەر بڵاوکراوەی سندی دا کە

نووسینەکانی خۆی بسووتێنێت و لە وتەکانی خۆی لە دژی کەنیسە لە ماوەی شەش ڕۆژدا پەشیمان بێتەوە، جگە لەم ڕێگەیە دەکرێت بە کافر و بە لە دین هەڵگەڕاوە لە قەڵەم دەدرێت. لۆتەر لە وەڵامی پاپادا بۆ سووتاندنی سندی، پاپایی ڕووبەڕووی خەڵك کردەوە. ئیمپراتۆری ئەڵمانیا، لۆتەری بانگکرد تا لە شاری «ورمز» لە بەردەم شورای گەورەدا ئامادەبێت، شورا لە ئەنجوومەنێك پێکهاتبوو لە هەموو فەرمانڕەواکانی ئەڵمانیا و خاوەن پلەوپایەکانی کەنیسە. هاورێکانی لۆتەر کە نیگەرانی گیانی ئەوبوون، هەوڵیاندا تا نەهێڵن بڕوات بەلاّم وەڵامی ئەم بەم شێوەیە بوو: «من بانگەشەی یاسایەکم کردووە. هەر چەندە شەیتانەکان بە ژمارەی خشتەکانی سەقفی خانووەکان، لە دژی من یەکیان گرتووە، بەلاّم من بەیادی خواوە بۆ ئەوێ دەڕۆم».

خاوەن پلەوپایە گرنگەکان لە شورا ئامادەبوون، ئیمپراتۆر «چارلزی پێنجەم» لە هۆڵێکی گەورەدا لەسەر تەختەیەك دانیشتبوو، لە تەنیشتییەوە پلەدارەکانی کەنیسە و شازادەکان وەستابوون. لۆتەر بۆ لای قازییەکان ڕێنمایی کرا. کتێبەکەیان لەسەر مێزێك لە هەمان نزیکییەوە دانابوو. لە ئەویان پرسی کە ئایا نووسراوەکانت ڕەت دەکەیتەوە؟ ڕاهیب وەڵامی دایەوە: «ئەگەر بتوانن بە کتێبە ئاسمانییەکان من ڕازی بکەن و بیسەلمێنن کە من لە هەڵەدام، ئامادەم بەم دەستانە هەموو نووسراوەکانی خۆم بە کڵپەی ئاگر بسپێرم» دوو کاتژمێری ڕێك لۆتەر بەرگری لە بیروباوەڕەکانی خۆی کرد.

لێکۆڵەر لێی پرسی: ((برا مارتین، دواجار تۆ زانیارییەکانی خۆت ڕەت دەکەیتەوە یان ڕەتی ناکەیتەوە))؟ لێکۆڵەر وەڵامێکی بێ پێچ و پەنای دەویست.

لۆتەر وەڵامی دایەوە: ئەگەر پاشا وەڵامێکی بێ پێچ و پەنای دەوێت، وەڵامەکەم بەم شێوەیەیە: تا کاتێك کە بەڵگەکانی کتێبی ئاسمانی و یان تێگەیشتنێکی ئەقلانی هەڵەکانم نەسەلمێنن، ئاسان نییە لە قسەی خۆم پەشمان ببمەوە، بیروباوەڕکانم بە پێچەوانەی پاپا و ئەنجوومەنی کەنیسەوەیە چونکە وەك ڕۆژی ڕووناك ئاشکرایە کە ئەوانە هەڵە دەکەن و قسەی نابەجێ دەکەن. قسەکانی من پشت بەستوو بە کتێبی ئاسمانە و ویژدانم پەیڕەوکاری وشەکانی خوایە، لەبەر ئەمە نابێت و نامەوێت لە قسەکانم پەشمان ببمەوە چونکە ئەم کارە، کارێکی پێچەوانەی ویژدان و کفراوی و نادروستە. خوایە یارمەتی من بدە! ئامین.

لۆتەر لە دانیشتنی دواتری شورادا بەکافر و سەرەڕۆ لە قەڵەم درا. ئەو دەبێت سزای مەرگی بەسەردا بسەپێندرێت و نووسراوەکانی بسووتێندرێت. بەلاّم ئیمپراتۆر بەم شێوەیە قسەی کرد: (لێرەدا ڕاهیبێك بە تەنیا لەگەڵ بیروباوەڕی هەزار ساڵەی کەنیسەدا سەرپێچی دەکات. دوێنێ لە



دوای بیستنی ئەو وەلاّمە سەرەڕۆییانەی لۆتەر بەداخ بووم کە ماوەیەکی دوورودرێژ ئازارم داوە، ئەو ئازادە تا بگەڕێتەوە بۆ ماڵەکەی خۆی بەلاّم ئەگەر لە دواییدا کەسێك ئەو بدۆزێتەوە، دەبێت پۆستەکەی پێ بگۆڕێتەوە.

لۆتەر لە وەلاّمدا وتی: ئەگەر بەم شێوەیە بێت، من بەرگەی هەموو شتێك دەگرم لە پێناوی ئیمپراتۆر و ئیمپراتۆرییەتدا بەلاّم قسەکانی خودا نابێت سنووردار بێت)).

هاورێکانی ئەویان لە قەلاّی پیاوماقوڵێکی ئەڵمانیدا شاردبۆوە. لۆتەر ساڵێك لەم پەناگایەدا شاردرایەوە و (چاخی نوێ)ی بۆ ئەڵمانی وەرگێڕا، بە جۆرێك کە خەڵکی ئاساییش توانای خوێندنەوەی ئەوەیان هەبوو. زانیاری لۆتەر لەسەرتاسەری باکووری ئەڵمانیادا بلاّوبۆوە و کەنیسەی نوێی لۆتەرییەکان بنیات نرا.

وردە وردە چاکسازیخوازی تریش دەرکەوت. بزووتنەوەی نوێ لە بەشێکی زۆری ئەورووپادا گەشەی کرد و بیروباوەڕی مەزهەبی نوێ بلاّوبۆوە، بەم بزووتنەوە دەڵێن بزووتنەوەی ریفۆرمایسیۆن ((ریفۆرمی دین)) چونکە خوازیاری ئەنجامدانی چاکسازی بوون لە کەنیسەکاندا. کەنیسەی نوێش ناوی کەنیسەی پرۆتستانی وەرگرت چونکە بنیاتنەرانی ئەوە ڕەخنەیان هەبوو لە کەنیسەی کاتۆلیك، خەڵکی ئەڵمانیا و بەشێکی زۆر لە وڵاتانی ئەورووپای ڕۆژئاوا بەرامبەر بە کەنیسەی کاتۆلیك بەوەفاداری مانەوە.

## چاکسازی لە کەنیسەی کاتۆلیکدا

بەشێکی زۆر بە بینینی هەڵگەڕانەوەی خەڵك لە کەنیسەی کاتۆلیك کەوتنە ترسێکی زۆرەوە، ئەوانە ئەم جۆرە کەسانەیان بە هەڵگەڕاوە لە دین دەزانی و لەو باوەڕەدابوون کە دەبێت ئەوانە سزا بدرێن، دادگایەك بە ناوی دادگای تەفتیشی بیروباوەڕی ((وروژێنەران)) بۆ دادگایی کردنی تۆمەتبارانی هەڵگەراوە لە دین پێکهات. ئەم دادگایە لە باشووری ئەورووپا، بە تایبەتی لە ئیسپانیادا زۆر چالاك بوو.

هەندێك لە کاتۆلیکە دەوڵەمەندەکان، بەسەرنج دان لەوەی کە کەنیسە پێویستی بە چاکسازی هەیە لە هەندێك لە کاروبارەکانیدا، چالاکانە گۆڕانیان لە بەشێکی زۆری دابونەریتەکانی کەنیسەدا کرد کە مایەی ڕەخنەی خەڵکی بوون.

لەگەڵ ئەوەش ئەم چاکسازیخوازانە لە کەنیسەی کاتۆلیك دا نەبوون. پیاوماقوڵێکی گەنج لە ئیسپانیا بەناوی ((ئگناتوس لویالا)) بڕیاریدا تا ژیانی خۆی زیندانی کەنیسەی کاتۆلیك

بکات. لە ساڵی ١٥٤٠ی زاییندا ئەنجوومەنێکی بەناوی ئەنجوومەنی عیسا پێك هێنا کە ئامانجی بڵاوکردنەوەی مەزهەبی کاتۆلیك بوو، پاشان ئەندامانی ئەم ئەنجوومەنە بە ژوزئیتەکان ناسران.

قوتابخانەکانیان دامەزراند کە باشترین مامۆستاکان لەوێدا وانەیان دەووتەوە. پاشان هەر ئەم مامۆستایانە بوونە راگەیەنەری ناسراو و مەزهەبی خۆیان لە ناوچەکانی تردا بڵاوکردەوە. زۆربەی ژوزئیتەکان کە لە کەنیسەی کاتۆلیك جیابووبوونەوە، دووبارە گەڕانەوە بۆ ئەوێ.

## خەبات بۆ ئازادی مەزهەب

چاکسازیخوازانی دێرینی پروتستان، باوەڕیان بە دانی ئازادی مەزهەبی نەبوو بۆ خەڵکی ئاسایی. لایەنگرانی هەموو مەزهەبێکی ئایینی لەوبڕوایەدان کە ئایینی خۆیان تەنیا مەزهەبی راستە و نابێت رێگە بدرێت تا بیروباوەڕی تر سەردەربێنێت، بەم بیانووەوە، بەشێکی زۆر لە خەڵکی وڵاتە ئەورووپییەکان زیندانی و ئەشکەنجە و بە زیندوویی سووتێندران و تەنانەت پروتستانییەکان سزای پرۆتستانییەکانی تریان دەدا، لەبەر ئەوەی بیروباوەڕی جیاواز لە یەکتریان هەبوو، وە حکوومەتەکانیش ئەم مافەیان بەڕەوا زانیوە کە بە خەڵکی بڵێن ئیمانتان بەچی ئایینێك هێناوە ئەگەر حکوومەت کاتۆلیك بوو ئەوا دەبوایە هەموو خەڵکی وڵات پەیڕەوی مەزهەبی کاتۆلیکیان بکردایە، ئەگەر باوەڕ بە مەزهەبێکی تازەبهێنن، پەیڕەوکارانی ئەویش دەبێت بە زۆر ئەو مەزهەبە تازەیە پەسەند بکەن و کەسانێك کە نەدەچوونە ژێر ئەم بارەوە بە توندی سزا دەدران.

پاشای ئینگلتەرا، هێنری هەشتەم لەبەرئەوەی پاپا رێگەی جیابوونەوە (تەلاق)ی لەگەڵ شاژندا پێ نەدەدا، لەگەڵ ئەودا کەوتە دوژمنایەتی، هێنری بڕیاریدا تا لە کەنیسەی کاتۆلیك جیاببێتەوە و خۆی لە پانتایی دەسەڵاتیدا رابەرایەتی کەنیسە بکات، لە ساڵی ١٥٣٤ی زاییندا، پەرلەمانی ناچارکرد کە یاسایەك دەربکات کە ئەوی ((بە تەنیا رابەری سەروو کەنیسەی ئینگلتەرا)) دەزانی، هێنری گۆڕانی لە بارودۆخی کەنیسەدا نەکرد و رێگەیان بە خەڵکیدا کە وەك رابردوو واتە پێش دەنگدان بە یاساکە مەزهەبی خۆیان هەبێت. هێنری سێ منداڵی هەبوو کە هەر یەکێك لەوانە بووە فەرمانڕەوای ئینگلتەرا، ئیدواردی شەشەم کە لە دوای ئەو لەسەر تەختی پاشایەتی دانیشت پرۆتستان بوو، وە هەوڵی دەدا کە ئینگلتەرا وڵاتێکی پرۆتستان مەزهەب بێت، خوشکی ناتنی ڤی ماری کە لە دواییدا دەسەڵاتی گرتە



دەست، کاتۆلیکێکی دەمارگیربوو، ئەو ئارەزوومەندبوو کە دووبارە ئینگلتەرا بچێتەوە ژێر کاریگەری پاپاوە. لەدوای ماری، ئیلزابێت بووە فەرمانڕەوا کە پروتستان بوو، لەسەردەمی حکوومەتی ئەودا، کەنیسەی ئینگلتەرا بە حوکمی یاسا سەر لەنوێ کرایەوە و داوای لە هەموان کردبوو کە ببنە ئەندامی ئەوە. ئەو کەسانەی ملکەچ نەبوون بە توندی سزا دران، لەگەڵ ئەم ئەشکەنجەدانەشدا خەڵکی پابەندی بیروباوەڕی خۆیان بوون، لە ماوەی ئەم بەربەرەکانییەتە درێژخایانەدا. وردە وردە ئەم ئەنجامە بەرهەم هات، بە زۆر سەپاندنی مەزهەبێك بەسەر خەڵکدا کە باوەڕیان پێی نییە، بێ سوودە. ئاقڵترین و باشترین رابەرانی هەر گرووپێك ئەوانە بوو کە ئەم بیروباوەڕی سزادانە وەلاوە بنێن بەرامبەر بەو مرۆڤانەی کە مەزهەبی جیاواز لەوانیان هەیە. ئازادی لە بیروباوەڕی مەزهەبیدا یەکێك بوو لە گرنگترین ئازادییەکان کە مرۆڤ لەسەردەمی رینسانسدا لە پێناوی ئەوەدا تێکۆشابوو.

## مرۆڤ پەیکەری نوێی جوان دروست دەکات

گەشەی بازرگانی و پیشەسازی لە سەردەمی رینسانسدا لە ئەورووپا، ژیانی ئاسوودەتر کرد. خەڵکی کاتی پێویست و فرسەتیان بۆ چێژ وەرگرتن لە ژیان بە دەست هێنا. بازرگانە دەوڵەمەندەکان زۆرجار عاشقی هونەر و ئەدەبیات بوون و سەخییانە پارەیان دەدا بە وێنەکێشەکان و شاعیرەکان تا کاتی پێویستیان هەبێت بۆ وێنەکێشان و نووسین، عەشق بۆ جوانی لە سەرتاسەری ئەورووپادا بڵاوبۆوە و لە ژمارەیەك لە پەیکەرەکانی خۆیاندا نمایشیان کرد. لەم سەردەمەدا وێنەکێشان و پەیکەرتاشان و بیناسازان و نووسەران و هەندێك لە جوانترین شارەکانی جیهانیان بەرهەم هێنا.

لەشارە دەوڵەمەندەکانی ئیتاڵیادا، هونەرمەندانی ناوداری هاوشێوە لەگەڵ هونەرمەندانی یۆنانی کۆندا دەژیان، خەڵکی فلورانس ستایشکەری جۆرەکانی جوانی بوون، هیچ شارێك وەك فلورانس ئەم ژمارە زۆرەی وێنەکێش و پەیکەرەتاش و هونەرمەندی بە خۆیەوە نەبینی بوو. هونەرمەندە فلورانسییەکان کۆشکە جوانەکانیان بە دیوارە شینەکراوەکان بنیات نا، باخی کۆشکەکانیان بە پەیکەرەکان و فوارەکان دەڕازاندەوە و بە پەڕە قیڕینەکان دیوارەکانی دەرەوەی کۆشك بەرەنگە دڵگیرەکان دەیانڕازاندەوە. خواستی فلورانسییەکان ئەمە بوو کە شاری خۆیان بۆ جوانترین شاری ئیتاڵیا بگۆڕن.

لە ناوەڕاستی فلورانسدا کەنیسەیەکی هەشت ڕوو دروستکرابوو کە کۆرپە لە تازە لە دایك بووەکانیان بۆ ((غسل تعمید)) دەبرد بۆ ئەوێ . ((لورنزو گیبرتی)) پەیکەرتاشی فلورانسی دەرگاکانی لە برۆنز دروستکرد و پەیکەرەکانی لە نێوان چوارچێوە گرانبەهاکانیدا دانا کە بیرهێنەرەوەی حەکایەتەکانی ئینجیل بوو. هونەرمەندێکی ناودار بە بینینی ئەم دەرگایانە ئەمەی وتووە: ((ئەوانە زۆر جوانن، لەوانەیە دەروازەکانی بەهەشت بن)).

یەکێك لەو هونەرمەندانەی کە شاری فلورانسی بە جوانی دروستکرد، ((گیوتو)) بوو. ئەو شارە خۆشەویستەکەی نەتەنیا بە وێنەکێشان بەڵکو بە هونەری هەڵکەندن لەسەر بەردەکان دەڕازاندەوە. لەمەڕمەڕی سپی تاوەری زەنگداری بەرز و باریکی دروستکرد کە دەنگی زەنگەکان خەڵکی بۆ کەنیسە بانگ دەکرد، هەڵکۆڵینەکانی سەر تاوەر بریتی بوو لە شوانەکان و مەڕەکانی ئەوان و جوتیارەکان کە زەوییان دەکێلا و سەکۆکانی ژیانی رۆژانە.

بنەماڵەیەکی بازرگان لە سەدەی پانزەهەمدا لە فلورانس بە دەوڵەمەندی و دەسەڵات گەیشت، بەناوباگترین پیاوی ئەم بنەماڵەیە ((لورنزو دومدیچی)) بوو کە عاشقی جوانی بوو. لە باخێکدا کە چواردەوری کۆشکەکەی دابوو، پەیکەرە جوانەکانی یۆنانییەکان و رۆمە کۆنەکانی کۆکردبۆوە. ئەم پشتیوانە دەوڵەمەندەی هونەر، مێردمنداڵانی ئارەزوومەندی پەیکەرتاشی بۆ باخەکەی خۆی بانگهێشت دەکرد تا بە لێکۆڵینەوەی پەیکەرەکانەوە خەریك بن. بەشێکی مەڕمەڕی دەست لێنەدراو لەم باخەدا هەبوو کە گەنجانی هونەرمەند دەیانتوانی بە ئارەزووی خۆیان پەیکەرە جۆراوجۆرەکان لەوانە دابتاشن لە هەمان باخدا بوو کە مایکل ئانژ سێ ساڵی لە ژیانی خۆی بە لێکۆڵینەوە بەسەربرد.

لە یەکێك لە کارگەکانی فلورانسدا، تەختەبەردێکی گەورەی مەڕمەڕ هەبوو. سەردەمێك پەیکەرتاشێك هەوڵیدابوو تا پەیکەرێك لەوە دابتاشێت، بەڵام لەم کارەدا شکستی هێنابوو، دەگێڕنەوە کە مایکل ئانژ هەر کە ئەم بەردە مەرمەرەی بینی، داوای کرد کە ڕێگەی پێ بدەن لەسەر ئەو بەردە کاربکات. هەژدەمانگی ڕێك کەس ئەم پیاوەی نەبینی و بەکارکردنەوە خەریك بوو. کاتێك کە کارەکەی تەواوبوو، پەیکەری کوڕێکی شوانی عیبری و داود دەرکەوتبوو. ئەم پەیکەرە یەکێکە لە دڵگیرترین پەیکەرەکانی مایکل ئانژ. مایکل ئانژ وەك زۆربەی هونەرمەندانی سەردەمی ڕینسانس، بابەتەکانی خۆی لە ئینجیلەوە وەردەگرت، شاکاری ئەویان بە پەیکەری حەزرەتی موسا دەزانی. بە سەیرکردنی ئەم پەیکەرە گەورە و سەرنج ڕاکێشە بەرچاو دەکەوێت کە لەکاتی ئامۆژگاریکردنی پەیڕەوکارەکانی خۆیدایە لەسەر



لەوحەیەکی بەردین کە ((دە فەرمان))ی بەناوبانگی ئەو لەوەدا نووسراوە. بە پشت بەستن بە حەکایەتێکی چاخی دێرین ((عهد عتیق)) موسا ئەم لەوحەیەی لە شاخی سینا لەگەڵ خۆیدا هێنابووە خوارەوە.

مایکل ئانژ چ لە پەیکەرتاشی و چ لە وێنەکێشیدا هونەرمەندێکی ناوداری ئەو سەردەمەبوو، رۆژێك پاپا داوای لێکرد تاوەکو نەخش و نیگار لە سەقفی کەنیسەی (سیستن)دا بکێشێت.

مایکل ئانژ وتی: ((من پەیکەرتاشم نەك وێنەکێش)).

پاپا وەڵامی دایەوە: ((لە مرۆڤێکی وەکو تۆ، هەموو کارێك دەوەشێتەوە)).

هونەرمەند بەهۆی قەوسی سەقفی کەنیسەکەوە، ناچاربوو لەکاتی وێنەکێشاندا لەسەر داربەستێکی بەرز لەسەر پشت رابکێشێت. دەتوانرێت هەست بەوە بکرێت کە وێنەکێشێك لەم بارودۆخەکەدا چەند حاڵی پەشێوە، بەڵام مایکل ئانژ چوار ساڵی ڕێك هەموو رۆژێك ئەم کارەی ئەنجام داوە. زۆربەی ئەو رۆژانە تەنانەت بۆ خواردنی نانیش دەستی لەکار هەڵنەگرتووە. دەیوت: ((ئەوەندە لەسەر پشت راکشاوم و سەیری سەقفەکەم کردووە، بە تەواوی بێزاربووم، سەر و مل و چاوەکانم لە ئازاردا دەزریکێنێ، لە راستی ئەوەندە لەسەر پشت خەوتووم کە تازە هەر بەو شێوەیە راهاتووم و جگە لەم حاڵەتە ناتوانم هیچ کارێکی تر بکەم))، کاتێك کارەکەی تەواو کرد، سەدان وێنە لەسەر سەقفەکە کە ڕووداوەکانی ئینجیلی پیشان دەدا، دەبینرا. هیچ وێنەکێشێکی تر لە جیهاندا لە لایەنی گەورەییەوە شایەنی هەڵسەنگاندن نییە لەگەڵ ئەم وێنەکێشەدا.

یەکێك لە هونەرمەندە ناودارەکانی تری ئەو سەردەمە، لیوناردۆ داوینچی بوو کە لە فلورانسدا گەورە بووبوو. ئەو کۆمەڵێك هیوایەتی هەبوو لەوانە نووسەری و داهێنانی شتی تازە و مۆسیقا ژەنین و شاعیری و وێنەکێشان، وەك بەرچاو دەکەوێت ئەو لە هەموو کارێکدا سەرسووڕهێنەرانە دێتە پێشەوە. دەفتەری یادگاری نووسینی هەبوو، کە لەوەدا هەموو نەخشە و نووسینەکانی لە بارەی هەموو بابەتێکەوە کە ئارەزووی بکردایە دەنووسی. هەندێك لەم نووسراوانە هێشتا ماون، یەکێك لەوانە نەخشەی دەزگایەکی جەنگییە. لەم نەخشەیەدا، نووکێکی تیژی شێوە داس بە پێشەوە و دواوەی گالیسکە جەنگییەکانەوە نووساوە. بەڕووکەش وا دیارە کە کاتێك ئەسپەکان ئەم دەزگایە بۆ پێشەوە رادەکێشن، تیغەکان وەك مقەست کاردەکەن. نووسینەکانی لیوناردۆ داوینچی پیشانی دەدات کە درك و تێگەیشتنی ئەو لە

بنەماکانی ئەندازەیی و میکانیکدا زۆر بەرزتر بووە لە زانیاری گشتی سەردەمەکەی خۆی. داوینچی لە فڕینی باڵندەکانی دەکۆڵییەوە و هەوڵیدەدا لە هۆی فڕینیان تێ بگات، لە ئەنجامی تێڕوانینەکانیەوە وەك لە نەخشەکانیدا هاتووە، دەزگایەکی داهێنا کە لە باوەڕەدابوو کە مرۆڤ بە یارمەتی ئەوە دەتوانێت بە ئاسماندا بفڕێت. ئەم دەزگایە تەنیا پێویستی بە یەك ماتۆرە تاوەکو بفڕێت.

یەکێك لە وێنەکێشراوەکانی لیوناردۆ بەناوی (نانی ئێوارەی کۆتایی)یە کە یەکێکە لە شاکارە مەزنەکانی وێنەکێشان لە جیهاندا، بە پێی بنەماکانی حەکایەتی ئینجیل، عیسا تۆزێك لە پێش مردندا کە لە خاچدرابوو داوایکرد کە لەگەڵ راوێژکارەکانیدا نانی ئێواریٚ بخوات، کاتێك هەموویان لە جێگەی خۆیاندا دانیشتن، عیسا رووی تێکردن و وتی: ((بێگومان یەکێك لە ئێوە خیانەتم لیٚ دەکات))، راوێژکارەکان ترسان و هەر یەکێکیان لە خۆی پرسی: ((پەروەردگار! ئایا من خیانەت دەکەم))؟

لە وێنەیەکی گەورەی لیوناردۆدا عیسا و یاوەرەکانی لە تەنیشت مێزێکەوە دانیشتوون. بە راستی مانای رستەی ((بێگومان یەکێك لە ئێوە خیانەت لە من دەکات)) تازە وتراوە. حاڵەتی رووخساری راوێژکارەکانی و هەستی ئەوان لە کاتی بیستنی ئەم رستەیەدا ترسناك پیشان دەدا.

ئەوکاتەی کە مایکل ئانژ و لیوناردۆ بەناوبانگ بوون، وێنەکێشێکی لاو بەناوی (رافایل سانزیو) هات بۆ فلورانس، زۆری نەخایاند کە رافایل کەوتەبەر ئافەرینی هونەرمەندە ناودارەکانی شار. پاپا، رافایلی بۆ کێشانی وێنە لەسەر دیوارەکان بانگێشتی کرد بۆ رۆم، ((مریەم لەسەر کورسی یەکێکە لەو وێنانەی کە رافایل لە رۆم کێشانی، لەم وێنە جوانەدا مریەم، عیسای وەك هەموو دایکانی تر لە باوەش گرتووە. وێنە بەناوبانگەکەی ((مریەمی بازدەر)) بە باشترین وێنەی رافایلی دەزانن.

هونەرمەندانی ولاٚتانی باکووری ئەورووپا لەبەر ناوبانگی وێنەکێشانی ئیتالیا هەموویان بەم ولاٚتەوە نووسان، لەدوای بەدەست هێنانی زانیاری لە لای مامۆستا ئیتاڵییەکان، دەگەڕانەوە بۆ ولاٚتانی خۆیان و هونەری خۆیان دەخستەکار، وێنەکانی ئەم هونەرمەندە ناودارانەی سەردەمی رینسانس، گەنجینە پڕ بایەخەکانی گەلەرییەکان و کەنیسەکانی ئەورووپان و زۆربەی ئەوانە دەتوانرێت لە مۆزەخانەکانی هونەردا ببینرێت.



## چاپی بەردین

هەزاران ساڵ، خەڵکی بەشێوە جیاوازەکان کتێبیان دروست دەکرد. لە چاخە دێرینەکاندا بیروبۆچوون و کەشفەکانی خۆیان لەسەر تۆماری پاپیرۆس و لەوحە قوڕینەکان یان دیوارە بەردینەکانی ئەشکەوتەکان دەنووسی و لە سەدەکانی ناوەڕاستدا لەسەر رووی کاغەزە پێستییەکان شتیان دەنووسی، کتێب بە پێی پێویست دەست هەموان نەدەکەوت و ئەو ژمارە کەمەی کە هەبوو زۆر گران بوو. تەنیا دەوڵەمەندەکان دەیانتوانی کتێب بکڕن.

مرۆڤێك لە ناوەڕاستی سەدەی پانزەیەمدا فێربوو کە چۆن بە خێرایی زیاتر و نرخی کەمتر کتێب بەرهەم بهێنێت.

یەکێك لە هۆیەکانی ئەم پێشکەوتنە، هاتنە ناوەوەی کاغەزبوو بۆ ئەورووپا، کاغەزەکانی کە لە پێستی ئاسك یان مانگا ئامادە دەکرا، زۆر گران بوو، چینییەکان سەدان ساڵ لە پێش ولاٚتانی ئەورووپادا شێوازی تایبەتیان هەبوو بۆ ئامادەکردنی کاغەز، بەلاٚم ماوەیەکی دوورودرێژ ئەم شێوازەیان شاردبۆوە. پاشان عەرەبەکان ئەم نهێنییەیان کەشفکرد و گواستیانەوە بۆ ئەورووپا. کاغەز دروستکردن یەکێك بوو لە پیشە زۆر گرنگەکانی ئەورووپا.

هەنگاوی یەکەم لە دروستکردنی کاغەزدا نەرمکردنی پارچە کۆنەکان و یان تاڵە پەت و رەگ و قەدەکانی تر تا هەویرێکی نەرمیان دەست بکەوێت.

چینییەکان ئەم کارەیان بە سوودوەرگرتن لە هاوەن یان دەسکی هاوەن ئەنجام دەدا و پاشان چەکوشی هەرەمیان دروستکرد کە کاریانی ئاسان و زەحمەتیانی کەم دەکردەوە. کاتێك کرێکارێك لەسەر کۆتایی میلەپانەکەی چەکوشەکە دەوەستا، چەکوشەکە بۆ سەرەوە بەرز دەبۆوە و پاشان بە خێرایی بەرەو هاوەنەکە دەهاتە خوارەوە. کاغەزساز لە دوای نەرمکردن و کوتانی پارچەکان، ئەو بێژنگەی کە بە ئەندازەی پەڕە کاغەزێکی بە پێی پێویست- بوو دەیخستە ناو هەویرەکەوە. لەسەرخۆ تەکانیان بە بێژنگەکە دەدا هەتا ئاوەکەی لە هەویرە دەردەکێشا و هەویری سەر بێژنگەکە لوول دەبوو. پاشان هەویرەکەیان بە بەردێکی قورس دەخستە ژێر پەستانەوە تاوەکو باقی ئاوەکەی بێتە دەرەوە، بەسەرە پەتێکەوە هەڵیاندەواسی تا وشك ببێتەوە.

خەڵکی ئەورووپا لە سەرەتای سەدەی پانزەیەمدا شێوازێکی سادەیان بۆ چاپ کردن داهێنا. پارچەیەك تەختەیان بە پێی پێویستی خۆیان دەبڕی و لەسەر ئەوە ئەو وێنە و پیتانەی کە دەیانویست چاپ ببێت، بە شێوەیەکی پێچەوانە رەسمیان دەکرد، پاشان بە ژێرانە، بەشە جیاوازەکانی تەختە جگە لەم وێنە و پیتانەی کە رەسم کرابوو دەیانبرییەوە تا بەڕوونی دیاربن، پاشان رووە

هەڵکەندراوەکەیان مرەکەباوی دەکرد و ئەوەیان لەسەر لاپەرەیەکی کاغەز فشار دەدا و لە ئەنجامدا وێنە و پیتەکان لەسەر کاغەزەکە چاپ دەبوون. ئەم چاپەیان ناونابوو چاپی وێنەیی، کە زۆربەی دەربارەی ڕووداوەکانی ئینجیل بوو، هەژارەکان ئەوانەیان بەسەر دیواری ماڵەکانیادا هەڵدەواسی. دروستکردنی پەڕە و پێوەنووساندنیان بۆ دروستکردنی کتێب کاتێکی زۆری نەدەخایاند، بەم شێوەیە کتێبەکان بە چاپی بەردین چاپ دەکران، خەڵکی توانای کڕینی کتێبە جوانەکانی دەستکردی ڕاهیبەکانیان نەبوو، بەڵام ئەو کتێبە وێنەییانە هەرزان بوون و خەڵکی زۆر بە دڵیان بوو.

تەنانەت بە کلێشە تەختەییەکانیش چاپی کتێب درێژخایان و نارێک بوو چونکە دەبێت بۆ هەموو پەڕەیەک کلێشەکەیان سەر لەنوێ هەڵکەندایەتەوە. هەر کاتێک کەسێک دەیویست سەر لەنوێ کتێبێکی تازە چاپ بکات، دەبوایە کلێشەیەکی تازەی دروست بکردایە.

سەرەڕای ئەم جۆرانە لە چاپ بەڵام تا دەوروبەری ساڵی ١٤٥٠ی زایین، چاپی کتێب ئەوەندە بەرەو پێشەوە نەچوو. لەم ساڵەدا کەسێک بەناوی ((یوهان گۆتننەنبەرگ)) کە خەڵکی شاری ((ماینتس))ی ئەڵمانیا بوو، شێوازێکی نوێی بۆ چاپکردن داهێنا. هاوکات لەگەڵ گۆتنبەرگ، شێوازەکانی تری چاپکردن لە وڵاتانی تر بە تایبەتی هۆڵەندا تاقی دەکرایەوە.

## دەزگای چاپ

گۆتەنبەرگ ژمارەیەک کتێبی بە شێوازی کلێشەیی تەختەیی دروستکردبوو بەڵام ئەم شێوازەی کارەکەی زۆر بەهێواش دەزانی، ماوەیەک بڕیاری دابوو تا کتێبی ئینجیل چاپ بکات بەڵام باش دەیزانی کە بەم کلێشە تەختەییانە هەرگیز توانای چاپکردنی کتێبێکی قەبارە گەورەی وەک ئینجیلی نابێت. پاشان بیری لە ڕێگە چارەیەکی تر کردەوە تا شێوازێکی خێراتر بدۆزنەوە. ڕۆژێک کە لە گەرمەی کاردابوو، فیکرەیەکی سەیر بە مێشکی داهات. بۆچی لەجیاتی هەڵکەندنی پیتەکانی پەڕەیەک لەسەر کلێشەیەکی تەختەیی، پیتە جیاوازەکانی ئەلف و بێ لەسەر کلێشەکان دروست نەکات؟ دواجار پیتەکانی لەسەر کلێشە هەڵکەند و لە تەنیشت یەکترەوە پیتەکانی دانا، وشەکان و ڕستەکانی بە پیی پێویست ڕێکخست. بەم شێوەیە دەیتوانی بە چەند جارێک وشەی زۆر دروست بکات و لەمەبەدواوە چاپکردنی کتێب ئیتر کاتێکی زۆری پێنەدەچوو.

گۆتەنبەرگ ئارەزوومەندانە دەست بەکاربوو، بە موشار لە پارچەیەک تەختە، پارچەی بچووکتری بڕی و لەسەر هەر پارچەیەک پیتێکی هەڵکەند تا هەموو پیتەکانی ئەلف و بێ لەسەر



پارچە تەختەکان هەڵکەندران. پیتەکانی لە ریزێکدا ڕێک دەخست تا وشە و پاشان ڕستە دروست بکات. چوارچێوەیەکی بچووکیشی دروستکرد تا ریزی پیتەکان بکەونە تەنیشت یەکترەوە.

گۆتەنبەرگ لە کاتی چاپکردنی کتێبدا بەم پیتانە، تێگەیشت کە ئەگەر بیەوێت لەسەر کاغەزێک شوێنەوارێکی ڕوون بەجێ بهێڵێت، دەبێت فشارێکی زۆر بخاتە سەر ئەو چوارچێوەیەی کە پیتەکانی تێدا ریزکراوە. چونکە زۆرجار بینی بووی لە کاتی دروستکردنی شەرابدا، ترێکە بە فشارێکی قورس دەیفلیقێنێتەوە. کاغەز دروستکەرانی بینی بوو کە بۆ دەرکێشانی ئاو لە پەڕەکانی کاغەزدا سوود لە پەستاوتن وەردەگرن. بەم شێوەیە بە مێشکی داهات کە بۆچی ئەویش سوود لەم شێوازە وەرنەگرێت. بۆ چاپکردن چوارچێوەیەکی ستوونی دروستکرد کە خلۆکەی گەورە بە ئەوەوە بەسترابۆوە کە بۆ سەرەوە و خوارەوە دەجووڵایەوە. بە بەشی خوارەوەی خلۆکەکە، تەختەیەکی پێوە نووسابوو. پیتە چاپکراوەکانی کە لە چوارچێوەکەدا ڕێکخرابوو، لە ژێر تەختەکەدا دایان دەنا. پاشان پیتەکانیان مرەکەباوی دەکرد و پارچەیەک کاغەز لەسەر ئەوە دادەنرا. ئەوکاتە خلۆکەکەیان بۆ خوارەوە دەهێنا تاوەکو فشار بخاتە سەر تەختەی سەر کاغەزەکە، ئەو کاتە بە بەرزکردنەوەی خلۆکەکە، تەختەکەش دەهاتە سەرەوە، ئەمە یەکەمین جاربوو کە بە دەزگای چاپ نووسراوێک لە سەر کاغەز چاپ دەکرا.

کارەکەی گۆتەنبەرگ هێشتا تەواو نەبووبوو، هەستی بەوەکرد کە بە هۆی سوود وەرگرتنی بەردوام لە پیتە تەختەییەکان، ئەوانە زۆرخێرا شێوەی خۆیان لە دەست دەدەن و لە کاتی چاپکردندا پیتەکان بە ڕوونی دەرناچن، پیتە چاپییەکانی ئەو دەبوایە لە ماددەیەکی پتەوتر و بەرگری زیاتر دروست بکردایە. کانزا چییەکان قاڵبی بچووکیان لە کانزا دروست دەکرد، بۆچی سوود لە کانزا وەرنەگرێت بۆ دروستکردنی پیتەکانی چاپ؟ گۆتەنبەرگ سەرەتا هەوڵیدا لە حەوجۆش پیتەکان دروست بکات بەسەرنجدان لەوەی کە حەوجۆش ماددەیەکی زۆر نەرمە. پیتەکانی لە ئاسن دروست کرد بەڵام هەستی کرد کە ئاسن ماددەیەکی ڕەق و سەختە و پیتە ئاسنینەکان، وردە کونەکان لەسەر کاغەزەکە دروست دەکەن، پاشان ماددەیەکی لە تێکەڵەی چەند کانزایەک دروستکرد و لە دوای تاقیکردنەوەیەکی لەم کارەدا سەرکەوت.

بەڵام هێشتا کێشەی تریش هەبوو. لەو سەردەمەشدا هەر سوودیان لەو مرەکەبە وەردەگرت کە ڕاهیبەکان لە کۆندا بەکاریان دەهێنا، ئەم مەرەکەبە بە پیتە کانزاییەکانەوە نەدەنووسا و بە شێوەی دڵۆپ هەڵی دەدا و پەڵەی لەسەر کاغەزەکە دروست دەکرد. دەبێت چی بکرێت؟ وێنەکێشەکان بە تێکەڵ کردنی سووتووی چرا و ڕۆنی کەتان، ڕەنگی نوێیان دروستکردبوو.

گۆتەنبەرگ ئیلهامی لە کارەکەی ئەوان وەرگرت و تاقیکردنەوەی زۆری کرد تا لە کۆتاییدا مەرەکەبێکی دروست کرد کە گونجاوبوو بۆ دەزگای چاپ.

گۆتەنبەرگ بە درێژایی چەندان ساڵ تاقیکردنەوەی دەکرد و کەموکورییەکانی دەزگای چاپکردنەکەی خۆی چاکتر دەکرد. ڕۆژێگارێك هاتە پێشەوە کە بۆ درێژەدان بە کارەکەی پارەی بە دەستەوە نەبوو. بازرگانێکی دەوڵەمەند بەناوی ((یوهان فوست)) بە پێشنیارەکەی خۆشحاڵ بوو، وە بەپێدانی سەرمایە بووە شەریکی. چاپکردنی ئینجیلی گۆتەنبەرگ زۆر بەهێواشی بەرەو پێشەوە دەچوو، وە فوست کە بە تێپەربوونی چەند ساڵێك هێشتا بە مەبەستی خۆی نەگەیشتبوو، لە ئەنجامدا فوست بابەتەکەی ڕاپێچی دادگا کرد و قازی بڕیاری دا کە هەموو دارایییەکەی گۆتەنبەرگ لەوانە ئامێرەکانی کارەکەشی دەبێت لە بەرامبەر قەرزدا، بدرێت بە فوست.

ئەمە زەربەیەکی ترسناك بوو، هەموو ڕەنجی چەند ساڵەی بەفیرۆچوو. بەبێ پارە یان کەرەستە دەتوانێت چی بکات؟ بەم حاڵەشەوە باوەڕێکی چەسپاوی بەهزر و بیرە گەورەکەی خۆی هەبوو، وە هێشتا لە قاچ نەکەوتبوو جارێکی تریش قەرزی لە هاوڕێکانی کرد و دەستی کردەوە بەکار.

خەونی گۆتەنبەرگ بۆ چاپکردنی ئینجیل، لە دوای چەندان ساڵ هەوڵی سەخت و نائومێدبوون و ڕەنج کێشان، لە ساڵی ١٤٥٦ی زایینیدا وەك هەقیقەتێکی نەمر بەرچاو دەکەوێت، یەکەمین کتێبێك کە بە پیتە کانزاییە جوڵاوەکان دروستکرا، هەمان ئینجیل بوو.

## چاپی کتێبی ئاسایی

شێوازە نوێکەی گۆتەنبەرگ لە بواری چاپکردنی کتێبدا بەسەرتاسەری ئەورووپادا بڵاوبۆوە و هەزاران کتێب بەم شێوە چاپکرا، چاپخانەکان کە هەواڵێکی سەرنج ڕاکێشیان دەست دەکەوت، ئەوەیان بە شێوەی مەرزەمە چاپ دەکرد. ئەم لاپەڕانەی هەواڵ کە لە سەرەتادا بە شێوەیەکی ناڕێکوپێك چاپ دەکرا، ئاسایی هەموو هەواڵەکان لە بارەی ڕووداوە بڵاوەکانی وەك جەنگەکان و تاج لەسەرنانەکان و ڕووداوە گرنگەکان بوو ساڵانێك لەدوای ئەوە، ڕۆژنامە ڕێکوپێکەکان کە هەواڵەکان و ڕووداوە جۆربەجۆرەکانیان لەخۆ گرتبوو، بڵاوبۆوە. سەرکەوتنی گۆتەنبەرگ لە دەزگای چاپکردندا، دەسکەوتێکی پڕ بایەخ بوو بۆ خەڵکی.

لەو سەردەمەدا زۆربەی ئەورووپا نەخوێندەواربوون، هەر چەندە دێرەکان قوتابخانەیان هەبوو. بەڵام پاشاکانی وەك شارلمانی لە فەرەنسادا و ئالفێرد لە ئینگلتەرا هانی پەروەردە و فێرکردنی



منداڵەکانیان دەدا، بەڵام ئەم کارە سنووردراوبوو بۆ ژمارەیەك خەڵکی دیاری کراو بڵاوبوونەوەی زانیاری و بیروبۆچوونەکان بە شێوەیەکی نەرمونیانە ناڕێکوپێك بوو، زۆربەی خەڵکی ژیانیان لە نەزانی و خورافاتدا بە سەردەبرد، داهێنانی چاپ بڵاوبوونەوەی زیاتری زانستی لە وڵاتاندا دەستەبەرکرد و هەژارەکان لەگەڵ دابەزینی نرخی کتێبەکاندا توانایی بەدەست هێنانی ئەوانەیان هەبوو. بەم شێوەیە هەزاران کەس فێری خوێندەواری بوون و توانییان کتێبە نوێکان بخوێننەوە، خەڵکی تامەزرۆیانە ریسالەکان و لاپەڕەکانی هەواڵە تازە چاپکراوەکانیان دەخوێندەوە و بەم ڕێگەیە ئاگاداری ڕووداوەکانی وڵاتەکانی تری ئەورووپا بوون.

## چاپ چۆن هاوکاری خەڵکی کرد تا ئازاد بن

حکوومەتەکان زوو هەستیان بەم خاڵە کرد، کە چاپکردنی کتێب کاریگەری لەسەر بیروبۆچوون و کاروکردەوەکانی هاووڵاتیان بەجێ دەهێڵێت و بیروباوەڕی نوێ بڵاودەکاتەوە. حکوومەتەکان لەم شێوە نوێیەی دەربڕینی بیروبۆچوونەکان دەترسان و ئەو کەسانەی سوودیان لە دەزگای چاپکردن وەردەگرت بۆ مەبەستی چاکسازی، بە توندی ڕووبەڕوویان دەبوونەوە. یەکێك لە خاوەن پۆستەکانی ئینگلتەرا وتی: ((یان ئێمە دەزگایی چاپ لەناو دەبەین و یان دەزگای چاپ ئێمە لە ناو دەبات)). لەو سەردەمەدا ڕەخنەگرتن لە پاشا و وەزیرەکان و پەرلەمان بە تاوان دەژمێردرا. لۆرد رییس دیوانی تایبەتی پاشایی ئینگلتەرای ئاشکرا کرد: ((نووسین داوایەکە دەربارەی حکوومەت، چ بە ئامانجی گەورەکردن و چ بە مەبەستی تۆمەت هەڵبەستن، بە تاوان دەژمێردرێت چونکە هیچ کەس مافی قسەکردنی نییە لە بارەی حکوومەتەوە)).

سزای ئەم جۆرە کارانە، گوێ بڕین و زمان بڕین و یان ئەشکەنجەدانەکانی تر و مەرگ بوو، لەگەڵ ئەوەشدا چاپخانەکانی کماکان درێژەیان بە چاپکردنی بیروباوەڕەکانی خۆیاندا، چونکە لەو باوەڕەدابوون کە بە زانینی هەقیقەت ئازاد دەبن، زۆربەی خاوەن چاپخانەکان جورئەتی ئەم تۆمەتانەیان کردبوو کە هەندێك لە بیروباوەڕەکانیان بڵاوبکەنەوە، بە ستوونەکانەوە بەستیاننەوە و قامچییان لێدان. یەکێك لەم کەسانە ئەمەی وتووە: ((بهێڵن تا سەر ئێسقانی شەرمەزاریت ئازارت بدەن، فرێت بدەنە زیندانەوە، حوکمت بدەن، بهێڵە تەنانەت لەسێدارەشت بدەن، بەڵام بیروباوەڕت چاپ بکە، ئەمە یەك ماف نییە بەڵکو ئەرکێکە و یەکێکی تر دەیوت: ((من بیست و شەش سەربازی بچووکی حەوجۆشم هەیە کە بەوانە جیهان داگیر دەکەم)).

یەکێك لە بەناوبانگترین چاپچییە دێرینەکان، پیاوێك بوو کە خەڵکی وڵاتی ئیتاڵیا بوو. کە چاپخانەی ((ئالدین))ی لە شاری ((ونیز)) دامەزراند. ئەو لە چاپخانەکەی خۆیدا ئەدەبیاتی کلاسیکی بە زمانەکانی لاتینی و یۆنانی و ئیتاڵی بە چاپ گەیاند ویلیام کاکستۆنی)) یەکێکی تربوو لە چاپچییە دلێرەکان کە بۆ یەکەمینجار کتێبەکانی بە زمانی ئینگلیزی چاپکرد.

دونیای ئەمڕۆ قەرزاری ئەو چاپچییە ڕۆح سووکانەیە کە بۆ ئازادی چاپەمەنییەکان تێکۆشاون. بڵاوبوونەوەی بیروباوەڕەکان لە کتێب و گۆڤار و ڕۆژنامەدا لە گرنگترین هۆکارەکانە کە مرۆڤ بە یارمەتی ئەوە لە مافەکانی پەیوەست بە جیهانەوە ئاگادار دەبێت.

## پەروەردە و فێرکردن لەناو خەڵك دا بڵاودەبێتەوە

ئارەزووی فێربوون سەرتاسەری هەموو ئەورووپای گرتەوە. لە هەموو شارە گەورەکاندا قوتابخانەیان دروستکرد و مەڵبەندی فێرکاری دامەزرا، مامۆستاکان سەفەریان لەم شارەوە بۆ ئەو شار دەکرد و زانیارییان دەدا بەفێرخوازانی زانست، وردە وردە مامۆستای وانە جیاوازەکان لە ژمارەیەك مەڵبەندی وەك پاریس و ئۆکسفۆرد کۆبوونەوە. هەمان کار واتە مەڵبەندە فێرکارییەکان لە شوێنێکدا بووە هۆی خەرجییەکی زۆر بۆ مامۆستاکان و خویندکارانی زانکۆ، بەم شێوەیە زانکۆکان پێك هاتن.

لاوەکان بە لێشاو هێرشیان بۆ زانکۆکان دەهێنا، زۆربەیان هەژار بوون و جگە لە نانی وشك بۆ خواردن کە لە ئاویان هەڵدەکێشا، هیچیان نەبوو. ژیانی خوێندکاری زانکۆ زۆر سەخت بوو، سەرەتا زانکۆکان بینای تایبەت بە خۆیان نەبوو. لە ئەنجامدا مامۆستاکان بۆ خۆیان ژووری چۆڵیان پەیدا دەکرد بۆ وانە وتنەوە بە خوێندکارەکان، کتێبی مەنهەجی نەبوو.

مامۆستا بە هێواشی وانەکەی دەوتەوە و خوێندکارانی زانکۆ بە ناڕەحەتی وتەکانی ئەویان وشە بە وشە دەنووسییەوە.

بازرگانەکان بە گەشەی بازرگانی لە شارەکاندا، هەستیان کرد کە کاری بازرگانی پێویستی بە خوێندن و نووسین و حیساب کردنە، لەبەرئەمە بازرگانە دەوڵەمەندەکان قوتابخانەکانیان دامەزراند. گەشتیارەکان و خاچ پەرستەکان کە ژمارەی عەرەبی لە ڕۆژهەڵاتەوە فێربووبوون، هەر ئەوەیان لە ئەورووپادا کرد بە ڕەسمی. خەڵکی زۆر ئاسانتر فێری ژمارەی عەرەبی دەبوون لە چاو ژمارەی قورسی ڕۆمی. مێردمنداڵان لە کتێبەکانی ئەلف و بێدا کە ناوی ((کتێبی شاخی)) بوو، خوێندنەوە فێر دەبوون لە ڕاستیدا ئەم کتێبە لاپەڕەکانی کاغەز بوو کە لەسەر



ئەوە پیتەکان و دوعا نووسرابوو. کاغەز لەناو چوارچێوەیەکی تەختەییدا جێی دەگرت و رووی ئەوەیان بە چینێکی تەنك و ناسکی شاخی گا دادەپۆشی. هەندێك لەوانە دەسکێکی کونداری هەبوو کە بە پەت بە پشتێنەکانیانەوە یان بە کەمەربەندەکانیانەوە دەبەستەوە.

بۆ فێرکردنی خەڵك سوودیان لە ئینجیلیش وەردەرگرت هەزاران کەس لە هەژاران بە خوێندنەوەی کتێبی پیرۆز، فێری خوێندنەوە بوون. لەو شوێنانەدا گرووپە جۆراوجۆرەکانی پروتستان هەبوو. ئەندامانی ئەو گرووپانە ئارەزوومەندبوون کە منداڵەکانیانیش لەسەر هەمان مەزهەب گەورە بکەن. لەبەر ئەمە کۆمەڵێك قوتابخانە دامەزرا کە منداڵەکان فێری زانیارییە مەزهەبییەکان و خوێندنەوەی ئینجیل بکات.

شاعیر و نووسەر و شانۆنووس و مێژوونووسە گەورەکان و ناودارەکان لە یۆنان و ڕۆم دەژیان. لە دوای هێرش و وێرانکارییەکانی خێڵە بەربەرییەکان بۆ سەر ئەورووپای ڕۆژئاوا، هەموو زانیاری و کەلتووری خەڵکی کۆن پشتگوێ خرابوو، ڕاهیبەکان و ژمارەیەك خەڵك لەوانە ئاگاداربوون. لە قوستەنتەنییە واتە ئەوپەڕی ڕۆژهەڵاتی ئەورووپا، هێشتا ئەم زانیارییە کۆنانە هەبوو، ئەم شارە پڕبوو لە قوتابخانە کە بەسترابوونەوە بە شاکارە کۆنەکانەوە و ئەوانەیان دەخوێندەوە. قەفەزەکانی کتێبخانەی ئەم شارە لێوان لێوبوو لە کتێبە خەتییە پڕ بایەخەکان. لەساڵی ١٤٥٣ی زاییندا قوستەنتەنییە کەوتە دەستی تورکەکان. زۆربەی قوتابییەکان هەڵهاتن بۆ ئیتاڵیا و لەگەڵ خۆیاندا کتێبە خەتییە بە بایەخەکانیان هێنا کە لە کتێبخانەکانی شاردا بە پارێزراوی مابوونەوە. بوونی ئەم کتێبانە لە ئیتاڵیادا بووە هۆی ئەوەی کە پەیوەندی خەڵك بە زانیاری نوێیەوە سەقامگیر بێت.

هەواڵی ئەوەی کە زانیاری نوێ بە خێرایی بەسەرتاسەری وڵاتانی ئەورووپادا بڵاوبۆوە و زۆربەی مامۆستاکان بۆ لێکۆڵینەوە سەفەریان بۆ ئیتاڵیا کرد. ئەوانە هەموو نووسراوە کۆنەکانی کە دەستیان دەکەوت. کۆیان کردەوە و لەسەر ئەوانە نووسینەکانیان ئامادە دەکرد. لە کتێبخانەکانی دێر و کەنیسەمزگەوتییەکاندا بە بەدواداچوونەوە خەریك بوون و زۆربەی کتێبە خەتییە پشتگوێ خراوەکانیان زیندووکردەوە. توێژەران بەهات و هاوار و شادییەوە شیعرەکانی ((هۆمیر)) و ((ڤیرژیل))یان دەخوێندەوە و وتارە بەشکۆکانی ((سیسرۆ)) و ((دموستین)) دەکۆڵییەوە. جارێکی تر، شانۆ بێ وێنەکانی چاخی کۆن و درامای یۆنانی و ڕۆمی بەشێك بوو لە ئەدەبیاتی گەورەی زیندوو.

زانکۆکان زانیاری نوێیان لەئاستێکی بەرزدا بە ئەورووپادا بڵاو دەکردەوە. خەڵکی حەزیان دەکرد کە ئەم ئەدەبیاتە کۆنە بەزمانە بنچینەییەکەی خۆی بخوێننەوە، لەبەر ئەوە فێربوونی

زمانی یۆنانی و لاتینی لەوانە گرنگەکان بوو. بەم شێوە زانیاری یۆنانییەکان و رۆمەکانی چاخی کۆن دووبارە زیندوو بۆوە. زیندووکردنەوەی زانیاری کلاسیك بە بەشێکی گرنگ لە رابوونی گەورەی رۆژئاوا دەژمێردرێت.

## شاعیر و شانۆنووسە ناودارەکان

چەندان سەدە لە دوای دارمانی رۆم، تارادەیەك لە ئەورووپادا هیچ شاعیرێك یان شانۆنووسێکی بەناوبانگ دەرنەکەوت. بەلام لەسەردەمی رینسانسدا، هزرە نوێکان کاریگەرییەکی زۆریان لەسەر هەستی خەلکی بەجێ هێشت و نووسەرانی نوێ بۆ دەربڕینی ئەم هەستانە پێیان بۆ ئەم مەیدانە هەلنا. ئەم نووسەرە نوێیانە لەجیاتی زمانی لاتینی کە لەسەدەکانی ناوەڕاستدا زمانی رەسمی بوو، بەزمانی خەلکی خۆیان دەیاننووسی. لە دەوروبەری سەدەی چواردەیەم یان پانزەیەمی زایینیدا هەموو میللەتێك ئەدەبیاتێکی تایبەت بە خۆی بەرهەم هێنابوو.

لەئینگلتەرادا، لەسەردەمی حکوومەتی شاژن ئیلیزابێت دا، ئەدەبیاتێکی سەرسووڕهێنەر دەرکەوت. بەقسەی نووسەرێکی ئەو زەمانە، ئینگلتەرای ئەو رۆژگارە ((هێلانەی بالندە ئاوازخوێنەکان)) بوو، چونکە هەموویان لە دۆخی هۆنینەوەی شیعردابوون لە لایەکی ترەوە، خەلکی سەردەمی ئیلیزابێت عاشقی شانۆ بوون، گرووپی ئەکتەرەکان سەفەریان بەشارەکان دا دەکرد و شانۆیان بۆ خەلکی نمایش دەکرد، هەموو هونەرمەندان، پیاو یان کوڕبوون، ئەگەر بیانویستایە ئەکتەرێکی ژن رۆل لە شانۆکەدا ببینێت، کوڕەکان جلوبەرگی ژنانەیان دەپۆشی بەو شێوە رۆلی ژنیان دەبینی، تەنانەت ئەگەر دەقی شانۆکە پەیوەست بوایە بەکات و شوێنێکی تریشەوە. ئەکتەرەکان گۆڕانیان لە جلوبەرگی خۆیاندا نەدەکرد. جگە لە چەند پەردەیەکی هەلواسراو لەسەر سەکۆی شانۆکە هیچ دیکۆراتێکی تریان لەکارەکەیاندا نەدەکرد.

بۆ ئەوەی کە بینەران بتوانن سەکۆکە ببینن، لەسەرەتای هەر پەردەیەکی نمایشەکە تابلۆیەکیان بەرزدەکردەوە تا وەسفی ئەو شوێنە بکات کە شانۆکەی تێدا پێشکەش دەکرێت. جێگای شانۆیی ئەو سەردەمە لەگەل هۆلی شانۆکانی ئێمەدا جیاوازییەکی زۆری هەبووە، لە لایەکی سەکۆی شانۆدا سەقفێك هەبوو، وە لەلاکەی تریشدا چەند جێگەیەکی سەقفداریان دروستکردبوو، زەوییەکی سەربەتال کەوتبووە نێوان ئەو دوو بەشەوە، بلیتی هاتنە ژوورەوەی ئەم بەشە زۆر هەرزان بوو، کە ئاسایی خەلکە تورە و پڕ هەرا و هوریاکان لەوێدا دادەنیشتن هەر کاتێك هەستیان بەخۆشی شانۆکە دەکرد، دەیانکرد بە هەرا و هوریا و فیکەلێدان و جگە لەم حالەتەش هوهویان دەکرد، شتیان دەگرتە ئەکتەرەکان.



لەناو هونەرمەندەکانی لەندەندا لاوێکی هەژار بەناوی ویلیام شکسپیر هەبوو، کە بۆ بەدەست هێنانی سەروەت و سامان لەشاری ((ئیستراتفۆرە))وە هاتبوو بۆ لەندەن. لەو باوەڕەدابوو کە دەتوانێت شانۆی لەوە باشتر بنووسێت کە لە سەر سەکۆی شانۆکان نمایش دەکرا، رۆژێك شاژن ئیلیزابێت لە کاتی نمایشکردنی ئەو شانۆیەی کە شکسپیر نووسی بوو، ئامادەبوو، و زۆر چێژی لەسەیرکردنی وەرگرت، ناردی بە دوای شانۆنووسە لاوەکەدا و داوای لێکرد تا شانۆیەکی تر بنووسێت.

شکسپیر لەدوای بەجێهێشتنی کاری ئەکتەرێتی، هەموو کاتی خۆی بەشانۆ نووسینەوە بەسەر دەبرد. هەندێك لەوانە کۆمیدی و هەندێکی تر تراژیدی و ژمارەیەکیشیان مێژوویی بوون. کەسێتییەکانی شانۆی ئەو بەشێوەیەك راستەقینەیە کە تەنانەت خەلکی ئەمڕۆش بە خوێندنەوە یان بەسەیرکردنی ئەم شانۆیانە چێژ وەردەگرن. شکسپیر گەورەترین شانۆنووسی ئینگلیزە.

## لە ئەفسانەوە تا زانست

خەلکی سەدەکانی ناوەڕاست باوەڕیان بە دەرکەوتەکان هەبوو، کە ئەمڕۆ هەموو ئەوانە بە ئەفسانە دەناسرێن. خەلکی ئەو زەمانە بەشێکی زۆری شتەکانیان بەچارەڕەش و شوم دەزانی، بۆ نموونە رۆژی هەینییان بە নاموبارەك و ژمارەی سیانزەیان بە شوم دەزانی، نوشتە یان چاوەزارەکانیان دەکرد بە خۆیانەوە تا لە بەرامبەر بەلا و ئافاتدا پارێزگارییان لێ بکات، بازاڕی فالگرەوەکان و بەخت گرەوەکان کە زمانحالی پێشبینییەکانی ئایندەبوون قەرەبالغ و گەرم و گوڕبوون، خەلکی لەو باوەڕەدابوون کە رۆحە ناپاکەکان لە جێگا چۆلەکاندا هاتووچۆ دەکەن و شەوان بەرێدا دەرۆن و جنۆکە و پەری و دێوەکان لەدارستانەکاندا دەژین.

بەلای خەلکەوە جادووگەرەکان کەسانێك بوون کە بۆ گەیشتن بە دەسەلاتی جادوویی، رۆحی خۆیان بەشەیتان دەفرۆشن. لەو باوەڕەدابوون کە جادووگەرەکان خۆیان یا کەسانی تر بە شێوەی گیانەوەرەکان دەردەخەن. هەورەگرمە و هەورە بروسکە دروست دەکەن و بەروبومی کێلگەکان خراپ دەکەن. شتی تیژ و سوژن و دەرزی یەخە و شتی تریان بە لەشی قوربانییەکانی خۆیانەوە دەکەن و کە دەبنە هۆی نەخۆشی و مردن. لەو باوەڕەدابوون کە شەوان جادووگەرەکان لەگەل دەسکی گسك دا بە ئاسماندا هەلدەفرن و لەکات و شوێنی چۆلدا چاویان بە یەکتر دەکەوێت دەیانوت کە لەم جەژنی ((سبت))ی ساحیراندا، خودی شەیتان ئامادە دەبێت.

خەلکی لە سەدەکانی ناوەڕاستدا لەو باوەڕەدابوون کە جوولەی ئەستێرەکان ژیانی مرۆڤ دیاری دەکەن، خەلکی لەگەل ئەستێرەناسەکاندا دەربارەی کاروبارە جیاوازەکانی وەك کاتی

گونجاو بۆ بازرگانی و شووکردن و ژن هێنان و سەفەرکردن، گفتوگۆیان دەکرد. جادووگەرەکان کەسانێك بوون کە هەوڵی بەدواداچوونی رازەکانی سروشتیان دابوو. ئەوانە لە تاقیگەکانی خۆیاندا بە هۆی مەنجەڵە کوڵاوەکان و دمی ئاسنگەری و بتڵی شووشەی سەیر و سەمەرەی پڕ لە شلەی رەنگاورەنگی تێکەڵاو، قەرەباڵغ کە بەرچاودەکەوت. بە نهێنی کاریان دەکرد، بۆدرەیان لە دەموچاویان هەڵدەسوو، ماددەی جیاوازیان دەسووتاند و گڕی سەیر و رەمزداریان دروست دەکرد. زۆرجار شلەکانیان بەیەکەوە تێکەڵ دەکرد و گۆڕانکاری لەوانەدا دەبینرا. ئەم جادووگەرانە ئومێدەواربوون رۆژێك شێوازێك بۆ گۆڕینی کانزا ئاساییەکان بۆ زێڕ بدۆزنەوە.

بێگومان ئەم جادووگەرانە هەرگیز سەرکەوتوو نەبوون لەکەشفکردنی ئەم رازەدا کە بەردەوام عەودالی بوون. بەڵام توێژینەوەکانیان لەبارەی گۆڕانکاری ماددە زانستییەکانەوە بووە بنەمای ئەو زانستەی کە ئێستا بە کیمیا ناو دەبرێت.

# پیاوێکی زۆرزان

لەگەڵ ئەوەی کە تەنانەت لەو سەردەمەشدا زانای راستەقینە پەیدا بووبوون، ((راجەر بەیکون)) راهیبی فەڕەنسی، کە یەکێك بوو لە زاناکان کە لە سەدەی سیانزەیەمدا لە ئینگلتەرا دەژیا. ئەو تاقیگەیەکی لە دێرێکی بەجێ ماودا دروستکرد و خۆڕاگرانە ساڵەهای ساڵ بە مەبەستی درك کردنی یاساکانی سروشت تاقیکردنەوەی دەکرد. خەڵکی دەیانوت ئەو شووشەیەکی سیحراوی هەیە بە هۆی ئەوەوە ئەو جنۆکە بچووکانەی کە لە قاپێك ئاودا سەمایان دەکرد، ئەو دەیبینی. لەوانەیە ئەم کەرەستەیە مایکرۆسکۆبێك بووبێت، بە هەمان شێوە دەیانوت لوولەیەکی سەیری هەبوو کە بە ئەوە دەیتوانی شتی زۆر دوورتر ببێنێت کە چاوی ئاسایی نەیدەبینی، کە لەوانەیە تەلسکۆب بووبێت.

راهیبێکی ئیتاڵی کە چاوی بە بەیکۆن کەوتبوو، ئەمەی نووسیوە: ((لەوشتانەی کە پیشانی دام بەردێکی رەشی گەورەبوو کە پێی دەوترا موگناتیس. تایبەتمەندییەکی ئەم بەردە ئەوەبوو کە ئاسنی بۆ لای خۆی رادەکێشا و ئەگەر دەرزییەك لەم بەردە بخەین و پاشان لەسەر ئاوێکی کەم دایبنێین، یەکسەر بە ئاڕاستەی ئەستێرەی باکوور دەسوڕێتەوە، لەبەرئەوە لە شەودا هەرچەندە ئاسمان تاریك بێت و لە ئاسماندا مانگ و ئەستێرە نەبێت، هەموو دەریاوانێك بە یارمەتی ئەم دەرزییە دەتوانێت ئاڕاستەی کەشتییەکە بە پێی پێویست بگۆڕێت، ئەم کەشفە بۆ هەموو دەریاوانەکان بەسوودە، دەبێت تا ماوەیەکی تریش



بەشاراوەیی بمێنێتەوە چونکە هیچ کەشتییەوانێك جورئەتی سوودوەرگرتن لەوەی نابێت، چونکە وادەزانێت ئەمە جادووگەرە و تووشی بەدگومانی دەبێت، لەگەڵ ئەوەشدا هیچ کەشتیوانێك ئامادەنییە بەم جۆرە کەرەستەیە کە دڵنیایە دروستکراوی شەیتانە، بەدەریادا بڕوات))، لەوانەیە ئەمە یەکەمین قیبلەنما بووبێت لە ئەورووپادا.

راجەر بەیکۆن لە راستی زانایەك بوو کە زۆر پێشکەوتووتر لەسەردەمی خۆی دەژیا. ئەو لە یەکێك لە نووسینەکانیدا داهێنانێك بۆ ئایندە پێشبینی دەکات کە راست و دروستی ئەوانە سەرسووڕهێنەرە:

دەتوانرێت ئامێر وا بۆ کەشتییەکان دروست بکرێت کە لە پێویستی سەوڵ لێدان رزگارمان دەکات، کەشتییە گەورەکان بە شێوەیەك دەریا دەبڕن کە زۆر خێراتر دەبن لە کەشتییە سەوڵدارەکان و دەتوانرێت بە شێوەیەك گالیسکەکان دروست بکرێت کە بێ ئاژەڵەکان بە خێراییەکی لە رادەبەر بجوڵێن، و دەتوانرێت دەزگای وا دروست بکرێت کە مرۆڤ لە ناوەڕاستیدا دانیشێت و بە خولانەوەی ئامێرێك باڵە دەستکردەکانی وەك باڵی باڵندە دەکەوێتە جووڵە و هەڵدەفڕێت.

لەم وەسفانەدا، بە ئاسانی دەتوانرێت کەشتی گازی و لۆکۆمۆتیف و تەیارەکانی ئەمڕۆ دیاری بکرێت.

لەسەردەمێکدا کە نەزانین و خورافات باڵا دەست بوو، کەسێك کە زانیاری زۆری دەزانی سەلامەت نەبوو. بیروبۆچوونی راستەقینە تا رادەیەکی زۆر بەگوناهبار و ترسناك سەیر دەکرا، چونکە خەڵکی لەو باوەڕەدابوون کە کەسێك لەوانی تر زیاتر بزانێت بێگومان ئەو کەسە پارەی بەشەیتان داوە تاوەکو دەرسی وا بدات. دراوسێکانی بەیکۆن بە وردی سەرنجیان دەدا لە تاقیگەکەیدا کە دەیانبینی بە ترسەوە هەڵدەهاتن، دەیانوت شەیتانمان بینیوە کە ئاگر لە دەمییەوە دەرپەڕیووە. لەوانەیە بەیکۆن جۆرە دەزگایەکی گازی داهێنابووبێت و خەڵکی بە بینینی ئاگر و گاز، ئەوەیان بە شەیتان زانیبووبێت. بەم شێوەیە بەیکۆن تاقیکردنەوەکانی بەماددەی تەقەمەنی وەك باروت ئەنجام دابوو. لەوانەیە رۆژێك یەکێك لەم ماددانە بەدەنگێکی بەرزی ترسناك و رووناکییەکی درەوشاوە تەقیبێتەوە و هەموو دراوسێکانی دڵنیا بوون کە راهیب لەگەڵ شەیتاندا هاوپەیمانە.

ئەم بارودۆخە زۆری نەخایاند، بەیکۆنیان وەك جادووگەر فڕێدایە زیندانەوە و ماوەی بیست و چوار ساڵ لە ژیانی لە زینداندا بەسەربرد، چونکە هەوڵیدابوو زانیاری مرۆڤ پێش بخات.

بەیكۆن تا كۆتایی ژیانی لەو باوەڕەدابوون كە مرۆڤ دەبێت لە ڕێگەی تاقیكردنەوەكانییەوە لە نهێنییەكانی سروشت تێ بگات. زاناكان ئەم ئایدیایە بە بنەمای هەموو زانستەكان دەزانن.

## باوكی زانستی ئەستێرەناسی

لەكۆتایی سەدەی پانزەیەمی زایینیدا پیاوێك بەناوی نیكۆلاس كۆپەرنیكۆس «كۆپەرنیك» دەژیا، كە زانستی ئەستێرەناسی هاوچەرخ لەسەر بنەمای بیروبۆچوونی ئەو بنیات نراوە. كۆپەرنیكۆس هەر لە مێرد منداڵییەوە حەزی لە ئەستێرەناسی بوو. پاشان زانستی ئەستێرەناسی لە چەند زانایەكەوە فێربوو، زۆرجار بە شەوان نەدەنووست و لە تاوەری كەنیسەی مزگەوتی خۆیەوە سەیری ئەستێرەكانی ئاسمانی دەكرد.

زۆربەی خەڵكی ئەو سەردەمە لەو باوەڕەدابوون كە خۆر بە دەوری زەویدا دەسوڕێتەوە، كۆپەرنیكۆس لە دوای چەندان ساڵ لە سەیركردنی ئەستێرەكان، گەیشتە ئەو ئەنجامەی كە تەنیا بە رووكەش خۆر بەدەوری زەویدا دەسوڕێتەوە، بەڵام لە ڕاستیدا ئەمە زەوییە كە بە دەوری خۆردا دەسوڕێتەوە كۆپەرنیكۆس ئاشكرای كرد كە زەوی یەكێكە لەو ئەستێرانە كە بە دەوری خۆردا دەسوڕێنەوە. هەر چەند كۆپەرنیكۆس بە ئاشكراكردنی ئەم بۆچوونەی كەوتە بەرگاڵتە و توانجی خەڵك، لەبەرئەوە بڕیاریدا تا كتێبێك دەربارەی بیردۆزەكەی بنووسێت. كاتێك كە كتێبەكەی ئەو گەیشتە كۆتایی، خۆی بووبووە پیرەمێردێكی بەساڵاچوو، نەخۆش و لەكاركەوتوو، دووكەس لە هاوڕێكانی دەستنووسەكەیان گەیاندە چاپخانە.

هەواڵی بڵاوبوونەوەی كتێبەكەی كۆپەرنیكۆس، بووە هۆی جموجۆڵێكی زۆر لەناو خەڵك و دەبیسترا كە كتێبەكەی كۆپەرنیكۆس بەرهەمێكی گەورەیە، كە بەرهەم هاتووە، هەندێك كەس چوون بۆ چاپخانە تاوەكو ئەوە لەناوبەرن، بەڵام دوو هاوڕێی كۆپەرنیكۆس شەو و ڕۆژ دەستنووسی كتێبەكەیان دەپاراست، لەمانگی ئایاری ساڵی ١٥٤٣ی زاییندا، كە كاتێك كۆپەرنیكۆس لەسەرەمەرگدا بوو، كتێبە پڕ بایەخەكەی كە بە ئەنجامی تەمەنێك هەوڵ و تێكۆشانی ئەو دەژمێردرێت، بڵاوبۆوە. كاتێك كتێبەكەی بەدەستە پیر و لەرزۆكەكانی گرت. ئەمەی لەژێر لێوەوە وت: ((خوایە، ئێستا مۆڵەت بدە تا بەندەكەت لە ئارامیدا بمرێت)).

## شووشە سیحراوییەكان

كۆپەرنیكۆس نەیدەتوانی بیردۆزەكەی بسەلمێنێت، چونكە هیچ كەرەستەیەك جگە لە چاوەكانی بۆ لێكۆڵینەوە لە ئاسمان لە بەردەستدا نەبوو، هێشتا ئەم سەدەیە كۆتایی نەهاتبوو



كە بیردۆزەكەی ئەو زانایەكی ئیتاڵی بەناوی ((گالیلۆ))ەوە سەلماندی، گالیلۆ ماوەیەكی زۆر لێكۆڵینەوەی لە ئاسمان و ئەستێرەكان كرد و گەیشتە ئەو باوەڕەی كە بیردۆزەكەی كۆپەرنیكۆس لەبارەی زەوی و خۆرەوە ڕاستە بەڵام چۆن دەبێت ئەوە بسەلمێنرێت؟.

ڕێك لەوكاتەدا ڕووداوێكی سەیر دێتە پێشەوە كە هاوكارییەكی زۆری گالیلۆی كرد. لە شارێكی بچووكی هۆڵەندادا، چاویلكەسازێك بەناوی «هانس لیپرشایی» دەژیا. ڕۆژێك لە دووكانەكانیدا كاتێك خەریكی كاربوو، منداڵەكانی لە دەرەوەی دووكانەكە بە چەند شووشەیەك یارییان دەكرد كە لە دروستكردنی چاویلكەدا بەكار دەهات. منداڵەكان بە ڕێكەوت دوو پارچە شووشەكەیان بە بەرچاویانەوە گرت و بەوە سەیری بارۆمیتەرەكانی سەرمنارە بەرزەكانی كەنیسەكەیان كرد، وە بەوە كەشفێكی سەرسووڕهێنەریان كرد، شووشە سیحراوییەكان، بارۆمیترەكەیان زۆر نزیك كردبۆوە بەڵام بە هەڵگەراوەی هاوارەكەیان باوكیانی ڕاپەڕاند و لە دووكانەكە هێنایە دەرەوە، چاویلكەسازەكە خۆشی بە شووشەكان سەیری بارۆمیتەرەكەی كرد. سەرنجیدا كە بەسەیركردنی شووشەكان لە دوورییەكی گونجاوەوە دەتوانێت بارۆمیترەكە بە ڕوونی ببینێت. درێژەی بەم تاقیكردنەوەیەدا و دووپارچە شووشەكەی كردە لوولەیەكەوە تاوەكو بە ئاسانی سەیر بكرێت. تەلسكۆبە بچووكەكەی ئەو سەرنجی زۆر خەڵكی بەلای خۆیدا ڕاكێشا و كەسێك نامەیەكی نووسی بۆ گالیلۆ. گالیلۆ یەكسەر تێگەیشت كە ئەم دەزگایە لە لێكۆڵینەوەی ئاسماندا دەتوانێت چ یارمەتیدەرێكی بەنرخ بێت، گالیلۆ ئارەزوومەندانە دەستی بەكاری دروستكردنی تەلسكۆب كرد و ماوەیەكی درێژخایان كاری كرد. پارچە شووشەكانی لە یەكتر دەخشاند و بە شێوەی جیاواز دەیچەماندنەوە و پاشان دووپارچە شووشەی قەوس یەكێكیان بۆ ناوەوە و ئەویتریان بۆ دەرەوە بوو لە سەر لوولەیەكی یەك ئێرگی كۆن داینا.

بەم شێوەیە گالیلۆ یەكەمین تەلسكۆبی ڕاستەقینەی دروست كرد، شەوێكی سایەقەوساماڵ بە شووشە سیحراوییەكان سەیری ئاسمانی كرد هیچ شتێكی سەیری كەشف نەكرد! بە سەرسامییەكی زۆرە تێگەیشت كە زۆر جێگا لە بەردەم ئەم فەزا چۆڵ و تاریكە گوماناوییە دایە، لە ڕاستیدا لێوانلێو بوو لە ئەستێرەی ڕووناك و درەوشاوەكان، شەوان دەچووە سەر تاوەری بەرز و بە تەلسكۆبەكەی سەیری ئەم لا و ئەو لای ئاسمانی دەكرد و شتی سەرسووڕهێنەری لە ئاسماندا كەشفكرد.

شەوێك، ئەستێرەناس لە ئاسماندا ئەستێرەیەكی گەورە و درەوشاوەی دۆزییەوە، كە ئەم ئەستێرەیە «موشتەری» بوو، بە سەرسووڕمانەوە زۆر سەرنجیدا لە چوار ئەستێرەی درەوشاوە و نزیك، دوو دانە لە لایەكی و دوو دانەكەی تریش لەلاكەی تری موشتەری بوون. شەوی دوایی

کە ئاسمان زۆر ساف بوو، دیسانەوە سەیری چوار ئەستێرەکەی کردەوە و کەشفێکی سەرسوورهێنەری تری کرد. ئێستا هەموویان بە ئەندازەی ئەستێرەی موشتەری بوون، گالیلۆ بە تەواوی حەپەسابوو، چەندان شەو ئەوانەی کردە ژێر چاودێرییەوە. لە کۆتاییدا بەو ئەنجامە گەیشت کە ئەم ئەستێرانە بە دەوری موشتەری دا دەسوڕێنەوە، گالیلۆ دواجار لە دوای چەند ساڵێك لە سەیرکردن و بیرکردنەوە تێگەیشت کە بۆچوونی کۆپەرنیکۆس لە سەر بنەمای سوڕانەوەی زەوی و ئەستێرەکانی تر بە دەوری خۆردا وەك سوڕانەوەی ئەستێرە بچووکەکان بوو بە دەوری ئەستێرەی موشتەریدا، کە ئەمەش بیردۆزێکی ڕاست بوو.

هەواڵی کەشفکردنەکەی گالیلۆ بە ناوچە دووردەستەکانیشدا بڵاوبۆوە خەڵکی هێرشیان دەهێنایە سەر ماڵەکەی تا بە کەرەستە سەرسوورهێنەرەکانی سەیری ئەستێرەکان بکەن، بەلای خەڵکەوە ئەم کەرەستەیە توانایەکی سیحراوی هەبوو، زۆربەی زاناکانی ئەو ڕۆژگارە لەترسی ئەوەی کە نەوەك بۆچوونیان لە بارەی ئەستێرەکانەوە بگۆڕێت، لەسەیرکردنی ئاسمان بە تەلسکۆب دوورکەوتنەوە. نەیاندەویست بیردۆزەکەی کە گالیلۆ هەوڵی بۆ دابوو بسەلمێنن و پەسەندی بکەن.

گالیلۆ لە نامەیەکیدا بۆ هاورێیەکەی نووسی: چەندە حەزم لە بیستنی قاقا میهرەبانەکانتە. پرۆفیسۆرێکی بەناوبانگ بۆ ماڵەکەم هاتبوو. هەر چەندە داواملێکرد تا بە شووشەکانی من سەیری ئەستێرەکان بکات، پەسەندی نەکرد، بۆچی لێرەنیت، تۆزێك قاقای پێکەنینمان بەسەر ئەم گۆلکە پیاوە گەمژەیەدا بکردایە؟

بۆچوونی زانایانی وەك گالیلۆ لەو سەردەمەدا بەلای پەیڕەوکارانی مەسیحییەوە بەدکاری و بەدرەوشتی بوو. بەلای ئەوانەوە بەپێی پەیامەکانی ئینجیل زەوی کەوتبووە سەنتەری دروستکردنی خواوە. گالیلۆیان بانگ کرد بۆ ڕۆم تاوەکو بیردۆزەکانی خۆی شی بکاتەوە. پاشان فەرمانیان بە سەردادا تا دەست لەبیروباوەڕە کفراوییەکانی و لەدین هەڵگەڕاوەکانی خۆی هەڵگرێت و ئەوانە پشت گوێ بخات.

بەم حاڵەشەوە گالیلۆ درێژەی بە لێکۆڵینەوەکانی خۆیدا، لە ساڵی ١٦٣٢ی زایینیدا کتێبێکی نووسی و لەوەدا بۆچوونەکان و بەڵگەکانی بۆ وەلاوەنانی بیردۆزە کۆنەکانی دەربارەی سوڕانەوەی زەوی ئاشکرا کرد.

زاناکان بە درێژایی چەندان ساڵ سزا دران بە هۆی بڵاوبوونەوەی بۆچوون و بیردۆزەکانیان کە لەو باوەڕەدابوون کە شەیتانین. گالیلۆ باوەری بە ئینجیل هەبوو بەلاّم دەیوت: «ناچار نیم باوەڕم



بە خوایەك هەبێت کە ئەقڵ و هۆشی بە ئێمە بەخشیوە بەلاّم مۆڵەتی سوود وەرگرتن لەوانەمان پێ نادات».

لە کۆتاییدا قازییەکانی دادگای تەفتیشی باوەڕەکان گالیلۆیان بانگ کرد تا لەبەردەمیاندا ئامادەبێت. ئەو لەوکاتەدا پیاوێکی حەفتا ساڵە بوو، زانای بەساڵاچوو بە هۆی ڕەنجی چەندان ساڵەیەوە بە تەواوی پەکی کەوتبوو، ئەمەی وت: «من لەبەر دەست ئێوەدام، هەرچییەکتان بوێت دەیکەم» لە ئەنجامدا گالیلۆیان بە سوێندەوە بەستەوە کە هەرگیز بەقسە کردن یان نووسین باوەرە کفراوییەکانی خۆی بلاّونەکاتەوە. لەدوای ماوەیەکی کورت، هەموو زاناکان گەیشتنە ئەو باوەڕەی کە بیردۆزەکانی کۆپەرنیکۆس و گالیلۆ ڕاست بووە.

## خەبات بۆ پێشکەوتنی زانست

زانایانی کۆن، قارەمانانی خەباتی مرۆڤ بوون لە پێناوی ئازادی هزروکاردا. لە دوو حاڵەتدا زانست ناتوانێت پێشبکەوێت، یەکەم بیرکردنەوە سزای قورسی هەبێت و دووەم لێکۆڵینەوە و تاقیکردنەوە گومانی ترسناکی لێبکرێت. پایەکانی کاری زانا بریتییە لە مافی پرسیار دەربارەی بیردۆزەکانی کە بە زۆرینە پەسەندکراوە، وە تێگەیشتن لەو مەسەلانەی کە تا ئێستا کەس درکی بە ئەوانە نەکردووە. لە چاخە جیاوازەکاندا، زاناکان لەسەردەمی خۆیان پێشکەوتووتربوون. بەهۆی هزرە جیاوازەکانیان و ئاشکراکردنی بیروبۆچوونیان لە بارەی سروشت و جیهانەوە، تووشی ئەشکەنجەدان بوون و ڕێگەیان لێ گیراوە و کوژراون.

راجر بەیکۆن و کۆپەرنیکۆس و گالیلۆ هەرسێکیان لە پێشکەوتنی مرۆڤایەتیدا سەهمی شایستەیان هەیە. ئەوانە پێشەوایانی جیهانی زانست بوون و خەڵکی ئەو ڕۆژگارەی خۆیان بە زانستی ڕاستەقینە و پشت بەستوو بە تێڕوانینەکان و ئەزموونەکان ڕێنمایی دەکرد. زاناکانی دوایی قەرزاری ئەوان بوون. ڕینسانس کە لە ڕاستیدا سەردەمی پێشکەوتنی بیروهزری مرۆڤایەتی بووە، کە پێشکەوتنە گەورەکان لە زەمینەی ئازادی مەزهەب و زانستەکان و بڵاوبوونەوەی زانست و کەلتوور و فەرهەنگ لەناو خەڵکدا دەرکەوت هێزە کۆمەڵایەتییە بەتواناکان بووە هۆی ئازادی هزری مرۆڤ و بنیاتنانی چاخی نوێ.

# بەشی دەیەم

# ئەوروپا دەڕوانێتە ڕۆژهەڵات

## جیهان فراوانتر دەبێت

لە دوایەمین ساڵە پڕ جموجوڵەکانی سەدەکانی ناوەڕاستدا، لەو سەردەمەدا ژیانی ئەورووپا دەست خۆشی لە گۆڕانکارییە فراوانەکان کردبوو، کۆمەڵێك رووداو روویدا کە بیروهزرەکانی بۆ فراوانبوون و گەورەبوونی زەوی بە تەواوی گۆڕی. ئەورووپییەکان سەدەکانی ناوەڕاست بە ئەندازەی یۆنانییەکان و رۆمە کۆنەکان ئاگاداری فراوانبوونی جیهان بوون و ئەو ناوچانەی کە بە ئەورەوپا ناسرابوون، بە بەشێکی بچووکی ئاسیا و بەشێکی باکووری ئەفریقیا سنووردرابوو.

بیر و فیکرە خورافاتەکان و ئەفسانەکانی ئەو سەردەمە، خەڵکی ناوچە دووردەستەکانی جیهانیان بە بوونەوەری سەیروسەمەرە دەزانی کە لە ناوچە نادیارەکاندا وەك دێو و درنجی گەورە دەژین.

جوگرافی زانانی ئەو رۆژگارە کە نەخشەکانی جیهانیان ئامادە کردبوو بە هۆی بێ ئاگاییانەوە شتی زۆریان دەربارەی جیهانی راستەقینە نەدەزانی و لە نەخشەکانی خۆیاندا شوێنە نادیارەکانیان بە باوەڕە ئەفسانەییەکانی خۆیان پڕ دەکردەوە، لەو باوەڕەدابوون لە ناوچە دووردەستەکان و ناوچە نەناسراوەکانی جیهاندا، بوونەوەرەکان و خەڵکانی سەرسووڕهێنەر دەژین.

لەسەردەمی جەنگی خاچدارەکاندا تا سنووری فەلەستین و ناوچەکانی تری دراوسێی شارەزابوون، بەڵام باقی ناوچەکانی تری ئاسیا بە تەواوی شاراوەبوو کە کەوتبووە نێوان شاخە سەربڵندەکان و دەشتە نەچێنراوەکان و بیابانە بەربڵاوەکانی رۆژهەڵاتی دوور و ئەورووپا.

لەچاخە دێرینەکاندا خەڵکی ئەورووپا دانوستاندیان لەگەڵ ناوچەکانی رۆژهەڵاتدا دەکرد، رۆمە دەوڵەمەندەکان، جلوبەرگیان لە ماددەی ئاوریشمی چینی دەپۆشی و لە سەدەکانی ناوەڕاستدا، بازرگانانی ونیزی و سەنتەرە بازرگانییەکانی تر کالای دەگمەنیان لە رۆژهەڵاتەوە بۆ پیاوماقوڵەکانی ئەورووپا دەهێنا، خەڵکی دەیانزانی کە ئاوریشم و کالا دەگمەنەکان لە «خوتن»ە و دەنێردرێت، ئەم وڵاتە ئێستا ناوی «چین»ە، بە هەمان شێوە دەیانزانی کە رووەکە دەرمانییەکان و بەردەگرانبەهاکان و کالا دەگمەنەکانی تر لە ناوچەیەکەوە دێت کە پێیان دەوت «ئیندیز» لەگەڵ ئەوەشدا ئەورووپییەکان ئەم وڵاتە دووردەستەیان نەبینی بوو، وە زانیارییەکی کەمیان لە بارەی ئەوانەوە هەبوو.



بە درێژایی چەندان سەدە بازرگانە موسڵمانەکان، کالاکانیان لە رۆژهەڵاتەوە لە رێگەی شاخەکان و بیابانەکانەوە بۆ قوستەنتەنییە یان بۆ بەندەرەکانی دەریای ناوەڕاست دەهێنا و کاروانەکانیان بە حوشتر هەڵدەگرت، بازرگانەکانی وەك ونیز و جنوا کالاکانیان لەوێدا لەوانە دەکڕی و لە رێگەی دەریای ناوەڕاستەوە بۆ شاری خۆیان دەبرد و لەوێوە بەسەرتاسەری ئەورووپادا دابەشیان دەکرد. بازرگانە موسڵمانەکان کە بازاڕی پڕ قازانجی بازرگانی لەگەڵ رۆژهەڵاتدا بۆ خۆیان دەویست، ئەو ناوچانەی کە پێیدا تێدەپەرین و کالاکانیان پێدا دەهێنا، لەو ناوچانەدا کالاکانیان دەشاردەوە، لە سەدەی سیانزەیەمی زاییندا، راگەیەنەرانی ئەورووپایی لەگەڵ بازرگانە دونیادیدەکاندا سەفەریان بۆ ناوچە نادیارەکانی ئاسیا و زەوییەکانی رۆژهەڵات کرد، پاشان ئەم گەشتیارانە بە ناوچە دەوڵەمەند و بە کەلتوورەکان گەیشتن و شارستانییەتیان لەو ناوچانەدا دۆزییەوە کە لە وڵاتەکانی خۆیان زۆر پێشکەوتووتر بوون. لە گەڕانەوەیاندا بۆ ئەورووپا، داستانە سەرسووڕهێنەرەکانیان دەربارەی شکۆمەندی و مەزنێتی رۆژهەڵات و هەزاران رووداوی سەیر کە بینی بوویان بۆ خەڵکیان دەگێڕایەوە ئەورووپییەکان بە تامەزرۆییەوە پێشوازییان لەم هەواڵانە کرد.

هەندێك لە کۆنترین شارستانییەتەکانی جیهان لە رۆژهەڵاتی دووردا دروستکرابوو خەڵکی رۆژهەڵاتی دوور لەو رۆژگارەدا کە میسرییەکان هەرەمەکانی خۆیان دروست دەکرد و نەوەکانی بابلی لێکۆڵینەوەیان لە ئەستێرەکان دەکرد و هۆمیر شیعرەکانی خۆی لە بارەی ترواوە دەهۆنییەوە و زۆر لە پێش دامەزراندنی رۆم دا، شارستانییەتە پێشکەوتووەکانیان بنیات نابوو.

## هیندی کۆن

زەوییە شێوە سێگۆشەیی و گەورەکەی هیندستان دەکەوێتە بەشی ناوەڕاستی باشووری ئاسیاوە. شاخە بەبەفر داپۆشراوەکانی هیمالا، دەکەوێتە باکووری ئەم ناوچەیەوە. لە لووتکە بەفرینەکانی ئەم شاخانەدا دوو رووبار هەن کە لەدرێژترین رووبارەکانی جیهانن. لێرەوە سەرچاوە دەگرن، رووباری سند بەرەو رۆژئاوا و رووباری گنگ بەرەو رۆژهەڵات دەڕوات.

لە چاخەدێرینەکاندا خێڵە رەش پێستەکان ئەم دۆڵە بەپیت و گەرمانەی ئەم رووبارانەیان بۆ نیشتەجێبوون هەڵبژاردووە، پاشان ئارییە سپی پێستەکان کە لە ناوەڕاستی ئاسیاوە لەڕێگەی دەروازەکانی هیمالاوە هاتبوونە ناودۆڵەکانی سند و گنگەوە و دانیشتوانە رەش پێستەکانیان تێکشکاند و خۆیان کرد بەخاوەنی ئەم ناوچەیە. پاشان لەگوندەکاندا نیشتەجێبوون و

بەکشتوکاڵەوە خەریك بوون وردە وردە بەتێپەڕبوونی کات هیندییەکان شارستانییەتێکی بەهێزیان بنیات نا.

هیندییەکان، «براهما»ی دروستکەر و بەهەمان شێوە خواکانی تری سروشتیان دەپەرست، بەلام براهمایان لەهەموو خواکانی تر پێ باشتربوو. نووسراوە مەزهەبییە کۆنەکان ناودەنێن «وداها»کە هەمووی سروود و هۆنراوەیە کە لە پێش نووسین دا لە لایەن کاهینەکانەوە لەبەردەم میحرابەکاندا دەخوێندرایەوە.

خەڵکی هیندستان لەو باوەڕەدابوون کە کاهینەکان زانیاری خۆیان لە ئاسمانەوە وەرگرتووە تاوەکو بەخەڵکی رابگەیەنن، وردەوردە کاهینەکان لە کۆمەڵگای هیندیدا گۆڕان بۆ بەرزترین چین و پێیان دەوترا «بەرهەمەن» چینی دوایی ئەوان جەنگاوەرەکان بوون کە بەرگرییان لەخەڵك دەکرد. لەوان خوارتر بازرگانەکان و جووتیارەکان بوون کە پێویستی خەڵکیان بەرهەم دەهێنا.

نزمترین چین، بەندەکان بوون کە لە کێڵگەکان و زەوی کشتوکاڵییەکاندا سەختترین کاریان ئەنجام دەدا، بەم شێوەیە پۆلین کردنی کۆمەڵگا بەسەر چینەکان پێی دەڵێن سیستەمی «کاستی» چینە کۆمەڵایەتییەکانی هیچ کۆمەڵگایەکی تر وەك کۆمەڵگای هیند بەم شێوەیە داخراو نەبوو، ئەو کەسانەی کە لەیەکێك لەچینەکاندا لە دایك دەبوون، هەرگیز نەیاندەتوانی بەهیچ شێوەیەك ببنە ئەندامی چینێکی تر، ئەندامانی چینەکان تێکەڵاوی یەکتر نەدەبوون و پەیوەندیشیان لەگەڵ یەکتردا نەبوو.

لەبەر بەربلاوی و فراوانی هیندستان، زۆر نەتەوە لەوێدا نیشتەجێبوون، ولات لە ژمارەیەك حکوومەت پێك دەهات، هەریەکەیان شازادەیەکی هیندی سەرکردایەتی دەکرد. بە فەرمانڕەوایی ئەو ناوچەیان دەوت «راجا». هەر شازادەیەك چەند حکوومەتێك لەژێر دەسەلاتی دابوو. پێی دەوترا «مهاراجا» . بەشێکی زۆر لەم فەرمانڕەوایانە، سەروەت و سامانێکی زۆریان هەبوو.

لە هیندستاندا زێر و زیو و بەردەگرانبەهاکان و یاقوتە جوانەکان و یاقوتە نیلە درەوشاوەکان و ئەلەمنیۆمە رەنگ سەوزەکان و ئەڵماسی درەوشاوە، زۆربوو. لەدورگەی سەیلان دا کە دەکەوێتە باشووری رۆژهەلاتی هیندستانەوە بڕێکی زۆر مرواری دەست دەکەوت خاوەن پیشە شارەزاکان لەزێڕ و زیو، گەوهەرە جوانەکانیان دروستکرد و لە بەردە گرانبەهاکان نقێمیان دروست دەکرد. شازادە هیندییەکان جوانترین گەوهەرەکانی جیهانیان لەبەردەست دابوو جل و بەرگەکانیان بەتالە زێرەکان گوڵی لەسەر دەنەخشێنرا و بەبەردە دەگمەنەکان دەیان رازاندەوە.



لە کاتێکدا زۆربەی خەڵکی ئاسایی هیندستان ژیانیان بەهەژاری و داماوی بەسەر دەبرد، چینە بالاکانی کۆمەڵگا خۆشگوزەرانییەکی سەرسووڕهێنەریان هەبوو. ژیانی خەڵکی زۆر سەخت بوو، خانووەکانیان، خانووچکەی قوڕین بوو لە ژوورێك زیاترییان نەبوو، جلوبەرگەکانیان لەیەك ژێرکراسی لۆکە کە دەگەیشتە ژێر ئەژنۆ و یەك کراسی سەرەوە کەبە شانیانەوە دەئالاند پێك دەهات و پارچەیەکی تریشیان لەسەریانەوە دەپێچا. خواردنی سەرەکی ئەوان برنج بوو کە لە مەرەزەکانیانەوە بەرهەم دەهات.

لەدەوروبەری سەدەی شەشەمی پێش زاییندا، شازادەیەکی گەنج لە باکووری هیندستاندا دەژیا کە ژنێکی گەنج و کوڕێکی هەبوو، کە زۆر نەرم و نیان و میهرەبان بوو لەگەڵیاندا. شازادە دەوڵەمەند و دەسەلاتدار بوو بەلام بەوحاڵەشەوە بەسەیر کردنی رەنج کێشانی خەڵکی دەوروبەری زۆر ئازاری دەچەشت، هیوایەتی ئەوە بوو یارمەتی خەڵك بدات و لە کۆتاییدا شەوێك کۆشك و هەموو پلە و پایە گەورەکەی بەجێهێشت و بە لەبەرکردنی جلوبەرگی سادە لەشوێنێکی چۆڵدا شوێنی نیشتەجێبوونی بۆ خۆی هەڵبژارد و خەریکی بیرکردنەوە بوو لەو شتانەی ئازاریان دەدا، شازادەی لاو لە دوای چەند ساڵ بیرکردنەوە لە خەڵوەت و گۆشەگیریدا بەم ئەنجامە گەیشت کە رازی شادی راستەقینەی دۆزیوەتەوە ئەو لەو باوەڕە دابوو کە «کەسێك شادمانە کە بەسەر لەخۆبایی بوون دا سەرکەوێت. کەسێك شادمانە کە هەقیقەتی دەست کەوتبێت، هەقیقەت بەرێز و شیرینە، هەقیقەت مرۆڤ لە شەیتان رزگاردەکات». پاشان شازادە لە گۆشەگیری هاتە دەرەوە و گەڕایەوە بۆ ژیان لە سەفەرەکانی خۆیدا بۆ ناوچە جیاوازەکانی هەوڵی دا خەڵك فێری ژیانی خۆش بکات. زۆر پێی لەسەر ئەوە دادەگرت کە لەخۆی زیاتر بیر لە ئەوانی تر بکاتەوە. یەکێك لەپەیامەکانی ئەمە بوو: «شان و شەوکەت لەبوونی تۆدا نییە، لەیەکێکی تردا بیدۆزەرەوە. کە کەسێك بەدوای خۆشی و شادی خۆیەوەتی دەبێت ئەوەی بۆ ئەوانی تریش بوێت، ئەو کەسەی کە عەشق لەجەوهەریدا هەیە، هەموو جیهان خێزانییەتی.»

خەڵکی لە ئەم جۆرە قسانەیان دەبیست ئەویان زۆر بەئاقڵ و زیرەك دەزانی شازادە لایەنگری زۆر لەدەوری خۆی کۆکردەوە و لە لایەن ئەوانەوە نازناوی «بودا»ی پێ بەخشرابوو، واتە «هەڵبژێردراوێك کە لەڕێگەی ئەوەوە ئەقڵ بۆ زەوی دەگەڕێتەوە» بودا سالانێکی دوور و درێژ ژیا و فێری خەڵکی دەکرد کە چۆن باشتر بژین. لەپێش مردنی دا بە یەکێك لایەنگرانی وت: «لەباش باشە و لەخراپ، خراپە دەردەکەوێت ئەمە یەکەمین یاسای ژیانە ئێستا بڕۆ و ئەمە وەك بەرزترین یاسا بە خەڵکی رابگەیەنە» لایەنگرانی بودا، پەیامەکەی ئەویان لەسەرتاسەری

هیندستان و ولاّتانی تردا بلاّوکردەوە و بەشانازی کردن بە ئەوەوە پەرستگایەکی جوانیان دروست کرد، لە هەر پەرستگایەکدا، پەیکەری بودا نوقمە لەبیرکردنەوەدا، خەڵکی لەبەردەم ئەم پەیکەرانەدا دارعودیان دەسووتاند.

موسڵمانەکان کە لەسەدەی هەشتەمی زاییندا ژمارەیەك ولاّتیان خستە ژێر فەرمانڕەوایی خۆیانەوە، هێرشیان کردە سەر هیندستان و بوونە خاوەنی بەشێکی زۆر لەم ولاّتە. یەکێك لە فەرمانڕەوا موسڵمانەکان باڵەخانەیەکی بەشکۆی بەناوی «تاجی ناوچە» بە یادی هاوسەرەکەیەوە دروست کرد. ئارەزووی فەرمانڕەوا ئەوەبوو کە تاجی ناوچە ببێتە جوانترین بینا.

ئەم باڵەخانەیە لەمەڕمەڕە سپی درەوشاوەکان دروستکرابوو، شێوەی جوان لەسەر پەیکەرە مەڕمەڕە رەنگاوڕەنگەکان و بەردە گرانبەهاکان هەڵکەندرابوو. چوار دەوری باڵەخانەکە بە باخ و گوڵە لاولاوە شینەکان و شەقامە پڕ لە دارسنەوبەرەکان دەورە درابوو.

## لە «خۆتن»ی دوورە دەستدا

لە باکووری چیاکانی هیمالایەدا، ولاّتی چین هەیە واتە هەمان ئەو زەوییەی کە ئەورووپییەکانی سەدەکانی ناوەڕاست پێیان دەوت «خۆتن»، لە چاخە دێرینەکاندا شارستانییەتێکی مەزن لەوێدا گەشەی کردووە و چەسپاوە. سەدان ساڵ لە پێش لەدایکبوونی عیسادا، خێڵە قژ رەش و زەردپێستەکان لەو ناوچە بە پیتەی ولاّتی چیندا دەژیان کە بە ناوچەکەی خۆیان دەوت: (پاشایەتی ناوەڕاست) چونکە لەو باوەڕەدابوون کە زەوییەکەیان پان و تەخت و رێکە و لە ناوەڕاستی زەوی دایە. زۆرجاریش کە بە عەشق و خۆشەویستییەوە لە بارەی خاکی خۆیانەوە قسەیان دەکرد پێیان دەوت «خاکی پڕ گوڵ».

لە چاخە دێرینەکاندا ژمارەیەك پاشا لە چیندا فەرمانڕەواییان دەکرد. دووسەد ساڵ پێش زایین، ئیمپراتۆرێك هەموو ناوچەکانی چینی لەژێر فەرمانی خۆیدا یەکخست. ئیمپراتۆر لە سنوورەکانی باکووری چیندا دیوارەکانی دروستکرد تا رێگە لە هاتنە ناوەوەی خێڵە کێوییەکان بگرێت بۆ ناو چین. بە پێکەوە لکاندنی ئەم دیوارانە، دیوارێکی درێژەوە بوو لە خشت و بەرد و قوڕ دەرکەوت. دیواری گەورەی چین بە ناو شاخەکان و دۆڵەکان و بەشی سەرەوەی تاشە بەردە بەرزە لێژەکاندا، نۆزدە هەزار کیلۆمەتر درێژبۆتەوە. دیوارەکە بە شێوەیەك پان بوو کە چەندان سوپا دەیانتوانی لە تەنیشت یەکترەوە برۆن. لە زۆربەی خاڵەکانی دیوارەکەدا قەلاّیان دروستکردبوو کە شوێنی چاودێریکردنی پاسەوانەکان بوو.



چینییەکان، بەخۆشەویستییەوە هەڵسوکەتیان لەگەڵ ماڵ و منداڵیاندا دەکرد. کوڕی خێزانەکە کاتێك کە ژنی دەهێنا، لە ماڵی باوکی خۆی جیا نەدەبۆوە بەڵکو ژنەکەشی دەبردە ماڵی باوکییەوە. خێزانی چینییەکان نە تەنیا دایك و باوکی منداڵەکانی دەگرتەوە بەڵکو خاڵ و مامەکان و باپیر و داپیر و نەوەی داپیروباپیریشی دەگرتەوە.

چینییەکان لە چاخە کۆنەکاندا، کەشفێکی گەورەیان کرد. پەردە تەنکەکەی کرمی ئاوریشمیان دەکردەوە و بە لوول کردنی ئەوە، پارچەیەکی زۆر جوانیان بەرهەم دەهێنا. دەگێڕنەوە رۆژێك شاژنی چین ئارەزووی سەیرکردنی کرمێك کرد کە خواردنی لەدارەتووی باخەکە دەخوارد. رۆژانە کرمەکە تەماعکارانە گەلاّ ناسکەکەی دارەکەی دەخوارد و ئەوەندە گەورە دەبوو تا درێژییەکەی دەگەیشتە حەوت سانتیمەتر، پاشان دەستی لە گەلاّ خواردن هەڵدەگرت و دەستی دەکرد بە هێنانە دەرەوەی تاڵە جوانەکان لە دەمی خۆیەوە. سەری خۆی و بەم لا و ئەولادا دەسوڕاند و پەتی بە دەوری لەشی خۆیدا لوول دەکرد و تۆپەڵێکی دروست دەکرد، شاژن بە بیری داهات کە لەوانەیە بتوانرێت ئەم پەتە درەوشاوانە بڕێسرێت و پارچە لەوە بچنرێت. لەبەر ئەوە فەرمانیدا بەسەر چنەرەکان و ریسەرەکاندا تا بەم شێوەیە کاربکەن و ئەوانە ئاوریشمیان دروستکردە واتە جوانترین پارچە تا ئێستا بینرابێت.

چینییەکان کرمی ئاوریشمیان بەخێودەکرد و لەوە ئاوریشمیان بە دەست دەهێنا. چنەرە چینییەکان لەسەر ئەم پارچە نەرمانە، نەخشی باڵندەکان و گوڵە رەنگاوڕەنگە جوانەکانیان دەنەخشاند و زۆرجاریش نەخشی هەژدیهاکانیان بەکلکە زیگزاگییەکانیانەوە لەسەر ئەوانە دەچنی چینییەکان لەو باوەرەدابوون کە هەژدیها نوێنەری خێرە. ئاسایی لەسەر جلوبەرگی ئیمپراتۆر نەخشی هەژدیهایان دەکێشا.

چینییەکان نهێنی بەرهەم هێنانی ئاوریشمیان بە شێوەیەکی وا نهێنی شاردەوە کە هەزاران ساڵ هیچ نەتەوەیەکی تر نەیدەزانی چۆن ئاوریشم بەرهەم بهێنێت. بازرگانە موسڵمانەکان، ئاوریشمیان لە خۆتنەوە دەگەیاندە بەندەرەکانی ئاسیای رۆژئاوا و لەوێوە دەیان گواستەوە بۆ ئەورووپا.

هیچ ولاّتێك خاوەن پیشەیی کارامە و لێهاتووی لە چین زیاتر نەبوو، ئەوان لە گڵی رۆس، زۆر شتی جوانیان دروست دەکرد کە بە شێوەی قاپ و کاسە و فنجان و گوڵدان دەردەچوو. ولاّتەکانی تر بەم قاپانەیان دەوت «قاپی چینی» چونکە چین یەکەمین ولاّت بوو کە ئەو شێوەیەی دروستکرد . خاوەن پیشەکانی تر لە مینا کالاّکانیان بەرەنگە درەوشاوەکان دروست دەکرد و ئەوانی تریش لە تەختە کەلوپەلی زۆر جوانیان دروست دەکرد .

چەندان سەدە لە پێش ئەوەی کە خەڵکی ئەورووپا شێوەی دروستکردنی کاغەز فێربن. چینییەکان کاغەزیان لەتوێکڵی ناوەوەی داری تو و پارچە کۆن دروست دەکرد، بۆ نووسین سوودیان لە قەڵەمی مێو وەردەگرت و لە کاتی پیتەکاندا هێمای چوارگۆشەییان دەکێشا چونکە بەقەڵەمی مێو وێنەی ئەم هێمایانە ئاسانترە. چینییەکان بەم شێوە بە سوود وەرگرتن لە کلێشە تەختەییەکان کتێبیان چاپ دەکرد.

چینییەکان، زۆر ڕێزیان لە هۆشمەندان و زیرەکەکانی خۆیان دەگرت، فەیلەسووفە گەورەکەیان «کونگ فوتسە» بوو، ئەورووپییەکان دەربڕینی ناوی ئەویان بە دژوار دەزانی و ناوی ئەویان گۆڕی بۆ «کۆنفۆسیۆس» لە سەدەی پێنجەمی پێش زاییندا کۆنفۆسیۆس وانەی ئەخلاقی زۆری لە بارەی ژیانەوە بە چینییەکان دەدا. بەناوبانگترین یاسای ئەو لە بارەی ڕەفتارە پەسەندکراوەکانەوە ئەمەبوو: «لەگەڵ ئەوانەدا هەڵسوکەوت مەکە کە نایانەوێت لەگەڵدا هەڵسوکەوت بکەن». ئەم وتەیە زۆر لەو قسە حەکیمانەیە دەچێت کە عیسا فێری پەیڕەوکارانی خۆی دەکرد. ئەو تامەزۆری مێژووە سەرەتاییەکانی وڵاتەکەی و دابونەریتە کۆنەکان بوو. لەو باوەڕەدابوو ئەگەر مرۆڤەکان دابونەریتی ڕابردووی خۆیان بپارێزن، ژیانێکی بەختەوەرتریان دەبێت. ئەو نووسینە کۆنەکانی کۆکردەوە و بە شێوەیەکی جوان ڕێکی خست تاوەکو هەموان بتوانن ئەوە بخوێننەوە.

پەیامەکەی کۆنفۆسیۆس کاریگەرییەکی گەورەی لەسەر خەڵك بەجێهێشت. ئەوانە شانازییان بە نیاکان و شێوەکانی ژیانی خۆیان دەکرد و هەوڵیان دابوو تا بە هەمان شێوە بژین. دەوڵەمەندەکان پەرستگاکانیان بۆ نیاکانی خۆیان دروست کرد. لە خانووەکانی نزمترین چینی کۆمەڵگاشدا شوێنی تایبەت هەبوو کە دیارییە پیشکەش کراوەکان بە نیاکانی خێزان لەتەنیشتییەوە دادەنرا. لە دوای مردنی کۆنفۆسیۆس خەڵکی زیاتر هەستیان بە ئاقڵی و زیرەکی ئەوکرد، ئارەزوومەندە دەم بە هاوارەکانی ئەو وتەکانیان ئەویان نووسییەوە و دواتر گۆڕا بۆ کتێبی پیرۆزی چینییەکان، بەم شێوەیە پەرستگای چەند قاتیان بەناوی پاگودا بتخانە دروستکرد کە بیناسازی تایبەتی هەبوو، لەوێدا قەراخی سەقفی هەر چینێك بەلای سەرەوەیدا دەچەمییەوە، خەڵکی چین بە هیچ شێوەیەك حەزیان نەدەکرد خاکی گوڵ بەجێ بهێڵن. وڵاتە دەوڵەمەند و گەورەکەیان هەموو پێویستییەکانی ژیانیانی بۆ دابین کردبوون، ئەمەش جێی ڕەزامەندی خەڵك بوو، جیهانی دەرەوە گۆڕانکارییەکی کەمی لەچیندا بەجێ هێشت و بەم شێوەیە شێوازی ژیانی چینییەکان بە دەست لێنەدراوی و نەگۆڕی مایەوە.

لە باکووری ڕۆژئاوای چیندا، بیابانێکی بەرز هەیە، لەم ناوچە دوورکەوتووەدا خێڵە تاتارییەکان کە پێیان دەوترا مەغۆل دەژیان. ئەم خێڵانە لە چادرە شێوە گومەزییە



خورییەکاندا ژیانیان بەسەر دەبرد و لە کاتی جێگۆڕکێدا ئەوانەیان لەسەر رووی گالیسکە گەورەکان دادەنا و لەگەڵ خۆیان دەیانبرد.

مەغۆلەکان زۆربەی کاتەکانی خۆیان بەسەرپەرشتی ئەسپەکانەوە بەسەر دەبرد و لە شوێنێکەوە بۆ شوێنێکی تر دەڕۆیشتن. ئەسپ سواری لێهاتووبوون.

دیواری گەورە، سەدان ساڵ چینییەکانی لە دراوسێ کێوییەکانی باکوور بە سەلامەتی پاراست. بەڵام لە سەدەی سیانزەیەمی زاییندا، هەموو خێڵەکانی مەغۆل لە ژێر فەرمانی جەنگاوەرێکی کێویدا بە ناوی چەنگیز یەکیان گرت. ئەو پێی دەوترا خان کە مانای (فەرمانڕەوای زۆر بە توانا)یە. چەنگیزخان لە دوای بوون بە فەرمانڕەوای مەغولەکان، ڕووبەڕووی چینییەکان بۆوە تا ببێتە خاوەنی زەوییەکانی دەوروبەری لە ساڵی ١٢٢٦ی زاییندا، سوپاکانی ئەو تا باشوور واتە تا دیواری گەورەی چین پێشڕەوییان کردبوو. هەر چەندە بەهۆی دیوارەکەوە بە توندی پارێزگاری لێ دەکرا، بەڵام بە ئەوێدا تێپەری و چووە ناو چینەوە و بە خێرایی بەشێکی گەورەی لەو وڵاتە داگیرکرد. ئەم جەنگاوەرە مەزنە دواتر بەرەو ڕۆژئاوا و ئەورووپا هێرشی هێنا و سوپا سەرکەوتووەکەیان بۆ ڕووسیا و لهۆستان و هەنگاریا (مەجەرستانی ئەمرۆ) سەرەو لێژ بوونەوە، چەنگیزخان لە دوای ئەم سەرکەوتنە گەورانە گەڕایەوە بۆ ڕۆژهەڵات و پاش ماوەیەك مرد. لە کاتی مردنی چەنگیزخاندا، ئیمپراتۆرییەتی ئەو لە دەریای چینەوە تا ڕووباری «دنیپر» لە ڕووسیا فراوان بوو.

## مارکۆپۆلۆ، چاوی بە خانی گەورە دەکەوێت

لەساڵی ١٢٦٥ی زاییندا، قوبیلای کوڕە گەورەی چەنگیزخان، بووە خانی گەورەی ئیمپراتۆرییەتی مەغۆل. ئەو سنوورەکانی لە زەمانی چەنگیزخان زیاتر فراوان کرد و وەك دەگێڕنەوە کە ئەو خاوەنی گەورەترین پانتایی دەسەڵات بوو کە یەك کەس بەسەر ئەوەدا حوکمڕانی دەکرد، خەڵکی بە ئەویان دەوت قوبیلای قائان (ئەربابی سەرتاسەری زەوییەکان) لەسەردەمی ئەودا چین گەیشتە لووتکەی دەسەڵاتی خۆی. شارە ڕازاوەکان و کۆشکە سوورەکان و سەقفە زێڕینەکان پێکهات. لە بەندەرەکانی ئەوێدا بازرگانی دەوڵەمەند نیشتەجێبوون و لەگەڵ دونیای ڕۆژهەڵاتدا دانوستان و بازرگانییان دەکرد. لە ناوەوە و دەرەوەی بەندەرەکاندا کەشتی جەنگی پێکهاتوو لە کەشتییە سەیرەکان بە ناوی «جانك» کە گەورەترین کەشتی ئەو ڕۆژگارە بوون، هاتووچۆیان دەکرد. قوبیلای شارێکی پڕ زێڕ و زیوی جوانی لە کامبالوك «خانی

هەرزەکار» دروست کرد کە ئەمڕۆ ناوی پی جینگ «پەکین»ە، ئیمپراتۆر لەوێدا بەشان و شەوکەت و خۆشییەوە دەژیا.

لە ساڵی ١٢٧٥ی زاییندا، دوو بازرگانی ونیزی بەناوەکانی «مافیو» و «نیکۆلۆپۆلۆ»ەوە هاتنە ناو کۆشکی قوبیلای، پیاوێکی بەژن و باڵا بەرزی گەنج بەناوی «مارکۆ» کە کوڕی ((نیکۆلۆپۆلۆ)) بوو، لەگەڵیاندابوو. بازرگانەکان بۆ ڕێزلێنان لە ئیمپراتۆر سەریان دانەواند و لە وەڵامدا ئیمپراتۆر بە دەنگێکی موئەدەبانە و دۆستانە سەلامی کرد. خانی گەورە کە بەلای مارکۆدا ئاوڕی دابۆوە، پرسی: ((ئەم پیاوە گەنجە ((کێ یە))؟

نیکۆلۆپۆلۆ بۆی ڕوونکردەوە: ((خان، ئەمە کوڕی منە و خزمەتکاری ئێوەیە)).

خان وەڵامی دایەوە: ((بەخێربێت، من زۆر چێژ لە بینینی ئەو وەردەگرم)) چەند ساڵێك لە پێش ئەم سەردانەیاندا، مافیو و نیکۆلۆ کاتێك گەڕانەوە بۆ ونیز، داستانە سەرسووڕهێنەرەکان لە ئەزموونی خۆیان لە ناوچە نەناسراوەکانی ڕۆژهەڵات بۆ خەڵکی شارەکەیان گێڕابۆوە. کاتێك کە بڕیاریاندا دیسانەوە بڕۆنەوە بۆ ڕۆژهەڵات مارکۆی لاو داوای لێکردن کە بیبەن لەگەڵ خۆیان. مارکۆ لەگەڵ باوك و مامیدا بە دەریای ئەتڵەنتا و دەریای ناوەڕاست تێپەرین و لە کەنارەکانی ڕۆژهەڵاتدا دابەزین، بۆ ماوەی سێ ساڵ لەسەفەر کردندا بوون لە ئاسیادا ونیزییەکان بە شاخەکان و دەشتەکان و دۆڵەکان، هەندێك جار بە حوشتر و زۆجار بەسەرپشتی ئەسپەوە، و جارجار بە بەلەم و هەندێك کاتیش بە پێ، ڕێگەیان دەبڕی.

مارکۆپۆلۆ ئەمەی نووسیوە: ((هەموو شتەکان بە شێوەیەك گەورە و قەشەنگ و ڕازاوەیە کە هیچ کەسێك لەسەر زەوی ناتوانێت نەخشەی لەوە باشتر بکێشێت هۆڵەکانی کۆشك بە شێوەیەك گەورەیە کە شەش هەزار کەس بە ئاسانی دەتوانن لەوێدا نانی ئێواری بخۆن و لەمەش سەرسووڕهێنەرتر ئەوەیە کە ژمارەیەکی زۆر ژوور لە گۆشە و کەنارەکانی کۆشکدا هەیە.

لەکۆتاییدا گەشتیارەکان گەیشتنە سەرزەوی قوبیلای قائان. خان کە هەواڵی هاتنە ناوەوەی ئەوانی بیست بوو پاسەوانانی کۆشکی نارد تاوەکو ئەوانە بهێنن بۆ کۆشك، مارکۆ لەوەوپێش کۆشکی ڕازاوەیی لەم جۆرەی نەبینی بوو. دیوارەکانی بە پەڕەی زێر و زیو داپۆشرابوو.

خان زۆر دڵی بە ناوچە فراوانەکانی ژێر دەسەڵاتی خۆش بوو، بەردەوام تاکەکانی کۆمەڵی بۆ کاروبارەکانی ناوچە جیاوازەکانی ئیمپراتۆرییەت دەنارد. سەیری ئەوانەی دەکرد لە کاتی گەڕانەوەیاندا ڕاپۆرتی ڕێکوپێکیان لەسەر ئەو ناوچانە نەدەهێنا بۆ خان، خان بە کارمەندانی



خۆی دەوت ((بڕیار دەدەم گوێ بگرم لەوشتە سەیر و سەمەر و دابونەریتانەی کە لە وڵاتە جیاوازاکاندا بینیوتانە لەو کاتەی بازرگانیتان کردووە )).

ڕۆژێك قوبیلا مارکۆی بۆ ناوچەیەکی دوری ژێر دەسەڵاتە فراوانەکەی نارد، مارکۆ بۆ بە دەست هێنانی زانیاری لە بارەی ئەو ناوچانەی کە بینی بووی، خۆی زۆر ماندوو کردبوو لە کاتی پێشکەش کردنی ڕاپۆرتەکەی بەخان دەربارەی هەموو ئەو شتە سەیر و سەمەرانەی کە پێی بوو قسەی کرد، ئیمپراتۆر زۆر خۆشحاڵ بوو وتی: ((ئەگەر ئەم پیاوە گەنجە تەمەن درێژبێت کەسێکی زۆر شایستە و دەوڵەمەندی لێ دەردەچێت)).

خان لەدوای ئەوەوە مارکۆی بۆ کاروبارە گرنگەکانی ئیمپراتۆرییەت دەنارد. پیاوە گەنجەکە سەفەری بۆ هەموو ناوچە دوور و نزیکەکان کرد کە تا ئەوکاتە هیچ ئەورووپییەك سەفەری لەم جۆرەی نەکردبوو. مارکۆ حەڤدە ساڵ خزمەتی خانی گەورەی کرد. بەردەوام بەهۆی ئەو کاروبارانەی کە پێی دەسپێردرا بەم لا و ئەولادا هاتووچۆی دەکرد هەر لەبەر ئەمەش بوو بەو شێوەیە ناوبانگی دەرکرد کە هیچ مرۆڤێکی تر لەو سەدەمەدا وەك ئەم نەناسرا.

دواجار پۆلۆکان دڵیان بۆ نشتیمانی خۆیان تەنگ بوو. داوای گەڕانەوەیان بۆ ونیزکرد. چەندان جار هەوڵی ڕۆیشتنیاندا بەلام خان زۆر حەزی دەکرد ئەوان لای بمێننەوە، وەك دەگێڕنەوە کەس لە دونیادا نەیدەتوانی ئەو ڕازی بکات، تامۆڵەتی ڕۆیشتن بە ئەوان بدات، بەلام لەکۆتاییدا ڕەزامەندی پیشاندا، قوبیلا مارکو و هاوڕێ گەشتیارەکانی بەیاقوت و بەردە گران بەهاکان دیاری باران کردو دوو لەوحەی زێر کە فەرمانەکانی لەسەر هەڵکەندرابوو بە ئەوانیدا، فەرمانەکانی قوبیلای بۆ فەرمانڕەوای وڵاتەکانی تر بوو کە ڕێگە بەئەوان بدەن بەو شوێنەدا تێپەڕن. هەر ئەوە بەس بوو کە ئەم لەوحانە پیشانی ئەوان بدەن تا هەر شتەکیان دەویست بەدەستی بهێنن.

## پولۆکان میوانداری ڕێکدەخەن

لەساڵی ١٢٩٥ی زاییندا سێ پیاو بەلەش و لارێکی بێگانەوە لە شەقامەکانی ونیز دا دەرکەوتن. بە ریشی درێژ و بەکڵاوی حەریر و پەڕدار کە درێژییان وەك جلوبەرگی ڕۆژهەڵات بوو، قسەکردنیان بەزمانی بێگانە سەرنجی خەڵکیان بەلای خۆیان ڕادەکێشا. ونیزییەکان بە وردی چاویان بڕیبووە ئەوان، دەیانپرسی ئەوانە کێن؟ هیچ کەس ئەوانی نەدەناسی ئەو سێ کەسە خۆیان ناساند، بەڵام کەس باوەڕی پێ نەدەکردن کە ئەم بێگانانە بەهۆی ڕەنج و زەحمەتی

سەفەر گەڕ و گوڵ بووبێتن لە ئەندامانی بنەماڵەی دەوڵەمەندی پۆلۆ بن، مارکۆ لە گەنجیەتیدا ونیزی بەجێهێشتبوو. ئێستا پیاوێکی تەواوبوو و باوک و مامیشی بەتەواوی بەساڵا چوو بوون. سێ گەشتیارەکە چوون بۆ خانووە کۆنەکەی خۆیان لە ((کازا پۆلۆ)) کە خزم و کەس و کاریان لەوێدا نیشتەجێبوون، خەڵکی ماڵەوە کەس جێگەی ئەوانی نەدەکردەوە و باوەڕیان بەقسەکانی نەدەکرد تا لەکۆتاییدا قەبوڵیان کردن و ڕێگەیان پێدان بۆ ماڵی خۆیان .

حەکایەتێکی کۆن پیشانی دەدا کە پۆلۆکان چۆن ناسنامەی خۆیان سەلماند. میوانداریییەکی بەشکۆیان ڕێکخست و کەسایەتییە گرنگەکانی ونیزیان بانگهێشت کرد. ئەمە سەرسووڕهێنەرترین میوانداریێتی بوو کە میوانەکان تیایدا ئامادەبوون، پێشوازیکەران بەکەوای رازاوە لەحەریری سوور کە لە زەوی دەخشا، دەرکەوتن. کاتێك بەهەموان دانیشتن و کەواکانیان داکەند و کراسیان لەحەریری سوور لەبەر کرد و لەو کاتەدا فەرمانیاندا جلوبەرگە داکەندراوەکان بدەن بەخزمەتکارەکانیان. لەدوای خواردنی یەکەمین خواردن پۆلۆکان هۆڵی میوانداریییەکەیان بەجێهێشت و ئەمجارە بەجلوبەرگی تازەی ئاوریشمی سوورەوە گەڕانەوە کە فەرمانیان دا جلوبەرگەکانی جاری دووەمیش بدرێت بە خزمەتکارەکانیان. ڕیوایەتێکی کۆن دەڵێت:((کاتێك میوانداریییەکە کۆتایی هات، بەجلوبەرگی ئاوریشمەوە هەمان کاریان کردووە و تا کۆتایی جەژن جلوبەرگیان بە شێوەی ڕۆژ لەبەر کرد )).

کاتێك کە هەموو خزمەتکارەکان هۆڵەکەیان بەجێهێشت ڕووداوێکی سەرسووڕهێنەر ڕووی دا. مارکۆ بۆ ژوورێکی تر ڕۆیشت هەمان جل و بەرگە کۆن و چڵکنەکەی کاتی هاتنەوەی بۆ ونیز پۆشی بوو، گەڕایەوە بەچەقۆیەکی تیژ درزێکی لەکراسەکەی کرد و لە بەرامبەر چاوە حەپەساوەکانی میوانەکاندا ژمارەیەکی زۆر یاقوت و ئەڵماس و ئەلەمنیۆم و مرواری و گەوهەرە گران بەهاکانی تر ڕژانە دەرەوە و لەناو ئەوانە کۆمەڵێك گەوهەر هەبوو کە میوانەکان هەرگیز شتی ئەوایان نەبینی بوو، گەوهەرەکانیان بە شێوەیەکی هونەرمەندانە لە جلو بەرگەکانی خۆیاندا شاردبوویانەوە کە هیچ کەس باوەڕی نەدەکرد .

ئێستا میوانەکان تێگەیشتن کە بۆچی پۆلۆکان جلوبەرگی کۆنیان لەبەر کردبوو، ئەوان بەناوچە ترسناکەکان دا تێ پەڕین کە چەتەی زۆری هەبوو. باشیان دەزانی کە هەڵگرتنی ئەم گەنجینە گەورەیە لەسەفەرێکی درێژ و خایەن سەختدا ئاسان نییە، ناچار سوودیان لەم شێوە ژیانە وەرگرت بۆ بەسەلامەتی گەیاندنی گەوهەرەکان بۆ ونیز.



داستانە کۆنەکەی ئەم گەشتیارانە بەم شێوەیە درێژەی دەبێت: ((میوانەکان تێگەیشتن کە لەڕاستیدا لەناو ئەم جلوبەرگانەشدا ئەوان هەمان پیاوماقوڵە بەڕێز و دەوڵەمەندەکانی بنەماڵەی کازاپۆلین کە بانگهێشتی بۆ دەکەن، ئەوانیان نوقمی ڕێز و گەورەیی کرد)). ئەم هەواڵە سەرسووڕهێنەرە بەخێرایی بەسەرتاسەری ونیزدا بلاوبۆوە و خەڵکی بۆ چاوپێکەوتنی ((مارکۆ پۆلۆ)) بە گورج و گۆڵی بەئەدەب و میهرەبانییەوە چوون و پرسیاریان دەربارەی خۆتن و خانی گەورە لێکرد. مارکۆ لە باسکردنی داستانی سەفەرەکەی بۆ ڕۆژهەلاتی دوور هەرگیز ماندوو نەدەبوو، خەڵکی ونیز لەوانەبوو هەرگیز لە شارەکەیان دوورنەکەوتبێتنەوە،، تامەزرۆیی داستانەکانی ئەوبوون، چونکە ئەوانە جگە لە حەکایەتەکانی جنۆکە و پەری هیچی تریان نەبیستبوو.

## سەفەرنامەی مارکۆ پۆلۆ

ئەگەر جەنگی نێوان ونیز و جنوا نەبوایە، لەوانە داستانەکانی مارکۆ پشتگوێ بخرایە. بەلاّم ئەو جەنگە و ڕووداوەکانی دوای ئەوە، بووە هۆی پاراستنی ئەم بیرەوەریيانە، مارکۆ پۆلۆ سێ ساڵ لە دوای گەڕانەوەی خۆی لە ڕۆژهەلاّتی دوور، لە شاری ونیزدا مایەوە. لەم کاتەدا جەنگ لە نێوان ونیز و جنوادا هەڵگیرسا، مارکۆ لە کاتی جەنگدا بەدیل گیرا و لە جنوادا فڕێدرایە ژێرزەمینێکی تەنگ و تاریکەوە، لە زینداندا داستانی سەفەرەکەی بۆ زانایەك بەناوی ((روستیکلۆ)) کە ئەویش زیندانی بوو، باسکرد. روستیکلۆ بە شێوەیەك تامەزرۆی بەسەرهاتەکەی بوو کە داوای کرد سەفەرنامەکەی ئەو بنووسێت چونکە لەو باوەڕەدابوو کە دەبێت ئەورووپییەکانی تریش ئاگاداری ناوچە سەرسووڕهێنەرەکانی ئاسیا بن.

روستیکلۆ دەیوت: ((ئێمە شتەکان بەو شێوەیەی کە دەبینرێت یان دەبیسترێت دەینووسین تا هیچ ناڕاستی و هەڵەیەك زەربە لە هەقیقەتی کتێبەکانمان نەدات و چونکە ئەوانەی کە ئەوە دەخوێننەوە یان دەبیستن بە تەواوی پشت بە هەقیقەتی ناوەڕۆکی ئەوە دەبەستن)).

چەندان ساڵ لەدوای ئەوە، کاتێك مارکۆپۆلۆ پیر بووبوو، داوای لەوکرد تا بە حەزی خۆی چاکسازی لە کتێبەکەیدا بکات. لە وەلاّمدا ئەمەی وت: ((لەم کتێبەدا هیچ زیادەڕەوییەکی تێدا نەکراوە. بە پێچەوانەوە من نیوەی ئەو شتە سەرسووڕهێنەرانەی کە بەدووچاوی خۆم بینیومە، دەرم نەبڕیوە.))

بەشێکی گەورەی سەفەرنامەکەی مارکۆپۆلۆ دەربارەی سەروەت و شکۆمەندی ناوچەکانی ڕۆژهەڵاتە، مارکۆ لە بەشێکی کتێبەکەدا ئەمەی وتووە:

یاقوت جگە لە دورگەی سەیلان، لە شوێنێکی تری جیهاندا دەست ناکەوێت. لەو جێگایەدا بە هەمان شێوە یاقوتی نیلی و یاقوتی زەرد و یاقوتی وەنەوشەیی و بەردەگرانبەهاکانی تر دەست دەکەوێت، پاشای ئەم دورگەیە خاوەنی گەورەترین و باشترین یاقوتەکانی جیهانە.

دەربارەی دورگەی چیپانگۆ یان یابانی ئێستا ئەمەی نووسیوە:

دەتوانم بە ئێوە بڵێم کە بڕێکی یەکجار زۆر زێڕیان هەیە، چونکە ئەوەیان لە دورگەی خۆیاندا دەستکەوتووە و پاشاکەی ڕێگە بەناردنە دەرەوەی ئەوە نادات. سەرەڕای ئەمە ژمارەیەکی کەم بازرگان دەچنە ناو ئەم وڵاتەوە چونکە ئەم دورگەیە زۆر دوورترە لە سەرزەوی ئەسڵی. لەبەر ئەوە خەڵکی ئەو ناوچەیە زێڕێکی لەڕادەبەدەریان هەیە. شتێکی سەرسووڕهێنەر هەیە دەربارەی کۆشکی پاشایی ئەو دورگەیە، دەبێت بزانین کە ئەو کۆشکێکی گەورەی هەیە کە بە تەواوی بە زێڕی پوخت داپۆشراوە، ڕێك وەك کەنیسەکانی خۆمان کە بە چینێکی تەنك داپۆشراوە، ئەقڵ نایبڕێت کە یەکێك بتوانێت قیمەتی ئەوە بخەمڵێنێت. ڕێڕەوەکان و رووی تەلارەکانی کۆشك بە پەڕە زێرینەکانی وەك پەڕە بەردینەکان و بەدوو پەنجەی گەورە داپۆشراوە بە هەمان شێوە پەنجەرەکان لە زێر دروستکراوە. لەبەر ئەمە قیمەتی هەموو سەروەتی کۆشکەکە لە رادەبەدەرە و ئاقڵ نایبڕێت.

لەسەفەرنامەکەی مارکۆپۆلۆدا دەربارەی شازادەیەکی هیندی ئەمەی نووسیوە: ((ئەو کراسێکی گرانبەهای لە ئاوریشمی پارچە پارچە کراو لەبەردابوو کە سەد و چوار مرواری و یاقوتی گەورەی زۆر بەنرخی بەوەوە هەڵواسرابوو. پاشا سێ بازنگی ئەستووری زێری کە مرواریيە گرانبەهاکانی بەسەرەوە بوو، لە دەست دەکات و زنجیرە زێرینەکانی لە هەمان جۆر دەکات بە قاچییەوە بهێڵن پێتان بڵێم کە جلوبەرگ و زێر و گەوهەرەکان و مرواری کە ئەم پاشایە بە خۆیەوە دەکات لە نرخی شارێکیش زۆر زیاترە.

لە هەمووی گرنگتر، مارکۆ شوێنی ئامادەکردنی رووەکە دەرمانییەکان و کاڵا دەگمەنەکانی رۆژهەڵات دەزانێ کە ئەورووپاییەکان زۆر خوازیاری بوون.

کەشتییەوانەکان بەمارکۆیان وت کە ئەولای چین کۆمەڵێك دورگەی لێیە کە رووەکە دەرمانییەکان لەوێوە بەرهەم دەهێنرێت، مارکۆ دەیوت: ((ئەوانە جۆری جیاواز لە دەرمانەکان بەرهەم دەهێنن، بۆ نموونە لەم دورگانەدا بیبەری سپی و بیبەری رەش بە بڕێکی زۆر بەرهەم



دێت. لە راستیدا سەروەتی ئەم دورگانە سەرسووڕهێنەرە، چ زێڕ و بەردە بەنرخەکان بێت و چ جۆرەکانی داودەرمانەکان، بەڵام ئەوانە زۆر دوورن لە سەرزەوی ئەسڵییەوە و بەدەست هێنانی ئەم داودەرمانانە گرانە. ئەگەر کەشتییەکان بەرەو ئەوێ سەفەر بکەن، سوودێکی لەڕادەبەدەر لەم هەنگاوە بێ باکانەیان وەردەگرن)).

## کەشتییەکان لە دەریا نەناسراوەکان دا

خەڵکی لەسەرتاسەری ئەورووپادا، سەفەرنامەی مارکۆپۆلۆیان خوێندەوە و لە ئارەزووی بەدەست هێنانێکی راستەوخۆی ئەو داودەرمانانەی ئەو ناوچانەدا بوون کە مارکۆپۆلۆ وەسفی کردبوو، بەڵام چۆن دەبێت بەوانە بگەیت؟ ئایا رێگەی ئاوی بۆ گەیشتن بە رۆژهەڵات هەیە؟ ئەگەر کاڵاکانی رۆژهەڵات بەبێ چەندجار جێ گۆڕکێ لە حوشترەوە بۆ بەلەم و یان بە پێچەوانەوە، لە کەشتییەکاندا بار دەکرێت و راستەوخۆ هەڵدەگیرێت بۆ ئەورووپا، خەرجییەکانیشیان کەمتر دەبۆوە. بازرگانەکانی وڵاتێك ئەگەر لە دۆزینەوەی ئەم رێگەیەدا بەخت یاوەریان بێت، دەیانتوانی کاڵاکانی خۆیان بە نرخێکی کەمتر لە بازرگانی ونیزی بفرۆشن، بەم شێوەیە ئەم بازرگانە شانسدارانە دەیانتوانی بازاڕی دەوڵەمەندی رۆژهەڵات بۆ خۆیان بە دەست بهێنن.

ئاشکرایە سەفەر بۆ رۆژهەڵات لە رێگەی ئاوییەوە ئاسان بەرچاو نەدەکەوت، کەشتییەکانی ئەو سەردەمە تەنیا بە سەوڵ و یەك چارۆگەی چوارگۆشە ئامادە دەکران کە لە کاتی هەڵکردنی با لە دواوەی کەشتییەکەوە سوودی لێ وەردەگیرا. ئەم جۆرە کەشتییانە بۆ ئاوە ئارامەکانی دەریای ناوەڕاست زۆر گونجاوبوون. بەڵام لە ئاوە پڕ شەپۆلەکانی ئۆقیانووسدا، جێگەی پشت پێ بەستن نەبوون، دەریاوانەکان بۆ گۆڕینی ئاراستەی کەشتییەکانی خۆیان هیچ کەرەستەیەکیان نەبوو، رێك وەك دەریاوانە دێرینەکان لە رۆژە بێ هەورەکاندا بە سوود وەرگرتن لە شوێنی خۆر ئاراستەی کەشتییەکانیان دەگۆڕی و لەشەوە سافەکاندا سوودیان لە ئەستێرەی باکوور وەردەگرت وەك رێبەرێك، بەڵام کاتێك کە ئاسمان تەماوی و تۆفان یان بێ ئەستێرە بوایە، هیچ رێگەیەکیان بۆ دۆزینەوەی ئاراستە نەبوو، نائومێدانە لە دەریادا ون دەبوون.

مرۆڤ لە سەدەی پانزەیەمی زاییندا بەلەمەکانی گەورەتر و بەهێزتر دروستکرد. سەوڵیان وەلاوەنا و لەگەڵ دوو یان سێ ستوون کە پایەی چارۆکەبوون دروستیان کرد، چارۆکەکانیان بە

شێوەیەک دروست کردبوو کە هەر کاتێک کە یەکێکیان کۆدەبۆوە، ئەوانی تر بەرزدەبوونەوە دەریاوانەکان فێربوون کە چۆن سوود لە بایی هەموو ئەولایانە وەربگرن کە لێوەی هەڵدەکات، چارۆکەکانی خۆیان ڕێکخست. زاناکان بەداهێنانی ئامێرەکان فریای کەشتیوانەکان کەوتن کە ئاڕاستەی کەشتیوانەکان لە دەریا نەناسراوەکان بەو ئامێرانە دەگۆڕی سەرەتا قیبلەنما دروستکرا.

لە چاخە دێرینەکان هەستیان بەوە کردبوو کە ئەگەر دەرزییەک لەبەردێکی تایبەت دابتاشرێت و لەسەر داری لۆکە لە تەشتێکی پڕ لەئاودا سەرئاو بکەوێت، سەرێکی ئەوە هەمیشە رووەو باکوور دەوەستێت. پاشان بە دانانی دەرزییەکی موگناتیسی لەسەر بازنەیەکی ستوونی، ئەوەیان لە سەر پەڕەیەک دانا کە لەوەوە چوار ئاڕاستەی بنچینەیی باکوور، باشوور، رۆژهەڵات و رۆژئاوا و ئاڕاستە لاوەکییەکانیان دیاریکرابوو، هەموو ئەم کەرەستانەیان لە سندوقێکدا دادەنا، ئەم سندوقەی ((دەریاوانی)) یەکەمین قیبلەنما بوو.

عەرەبەکان قیبلەنمایان بۆ ئەورووپا هێنا. سەرەتا زۆربەی کەشتیوانەکان خۆیان بەدوور گرت لە سوود وەرگرتن لەو ئامێرە لەبەرئەوەی لەو باوەڕەدابوون کە جادووی تێدا بەکارهێنراوە، دەترسان کە ئیش و کاریان بەوە بێت. بەم شێوە، وردە وردە دەریاوانەکان لە سوودی ئەوە تێگەیشتن. هەستیان بەوەکرد کە قیبلەنما بۆ ڕێنمایی کەشتییەکان ئامێرێکی بەنرخ و ئارامبەخشە.

بەم شێوەیە دەریاوانەکان نەخشەی دەریایی تازەتریان لە بەردەستدا بوو کەسانێک کە سەفەریان بۆ ناوچەی دوورەکان کردبوو، لە نووسینەکانی خۆیاندا وەسفی ئەو کەنار و ڕێگە ئاوییانەیان کردبوو کە پێیدا تێپەڕی بوون، کەشتیوانەکان ئەم ڕێگە دەریاییانەیان دەکرد. پاشان لەجیاتی نووسینی ئاڕاستەکان، وێنەی ئەو کەنارانەیان دەکێشا کە پێیدا تێپەر دەبوون. نەخشەکێشەکان کاریان لەسەر ئەوانە دەکرد و خەتەکانیان راست دەکردەوە و لەسەر بنچینەی زانیارییە تازەکان، نەخشەی وردتریان دەکێشا، ئەم نەخشە دەریاییانە ڕێنماییەکی باوەڕپێکراو بوو بۆ کەشتیوانەکان، ئیستولاب ئامێرێکی تر بوو کە بەکەڵکی دەریاوانی دەهات، کەشتیوانەکان بەم کەرەستەیە دەیانتوانی لە ڕێگەی پێوانی شوێنی خۆرەوە دووری خۆیان لە خەتی ئیستیوا چ لە باکوور و چ لە باشووردا بدۆزنەوە. کاتێک کە کەشتی بۆ سەرەوە و خوارەوە هاتووچۆی دەکرد، سوودیان لە کەرەستەیەکی تر وەردەگرت کە لە شێوەی خاچدا بوو، لە بارودۆخێکی جێگیرتردا بە دەستیانەوە دەگرت.

بە کەشتییە گەورە و باشترەکان و بە ئامێری نوێی دەریاوانی کە دایان هێنابوو. وە بە نەخشە دەریاییەکان کە ڕێنمایی کەشتیوانەکانی دەکرد، دۆزینەوەی ئاڕاستە لە دەریا



نەناسراوەکاندا ئاسانتر بوو. دەریاوانەکان دەستیان بە کەشفکردنی ئاوە نەناسراوەکانی سەر زەوی کرد.

## خەونی شازادە هێنری

پرتوگالییە دێرینەکان ئەو نەتەوانە بوون، کە بە لێکۆڵینەوەوە خەریک بوون بۆ دۆزینەوەی ڕێگە ئاوییەکانی رۆژهەڵات، گەنجترین کوڕی شا جۆن، شازادە هێنری بوو. ئەو لە کاتی لاوێتیدا ئارەزوویەکی سەیری هەبوو بۆ دۆزینەوەی شوێنێک کە داودەرمانی لێوە بەرهەم دەهات.

هیوایەکی تری دۆزینەوەی ڕێگەی دەریای رۆژهەڵات بوو. وازی لە ژیانی پاشایەتی هێنا و چوو بۆ شوێنێکی بەجێماو لە کەنارەکانی باشووری پرتوگال. تاوەرێکی بەرزی لەسەر لوتکەی تاشەبەردێکی بەرز لەسەر دەریا دروستکرد. جوگرافی زانەکان و نەخشەکێشە ناودارەکانی ولاتە جیاوازەکانی بانگهێشت کرد و قوتابخانەیەکی بۆ فێربوونی کەشتییەوانی دروستکرد و شێوازی سوود وەرگرتن لە ئامێرەکانی دەریاوانی و باشترین شێوەکانی گۆڕینی ئاڕاستەی کەشتییەکانی فێری ئەوانە کرد.

شەو و رۆژ شازادە لە خەم و خەفەتدابوو. کەسێک کە ئەوی بە باشی دەناسی، ئەمەی نووسیوە: بەنارەحەتی دەتوانرێت دەربڕدرێت کە چەندان شەو خەو نەچۆتە چاوەکانی، براکەی سەفەرنامەی مارکۆپۆلۆی پێدا و شازادە بەتامەزرۆییەکی زۆرەوە ئەوەی خوێندەوە.

لەو سەردەمەدا، قاڕەی ئەفریقیا بە تەواوی بەلای ئەورووپییەکانەوە نەناسرابوو. هیچ کەس نەیدەزانی رووبەری قاڕەی ئەفریقیا چەندە و ئایا کەشتییەکان دەتوانن بە دەوری ئەو قاڕەیەدا بسوڕێنەوە یان نا.

چەندان ساڵ لەمەوپێش، کەشتیوانە پرتوگالییەکان سەردانی کەنارەکانی باکووری ئەفریقیایان کردبوو، وە لەگەڵ دانیشتوانەکەیدا دانوستاندنیان هەبوو. ئایا لە ڕێگەی باشووری ئەفریقیاوە ڕێگە بۆ گەیشتن بە زەوی داودەرمانەکان، واتە هیندستان هەیە؟

ئەم ڕێگە ئاوییە، زۆر لەو ڕێگەیە کورتتر بوو کە کاروانە بازرگانییەکانی رۆژهەڵات سوودیان لێ وەردەگرت و لە ئەنجامدا پرتوگالییەکان دەیانتوانی خۆیان بۆ داودەرمانەکان و گەوهەرەکانی بازاڕەکانی رۆژهەڵات ئامادە بکەن، شازادە بە لێکۆڵینەوەی زیاتر دڵنیابوو کە ئەگەر کەنارەکانی رۆژئاوای ئەفریقیا تا ناوچە دووردەستەکان درێژ ببێتەوە. بە لووتکەیەک کۆتایی دێت ئەگەر کەشتییەک بە دەوری ئەم لووتکەیەدا بسوڕێتەوە. ڕێگەی دەریای رۆژهەڵات

و سەروەت و سامانەکەی دەکرێتەوە بڕیاریدا بۆ لێکۆڵینەوەی زیاتر کەشتیوانەکان بۆ ئەوێ بنێرێت. بەڵام دۆزینەوەی کەشتیوانەکان و ناردنیان بۆ ڕێگەیەکی نادیار و مەترسیدار کە چەند سەد کیلۆمەترێك لە کەنارەکانی ئەفریقیاوە دووربوو، تا ڕادەیەك ئاسان نەبوو. دەریاوانەکان ئەو لووتکەیەیان بەناوی ((لووتکەی نا)) دەناسییەوە دەیانوت شەپۆلەکانی ئاو لەولای لووتکەکەدا بە شێوەیەك ترسناکە، ئەو کەشتییانەی کە بە ئەوێدا تێپەڕیبوون هەرگیز نەیانتوانی بوو دووبارە بگەڕێنەوە.

شازادە هێنری گوێی نەدا بەم بیروباوەڕە گەمژانەیە. لەو باوەڕەدابوو کە ئەگەر تەنیا یەك جار کەشتییەکان بەم خاڵەدا تێپەڕن، دەتوانن بە دەوری ئەفریقیادا بسوڕێنەوە و بگەنە ئەو ناوچە زێڕ و داودەرمانەی کە مارکۆپۆلۆ بینیبووی. لە کۆتایی شازادە یەك یەك کەشتیوانەکانی بۆ تێپەڕبوون بەم لووتکە ترسناکەدا ڕازی کرد.

بەڵام لووتکەیەکی تریش ڕێگاکەی داخستبوو. زۆربەی کەشتیوانەکان لەو باوەڕەدابوون کە لەولای ئەم لووتکەیەوە، خۆر شلەیەکی تواوە دەڕژێت و دەریاکە بە گەرمی ئاگرینی خۆی دەکولێنێت. مەسەلەکە ئەوەبوو کە ئایا دەریاوانەکان جورئەتی ڕۆیشتن بە ئەوێیاندا هەیە، لەم گەرمییەدا بەزیندوویی ناسووتێن؟ لە ساڵی ١٤٣٣ زایینیدا، شازادە کەشتیوانێکی بەناوی ((جیل ئیینز)) بانگکرد. فەرمانەکانی کە بە جیلی دابوو، ئەوەبوو کە لە لووتکەکە تێپەڕێت و بەبێ دانی ڕاپۆرتێکی تەواو لەسەر لووتکەکە و تا دەریای دوای ئەوە نەگەڕێتەوە. بەڵام جیل بە بیستنی داستانە ترسناکەکەی کە پێی وترا بوو گەڕایەوە.

شازادە لەبەر ئەوەی کە ئەو ترسا بوو زۆر سەرەزەنشتی کرد و ئەمەی وت: (ئەگەر داستانەکە یەك تۆز ڕاستی هەبوایە، سەرزەنشتم نەدەکردی، بەڵام تۆ دەڵێی لە داستانی ئەو مرۆڤانەوە هاتووی کە نەدەتوانن سوود لە قیبلەنما وەربگرن و نە لە ((نەخشە دەریاییەکان)) پاشان داوای لە جیل کرد تاسەر لەنوێ هەوڵ بدات: ((دووبارە بکەوە ڕێ و ئەگەر تەنیا بەئیرادە بیت، پشت بەخوا، لەسەفەرەکەدا سوود و ناوبانگ بەدەست دەهێنێت)).

دوای ساڵێك، جیل بەبێچووککردنەوەی مەترسییەکان. سەر لەنوێ دەستی کردەوە بەسەفەرەکەی. ئەمجارە دەریاوانی لەم دەریایەدا زۆر بە ئاسایی وەرگرت، و وەك دەریاکانی دەوروبەری نیشتیمانەکەی سەیری کرد و بەڕێکەوت. ئێستا شازادە بەم سەرکەوتنەی دەتوانێت کەشتیوانێکی تر ڕازی بکات بۆ سەفەر بۆ خوارووی کەنارەکانی ئەفەریقیا. حەوت ساڵ تێپەڕی تا یەکێك لەوانە بەلووتکەی دواتر گەیشت. ئەو لووتکەیەی ناونا ((لوتکەی بلانکۆ)) کەشتیوانێکی



تر کە هەرگیز کەشتییەکەی خۆی بۆ خوارتر نەدەبرد بە لووتکەیەکی تر گەیشت و ئەوەی ناونا ((لووتکەی وەرد)) کە بەمانای لووتکەی سەوز دێت. ئەو ئەمەی وت: سەر زەوی ئەم شوێنە پڕە لە دارەکان کە هەمیشە سەوزن و وەك دارەکانی ئەورووپا هەرگیز سیس نابن. ئەوان ئەوەندە لە نزیك کەنارەکانەوە گەشەیان کردووە کە دەڵێی لە کاتی نۆشینی ئاودان)).

بەم شێوەیە دەریاوانە پرتوگالییەکان سەفەریان بۆ ئەوپەڕی ناوچەی باشووری ئەفەریقیا کرد. شازادە هێنری هەموو کەشفێکی گرنگی لەسەر نەخشەی دیوارێکی گەورەی خۆی دەنووسی. ڕاهیبێکی ئیتاڵی بەناوی ((فرامایوزا)) ئەم نەخشەیەی دروستکردبوو. کەشتییەکانی شازادە چڵ ساڵ بەدەریا نەناسراوەکاندا گەڕان بەڵام لەبەر ئەوەی کە بەناوچە زۆر دووردەستەکان گەیتشبوون نەیاندەتوانی ڕێگەی کۆتایی باشووری قاڕەی ئەفەریقیا بدۆزنەوە.

بەداخەوە شازادە هێنری ئەوەندە نەژیا تا بەلێکۆڵینەوەکانی خەونی دۆزینەوەی ڕێگەی دەریاییەکان بۆ هیندستان ببینێت. ئەگەرچی ئەو لەساڵی ١٤٦٠ی زایینیدا کۆچی دوایی کردبوو. بەڵام ڕەنجی چل ساڵەی کارە خۆراگرانەکەی بەفیڕۆ نەچووبوو. توێژەرانی دوای ئەو، سوودێکی زۆریان لەزانیاری دەریاوانی ئەو وەرگرت.

## لووتکەی ئومێدبەخش

شاجۆنی پرتوگاڵی، درێژەی بەکارە نیوە تەواوەکەی شازادە هێنریدا. لەئەفەریقیا ساڵی ١٤٧٨ی زایینیدا، هەیئەتێکی بە سەرپەرشتی کەشتیوانێکی ئازا بەناوی ((بارتلۆمیو دیاز)) نارد بۆ باشووری ئەفەریقیا. ئەم کەشتییانە بەناوچە دوور دەستەکانی، باشووری قاڕەی ئەفەریقیا گەیشتن. ئەوانە لەسەفەرەکەی خۆیاندا ڕووبەڕووی تۆفانی ترسناك بوونەوە. شەپۆلە دێوئاساکان، یەکێك لە کەشتییەکانی بۆ سەرەوە هەڵدەدا و دوای ساتێکی تر بەخێرایی بەرەو ڕێڕەوی ئۆقیانووسەکە دەنیشتەوە. تەمێکی چڕ هەموو شتێکی لەناو خۆیدا ون کردبوو، لەچاوی شاردبۆوە. تا دوو هەفتە هیچ زەوییەك نەدەبینرا. کەشتییەکان کە بەڕەشەبا دەجوولان. بەبێ ویستی خۆیان لەدەریای نەناسراودا بەرەو باشوور دەجوولان. هیچ کەس نەیدەزانی بۆ کوێ دەڕۆن.

لە کۆتاییدا کە ڕەشەباکە وەستا. کاتێك کە دیاز سەیری قیبلەنمای کرد، بەحەپەسانەوە هەستیکرد کە بە ئاڕاستەی باکوور دەجوولێن.

لە راستیدا بەبێ ئەوەی ئاگاداربوو‌بێت. لووتکەیەك کە پشت بەستن بە بۆچوونی شازادە هێنری لە کۆتایی باشووری ئەفەریقیادایە، سووڕابۆوە، بەم شێوەیە ڕێگەی دەریایی بەڕووی هیندستاندا کرایەوە.

دیاز دەیویست درێژە بەسەفەرەکەی بدات بەڵام کەشتیوانەکان لەم گەشتەیاندا لەترسدا لە قاچ کەوتبوون. ڕێگەیان نەدەدا زیاتر پێشڕەوی بکەن و دیاز بەناچاری بڕیاری گەڕانەوەی دا. لە کاتی گەڕانەوەی کەشتییەکاندا، لووتکەیەکی بەرز بەبەرزایی دەریاکەوە دەرکەوت. تێگەیشتن کە دەبێت ئەوە هەمان لووتکە بێت کە لەوپەڕی ناوچەی ئەفەریقیادایە، لەوانەیە لەکاتی تەمەکەدا بەوێدا تێپەڕیبێتن. بەیادی ترس و نیگەرانی خۆیانەوە لە کاتی تێپەڕین بەلای ئەو لووتکەیەدا ناویان نا ((لووتکەی تۆفانەکان)).

لە ئەنجامدا دیاز گەڕایەوە بۆ پرتوگاڵ و بەپەلە چوو بۆ لای پاشا تا هەواڵی خۆشی بۆ بەرێت. کاتێك دیاز وتی کەناوی لوتکەی کۆتایی ئەفەریقیامان ناوە ((لووتکەی تۆفانەکان))، پاشا سەری راوەشاند: ((لووتکەی تۆفانەکان؟ نا ئەگەر ئەوە ناوبنێین لووتکەی تۆفانەکان، دەریاوانەکانمان بەتێپەڕبوون بەم لووتکەیەدا دەترسن. مەگەر ئەم لووتکەیە ڕێگای هیندیستان و سەرەوەت و سامانەکەی ڕۆژهەڵات پیشان نادات؟ باشە ناوی ئەوە بنێین ((لووتکەی ئومێد بەخش)). بەم شێوەیە لووتکەکە ناوی لێنراوە، ئەمڕۆش لە نەخشە تازەکانی ئەفەریقیادا بەهەمان ناو دەخوێندرێتەوە.

هەواڵی هەنگاوە گەورەکانی دیاز لەسەرتاسەری ئەورووپادا بڵاوبۆوە. ونیزییەکان بەبیستنی ئەم هەواڵە زۆر نیگەران بوون. چونکە دەیانزانی بە کەشفکردنی ئەم ڕێگە تازەیە، دەست گەیشتنی پرتوگاڵییەکان بەهیندستان لەڕێگەی دەریاییەوە تەنیا پەیوەندی بەکاتەوە هەیە و ئەگەر ئەم رووداوە رووبدات، بازرگانی لەگەڵ ڕۆژهەڵاتدا کە سەرچاوەی سەروەت و سامانی ونیز بوو، لە دەست دەچوو، سەردەمی دەوڵەمەندی ئەوان بەسەردەچوو.

یەکێك لە نووسەرە ونیزییەکان لەم بارەیەوە ئەمەی نووسیوە:

((بە هەواڵی سەرکەوتنی سەفەرەکەی دیاز، هەموو خەڵکی شار نیگەران و بێ تاقەت بوون. ئاقڵانی شار، ئەوەیان بە دڵتەزێن ترین هەواڵ دەزانی کە تا ئەو کاتە بیستبوویان چونکە ناوبانگە گشتی و تایبەتییەکەی ونیز کە لە ڕێگەی بازرگانی کەلوپەلەکانی خۆیان سەروەت و سامانێکی زۆریان دەستکەوتووە، ئێستا بەم ڕێگە نوێیەدا، بارەکانی داودەرمان راستەوخۆ بە لیسبۆندا دەڕۆن و ئەڵمانییەکان و فینلەندییەکان و فەرەنسییەکان بۆ کڕین هێرش دەکەنە سەر ئەوێ و ئاسایی کاڵاکان لە لیسبۆندا هەرزانتر دەبن لەچاو ونیزدا چونکە پێش ئەوەی کە کاڵاکان لەڕێگە کۆنەکەیەوە بگاتە ونیز دەبێت باجێکی زۆر بدرێت بۆ تێپەڕینیان بە شام و میسردا.

# بەشی یانزەهەم

# کەشفی دونیای نوێ

# ئایا زەوی خڕە؟

پرتوگالییەکان نزیکەی نیو سەدە کەشتییەکانی خۆیان نارد بۆ کەنارە دووردەستەکانی ئەفریقیا تا ڕێگەی دەریای ڕۆژهەڵات بدۆزنەوە، تا ئەو شوێنەی دەیزانین لەو ماوەیەدا هیچ دەریاوانێك نەیتوانی بوو سەفەر بۆ ناوچە دووردەستەکانی ئوقیانووسی ئەتڵەسی بکات کە دەکەوێتە ڕۆژئاوای ئەورووپاوە. چەندان سەدە لەمەوپێش، کەشتیوانە چاونەترسەکانی ئەسکەندەناڤیا بە کەشتی شێوە هەژدیهاییەکانیانی خۆیان، بەناوچەکانی باکووری ئۆقیانووسی ئەتڵەسیدا گەڕابوون، بەڵام ئەورووپییەکان زانیاری کەمیان لە بارەی ئەم کەشفانەوە هەبوو.

دەریا بەشەپۆلە نەناسراوەکانی ترسی خستبووە دڵی کەشتیوانەکانەوە. ئەوان لە کاتی سەفەریان بۆ ناوچە دووردەستەکانی ئۆقیانووسی ئەتڵەسی کە پێیان دەوت: ((دەریای تاریك)) دەترسان چونکە حەکایەتی ترسناك لە بارەی ئەوێوە دەگێڕدرایەوە، بۆ نموونە دەیانوت لەم دەریایەدا دێوی گەورە هێرش دەکاتە سەر کەشتییەکان و ڕایدەکێشێتە ژێر دەریاکەوە و هەموو خەڵکەکەی سەری دەخنکێن. لەو باوەڕەدابوون کە شاخێکی موگناتیسی لە ژێر دەریادایە کە کەشتییەکان بۆ لای خۆیدا ڕادەکێشێت و بەدەرکێشانی بزمارەکان و کەرەستە ئاسنینەکانی کە پارچەکانی کەشتییە دەپارێزێت، شتێك جگە لە پەتە سەر ئاوکەوتووەکانی بەسەر ئاوەکەوە نەدەمایەوە، نەخشەکێشانی ئەو ڕۆژگارە لە نەخشەکانی خۆیاندا، وێنەی ئەو مارە دەریاییانەیان لە دەریا نەناسراوەکان و گێژاوە ترسناکەکاندا کێشاوە کەلە کەمین دا بوون.

سەرەڕای ئەمە نابێت بەلامانە سەیر بێت کە بۆچی دەریاوانەکان لە سەفەر بۆ ناوچە دووردەستەکان دوور دەکەوتنەوە. لە کاتێك کە هەموو کاڵاکانی ئەورووپا لە ڕۆژهەڵاتەوە دەهات، پێویستیان بە دەریاوانی نەبوو لە ڕۆژئاوادا.

چەندان سەدە کەس نەیدەزانی ئۆقیانووسی ئەتڵەسی تا کوێ درێژبۆتەوە. نووسەرێك دەیوت: ئۆقیانووسێکی گەورەی بێ سنوور هەیە کە کەشتیوانەکان ناوێرن لە کەنارەکانی دووربکەونەوە. کەشتیوانەکان تەنانەت ئەگەر ئاڕاستەی بایەکەش بزانن، نازانن کە ئەم ڕەشەبایە بۆ کوێیان



دەبات و چونکە هیچ زەوییەکی نیشتەجێ بوون لەو دووردەستانەدا بوونی نییە، بە شێوەیەك لە کاتی ڕۆیشتندا تووشی ڕەشەبایەکی مەترسیداری گەورە دەبن و لەناو گاز و تەمدا ون دەبن.

لەو ڕۆژگارەدا، یەکێك لەو مەسەلانەی کە شایەنی لێکۆڵینەوە بوو، ئەوەبوو کە زەوی خڕە یان تەختە. زۆربەی خەڵکی لەو باوەڕەدابوون کە زەوی تەختە، کەسێك نووسیویەتی: ((ئایا کەسێك ئەوەندە گەمژەیە کە لەوباوەڕەدابێت مرۆڤەکانی سەر زەوی لەسەر سەر بەڕێگادا بڕۆن یان شوێنێك هەیە کە چڵەپۆپەی درەختەکان بەرەو خوارەوە گەشە بکات و یان بەفر و باران بۆ سەرەوە بباریت؟)).

لەلایەکی ترەوە، زاناکانی ئەو چاخە لەو باوەڕەدابوون کە زەوی خڕە و ئەم بەڵگانەیان دەهێنایەوە کە بەم شێوە دەتوانرێت بە تێپەڕین بەدەریای تاریك و سەفەر بۆ ڕۆژئاوا بە ئاسیا بگەیت.

بە پێی نەخشەکانی ئەو سەردەمە، توانای گەیشتن بە ڕۆژهەڵات لە ڕێگەی ڕۆژئاواوە زۆر ئاسان بوو چونکە لە هیچ نەخشەیەکدا هیچ بەربەستێك نابینرێت کە ڕێگە لە دوو قاڕەی گەورە بگرێت کە لە ڕۆژئاواوە بچنە ناو ئاسیا. هیچ کەس زانیاری لە بارەی ئۆقیانووسی ئارام و ئۆقیانووسەکانی ترەوە نەبوو، و فراوانی زەوییان نەدەزانی. ئەو زانایانەی کە لەو باوەڕەدابوون کە زەوی خڕە، بەڕای ئەوانە ڕێگەی ڕۆژئاوا بۆ گەیشتن بە ئاسیا کورتترە لە ڕێگەی ڕۆژهەڵات، کە پرتوگالییەکان لە لێکۆڵینەوەی ئەوەدابوون.

یەکێك لە بەناوبانگترین جوگرافیزانەکانی ئەو ڕۆژگارە ((پاپۆلۆتوسکانلی)) بوو کە لە فلۆرانس ژیانی بەسەردەبرد. توسکانلی بیری لە ڕێگا تازەکان و ناوچەکانی رووەکە دەرمانییەکان دەکردەوە. ئەو لەوباوەڕەدابوو کە ڕێگای دەریای ڕۆژئاوا بۆ گەیشتن بە ڕۆژهەڵات ئاسانە، لەسەر ئەم بنەمایە، نەخشەیەکی جیهانی کێشا کە لە سەفەرنامەکەی مارکۆپۆلۆوە وەریگرتبوو. لەم نەخشەیەدا، کەنارەکانی ڕۆژهەڵاتی ئاسیا ڕێك کەتبووە بەرامبەر کەنارەکانی ڕۆژئاوای ئەورووپا.

پاشای پرتوگاڵ لە ڕێگەی یەکێك لە ئەندامانی بنەماڵەی پاشایەتی کە هاوڕێی جوگرافیزانە گەورەکە بوو، ئارەزووی بیستنی بۆچوونەکەی توسکانلی هەبوو، هاوڕێکەی توسکانلی لەنامەیەکدا داوای لێکرد تا بۆچوونەکەی بۆ پاشا باس بکات و توسکانلی بۆچوونەکانی خۆی لە نامەیەکدا بۆ پاشا نووسی و نەخشەیەکی جیهانیش کە خۆی کێشا بووی بۆ شاجۆنی نارد. لەم نامەیەدا ئەمەی خوارەوە هاتووە:

چەندان جار لە بارەی ڕێگەیەکی زۆر کورت کە لەم دەریایەوە بۆ هیند ناوچەی دانیشتوانی داوودەرمانەکان هەیە، بەڵگەم هێناوەتەوە لەو باوەڕەدام کە ئەم ڕێگەیە لە ڕێگەی گینە زۆر کورتترە. بۆ ڕوونکردنەوەی زیاتر، نەخشەیەکی وەك نەخشەی دەریاوانەکانم ئامادە کردووە و لەو ڕێگە دەریاییەدا ئەم ڕێرەوەم کێشاوە، گەورەم پاشا، ئەم نەخشەیە بۆ لای تۆ دەنێرم، بە خوێندنەوەی ئەوە تێدەگەیت کە چۆن دەتوانن بە زەوییە بەرهەمهێنەرەکانی داودەرمانەکان بگەن. لەبەر ئەوەی کە ئەو ناوچانە ئاسایی پێی دەوترێت ناوچەکانی ڕۆژهەلاّت، بەلاتەوە سەیر نەبێت کە ناوم ناوە ڕۆژئاوا چونکە ئەگەر بەردەوام بە ئاڕاستەی ڕۆژئاوا سەفەربکەن. بەو ناوچانە دەگەن .

بێگومان توسکانلی وەك هەموو ئەورووپییەکانی ئەو زەمانە، زانیاری دەربارەی دووقاڕەی ڕۆژئاوا و ئۆقیانووسی ئارام نەبوو، و لە ئەنجامدا نەخشەیەکی ئامادەکرد، فراوانی زەوییەکانی زۆر بچووکتر لە ڕووبەری ڕاستەقینەیان بوو.

## لە ڕۆژئاواوە بەرەو هیند

لەهەمان ئەو ساڵانەی کە شازادە هێنری کەشتییەکانی بەرەو کەنارەکانی ئەفەریقیا دەنارد، کوڕێك بەناوی کریستۆف کۆڵۆمبس لە جنوای ئیتاڵیا گەورە دەبوو، خەیاڵی دەریاوانی لەسەریدا دەهاتوو دەچوو. جنوا لەو سەردەمەدا یەکێك بوو لە گرنگترین شارە بازرگانییەکانی ئەورووپا، کۆڵۆمبس لەسەرەتای لاوێتیدا دەچوو بۆ بەندەرە قەرەباڵغەکانی شار و سەیری کەشتییەکانی دەکرد کە پڕبوو لە شتومەکە جوانەکانی ڕۆژهەلاّت، گەنجینەی کەشتییەکان ئەو دەوروبەرەیان پڕکردبوو لە بۆنە خۆشەکانی داودەرمانەکانی ڕۆژهەلاّت.

کۆڵۆمبس گوێی لەبەسەرهاتی کەشتیوانەکان دەگرت و حەکایەتە سەیرەکانی ناوچەکان و خەڵکە دووردەستەکانی وەك یادگاری دەخستە مێشکی خۆیەوە. گەورەترین هیوایەتی ئەو دەریاوانی بوو. لە ئەنجامدا بۆ یەکەمین جار لە تەمەنی چواردە ساڵیدا چووە دەریاوە.

کۆڵۆمبس ساڵانێك لە دەریای ناوەڕاستدا دەریاوانی کرد و پاشان چوو بۆ پرتوگال کە لەو ڕۆژگارەدا بۆ کەشتیوانەکان، وڵاتێکی سەرنج ڕاکێش بوو. لەوێ نەخشە و هێڵکارییە جیاوازەکانی کێشا و لەگەڵ کەشتیوانە پرتوگاڵییەکاندا سەفەری زۆری کرد. کتێبی زۆری خوێندەوە و زانیارییەکانی باشترین زانای سەردەمی خۆی وەرگرت. بە هەمان شێوە سەفەرنامەکەی مارکۆپۆلۆی دەست کەوت و بە وردی ئەوەی خوێندەوە. لەکاتی



خوێندنەوەی کتێبەکەدا ئەو سەرنج و تێبینییانەی کە بە مێشکیدا دەهات، لە پەراوێزی کتێبەکەدا دەینووسییەوە.

کۆڵۆمبس بەم جۆرە بەڵگەی دەهێنایەوە کە زەوی بە پێی بۆچوونی زاناکان خڕە و بەو شێوەی مارکۆپۆلۆ وتویەتی لە ڕۆژهەلاّتی چیندا ئۆقیانووس هەیە، باشە ئەم ئۆقیانووسانە دەبێت هەر هەمان ئاوبێت کە کەنارەکانی ئەورووپا دەشۆرێتەوە، چۆن ئەو بۆ خۆی ناتوانێت بە تێپەڕین بە دەریای تاریك و کەوتنەڕێی بە ئاڕاستەی ڕۆژئاوا، بگات بەسەروەت و سامانەکانی ڕۆژهەلاّت؟ کۆڵۆمبس نامەیەکی بۆ توسکانلی نووسی و جوگرافیزانی ناودار بەم شێوەیە وەلاّمی دایەوە: ((من ئەم ئارەزووە گەورە و پیرۆزەی تۆ بە تێپەڕین و گەیشتن بە ناوچەی ڕووەکە دەرمانییەکان هەست پێ دەکەم و نەخشەیەکی وەك ئەوەی کە بە شاجۆنی دابوو بۆ کۆڵۆمبسی نارد. ئەم بابەتە بووە هۆی ئەوەی کە کۆڵۆمبس بگاتە ئەو باوەڕەی کە ئاسیا تەنیا ٢٥٠٠ کلیۆمەتر دوورە لە ڕۆژئاوای ئەورووپاوە، دڵنیابوو کە ڕێگەی دەریای ڕۆژئاوا زۆر کورتترە بۆ دەستکەوتنی سەروەت و سامانی ناوچەکانی ڕۆژهەلاّت لە چاو ئەو ڕێگەیەی کە پرتوگاڵییەکان بە سوڕانەوەیان بە دەوری ئەفریقیادا بە دواوەی بوون.

کۆڵۆمبس جارێکی تر نامەیەکی بۆ توسکانلی نووسی و توسکانلیش وەلاّمی دایەوە: ((من پێشبینی سەفەرەکەتان بە پێی ئەو نەخشەیەی کە بۆتانم ناردووە بە سەرکەوتنێکی مەزنی دەزانم، بێگومان ڕووی کورەی زەوی لەسەر ئەم نەخشەیە باشتر دەردەکەوێت. ئەم سەفەرە، سەفەرێك دەبێت بە درێژایی پانتایی دەسەلاّتی حکوومەتە بەهێزەکان و شارەکان و ناوچە زۆر دەوڵەمەندەکان و بەشکۆکانی ڕۆژهەلاّت، ناوچەیەکە کە لێوانلێوە لە کالاّ داواکراوەکانی ئێمە، مەبەستم داودەرمانەکان و گەوهەرە جوانەکانی ئەوێیە، کۆڵۆمبس تا ساڵی ١٤٨٤ی زایین، بە وردی لەسەر نەخشەکە کاری کرد.

پێویستی بە پارەیەکی زۆر بوو بۆ دابینکردنی کەشتی گەورەی پێکهاتوو لە چەند کەشتییەك لەگەڵ کەشتیوانەکان و ئامادەکاری تایبەتی بۆ ئەم سەفەرە کە پێویستە ئامادەبکرێت. کۆڵۆمبس بۆ خۆی پیاوێکی هەژار بوو. لە ئەنجامدا، پەنای برد بۆ پاشای پورتوگال کەشتییەکانی پورتوگاڵ یەك بەدوای یەك سەفەریان بە ڕێگای کەنارەکانی ڕۆژئاوای ئەفریقیادا دەکرد و پاشا و ڕاوێژکارەکانی دڵنیابوون کە ڕێگەیەکی ئاوی بەدەوری ئەفریقیادا بەم زوانە دەدۆزرێتەوە. لەبەر ئەوە زۆر گرنگییان بە ئایدیاکەی کۆڵۆمبس نەدابوو. پاشان کۆڵۆمبس ڕووی کردە کۆشکی شا فردیناند و شاژن ئیزابیلای ئیسپانیا و پاشا و شاژن کە لەو

زەمانەدا سەرگەرمی دەرکردنی مێروولەکان ((عەرەبەکان)) بوون لە ئیسپانیادا، لەبەر ئەوە کات و پارەی تەواویان بەدەستەوە نەبوو بۆ سەفەری کەشفکردنی ڕێگەی ئاوی.

کۆلۆمبس خەمبار و دڵشکاو ئەویشی بەجێهێشت. سەرۆکی کەنیسەك کە جێگەی نووستنی پێدابوو. هانیدا کە داوای یارمەتی لە پاشای فەرەنسا بکات. کۆلۆمبس بەرەو بەندەرێکی بچووك بە ناوی ((پالۆس)) بەڕێکەوت تا لەوێوەیە بە کەشتییەك بەرەو فەرەنسا بڕوات، بەڵام لەگەڵ گەیشتنی بە بەندەرەکە شاژن ئیزابیلا پۆستەچییەکی نارد بە دوایدا و بەڵێنی یارمەتی و پارێزگاری پێدا. بەڵام بابەتەکە دواکەوت و کۆلۆمبس سەر لەنوێ بەرەو فەرەنسا کەوتەڕێ. ئەمجارە کەسێك شاژنی ڕازی کردبوو کە بە ڕۆیشتنی کۆلۆمبس بۆ فەرەنسا، سەروەت و سامان و شان و شەوکەت لە دەست دەدات و لەئەنجامدا شاژن نامەیەکی پاشایەتی بە سواری ئەسپێکی چاپووکەوە نارد بۆ کۆلۆمبس تا ڕازیی بکات، بگەڕێتەوە.

لە کۆتاییدا لە مانگی نیسانی ساڵی ١٤٩٢ی زاییندا پاشایەتی ئیسپانیا بڕیاریدا کەشتی و خەڵکی پێویست بۆ سەفەرەکەی کۆلۆمبس دابین بکات. پەیدا کردنی دەریاوان بۆ ئەم جۆرە سەفەرە زەحمەت و گران بوو هەندێك زیندانییان بەو مەرجە ئازاد کرد کە لەگەڵ کۆلۆمبسدا بچن بۆ سەفەر.

## تێپەڕین بە ئۆقیانووسی ئەتڵەسیدا

کەمێك لەدوای خۆرهەڵهاتن لە سێی ئابی ساڵی ١٤٩٢ی زاییندا سێ کەشتی بچووك بەناوەکانی ((سانتاماریا)) و ((پینتا)) و ((نینا)) بە نزیکەی نەوەد کەشتییەوان ئامادەی ئەنجامدانی سەفەرێکی مەترسیدار بوون. کەشتییەوانەکان بە خەمبارییەوە خواحافیزییان لە کەسوکار و خێزان و هاوڕێکانیان دەکرد، چونکە زۆربەی ئەوانە لەو باوەڕەدابوون لەم کارەدا ناگەڕێنەوە.

کەشتییەکان، بەندەری پالۆسیان لە ئیسپانیا بەجێهێشت و بە ئازایەتی و چاونەترسییەوە بە ((دەریای تاریك))ی نهێنی ئامێز و ترسناك دا بەڕێکەوتن. سێ کەشتییە بچووکەکە بە درێژایی چەندان ڕۆژ بەرەو ڕۆژئاوا بەڕێکەوتن بە تێپەڕبوونی کات، کەشتییەوانەکان جگە لە دەریای نەناسراو کە بە هەموو ئاڕاستەکاندا درێژبووبوونەوە، هیچی تریان نەدەبینی و وردە وردە ترس بەسەریاندا زاڵ بوو.



خەڵکی کوێن؟ بۆ کوێ دەڕۆن؟ چۆن بگەڕێنەوە؟ لە بەشێکی ئۆقیانووسەکەدا، بڕێکی زۆر قەوزەی دەریایی بەم لا و ئەولادا دەهاتن و دەچوون، کەشتیوانەکان لەوە دەترسان کە کەشتییەکانیان لە قەوزەکان گیربن و نەتوانن لەوانە ڕەت بن. پاشان بە درێژایی چەندان ڕۆژ ڕەشەبا لە ڕۆژهەڵاتەوە بۆ ڕۆژئاوا هەڵی دەکرد. پاشان کۆلۆمبس پێی ڕاگەیاندن: ((هاوڕێکانم زۆر لەم فیکرەیە هەراسانبوون کەلەم دەریایانەدا هیچ ڕەشەبایەك بە ئاڕاستەی ئیسپانیا هەڵنەکات)).

شەوێك قیبلەنماکە لەجیاتی ئەوەی کە هەمیشە باکووری پیشان دەدا، بەلای ڕۆژئاوادا هەڵگەڕایەوە. کەشتیوانەکان ترسان. لەو باوەڕەدابوون کە دەریا بووە بەجادووگەر، هاواریان دەکرد: ((ئێمە جگە لە قیبلەنما ڕێبەرێکی ترمان نییە، قیبلەنماکەش کارناکات. هەرگیز ناتوانین ڕێگەی گەڕانەوە بدۆزینەوە)). کەشتیوانەکەی کۆلۆمبس ڕوونکردنەوەیەکی پێیاندا کە هێشتا قیبلەنماکە دەتوانێت لەم دەریایەدا ڕێنماییمان بکات و هۆی هەڵگەڕانەوەی ئەوە، ئەمەیە کە ئەستێرە شوێنی خۆی گۆڕیوە. ئەم ڕوونکردنەوەیە کۆمەڵەکەی ئارام کردەوە و ئیتر قسەی گەڕانەوە نەهاتە پێشەوە.

نیشانەکان ئاماژەیان بە نزیکبوونەوە لە وشکانی دەکرد باڵندە بچووکەکانی وشکانی لەسەر چارۆکەکانی کەشتییەکە دەنیشتنەوە و دەیان خوێند.

عەسری ڕۆژێك نزیك خۆرئاوا بوون، پاسەوانی پینتا کە لە پێش کەشتییەکانی ترەوە دەڕۆیشت لەناکاو هاواری کرد: کەشتیوان، وشکانی وشکانی! کەشتیوانەکان بەپەلە بەپەتەکاندا هەڵگەڕان تا وشکانی ببینن، ڕێك بەرامبەر ئەوان تیشکەکانی خۆرئاوابوونی خۆر، لە وشکانییەکەدا دەدرەوشایەوە. کۆلۆمبس لەسەر ئەژنۆ دانیشت و سوپاسی خوای کرد، بەداخەوە بەیانی ڕۆژی دوایی وشکانی بە تەواوی دیارنەمابوو، هەورەکان بە شێوەیەکی ئاسۆی تاریك هاتبوونە خوارەوە کە وەك دوورگەیەك دەبینران. چەند جارێکی تریش گومانیان دەکرد کە وشکانییان بینیوە بەڵام لەدواییدا نائومێد دەبوون.

بە کۆتایی هاتنی مانگی ئەیلول و دەست پێ کردنی تشرینی یەکەم، کەشتیوانەکان بە تەواوی بێ هیوابوون. ئایا ئەم سەفەرە ترسناکە هیچ کاتێك کۆتایی نایەت؟ داوایان لە کۆلۆمبس دەکرد تا دەست لە نەخشەکەی بکێشێتەوە و بگەڕێتەوە بۆ ئیسپانیا، لە ڕاپۆرتێکی کۆندا ئەم سەفەرە بەم شێوە هاتووە: ((بەڵام یەزدانی نەمر دەسەڵات و جورئەتی پێدا تا لە بەرامبەر هەموو ئەوانەدا خۆڕاگر بێت. تا ئەو شوێنەی کە دەیتوانی ئەوانی هان دا و گەرم و گوڕی کردن و لەگەڵ ئەوەشدا پێی دەوتن کە گلەیی و شکات بێ سوودە چونکە بۆ گەیشتن بە هیندستان تا ئێرە هاتووە و تا دۆزینەوەی ئەوێ درێژە بە سەفەرەکەی دەدات.

# له کۆتاییدا هیندستان!

له یانزەی تشرینی یەکەمدا، ئەو باڵندانەی کە هەرگیز لە کەنارەکانەوە زۆر دوور ناکەونەوە. بەسەر کەشتییەکانەوە دەسوڕانەوە، کەشتیوانەکانی پینتا لەسەر ئاوەکە قامیشێکی سەوز و لقێکی داری بەتووە سوورەکانەوە بینی. ئەوانە ئاماژەیان بەوە دەکرد کە لە وشکانییەوە نزیك بوونەتەوە. هەموویان بە جۆش و خرۆشەوە چاوەروانی ئەوەبوون کە یەکەمجار خۆیان ئەوە ببینن.

ئەو شەوە، کۆلۆمبس تۆزێك قسەی کرد و فەرمانی دا بە پاسەوانەکان کە بە وردی چاودێری بکەن. پاشا و شاژن بەڵێنیان دابوو بەو کەسەی کە یەکەمجار وشکانی دەبینێت، رۆبێکی ئاوریشم و کیسەیەك زێڕی بدەنێ. کاتژمێر دەی هەمان شەو لەو باوەڕەدابوو کە رووناکییەکی جوولاوەی بینیووە، لە رووناکی مۆمێکی بچووك دەچوو کە بۆسەرەوە و خوارەوە دەهات و دەچوو بەم حاڵەشەوە زۆر دڵنیانەبوو. کاتژمێر دووی شەوی رۆژی دواتر، مانگ بە تەواوی بەسەر ئاسمانەوە بوو، وە تریفەی مانگ لە هەموو شوێنێکدا دەدرەوشایەوە چاوەتیژەکانی پاسەوانانی پینتا، شتێکی وەك کەنارە چەوییە سپییەکانی بینی لە ژێر رووناکی مانگدا دەدرەوشایەوە.

هاواری کرد: ((وشکانی! وشکانی!)).

لەکەشتییەکانەوە هاواری وشکانی وشکانی دەنگی دەدایەوە. بە هەڵهاتنی خۆر دەرکەوت کە کەشتییەکان کەوتوونەتە نزیك دوورگەیەك و دواجار بەهیندستان گەیشتبوون! خەونی کۆلۆمبس بوو بە هەقیقەت. گومانی دەکرد کە رێگەی ئاوی رۆژئاوایی بەرەو سەروەتی ناوچەکانی رۆژهەڵات دۆزیوەتەوە.

کریستۆف کۆلۆمبس و پیاوەکانی چوون بۆ کەنارەکان: ((هەموویان لە کەنارەکەدا لەسەر ئەژنۆ دانیشتن و بۆ پیشاندانی سوپاسگوزاری بۆ پەروەردگار کە بەزەیی و رەحمەتی خۆی بەسەر ئەوانەدا بەخیشوە و ئەوانی لەو سەفەرە دوورودرێژەی ئەم دەریایانەدا پاراستووە کە تا ئێستا کەس بەوێدا تێنەپەڕیوە و هەر لەبەر کەشفکردنی ئەم ناوچە نەناسراوە، زەوییان ماچ کرد)). کۆلۆمبس ئالا پڕ بریسکە سوور و زێرینەکەی وەك هێمایەك بۆ ئیسپانیا لەو کەنارەدا چەقاند.

کۆمەڵێك پیاو و ژن و منداڵ کە لە دوورییەکی کەمی کەنارەکەوە کۆبووبوونەوە، بە وردی و سەرسووڕمانەوە سەیری ئەم رێبوارانەیان دەکرد، کۆلۆمبسی حەپەساو لە خۆیی پرسی: ((ئەم خەڵکە سوورپێست و نیوە رووتانە، کێن))؟ ئەوان ئەو جلوبەرگانەیان نەپۆشی بوو کە



کۆلۆمبس لە خەڵکی رۆژهەڵات چاوەڕوانی دەکرد. لەگەڵ ئەوەشدا کریستۆف کۆلۆمبس لەبەر ئەوەی دڵنیا بوو کە ئەم ناوچەیە هیندستانە، ئەوانەی ناونا هیندی، لەڕاستیدا ئەو بە دوورگەیەکی بچووك لە دوورگەکانی ((باهاما)) لە کوبا گەیشت بوو.

هەستەکانی بینین و بیستنی کۆلۆمبس، کۆلۆمبسیان رازی کردبوو کە بە پانتایی دەسەڵاتی خاقانی گەورە گەیشتووە. لەو باوەرەدا بوو کە ئەم دوورگە بچووکە ((یەکێکە لە دوورگە لەڕادەبەدەرەکانی رۆژهەڵاتی دوور کە لە نەخشەکانی جیهانداکێشراوە. دەبێت چیپانگۆ لە نێوان ئەم دوورگانەدا بێت)) بە ئیشارەت شوێنی گەیشتنی بە چیپانگۆی لە هیندییەکان پرسی و ئەوانیش بە ئیشارەت دوورگەیەکی دەوڵەمەندیان لە باشوور پیشاندا.

کۆلۆمبس لە نووسینەکانی رۆژانەیدا ئەمەی نووسیوە: ((بۆ دوورگەیەکی گەورەتر سەفەر دەکەم کە لەو باوەڕەدام بە پێی ئەوەی کە هیندییەکان پیشانی منیان داوە، دەبێت چیپانگۆ بێت. کاتێك بڕێکی زۆر زێر و داودەرمانم دەستکەوت ئەوکاتە لە بارەی ئایندەوە بڕیار دەدەم. هەر رووداوێکیش رووبدات، بڕیار دەدەم ئەوەندە لەو قارەیە بچمە پێشەوە تا نامەی پاشا بگەیەنم بەخانی گەورە.

کۆلۆمبس لە دوای ئەوەی کە ئەوەندە بەم لا و ئەولادا چووبوو، پەرێشان بووبوو کە بۆچی ناتوانێت بە ناوچەی خانی گەورە بگات، دە رۆژ لێکۆڵینەوەی کرد، پاشان خۆی بەوە رازی کرد کە لە رۆژهەلاتی خۆتن دایە، بڕیاری دا بگەڕێتەوە بۆ ئیسپانیا و راپۆرتی یەکەمین دەستکەوتەکانی سەفەرەکەی بە شا فردیناند و شاژن ئیزابێلا بدات.

رێك لە دوای حەوت مانگ لە بەجێهشتنی ئیسپانیا، سەر لە نوێ کۆلۆمبس لە رێی گەڕانەوەدا بوو بۆ ئەوێ، زەنگەکان بە خۆشحاڵییەوە لێدران تۆپەکان تەقێندران، خەڵکەکە سەرتاپا بە شادی و خۆشحاڵییەوە لە شەقامەکان رێزیان گرتبوو ((کۆلۆمبس، خۆتنی دۆزیوەتەوە! پاشا و شاژن پیاوماقوڵەکانی خۆیان رەوانەی بەندەر کرد بۆ هێنانەوەی دۆن کریستۆف کۆلۆمبس بۆ کۆشکی پاشایەتی و فەرماندە ئاوییەکانی ئۆقیانووس و فەرمانڕەوا گەورەکان و حاکمی دوورگە کەشفکراوەکانی هیندستان. بە کەرنەڤاڵێکی سەیر بە شەقامەکانی شاردا بەرێکەوتن کە هەرا و هوریای خەڵکی بەرز دەبۆوە. یەکەمجار چەند هیندییەك کە بەدەم و چاوە رەنگکراو و پەڕەکان بەسەریانەوە و بە شتوومەکە زێرینەکان، خۆیان ئارایشت کردبوو، هاتن بۆ بەردەم ریزەکان. بە دوای ئەواندا کەشتیوانە پشت سووتاوەکان لەبەر هەتاو هاتن کە لەگەڵ خۆیاندا توتی و باڵندە پەڕ شین و زەرد و سەوزە دەرەوشاوەکانیان هەڵدەگرت و لەدوای

هەموویانەوە کۆلۆمبس بە سواری ئەسپێکەوە، کە چوار دەوردرابوو بە پیاوماقوڵە لەش پۆشەکان بە ئاوریشم و تۆڕو کلاوەکان کە پەڕە درێژەکان بە سەریانەوە دەجولایەوە، تێپەڕی.

پاشا و شاژن بۆ گەورەیی کۆلۆمبس لەسەر تەختەی خۆیان هەستان و بە میهرەبانییەوە ئەویان بۆ دانیشتن لە تەنیشت خۆیانەوە بانگهێشت کرد و عەودالی بیستنی رووداوەکانی سەفەرەکەی بوون. کۆلۆمبسش زۆر بە سادەیی داستانی سەفەرەکەی گێڕایەوە و لە دوای تەواوبوونی قسەکانی هەموو ئەوانەی کۆشکی پاشایەتی لەسەر ئەژنۆ دانیشتن و سوپاسی خوایان کرد.

کۆلۆمبس بووە مایەی پەرستن لە لایەن ئیسپانییەکانەوە نوقم بوو لە مەزنێتیدا، رەمزی دەوڵەتیان پێدا و لە خەزێنەی پاشایەتییەوە داهاتێکیان بۆ دیاری کرد، هەوالی سەرکەوتنی ئەو وەك هەورە بروسکە و هەورە گرمەیەك ئەورووپای بڕی، لە هەموو شوێنێك دەنگوباس ئەوەبوو کە کریستۆف کۆلۆمبس کەناری هیندستانی کەشف کردووە و رێگەیەك کە تا ئێستا نەزانراو بوو بۆ رۆژهەلات ئەو دۆزیبوویەوە.

ئیسپانییەکان زۆر شانازییان بە فەرماندە دەریاییەکەی خۆیانەوە دەکرد، ئیسپانییەکان لەو باوەڕەدابوون کە ئێستا هەموو سەروەت و سامانی رۆژهەلات بەرەو ئیسپانیا لێژ دەبێتەوە و ئەوان دەکات بە بەهێزترین میللەتی ئەورووپا. هەموو حەزیان دەکرد لەو سەروەت و سامانەدا بەشداربن. لە دوای ئامادەکارییە پێویستەکان دەبێت دووەمین هەیئەت بنێردرێت. کۆلۆمبس ئەمجارە دلنیابوو کە سەروەت و سامانێکی لە رادەبەدەری دەست دەکەوێت و ئەوە بۆ پاشا و شاژن دەهێنێت، دەیوت: ئێستا دەروازەی زێر و مرواری بە رووی ئێمەدا کراوەیە، دەبێت لە چاوەڕوانی بەردە گرانبەهاکان و داودەرمان و هەزاران کالای بەنرخی تردا بین.

ئەمجارە کێشەی دەستکەوتنی خەڵکی نەبوو بۆ سەفەرەکە، چونکە سەدان کەس دەیانویست لەگەل ئەواندا بن، هیچ کەس گومانی لەوە نەبوو کە ئەمجارە ناوچەی رووەکە دەرمانییەکان کەشف دەکەن، بێگومان سەفەری دووەمیش لە سەفەری یەکەم سەرکەوتووتر نەبوو، لەگەل ئەوەشدا کریستۆف کۆلۆمبس و پیاوە ئیسپانییەکان، بێ هیوا نەدەبوون.

## خەونی شازادە هێنری دەبێت بە حەقیقەت

پرتوگالییەکان بە بیستنی هەوالی سەفەری کۆلۆمبس بۆ رۆژئاوا و دۆزینەوەی ناوچەیەك لەوێ، خەمباربوون. رکابەریان واتە ئیسپانیا بۆ دۆزینەوەی رێگەیەك بەرەو سەروەت و



سامانەکانی ناوچەکانی رۆژهەلات لە ئەوانەوە فێربووبوون. بیرهێنانەوەی ئەم مەسەلەیە بۆ پاشایی پرتوگال ئەوەندە سەرنج راکێش نەبوو، چونکە ولاتەکەی یەکەمین شوێن بوو کە کۆلۆمبس داوای یارمەتی لێکرد و دەیتوانی ئەو ناو و ناوبانگەی کە ئێستا ئیسپانیا بەدەستی هێنابوو، لەبەردەست پروتوگال خۆیدا بێت. هەموو شتێك بەوەوە بەسترابۆوە کە پرتوگال رێگەی دەریایی رۆژهەلات لە رێگەی سوڕانەوەی بە دەوری ئەفریقیادا بدۆزێتەوە!

پاشایی نوێ، ئەمانویل، لەسەر تەختی پاشایەتی دانیشت. بڕیاریدا یەکسەر هەیئەتێك بنێرێت، چ کەسێك لێپرسراوی ئەم سەفەرە ترسناکە لە ئەستۆ دەگرێت؟ دەبێت ئەم ئەرکە بە چ کەسێك بسپێردرێت؟ خەڵکی جیاواز پێشنیار کرا. لە کۆتایی شا ((ڤاسکۆ دۆگاما)) هەلبژێردرا کە پیاوماقولێکی پلەبەرز بوو. داوای لەوکرد کە سەرۆکایەتی هەیئەتەکە لە ئەستۆ بگرێت.

لەمانگی تەمووزی سالی ١٤٩٧ی زایینیدا، پێویستییەکانی ئەم سەفەرە گەورەیەیان ئامادەکردبوو لە شەقامەکانی لیسبۆندا خەڵکێکی زۆر قەرەبالغییان دروستکردبوو. کاتێك ڤاسکۆ دۆگاما و کەشتیوانەکانی بە مۆمە داگیرساوەکانی بەرەو کەنارەکە دەچوون، خەڵکی لەسەر ئەژنۆ دانیشتبوون. کشیشەکان دوعایان بۆ ئەوان دەکرد. ئالای پاشایەتی هەلکرا و چوارکەشتی بچووك بەندەریان بەجێهێشت.

کەشتییەکان چوار مانگ بەرەو کەنارەکانی باشووری ئەفریقیا بەرێوەبوون و وردە وردە لە لوتکەی ئومێد بەخش نزیك دەبوونەوە لە کاتێکدا کە ((بە هۆی رەشەبا و بارانەوە پەکیان کەوتبوو)) شەپۆلە دێوئاساکان خۆیان دەکێشا بە کەشتییەکاندا لەبەردەم پارچە پارچە بووندابوون.

کەشتیوانەکان بە ترسەوە هاواریان دەکرد: ((بگەڕێینەوە، بگەڕێینەوە!)) بەلام ڤاسکۆدۆگاما فەرمانی دەدا: ((خۆڕاگربن! پشت بەخودا ببەستن! ئێستا لە لووتکەکە تێدەپەڕین))!

کەشتییەکان دەورانێکی گەورەیان لێدا تا لەو ناوچە تۆفانییەی کە دیاز رووبەڕووی بووبووە، دوورکەوتنەوە. لەکۆتاییدا دەریا ئارام بۆوە و کەشتیوانەکان تێگەیشتن کە لووتکەی ((ئومێدبەخش))یان بە جهێشتووە مێژوونووسێکی پرتوگالی نووسیویەتی: ((جەژن و ئاهەنگێکی زۆر لە ناو کەشتییەکاندا گێردرا لەبەر ئەوەی هەموویان لە مردن رزگاریان بووبوو، سوپاسی پەروەردگاریان دەکرد.))

له پاش تێپەڕین لە لوتکەی ((ئومێدبەخش)) بەرەو باکووری کەنارەکانی ڕۆژهەڵاتی ئەفریقیا کەوتنەڕێ. پاش ماوەیەك گەیشتنە ناوچەیەك کە موسڵمانەکان لەوێدا نیشتەجێبوون. لە بەندەرەکەدا، کەشتییەکان بارەکانی زێڕ، زیو، گوڵی مێخەك، بیبەر، بەهارات و بڕێکی زۆر مرواری، یاقوت و گەوهەرەکانی تریان بارکردبوو، دۆگاما تێگەیشت کە ئەو کەشتییانە لە هیندستانەوە هاتوون، بەردە گرانبەهاکان و مرواری و دەرمانەکان لەوێ بە شێوەیەك زۆرە کە پێویستیان بە کڕینی ئەوانە نییە، بەڵکو دەتوانرێت بەسەبەتە کۆیان بکەیتەوە! پیاوانی ڤاسکۆ دۆگاما بە بیستنی ئەم هەواڵە خەریك بوو لە خۆشیدا شێت دەبوون.

یەکێك لە کەشتیوانەکان نووسیویەتی: ((ئەم هەواڵە ئێمەی زۆر خۆشحاڵ کرد بە شێوەیەك هەمووومان لە خۆشیدا هاوارمان کرد و سوپاسی خودامان کرد کە ئێمەی پاراستووە تا بە ئارەزووی خۆمان بگەین)).

بازرگانێکی هیندی، ڕێنمایی ڤاسکۆ دۆگامای کرد بۆ تێپەڕین بە ئۆقیانووسی هیندیدا. کەشتییە پرتوگاڵییەکان لە دوای دە مانگ لە بەجێهێشتنی لیسبۆن، بەشاری گەورەی بازرگانی کلکەتە گەیشتن لە کەناری ڕۆژئاوای هیندستان.

دانیشتوانەکە لێیان پرسی: چ شتێك ئێوەی بۆ ئێرە راکێشاوە؟ بە دوای چ شتێکدا ئەوەندە لە نیشتمانەکەتان دوور کەوتنەوە؟

ڤاسکۆ دۆگاما وەلامی دایەوە: ((ئێمە بەدوای مەسیحییەکان و داو و دەرمانەکاندا دەگەڕێین)).

دانیشتوانەکە وەلامیان دایەوە: ((شانستان هێناوە! سوپاسی خودا بکەن کە بۆ ناوچەیەك هاتوون کە خاوەنی ئەم جۆرە سەروەتانەیە)).

ڤاسکۆدۆگاما لەگەڵ کەشتیوانەکانی خۆیدا ئالای پرتوگالی هەڵگرت و بەناو خەڵکێکی زۆر سەر شەقامەکاندا ڕێگەیەکیان کردەوە و چوون بۆ چاوپێکەوتنی فەرمانڕەوایانی ناوچەکە و لەوێ بەڕێزێکی زۆرەوە پێشوازییان لێکرا.

دوو ساڵ تێپەڕی و هەواڵێك لە دۆگاماوە نەگەیشتە پرتوگال. لە دوای ماوەیەك هەواڵی پڕجۆش و خرۆشی گەڕانەوەی ئەو بیسترا. ڤاسکۆ دۆگاما خۆی بە پاشا گەیاند و نامەیەکی لە حاکمی هیندستانەوە بەم ناوەڕۆکە بەئەودا: ((ڤاسکۆ دۆگاما)) پیاوماقوڵێکە لە بنەماڵەی ئێوە، سەردانی حکومەتەکەی منی کرد و زۆر خۆشحاڵی کردم. لە پانتایی دەسەڵاتی مندا بڕێکی زۆر دارچینی، مێخەك، بەهارات، بیبەر و بەردەگرانبەهاکان هەیە. لەجیاتی ئەوە زێڕ و زیو و مەرجان و پارچە و ئاوریشم لە وڵاتەکەی ئێوە دەوێت)).



شا ئەمانویل زۆر خۆشحاڵ بوو. خەونەکەی شازادە هێنری بە شکۆیەکی تەواوە بووبووە هەقیقەت. پرتوگال لە دوای شەست ساڵ لە لێکۆڵینەوە، بۆ دواجار ڕێگەی دەریایی بۆ هیندستان کەشفکرد. ئوسقوفی لیسبۆن نازناوی مەلای گشتی بەپاشا و ئەربابە سەرکەوتووەکانی دەریاکان و عەرەبستان و ئێران و هیندستان دا. هەموو وڵات نوقم بوو لە شادی و سەرفرازی بەهۆی سەفەرە سەرکەوتووەکەی ((ڤاسکۆ دۆگاماوە))، پاشای پرتوگال لە خۆباییانە لە درێژەی نامەیەکدا بۆ پاشا و شاژنی ئیسپانیا، ئەم کەشفەی ڕاگەیاند:

پایەداران پرنس و پرنسس، گەورە بە تواناکان! ئەو پایەدارانە بێگومان ئاگادارن کە ئێمە فەرمانمان بە ڤاسکۆ دۆگاما دابوو کە ئەو یەکێکە لە پیاوماقوڵەکانی بنەماڵەکەمان کە بەخۆی چوار کەشتییەوە لێکۆڵینەوە لە دەریاکاندا بکات. ئەوان خۆشبەختانە بەهیندستان و وڵاتە دراوسێکانی گەیشتن. شارە گەورەکانیان دۆزییەوە کە خەڵکێکی زۆر لەوانەدا دەژیان و بە بازرگانی داو و دەرمان و بەردەگرانبەهاکانەوە خەریك بوون. ئەوانە لەگەڵ خۆیاندا دارچینی و مێخەك و بەهارات و گوێز و بیبەر و بەهەمان شێوە هەموو جۆرە بەردەگرانبەهاکانی وەك یاقووت و..هتد هێناوە.

## دوایەمین ڕۆژەکانی کریستۆف کۆلۆمبس

ئیسپانییەکان بە بیستنی هەواڵی سەرکەوتنی ڤاسکۆ دۆگاما، زۆر بێ هیوا بوون. لەسەفەرە پڕ خەرجییەکانی کۆلۆمبسدا هیچ سەروەت و سامانێکی بە دیاری بۆ ئیسپانییەکان نەهێنابوو. لە پیشبڕکێی بە دەست هێنانی سەروەتەکانی ڕۆژهەڵات، پرتوگال براوە و ئیسپانیا دۆڕاوبوو. لەو سەردەمەی کە ڤاسکۆ دۆگاما بەرەو هیندستان بەڕێ دەکەوێت، کۆلۆمبس جارێکی تر سەفەری بۆ ڕۆژئاواکرد. لە سەفەرەکانی پێشوو، ژمارەیەك خەڵك لە سەرزەوی نوێ بەجێمابوون، بەڵام ئەوانە تووشی دەردەسەری زۆر بووبوون، وە دەوڵەت لەم کارەدا کۆلۆمبسی بە تاوانبار زانی، ئەویان بە کەلەپچەکراوی سواری کەشتی کرد و بەپەلە گەڕاندیانەوە بۆ ئسپانیا. لە کاتی هاتنە ناوەوەیدا نامەیەکی بۆ شاژن نارد و باسی زەلیل بوونی خۆی بۆ کرد.

شاژن بە بینینی گەڕیدەیەکی مووسپی بە ڕووخسارێکی پڕ ڕەنج و ئازار هەڵگرتووەوە، خەمباربوو. فەرمانی دا یەکسەر کەلەپچەکانی لێبکەنەوە. کۆلۆمبس داوای لە شاژن کرد کە ڕێگەی پێ بدات تا جارێکی تر بەختی خۆی تاقی بکاتەوە. کریستۆف کۆلۆمبس لە مانگی

ئایاری ساڵی ١٥٠٢ی زاییندا، چوارەمین سەفەری خۆی دەست پێکرد و ئەمە دوایەمین سەفەری بوو.

کۆڵۆمبس، نەخۆش و پەککەوتوو لە دوای چەندان ساڵ سەفەر بە نائومێدی و بەدبەختییەوە گەڕایەوە بۆ ئیسپانیا. پاش کەمێك لە گەڕانەوەی کۆڵۆمبس، هاوڕێی چەندان ساڵەکەی شاژن ئیزابیلا، کۆچی دوایی کرد. لەدوای مردنی شاژن، پاشا هیچ کارێکی بۆ کۆڵۆمبس نەکرد کە هەژار و تەنیا بوو. کۆڵۆمبس لە نامەیەکدا ئەمەی نووسیوە: ((لەو داهاتەی کە بۆ من دیاریکرابوو هیچم بە دەست نەدەگەیشت و بە قەرزکردن لەم و لەو ژیان بەسەر دەبەم)). لە نامەیەکی تردا بە دڵتەنگییەوە ئەمەی نووسیووە : ((چارەنووسی من بەم شێوەیە بوو بیست ساڵ خزمەتم کرد کە لێوان لێو بوو لە ڕەنج و زەحمەت و مەترسی، هیچ سوودیکی بۆمن نەبوو، ئێستا تەنانەت سەقفێکم بۆ خۆم نییە)).

لە کۆتاییدا لە ساڵی ١٥٠٦ زاییندا، کەشفکەری گەورە بە دڵێکی خەمبارەوە لەبەر نەدۆزینەوەی ناوچە دەوڵەمەندەکانی ڕۆژهەڵات، گیانی سپارد. کریستۆف کۆڵۆمبس لە کۆتایی ژیانیدا بە زۆر دڵنیابوو لەوەی کە کەناری دەرەوەی پانتایی دەسەڵاتی ئیمپراتۆرییەتی خانی گەورەی دۆزیوەتەوە. ئەو هەرگیز هەستی بەوە نەدەکرد بوو کە ئەورووپا لە ڕێگەی ((دەریای تاریك ))ەوە بۆ دونیای نوێ ڕێنمایی کراوە .

## توێژەران لە ڕۆژئاوادا

بوێری و ئازایی کۆڵۆمبس بووە هۆی تێکشکانی جۆرە ترسێکی خورافی کە چەندان سەدە ئەورووپییەکانی لە دەریاوانی لە ((دەریایی تاریك ))دا دواخستووە. لە دوای کرانەوەی ڕێگای ڕۆژئاوا لەلایەن کۆڵۆمبسەوە، دەریاوانە چاونەترسەکانی تر ڕێگەی ئەویان گرتەبەر و چاخی گەورەی کەشفکردن و گەڕیدەی دەستی پێکرد. زیاتر لە دوو سەد ساڵ، توێژەران لەناوچە دوور دەستەکانی دونیای نەناسراوی ڕۆژئاوا دا پێشڕەوییان کرد و لەگەڵ هەر کەشفێکدا، فراوانی دونیا زیاتر دەبوو.

سەرەتا گەڕیدەکانی ئیسپانیا هەنگاوی یەکەمیان نا و بە کەنارەکانی ئەمریکای باشووردا گەڕان. ئەوان بە هەوڵ و کۆششێکی زۆر، دارستانەکان و شاخەکانی ئەمریکای ناوەڕاست لە ئۆقیانووسی ئەتڵەسییەوە تا ئۆقیانووسی ئارامیان بڕی و ڕێگەی مەکسیك و ناوچە سەرەکییەکانی ئەمەریکای باکووریان کردەوە، لە هەر شوێنێکدا کە پێیان لێ دادەنا بە ناوی ئیسپانیاوە، بەردەوام تا ئەو شوێنەی زەوی هەبێت داوای ناوچەی زیاتریان دەکرد. چونکە لەو



ناوچە نوێیانەدا، ئەوەندە سەروەت و سامانیان دۆزییەوە، کە لە خەویشیاندا نەیانبینی بوو، کەشتی لەدوای کەشتی، پڕ لە زێڕ و زیو و گەوهەرە بەنرخەکان دەگەڕایەوە بۆ ئیسپانیا و ئەو وڵاتە گۆڕا بۆ دەوڵەمەندترین وڵاتی ئەورووپا.

شانسی بێ وێنەی ئیسپانیا، فەرمانڕەوایی وڵاتەکانی تری ئەورووپای جووڵاند تا بە ناردنی کەشفکەرەکان بۆ ناوچە نوێکان، سەروەت و سامان بەدەست بهێنن، لە ساڵی ١٤٩٧ی زاییندا ((جۆن کابوت)) کەشتیوانی ئیتاڵی لە خزمەتی هێنری حەوتەمی پاشای ئینگلتەرا دابوو، ((بە مافێکی تەواو تەواوە بۆ دەریاوانی لە هەموو ناوچەکان و وڵاتەکان و دەریاکانی ڕۆژهەڵات و ڕۆژئاوا، بۆ لێکۆڵینەوە و دۆزینەوەی دوورگەکان و وڵاتەکان و ناوچە غەیرەمەسیحییەکان لە هەر گۆشەیەکی جیهان ڕەوانەکرا.

کابوت لەگەڵ هەژدە کەشتیوان و کەشتییەکی بچووکدا بە ئۆقیانووسی ئەتڵەسیدا تێپەری و گەیشت بە ((لابرادۆر)) یان ((نواسکوتیا)) لە قارەی ئەمەریکای باکوور بەڵام وەك کۆڵۆمبس لەو باوەڕەدابوو کە بەچین گەیشتووە، هاوڕێیەکی ونیزی لە گەڕانەوەی کابوت بۆ ئینگلتەرا ئەمەی نووسیوە: ((ونیزییەکی هاووڵاتی ئێمە کە بەکەشتییەك لە بەندەری بریستول کە بۆ لێکۆڵینەوە لە دوورگە تازە و نەناسراوەکان ڕەوانە کرابوو، ئێستا گەڕاوەتەوە و دەڵێت کە پانتایی دەسەڵاتی ناوچەکانی خانی گەورەی کەشفکردووە، ئەویان نوقمی ڕێز و گەورەیی کردووە. جلوبەرگی ئاوریشم دەپۆشێت و ئینگلیزەکان وەك دێوانەکان دوای دەکەون)).

لەوسەردەمەدا پرتوگالییەکان بەردەوام بەرەو ڕۆژهەڵات پێشڕەوییان دەکرد. لە ساڵی ١٥٠٠ی زاییندا، کەشتییەکی پرتوگالی بەسەرپەرشتی ((پێدرۆکابراڵ)) کە مەبەستی بوو لە ڕێگەی دەریای ڤاسکۆ دۆگاماوە بگاتە هیندستان، بە هۆی تۆفان و شەپۆلی توندی دەریاوە، بە شێوەیەك لە ڕێگای خۆی دوورکەوتەوە کە گەیشتە کەنارەکانی ئەمریکای باشوور.

کابراڵ و کەشتیوانەکانی لە کەنارەکە دابەزین و بەناوی حکومەتی پرتوگالەوە ئەوێیان داگیرکرد. پاشان ئەم ناوچەیە ناسرا بە بەرازیل کە لە زمانی پرتوگالیدا کە لە مانای تەختەی ڕەنگ سووری پتەوە کە لەو ناوچە تازەیەدا دەستیان کەوتبوو، وەرگیراوە.

فەڕەنساش بەدوای لێکۆڵینەوەی سەروەتەکانی ناوچەکانی ڕۆژهەڵاتدا عەوداڵ بوو. فرانسیسی یەکەم، پاشای فەڕەنسا، کە بەخیلی بەداراییە زۆرەکەی ئیسپانیا و پرتوگاڵ دەبرد. لە نامەیەکدا بۆ پاشای ئیسپانیا ئەمەی نووسیووە: ((بە چ مافێك، ئەو و پاشای پرتوگاڵ دەستیان گرتووە بەسەر جیهاندا؟ ئایا باوباپیری ئێمە، حەزرەتی ئادەم، ئەوانی بە

میراتگری خۆی دەست نیشان کردووە؟ ئەگەر بەم شێوەیەیە، زۆر جێی خۆیەتی کە ئەم وەسیەتنامەیە پیشان بدەن. تا ئەوکاتە، ئێمە ئەم ئازادییەمان دەبێت کە هەر ناوچەیەك بدۆزینەوە، داگیر بکەین)).

لە ساڵی ١٥٢٤ی زایینیدا، فەرەنسا دەریاوانێکی ئیتاڵی بەناوی ((ڤرازانو)) بۆ کەشفکردنی ناوچە تازەکان نارد. ڤرازانو بە ئۆقیانوسی ئەتڵەسیدا تێپەڕی و سەرتاسەری کەنارەکانی رۆژهەڵاتی ئەمریکای باکووری بڕی. لە دوای دەساڵ، (جاك کارتیە) کەشتیوانی چاونەترسی فەرەنسی چووە ناو کەنداوی ((شەن لورنس)) و بە هەمان ناوەوە لێکۆڵینەوەی لە بەشی سەرەوەی رووبارەکە کرد، لە دوای ئەم رووداوە، زۆربەی کەشفکەرانی فەرەنسی لە رێگەی ئەم رێرەوە ئاوییە گەورەیەی ناوخۆوە سەفەریان دەکرد. ئەوان رێگەی رووبارەکە لە ((مـی سـی سـی پـی))وە تـا سەرچاوەی ئەوەیان ئاشکرا کرد. هەموو ناوچە کەشفکراوەکان بووە موڵکی فەرەنسا.

ئیسپانییەکان لە کۆتایی سەدەی شانزەیەمی زایینـدا ئیمپراتۆرییەتێکی گەورەیان لە دونیای نوێدا دروست کردبوو، ئەم ئیمپراتۆرییەتە وڵاتەکانی ئێستای مەکسیك و ئەمریکای ناوەڕاست و هەموو ئەمریکای باشووری لەخۆدەگرت و تا باکووری کالیفۆرنیای ئەمڕۆ درێژ بووبۆوە. فەرەنسا لە دڵی ئەمریکای باکووردا، ئیمپراتۆرییەتێکی بنیات نابوو، بازاڕێکی فراوانیان بۆ پێستی سمۆرە لەو ناوچەیەدا بۆ خۆیان دروست کردبوو. لە سەرەتای سەدەی دواتردا، دانیشتوانی ئینگلیز بۆ ناوچەکانی رۆژهەڵات و ئەمریکای باکوور هاتن و ناوچەیەکیان بۆ خۆیان تەخت کردبوو، خانووەکانیان لەوێدا دروستکرد و پایەکانی میللەتیان بنیات نا کە لە دواییدا ناسرا بە ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا.

## ئەمریکا ناوی خۆی بەدەست دەهێنێت

ساڵانێکی دووروودرێژ، کەشفکەرەکان رێبازی کریستۆف کۆلۆمبسیان گرت بوو، لەو باوەڕەدابوون کە بە ئاسیا گەیشتوون. بەم شێوەیە بە تێپەڕبوونی کات، هەستیانکرد کە بە هەڵەداچوون، لە کاتی سەفەرەکانی کریستۆف کۆلۆمبس، گەڕیدەیەکی ئیتاڵی بە ناوی ((ئەمەریکۆڤیسنوچی)) یان بە زمانی لاتینی ((ئەمەریکۆس ڤسپوچیوس لە ئیسپانیادا دەژیا، ئەویش وەك زۆربەی ئەورووپییەکانی تر تامەزرۆی خوێندنەوەی سەفەرنامەی مارکۆپۆلۆ بوو، لەبەر ئەوە زۆر شێتی وڵاتانی ئاسیابوو. نەخشە جیاوازەکانی کە لەو سەردەمە لە سەر دونیا و رێگە دەریاییەکان کێشرا بوو خوێندبوویەوە و لە دوای لێکۆڵینەوەی نەخشەکانی



مارکۆپۆلۆ بڕیاریدا سەفەر بۆ ئەم ناوچە تازە کەشف کراوانە بکات. گومان دەکرێت کە ئەمەریکۆ ڤسپوچی لە ساڵی ١٤٩٢ی زایینیدا، بەهاوڕێیەتی لەگەڵ هەیئەتێکی بازرگانی دا بۆ دونیای نوێ سەفەری کردبێت. ئەو بەهەمووی چوار جار بۆ ئەو ناوچانە سەفەری کرد کە بەشێکی زۆری سەردانەکەی تەرخان کردبوو بۆ بینینی کەنارەکانی ئەمریکای باشوور.

ڤسپوچی نامەی سەرنج راکێشی لە بارەی سەفەرکانییەوە بۆ هاوڕێکانی خۆی نووسیوە. لە نامەیەکیدا لە ساڵی ١٥٠١ی زایینیدا، دەربارەی ئەو ناوچانەی کە بینی بووی ئەمەی نووسیوە: ((شایستەیە کە ئێرە ناو بنێین دونیای نوێ. نیاکانی ئێمە چەندان جار وتوویانە کە لە باشووری خەتی ئیستوا، هیچ ناوچەیەك نییە. بەڵام لە دوایەمین سەفەری خۆم دا گەیشتمە ئەو ئەنجامەی کە هەڵەیان کردووە. لە ناوچەکانی باشووردا زەوییەکم دۆزییەوە کە ژمارەی خەڵکەکەی زۆر زیاترە لە قارەکانی ئەورووپا یان ئاسیا یان ئەفەریقیا.

نوسخەیەکی ئەم نامەیە کەوتە دەستی وێنەکێشێك بەناوی ((والدسی مولەر)) رسالەیەکی بە زمانی لاتینی نووسیووە لە بارەی ناوچە تازە کەشفکراوەکانەوە، بەم شێوەیە ئاماژەی پێ دەکات: ((ئێستا، لە راستیدا لە دوای لێکۆڵینەوەی زۆری لەم ناوچانەدا، ئاشکرایە کە ئەمەریکۆ ڤسپۆچی، ناوچەیەکی تازەی لە جیهاندا کەشف کردووە. ئەم بابەتە دەتوانرێت لە درێژەی نامەکانی ئەودا هەست پێ بکرێت لەگەڵ ئەوەی کە ئەم نامەیە بڵاودەبێتەوە. بە بۆچوونی من، ئێمە دەبێت ئەم ناوچە نوێیانە ناوبنێین. واتە دەبێت ئەوە بەناوچەی بەناوی ئەمەریکۆ یان ئەمەریکاوە ناوبنرێت، کە لەناوی کەشفکەرە ئاقڵەکەیەوە وەرگیراوە)).

بەم شێوەیە، بۆ یەکەمین جار ناوی ئەمەریکا بۆ ناوچە نوێکان کە کەشفکرا بوو، پێشنیار کرا و زۆری نەخایاند کە ناوچەکە لە دواییدا ناونرا ئەمەریکای باشوور. لە نەخشەکانی ئەم سەردەمەشدا بە ئەمەریکا دەخوێندرێتەوە.

ئەورووپییەکان بۆ ماوەیەکی دووروودرێژ نەیاندەزانی کە لە باکووری ئەو ناوچەیەی کە ڤسپوچی بینی بووی، قارەیەکی نوێی تریش هەیە. هێشتا لەو باوەڕەدابوون کە قارەی باکوور بەشێکە لە ئاسیا. لەبەر هەمان هۆیە، لە نەخشەکانی پەیوەست بە سەرەتای سەدەی شانزەیەمی زایینەوە، ئەمەریکای باکوور بە ئاسیا ناودەبرێت و هیندی رۆژهەڵات لە نزیك ئەوەوە دەکێشین تا لەکۆتاییدا لە ساڵی ١٥٤١ی زایینیدا، هەردوو قارەی رۆژئاوا ناونرا ئەمەریکا.

# دنیای نویٚ

خەڵکی ئەورووپا دونیای نوێیان کەشفکرد، ئەم دونیای نوێیە، سوودیان لە هەموو زانیارییەکانی خەڵکی دونیای کۆن وەرگرت کە لەوسەردمەدا یەکەمین هەنگاویان بەرەو شارستانییەت هەڵهێنابوو. مرۆڤی چاخەدێرینەکان، بە درێژایی هەزاران ساڵ فێری شێوازە نوێکانی ژیان بوون و هەل و مەرجیان سازکرد بۆ ئەوەی کە ژیانی مرۆڤ باشتر و بەختەوەرتر بێت.

زۆربەی نەتەوە و میللەتەکان لەسەردەمە جۆراوجۆرەکاندا، لەم بزووتنەوە پێشڕەوییانەی مرۆڤایەتی دا بەشداربوون. زۆرجار کە میللەتێك پێشدەکەوت لەبەر هەندێك مەرج نەیدەتوانی لەوە زیاتر پێشبکەوێت.

بەڵام هەمیشە میللەتێکی تر هەڵدەستا تا درێژە بە پێشکەوتنی جیهان بدات. یۆنانییەکان شارستانییەتیان گەیاندە ئاستێك کە زۆر بەرزتر بوو لە شارستانییەتی نەتەوە دێرینەکان. رۆمەکان زۆرشت لە یۆنانییەکانەوە فێربوون و لەم ناوەشدا سەهمی خۆیانیش پێشکەشی شارستانییەت کرد. لەسەردەمەکانی دواتردا، خێڵەکانی باکووری ئیمپراتۆرییەتی رۆم، فێری ژیانی شارستانییەتی ئەوان بوون و ئەوەیان لە باکوور و رۆژئاوای ئەورووپادا بڵاوکردەوە.

چەندان سەدە ئەورووپییەکان شێتی ناوچەکانی رۆژهەڵات بوون و چاویان پۆشی لە لێکۆڵینەوەکانیان لە بارەی ناوچەکانی رۆژئاوا و تێپەڕین بە ((دەریای تاریك))دا. تەنانەت لە سەدەی پانزەیەمیشدا چاویان نوقاند بوو لەبەرامبەر ئۆقیانووسی ئەتڵەسی دا کەبەسەفەر بە ئاوە نەناسراوەکانی ئۆقیانووسدا، دەستیان دەگەیشتە رۆژهەڵات و سەرەوت و سامانە خەیاڵییەکەی. لە کۆتاییدا دەریاوانێکی بێ باك، ئازایەتی خۆی بەکارهێنا و بەدەریای ترسناك دا تێپەڕی. هەرچەندە  ئەو سەروەتەکانی رۆژهەڵاتی پێ کەشف نەکرا بەڵام سەروەتێکی گرنگتری کەشف کرد، ئەو دونیای نوێی دۆزییەوە. لەسەردەمەکانی دواتردا، خەڵکی جۆراوجۆر لە وڵاتە جیاوازەکانەوە لەم ناوچانەدا نیشتەجێبوون و ئەویٚ بۆ نیشتمانیان گۆڕا.

لە چاخە دێرینەکاندا فەرمانڕەوا سەرەڕۆکان وەك بەندە رەفتاریان لەگەڵ زۆربەی خەڵکیدا دەکرد و ئەوانەیان ناچاردەکرد تاوەکو ملکەچی هەموو داواکانیان بن، بەردە تەختە دێو ئاساکانیان بۆ دروست کردنی هەرەمەکانی میسر جێگۆڕکێ پێ دەکرد، سەولی کەشتییە جەنگییە گەورەکانیان بە بەندە کەلەپچەکراوەکان لێدەدا، هەموو گۆڕەکان و پەرستگاکان و بیناجوان و رازاوەکانی کۆن بەندەکان دروستیان دەکرد.



لەسەردەمی فیودالیزم (سیستەمی خاوەنداریێتی)دا، خەڵکی ئاسایی دیلی ژێرمستی پیاوماقوڵەکان بوون کە هەموو زەوییەکانیان بە موڵکی خۆیان دەزانی. پاشان لەگەڵ شەپۆلی گەورەی رابووندا لە دوایەمین ساڵەکانی سەدەکانی ناوەڕاستدا خەڵکی گەیشتنە ئەو باوەڕەی کە مرۆڤە بێ کارەکان لە ئاستی کۆمەڵایەتی خۆیاندا مافی ئازادی و خۆشبەختیان هەیە.

قسەکانی جۆن بال بە بیر دەهێنینەوە کە لە یەکێك لە وتارەکانیدا بۆ جووتیارەکانی ئینگلتەرا، دەربارەی پیاوماقوڵەکانی سەردەمی خۆی ئەمەی وتبوو: ((بە چ بەڵگەیەك کەسانێك ناو دەنێین ئەرباب، لە ئێمە بە بایەخترن؟ ئەوانە بە چ بەڵگەیەك دەبێت ژیانیان لە ئێمە باشتر بێت؟ ئەوانە لە قەلاّ ئارام و ئاسوودەکانی خۆیاندا دەژین و دەبێت ئێمە لە کێڵگەکاندا بەڕەشەبا و باران دەست و پەنجە نەرم بکەین. ئەمە هەوڵ و زەحمەتی ئێمەیە کە درێژەی بەشان و شەوکەتی ئەوان داوە)).

لەسەر بنەمای ئەم هزرانە لەوانە هزرەکانی جۆن بال لە ساڵی ١٣٨١ی زاییندا، خەڵکی ئەو سەردەمە و چاخەکانی دواتر خەباتیان دەکرد بۆ باشترکردنی پێویستییەکانی ژیان و بەدەست هێنانی ئازادی و دادپەروەری و ئازادی مەزهەب و ئازادی هزر و بیر و کار.

خەڵکی کە بۆ دونیای نویٚ کۆچیان کرد، میراتگری رابردووەکان بوون. عادات و دابونەریتەکانیان بۆ دونیای نویٚ گواستەوە کە لە دونیای کۆنەوە وەریان گرتبوو. ئەوان میراتگری پڕشکۆی ئازادی و دادپەروەری بوون کە بەرهەمی چەندان سەدەی خەباتی نیاکانیان بوو، بۆ ئەم ناوچە نوێیانەیان گواستەوە و بەشێکی نویٚ لە داستانی تێکۆشانی مرۆڤ بۆ دروستکردنی جیهانی ئاوەدانتر و ئازادتر نووسرا. بەم شێوەیە ویلایەتە یەکگرتووەکان و نەتەوەکانی تری قارە گەورەکەی ئەمریکا لە دونیای نوێدا گەشەیان کرد لە دەرەوەی ئەو کۆمەڵگایانەی کە ئەورووپییەکان بەرهەمیان هێنابوو.

# پێرستی ڕووداوە مێژووییەکانی چاخی دێرین

ئـەم پێرســتەی ژێــرەوە پەنجاوســێ ڕووداوی گرنگــی مێــژووی چــاخە دێرینــەکان لەخۆ دەگرێـت.

هەڵبژاردنی ئەم ڕووداوانە لەسەر بنەمای گرنگییان بووە.

٣٤٠٠ ساڵ پێش زاین – میسری سەرەوە و خوارەوە لە ژێر ڕابەرایەتی مینس دا یەکیان گرت.

٣٠٠٠ ساڵ پێش زاین – فیرعەونەکان دەستیان کرد بە دروست کردنی هەرەمەکان.

٢٠٠٠ ساڵ پێش زاین – حامورابی یاسایی بۆ بابلییەکان نووسی.

١٥٠٠ ساڵ پێش زاین – دەسەڵاتی میسر گەیشتە لوتکەی خۆی.

١٢٣٠ ساڵ پێش زاین – موسا عیبرییەکانی بردە دەرەوەی میسر.

٧٥٣ ساڵ پێش زاین – مرۆڤە دێرینەکان لە ڕۆمدا نیشتەجێبوون.

٧٢٢ ساڵ پێش زاین – ئاشوورییەکان حکوومەتی عیبرییەکانیان تێکشکاند.

٦١٢ ساڵ پێش زاین – کلدانییەکان شاری نەینەوایان وێران کرد.

٥٨٦ ساڵ پێش زاین – بوخت ئەلنەسری بابلی ئورشەلیمی داگیرکرد.

٥٣٩ ساڵ پێش زاین – کوروش و سوپای ئێران، بابلیان داگیر دەکرد.

٤٩٠ ساڵ پێش زاین – ئاتنییەکان ئێرانییەکانیان لە ماراتندا تێکشکاند.

٤٨٠ ساڵ پێش زاین –یۆنانییەکان ئێرانییەکان لە سالامیسدا تێکشکاند.

٤٦١ ساڵ پێش زاین – چاخی زێرینی پریکلس لە ئاتن دەستی پێکرد.

٣٩٩ ساڵ پێش زاین – سوکرات لە پێناو پەیامەکەیدا ڕاپێچی دادگا کرا.

٣٣٦ ساڵ پێش زاین – ڕوم کۆنترۆڵی تەواوی شێوە دوورگەکەی ئیتاڵیای کرد.

١٤٦ ساڵ پێش زاین –ڕۆمەکان کارتاژیان وێران کرد.

٥٨ ساڵ پێش زاین – سەربازە ڕۆمییەکان بە فەرمانی سزار سەرزەوی گۆڵیان داگیرکرد.

٤٤ ساڵ پێش زاین – ڕۆمەکان ترسان لە دەسەڵاتی سزار، ئەویان کوشت.

٣١ ساڵ پێش زاین – ئاگۆستین کۆماری ڕۆمی گۆڕی بۆ ئیمپراتۆرییەت.



ساڵی زاین پەیدابوونی مەسیحییەت.

ساڵی ٣٧٥ی زاین- هونە ((مەغۆلە)) ئاسیاییەکان ناوچەی گوتەکانیان داگیر کرد.

ساڵی ٤٠٠ی زاین- هێرشکەرانی جێرمەنی دەستدرێژییان کردە سەر ناوچەکانی ڕۆم.

ساڵی ٤١٠ی زاین- گۆتەکان بە ڕابەرایەتی ئالاریك، ڕۆمیان داگیرکرد.

ساڵی ٤٤٩ی زاین- ئانگلییەکان و ساکسۆنەکان بەریتانیایان داگیرکرد.

ساڵی ٤٧٦ی زاین- خێڵە هێرشکەرەکان و ئیمپراتۆرییەتی ڕۆمیان بەش بەش کرد.

ساڵی ٤٨١ی زاین کلویس فرانکەکانی یەکخست.

ساڵی ٦٢١ زاین- حەزرەتی محمد( د.خ) کۆچی بۆ مەککە کرد.

ساڵی ٧١١ی زاین- عەرەبەکانی ئەفریقیا لە ئیسپانیا حکوومەتێکیان پێك هێنا.

ساڵی ٧٣٢ی زاین- فرانکلییەکان پاشەکشێیان بەهێرشکەرانی موسڵمان کرد.

ساڵی ٨٠٠ی زاین- شارلمانی بووە حاکمی ئیمپراتۆرییەتێکی گەورە.

ساڵی ٨٧١ی زاین- ئالفەردی گەورە بووە حاکمی ساکسۆنەکانی ئینگلتەرا.

ساڵی ١٠٠٠ی زاین- لیف ئەریکسۆن، فینلەندای لە ئەمریکای باکوور کەشف کرد.

ساڵی ١٠٩٦ی زاین- ویلیامی فاتح، ئینگلتەرای داگیر کرد.

ساڵی ١٠٩٩ی زاین- یەکەمین سوپای خاچدارەکان ((بيت المقدس))یان داگیرکرد.

ساڵی ١١٥٤ی زاین- هێنری دووەم ئەنجوومەنی دادوەرانی کرد بەفەرمی، بووە حاکمی.

ساڵی ١٢١٥ی زاین- شاجۆنی ئینگلیزی فەرمانی پاشایەتی ئیمزاکرد.

ساڵی ١٢٦٥ی زاین- نوێنەرانی خەڵکی ئاسایی لە پەرلەمان دا بەشدار بوون.

ساڵی ١٢٧٥ی زاین- مارکۆپۆلۆ چوو بۆ کۆشکی قوبیلای قائان.

ساڵی ١٣٤٠ی زاین- باروت لە ڕۆژهەڵاتەوە چوو بۆ ئەورووپا.

ساڵی ١٣٨١ی زاین- جووتیارەکان دژی فیودالیزم شۆڕشیان هەڵگیرساند.

ساڵی ١٤٣١ی زاین- دەریاوانەکانی هێنری بەدوای ڕێگەی دەریای ڕۆژهەڵاتدا دەگەڕان.

ساڵی ١٤٥٣ی زاین- تورکەکان قوستەنتەنییەیان داگیرکرد.

ساڵی ١٤٥٦ی زاین- یەکەمین کتێب بە پیتەکانی چاپ بڵاوبۆوە.

ساڵی ١٤٨٧ی زاین- دیاز، لوتکەی ئومێد بەخشی لە ئەفەریقیادا کەشف کرد.

ساڵی ١٤٩٢ی زایین- کریستۆف کۆڵۆمبس لە ڕێگەی ڕۆژئاواوە کەوتە ڕێ بـۆ دۆزینـەوەی ڕێگەی نزیکتر بۆ هیندستان.

ساڵی ١٤٩٧ی زایین- ڤیـسپوچی لەگـەڵ هەیئـەتێکی نێـردراودا گەیـشتە کـەنارەکانی ئەمەریکای باکوور.

ساڵی ١٤٩٧ی زایین- ڤاسکۆ دۆگاما بە سوورانەوەی بەدەوری ئەفەریقیادا سـەفەری بـۆ هیندستان کرد.

ساڵی ١٥٠٠ی زایین –دەریاوانە پرتوگاڵییەکان ناوچەی بەرازیلیان کەشفکرد.

ساڵی ١٥١٧ی زایین- مارتین لۆتەر بیروباوەڕەکەی لە ئەڵمانیادا بلاۆکردەوە.

ساڵی ١٥٢٤ی زایین-ڤرازانو کەنارەکانی ئەمریکای باکووری کەشف کرد.

ساڵی ١٥٣٤ی زایین- کۆپەرنیکۆس بنەماکانی ئەستێرەناسی مۆدێرنی داڕشت.

ساڵی ١٦٣٢ی زایین- گالیلۆ کتێبێکی دەربارەی زانستی ئەستێرەناسی نووسی.

له کۆتایی دا سوپاسی بێ پایانم بۆ بەڕێز (مامۆستا ڕێبوار سیوەیلی) که له وەرگێڕانی ئەم کتێبەدا هاوکاری کردم .

وەرگێڕ